رزگار حاجی حەمید

# کەلار

## مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو
## ١٩٧٠ - ٢٠١٢
## ( لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای مرۆییدا )

هەواڵنامەی کتێب

پێداچونەوەی زانستی:
پرۆفیسۆر عزالدین جمعە درویش

چاپی دووەم

کوردستان
٢٠١٩

هەواڵنامەی کتێب


• پێناسەی کتێب : کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو
• بــابــەت : لێکۆڵینەوە لە بواری جوگرافیای مرۆیدا
• نــووسـەر : رزگار حاجی حەمید
• دیزاین : ئارام کمال دەلۆ
• دیزاینی بەرگ : ئارام کمال دەلۆ
• تایپ : ئارام کمال دەلۆ
• تـیـراژ : ١٠٠٠ دانە
• نــرخ : ٥٠٠٠ دینار
• چاپ : چاپخانەی چوارچرا
• نۆبەتی چاپ : چاپی دووەم
• ژمارەی سپاردن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (٢٠١٣) ساڵی (٢٠١٥)
• ژمارەی سپاردنی چاپی دووەم

## پێشکەشە

- بە دایک و باوکی خۆشەویستم.
- بە مامۆستاکانم، ئەوانەی فێری تەنها وشەیەکیان کردم.
- بە کەلاری خۆشەویست، کە باوانی زۆرێک لە دانیشتوانی شارەکانە و هیچ کەسێک تیایدا هەست بە نامۆیی ناکات.
- بە کۆی گوند و شارۆچکە و شارە خۆشەویستەکانی کوردستان.
- ئەوانەی لە پێناوی خاکدا گیانیان بەخت کرد.
- بە ڕۆحی پاکی خۆشەویستەکانم.
- ئەوانەی کە هاوکارییان کردم لەم کتێبەدا.

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆك


| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێرستی بابەتەکان | ٤ |
| پێرستی خشتەکان | ٨ |
| پێرستی نەخشەکان | ١٣ |
| پێرستی شێوەکان | ١٤ |
| پێرێستی پاشکۆکان ( بەڵگەنامەکان و وێنەکان و نووسین ) | ١٥ |
| بەشی یەکەم: | ٢٠ - ١٥٦ |
| چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە | ٢٠ |
| ڕوونکرنەوەیەکی پێوست | ٢١ |
| مقدمة الطبعة الثانية | ٢٣ |
| پێشەکی | ٢٥ |
| کێشەی لێکۆڵینەوە | ٢٩ |
| گریمانەی لێکۆڵینەوە | ٢٩ |
| ئامانجی لێکۆڵینەوە و میتۆدی لێکۆڵینەوە | ٣٠ |
| شوێن و پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە | ٣١ |
| ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە | ٣٦ |
| ماوەی لێکۆڵینەوە | ٣٨ |
| ئاستەنگەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە | ٣٨ |
| پـــلانی لێکۆڵینەوە | ٤٠ |
| زاراوەی کـــەلار | ٤٣ |
| چیتر لەسەر ناوی کەلار دەووترێ | ٤٥ |
| کەلار و بەڵگە شوێنەوارییەکان | ٤٦ |
| کەلار لەڕووی کارگێڕییەوە | ٥٣ |
| کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە | ٧٦ |
| شاری کەلار لەڕووی سیاسییەوە | ٩٩ |


هەوالنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| بـــابـــــەت | لایەڕە |
|---|---|
| بەشی دووەم: | |
| شیکردنەوە و کاریگەری تایبەتمەندییە سروشتییەکان لەسەر دانیشتوانی شاری کەلار | ١٥٧ – ٢٠٣ |
| تایبەتمەندییە سروشتییەکان | ١٥٨ |
| پێکهاتەی جیولۆجی | ١٥٨ |
| خاک | ١٦٣ |
| ڕووەکی سروشتی | ١٦٦ |
| تۆپۆگرافیا | ١٦٨ |
| شێوەکانی ڕووی زەوی | ١٧١ |
| ١– دەشتەکان | ١٧١ |
| ٢- دۆڵەکان | ١٨١ |
| ٣- تۆپەڵکە یان گردەکان | ١٨١ |
| ٤- دۆڵی ڕووباری سیروان | ١٨١ |
| ئاو و هەوا | ١٨٣ |
| سەرچاوەکانی ئاو | ١٩١ |
| داباری‌ن | ١٩١ |
| ئاوی سەر زەوی | ١٩٥ |
| ئاوی ژێر زەوی | ٢٠١ |


هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| بـــابـــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی سێیەم: گەشەکردنی دانیشتوانی شاری کەلار | ٢٠٤ – ٢٦٣ |
| زیادبوونی دانیشتوان | ٢٠٥ |
| قۆناغەکانی گەشەکردن: | |
| قۆناغی یەکەم ( ١٩٧٧_١٩٨٧ ) | ٢١٣ |
| قۆناغی دووەم ( ١٩٨٧_٢٠٠٢ ) | ٢٢٦ |
| قۆناغی سێیەم ( ٢٠٠٢_٢٠١٢ ) | ٢٣٣ |
| پێشبینیکردن و زیادبوون و گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٤٥) | ٢٤٠ |
| گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری کەلار | ٢٤٤ |
| لەدایکبوون | ٢٤٥ |
| مردن | ٢٥٦ |
| گەشەی ناسروشتی | ٢٦١ |
| بەشی چوارەم: دابەشبوونی دانیشتوانی شاری کەلار | ٢٦٤ – ٣١٠ |
| دابەشبوونی دانیشتوان | ٢٦٥ |
| دابەشبوونی گەڕەکەکانی شاری کەلار | ٢٦٨ |
| کەلار و سەرژمێرییە گشتییەکان | ٢٨٥ |
| چڕی دانیشتوان لە شاری کەلار | ٢٨٧ |
| پێکهاتەی دانیشتوان | ٢٩٣ |
| پێکهاتەی ڕەگەزی | ٢٩٣ |
| پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی تەمەن | ٢٩٦ |
| پێکهاتەی نەتەوەیی | ٢٩٨ |
| پێکهاتەی ئاینی | ٣٠٣ |


هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| بـــابــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی پێنجەم: | ٣١١- ٣٨٨ |
| فاکتەرەکانی ڕاگواستن | ٣١٢ |
| فاکتەری دیمۆگرافی | ٣١٤ |
| فاکتەری سیاسی | ٣١٧ |
| فاکتەری کۆمەڵایەتی | ٣٢٠ |
| فاکتەری کارگێڕی | ٣٢٣ |
| فاکتەری ئابووری | ٣٢٦ |
| ئەنجام | ٣٨٩ |
| ڕاسپاردە | ٣٩٢ |
| ملخص الكتاب | ٣٩٦ |
| پاشکۆی نووسین | ٤٠٩ |
| پاشکۆی وێنە | ٤٣٣ |
| پاشکۆی نەخشە | ٤٤٥ |
| پەراوێزی کتێبی کوردی | ٤٤٨ |
| پەراوێزی کتێبی فارسی | ٤٥٢ |
| پەراوێزی کتێبی عەرەبی | ٤٥٣ |
| الدوائر الحكومية | ٤٥٥ |
| گۆڤار و ڕۆژنامەکان | ٤٥٦ |
| تـــێـــزەکان | ٤٦٠ |
| وێب سایتەکان | ٤٦٠ |
| چاوپێکەوتنەکان | ٤٦١ |
| دامودەزگا حکومییەکان | ٤٦٢ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێڕستی خشتەکان



| زنجیرە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕوپێو و ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار ساڵی (١٩٧٧) | ٣٧ |
| ٢ | لیوای کەرکوک بەپێی یەکە کارگێڕییە بنەڕەتییەکان | ٥٧ |
| ٣ | لیوای کەرکوک بەپێی یەکە کارگێڕییەکان | ٥٨ |
| ٤ | ناوی قایمقامەکان تاوەکو ساڵی (٢٠١٢) | ٦٦ |
| ٥ | ئاماری دانیشتوانی کەلار ساڵەکانی (١٩٧٠_١٩٧٧_١٩٨٧_٢٠٠٢_٢٠١٢) | ٧٤ |
| ٦ | ژمارەی گوندەکانی گەرمیان (ئەنفالکراو و ڕاگواستن و تێکدان) تا ساڵی (١٩٨٨) | ٨٠ |
| ٧ | ژمارەی خوێندکارانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان بۆ ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) | ٨٣ |
| ٨ | ئاماری نەخۆشخانە و بنکەی تەندرووستی و پزیشک و یاریدەدەری پزیشک و برین پێچ و مامان لە ئیدارەی گەرمیان | ٨٤ |
| ٩ | ژمارەی قەزا و ناحیەکانی سەر بە ئیدارەی گەرمیان | ٨٨ |
| ١٠ | ڕووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان بۆساڵی ( ٢٠٠٨ ) | ٩٠ |
| ١١ | دابەشبوونی ڕێژەی دانیشتوان بە پێی قەزا لە ئیدارەی گەرمیان (٢٠٠٨) | ٩١ |
| ١٢ | ڕێژەی پێکهاتەی ئاینی لە ئیدارەی گەرمیان | ٩١ |
| ١٣ | ڕێژەی نەتەوەکان لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیاندا لە ساڵی (٢٠٠٨) | ٩٣ |
| ١٤ | ناوی پارێزگارەکانی کەرکوک و سەرپەرشتیارانی ئیدارەی گەرمیان | ٩٦ |
| ١٥ | داود بەگی جاف و ماوەکانی خولی هەڵبژاردن ساڵانی (١٩٣٥_١٩٥٨) | ١٢٠ |
| ١٦ | ئاماری قەزای کەلار کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن | ١٣٣ |
| ١٧ | شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە ساڵی ١٩٨٩ | ١٣٦ |
| ١٨ | شەهیدانی شەڕی سلێمان بەگ بە دەستی موجاهیدین خەڵق لە (١١ی ئازاری ١٩٩١) | ١٤٠-١٤٢ |
| ١٩ | شەهیدانی ڕێگای گوڵاڵە – کەلار و ناو کەلار بە دەستی موجاهدین لە (٢٥ی ئازاری ١٩٩١) | ١٤٥ |
| ٢٠ | ڕووبەری زەوییەکانی سنووری کەلار | ١٨٠ |



هەولێرنامەی کتێب

# پێڕستی خشتەکان



| زنجیرە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢١ | تێکڕای پلەکانی گەرما (وەرز و مانگ و ساڵ) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار لە ساڵەکانی (٢٠٠٠_٢٠١٢) | ١٨٧ |
| ٢٢ | تێکڕایی خێرایی با مانگانە و ساڵانە ( م / چرکە ) لە وێستگەی کەشناسی کەلار لە ساڵانی ( ٢٠٠٠_٢٠١٢ ) | ١٩٠ |
| ٢٣ | تێکڕای بڕی باران بارین مانگانە و ساڵانە بە (ملم) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢) | ١٩٣ |
| ٢٤ | ژمارەی دانیشتوان و خێزان لە قەزای کەلار بە پێی یەکە کارگێڕییەکان (١٩٧٧-١٩٨٧) | ٢٠٨ |
| ٢٥ | دابەشبوونی ژمارەی و ڕێژەیی خانووبەرە و خێزان و دانیشتوان گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی (١٩٧٧) | ٢١٥ |
| ٢٦ | خانووبەرە و خوێندنگە و گوندەکانی قەزای کەلار بەپێی یەکە کارگێڕییەکان (١٩٧٧-١٩٨٧) | ٢١٧ |
| ٢٧ | دابەشبوونی ڕێژەیی و ژمارەی خانوبەرە و خێزان و دانیشتوان، بە پێی ژمارەی ئەو خێزانانەی لە یەك خانوبەرەدا دەژین لە ساڵی ١٩٨٧ | ٢١٩ |
| ٢٨ | دابەشبوونی خێزان و دانیشتوانی شاری کەلار بەپێی خاوەندارێتی خانووبەرە لە ساڵی (١٩٨٧) | ٢٢٠ |
| ٢٩ | ژمارەی دانیشتوان و خێزان لە کۆمەڵگەکانی شاری کەلار | ٢٢١ |
| ٣٠ | ڕیزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) | ٢٢٣ |
| ٣١ | ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی کەلار بەراورد بە شارەکانی تری هەرێم (١٩٧٧_١٩٨٨) | ٢٢٤ |
| ٣٢ | ژمارەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزای کەلار (١٩٨٨) | ٢٢٧ |
| ٣٣ | ئەو گوندانەی ڕووخێنران لە قەزاکانی کەلار و کفری ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ | ٢٢٨ |
| ٣٤ | ژمارەی خێزان و خانووبەرە و دانیشتوان، خوێندنگە و مزگەوت و نەخۆشخانە بەپێی گەڕەکانی کەلار ساڵی (٢٠٠٢) | ٢٣٢ |
| ٣٥ | خێزانی هاتوو بۆ شاری کەلار (٢٠٠٣_٢٠١٢) | ٢٣٤ |

# پێڕستی خشتەکان



| زنجیرە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٦ | گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەشاری کەلار (١٩٧٠_٢٠١٢) | ٢٣٥ |
| ٣٧ | گەرەک و خانووی نیشتەجێبوون و کرێ و شوقە و دوکان و ژێرزەمین بۆ ساڵی (٢٠١٠) | ٢٣٨ |
| ٣٨ | پێشبینیکردن و زیادبوون و گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٤٥) | ٢٤٣ |
| ٣٩ | لەدایکبوون لە شاری کەلار لەنێوان ساڵانی ( ١٩٨٧ - ٢٠٠٢ ) | ٢٤٩ |
| ٤٠ | ژمارەی لەدایکبوون و ڕێژەی سەدی لە هەزاردا لە ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٢) | ٢٥٠ |
| ٤١ | باری کۆمەڵایەتی سەرووی تەمەنی ١٢ ساڵ بۆ ساڵی (٢٠٠٧) | ٢٥٤ |
| ٤٢ | شووکردن و جیابونەوە لە ساڵانی (٢٠٠٠_٢٠١٢) | ٢٥٥ |
| ٤٣ | مردن لە شاری کەلار لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٢) | ٢٥٩ |
| ٤٤ | مردن لەشاری کەلار لە ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٢) | ٢٦٠ |
| ٤٥ | ئەو خێزانانەی کە کارتی نیشتەجێ بوونیان لە شاری کەلار دەرکردووە ساڵی (٢٠١٢) | ٢٦٣ |
| ٤٦ | گەرەکەکانی شاری کەلار پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لە ساڵانی (١٩٧٠_٢٠١٢) | ٢٦٧ |
| ٤٧ | بەکارهێنانی زەوی بۆ گەرەکەکانی شاری کەلار تا ساڵی (٢٠٠٠) | ٢٦٩-٢٧٥ |
| ٤٨ | بەکارهێنانی زەوی بۆ گەرەکەکانی شاری کەلار ساڵی (٢٠١٢) | ٢٧٦-٢٨٠ |
| ٤٩ | دابەشبوون و ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری گەرەکەکان ساڵی (٢٠١٢) | ٢٨٣-٢٨٤ |
| ٥٠ | چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای کەلار ساڵی (١٩٧٧) | ٢٨٨ |
| ٥١ | چڕی گشتی یەکە کارگێرییەکانی قەزای کەلار ساڵی (١٩٨٧) | ٢٨٩ |
| ٥٢ | چڕی گشتی دانیشتوانی شاری کەلار لە ساڵی (٢٠١٢) | ٢٨٩ |
| ٥٣ | ناو و ڕووبەری گەرەکەکانی کەلار پێش ڕاپەڕین | ٢٩٠ |
| ٥٤ | ڕووبەری گەرەکەکان ژمارە و چڕی دانیشتوانی کەلار ساڵی (٢٠١٢) | ٢٩١-٢٩٢ |
| ٥٥ | پێکهاتەی دانیشتوان لە شاری کەلار بەپێی ڕەگەز بۆ ساڵی (٢٠١٢) | ٢٩٥ |



کتێبخانەی هەواڵ

# پێڕستی خشتەکان



| زنجیره | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٥٦ | پێکهاتەی تەمەن لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠١٢) | ٢٩٧ |
| ٥٧ | ژمارە و ڕێژەی نەتەوەکانی شاری کەلار بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) | ٣٠٠ |
| ٥٨ | خێزانی هاتوو (عەرەب، تورکمان) بۆ شاری کەلار ساڵی (٢٠٠٣ _ ٢٠١٢) | ٣٠١ |
| ٥٩ | دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (٢٠١٢) | ٣٠٣ |
| ٦٠ | دابەشبوونی مزگەوتەکان بەپێی گەڕەکەکان تا ساڵی (٢٠١٢) | ٣٠٥ |
| ٦١ | ئاماری گوندی ڕووخێنراو و دانیشتوانی ڕاگوێزراوی قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٨٩) | ٣٢١ |
| ٦٢ | ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان و ژمارەی ناعورەکان لە کەلاردا | ٣٣٣ |
| ٦٣ | ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان لە شاری کـەلار | ٣٣٤ |
| ٦٤ | ڕووبەری چاندراوی بەرووبومی زستانە وەرزی (٢٠١١ _ ٢٠١٢) لە قەزای کەلار | ٣٣٥ |
| ٦٥ | ژمارەی دارە بەردارەکان و بەرهەمی ساڵی (٢٠٠٩) | ٣٣٦ |
| ٦٦ | بەروبوومی وەرزی زستانە ساڵی (٢٠١٢) | ٣٣٨ |
| ٦٧ | بەروبوومی وەرزی هاوینە (٢٠١٢) | ٣٣٩-٣٤٠ |
| ٦٨ | ئاماری مەڕ و بزن و مانگا ساڵی (٢٠١٢) | ٣٤٤ |
| ٦٩ | ئاماری گەشتیاران لە بازگەکانی کەلار و کفری و پەروێزخان ساڵی ٢٠١٢ | ٣٥٥ |
| ٧٠ | ناوی بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەی کەلار لە ساڵی ١٩٣١-٢٠١٢ | ٣٥٨-٣٥٩ |
| ٧١ | ژمارەی مامۆستایان و قوتابیانی کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١) | ٣٦٣ |
| ٧٢ | قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان ساڵی (٢٠١٢ _٢٠١٣) | ٣٦٤ |
| ٧٣ | ئامادەیی پیشەیی کەلار (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٦٥ |
| ٧٤ | باخچەی ساوایان ساڵی (٢٠١٢_ ٢٠١٣) | ٣٦٥ |
| ٧٥ | ئاماری مامۆستایان و خوێندکاران و فەرمانبەرانی دواناوەندی ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٦٦ |
| ٧٦ | ئاماری گشتی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و قوتابخانەکانی فێرکردنی گەورە ساڵانی ٢٠١٢_٢٠١٣ | ٣٦٧ |

# پێڕستی خشتەکان


| زنجیره | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٧٧ | ئاماری گشتی فێرکردنی خێرا لە کەلار (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٦٨ |
| ٧٨ | ژمارەی قوتابخانە و خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٦٩ |
| ٧٩ | ژمارەی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەیمانگای کۆمپیوتەر ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) | ٣٧٣ |
| ٨٠ | خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٧٧ |
| ٨١ | ژمارەی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆی گەرمیان ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٧٨- ٣٧٩ |
| ٨٢ | ئاماری دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار ساڵانی (١٩٩٦_٢٠١٣) | ٣٨٢ |
| ٨٣ | ئاماری پەیمانگای تەکنیکی (خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران بەیانیان/ ئێواران) ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٨٣ |
| ٨٤ | نەخۆشخانە و بنکە و بەش و پزیشک و کارمەندان و فەرمانبەرانی تەندرووستی کەلار (٢٠١٢) | ٣٨٦ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێڕستی نەخشەکان


| زنجیرە | نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شاری کەلار بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی و پانی | ٣٢ |
| ٢ | شاری کەلار بەگوێرەی هەرێمی کوردستان | ٣٣ |
| ٣ | پێگەی شاری کەلار بەگوێرەی عێراق | ٣٤ |
| ٤ | سنووری شاری کەلار | ٣٥ |
| ٥ | ناوچەی کەرکوک و گەرمیان | ٧٨ |
| ٦ | ئیدارەی گەرمیان | ٨٦ |
| ٧ | کەرتەکانی ناوچەی گەرمیان | ٨٧ |
| ٨ | پێکهاتەی جیولۆجی لە شاری کەلار | ١٦٢ |
| ٩ | جۆرەکانی خاک لە شاری کەلار | ١٦٥ |
| ١٠ | بەرزونزمی ناوچەی کەلار | ١٦٩ |
| ١١ | هێڵی کەنتۆری لە شاری کەلار | ١٧٠ |
| ١٢ | پێچاوپێچ و کەوانەیی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە | ١٩٧ |
| ١٣ | چەمەکانی شاری کەلار | ١٩٨ |
| ١٤ | ئاراستەی کۆچ بەرەو شاری کەلار | ٢١٠ |

# پێڕستی شێوەکان



| زنجیرە | ناونیشانی شـــێـــوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ناحیەکانی سەر بە ئیدارەی گەرمیان | ٨٩ |
| ٢ | تێکڕای پلەکانی گەرما و مانگ (وەرز و ساڵ) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٠ – ٢٠١٢ ) | ١٨٨ |
| ٣ | تێکڕای بڕی باران بارین مانگانە و ساڵانە بە ( ملم ) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی( ٢٠٠٢ – ٢٠١٢ ) | ١٩٤ |
| ٤ | ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ _ ٢٠١٢) | ٢٣٦ |
| ٥ | کرێنیشین و خانوو لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی | ٢٣٩ |
| ٦ | دابەشبوونی عەرەب لە شاری کەلار | ٣٠٢ |
| ٧ | پۆلێنکردنی هەژاری لە پارێزگای سلێمانی | ٣٢٩ |
| ٨ | ڕێژەی نەخوێندەواری تەمەن (١٠) ساڵ و زیاتر لە پارێزگای سلێمانی | ٣٧٠ |
| ٩ | بڕوانامەی پاش ئامادەیی ٢٥ ساڵ و بەرەو سەرەوە لە پارێزگای سلێمانی | ٣٧١ |
| ١٠ | نەخۆشی درێژخایەن لەپارێزگای سلێمانی | ٣٨٨ |



کتێبی هەواڵنامە

# پێڕستی وێنەکان


| زنجیره | ناونیشانی وێـــنـــە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | دیوی ناوەوەی جۆگەی گاورەکە | ٤٧ |
| ٢ | دیوی دەرەوەی جۆگەی گاورەکە | ٤٨ |
| ٣ | مۆرێکی سەردەمی ساسانییەکان لە کەلار دۆزراوەتەوە | ٤٩ |
| ٤ | قـــەڵای شـــێـــروانـــە | ٥٣ |
| ٥ | شـــاری کـــەلار | ٧٣ |
| ٦ | ئـیدارەی گـەرمـیـان | ٨٥ |
| ٧ | شـــاری کـــەلار | ٩٢ |
| ٨ | ئاهەنگی نەورۆز ساڵی (١٩٧٢) | ١٢٩ |
| ٩ | جەماوەری ڕاپەڕیوی ئازاری ( ١٩٩١ ) | ١٣٨ |
| ١٠ | کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ١٩٩١ | ١٤٧ |
| ١١ | دەشـــتـــی شـــێـــروانە | ١٧٢ |
| ١٢ | ڕووبـــاری ســـیـــروان | ١٨٢ |
| ١٣ | ڕووباری سیروان ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار | ١٩٦ |
| ١٤ | مـــەڕ | ٣٤٢ |
| ١٥ | بـــزن | ٣٤٣ |
| ١٦ | مـــانـــگـــا | ٣٤٥ |
| ١٧ | بیانای قوتابخانەی کەلار لە ساڵی (١٩٥٦)دا | ٣٥٧ |
| ١٨ | بینای کۆلێژی بنەڕەتی لە زانکۆی گەرمیان | ٣٧٣ |

# پێڕستی پاشکۆ



| زنجیره | ناونیشانی پاشکۆی نووسین | لاپەڕه |
|---|---|---|
| ١ | مەرسومی کۆماری پێکهێنانی قەزای کەلار | ٤١٠ |
| ٢ | مەرسومی کۆماری دابڕاندنی قەزای کەلار لە پارێزگای کەرکوک | ٤١٢ |
| ٣ | مەرسومی کۆماری گۆڕینی ناوی ناحیەی شێروانە بەناحیەی سەرقەڵا | ٤١٤ |
| ٤ | مەرسـومی کۆمـاری دابڕانـدنی ناحیـەی سـەرقەڵا لـە قـەزای کـەلار و لکانـدنی بەقـەزای کفـری | ٤١٥ |
| ٥ | مەرسومی کۆماری پێکهێنانی ناحیەی تیلەکۆ لە قەزای کەلار | ٤١٧ |
| ٦ | مەرسـومی کۆمـاری دابڕانـدنی چەنـد کەرتێک لـە کـەرتی (٨٧ کواچەرموو) و کەرتەکانی (١٢٤) | ٤١٩ |
| ٧ | فەرمانی وەزاری استحداث کردنی ناحیەی شێخ تەویل | ٤٢٠ |
| ٨ | فەرمانی وەزاری هەڵوەشانەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربندیخان | ٤٢١ |
| ٩ | فەرمـانی وەزاری گواسـتنەوەی ئیـدارەی گەرمیـان لەقـەزای دەربندیخـان بـۆ قـەزای کـەلار | ٤٢٢ |
| ١٠ | گوندەکانی ناوەندی قەزای کەلار | ٤٢٣ |
| ١١ | الجمهوريـة العراقيـة ، وزارة الحكـم المحـلي ، الدليـل الاداري للجمهوريـة العراقيـة (١٩٨٩، ص ٢٢٧) | ٤٢٤ |
| ١٢ | السـيدعبدالرزاق الحسـني ، العـراق قديمـا و حديثـا، دار اليقضـة العربيـة، بغـداد مطبعـة السـابعة (١٩٨٢، ص ٢٢٤) | ٤٢٦ |
| ١٣ | العـراق الشـمالي، محمـد هـادي دفـتر، عبداللـه حسـن، مطبعـة الانهـار، بغـداد، ١٩٥٥، ص٣٠٤ | ٤٢٦ |
| ١٤ | شـێخ محمـد شـاکەلی ، گەرمیـان ڕابـردووی نزیـک و ئەمـڕۆی ، گۆڤـاری کەرکـوک، ژمـارە (٢ سـاڵی پێنجـەم، پایـز ٢٠٠٣، ل ٢٣) | ٤٢٧ |
| ١٥ | محمـد عـلي قرداغـي، هويـة كركـوك الثقافيـة و الاداريـة، دار ئـاراس للطباعـة و النـشر، أربيـل، ٢٠٠٧، ل ١٦ | ٤٢٨ |
| ١٦ | دليل المملكة الدليل الرسمي للعراق سنة (١٩٣٦، ص ٥٣) | ٤٢٩ |



هەواڵنامەی کێبڕ

# پێڕستی پاشکۆ

| زنجیره | ناونیشانی پاشکۆی نووسین | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١٧ | د. خليل اسماعيل محمد ، كركوك دراسات في التكوين القومي لسكان، مطبعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٨، ص ١٠ | ٤٣٠ |
| ١٨ | طه الهاشمي، جعرافية العراق (العراق الحديث، العراق في زمن العباسين ، العراق القديم)، المطبعة دار السلام في بغداد، طبعة الأولى، ١٩٣٠، ص ٥٥٤ | ٤٣١ |
| ١٩ | سي جى ادموندز، كرد و ترك و عرب، ترجمة جرجيس حسين فتح الله، منشورات شركة دار العروبة، بغداد، ١٩٧١، ص ٢٣٩ | ٤٣٢ |

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕستی پاشکۆ


| زنجیره | ناونیشانی پاشکۆی وێنه | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕووباری سیروان (١٩١١) | ٤٣٤ |
| ٢ | هەندێک لە کەسایەتی دیاری کەلار (١٩٣٨) | ٤٣٥ |
| ٣ | ژمارەیەک لە دانیشتوانی کەلار | ٤٣٦ |
| ٤ | پاسەکە گەورەترین خزمەت لەبواری گواستنەوەدا | ٤٣٧ |
| ٥ | تیپی تۆپی پێی شێروانەی کەلار لە ساڵی (١٩٥٦) | ٤٣٨ |
| ٦ | ماستەر پلانی شاری کەلار | ٤٣٩ |
| ٧ | قەڵای شێروانە لە کاتی بەفر باریندا، ٢٠٠٨/١/١١ | ٤٤٠ |
| ٨ | یەکەم قایمقامی قەزای کەلار، جەلال بیلال (١٩٧١-١٩٧٢) | ٤٤١ |
| ٩ | سەرتیپ محمد ئەمین جاف، یەکەم قایمقامی قەزای کەلار دوای ڕاپەڕین (١٩٩٢-١٩٩٤) | ٤٤٢ |
| ١٠ | مانگرتووانی شاری کەلار، کانونی یەکەم (١٩٩١) | ٤٤٣ |
| ١١ | شاری یاری کەلار | ٤٤٤ |


هەواڵنامەی کتێب

# پێڕستی پاشکۆ


| زنجیرە | ناونیشانی پاشکۆی نەخشە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | نەخشەی گوندەکانی ناوەندی کەلار | ٤٤٦ |
| ٢ | نەخشەی کارگێڕی قەزای کەلار | ٤٤٧ |


هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە

- پێشەکی
- کێشەی لێکۆڵینەوە
- گریمانەی لێکۆڵینەوە
- ئامانجی لێکۆڵینەوە
- شوێن وناوچەی لێکۆڵینەوە
- ڕووبەری لێکۆڵینەوە
- ماوەی لێکۆڵینەوە
- ئاستەنگەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە
- میتۆدی لێکۆڵینەوە
- پلانی لێکۆڵینەوە
- زاراوەی ناوی کەلار
- ناوی کەلار لەچیەوە هاتووە
- کەلار لە ڕووی بەڵگە شوێنەوارییەکانییەوە
- کەلار لەڕووی کارگێڕییەوە
- کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە
- شاری کەلار لەڕووی سیاسییەوە
- شۆڕشی برایم خانی دەلۆ
- شەڕی ئاوباریك
- پارتی هیوا
- شۆڕشی ئەیلول ودواتریش شۆڕشەکانی تر
- ( گوزەرێك بەخێرایی بەنێو ڕووداوەکاندا )

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

# ڕوون کردنەوەیەکی پێوست

بە پێویستم زانی لەبەر ئەم هۆکارانە، چاپی دووەمی ئەم کتێبە بە چاپ بگەیەنم:
١- ئـەم کتێبـە لێکۆڵینەوەکـە لـە جوگرافیـای مرۆیـدا، بەشـەکانی (ناسـاندنی لێکۆڵینەوەکـە، شـاری کـەلار لـە بـواری مێژوویـی و کارگێڕییـەوە، شـیکردنەوە و کاریگـەری تایبەتمەندییـە سروشـتییەکانی لەسـەر دانیشـتوانی شـاری کـەلار، شـیکردنەوەی تایبەتمەندییـەکانی گەشـەی دانیشـتوان، دابەشـبوونی دانیشـتوانی شـاری کـەلار، فاکتـەرەکانی ڕاگواسـتن و کارتێکـردنی لەسـەر دانیشـتوانی شـاری کـەلار) .
٢- پێویسـتە خوێنـەری بەڕێـز و خۆشەویسـت، لـەم ڕوانگەیـەوە بنوارێتـە نـاوەڕۆکی کتێبەکـە و هەڵسـەنگاندن و نرخانـدنی بـۆ بـکات، جگـە لەوانـەی لـە سـەرچاوەکاندا ناویـان هاتـووە خـۆم پاراسـتووە لـە ناوهێنـان، بـە کەمـی چاوپێکەوتنـی تیـادا بەرچـاو دەکەوێـت، جیـا لـە بەڕێوەبـەر و بەرپـرسی دامـودەزگاکان لەکاتێکـدا ئەمـەش حاڵەتێـکی ئاسـاییە، پشـتم بـە زانیـاری و داتـاو سـەرچاوە بەسـتووە لەگـەڵ شـیکاری و شرۆڤـەی خۆمـدا، بێگومـان خاڵـی نییـە لـە کەموکـوڕی.
٣- زۆر کـەم بەشـەکانی (٤،٣،٢)م دەسـتکاری کـرد، هـەروەك خۆیـەتی بـەشی پێنجەمیـش جگـە لـە زیادکـردنی گەشـت و گـوزار ئـەوانی تـر دەسـتکاری نەکـراون، تەنهـا لـە بـەشی یەکەمـدا بـە پێویسـتم زانی لـە هەنـدێ شـوێن ڕوونکردنـەوەی زیاتـر بـدەم، ئەویـش زیاتـر باسـە سیاسـییەکەی.
٤- گرفتـی فۆنـت کـە چەنـدین دڵسـۆز و خوێنـەر پەیوەندییـان پێـوە کـردم، کـە زۆر وردە و ناخوێنرێتـەوە، ئەمـە هـۆکاری سـەرەکی بـوو بـۆ لـە چاپدانـی چاپـی دووەم.
٥- خواسـت لەسـەر کتێبەکـە کـە لـە ماوەیـەکی کورتـدا کۆتایـی هـات، هەرچەنـدە سـەرەتا (٧٥٠) تیـراژم چـاپ کـرد، دواتـر(٢٥٠) دانـەی تـرم چـاپ کـرد، بـەردەوام و تـا ئێسـتاش داواکاری لـە سـەرەو داوام لێدەکـەن، ئەمـەش زۆر دۆسـت و هاوڕێـی دڵگـران کـرد.

٦- مێژوویەکـی دێریـن مەبەسـت لـە مێـژووی کـەلار نییـە وەکـو شـار بەڵکـو ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە مێـژووی ئاوەدانـی کـەلار زۆر کۆنـە، ئەمـەش بـە بەڵگـە لـە چوارچێـوەی ئـەم کتێبــەدا خراوەتـەڕوو.

٧- هەنـدێ هەڵـەی کەمـی تایپـی تیابـوو، بـە پێـی توانا و ئەوەنـدەی درکی پێکرابێـت ئەوانـەم ڕاسـت کردەوە.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزی زۆرمدا

ڕزگار حاجی حەمید

هەواڵنامەی کتێب

# مقدمة الطبعة الثانية

تحتل مدينة كلار مكانه مهمة، ليس على صعيد ادارة كەرميان، فحسب بل على صعيد العراق على نحو عام و الاقليم على نحو خاص، لكونها باهميه ستراتيجيه متميزة، سواء من خلال موقعها الجغرافي المشرف على طريق الرابط بين بغداد و الاقليم في جنوب المدينة من جهة و الطريق التجاري الرابط بين ايران و بقية مدن الاقليم في شرق المدينة من جهة اخر، او الى ثرواتها الاقتصادية و واقع حال تكوينها الديموغرافي والاثنوغرافي نضراً الضروف الْمنية الصعبة التي يمر بها المدن العراقية القريبة منها فضلاً عن سكان العاصمة بغداد و من مدن غرب و وسط العراق ايضاً، اذ تتجلى في ارتباطها الوثيق بالنمو السكاني والتطور الحضري و ازدياد الاهتمام بمشاريع الاسكان و تنمية البنية التحتية في المدينة، بعد سقوط بغداد و نظامها الشوفيني في اذار ٢٠٠٣، جعلت منها مدينة متميزة عن بقية المدن المحيطة بها، سواء من حيث حجم السكان او مورفولوجيتها او الخدمات المجتمعية اثرت على حاضرها ومستقبلها، حيث خطت المدينة في الاونة الاخيرة، مراحل بعيدة الى الامام، ما كانت لتخطوها لولا اهمية الموقع و امكاناتها الاقتصادية، اذ عولجت مشاكلها من قبل حكومة الاقليم، بأصاله و موضوعية، اذ تشكل دراسة الوحدات الادارية في علم الجغرافية، درجة عالية من الاهمية لن من اهم مزايا التقسيم الإداري كأساس للتخطيط الأقليمي، لسهولة تنفيذ الخطه، اذ يمكن من خلال هكذا دراسات الوصول و تقصي كافة الامكانات الجغرافية الطبيعية و البشرية لمدينة كلار و من ثم الوصول الى تفسير المشاكل الْقتصادية و الحضارية، وكيفية معالجتها، فضلاً عن دراسة التغيرات التي تطرى على منطقة الدراسة، خلال المدة الزمنية التي جاءت بها الدراسة و هي المدة المحصورة بين ( ١٩٧٠ _٢٠١٢ )، وذلك من خلال بناء قاعدة معلوماتية كافية على المدينة، يستفاد منها المخططين، في وضع برامج تنموية شاملة و ضروري عن المدينة، و من ثم تنفيذها من قبل اصحاب القرار اي السلطة المحلية في المدينة، وبهذا قد قدم الجغرافي ما يخدم المجتمع، لقد وفق الجغرافيون في بلادنا من اثراء المكتبة الكوردية بالرسائل و الاطاريح الجغرافية خصوصا بعد عام ٢٠٠٣ و حتى الان، لكن مع ذلك فان المكتبة الكوردية تخلو من كتب بهذا النوع، من الممكن ان يهتدي بها الجغرافيون من ابناء

جلدتنا، في اجراء بحوثهم ويسترشدون به في كيفية تحديد منطقة الدراسة التي يدرسون فيها و يصفونها، و كيفية الحفاظ على الهوية الجغرافية واصالتها العلمية، ومن الجدير بالذكر ان هذه الدراسة هي من ثمرة جهود الباحث امتدت اكثر من عقد من الزمن، اذ كان الباحث يناقش معي الكثير من فصول الدراسة منذ ان كان طالباً في الدراسات الاولية في عام ٢٠٠٦، ومن الجدير بالذكر لم يطرء تغيراً جذرياً و جوهرياً على هذه الدراسة في طبعتها الثانية، الا ان بعض المواضيع ترتبط بالمكانات السياحية التي ضمت الفصل الخامس، فضلاً عن التحليل و التفسير المكثف للوضع السياسي في المدينه، فضلاً عن بعص البيانات التي لم يتمكن الباحث الحصول عليه في الطبعة الاولى، و اجراء بعض التعديلات، واخيراً كان الباحث موفقاً كل التوفيق في عرض و تحليل البيانات المتعلقة بالامكانات الجغرافية المتاحة في المدينة منذ نشوء المدينة الى الوقت الحالي، وكيفية معالجة المشاكل والمعوقات التي تعاني منها المدينة، وصولا الى التوقعات المستقبلية لمنطقة الدراسة، واخيراً اسأله تعالى ان يكون هذه الدراسة فاتحة لمزيد من المؤلفات الجغرافية عن مدينة كلار و بقيه مدن الكوردية من قبل الباحث و الاخرون، لكي يثرون بها المكتبة الكوردية.

پ. د. عزالدين جمعه درويش

هەموو سامەی کتێب

# پێشەکی

ژمـارەی دانیشـتوانی جیهـان بـەردەوام لـە زۆربووندایـە، هـەروەك زۆرێـك لـە ئامـار و لێکۆڵینـەوەکان بەشـێوەیەکی بـەردەوام ئامـاژە بـەم ڕاسـتییە دەکـەن و دەیسـەلمێنن، بـە تایبـەت پـاش شـۆڕشی پیشـەسازی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەیـەم تاوەکـو ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، حاشـا هەڵنەگـرە لەگـەڵ بـەردەوام گەشـەکردنی دانیشـتواندا، کە پێویسـتی بـە فەراهەم کـردنی کایـە گرنگـەکانی ژیـان هەبـووە بـۆ دانیشـتوان، لەگـەڵ گەشـەکردن تەکنەلۆژیـادا پێداویسـتییەکانی ڕۆژانـەی دانیشـتوان زیاتـر دێـت، زیادبوونـی بێشـوماری دانیشـتوان یەکێکە لە ڕواڵـەتـە دیارەکانـی ئـەم سـەردەمە، ئەمـەش بووەتـە هـۆکاری زیادبوونـی ژمـارەی شـارەکان و هەروەهـا فراوانبوونیـان، شـارەکانی کوردسـتانیش لـە ئەنجامـی چەنـد ڕەهەندێکـەوە کـە گرنگترینیـان ڕەهەنـدی (سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابووری)یـە، ئـەم هۆکارانـە بوونەتـە هـۆی کارتێکـردنی دیـار و بەرچـاو، شـارەکانی دەڤـەری گەرمیانیـش بـە هەمـان شـێوە بـەدەر نیـن لـەم حاڵەتـە، بـە تایبـەتی شـاری کـەلار کـە تێکـڕا درکـمان بـە گەشـەکردن و زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوانی کـردووە، ئامارەکانیـش سـەلمێنەری ئـەم ڕاسـتییەن، جیـاواز لـە هـەر شـوێنێکی تـر، سـەنتەری شـاری کـەلار وەك هەندێـك لـە شـارەکانی تـری هەرێمـی کوردسـتان لـە ماوەیەکـی کورتـدا گەشـەکردنێکی زۆری بەخۆیـەوە بینیـووە، هـاوکات گەشـەکردنی ئـەم شـارە لـە کـۆی کایە جیاوازەکانـدا گـۆڕانی گـەورەی بەخۆیـەوە بینیـووە، هـەر بۆیـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەمـەڕ شـیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانـی دانیشـتوانی شـاری کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٠-٢٠١٢) دەگرێتەخۆ، کێرڤـی زیادبـوونی دانیشـتوان تـا ئێسـتاش ڕوو لـە هەڵکشـانە، ئامانج لـەم کتێبـە خوێندنەوەیەکی جددیـە بـۆ خسـتنە ڕوو سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتییانە و ڕۆچوونـە بە نێو دانیشـتوانی شـاری کەلاردا و شـیکردنەوە و شرۆڤەکـردن و چۆنێتـی گەشـەکردنی، هەروەهـا دەرخسـتنی ڕۆڵـی سیاسـەتە چـەوت و شـۆڤێنییەکانی حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق و کاریگـەری سیاسـەتی ڕاگواسـتن و بـە عەرەبکـردن لـە ژێـر فۆرمـی جیـاوازدا، ئەمانـەش بوونەتـە هـۆی زیادبوونـی ناسروشـتی کـە ڕەنگدانـەوەی لەسـەر شـارەکان هەبـووە و بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی قەیـران و کێشـە و گرفتـی جۆراوجـۆر، جیـا لـە نەبوونـی خزمەتگـوزاری و شـێواندنی دابونەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان، کـەلار شـارێکە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای باشـووری کوردسـتانەوە و لەسـەر کەنـاری ڕووبـاری سـیروان

هەڵکەوتووە، مێژوویەکی دێرینی هەیە شوێنەوارە مێژووییەکان گەواهی ئەم ڕاستییەن، هەر لە دێر زەمانیشەوە ناوچەیەکی ئاوەدان و شوێنی نیشتەجێبوون بووە، ئەم شارە گەورە و دیارەی باشووری کوردستان وەك ئەو ناوەی کە لە شارەکە نراوە بناغەی گوندێکی زۆر کۆنی ناوچەکەیە و مێژوویەکی ئاوەدانی دێرینی هەیە، مێژووی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان (العصور القديمة) ژمارەیەك گرد و شوێنەواری تیادایە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامەڕا و حلف و ئەریدۆ و سەردەمی کۆیلەکان و سەردەمی ئاشووری و پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیش، لە دێر زەمانەوە ئاوەدان بووە، مێژووی دروستبوونی شارەکە بەستراوە بە گوندی کەلارەوە کە تاوەکو ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی ڕۆژئاوای شارەکە، چونکە هەر ئەو گوندە و دواتریش شێروانە و بنگرد بوونە بناغەی دامەزراندنی ئەو شارەی ئاوەدانی و ژیانی تێدا هەبووە، کەلار ئەگەرچی بە ڕواڵەت شارێکی نوێیە، بەڵام بەڵگەی زۆر هەن کە مێژووی ئاوەدانی زۆر کۆنە و پاشماوە کۆنەکانی ئەوە دەسەلمێنن، ڕەنگە لێرەدا دەرفەت نەبێت ئاماژەی پێ بکەین وەلێ لە توێژینەوەکەدا ڕاستییەکان خراونەتە ڕوو، لە ئێستادا کەلار لە قەزا گەورەترە و لە پارێزگا بچووکترە، کۆی خەسڵەتەکانی پارێزگابوونی تێدایە وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، سەرەتای بوونی بە قەزا ( ١٩٧٠/٢/٢٨) بە مەرسومی کۆماری ژمارە (١٣٧) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کراوەتە قەزا، ئەو دەمە و بە درێژایی مێژوو سەر بە پارێزگای کەرکوك بووە، کەلار سەر بە ناحیەی قەڵای شێروانە بووە، مەرکەزی ناحیەکەش لە بنگرد بووە، لە تەنیشت قەڵای شێروانە، ئەم ناحیە قەڵای شێروانە مێژووی کۆن و دیاری هەیە لە چەندین سەرچاوەی عەرەبی و کوردیدا ناوی هاتووە، تاوەکو ناوەڕاستی سییەکان لە بنگرد بووە دواتر لەبەر فراوانی سنوورەکە و دووری لە گوندەکانییەوە ناوەندی ناحیەکە گواستراوەتەوە بەهەمان ناوەوە بۆ گوندی سەرقەڵا، تاوەکو ساڵی (١٩٧٥) ناوی شێروانە بووە، لە (١٩٧٥/١١/٦) کەلار دەخرێتە سەر پارێزگای سلێمانی و لە هەمان ڕۆژدا ناحیەکانی (سەرقەڵا، تیلەکۆ) فەرمانی بوونی بە ناحیەیان دەدرێت، گوندەکانی ناحیەی شێروانە بەسەر ئەو دوو ناحیەدا دابەش دەکرێن، پێشتریش بەشێك لە سنوورەکەی و گوندەکانی لەڕووی کارگێڕییەوە خراوەتە سەر ناحیەکانی (جەبارە و کۆکس) ئەم شارە لە سەرەتای کردنە قەزایدا، گەشەیەکی بەرفراوانی کردووە، هەر بۆیە حکومەتی عێراقی لەسەر پارێزگای کەرکوك گواستییەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان، دامەزراندنی بەقەزا و دواتریش گواستنەوەی خۆی لە خۆیدا جگە لە پلانی سیاسی و بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتی ناوەند مانای تری

نییـە، کەواتـە لەبـەر هـۆکاری سیاسی و بچـووك کردنـەوەی ڕووبـەری جوگرافیـای کارگێـڕی کەرکوك و کەمکردنـەوەی ڕێـژەی دانیشـتوانی کـورد لـەو پارێزگایـە، هەرچـەنـدە بەیـەك بڕیـار قـەزاکانی (کـەلار و چەمچەمـاڵ) خرایـە سـەر پارێـزگای سلێمانی و دواتریـش قـەزاکانی کفـری و خورماتـوو لـەڕووی کارگێرییـەوە گوێزرانـەوە بـۆ سـەر پارێزگاکانـی دیالـە و تکریـت، ئیـدی لـەو چرکەسـاتەوە تـا دێـت ئـەم شـارە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە گەشـەدەکات، گەشـەی ناسروشـتی فاکتـەری سـەرەکی گەشـەکردنەکەیەتی، بەهـۆی ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ و داپڵۆسـین و زەبـر و زەنگـی حکومـەتی ناوەنـد لـەو ناوچانـە بـۆ ئـەوەی ڕێـژەی کـورد کـەم بکەنـەوە، بـە تایبـەت ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی دێهاتـەکان و ناحیـەکانی قـەزای خانەقیـن و زەندئابـاد و شـێخ بـاوە و دەورووبـەری کفـری و کـەلار، گونـدەکان هەمـوو ڕووخێـنران بـە ناوەنـدی ناحیەی تیلەکۆشـەوە، ئەوانیـش دواتـر چارەنووسـیان وەك (٤٥٠٠) گونـدی تـر بـوو کـە بـە تـەواوی ڕووخێـنران و دانیشـتوانەکەی ڕاگوێـزران، کـە کاریگەریـی لەسـەر دانیشـتوانی زۆربـەی گونـد و شـارەکانی باشـووری کوردسـتانی هەبـووە، وەکـو قۆناغـی یەکـەم گونـدەکانی سـەرجادە و بەردەسـت ڕووخێـنران، بـە تایبـەت کوردنشـینەکان ناحیـەکانی قەرەتەپـە و جەبـارە و سـەرقەڵا و دواتریـش گونـدەکانی ناحیـەی کۆکـس بـە ناحیەکـەوە کـە هەموویـان سـەر بـە قـەزای کفرییـن ڕووخێنران، هەرچـەنـدە ناحیەکـە لـە ڕووی کارگێڕییـەوە هەڵوەشـێنرایەوە، وەك گونـد مایـەوە دواتـر لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)دا ڕزگار کـرا، پـاش ماوەیـەك کەوتـە دەسـت حکومـەتی بەعـس و دانیشـتوانەکەی ئـاوارەی کـەلار بـوون پاشـان قۆناغـی دووهـەم لـە سـاڵی (١٩٨٨) لـە شـاڵاوی بەنـاو ئەنفالـدا بـە چـڕی کرایـە سـەر ناوچـەکانی گەرمیـان و ئەوانـەش لـە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگەدا بـوون، بەشـێکی زۆریـان بـەر شـاڵاوی ئەنفـال کەوتـن، ئەوانـەی لـە ژێـر چنگـی بەعـس ڕزگاریـان بـوو بـەر ئـەم شـاڵاوە نەکەوتـن زۆربەیـان لـەم شـارەدا نیشـتەجێبوون، لـە ئێسـتادا کـەلار تـا دێ گەورەتـر و ئاوەدانـتر و دڵگیرتـر دەبێـت، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـردووە، بووەتـە بـاوان بـۆ زۆرێـك لەوانـەی لـە ناوچـەکانی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـەوە دێنـە ئـەم شـارە و لێـرەدا بارگەیـان فـڕێ دەدەن، دەرگایـەکی بـازرگانی گەورەیـە بـەڕووی هەمـوو عێراقـدا، لـە بـواری خوێنـدنی باڵادا زانکـۆ و چەنـد پەیمانگای تێدایـە، کـە ئەمـەش خوێنـدکاران لـە شـارەکانی تـرەوە بـۆ خوێنـدن ڕووی تێدەکـەن، جیا لەوانـە هـۆکاری ئابـووری و هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی کـە خاوەنـی دەشـتێکی پـان و بەرینـە، بـۆ کشـتوکاڵ گونجـاوە بـە تایبەتـی گەنم و جـۆ کە ئەمـەش کاریگەری هەبووە لەسـەر گەشـەکردنی، هۆکارێکـی تـر فاکتـەری کارگێڕییـە کـە ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، ئـەو قـەزا دابڕاوانـەی لـە

خۆگرتـووە کـە بـە بڕیارێـکی سـیاسی لـە کەرکـوك دابڕێـنرا، وەك (کـەلار ـ کفـری ـ چەمچەمـاڵ) سـێ ناحیـەی سـەر بـە قەزای خانەقیـن (قۆرەتوو - مەیـدان - بەمـۆ) دوای ڕزگارکردنیـان لەلایەن حکومـەتی هەرێمـەوە خرانـە سـەر ئیـدارەی گەرمیـان، لـە ئێسـتادا ژمـارەی دانیشـتوانی قەزاکـە بـە زیاتـر لـە (٢٢٦) هـەزار کـەس دەخەمڵێنرێـت و دانیشـتوانەکەی (٩٧٪)ی کـوردن، زۆرینـەی ئەوانەیـش موسـڵمانی سـوننە مەزهەبـن، بەشـێکی زۆر کەمیـان شـیعە مەزهەبـن، بەشـێکیش لـە دانیشـتوانەکەی لەسـەر ئاینـی کاکەییـن، ئـەم شـارە پێگەیـەکی زۆر گرنگـی هەیـە، لەبـەر ئـەوەی دەکەوێتـە سـەر هێڵـی سـەرەکی ئۆتۆمبێـلی (سـلێمانی - کـەلار، باقوبـە - بەغـداد) لەلایـەکی تریشـەوە لـە ڕێگـەی هێڵـی کفرییـەوە دەبەسـترێت بـە کەرکوکـەوە، لـە ڕێگـەی خاڵـی پەروێزخانیشـەوە دەبەسـترێت بـە شـاری قـەسری شرینـی ئێرانـەوە، کـەلار لـە سـەرەتای بـە قەزابوونییـەوە تاوەکـو ئێسـتا لـە ڕووی ئیدارییـەوە چەندیـن گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، سـەرەتا سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوك بـووە، دواتـر خرایـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی تـا ڕاپەڕینـی ئـازاری (١٩٩١)، لـە سـاڵی (١٩٩٢) خرایـە سـەر پارێـزگای کەرکـوك و دوای پرۆسـەی ئـازادی عێـراق ئیـدارەی گەرمیـان ئـەم ناسـەقامگیریە جۆرێـك لـە پـەرت و بـڵاوی پێـوە دیـارە، خۆزگـە لـەوە زیاتـر درێـژەی نەدەکێشـا و کـە هەمـوو خەسـڵەتەکانی پارێـزگای تێدایـە، لـە ئـاو و خـاکی بـە پیتـەوە بگـرە تاوەکـو نـەوت و کانـزای سروشـتی، ژمـارەی دانیشـتوانی زۆر و ڕووبەرێـکی تەخـت و فـراوان، زانکـۆ و پەیمانـگا و تەنانـەت چەندیـن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی تێدایـە کـە بودجـەی تایبـەتی بـۆ تەرخـان کـراوە و مامەڵـەی پارێـزگای لەگـەڵ دەکرێـت ئەمانـە و لـە ئێسـتادا کـەلار ناوێـکی دیـار و قەبارەیـەکی گەورەیـە، ناوەڕۆکێـك پـڕ لـە بەرهـەم و داهێنـان، شـارێکی ئەکتیـڤ لـە تـەواوی بزاوتـە جۆراوجۆرەکانـدا، شـارێك لـە ڕوخسـاریدا ئایندەیـەکی گـەش دەبینـی لـە فراوانبـوون و پێشـکەوتن، بـە فەرمانێـك لـە (٢٠٠٧/٢/١٢) ئیـدارەی گەرمیـان گواسـترایەوە لـە قـەزای دەربەندیخانـەوە بـۆ قـەزای کـەلار لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، بۆتـە باوانێـك بـۆ دەوروبـەر و تەنانـەت ئاوارەیەکـی زۆری پارێـزگاکانی تـری عێـراق تیایـدا نیشـتەجێبوون بـە بـێ ئـەوەی کـەس هەسـت بە نامۆیـی بکات، ئـەوەی جێـی سـەرنجە ئەوانەی ڕوودەکەنـە ئـەم شـارە پـاش ماوەیـەکی کـورت بـە جۆرێـك هۆگـری دەبـن، تیایـدا دەمێننـەوە و بەشـانازییەوە خۆیـان بـە خەڵـکی شـارەکە دەزانـن، کـە لـە ئێسـتادا بـە گشـت پێـوەرەکان مـافی خۆیـەتی بکرێتـە پارێـزگا، لـەم لێکۆڵینـەوەدا خاڵـە پۆزەتیـڤ و پرشـنگدارەکانی بـە پارێزگابـوونی کەلار خراوەتە ڕوو.

نووسەر

## کێشەی لێکۆڵینەوە

دیاریکـردنی کێشـەی لێکۆڵینـەوە بەشـێوەی ورد و ڕوون هەنگاوێـکی سـەرەکییە لـە نووسـینی توێژینـەوەی زانسـتیدا، بەردەوامبـوون لـە ڕێـگا و هەنـگاوەکانی دیکـەی لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوە بـۆ ناوچـەی توێژینـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە توێـژەر چەنـد بایـەخ بـە لێکۆڵینەوەکـەی دەدات، لـە بەرجەسـتەبوون و زۆری زانیـاری و بابـەتی زانسـتی دەربـارەی بابەتەکـە، چارەسـەرکردنی کێشـە دەبێـت بە شـێوەیەك بێـت توێـژەرەکانی تر بگەنـە ئەنجامەکانی ئەگـەر هاتـوو گریمانـەکان بەسـەر خۆیـدا پراکتیـزە بکرێـت، بـۆ بەکارهێنـانی هەمـان زانیـاری و جێبەجێکـردنی هەمـان شـێوازی لێکۆڵینـەوە، هـاوکات کێشـەی توێژینـەوە پرسـیارێکی بـێ وەڵام دەبێـت، بۆیـە دەتوانیـن گوزارشـت لـە کێشـەکان بکەیـن بـەم پرسـیارانەی خـوارەوە:

١- ڕواڵەتی دابەشکردنی دانیشتوانی شاری کەلار چی یە؟
٢- ئایا هاوسەنگی هەیە لە نێوان دانیشتوان و ڕووبەری زەوی تەرخانکراو لەم شارەدا؟
٣- هـۆکارە جوگرافیـاکان چیـن؟ کـە کاریگەرییـان لەسـەر دابەشبوونی دانیشـتوان لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە هەیە؟
٤- کام هۆکار زیاتر کاریگەری لەسەر دانیشتوان و چڕی شاری کەلار هەیە؟
٥- توانا مرۆییەکان چین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا؟
٦- ئاسۆکانی ئایندەی کەلار چین؟

## گریمانەی لێکۆڵینەوە

گریمانـەی لێکۆڵینـەوە چارەسـەرێکی پرنسـیپیە وەڵامێـکی سـەرەتاییە بـۆ کێشـەی لێکۆڵینەوەکە، یـان بریتـی یـە لـە پێداویسـتییەکی لۆژیـکی نائاڵـۆز، گریمانـە توێـژەر دەگەیەنێتـە ئەنجامێـکی ڕاسـت و درووسـت، هیـچ لێکۆڵینەوەیـەك بەبـێ گریمانـە نابێـت و خاڵـی دەبێتـەوە لـە مانـا زانسـتییەکەی، هەوڵدەدەیـن بـەم شـێوەیە گریمانـە بخەینـە ڕوو:

١- جیـاوازی دابەشـبوونی شـوێنی دانیشـتوانی شـاری کـەلار، بەشـێوەی ڕوون و ئاشـکرا لەسـەر پـەڕەی هەرێمـی شـارەکە.
٢- لـە شـاری کـەلار لـەڕووی کاتـەوە جیـاوازی لـە دابەشـبوونی دانیشـتوان و قەبارەکـەی هەیـە.
٣- هـۆکارە جوگرافیـاکان ڕۆڵـی گەورەیـان هەیـە لـە دابەشـبوونی دانیشـتوان و چڕییەکـەی لـە

ناوچـەی لێکۆڵینـەوە.

٤- هـەردوو پێگـەی جوگـرافی و دۆخـی ئارامـی و ئاسـایش هـۆکاری یەکلاکـەرەوەن، لـە زیادبـوونی ژمـارەی دانیشـتوان و چڕییەکـەی لـەم شـارەدا.

٥- نیشـانەکان لێـرە بەڵگـەی دیـار و ئاشـکران بـۆ زیادبـوونی دانیشـتوانی کـەلار لـە ئایندەیـەکی نزیکدا.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە

ئامانـج لـەم لێکۆڵینەوەیـە ڕوونکردنـەوەی چەنـد بوارێـکی جوگرافیایـە تایبەتـە بـە دانیشـتوانی شـاری کـەلار، تیایـدا ئامانجـی سـەرەکی دەرخسـتنی ڕۆڵـی هـۆکارە جوگرافییەکانـە، لەسـەر دیاریکـردنی شـێوازەکانی گەشـەکردن و زیادبـوونی دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، خسـتنە ڕووی ئـاو و هـەوا و بـەرز و نزمـی سـەرچاوەکانی ئـاو و خـاك و ڕووەکی خۆڕسـك و ... هتـد، هەروەهـا بەرجەسـتەکردنی زانیـاری و داتـا و ئامـاری ورد و درووسـت، لەسـەر چۆنییـەتی گەشـەکردنەکە بـە مەبەسـتی سـوود گەیانـدن و پەرەپێـدان، هـاوکات دانـانی چوارچێـوەی زەمـەنی بـۆ لێکۆڵینەوەکـە کـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢) وەرگیـراوە پشتبەسـتن بـە سـەرژمێری دانیشـتوان و هەنـدێ ئامـاری جۆراوجـۆری تـر و ئەنجومـەنی گەڕەکـەکان، لـە کۆتاییـدا خسـتنە ڕووی پێشـنیار و ڕاسـپاردە و دەرئەنجام، خوازیـارم خزمەتێکی بچـووکی شـاری کـەلارم کردبێـت و مەڵۆیەکـم خسـتبێتە سـەر خەرمـانی وشـەی کـوردی، بـەو ئومێـدەی لێکۆڵینەوەکـە مایـەی ڕەزامەنـدی بێـت.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لەم لێکۆڵینەوەدا دوو ڕێگای گرنگ ڕۆڵی کارایان هەیە دەربارەی بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکە و کۆکردنەوەی زانیاری و داتای درووست، پشت دەبەستێت بە دوو ڕێگا:

**١. سـەرچاوەی تیـۆری (نظـري):** پشتبەسـتن بـە کۆکردنـەوەی هەنـدێ بابـەتی تایبـەت بـە شـاری کـەلار ئەویـش لـە ڕێـگای گۆڤـار و کتێـب و هەندێـك سـەرچاوەی تـرەوە، هەروەهـا پشتبەسـتن بـە سـەرژمێرییە فەرمـی و نیمچـە فەرمییـەکان و کۆکردنـەوەی هەندێ داتـا و ئامار لـە دەزگا پەیوەندیـدارەکان (ئیـدارەی گەرمیـان، بەڕێوبەرایـەتی ئامـاری گەرمیـان، فەرمانگـەی ئامـاری کـەلار، سـەرۆکایەتی شـارەوانی کـەلار، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـەروەردەی گەرمیـان و بەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەی کـەلار، بەڕێوەرایـەتی گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیـان، بەڕێوەبەرایـەتی

گشـتی تەندروسـتی گەرمیـان، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی گەشـت و گـوزاری گەرمیـان، زانکـۆی گەرمیـان، پەیمانـگای تەکنیـکی، قائیمقامیـەتی قـەزای کـەلار و ئەنجومـەنی گەڕەکـەکان ..هتـد.

**٢. کاری کردارەکـی - گۆڕەپـانی (عمـلي، حقـلي):** ئەمـەش بریتیـە لـە هـەوڵ و کۆشـشی توێـژەر بـە شـێوەی مەیـدانی گـەڕان و پشـکنین بـۆ بـە دەسـت هێنـان و کۆکردنـەوەی زانیـاری سـەبارەت بـە لێکۆڵینەوەکـە، لـە ڕێـگای چاوپێکەوتنـی کەسـایەتی شـارەزا لـە ناوچەکـە، ڕای مامۆسـتایانی زانکـۆ و ڕوناکبیـر بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری لـە بـوارە جیاجیـاکانی شـاری کـەلار، هەروەهـا لێکۆڵینەوەکـە سـوودم لـە ڕێـگای هەڵێنجـان (اسـتنباطي) بینیـووە کـە زانیاریـم لــە سـەرچاوەکان وەرگرتـووە لـە ڕوانگـەی ئـەو زانیاریانـەوە وردەکاری و شـیکردنەوەی تایبەتمەندییـەکانی دەڤەرەکـەم شرۆڤـە کـردووە، واتـە لێکۆڵینەوەکە لە مەسـەلە گشـتییەکانەوە ڕۆچووەتـە نێـو وردەکارییـەکان.

## شوێن و پێگەی شاری کەلار

شـوێن بریتـی یـە لـەو ڕووبـەرەی کـە شـاری لـە سـەر بنیـات دەنرێـت، واتـە سـنووری شـارەوانی شـار دەگرێتـەوە، بـەڵام (پێگـە) شـار و دەوروبـەری دەگرێتـەوە، پەیوەنـدی ئـەو پێگەیـە بەدەوروبـەر و گەشـەکردنی شـارەوە، ئەگەرچـی هەنـدێ جـار لـە باسـکردندا بەیەکەوە دێـن و بـە تێکەڵـی بـاس دەکرێـن[1]، شـوێنی شـار کاریگـەری هەیـە لەسـەر درووسـتبوون و گەشـەکردن و فراوانبـوونی شـار، هەروەهـا ئاراسـتە و شـێوەی شـار و جـۆری بەکارهێنـانی شـار و مۆرفۆلۆجیەکـەی، شـوێن بریتیـە لـە پەیوەنـدی ناوەنـدی شـارەکە بـە پێـی دەڤـەرەکانی دەوروبـەری کـە دەکەونـە دەرەوەی سـنووری ئـاوەدانی شـار، لـە کاتێکـدا هەمـوو شـارێك پەیوەنـدی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و سـیاسی و بـازرگانی لەگـەڵ ناوچـەکانی تـردا هەیـە [2]

پێگـەی شـاری کـەلار لـە ڕووی پێگـەی ئەسـترۆنۆمییەوە گرنگـی خـۆی هەیـە، لەم سـۆنگەیەوە دەتوانرێـت ڕەگـەزەکانی ئـاو و هـەوا و درێـژی شـەو و ڕۆژ و وەرزەکانی سـاڵ بزانرێـت، ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـەڕووی ئەسـترۆنۆمییەوە، دەکەوێتـە نێـوان بازنـەی پـانی (٣٩، ٣٤- ٣٦، ٣٤) پلـەی باکـووری زەوییـەوە، نێـوان هێڵـی درێـژی (١٧، ٤٥ - ٢٢، ٤٥ ) پلـەی ڕۆژهـەڵاتی زەوییـەوە لەسـەر ڕووبەرێـکی تەخـت بونیـات نـراوە، کـە بەرزیەکـەی لـە ئاسـتی دەریـاوە لـە

---

١- صبري الهيتي و صالح فليح حسن، جغرافية المدن، مديرية دار كتب لطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٦، ص١٠

٢- عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٥

نێـوان (٢٠٠-٢٥٥) مەتردایـە [1] سـەیری نەخشـەی ژمـارە (١) بکـە:

نەخشەی ژمارە (١)

شاری کەلار بە گوێرەی هێڵەکانی درێژی و پانی




سـەرچاوە : کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە فایـلی ( M T ١٥ D E M ) وە بـە کارهێنـانی بەرنامـەی ( A rcG IS ١٠,٢,٢ )

شـاری کـەلار لـە ڕووی جوگرافییـەوە کەوتوەتـە ناوچـەی نیمچـە شـاخاوی لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە ناوچـەی بـان و گـردەکانی کەرکوك دایـە، دەکەوێتـە بـەشی باشـووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمـی کوردسـتانەوە، شـارێکی گـەورە و دیـاری باشـووری هەرێمـی کوردسـتانە، لـە ئێسـتادا ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، دەکەوێتـە دووری (٢٦٠ کـم) لـە هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، هەروەهـا (١٧٣ کـم) لـە شـاری (کەرکـوك)ەوە دووره و (١٤٤کـم) لەشـاری سـلێمانییەوە دووره، بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە (٢):

١- القوات المسلحة العراقية، المساحة العسكرية، خارطة قلعة شيروانة، المقياس ( ١٠٠٠٠٠:١ لسنة ١٩٨٩)

نەخشەی ژمارە (٢)

شاری کەلار بە گوێرەی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن بە فایلی ( DEM 15 MT ) وە بە کارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS10.2.2)

هەروەها دەکەوێتە دووری (١٨٠کم) لە باکووری بەغدای پایتەختی عێراقەوە کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، نزیکترین ئیدارەی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانە

لەگەڵ پایتەخت و شارەکانی تری ناوەڕاستی عێراقدا، بە تایبەت پارێزگای بەعقوبە کە (١٣٠) کم دووره لێیەوە. سەیری نەخشەی ژمارە (٣) بکە:

نەخشەی ژمارە (٣)

پێگەی شاری کەلار بە گوێرەی عێراق




سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی ( GIS 2012 )

هەروەها لە سنووری ئێران و لە مەرزی پەروێزخانەوە (٣٥) کم دووره، کەلار دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوییە، لە ڕووی کارگێڕییەوە لە رۆژهەڵاتییەوە هاوسنووره لەگەڵ ڕووباری سیروان (سنوورێکی سروشتییە دەکەوێتە نێوان هەردوو قەزای کەلار و خانەقییەوە)، لە رۆژئاواشەوە ناحیەی ڕزگارییە و لە بەشی باکوورەوە ناحیەی پێباز و لە باشوورەوە ناحیەی کۆکس، سەیری نەخشەی ژمارە (٤) بکە، سنووری شاری کەلار دیاری کراوە.

نەخشەی ژمارە (٤)

سنووری شاری کەلار




سـەرچاوە : کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە فایـلی (DEM 15 MT) وە بەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcGIS10.2.2)

# ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە

کەلار پانتایی ڕووبەرێکی فراوانی هەیە شوێنەکەی لە بار و گونجاوە بۆ زیاتر گەشەکردن و فراوانبوون، شاری کەلار لەسەر ڕووبەرێکی تەختایی بنیاتنراوە دەشتێکی پان و بەرین دەگرێتە خۆ، ڕووباری سیروان بە تەنیشتیەوە تێدەپەڕێت کە ئەمیش کاریگەری هەیە لەسەر شارەکە، گەر باس لە ڕووبەری قەزای کەلار و دەوروبەری بە مانای لێکدانەوە و بە دواداچوونێکی ئەوتۆ دێت، کە بۆ خۆی بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە تەوەری گەرمیان پێکدێنێت، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی تەختانەوە لە ڕۆخی ڕووباری سیروان، لە دامێنی زنجیرە چیاکانی وەك بەمۆ و قەرەداخەوە لەگەڵ زنجیرە شاخاوییەکانی مازۆ و بەردەسوور و شاکەل و ڕووبەرێکی فراوانی دەشتەکەی دەگرێتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی ڕوونە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکوك و گۆڕینی دیموگرافی، کە ئەم قەزایە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن[1]، هەروەها جگە لە لادێی دوورە دەستەکان، لادێکانی نزیك کەلار کە لە بەشی ڕۆژئاواوە سەیدە و شاکەل و لە بەشی باشوورەوە گوندی شێخ لەنگەر چەند کیلۆمەترێکی کەم دوورە، نەخراوەتە سەر کارگێڕی کەلار، بەڵکو لەسەر قەزای کفری بوون، لە تەنیشت هەردوو خاڵی پشکنینی کەلار کە لە دەرەوەی شارە لە (باشوور و خۆرئاوا)وە تەنها پەنجا مەترێك لە سنووری (کفری)یەوە نەخراوەتە سەر کارگێڕی کەلار، بەڵکو لەسەر قەزای کفری بوون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچانە لە دەرەوەی سنووری ئۆتۆنۆمیە کارتۆنییەکە بوون، هەرچەندە بەپێی سنووری ئۆتۆنۆمی، سنوورەکانی ڕۆژئاواوە تا دێی شاکەل تەنها (٨) کم دوورە لە باشوورەوە و دێی شێخ لەنگەر (٩) کم دوورە ئەوانە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای (کفری)ن، تا ساڵی ١٩٧٥ سەر بە قەزای کەلار بوون، هەر ئەمانەش وای کردووە کە ڕووبەری ناوەندی کەلار کەمترین ڕووبەرە لە ئاستی قەزاکە کە تەنها (١٩٪) پێکدێنێت، لەگەڵ ئەمانەشدا سنوورەکانی لەباکوورەوە ناحیەکانی شێخ تەویل، پێباز کە سنوورێکی فراوان لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ قەزاکانی (کفری و خانەقی و دەربەندیخان) هاوسنوورە، ئەم شارە دەکەوێتە سەر هێڵی ئۆتۆمبێلی (سلێمانی- کەلار، بەعقوبە – بەغدا - کەلار ) لە دیووی ڕۆژئاواوە لە ڕێگەی کفرییەوە دەبەسترێتەوە بە کەرکوکەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگای خاڵی سنووری پەروێزخانەوە کە زۆر نزیکە دەیبەستێت بە شاری قەسری

١- ئەحمەد باوەڕ، گۆڤاری کەرکوك، ژ( ٢ ) ساڵی سێیەم، پایزی ( ٢٠٠١، ل١١٢ )

شـیرینەوە (ئێـران)، بنکەیـەکی سـتراتیژی و گرنگـی بـواری بـازرگانی و هـەلی کارکـردن بـوون هـەر بۆیـە تـا دێ ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ گەشـەیەکی زۆری بـە خۆیـەوە دەبینێـت، خەڵکـی لـە شـارۆچکەکانی دەوروبـەر و لـەو دوایەشـدا لـە پارێـزگاکانی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـەوە ڕووی تێدەکـەن و جگـە لـە جموجوڵـی کاتی تیایـدا نیشـتەجێبوون، مـەرزی پەروێزخـان ڕۆڵـی کاریگـەری هەیـە کـە ڕۆژانـە هـەزاران کەرەسـتە و بەرهەمـی جۆراوجـۆر لـە ئێرانـەوە دەهێنرێتـە دیـوی هەرێمـی کوردسـتانەوە لێـرەوە بـەرەو شـارەکانی تـر دەبرێـن، پێگـەی کـەلار لـە ڕووی کشـتوکاڵەوە خـاوەن بـڕی (٢٩١١٩٧) دۆنـم زەوییـە، کـە شـیاوە بـۆ کشـتوکاڵ کـردن (٢٨٥٠١٨) دەیمـە کاڵـە و (٦١٧٩) دۆنمـی بـەراو و (٥٦٩٥١٨) دۆنمـی بەردەڵانـە [١]، ڕووبـەری کـەلار لـە حەفتاکانـدا (٢١٢٨)کـم$^{2}$ بەڕێـژەی (١٣،٤ ٪) لـە کـۆی گشـتی ڕووبـەری گشـتی پارێـزگای سـلێمانی [٢] سـەیری خشـتەی ژمـارە (١) بکـە:

خشتەی ژمارە (١)

ڕووپێو و ژمارەی دانیشتوای قەزای کەلار ساڵی (١٩٧٧)

| قەزای کەلار | ڕووپێو کچگ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٣٦٤ | ٢٤٨٢٤ |
| پێباز | ٩٢٥ | ١١٧٤٣ |
| تیلەکۆ | ٨٣٩ | ٧٤٩٠ |
| سەرجەم | ٢١٢٨ | ٤٤٠٥٧ |

سـەرچاوە :- دکتـۆر عەبدوڵڵا غەفـور، کوردسـتان (دابـەشی کارگێـڕی ترێتـۆری (١٩٢٧ -١٩٩٧)، چاپـی دووەم، سـلێمانی ( ٢٠٠٣، ل١٩٨ )

هەروەهـا لەسـاڵی (١٩٨٧)دا ڕووبەرەکـەی دەکاتـە (٣٢٢) کـم$^{2}$، ڕووبـەری قـەزای کـەلار لـە ئێسـتادا کـە ناوەنـدی ئیدارەی گەرمیانـە ڕووبـەری قـەزای کـەلار (١٧٥٠،٧٥) کـم$^{2}$ کـە دەکاتـە (١٤٪) ڕووبـەری گشـتی لـە ئیـدارەی گەرمیـان[٣] و بەڕێـژەی (١٤،٨٪) لـە کـۆی ڕووبـەری پارێـزگای سـلێمانی پێـك دێنێـت .

١-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ( ٢٠١٣ )

٢- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، کوردستان دابەشی کارگێڕی ترێتۆری ( ١٩٢٧ -١٩٩٧ )، چاپی دووەم، سلێمانی ( ٢٠٠٣، ل١٩٨ )

٣- پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی وئیدارەی گەرمیان ( ٢٠٠٨، ل٥٢ )

# ماوەی لێکۆڵینەوە

لـە مـەڕ هەڵبـژاردنی مـاوەی  لێکۆڵینەوەکـە، لـە سـاڵی (١٩٧٠-٢٠١٢)دا ئـەم ماوەیـە کراوەتـە چـوار چێـوەی زەمـەنی لێکۆڵینەوەکـە، ماوەکـە لـە قەزابـوونی شـاری کـەلارەوە دەسـت پێـدەکات، زۆرێـك لـە داتـاکان، لـە سـەر بنەمـای دامـودەزگای فەرمـی و سـەرژمێری وەرگیراوە کـە ئەویـش تەنهـا سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) دەگرێتەخـۆ و وێـڕای چەندیـن تێبینـی لەسـەر ئـەو سـەرژمێریانە کـە هـۆکارەکانی خراوەتـە ڕوو، دواتـر سـەرژمێری تۆکمـە و باوەڕپێکـراو لـە هەرێـم دا پراکتیـزە نەکـراوە، هەرچەنـدە چەندیـن بڕیـاری لێـوە دراوە لـە ناوەندیـش لەمپـەر دەخەنـە بـەردەم سـەرژمێری دانیشـتوان، ئێسـتا وا بڕیـارە ئەنجـام بدرێـت، گـەر چارەنـووسی ئەمجـارەش وەك جـارەکانی تـر نەبێـت، بـە دڵنیاییـەوە توێژینـەوەی وەهـا پێویسـتی بـە ئاماری ڕاسـت و درووسـتە، زەحمەتـە لـە وڵاتێـکی پـڕ کێشـە و قەیـران و نـا ئـارام و نەبـوونی یاسـادا ئامـاری درووسـت ئەنجـام بدرێـت، کێشـە مەزهـەبی و نەتەوەیـی و ئایینیـەکان لەمپـەرن لـە بـەردەم ئامـاردا.

# ئاستەنگەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە

هەنگاونـان بـۆ هەرکارێـك دەبـێ پێشـوەخت خـۆ ئامادەکـەی، کـە بەدڵنیاییـەوە  لەمپـەر و کۆسـپ و ئاسـتەنگی دێتـە ڕێـگات، هەمـوو کارێـك شـەونخونی و خـۆ هیـلاك کـردنی دەوێـت، بـەڵام دەبـێ مـرۆڤ جیـا لـە خـۆ ئامادەکـردن بڕیـاری بـەردەوام بـوون بـدات بـۆ پراکتیزەکـردن و بێـترس بێـت لـەو ئەگەرانـە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، ئەگەرنـا  لـە کارەکانیـدا سـەرکەوتوو نابێـت، بێگومـان ئـەم لێکۆڵینـەوەش بـێ گرفـت نییـە، پێویسـتە ئـەوەش بووترێت کەمـی سـەرچاوە  کاریگـەری خـۆی هەیـە یان ئەوانـەی کـە هـەن زۆر کەمـن، گـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ هەندێـك بابەتـی تـردا، یـان گەشـەکردن و ئـەو زیادبوونـە ناسروشـتیەی دانیشـتوان کەشێکی وای خوڵقانـدووە کەمتر گوزارشـتی لـێ بکرێـت، لـە کاتێکدا ئامـارەکان تەندرووسـت نیـن و بـە ناکامڵـی لەدایکبـوون، یـان بـە خواسـتی کەمینەیـەك هاتوونەتـە بـوون، بـەم شـێوەیە گرفـت و ئاسـتەنگەکان دەخەینـە ڕوو:

١- کەمـی یـان نەبـوونی سـەرچاوەی زانسـتی لەسـەر ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، هەنـدێ نووسـینی زۆر کـەم هـەن، کەمیـان پەیوەندییـان بـە دانیشـتوانەوە هەیـە.

٢- هەڵکەوتـەی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە و ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـەم ماوەیـەدا ڕوویانـدا، لـە

نێوان پارێزگاكانی كەركوك و سلێمانی و دواتریش ئیدارەی گەرمیان، خولانەوە لە نێو گۆڕانی ئەو یەكە كارگێڕیانەدا، ئەمانە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە بەدەست هێنانی زانیاری ورد چونكە زانیارییەكان زۆر جار بڵاوەن و كۆ نین.

٣- سەرژمێرییە گشتییەكانی دانیشتوان بە سەرچاوەی بنەڕەتی ئەژمارد دەكرێن، بەڵام بەداخەوە زانیارییەكان زیاتر لەسەر ئاستی پارێزگایە كەمتر پەیوەندییان بە قەزا و ناحیەكانەوە هەیە، ئەویش لە مێژە نەكراوە یان ئەوانەی كراون بە چاوی گومانەوە سەیر دەكرێن، پێویستی بە وردەكاری زیاترە و بە پێی توانا پەنجە دەخەینە سەر ڕاستییەكان لە خوارەوە:

أ- داگیركەران هەمیشە لە هەوڵدابوون، بۆ تێكدان و شێواندنی دیمۆگرافی و شاردنەوەی حەقیقەتی نەتەوەكانی تر و توانەوەیان لە ناو نەتەوەی سەردەستدا، بە واتایەكی تر ناونووسكردن یان تۆماركردن لە زۆر شوێن بە شێوەی خەمڵاندن بووە، بریتی بووە لە پیشاندانی وێنەیەك كە شاردنەوەی نەتەوە و كەمینەكان تیادا بەدی دەكرێ، بۆ مەرامی خۆیان ئامار و داتاكان كەمترین حەقیقەتیان تێدایە، زیاتر مەبەست لە خواستەكانی دەسەڵاتی ناوەند و تاكە حزبی بووە، بە تایبەت تر پاراستنی بەرژەوەندی عەرەبی سوننە.

ب- بەهۆی شۆڕشەكانی كوردەوە زۆرێك لە دانیشتوان لە ناوچە ڕزگاركراوەكان بوون، كە سەرژمێری نەكراون یان بەخەمڵاندن دانراون.

ج- داپڵۆسین و زەبروزەنگ و سەربازی زۆرەملێ (تجنيد الاجباري) زۆرێك لە گەنجان بوونە پێشمەرگە یان ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە و هاندەران بوون.

د- زۆرجار لەلایەن دانیشتوانەوە لەبەر كۆمەڵێك فاكتەر زانیاری نادرووست دراوە.

٤- لەدوای ڕاپەڕینەوە (ساڵی ١٩٩١) سەرژمێری فەرمی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام نەدراوە، وەك ئەوەی ساڵانی پێشوو (١٠) ساڵ جارێك ئەنجام دەدران، تەنها متمانە و پشت دەبەسترێت بە فۆرمی خۆراك، كە ئەمیش كەموكوڕی زۆری تێدایە، كاریگەریی لەسەر دانیشتوانی تر هەیە، ساڵانەش لە دوای ڕووخاندنی بەعسەوە دەووترێت ساڵی ئاییندە سەرژمێری ئەنجام دەدرێت، بەداخەوە هێشتا هەر گوفتارە و نەبووەتە كردار.

٥- دامودەزگا حكومییەكان بە سانایی زانیاری نادەن ئەویش ڕەنگە هۆكاری زۆری هەبێت، ئەوەی كە خۆیان بیانووی بۆ دێننەوە، هەندێ جار گرفت درووست دەكەن یان لەكات و ساتی خۆیدا وەڵام نادەنەوە.

# پلانی لێکۆڵینەوە

بـە مەبەسـتی پێـکانی ئامانجـی لێکۆڵینەوەکـە و دەرخسـتنی فاکتـەرە سروشـتییەکان و هـۆکارە مرۆییـەکان، گوزارشـتکردن لـە ناسـاندنی فاکتـەرە مێژوویـی و جوگـرافی و ئابوورییـەکان کـە هەریـەك لـەو کایانـە ڕۆڵـی ئەکتیـڤ و بەرچاویـان هەیـە لـە فراوانبـوون و گەشـەکردنی جـۆراو جـۆری ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە، ئـەم تەوەرانـە خاڵـی سـەرەکین بـۆ ڕۆچـوون بەنێـو بابەتەکـەدا و دواجاریـش لـق و پۆپـی جیایـان لێدەبێتـەوە، ئەمانـە دەبنـە خاڵـی دەسـتپێکردن و هەنگاونـان بـۆ گوزارشـتکردن لـە شـیکاری و شرۆڤەکـردنی داتـا و ئامـارەکان، دواتریـش خسـتنەڕووی نەخشـە و خشـتە و شـێوەکان، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی دابەشـکراوە بـۆ ڕوونکردنـەوە و پێشـەکییەك و (٥) بـەش و دەرئەنجـام و ڕاسـپاردە و پاشـکۆکان و لیسـتی سـەرچاوەکان و پوختەیـەک بـە زمانـی عەرەبـی هـەر بەشێکیش لـە بەشـەکان بەسـەر چەنـد باسـێکدا دابـەش کـراوە بـەم شـێوەیە:

**بەشی یەکەم:**

سـەرەتایەکە تەرخـان کـراوە چوارچێـوەی تیـۆری لێکۆڵینـەوە بـۆ پێشـەکییەك و کۆمەڵێـك باس، کـە گوزارشـت دەکات لـە پـلان و ئامـانج و میتـۆد و مـاوە و کێشـە و گرفتـەکانی لێکۆڵینەوەکـە، هـاوکات ناسـاندنی ناوچەکـە و شـوێن و شـێوازی لێکۆڵینەوەکـە و مـاوە و ڕووبەرەکـەی لـە ڕووی مەیـدانی و تیۆرییـەوە، هەروەهـا دیاریکـردنی ئامـانج و گرفتـەکان و ناسـاندنی ناوچەکـە و شرۆڤەکـردنی نـاوی کـەلار و مێژووەکـەی و خسـتنەڕووی سـیاقە کارگێڕییـەکان، لـە ڕووی مێـژووی سـیاسی و ئیـداری و شـوێنەوارە دێرینەکانـەوە، لـە دوا قۆناغـی کارگێڕییـدا کـە کـەلار ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، تیشـك خراوەتـە سـەر قـەزاکانی تـر ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە باسـەکەوە هەبێـت، لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوان و ڕووبـەر و پێکهاتـەی ئاینـی و نەتەوەیـی بـە شـێوەیەکی گشـتی.

**بەشی دووەم:**

ئـەم بەشـە کـە تەرخـان کـراوە بـۆ شـیکردنەوە و کاریگەریـی تایبەتمەندیـە سروشـتییەکان لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوانی شـاری کـەلار، (٦) بـاسی سـەرەکی لـە خـۆ دەگـرێ لەگـەڵ چەندیـن لـق و پۆپـی تـردا، تیایـدا جیۆلۆجـی و خـاك و ڕووەکی سروشـتی و بـەرز و نزمـی

و ڕەگـەزەکانی ئـاو و هـەوا و سـەرچاوەکانی ئـاو و..هتـد شـوێنی لێکۆڵینـەوە، کـە هەریـەك لەوانـە و خەسـڵەتە سروشـتییەکان بەشـێوەیەکی گشـتی ڕۆڵـی کارا و بەرچاویـان هەیـە لەسـەر جوگرافیـای دانیشـتوان گەشـەکردن و دابەشـبوون و گردبوونـەوە و چـڕی دانیشـتوان، لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆمەڵێـك وێنـە و نەخشـە و خشـتەی لـە خۆگرتـووە و خوێندنـەوە و شرۆڤـەی بۆکـراوە، هـاوکات بـەراورد کاری بـۆ داتـاکان کـراوە بـە پێـی سـاڵەکانی مـاوەی لێکۆڵینـەوە.

**بەشی سێیەم:**

بریتییـە لـە تایبەتمەندییـەکانی گەشـەکردن و زیادبـوونی دانیشـتوانی کـە (٤٢) سـاڵ دەگرێتـەوە، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢)، تیایـدا (٥) بـاس لـە خۆدەگرێـت، کـە گەشـەی سروشـتی و دانیشـتوان و زیادبـوونی ڕێـژەی سـاڵانە و قۆناغـەکانی گەشـەکردن و کۆچکـردن لـەو نێوەنـدەدا پاشـان لـە دایکبـوون و مـردن بەپێـی سـاڵەکان وەك ئـەو داتـا تۆمارکراوانـەی دەسـت کەوتووە، هـاوکات گەشـەی ناسروشـتی لـە سـیاقە مێژوویەکـەدا، هـۆکارەکانی ڕاگواسـتن بـەرەو شـاری کـەلار و تیایـدا چەنـدیـن خشـتە خراونەتـەڕوو شـیکارییان بـۆ کـراوە، هەروەهـا پێشـبینی دانیشـتوان تاوەکـو (٢٠٤٥) و خسـتنەڕووی پـلان لەگـەڵ ئـەو زیادبوونـەی دانیشـتواندا.

قۆناغەکانی گەشەکردنی دانیشتوان:

- قۆناغی یەکەم (١٩٧٧-١٩٨٧)
- قۆناغی دووهەم (١٩٨٧-٢٠٠٢)
- قۆناغی سێهەم (٢٠٠٢-٢٠١٢)

**بەشی چوارەم:**

تیاییـدا دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە شـاری کـەلار بەپێـی گەڕەکـەکان خراوەتـە ڕوو (٦) بـاس دەگرێتەخـۆ، کـە پێکهاتـووە لـە چـڕی دانیشـتوان لـە مـاوەی لێکۆڵینـەوەدا و تەنانـەت چـڕی گـەڕەك و تاکـە کـەس شرۆڤەیـان بـۆ کـراوە، کـەلار و سـەرژمێرییە گشـتییەکان، پێکهاتـەکانی دانیشـتوان لـە ڕووی ڕەگـەز و تەمـەن و نەتـەوە و ئاینییـەوە، هەروەهـا دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە گەڕەکەکانـدا و هەنـدێ داتـا و نەخشـە و شـێوە و خشـتە خراوەتـەڕوو و دواتـر شـیکردنەوەیان بـۆ کـراوە، هەروەهـا گۆڕینـی دیمۆگـرافی و زیادبـوونی ژمـارەی نەتـەوەی عـەرەب لـە شـارەکەدا دوای ڕووخـانی دەسـەڵاتی ناوەنـد و هـۆکارەکانی نیشـتەجێبوونیان لـەم شـارەدا، سـاڵ بـە سـاڵ خراوەتـەڕوو.

**بەشی پێنجەم:**

لـەم بەشـەدا ڕەهەنـدەکانی ڕاگواسـتن و فاکتـەرەکانی دیمۆگـرافی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و سیاسـی و کارگێـڕی و خزمەتگـوزاری خراوەتـەڕوو، کـە تیایـدا (٦) بـاس دەردەکەوێـت و کـە چەنـد لقێـکی لـە خـۆ گرتـووە، بەڵگـە نەویسـتە کـە ئـەو فاکتەرانـە و بـە تایبـەتی فاکتـەری سیاسـی ڕۆڵـی کاریگەرییـان هەیـە لـە درووسـتبوون و گەشـەکردن و زیادبـوونی دانیشـتوانی کـەلار، دواتریـش فاکتـەری کارگێـڕی و ئابـووری و کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بـازرگانی و گەشـتوگوزار، هەریەکـە و ڕۆڵـی بەرچاویـان هەیـە لـە گردبوونـەوەی دانیشـتوان و ڕاکێشـانی خەڵـك بـۆ ئـەم شـارە، هـاوکات خزمەتگـوزاری پـەروەردە و فێرکـردن و خوێنـدنی بـاڵا و تەندروسـتی بـە پێـی زیادبـوونی ژمـارەی خوێنـدکار و مامۆسـتا و فەرمانبەر بـەراوردکاری کراوە، دواجاریـش ڕاسـپاردە و دەرئەنجـام و سـەرچاوەکان و پاشـکۆکان و ئاماژەکـردن بەسـەرچاوە کـوردی و عـەرەبی و فـارسی .. هتـد و چاوپێکەوتنـەکان و پوختەیـەکی لێکۆڵینـەوە بـە زمـانی عـەرەبی، هەنـدێ خشـتە و نەخشـە و دۆکیۆمێنـت و وێنـە، ئەمانـەش دوای کۆکردنـەوە و زانیـاری لـە دامـودەزگا پەیوەندیـدارەکان، هـاوکاری هەنـدێ مامۆسـتای دڵسـۆز، کـە بە ئاسـانی نەهاتونەتـە دەسـت، وێـڕای سـوپاسی زۆرم بـۆ ئـەو بەڕێزانـەی کـە هاوکاریـان کـردم، بێگومـان هـەوڵ و ماندووبوونیـان و شـوێن پەنجەیـان لـەم کتێبـەدا دیـارە، نموونەیان زۆربێـت، خوازیارم ئامانجـم بەدەسـت هێنابێـت و خزمەتێـکی زۆر بچـووکی شـارەکەم کردبێـت بەدڵنیاییـەوە ئەمـە دوا هـەوڵ و کارم نابێـت، بـە هـاوکاری دڵسـۆزان بەرهەمـی تریـش بەدواوەیە، ئـەم لێکۆڵینەوە بـێ کەموکـوڕی نییـە، بەخسـتنەڕووی ڕەخنـە و کەموکوڕییـەکان ئاسـودە و بەختـەوەر دەبـم، چـاوەڕوانی ڕەخنـە و سـەرنجتانم.

# زاراوەی کەلار

کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز لەمەڕ زاراوەی کەلار هەیە، کە بنەڕەتی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك خەسڵەت و ڕوخسار کە بۆتە شوناس و ناسنامە کە ناوچەکەی پێوە بەناوبانگ بووە، لێرەدا زیاتر ئەو ناوانە خراونەتەڕوو کە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەلایەن نوسەر و ڕۆژنامەنووسانەوە توێژینەوە و شرۆڤەی بۆ کراوە، هەرچەندە لەزاری خەڵکی هۆشیار و کەسایەتی دیار و پیاوی بە تەمەنی ناوچەکە و دەما و دەم هەندێك ناو هاتووە کە گوزارشت لەو ڕاستیانە دەکەن، یان بۆچوونەکانیان لە ڕاستییەوە نزیکن، هاوکات ڕای پێچەوانەش خراوەتە ڕوو تەنانەت زۆرێك لە شیعری شاعیران و بەیت و بالۆرەی فۆلکلۆریدا، ئەو چەمکانە بەکار هێنراون و ڕەنگی داوەتەوە:

١- بنەچەی کەلار لە (کەلا-ڕێ)ـەوە هاتووە، کە مانای گوندێکی دابڕاو و دوورە لە ڕێگەی سەرەکییەوە، ئەم ڕێگایەی کە ئێستا هەیە کاتی خۆی نەبووە، چونکە پێشتر ئەم گوندە ڕێگەی سەرەکی تیادا نەبووە، هەموو پەیوەندییەکی لە ڕێگەی خۆڵەوە بووە کە دەیبەستێت بە جەلەولا و ناوەندی قەزای کفرییەوە.

٢- کەلار لە (کەڵ-یار)ەوە هاتووە، واتە نیشتیمانی ئاسك، چونکە تاکو ئێستا ئاسك لە ناوچەکەدا دەژی، ناوچەکە شانازی پێوە دەکات، ئەم ڕایەش نزیکە لە ڕاستییەوە چونکە بەناوبانگ بووە بە لانەی ئاسك و بزنە کێوی و کەڵە کێوی بە ئێستاشەوە.

٣- بنەچەی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (کەڵات) کە ماناکەی قەڵا و قوللەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ قەڵای شێروانە کە نزیکە لێیەوە، مانای وشەی کەلار لە زمانی عەرەبیدا دەچێتە سەر وشەی (الخربة) بە واتای کەلاوە (وێرانە) دێت کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاولبوون و وێرانبوونی ئەم ناوچەیە چەند جارێك لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، کەواتە دەردەکەوێت کە پێشتر ئەم دێیە هەبووە و ڕووخاوە و دواتر لەسەر دەستی عەشیرەتی جاف نۆژەنیان کردۆتەوە[1] لە کتێبی (عێراق شیمالي)دا هەمان دەستەواژە پشت ڕاست کراوەتەوە .

٤- ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێ: ئەو بنەماڵەیەی کە کەلاریان ئاوەدان کردووەتەوە، لە عەشیرەتی گێژن و لە کوردستانی ئێرانەوە کۆچیان کردوە بۆ گەرمیان، بە تایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەری کرماشان، تاوەکو ئێستا بە شێوەی زاری کەڵهوڕی ئاخاوتن دەکەن

١- جمال بابان، اصول اسماء المدن و المواقع العراقية، الجزء الاول، المطبعة الاجيال، بغداد ١٩٨٧، ص٢٥٦

و سـەدان سـاڵە تێکەڵـی خێڵـەکانی گەرمیـان بـوون، ئـەم بنەماڵەیـە لـە زێـدی ڕەسـەنیاندا نیشـتەجێی گونـدی (کـەلار دەشـت) بـوون، یـان لێـوەی نزیکبـوون بۆیـە ئـەم ناوەیـان بەسـەردا بڕیـووە، وەك شـانازییەك یـان خۆشەویسـتییەك بـۆ زێـدی پێشـوویان، ئـەم ڕایـەی دواییـان لـە ڕاسـتیەوە نزیکـە، چونکـە ئـەو بنەماڵەیـەی ئاوەدانیـان کردۆتـەوە کەواتـا هـەر ئەوانیـش نـاوی لێدەنێـن، گوندێکیـش هەیـە بەنـاوی (کـەلار)ە لـە دەوروبـەری کرماشـان، کـە زێـدی پێشـووی ئـەو بنەماڵەیەبـووە [1].

٥- کـەلار چەنـد شیشـە توتنێـکی زۆرە کـە وەك خەرمـان لەسـەر یـەك دادەنرێـت، نـاوی دێیەکـە لـە ناوچـەی کفـری[2].

٦- هەروەهـا کـەلار هەندێـك دەیبەنـەوە بـۆ ئـەو گونـدەی کـە لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان هەبـووە، کاتێـك عەشـیرەتی گێـژ هاتوونەتـە ناوچەکـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هاتـوون، لـەوێ ئـەو گونـدەی تێیـدا ژیـاون نـاوی کـەلارە یـان کـەلار بـووە شـوێنە نوێیەکەشـیان بـەو نـاوە ناونـاوە، ئـەو مێـژووەش بـۆ ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٩ دەگەڕێتـەوە هەرچەنـدە هـاوکاتی ئـەو سـەردەمە مێژووییـە گوندێـك لەنزیـك قۆرەتـوو بـە نـاوی کـەلارە هەبـووە کـە ئێسـتا بـە گونـدی ئیـدارە یـان چیـا سـورخ دەناسرێـت بـەڵام قـەزای کـەلار ناوچەکـە بەگشـتی لـە ڕووی مێژووییـەوە بـوونی ژیـان و ژیـاری تێـدا بەپێـی ئـەو شـوێنەوارانەی دۆزراونەتـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی سـێیەمی پێـش زایـن و سـەردەمی دەسـەڵاتی کاشـییەکان[3].

٧- هیـچ لێچوونێـکی ئەوتـۆی مێژوویـی هاوبـەش لەنێـوان هـەر دوو کـەلاردا نەبـووە، جگـە لـەوەی نـاوی کـەلار لـە (گرد یـان تەپـە)وە وەرگیـراوە پێدەچێـت نـاوی (کـەلار) ی گەرمیانیش لـە گـردی شـێروانەوە، وەك شـوێنەوارێکی دێرینـی ئـەو ناوچەیـە وەرگیرابـێ، کـە بـە پێـی دەرئەنجامـی بەدواداچوونەکـەم، دەرکـەوت هـۆزی گێژیـش، کـە کـەلاری گەرمیانیـان ئـاوەدان کردووەتـەوە، لـە کـەلار (کـەلار دەشـت)ی ئێرانـدا بوونیـان نییـە[4] ئەمـەش پێچەوانـەی خاڵـی چـوارەم و شەشـەمە.

---

١- دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل٣٨

٢- شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزم سێ یەم، ازار، ١٣، چاپ اول، ل١٣٧

٣- م کریم ئەحمەد عەزیز، کەشکۆڵی مێژوو، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢ ل٥٩

٤- برهـان محمـد فـرج، ڕۆژنامـەی چاودێـر، کـەلار باشـووری کوردسـتان و کـەلار دەشـتی ئێـران ل بەراوردێکـدا، ژ ٥٢٥، ٢٠١٥/٧/٢٧

# چیتر لەسەر ناوی کەلار دەووترێ

هــەژار موکریــانی لــە لاپــەڕەی (٦٦٢)ی هەنبانــە بۆرینــە وا باســی وشــەی کــەلار دەکات:
کەلار : لەسەر یەك، دانراوی بڵندەوە بووگ، خاپوور، ناوچەیەکە لە کوردستان.
کەلارە : دەفری لەڕیخی وشکەوەکراو بۆ پشکەڵ تێکردن.
کەلارێ : خاپور، وێران.

لــە لوغەتنامــەی (دهنــدا) چەنــد جارێــك نــاوی کــەلار هاتــووە بــەم شــێوەیە، بــەڵام لــە هیــچ کامیانــدا مانــای وشــەکەی لێــك نەداوەتــەوە :
کەلار : بەمانای قاز و بۆق (قورباغە) هێناوێتی.
کەلار : گوندێکی شاخاوییە لە ناوچەی سنجیدی شاری هەروئاباد.
کەلار : کۆمەڵگەیەکە لەخۆراسان.
کــەلار : شــارێك بــووە لــە کوێســتانەکانی تەبەرســتان هەڵکەوتــە لەنێــوان هــەر ســێ شــاری ئامــول و رەی و مازنــدەران.
کەلار : گوندێکە کە فەرسەخ و نیوێك لە باشووری پیرشاردایە.
کەلار ئاباد : یەکێکە لە گوندەکانی شاری شەهسوار.
کەلار دەشت : ناوی یەکێك لە ناحیەکانی شاری نەوشەهرە.
کەلار دەشت : ناوی گوندێکی ناحیەی کەلار دەشتی شاری نەوشەهرە[١].

١- مستەفا سەعید، یادی کەلار، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی بە قەزابوونی کەلار ژ (٠- ١)، ٢٨ شوباتی ٢٠١٧.

# كەلار لە ڕوانگەی بەڵگە شوێنەوارییەكانەوە

بـە پشتبەسـتن بـە بەڵگـە شـوێنەوارییەكان، بەشـێوەیەكی پوخـت بـاس لـە مێـژووی كـۆنی كەلار دەكەیـن، مێـژووی ئـەم ناوچەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمە كۆنـەكان (العصـور القديمـة) ژمارەیـەك گـرد و شـوێنەواری تیـادا بڵاوبۆتـەوە، مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـامەڕا و حلـف و ئەریـدۆ و سـەردەمی كۆیلـەكان و سـەردەمی ئاشـووری و پێـش ئیسـلام و سـەردەمی ئیسـلامیش (عـصر سـامرا و حلـف و اريـدو و عـصر العبيـد و عـصر الاشـوري و قبيـل الاسلام و العـصر الاسلامي) لـە دێـر زەمانـەوە ئاوەدانی و ژیانی تێـدا هەبـووە [1]، كـەلار ئەگەرچـی بەڕواڵـەت شـارێكی نوێیـە، بـەڵام پاشـماوە كۆنـەكانی ئـەوە دەسـەلمێنن شـارێكی كـۆن بـووە، گـەر ئاوڕێـك لـە گـردە گڵینەكـەی شـێروانە بدەینـەوە دەبینیـن لـە كۆنـدا چـۆن ئـەم گـردە بـە تورەكـە ڕێـژ درووسـتكراوە ئەویـش ئەگـەر دەوروبـەری ئـاوەدان نەبـوو بێـت، ئـەو هەمـوو خەڵكـە لـە كوێـوە هێـنراون؟ یـان بـە چـی مەبەسـتێك لـەم شـوێنەدا ئـەو گـردە درووسـتكراوە[2]، نموونەیـەكی تـری ئـاوەدانی ئـەم ناوچەیـە جۆگـەی گاورەكەیـە كـە پرۆژەیـەكی ئاودێـری سـەر داپۆشراوە ئاوی لـە ڕووباری سیروانەوە هەڵگرتـووە، بۆ زەوییە كشـتوكاڵییەكانی شـێروانە و دەرەوەی كەلاریـش درێژییەكـەی چەنـد كیلـۆ مەترێكـە، بـە ئاراسـتەی باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوا دەگاتـە گونـدی بانئاسـیاو و قسـەش هەیـە كـە گەیشـتۆتە كۆكـس، تەمـەنی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەوتەمـی زاینـی سـەردەمی ساسـانییەكان، درێژییەكـەی چەنـد كیلـۆ مەترێكـە تـا دەگاتـە زەوییـەكان زۆربـەی جۆگەكـە خانـووی لەسـەر درووسـت كـراوە، كـە تـا ئێسـتا ئاسـەوارەكەی مـاوە لـە چەندیـن شـوێن بـەدی دەكرێـت، زیاتـر لـە (٦٠) مەترێـكی بـە بـێ تێكچـون وەك خـۆی ماوەتـەوە، وێـڕای ئـەوەی لـە نـاو خـڕی گـەورەی پوڵنگـە دایـە كـە ئـاوی كاتی زۆری پێـدا تێپـەڕ دەبێـت، بـە ئێستایشـەوە كەمـتر لـە نیوەی مـاوە، پانییەكـەی (٣) مەتـرە بـە شـێوە تونێـڵ درووسـت كـراوە، لـە نـاوەوە بەرزییەكـەی (١٨٥) سم و بـە گا بـەردی گـەورە و درێـژ و ڕێـك درووسـت كـراوە، ڕەنگـە هەڵگرتنـی زۆرێـك لـەو بەردانـە لـە توانـای مرۆڤـی ئـەم سـەردەمەدا نەبێـت، شـێوەی لوولەییـە بـە ئاسانی مرۆڤ دەتوانێـت بـە ناویـدا هاتـوو چـۆ بـكات[3] بـەم شـێوەیە لـە سـەر ئـەم جۆگەیـە نـووسراوە،

١- وزاره الحكم المحلي، دليل الأداري للجمهورية العراقية، الجزء الاول، ( ١٩٨٩- ١٩٩٠ )، ص٢٢٧-٢٢٩

٢- ساڵەح هەلاج، چەردەیەك لە مێژووی ناوچەی گەرمیان، چاپخانەی گەنج، بەرگی یەکەم، ٢٠١١، ل١١

٣-رزگار حاجی حەمید، كەلار فریای جۆگەی گاورەكە كەون، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ٧٥٠٤، ل١٠، ٢٠١٨/٢/٢٨

گەلێـك پاشـماوەی ئاودێریـمان بـۆ بـە جێـماوە لـە سـەردەمەكانی (پـرسی) و ساسـانییەكاندا لـە ناوچـەكانی (حەویجـە، كفـری، كـەلار، دوزخورماتـوو) كـە بەڵگـەن بـۆ بـوونی ڕێبـازی ئاودێـری ڕێـك و پێـك[1] بەكاریـان هێنـاوە بـۆ ئاودێـری زەوی كشـتوكاڵی و پاراسـتنی لـە لافـاو و هەڵسـانی ئـاو، وەك لـە هـەردوو وێنـەی ژمـارە (٢،١)دا هاتـووە:

وێنەی ژمارە (١)

دیوی ناوەوەی جۆگەی گاورەكە



سەرچاوە :- كاری توێژەر سەردان مەیدان ٢٠١١/٥/٨

---

١- سـمكۆ بهـرۆز محمـد، گۆڕانـە ئابورییـەكانی كەركوك لـە ڕوانگـەی سـەردەمە مێژوویەكانـەوە، دەزگای چـاپ و پەخـشی حەمـدی، ٢٠٠٩، ل٤٠

وێنەی ژمارە (٢)

دیوی دەرەوەی جۆگەی گاورەکە



سەرچاوە :- کــاری توێژەر سەردانی مەیدان ٢٠١١/٥/٨

جگـە لـە چەندیـن شـوێنەواریتری وەکـو (قـەڵای پاشـا و گردەگۆزینـە و ئاشـەکۆنەکان ) لـەم سـاڵانەی دوایـدا شـوێنەواری شـارێکی کـۆن لـە نزیـك گـۆڕسـتانی (شـێخ عەبدولڕەحـمان) دۆزرایـەوە بەرامبـەر قـەڵای شـێروانە، بـەڵام وەك پێویسـت کنـە و پشـکنینی بـۆ نەکـراوە، سـەرەڕای ئـەو لـق و جۆگانـەی بـۆ نـاو گونـدی (گـردە گۆزینـە) بـە قوڵایـی چەنـد مەتـر لـە ژێـرەوەی زەوییـەوە ڕاکێـشراوە، وە ئـەو پـردە کۆنـەی لـە سـەرووی پردەکـەی ئێسـتای (گـردە گۆزینـە) کـە بـۆ هاتوچـۆی ئەمبـەر و ئەوبـەری ڕووبـاری سـیروان درووسـتکرا بـوو، بەڵگەیـەکی تـر ئـەو مـۆرەی لـەم سـاڵانە دوایـدا لـە گـەڕەکی (کـەلاری کـۆن) دۆزراوەتـەوە، کـە سـەر دەمەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی (٣٠٠٠) سـێ هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا، مۆرێـکی سـەردەمی ساسـانییەکانە ئـەم مـۆرەش لای مۆزەخانـەی سـلێمانی پارێـزراوە، ئـەم مـۆرە لای کاك (حەمـە سـاڵەح حەمـە فـرج)ی زەڕەنگـەر بـوو، کراوەتـە دیـاری مۆزەخانەکـە، بڕوانـە وێنـەی ژمـارە (٣):

وێنەی ژمارە (٣)

مۆرێکی سەردەمی ساسانییەکانە لە کەلار دۆزراوەتەوە



سەرچاوە: ساڵح حاجی حەمە فەرەج (کەلەپوور)

ئاماژە بـە چەندیـن قۆناغـی جیاوازی ژیـانی مـرۆڤ لـە ناوچەکـە لـە چاخـەکانی هـەزارەی شەشـەمی پێـش زایینـەوە تاوەکـو سـەدەکانی حەڤـدە و هەژدەیەمـی زایینـی، کۆنتریـن مێـژووی دەرکەوتنـی بـوونی ژیـانی مـرۆڤ لـە ناوچەکـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی شەشـەمی پێـش زاییـن، دیـارە دەگونجـێ کۆنـتر لـەم مێـژووەش مـرۆڤ لـەم ناوچەیـەدا ژیابـێ، بـەڵام ئێمـە پشـتمان بـە بەڵگـە زانسـتییەکان بەسـتووە کـە ئەوانیـش بەڵگـە شـوێنەوارییەکانە، بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری گەرمیـان لـە سـاڵی (٢٠١٢)دا دوای دوو وەرز کاری کنـە و پشـکنین لـە (گـردی ڕەحیـم) لـە ناحیـەی ڕزگاری چەندیـن پاشـماوەی شـوێنەواری دۆزییـەوە وەکـو گڵێنـەی جۆراوجـۆر و بیناسـازی تایبـەت بـە چاخـی (حەلـەف) جگـە لـە گرنگـی دەرکەوتنـی بیناسـازی تایبـەت بـە چاخـی (حەلـەف)، هەروەهـا چەندیـن شـێواز لـە نەخشـی ڕەنگاوڕەنـگ لەسـەر گـۆڕەکان دۆزراونەتـەوە، لـە گرنگتریـن ئـەو نەخشـانەش وێنـەی چەنـد

مرۆڤێکـە لەسـەر پارچـە گۆزەیـەك کێشراوەتـەوە، مرۆڤـەکان زیاتـر لـە ئافـرەت دەچـن، وێنەکـە دیمـەنی هەڵپەڕکـێ نیشـان دەدات ئەمـەش دۆزینەوەیـەکی گرنگـە سـەبارەت بـە هەڵپەڕکێـی کـوردی، هەروەهـا دەرکەوتنـی چەنـد گۆڕێـك لـە گـەڕەکی بەردەسووری خـواروو کـە چەنـد جۆرێـك لـە گڵێنـە و کانـزا و مـووروی تێـدا دۆزراوەتـەوە کـە مێژووەکانیـان بـۆ چاخـی (جمـد النـصر ٣٠٠٠- ٢٨٠٠) سـاڵ پێـش زاییـن دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش قۆناغێـکی گرنگی مێـژوو دەردەخـات لـە ڕووی ئاسـتی پێشـکەوتن لـە بـواری پیشـە دەسـتییەکان و تێڕوانینـی مـرۆڤ لـە ژیـان و مـردن، قۆناغێـکی تـری مێژوویـی لـە گـردی شـێروانەوە دەسـتپێدەکات ئەمـەش کنـە و پشـکنینی سـاڵی (١٩٨٨) دەریخسـت کـە چەنـد چینێـکی مێژوویـی هەیـە وەك لـە چینـەکانی خـوارەوە شـوورایەکی بەهێـز دەردەکەوێـت لەگـەڵ چەندیـن بەڵگـەی تـری شـوێنەواری کـە مێژووەکانیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ مـاوەی نێـوان سـەدەکانی (١٨٠٠- ١٦٠٠) پێـش زاییـن، ئەمـەو دەرکەوتنـی گۆڕێـك لەسـاڵی (٢٠١٢) کـە چەندیـن گـۆزە و کانـزای لەگـەڵ دۆزرایـەوە، مێژووەکانیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی مێـژووی ئـەو شـورایە، قۆناغێـکی تـر لـە مێـژووی ناوچەکـە دۆزینـەوەی ئـەو پاشـماوە شـوێنەوارییانە بـوو کـە لـە نموونەیـەکی بچـووکی گردەکـەی ژێـر بـازاڕی سـەنتەری شـار دۆزرانـەوە، پاشـماوەکانیش خـۆی لـە چەندیـن جـۆر گڵێنـەو بـەرد و گـۆڕ دەبینییـەوە کـە مێژووەکانیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ مـاوەی نێـوان سـەدەکانی (١٦٠٠- ١٤٠٠) پێـش زاییـن، هەروەهـا لـە گونـدی ( بەرلـووت ) لـە یـەك شـوێنەواردا و لـە دوو کاتی جیـاوازدا دوو گـۆڕی ژن و پیاوێـك دۆزرانـەوە، مـردووەکان لـە تابوتی گڵێنـەی شـێوە هێلکەیـی نێژرابـوون لەگـەڵ چەندیـن پاشـماوەی وەك کانـزا و مـوورو و مـۆری بەردیـن، کانـزاکان بریتـی بـوون لـە جـێ ئاوێنـە و کلـدانی ئافرەتـان، هەرچـی مۆرەکانیشـە لـە بـەرد درووسـتکراون و چەنـد جۆرێـك لـە نەخشـی ئەندازەیـی و ئاژەڵیـان لەسـەر هەڵکۆڵـراوە، مێـژووی ئـەم گۆڕانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٣٨ پ.ز ، ٢٢٨ ز)، لەلایەکیـترەوە لـە سـاڵی (٢٠١٥)دا لـە گـردی شـێروانە گۆڕێکـی تـری هاوشـێوە دەرکـەوت، کـە چەنـد پارچـە زێڕێـکی شـێوە سـینەبەندی لەگـەڵ نێژرابـوو، مێژووەکەشـی هاوسـەردەمە لەگـەڵ دوو گۆڕەکـەی گونـدی بەرلـووت، لـە هەمـان گـرد و لـە سـاڵی (١٩٨٨) لـە چینـەکانی ناوەنـد چەندیـن پاشـماوەی شـوێنەواری دۆزرایـەوە لـە نموونـەی گـۆزە و کانـزا و دراو و بیناسـازی کـە مێژووەکانیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەکانی نێـوان (٧-٤) پێـش زاییـن، سـەبارەت بـە سـەدەکانی (٧- ١٠) زایینـی، بەڵگـەی گرنگـی شـوێنەواری دۆزراونەتـەوە گرنگترینیـان ئـەو پاشـماوانەیە لـە چینـەکانی سـەرەوەی گـردی شـێروانە دۆزراوەتـەوە، لەسـەدەکانی (١٠- ١٥) زایینـی

بەڵگـە شـوێنەوارییەکان زۆر کەمـن، بـەڵام لێـرەوە کۆمەڵـێ بینـای شـوێنەواری کەلەپـووری دەبینرێـت لـە کـەلار و دەوروبـەری، کۆنترینیـان قوللـەکانی نێـوان (کـەلار- دەربەندیخـان) ــە، ئـەم قوللانـە پێکهاتـوون لـەدوو نهـۆم، شـێوەیەکی لوولەییـان هەیـە بـۆ چاودێریکـردنی بەشـێك لـە سـنووری نێـوان (عوسـمانی- سـەفەوی) لەسـەر ڕووبـاری سـیروان درووسـتکراوە، ژمارەیـان زۆرە و لـە گونـدی بەردەسـووری خـوارووەوە دەسـتپێدەکات بـە نـاوەکانی (قوللـە برنجـی، ڕازیانـە، وەلی خنـکاو، مـەلا، قوللـە سـوتاو، سـەید مەحمـود، نحتیـات، جنـە، قـاپ شـکێنە، لـەواوان، بـانی خـان، ڕێویلـە) مێژووەکانیـان بـە تـەواوی ڕوون نییـە، بـەڵام لـە دواییـن نۆژەنکردنــەوە دراوێــکی عوســمانی ســەردەمی (ســوڵتان عەبدولحەمیــدی یەکــەم ١٢٥٥ ك، ١٨٣٩ ز) دۆزرایـەوە، ئەمـەش ئاماژەیەکـە بـۆ ئـەوەی کـە مێژووەکانیـان لـەو دراوە کۆنـتـرن، هەروەهـا بینـای باجگـەی پەیکوولی هەیـە کـە تـا ڕادەیـەك نزیکـە لـە دوایـین قوللـە (قوللـە ڕێویلـە) و پێدەچێـت مێژووەکـەی بگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان سـەردەم، لـە گونـدی (تـازەدێ) و لـە کەنـاری ڕووبـاری سـیروان، کۆشـکێکی ڕێـك ئەنـدازە دەبینرێـت، کۆشـکەکە بریتیـە لـە سـێ بەشـی سـەرەکی، پێکهاتـووە لـە دوو نهـۆم و بەشـی خزمەتگوزاریـش دەکەوێتـە بەرامبەرییـەوە ئـەم دوو بەشـە بەپێـی دوایـن لێکۆڵینـەوە دەردەکەوێـت لەسـەر دەسـتی (مەحمـود پاشـای کـوڕی محەمـەد پاشـای جاف)ـــەوە درووسـتکراوە لـە نێـوان سـاڵەکانی (١٨٧٤ – ١٨٨٢) هەرچـی بەشـەکەی تریشـە پێشـتر لەلایـەن حەمـە پاشـای باوکییـەوە درووسـتکراوە[1]، قـەڵای شـێروانە و هـەردوو گـردە گڵینەکـەی ژێـرەوەی، هـەر وەك کـەلار و دەورووبـەری، لـە ڕووی کۆنەنـاسی و لێکۆڵینـەوەی مێژووییـەوە، هەمیشـە کەنارێـکی پشـتگوێخراو بـوون، لەکاتێکدا کە ناوچەکـە بـە گشـتی لـەم ڕووەوە شـایانی لالێکردنـەوەی زیاتـرە، چونکـە وەك دەردەکەوێـت، دەوڵەمەنــدە بەشــوێنەواری دێرینــی ســەردەمە جیــاوازەکانی مێــژوو، لــە کنــەو پشــکنینە سـەرەتاییەکانی سـاڵی (١٩٨٨)دا دەرکەوتـووە، هـەردوو گـردی ژێر قەڵای شـێروانە شـوێنەوارین و شـوێنەواری چەنـد شارسـتانییەتێکی لێدەرکەوتـووە، لەوانـە چاخـی ئیسـلامی (٦٣٧-١٢٥٨ز) و سـەردەمانی ساسـانی (٢٢٤-٦٥١ز) و ئەشـکانی (٢٤٧پ.ز-٢٢٤ز) و کاشی (١٥٩٥-١١٥٧پ.ز)... هتـد. لـە بـاران باریـن و لافاوەکـەی سـاڵی (٢٠١٢)دا، لـە چینـەکانی خـوارەوەی گردەکـە، گۆڕێـك و چەنـد پاشـماوەیەکی گڵینـە و کانزایـی دەرکەوتـوون، کـە مێژووەکەیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایـی هـەزارەی دووەمـی پ.ز، لـە ئێسـتادا لێکۆڵینـەوە نوێیـەکان ئـەوە دەردەخـەن، کـە پێدەچێـت قـەڵای شـێروانە و ڕووبـاری سـیروان، کـە بەتەنیشـتیدا تێدەپەڕێـت، هەردووکیـان

١-محەمەد عەلی کەریم، یادی کەلار، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بە قەزابوونی کەلار ژ (٠-١)، ٢٨ شوباتی ٢٠١٧.

ڕەنگدانـەوەو پاشـماوەی نـاوی شـاری سیمورووم-شـیمرووم-ی دێریـن بـن، کـە لـە سـەردەمی پـاش ڕووخـانی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـوور (٢١١٢-٢٠٠٤پ.ز)دا بـووە، شانشـینێکی وا بەهێـز و توانابـوو، کـە بـاڵا دەسـتبووە بەسـەر بەشـێکی گرنگـی ناوچەکـەدا، هـەر لـە سـەرپێڵی زەهـاو تـا دەگاتـە دەوروپشـتی بێتواتـە، کۆنتریـن ئامـاژەش بـۆ سـیمورووم و قـەڵا یـا شـووراکەی، دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوروبـەری (٢٧٠٠ پ.ز)، کـە لـە سـەربوردەی کردارێـکی سـەربازیدا، کـە لـە دژی ئەنجامـدراوە، هەواڵەکـەی لـە بەندێکی سـۆمەریدا نووسراوەتـەوە لێکۆڵینـەوەکان ئەوەش دەردەخـەن، کـە سـیمرووم (هەروەهـا کارخـار) زۆرتریـن لەشکرکێشـیان لێکـراوە، چونکـە ئـەم دوو شـارە لەسـەر ڕێـگای هـەر لەشـکرێك بـوون، کـە ویسـتبێتی لـە باشـوورەوە بـڕوات بـۆ باکـوور واتـە بـۆ کوردسـتان، سـارگۆنی ئەکـەدی ( ٢٣٣٤-٢٢٧٩پ.ز ) پەلامـاری سـیمورووم-ی داوە، لـە سـەردەمی دووەم پاشـای بنەماڵـەی سـێیەمی ئووریشـەوە، کـە نـاوی (شـولگی)یە (٢٠٩٤ - ٢٠٤٧پ.ز)، ئـەم ناوچەیـە پەلامـاردراوە، هەروەهـا لـە نووسـینێکی ئـەم پادشـایەدا هاتـووە، شـەڕێکی گـەورە لەنێـوان سـیمورووم لەلایـەك و سیماشـکی و ئامووریيـەکان لەلایـەکی تـرەوە بەرپابـووە، ئامانجـی شـەڕەکە دەستبەسـەراگرتنی ناوچەکـە بـووە، تاکـوو شـەپۆلێك کۆچهێنـی ئامـووری، کـە لـە بیابانەکانـەوە هاتـوون لـەم ناوچـەدا نیشـتەجێبکرێت، بـەڵام ئیـددی (ن - سـین)ی پادشـای سـیمورووم لـە نووسـینێکیدا بـاس لـە شـکاندنی هـەردوو لا دەکات[١]، گەشـتەکەی (ئەدمۆنـس)ی ئەفسـەری ئینگلیـز و خـاوەن کتێبـی (کـورد، تـورك، عـەرەب) سـەرەتای گەشـتەکەی بـە ناوچـەی کـەلار دەسـت پێـدەکات کـە چووەتـە دیـدەنی قـەڵای شـێروانە و لـە بارەیيـەوە دەڵێـت: گـردی شـێروانە دەکەوێتـە نزیـك ڕووبارەکـە لـە دووری (٢) میـل لەباشـووری کـەلار، شـوێنەوارەکە نیشـانەیەکی دەرکەوتـووە لـە ناوچەکـەدا و نـاوی (فلیکـس جۆنـز) و (جیریکـۆف) و (ماونسـڵ)ەوە هاتـووە، گردێـکی هێلکەییـە و درێژییەکـەی لـە بنکەکەیـەوە (١٥٠ گـەزە و پانییەکـەی ١٠٠ گـەز) دەبێـت، لەسـەر گردەکـە چـاوم بـە خشـتی سـووری چوارگۆشـەی بابـلی کـەوت کـە درێـژی باڵێـکی پێیـەك دەبـوو[٢].

١- خالد مەحمود کەریم، یادی کەلار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨

٢- کەماڵ نوری مەعروف، گۆڤاری کۆچ، مێژووی ناوچەی سلێمانی لە ڕوانگەی شوێنەوارەکانییەوە، ژ ٤، بەهاری ٢٠١٧، ل ١٧٩

وێنەی ژمارە (٤)

قــەڵای شــێـروانــە



سەرچاوە :- کاری توێژەر سەردان مەیدان ٢٠١٢/٨/٥

## کەلار لە ڕووی کارگێڕییەوە

شـاری کـەلار یەکێکـە لـە شـارە گـەورە و دیـارەکانی کوردسـتان، لەسـەر ئاسـتی عێراقیشـدا بەهەمـان شێوە ناوێـکی دیـار و ناوبانگێـکی زۆر و بزاوتێـکی جۆراوجـۆری لـە کایـە جیاجیاکانـدا تیـادا بـەدی دەکرێـت، لـەڕووی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و بـازرگانی و ڕۆشـنبیرییەوە ڕۆڵـی ئەکتیـڤ و دیـاری هەبـووە لـە مێـژوودا، هـەر لـە دێـر زەمانیشـەوە ناوچەیەکی ئـاوەدان و شـوێنی نیشـتەجێ بـوون بـووە، ئـەم شـارە گـەورە و دیـارەی باشـووری کوردسـتان بناغـەی گوندێـکی زۆر کـۆنی ناوچەکەیـە و مێـژووی کـۆن و دێرینـی هەیە، مێژووی درووسـتبوونی شـاری کەلاریـش وەك ئـەو نـاوەی لێـی نـراوە بەسـتراوە بـە گونـدی کـەلارەوە، کـە تاوەکـو ئێسـتا یەکێکـە لـە گەڕەکـەکانی باکـووری ڕۆژئـاوای شـارەکە، چونکـە هـەر ئـەو گونـدە و دواتریـش شـێروانە و بنگـرد بوونـە بناغـەی دامەزرانـدنی ئـەو شـارەی ئـاوەدانی و ژیـانی تێـدا هەبـووە، کـەلار ئەگـەر چـی بەڕواڵـەت شـارێکی نوێیـە، بـەڵام پاشـماوە کۆنـەکانی ئـەوە دەسـەلمێنن شـارێکی کـۆن بـووە، لەمـەڕ مێـژووی درووسـتبوونی لەلایـەن بنەماڵەیـەکی خێوەتنشـینی سـەر بـە هـۆزی گێـژ ئـاوەدان کراوەتـەوە، کـە ئـەو بنەماڵەیـەش بنەماڵـەی (عەبـاس جەلیـل خەلیـل

کولیل)ە کە ئەمانیش کۆچەری بوون پێشتر لە دەشتی شاکەل لە زنجدا بوون، بۆ هێنانی قامیش دێن بۆ کەناری ڕووباری سیروان لە گەڕانەوەیاندا لە شوێن کەلاوەکانی کەلاردا پشوویەك دەدەن، دواتریش بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئەم شوێنە زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی تێدا نیشتەجێبن و ئاوەدانی بکەنەوە، ئەمەش بەڵگەیە کە پێشتر ئاوەدان بووە ئەگەر نا بۆ کەلاوەی تێدا هەبووە، پێشتر هەندێك بەڵگە باسکران کە جۆگەی گاورییەکە و دۆزینەوەی شارێك بەرامبەر قەڵای شێروانە و گۆڕستانی گاورییەکە نیشانەی ئەوەیە کە پێش هاتنی سوپای ئیسلام ئەم ناوچەیە ئاوەدان بووە، هەر بۆیە دەستەواژەی (گاور) ی بەسەردا سەپێنراوە، دواتریش چەند ماڵێکی پاڵانی و نەژوێنی و کەڵهوڕ وەك باپیری (عیسا و موسای پیرە و حەمید موختار) لەگەڵ ماڵی (عەلی محەمەد) کەلهوڕی باپیرەی (محەمەد ئەمین کەلاری و ئەحمەد کەلاری)[1] تەنانەت دەگێڕنەوە لای ئاشە کۆنەکان کۆمەڵێك ماڵ هەبوون (ماڵی شێخ ئەحمەد، فەرەج ئەڵماس، حاجی محەمەد ئەڵماس) ئەم ماڵانە دوای ئەوەی کە لافاوێك هاتووە زیانێکی زۆری هەبووە چ لە ئاشەکان و ماڵەکانیش، دواتر ناچار ئێرەیان بەجێهێشتووە چوونەتە قەڵای شێروانە، شوێنێکی بەرز بووە ئاو نەیگرتووە بەڵام دوای ماوەیەك گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان[2]، لێرەدا لە ڕووی کارگێڕییەوە هەندێ بەڵگە دەخەینە ڕوو، لەمەڕ ناحیەی قەڵای شێروانە و دواتریش بوونی بە قەزا و ئێستاش ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، کە چەندین نوسەر و سەرچاوەی عەرەبی و کوردی لە ساڵی بیستەکان و سییەکان و چلەکان و ...هتد و تیایدا ناویان هاتووە، لە بەرئەوەی زۆرێك لە سەرچاوەکان زیاتر لەسەر پارێزگان دواتر قەزا و ئینجا شارەدێ (ناحیە) دێت، بۆیە پێویستە لە پارێزگاوە بە دوای قەزا و دواجار بە دوای ناحیەدا بگەڕێین، سەیری ساڵنامەکانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی بکەین بۆمان دەردەکەوێت چەند گۆڕان بەسەر لیوای کەرکوکدا کراوە، چەندین جار تووشی فراوانبوون یان بچووککردنەوە یان لکاندن بووە لەگەڵ لیواکانی تردا لە دۆخە جیاکاندا، لەسەردەمی (سوڵتان سلێمان)دا چەند لیوایەك زیادکرا، بە نموونە لیوای ئەربیل، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە باس لە دابەشبوونی کارگێڕی کەرکوك دەکەین کە بەم شێوەیە:-

١- نفس كركوك / التون كوبري / ملحة

٢- كفرى / توزخورماتوو / قرطبة / قلعة شيروانة

---

١-صلاح محمدشاكەلی، کەلار لە گەردانەی مێژوودا، ئالای ئازادی، ژ٤٣٩، ٢٠٠٦

٢-چاوپێکەوتن : حوسەین شێخ حەسەن، نیسانی ٢٠١٧

٣- جمجەماڵ / اغجلر / شوان / سنگاو
٤- گیل / قادرکرم / داقوق [١]

بە پێویستم زانی ناوی قەزا و ناحیەکان وەك خۆی بڵاو بکەمەوە وەك ئەوەی لەسەرچاوە عەرەبیەکەدا هاتووە (هویة کرکوك الثقافیة و الاداریة)دا، زۆربەی کات گەرمیان لە ڕووی ئیداری وسەربازییەوە سەر بە ناوەندی کەرکوك بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر ڕووباری سیروان سنووری ڕۆژهەڵاتی عوسمانی بووە لەگەڵ ئێراندا، تا ئەمڕۆش قەڵا و قوللەی پاسەوانە عوسمانییەکان لەسەر ڕۆخی ڕۆژئاوای سیروان ئاسەواریان بەدی دەکرێن ناو بە ناو گۆڕانیش بەسەر ئەو سنوورەدا هاتووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان لە کاتی عوسمانییەکان و پێش هاتنی ئینگلیزەکان بەم شێوەیە بووە:
١- چەمچەماڵ، سیستەمێکی ئیداری تایبەتی نەبووە سەر بە قەزای بازیان بووە.
٢- قەزای گل، ناوەندەکەی لە قادرکەرەم و پاشان گواستراوەتەوە، داقوق سەر بە کەرکوك بووە.
٣- کفری پێکهاتووە لە ناحیەی شێروانە و قەرەتەپە و پێباز سەر بە کەرکوك بوون.

پاش دامەزراندنی یەکەم حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کەرکوك دانرا بە یەکێك لە (لیوا – پارێزگا)کانی عێراق پێکهاتەی ئیداری گەرمیانیش بەم شێوەیە بوو قەزاکانی ناوەندی کەرکوك و چەمچەماڵ و داقوق و کفری، قەزای کفری پێکهاتووە لە ناحیەکانی (پێباز، شێروانە، قەرەتەپە) سەر بە لیوای کەرکوك بووە[٢]، لە کاتی داگیرکاری بەریتانیادا بۆ عێراق (١٩١٤- ١٩١٨) دەستی کرد بە درووستکردنی بەڕێوەبەرایەتی (بەریتانی – هندی) بۆ ناوچەکانی میزۆپۆتامیا، لەگەڵ هێنان و دانانی و ڕاوێژکاری سیاسی ئینگلیزی لە جێگەی بەڕێوبەرە عوسمانییەکاندا، کارمەندان ئەم بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەی بەریتانیا پێکهاتبوون لە (بەریتانی و هندی) لەو کاتەدا (میزۆپۆتامیا)ش بە شێوازێکی نوێ دابەشکردەوە، کە پێکهاتبوون لە شازدە (لیوا) لیوای کەرکوك لەم یەکە ئیدارییانە پێکهاتبوون :-
١- قەزای نێوەند (مەرکەز)
٢- قەزاکانی چەمچەماڵ
٣- گل
٤- کفری
قەزای کفری پێکهاتبوو لە ناحیەکانی:-

---

١- محمد علي قرداغي، هوية كركوك الثقافية و الادارية، الطبعة الاولى، دار ئاراس لطباعة و النشر اربيل ٢٠٠٧، ل١٦١
٢- شێخ محمد شاکەلی، گەرمیان ڕابردووی نزیك و ئەمڕۆی، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ٢ چاپی پێنجەم پایزی ٢٠٠٣ ل ٢٠-٢١

(کفری، دووزخورماتوو، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە) [١]

لەسـەرچاوەیەکی تـردا کـە یەکێکـە لـەو دۆکیومێنتـە هـەرە گرنگانـەی حکومـەتی پاشـایەتی بەریتانیـای گـەورە کـە ڕاپۆرتەکـە ڕاپـۆرتی کارگێـڕی و بابـەت و ڕووداوەکانی تەنهـا سـاڵی (١٩١٩) گرتۆتەخـۆ لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئـەو کاتـەی ناوچـەی کەرکـوك و میزۆپۆتامیایـە، وەك ڕاپۆرتی ڕەسمی بـۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیـا نـووسراوە، جیـا لـە بابـەتی جۆراوجـۆری تـر، تیایـدا هاتـووە لەگـەڵ دووەم داگیرکـردنی شـاری کەرکـوك و کۆنترۆڵکـردنی ناوچەکـە، ئینگلیـز یەکەیـەکی ئیـداری تـازەی بـۆ کەرکـوك بـە نـاوی (Division) دانـا، پاشـان کـرا بـە لیـوای کەرکـوك، بەگوێـرەی دوایـن یەکـەی ئیـدارەی عوسـمانی بـۆ کەرکـوك کـە هەنـدێ گـۆڕانی تیـادا کـرا ئیدارەکـە بـەم شـێوەیە بـوو :

١-قەزای ناوەندی کەرکوك : داقوق، ئاڵتون کۆپری، شوان، مەلحە، قەرە حەسەن (لەیلان)

٢-قەزای چەمچەماڵ : لە چەمچەماڵ خۆی پێکهاتووە .

٣-قەزای کفری : کفری، دووزخورماتو، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە [٢]

لیـوای کەرکـوك لـە سـاڵی (١٩١٩) کـە دێینـە سـەر باسـکردنی قـەزا و ناحیـەکانی سـنووری ئـەم لیوایـە و ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـەم لێکۆڵینەوەیـەوە هەبێـت تیایـدا هاتووە، کە قـەزای کفری پێکهاتـووە لـە ناحیـەکانی (ناوەنـد، ناحیـەی پێبـاز، ناحیـەی قەرەتەپـە، ناحیـەی شـێروانە)[٣]، هەروەهـا لـە هەمـان سـەرچاوەدا نووسـیویەتی: ئـەم یەکـە ئیدارییـە بـەردەوام بـوو تـا کۆتایـی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم بەبـێ گـۆڕانـکاری هەرچەنـدە نووسـەر وای نووسـیوە بـەڵام تاوەکـو سـاڵی (١٩٧٥) بـەردەوام دەبێـت دواتـر گـۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت و قـەزاکانی کـەلار و چەمچەمـاڵ دەخرێنـە سـەر پارێـزگای سلێمانی و دووزخورماتـوو دەخرێتـە سـەر پارێـزگای صلاح الدیـن و کفـری دەخرێتـە سـەر پارێـزگای دیـالی بـە بڕیـار و ئـەو گۆڕانکارییانـە دەکرێـن بـۆ کـەم کردنـەوەی ڕێـژەی دانیشـتوانی کـورد لـە پارێـزگای کەرکـوك، نـاوی خـۆشی دەگـۆڕن بۆ پارێـزگای (تأمیم)، لـە دوای دەرکەوتنـی ئەنجامـەکانی جەنگـی جیهـانی یەکـەم (١٩١٤- ١٩١٨) دا پـەلی ڕاکێشـا و دوای درووسـتبوونی دەوڵـەتی عێراقـی ئێسـتا، عێـراق دابەشـکرا بـۆ (١٤) لیـوا

١- پشـکۆ حمـە تاهیـر ئاغجەلـەری، شـاری کەرکـوك، لـە نێـوان سـاڵانی ( ١٩١٧ - ١٩٢٦) چـاپ، دەزگای چـاپ و پەخـشی حەمـدی، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی ٢٠٠٧، ل٦٩.

٢- سەربەسـت کەرکـوکی وەرگێـڕانی لـە ئینگلیزیـەوە، ڕاپـۆرتی وەرگێـڕی دەڤـەری کەرکـوك، مـاوەی ١کانـوونی دووهـەم تـا ٣ی کانـوونی یەکـەم ( ١٩١٩ )، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی سـاڵی ( ٢٠٠٦، ل ٣٩ )

٣- فاتیح عبداللە شوانی، پارێزگای کەرکوك لەساڵی ( ١٩٥٧-١٩٧٧ ) چاپخانەی ڕامان، چاپی یەکەم، سلێمانی، (٢٠٠٥)، ل ٢١ .

لـە نێوانیانـدا لیـوای کەرکـوك کـە ئـەم یەکـە کارگێڕییانـەی لـە خۆگرتبـوو، قـەزاکانی (ناوەنـد و کفـری، چەمچەمـاڵ، گیـل) هـەردوو قـەزای داقـوق و دووزخورماتـوو لـە جیـاتی قـەزای گیـل دانـران[1]، کۆمەڵێـك ناحیـە کەوتۆتـە سـنووری قەڵـەم ڕەوییـەوە کـە قـەڵای (شـێروانە)ش یەکێـك بـووە لـە ناحیـەکانی سـەر بـە قـەزای کفـری، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٢) بکـە:

خشتەی ژمارە (٢)

لیوای کەرکوك بە پێی یەکە کارگێڕییە بنەڕەتییەکان

| قضاء | نـــــاحـــيـــــه |
|---|---|
| مركز اللواء | كركوك، داقوق، ئالتون كوبری، قرة حسن، شوان، الملحة |
| كفری | طوز، قرطبة، قلعة شيروانة، شبيجه |
| جمجمال | جمجمال، أغجلر |
| طيل | طيل، سنكاو |

المصـدر : د. خليـل اسـماعيل محمـد، كركـوك دراسـات في التكويـن القومـي لسـكان، مطبعـة صـلاح الديـن، الطبعـة الثانيـة، اربيـل، ٢٠٨، ص١٠

هەروەهـا نووسـەر لـە هەمـان کتێبـدا، هەنـدێ ڕاسـتی مێـژووی ئیـداری کەرکـوکی خسـتۆتەڕوو، لەسـەر گۆڕانکارییـە ئیدارییـەکان لـە سـەردەمی حوکمڕانییـە جیاوازەکانـدا، ئـەم دابەشـکردنە درێـژەی هەبـوو فراوانتریـن پرۆسـەی گـۆڕان لـە پێکهاتـەی ئیـداری عێراقـدا پارێـزگاری کەرکـوك بـووە، دواتریـش جەخـت دەکاتـەوە لـــەسەر لیـوای کەرکـوك بەپێـی یەکـە ئیدارییـە سـەرەکییەکانی کـە جگـە لــە قـەزای ناوەنـد (١) قـەزای تـری هەبـووە، لەگـەڵ (١٥) ناحیـەدا کـە تیایـدا ناحیـەی قـەڵای شـێروانە هاتـووە، ئـەم پێکهاتـە ئیدارییـە درێـژەی هەبـوو تاوەکـو زیاتـر لـە نیـو سـەدە، دواتـر گۆڕانـکاری تیادا دەکرێـت و قـەزاکانی دابـەش دەکرێـت بـە سـەر پارێـزگاکانی دەوروبەریـدا، ئامانجیـش گـۆڕانی حەقیقـەتی سیمای نەتەوەیـی دانیشـتوانەکەیەتی[1]، هەمـان خشـتەی ژمـارە (٢) پشـت ڕاسـت دەکاتـەوە، لـەم پەرتووکـەدا

١- د. خليل اسماعيل محمد، كركوك دراسات في التكوين القومي لسكان، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٨، ص١٠

(کـورد، تـورك، عـەرەب) (سیسـیل جـۆن ئیدمۆنـدس) چەندیـن جـار نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە و کـەلار هاتـووە، چوارچێـوەی سـنووری کارگێـڕی کەرکـوك چ لـەم سـەردەمە و چ لـە دوای ئـەم سـەردەمەدا، لـە پێنـاوی پێشـکەوتووترین سـەرژمێری لەمـەڕ پێکهاتـە تایفـی و نەتەوەییـەکان دانیشـتوان، ڕەنگـە سـەرەتا شـێوەی ڕێکخسـتنی کارگێـڕی ناوچەکـە زۆر گونجاو بێـت سـەرئەنجام بـە جۆرێـك فۆرمـی گـرت، هەروەهـا دابەشـکردنی کارگێـڕی کەرکـوك بـە پێـی قـەزا و ناحیـەکانی هاتـووە، لەگـەڵ ڕێکخسـتنی لـە سـاڵی (١٩٢٢) گـەر پێویسـتی بـکات دواتـر ئامـاژە بـە جیاوازییـەکان بکـەم، ناحیـەی قـەڵای شـێروانە سـەر بـە قـەزای کفرییـە لـە ڕووی ئیدارییـەوە[٢] لـە هەمـان سـەرچاوەدا چەندیـن جـار نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە هاتـووە، لـە شـوێنێکی تـردا نووسـیویەتی قـەڵای شـێروانە (١٦٠٠٠) کـەس[٣] کەواتـە لـەڕووی دانیشـتوانەوە، ژمـارەی دانیشـتوانەکەی زۆربـوون چەندیـن جـاری تـر نـاوی کـەلار و ناحیـەی قـەڵای شـێروانە هاتـووە لـەم سـەرچاوەدا، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣) بکـە:

خشتەی ژمارە (٣)

لیوای کەرکوك بە پێی یەکە کارگێڕییەکان

| قـەزا | نـــاحـیـــە |
|---|---|
| مرکز | المرکز، ئاڵتون کۆپری، قەرە حەسەن، شوان، مەلحە |
| کفری | المرکز، قرەتبە، قەڵای شیروانە، پێواز |
| چمچمال | المرکز، أغجلر، سەنگاو |
| طاووق | قادرکرم، طوزخورماتو |

سـەرچاوە: سی جـی ادمونـدز، کـرد تـرك عـرب، ترجمـە جرجیـس حسـین فتـح الله،مطبعـة شـفیق ١٩٧٢، ص٢٣٩

١- مصدر نفسه، ص ١٢٢

٢- سی، جی، ادموندز، کرد ترك عرب، ترجمە جرجیس حسین فتح الله، مطبعة شفیق، ١٩٧٢، ص ٢٣٩

٣- سی، جی، ادموندز، مصدر سابق، ص٢٥٢

لـە کتێبـی جوگرافیـای عێراقـدا جیـا لـە کۆمەڵێـك بابـەتی زۆر لەمـەڕ عێـراق لـە سـەردەمی تـازە و عەباسـییەکان و کۆنـدا لـە دابەشـکردنی کارگێـڕی لـە عێراقـدا نووسـیویەتی عێـراق پێکهاتـووە لـە (١٤) المتصرفیات و (٤٦) قـەزا و (١٣٩) ناحیـە، کاروبـاری (المتصرفیـة) لەلایـەن (متـصرف)ەوە بەڕێوەدەبرێـت، کاروبـاری (القضـاء) لەلایـەن قائیمقـام و ناحیـەش بەڕێوەبـەر بەڕێـوەی دەبـات، هەروەهـا پۆلێـن کـراوە بـۆ باکـوور و ناوەڕاسـت و باشـوور کـە لیـواکانی باکـوور پێکهاتـووە لـە (٤) لیـوا کـە دێتـە سـەر لیـوای کەرکـوك بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە :

ناوەندی لیوای کەرکوك: کەرکوك، داقوق، ئاڵتون کۆپری، قەرەحەسەن، شوان، ملحە

کفری: کفری، توز، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە، شبیجە

چەمچەماڵ: چەمچەماڵ، ئاغجەلەر

گیل: گیل، سنگاو[١]

هەروەهـا لـە جوگرافیـای کوردسـتاندا نووسـەر بـاس لـە بلـۆکی کفـری دەکات و دەڵـێ: ئـەم قەزایـە پێکهاتـووە لـە (٣) ناحیـە، یەکێـك لەوانـە ناحیـەی قـەڵای شـێروانەیە کـە (٤٢) کـم، لـە کفرییـەوە دوورە مەرکـەزی ناحیەکـە لـە نـاو قـەڵای شـێروانەدایە[٢]، بـە هەمـان شـێوە مێژوونـووسی دیـاری عێـراق و عـەرەب (عبدالـرزاق الحسـني)، لەسـەر ناحیـەی شـێروانە نووسـیویەتی مەرکـەزی ئـەم ناحیەیـە قـەڵای شـێروانەیە دەکەوێتـە دووری (٤٢) کـم لـە ڕۆژهـەڵاتی سـەنتەری قەزاکـەوە، ئەمـە قەڵایـەکی شـوێنەواری بەناوبانگـە، حکومـەت وەك مەرکـەزی ئیدارەی ناحیەکـە بـەکاری هێنـاوە، ئـەم ناحیەیـە (١٣) گونـد دەکەوێتـە سنووری کارگێڕییـەوە جیـا لەمـە نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە لـە لاپـەڕەکانی (٩٣، ٢١٧)دا لـە هەمـان سـەرچاوەدا هاتـووە[٣]، لـە سـاڵی (١٩٣٥) بنکـەی ناحیەکـە لـە قـەڵای شـێروانەوە گوێزرایـەوە بـۆ دێـی (سـەرقەڵا) لەبەرئـەوەی کەوتۆتـە ناوەڕاسـتی ناوچەکـە و ناوەنـدی ناحیەکـە دەکات، هەروەهـا ژمـارەی دانیشـتوانی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە سـاڵی (١٩٤٧)دا نزیکـەی (١٧٥٦٦) کەسـە، بـەڵام لـە سـەرژمێری نێـوان سـاڵانی (١٩٦٣-١٩٦٥)، (٢٣٧٦١) کەسـە[٤]، هەروەهـا نووسـیویەتی قـەزای کفـری لـە سـاڵانی (١٩٢٩– ١٩٦٥) بریتـی بـووە لـە ناحیـەکانی دووز،

---

١- طـه الهاشـمي، جغرافيـة العـراق ( العـراق الحديـث، العـراق في زمـن العباسـين، العـراق القديـم ) المطبعـة دارالسـلام في بغـداد، طبعـة الاولى ١٩٣٠ ص ٥٥٤

٢-جلال امین بگ، جوگرافیای کوردستان، ئۆفیستی ڕوون و مەڵبەندی کۆمپیتەری سۆران، ساڵی ١٩٩٨، ل ١٨٦ .

٣- عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثا، دار اليقظة العربية، بغداد، طبعة السابعة، ١٩٨٢ ص ٢٢٤

٤- سـمکۆ بەهـرۆز محەمـەد ( ئـەژی )، مێـژووی سـەردەمە کارگێڕیـی و بەڕێوەبەرێیـەکانی پارێـزگای کەرکوك، چاپخانەی شـەهید ئـازاد هەورامـی، ٢٠٠٥، ل١٨٠

قەرەتەپـە، قـەڵای شـێروانە، پێبـاز[١] دواتریـش بـە درێژیـی بـاسی دەکات تـا وەکـو حەفتـاکان ئیـدی لـە ڕووی کارگێڕییـەوە گـۆڕان ڕویـداوە و بـە تایبـەت لـە پارێـزگا و قـەزا و ناحیـە و گوندەکانیـش بـەڵام لـە دوای سـاڵی بیسـتەوە نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە هاتـووە، تاوەکـو سـاڵی (١٩٧٥) تەنانـەت لـە دوای ئـەوەی لـە سـاڵی حەفتا کـەلار دەبێتـە قـەزا، نـاوی ناحیـەی شـێروانە دەمێنێتـەوە، تـا ناوەڕاسـتی حەفتـاکان دواتـر دەخرێتـەوە سـەر کفـری و نـاوی ناحیـەی سـەرقەڵای لێدەنرێـت، قـەزای کفـری لـە سـاڵەکانی (١٩٢٩- ١٩٣٠) سـەر بـە لیـوای کەرکـوك بـووە، ناحیـەکانی بریتـی بـووە لـە (کفـری، دووز خورماتـوو، قـەڵای شـێروانە) لـە سـاڵی (١٩٣٦) بریتـی بـووە لـە ناحیـەکانی (دووزخورماتـوو، قەرەتەپـە، قـەڵای شـێروانە) لـە سـاڵی (١٩٤٧) بریتـی بـووە لـە (کفـری و قەرەتەپـە و شـێروانە و پێبـاز)[٢]، کـەلار لـە دەشـتێکی پـان و بەریـن دایـە و خانـووی جـوانی تێـدا درووسـتکراوە، قوتابخانەیـەکی سـەرەتایی کـوڕان و فەرمانگـەی پۆسـتە و تەلەفـۆن و (٣٠٠) خانـوو، قاوەخانەیـەکـی تێدایـە و چەنـد فرۆشـگەیەکی بـۆ فرۆشـتنی پێداویسـتییەکانی دانیشـتوانەکەی تێدایـە، وزەی کارەبـای تێدایـە ئەویـش بەهـۆی ئـەوەوە کـە بەگـزادەکانی جـاف تیایـدا نیشـتەجێن و هەریەکـەو مۆلیدەیـەك و تەلەفۆنێـکی بـۆ خـۆی دانـاوە[٣] لـە هەمـان سـەرچاوەدا و لـە شـوێنێکی تـردا نووسـیویەتی ناحیـەی قـەڵای شـێروانەش بـە نـاوی ئـەو قەڵایـەوە ناونـراوە کـە لـە ناوچەکەدایـە، لـە سـاڵی (١٩٣٥)ەوە ناوەنـدی ناحیەکـە گوێزرایـەوە بـۆ گونـدی سـەرقەڵا، لەبـەر ئـەوەش حکومـەت گونـدی سـەرقەڵای هەڵبـژاردووە چونکـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی ناوچەکـەوە، بـەڵام سـەرقەڵا خـۆی بریتییـە لـە گوندێـکی سـادە (١٠٠) ماڵێـك دەبێـت سـەر بـە عەشـیرەتی دەلـۆن، هەروەهـا لـە هەمـان سـەرچاوەدا چەنـد جارێـك نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە هاتـووە، لـە سـەرژمێری دانیشـتوان و ژمـارەی گونـدەکان و بـە پیتـی خاکەکـەی ... هتـد[٤] هەروەهـا لـە کتێبـی پارێـزگای کەرکـوك لـە نـاو پاکتـاوی ڕەگەزیدا تیاییـدا هاتـووە لـە سـاڵی (١٩٣٥)ەوە ناوەنـدی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە گوێزراوەتـەوە بـۆ گونـدی سـەرقەڵا[٥]، دواتریـش لـە زۆر شـوێندا بـاس لـە ناحیـەی قـەڵای شـێروانە و قـەزای کـەلار و تەنانـەت گونـدەکانی ئـەم سنوورەی دێ بـە دێ نووسـیوە، لەگـەڵ ڕووخانـدنی گونـدەکان و کاریگـەری ئەنفـال لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە

١- سمکۆ بەهرۆز محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٩-٣٠

٢- ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی، گۆڤاری کەرکوك ژ (٣)، ساڵی چوارەم، زستانی ٢٠٠٣، ل٢٦

٣- محمد هادي الدفتر، عبدالله حسن، العراق الشمالي، الجزء الاول، مطبعة الشفيق، بغداد، ١٩٥٥، ص٢٩٩

٤- محمد هادي دفتر و عبدالله حسن، مصدر سابق، ص٣٠٢ - ٣٠٦ .

٥- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، ساڵی ( ٢٠٠٣ )، ل ٢٣٩

و تەنانـەت ناحیـەکان و گەشـەکردنی شـاری کـەلار لـە سـەرچاوەیەکی تـردا ئەگـەر سـەرنج بدەیـن بۆمـان دەردەکەوێـت، هـەر لـە سـاڵی (١٩٢٧)ەوە تـا سـاڵی (١٩٩٧) چەندیـن جـار و تـەواوی سـەرژمێرییەکانی دانیشـتوانی عێـراق نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانەوە هاتـووە، بەپێـی پۆلێنکـردن لـە تـەواوی قۆناغـەکانی سـاڵانی ( ١٩٢٧، ١٩٤٥، ١٩٥٠، ١٩٥٥، ١٩٦٠، ١٩٦٥، ١٩٧٠) لاپـەڕەکان ( ١٥، ٣٤، ٤٣، ٥١، ٦٠، ٧١، ٨١ )[١]، لـە کتێبـی (دلیـل المملكـة الدليـل الرسـمي للعـراق لسنة ١٩٣٦) لـە بابـەتی دابەشـکردنی ئیـداری لـە دوای شـەڕی گـەورە (شـەڕی جیهـانی گـەورە) تیایـدا هاتـووە، دوای ئـەوەی بـاس لـە ڕووبـەری عێـراق و چەندیـن بابـەتی گرنگـی تـری کـردووە، لـە ڕووی ئیدارییـەوە کـە پێکهاتـووە لـە (١٤) لیـوا کـە هـەر لیوایـەك پێکهاتـووە لـە چەنـد قەزایـەك و ژمارەیـەك ناحیـە کـە ژمارەیـەك گونـد لـە خۆدەگرێـت، ئیـدارەی لیـوا لەلایـەن (متـصرف)ەوە بەڕێـوە دەبرێـت، ئیـدارەی قـەزا لەلایـەن (قائمقـام)ەوە، هەروەهـا ناحیـەش لەلایـەن بەڕێوەبـەری ناحیـەوە، گونـدەکان لەلایـەن ئەنجومەنـەوە (مختـار) کـە ئیـدارەی عێـراق پێکهاتـووە لـە (١٤) موتەصرفیـە هەروەهـا ژمـارەی قـەزاکان (٤٥) قەزایـە، وە ناحیـەکان (١٢٤) بـەڵام گونـدەکانی زۆر زۆرن، ئـەوەی مەبەسـتە تیایـدا هاتـووە کـە لیـوای کەرکـوك پێکهاتـووە لـە (٤) قـەزا، یەکێـك لـە قـەزاکان کفـرییـە کـە ناحیـەکانی (طـوز، قرەتەپـە، قلعـة شـیروان)هەروەها لەهەمـان سـەرچاوەدا لـە لاپـەڕەکانی (١٩٨، ٦٩٢) نـاوی ناحیـەی (قلعـة شـیروان) هاتـووە[٢]، قـەڵای شـێروانە لـە پێکهاتنـی یەکـەم حکومـەتی عێراقدا لـە (٢١/ ٧ / ١٩٢١) بنکـەی پۆلیـس تیـادا جێگیرکـراوە و ماوەیەکیـش ناوەنـدی ناحیـەی شـێروانە بـووە دواتـر ناوەندەکـە دەگوێزرێتـەوە بـۆ گونـدی سـەرقەڵا، لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا ناحیـەی (شـێروانە) هاتەکایـەوە هەمـوو گونـدەکانی ناحیـەی کفـری لـە خۆگرتـووە و ناوەندەکەیـشی لـە قـەڵای شـێروانە بـوو، لەڕاسـتیدا مێـژووی هێنانـە کایـەی ئـەم ناحیەیـە بـە تـەواوی ڕوون نییـە بـەڵام لـە ڕاپۆرتەکـەی ئەدمۆنـدزدا، کـە لـە (١٩٢٩/٦/١٤) نووسـیویەتی بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە پێـش سـەرژمێری سـاڵی ١٩٢٨ بـووە[٣] هەروەهـا (شـاکەلی) لـە کتێبەکەیـدا، بـاسی دابونەریـت و فەرهەنگـی کـوردەواری لـە نـاو دانیشـتوانی ئـەم شـارەدێیە دەکات و کـە ڕەگ و ڕیشـەی داکوتـا بـوو، نووسـیویەتی کـەلار ئـەو کاتـە پـاش قـەزای کفـری

١- دکتـۆر عەبدوڵـڵا غەفـور، کوردسـتان دابـەشی ترێتـۆری کارگێـڕی، ١٩٢٧-١٩٩٧ چاپخانـەی ئۆفیسـتی دێـکان، چاپـی دووەم، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٥-٨١

٢- دليـل المملكـة الدليـل الرسمي للعـراق لسـنة ١٩٣٦، موسـوعة سـنوية، ادارية اجتماعيـة اقتصاديـة تجارية زراعيـة مصورة، صاحـب الامتيـاز، الياهـود نسكور، رئيـس التحريـر، محمـود فهمـي درويـش، مكتبەالحضـارات، بيـروت، لبنـان. ص٥٣

٣- سهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تاساڵی ١٩٥٨، چ١، چاپخانەی یاد، ٢٠١٣، ل٩٤

وەك ناوەندێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی ناوچەکە بوو، لە شێوەزار و ئاخاوتنی کەلارییەکان لە شێوەزاری ئاخاوتنی گوندەکانی دەوروبەری جیاواز بوو، ئەمان بە شێوەزاری کوردی پاراو و نزیك شێوەزاری خەڵکی هەڵەبجە قسەیان دەکرد، ناوەندێکی ڕوناکبیری کەسانی شاعیر و ڕوناکبیر و سیاسی و هونەرمەند دەهاتنە شارەدێی کەلار (قانع، عەلائەدینی سوجادی، ڕەفیق حلمی، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، حەسەن زیرەك، حەمە حسین کێمنەیی) ئەم تێکەڵییە کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر شێوەزاری دانیشتوانی کەلار جگە لە ڕووی تر و هۆکاری تریش هەن وەك بە درێژایی زیاتر لە پەنجا ساڵ کەلار مزگەوت و حوجرە و فەقێی تێدا بووە، بوونی مەلا و فەقێ و گرنگیدانیان بە شیعر و ئەدەبی کوردی کاری کردبووە سەر شێوازی کەلارییەکان مزگەوتە کۆنەکە ساڵی (١٩٠٤) درووستکراوە و مزگەوتی گەورەی کەلاریش (١٩٠٨-١٩٠٩) لەلایەن سلێمان بەگی جافەوە درووستکراوە ئەوکاتە نیشتەجێی کەلاربووە، فەقێ مەلا و صۆفی و دەروێشی دەنگخۆش مەجلیسی مزگەوتەکەیان بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی وەك (مەحوی و نالی و احمدموختار جاف) بەدەنگی خۆش گەرم کردووە[1]، ڕیچ لە گەشتەکەیدا دەڵێ قەڵای شێروانە پایتەختی زستانەی بەگزادەکانی جاف بووە، بەگزادەکان لە ناو قەڵاکەدا نیشتەجێبوون، بەڵام دواتر بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریا و لەرزوتاوە، کە قەڵاکە لە تەنیشت ڕووباری سیروانەوە بووە، زۆنگاو و چەمی سیروان مێشوولەی هەبووە بەجێیان هێشتووە و هاتوونەتە کەلار، کە تەنها (٣) کم لە قەڵاکەوە دوورە، ئەو سەردەمانەی کە بەگزادەکانی جاف تیایدا نیشتەجێ و دەست ڕۆیشتوبوون، هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە (١٩١٤-١٩١٨) کەلار وردە وردە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، نیشتەجێبوونی دانیشتوان لەم ناوچەیەدا ڕووی لە تەنینەوە و فراوانبوون کرد، لەگەڵ ئەمانەشدا باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری ناوچەکە و شارەکەش ڕووی لە گۆڕان کردووە[2] بە تایبەتی لەو کاتەوە کە بۆ یەکەمجار قوتابخانەی سەرەتایی لەساڵی (١٩٣١) تیادا کرایەوە، ئەم قوتابخانەیە تا پۆلی شەشی سەرەتایی تیادا دەخوێنرا، ژمارەی قوتابیان بە کوڕ و کچەوە نزیکەی (١٢٠) قوتابی دەبوون لە سەرەتای پەنجاکاندا، بنکەی تەندروستی لە ساڵی (١٩٣٧) دامەزراوە بینای ئەو بنکەیە بە بەرد و

١- محمد شاکەلی، قەزای کفری، شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەسەن ١٩٢١-١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢ کەرکوك ل ١٤٠- ١٥٠

٢- احمد باوەڕ، کەلار لەمێژوودا، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١٣)، ئازاری ٢٠٠٢ ل ١٦٨

گەچ و شێلمان لە سەر شێوازی بیناسازی ئەو دەمەی بنکە تەندرووستییەکان دروستکراوە، ئەم بنکەیە دەرمان و دەرزی بە خۆڕایی دەدا بە نەخۆش، نەشتەرگەری تیادا ئەنجام نەدەدرا، بینا و بنکەی تەندروستی کەلار تا ئەمڕۆش ماوە لە جێگەی خۆیدا[1] سەرەتای دروستبوونی بنچینەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی کەلار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٣) کە جۆری بەدالەکە (ماگنێت هندڵ) بووە، بەدالەیەکی (٣٨) هێڵی تەلەفۆن و بەشی پۆست لەو فەرمانگەیەدا هەبوو، ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٠) ماڵی ڕۆشنبیری لە کەلار کرایەوە، کە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، تیایدا هەندێ جار فیلمی سینەمایی نمایش دەکرا کە زیاتر تایبەت بوو بە هۆشیاری کشتوکاڵی، چەندین بەشی گرنگی تر وەکو (وەرزش و شانۆ و مۆسیقا و گۆرانی) کە بە کەرەستە و پێداویستی باشەوە چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا، لاوان و گەنجان لەو ساڵانەدا سوودی زۆریان لەو خولانە دەبینی و بووەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵێک لاو لە کایە جیاجیاکاندا، لە ساڵی هەشتاکان ژمارەی تەلەفۆنەکانی (١٢٠) هێڵ بوو، تۆڕی ناو شار زۆر کەم و خراپ بوو دواتر لە سەردەمی بەعسدا بوو بە (١٨٠) هێڵ، گوێزرایەوە بۆ ناو بازاڕ و بینایەکی بۆ دروستکرا، لە ساڵی (٢٠٠٠) لە ژێر سایەی ئازادیدا لەبەر زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بەدالەیەکی دیجیتاڵی (١٠٠٠) هێڵی و کێبلاتی ناو شار دابین بکات، دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ زیاتر خزمەتی هاولاتیان وەزارەت توانی بەدالەیەکی دیجیتاڵ قەبارەی (٤٦٠٧) هێڵی دابین بکات[2]، هەروەها ئە م شارەدێیە لە ساڵی (١٩٥٥)دا کارەبای پێگەیشتووە.

١- شێخ محمد شاکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤

٢- (ئەمیر حاجی شەریف)، گۆڤاری شێروانە، چاوپێکەوتن، بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندن (یوسف غفور)، ژ (٥) حوزەیران ٢٠٠٥، ل٧.

# قەزای کەلار

کـەلار لـە مێـژەوە ئـاوەدان بـووە، بەڵگـەی زۆر هـەن سـەلمێنەری ئـەم ڕاسـتییەن پێشـتر کۆمەڵێـك بەڵگـەی زۆرمـان خسـتەڕوو لەمـەڕ مێـژووی دێرینـی ناوچەکـە، سـەر بـە ناحیـەی قـەڵای شـێروانە بـووە، مەڵبەنـدی ناحیەکـەش سـەرەتا لـە بنگـرد بـووە بەرامبـەر قـەڵای شـێروانە، بنگردیـش لـەوە هاتـووە کـە لـە بنگـردی شـێروانەدا بـووە، ئـەم ناحیـە (قـەڵای شـێروانە) مێژوویـیـەکی دێرینـی هەیـە تاوەکـو ناوەڕاسـتی سـییەکان لـە بنگـرد بـووە دواتـر لـە بەرفـراوانی سـنوورەکە و دووری لـە گونـدەکانی، ناوەنـدی ناحیەکـە گواسـتراوەتەوە بـۆ گونـدی سـەرقەڵا، تاوەکـو سـاڵی (١٩٧٥) نـاوی شـێروانە بـووە، دواتـر کـە قـەزای کـەلار دەخرێتـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی ماوەیـەك دەمێنێتـەوەو دەخرێتـەوە سـەر قـەزای کفـری ئیـدی نـاوی ناحیـەی شـێروانە نامێنـی و لـە (٦ /١١/١٩٧٥) ناحیـەی سـەرقەڵا بـە مەرسـومی کۆمـاری دەکرێتـە ناحیـە و بەشـێك لـە گونـدەکانی ناحیـەی شـێروانەی بەسـەردا دابەشـکرا، پێشـتریش لـە کۆتایـی شەسـتەکاندا گونـدی جەبـارەی لێدابـڕاو کرایـە ناحیـە، لـە کۆتایـی شـوباتی (١٩٧٠) بـە بڕیـاری حکومـەتی عێـراق کرایـە قـەزا و نـاوی (کـەلار)ی لێنـرا، سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوك بـوو، کـە ئەمـەش بـە هـۆی ڕەگەزپەرستی حیـزبی بەعسـەوە بـووە لەوکاتـەدا حوکمـڕانی عێراقـی دەکـرد، لەبەرئـەوە نـاوی (شـێروانە)ی بـە نـاوی فـارسی لـە قەڵـەم دەدا، قەزاکـەش نـاوی کـەلاری وەرگـرت، لەوکاتـەدا مەڵبەنـدی قەزاکـە لـە (بنگـرد) بـوو کـە شـێروانە و بنگـرد تەنهـا (٣) کـم لـە کـەلارەوە دوورن، لـە ئێسـتادا سـێ گـەڕەکی کـۆنی شـارەکەن، زۆربـەی دامـودەزگا حکومییـەکان بـە تایبـەت کۆنـەکان لـەو گەڕەکانـەن، ڕەنگـە هۆکارێـکی تـری ناوەکـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ناحیەیـەکی تـر بـەو نـاوەوە هەبـووە، بەنـاوی ناحیـەی بنگـردەوە لـە پارێـزگای سـلێمانی، نـاوی شـێروانەش لـە قـەڵای دێرینەکـەی شـێروانەوە وەرگیـراوە[1] هەرچەنـدە نووسـەر مێـژووی بـە قەزابـونی سـاڵی (١٩٧٤)ی نووسـیوە، کـە ڕاسـتییەکەی و مەرسـومی کۆمارییـەکی لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا ئیـدی، بـە درێژایـی مێـژووی کـەلار و شـێروانە زۆر بەڵگەمـان خسـتەڕوو کـە ناحیـەی شـێروانە پێـش دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراق و لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـدا و پێکهێنـانی یەکـەم

١-د.بهروزجاف، گۆڤاری کۆچ، ژ( ٣ ) هاوینی ( ٢٠٠٥ ) دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ل ١١٢

حکومـەت و دابەشـبوونی کارگێـڕی لیـوا و قـەزا و ناحیەکانـدا، لـە بیسـتەکانی سـەددەی رابـردوودا ناحیـەی شـێروانە هاتـە کایـەوە و زۆربـەی گونـدەکانی کفـری لـە خۆگرتـووە و ناوەنـدی ناحیەکـەش لـە نـاو قـەڵای شـێروانەدا بـووە[1] دواتریـش دەبێتـە قـەزا و لـە هـەردوو ناحیـەی شـێروانە و پێبـاز پێکدێـت، کەواتـە بـە پێـی مەرسـومێکی کۆمـاری ژمـارە (١٣٧) بـە پێکهێنـانی قـەزای کـەلار لـە (١٩٧٠/٢/٢٨)دا [2] لەلایـەن سـەرۆك کۆمـاری عێراقـەوە لـە پارێـزگای کەرکـوك و هـەردوو ناحیـەی شـێروانە و پێبـاز دەکەوێتـە سـنووری ئیـداری ئـەم قـەزاوە، ئەمـەش پێچەوانـەوەی ئـەو ڕایانەیـە کـە بڵاوکراونەتـەوە کـە گوایـە کـەلار لـە دوای ڕێککەوتننامـەی (١١)ی ئـازارەوە بۆتـە قـەزا، لـە کاتێکـدا بڕیـاری دەرچـوونی وەك لـە مەرسـومی کۆماریـدا هاتـووە، (٢٨ /٢) نەوەکـو (٣/١١)، واتـە مانگـی شـوباتە نەوەکـو ئـازار، کـەلار لـە ماوەیـەکی کورتـدا گەشـەکردنێکی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینیـووە، بـە ئێستاشـەوە تـا دێـت لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە گەشـە دەکات و دەبێتـە بـاوانی ئەوانـەی کـە بـۆ ماوەیـەکی کورتیـش تیایـدا نیشـتەجێ دەبـن بەبـێ ئـەوەی هەسـت بـە نامۆیـی بکـەن، جیـا لـەوەی جوڵەیـەکی بـەردەوام بـە دی دەکـرێ لـە تـەواوی کایـە جیاجیاکانـدا، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆکاری سـیاسی و ئابـووری و کارگێـڕی و هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی، یەکـەم قایمقامـی شـاری کەلاریـش (جـلال بیـلال) بـووە کـە خەڵـکی هەولێـر بـووە، ئـەوەی لـە خشـتەکەدا دەبینرێـت، زۆربـەی قایمقامـەکان تەنهـا سـاڵێك یـان چەنـد مانگێـك ماونەتـەوە نەگەیشـتۆتە (٥) سـاڵ زۆرتریـن مـاوە (جـلال شـێخ نوری)یـە کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٧)ەوە تـا ئێسـتا قایمقامـە، کەواتـە خشـتەکە بـە جـەلال دەسـت پێـدەکات و بـە جەلالیـش کۆتایـی دێـت، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٤) بکـە:

---

١- سهیل خورشید عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤

٢- المراسیم الجمهوریە، ١٩٦٨- ١٩٧٧، ص٩٤

خشتەی ژمارە (٤)

ناوی قایمقامەکان تاوەکو ساڵی ٢٠١٢

| ژ | ناوەکان | ساڵ |
|---|---|---|
| ١ | جەلال بیلال | ١٩٧١-١٩٧٢ |
| ٢ | عەبدولستار تاهیر شەریف | ١٩٧٢-١٩٧٣ |
| ٣ | محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا | ١٩٧٣-١٩٧٤ |
| ٤ | سەڵاحەدین سەعید بابان | ١٩٧٤-١٩٧٥ |
| ٥ | معاد ئیسماعیل حەقی | ١٩٧٥-١٩٧٦ |
| ٦ | سەعید عیزەدین حەمودی | ١٩٧٦-١٩٧٨ |
| ٧ | محەمەد مەجید قادر | ١٩٧٨-١٩٧٩ |
| ٨ | هۆشمەند مستەفا | ١٩٧٩-١٩٨١ |
| ٩ | عەبدولجەلیل حسن | ١٩٨١-١٩٨٥ |
| ١٠ | کامل حەسەن کەڵەمێرد | ١٩٨٥-١٩٨٦ |
| ١١ | ئیبراهیم کەریم عەزیز | ١٩٨٧-١٩٨٨ |
| ١٢ | بورهانەدین عەبدولقادر | ١٩٨٨-١٩٩٠ |
| ١٣ | ئیسماعیل تەقی | ١٩٩٠-١٩٩١ |
| ١٤ | سرتیپ محەمەد ئەمین | ١٩٩٢-١٩٩٤ |
| ١٥ | عمران یاوەر قادر | ١٩٩٥-١٩٩٦ |
| ١٦ | حەمە لەتیف حەسەن حامد | ١٩٩٧-١٩٩٩ |
| ١٧ | عەمەر حەفید | ١٩٩٩-٢٠٠١ |
| ١٨ | عەلی شامار ئەمین | ٢٠٠١-٢٠٠٤ |
| ١٩ | تارق رەشید عەلی | ٢٠٠٤-٢٠٠٥ |
| ٢٠ | جەلال نوری عەبدولقادر | ٢٠٠٧-تا ئێستا |

سەرچاوە : قایمقامیەتی قەزای کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٢

ناوی قایمقامەکان بەوەکالەت:

١-مەحمود ئەحمەد محەمەد ٢- ڕەفعەت عەلی مشیر ٣- عومەر میرزا عەلی

٤- عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا ٥-عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان

لـە حەفتاکانـدا جیـا لـە دامەزرانـدنی کۆمەڵێـك دامـودەزگای حکومـەت، کۆمەڵێـك گـەڕەك و (٤) کۆمەڵگـەی گـەورەی تیـادا درووسـتکرا، کـە لـە ناوچـەکانی دەوروبـەرەوە بـە زۆرە ملـێ ڕاگوێزرابـوون، لـەو ماوەیـەدا گـۆڕانی سیاسی گـەورە لـە ناوچەکـەدا ڕوویـدا، دوای بـێ ئەنجامـی ڕێککەوتننامـەی ئـازاری (١٩٧٠) حکومـەتی بەعـس یـەك لایەنـە یاسـای ئۆتۆنۆمـی ژمـارە (٣٣)ی لـە (١٩٧٤/٣/١١) ڕاگەیانـد، تیایـدا تەنهـا پارێـزگاکانی (سـلێمانی، هەولێـر، دهـۆك) دەگرتـەوە، ڕووبەرەکـەی دەکاتـە (٣٦٣٤٧) کـم$^2$، بەوپێیـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدار (٤٢،٢٦٪)ی خـاکی کوردسـتانی عێـراق پێکدێنـێ و لـە (٥٣،٧٤٪) لێـی دابـڕاوە بـۆ دەسـەڵاتی ناوەنـد، لـە کـۆی (٣٦٣٤٧) کـم$^2$، ڕووبـەری ناوچـەی ئۆتۆنۆمیداریـش زیاتـر (١٣١٠٠) کـم$^2$ بەرشـاڵاوی ڕاگواسـتن کـەوت، یـا بـە واتایـەکی دیکـە لـە (٣٦،٠٤ ٪)ی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدار بـەم جـۆرە لـە کـۆی (٣٦٣٤٧)کم$^2$ ڕووبـەری ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدار تەنهـا (٢٣٢٤٧) کـم$^2$ لەسـەر ئـەم ناوچەیە مایـەوە[١] لەگـەڵ (١٩) قـەزاو (٥٢) ناحیـەدا، تەنانـەت (صـدام حسـین) لـە وتارەکەیـدا لـە (١١)ی ئـازاری (١٩٧٤) وای وت : (گلنـا یابـة کرکـوك ادارة مشـترکة و تابعـة للمرکـز مارضـوا، گلنـا لهـم ننطیکـم کلار و جمجـمال و کرکـوك ادارة مشـترکة و تابعـة للمرکـز هـم مارضـوا یابـة اشـتردون)، بـە پێـی فەرمـانی کۆمـاری ژمـارە (٦٠٨) لـە (١٩٧٥/١١/٦) نەخشـەی کارگێـڕی قـەزای کـەلار لـە پارێـزگای کەرکـوك هەڵوەشـێنرایەوە و خرایـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی[٢] کەواتـە تـا ناوەڕاسـتی حەفتـاکان کـەلار سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوك بـووە، کـە پێکهاتبـوو لـە هـەردوو ناحیـەی شـێروانە و پێبـاز، دواتـر بـە پێـی فەرمـانی کۆمـاری ژمـارە (٦٠٧) لـە بـەرواری (١٩٧٥/١١/٦) ناحیـەی سـەرقەڵا (شـێروانە) لـە قـەزای کـەلارەوە دەخرێتـە سـەر قـەزای کفـری[٣]، لـە (١٩٧٥/١١/٦) بـە ژمـارەی (٦٠٦) تیلەکـۆ دەبێتـە ناحیـە لەسـەر قـەزای کـەلار[٤] ئەگـەر سـەرنج بدەیـن لـە یـەك ڕۆژدا ئـەو فەرمانانـە دەرچـوون، کـە ژمارەکانیـان یـەك لـە دوای یەکـە ( ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨ ) تەنانـەت زنجیـرەی لاپەڕەکانیـش (١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨) لـە (١ /١٩٧٥/١٢) بـە بڕیـاری ژمـارە (٢٦٣٦٣)ك ە لـە ڕۆژنامـەی ڕەسـمی (الوقائـع العراقیـة)دا بڵاوکراوەتـەوە بـە ئیمـزای وەزیـری ناوخـۆ، ناحیـەی شـێروانە ناوەکـەی گـۆڕاوە بـۆ ناحیـەی سـەرقەڵا، بـە (٢٤) موقاتەعـەوە لـە قـەزای کـەلار وەرگیراوەتـەوە و خراوەتەسـەر قـەزای کفـری بـە فەرمـانی کۆمـاری ژ(٦٠٧) کـە لـە ( ٦/ ١٩٧٥/١١ ) دەرچـووە.

---

١- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، ساڵی ( ٢٠٠٣ )، ل٣٠٦

٢- المراسیم الجمهوریه، ١٩٦٨-١٩٧٧، رقم ٦٠٨، ص١٧٨

٣- المراسیم الجمهوریه، ١٩٦٨-١٩٧٧، رقم ٦٠٧، ص١٧٧

٤ - المراسیم الجمهوریه، ١٩٦٨ -١٩٧٧، رقم ٦٠٦، ص١٧٥-١٧

تـا دێ ئـەم شـارە لـە گەشـەکردندایە و بـە خێرایـی ڕێـژەی دانیشـتوان پـتر دەبێـت بەپێـی قۆناغـەکانی سـەردەم کاریگەریـی بزاوتـە سـیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و جوگـرافی و کارگێڕییـەوە گەشـەکردنێکی بەرچـاو و دیـاری بەخۆیـەوە بینیـووە، لەگـەڵ ئـەوەش ڕەوشی سـیاسی عێـراق و کوردسـتان ڕۆڵـی زۆریـان هەبـووە لـە فـراوان بـوون و گەشـەکردنی ئـەم شـارەدا، دواجـار پێگـە و هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی و فاکتـەری کارگێـڕی و خزمەتگوزارییـەکان گـەر لـە ئاسـتی پێداویسـتییەکانی سەردەمیشـدا نەبووبێـت، حاشا هەڵنەگـرە جیاوازی بەرچـاو بـەدی دەکرێـت ئەگـەر بـەراوردی بکەیـن لەگـەڵ ناوچـەکانی دەوروبـەردا، بـە تایبـەت لـەو قۆناغـەدا هیـچ خزمەتگوزارییـەك بـۆ گونـدەکان نەبـووە، بـە پێچەوانەشـەوە ئابلۆقـەی جیاواز و فشـاری جۆراوجۆر و ئۆپەراسـیۆنی هێز و داپڵۆسـین و سـەرکوتکردن و چەوسانەوە هەمیشـە ئامادەیـی هەبـووە، ئەمانـە ڕێگـە خۆشـکەر و خاڵـی سـەرەکی بـوون زۆرێـك لـە گوندنیشـینان کـۆچ بکـەن بـۆ شـار، ئـەم ڕەوشـە درێـژەی هەبـوو، تـا ڕووخانـدن و سـوتماکردنی دێهاتـەکان و دواتریـش ئەنفـال کـردن و زینـدە بەچاڵکـردن و بـێ سەروشـوێن کـردن، ئەوانـەی لەژێـر چنگـی بەعـس ڕزگاریـان بـوو، بـە ناچـاری لـەم شـارەدا و لـە ئۆردوگایـەکی زۆرە ملێـدا نیشـتەجێکران، بەنـاوی ئـۆردوگای (صمـود )ەوە، کـە بنکەیـەکی سـەرەکی بـوو بۆ پێشـوازیکردنی هـەزاران خێـزانی گونـد و ناحیـەکانی دەوروبـەر، دواتریـش دوای ڕاپەڕیـن و ڕزگارکـردنی ئـەم ناوچانـە و وەدەرنـانی دەزگا سـیخوڕ و سـەرکوتکەرەکانی بەعـس، شـاری کەلاریـش وەك شـار و شـارۆچکەکانی تـر ئارامـی و ئاسـایشی و هیـچ نەبـێ ئـەو جـۆرە چەوسـانەوە کەمـتر تیایانـدا بـەدی دەکـرا، بۆیـە جارێـکی دی بـووە بـاوانی ئـەو شـار و شـارۆچکانەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی بەعسـدا بـوون، هـەم دیسـان کـەلار ڕووبـەڕووی ئاڵوگـۆڕی ئیـداری بوویـەوە، بـە دامەزرانـدنی پارێـزگای کەرکـوك لەسـەر بڕیـاری حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، کـەلار لـە ڕووی کارگێڕییـەوە لـە پارێـزگای سـلێمانی جیاکرایـەوە خرایـە سـەر پارێـزگای کەرکـوك، ئەمـەو تـا دوای پرۆسـەی ئـازادی و ڕووخانـدنی حکومـەتی بەعـس لـە نیسـانی (٢٠٠٣) پارێزگای کەرکـوك لـە شـاری دەربەندیخـان هەڵوەشـێنرایەوە، ئیـدارەی گەرمیـان جێـی گرتـەوە بـۆ ئـەو قەزایانـەی کـە بەدرێژایـی مێـژوو تـا ناوەڕاسـتی حەفتـاکان لەسـەر پارێـزگای کەرکـوك بـوون، دواتریـش بـە بڕیارێـکی ئەنجومـەنی وەزیـران، ئیـدارەی گەرمیـان گوێزرایـەوە بـۆ شـاری کـەلار، ئیـتر لـە (١٢شـوباتی ٢٠٠٧) تـا ئێسـتا ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، ئەمـەش خاڵێـکی پۆزەتیـڤ و ڕەنگدانەوەیـەکی زۆری لـە مێـژووی کـەلاردا هەبـوو، لـە ئێسـتادا مامەڵـەی پارێـزگای لەگـەڵ دەکـرێ، جیـا لـەوەی ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیـانی لـە خۆگرتـووە، چەندیـن بەڕێوەبەرایـەتی

گشـتی تێدایـە و مامەڵـەی پارێـزگای لەگـەڵ دەکـرێ و مەرجـەکانی پارێزگابـوونی تێدایـە، لـەڕووی دانیشـتوانەوە یەکێکـە لـە قـەزا گـەورەکانی هەرێـم و عێراقیـش، لـە ڕووی ئابـووری و بازرگانییـەوە پێگەیـەکی بەهێـز و زۆر پێشـکەوتووە، لـە ڕووی ڕووبـەرەوە دەشـتەکەی پانتایـی زۆری هەیـە بـۆ فراوانبـوون، خاکێـکی بـە پیـت و کشـتوکاڵی جۆراوجـۆر و پاشـان بیـرە نـەوتی زۆری لـێ دۆزراوەتـەوە، هەروەهـا لـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن و خوێنـدنی بـاڵادا زانکـۆی گەرمیـان و چەنـد پەیمانگایەکـی تێدایـە، جیـا لـە چەندیـن شـەقامی دووسایدی جـوان و پـارکی گـەورە، لـە بـواری سـەوزاییدا لـە دوای پارێـزگاکانی تـری هەرێمـەوە دێ، ناوچەیـەکی پیشەسـازی گـەورە بەخزمەتگوزارییەکانـەوە لەگـەڵ عەلوەیـەکی گـەورەی سـەردەمیانەی تێدایە، دانیشـتوانی شـاری کـەلار لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢) بەپێـی ئـەو ئامارانـەی بەڕەسـمی کـراون، هەرچەنـدە تێبینـی زۆرە لـە سـەر ئامارەکان بـە فەرمـی و نـا فەرمییـەوە، ئاشـکرایە کـەلار پێـش قەزابوونـی ناحیەیـەك بـووە بـە نـاوی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە، پاش ئـەوەی لەلایـەن حکومەتی مەرکـەزی عێراقـەوە فەرمانـی کردنـە قـەزای درا، ئیـدی لـەو چرکەساتەوە ڕۆژ لـە دوایـی ڕۆژ دانیشـتوان زیـادی کـردووە، زیادکردنەکەشـی بەشـێوەیەکی ناسروشـتی بـووە، ئەویـش بەهـۆی هەلومەرجـی نائـارام و ناجێگیـری ناوچەکـە بەتایبـەت دۆخـی سیاسـی، کـە حکومەتـی ناوەنـد بـە دڕندانەتریـن شـێوە ڕەفتـاری لەگـەڵ گەلـی کـوردا کـردووە، لـە زۆر شـوێندا هاتـووە کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٠)دا (١٣٢٤) کـەس بـووە، لـەو سـاڵەدا هیـچ ئامارێـك ئەنجـام نـەدراوە، هەرچەنـدە ئـەم ئامـارە جێـی گومانـە، گـەر سـەیری ئامـاری سـاڵی (١٩٥٧) بکەینتەنهـا کـەلاری کـۆن دانیشـتوانەکەی (١٠٨٦) کـەس بـووە، بنگردیـش (١٥١) کـەس بـووە، جگـە لـە شـێروانە و عەلەومحـە کـە ئاوەدانبـوون کـۆی هەردووکیـان دەکاتـە (١٢٣٧) کـەس[1] ئیـدی بـە چ مانایـەك دوای (٢٠) سـاڵ تەنهـا (٨٧) کـەس زیـادی کـردووە، لـە کاتێکـدا هیـچ کارەسـاتێکی سروشـتی نەبـووە، کۆچکردنیـش بـەرەو ئاراسـتەی کـەلار بـووە، هەربۆیـە لـە ئامـاری سـاڵی (١٩٧٧)دا دانیشـتوانەکەی شارنشـنین گەیشـتۆتە (٩٢٧٣) کـەس و گوندنشـین گەیشـتۆتە (١٥٥٥٠) کـەس بـووە، کـۆی دانیشـتوانی قەزاکـەش (٤٤٠٥٧) کـەس بـووە[2] ڕێـژەی زیادبوونـی سـاڵانە گەیشـتە (٣٢٪)، ئەمـەش ڕێژەیەکـی بـەرزە کـە هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بارودۆخـە نائـارام و زەبروزەنگـەی دەسـەڵاتی بەعـس دژی کـورد و ناوچەکـەی ئەنجام داوە،

١ - وزارة الداخليـة، مديريـة النفـوس العامـة، المجموعـة الاحصائيـة عـام ١٩٥٧، لـواء السـليمانية وكركـوك، مطبعـة العـاني، بغـداد، ص١٢١

٢- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان، لسـنة ١٩٧٧، محافظـة السـليمانية

هەربۆیـە لـە پۆلێنکردنـدا لەشارەکانی سـنووری پارێـزگای سـلێمانی لەڕیزبەنـدی شەشـەمدا دێ، بـەڵام لـە ئامـاری سـاڵی (١٩٨٧)دا ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی کـەلار بەرزدەبێتـەوە و گەیشـتۆتە (٨٢٠٠٤) کـەس، کـە ژمـارەی شارنشـین گەیشـتۆتە (٦٣١٠٢) کـەس و هەروەهـا گوندنشـین گەیشـتۆتە (١٨٩٠٢) کـەس و ناحیـەی پێبـاز کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکە (٧١٠٩) کەسـە، هەڵوەشـانەوەی هـەردوو ناحیـەی تیلەکـۆ و پێبـاز لـە ڕووی کارگێڕییـەوە و پاشـان لکێنرانـە ناوەنـدی قـەزای کـەلارەوە، بـە پێـی هـەردوو مەرسـوومی کۆمـاری ژمـارە (٣٢١ و ٩١١) لـە (١٩٨٧/٦/١١ و ١٩٨٧/١١/١٦) [1] و کـۆی دانیشـتوانی قـەزای کـەلار بـە ناحیـەی پێبـازەوە (٨٩١١٣) کـەس بـووە[2]، کـە دوو هێنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی سـاڵی (١٩٧٧) زیـادی کـردووە، ڕێـژەی زیادبوونـی ساڵانەی گەیشـتۆتە (٢١،١٣٪)، شارنشـینیش بەرزبۆتـەوە بـۆ ڕێـژەی (٧٠,٨٪) سـەرجەم دانیشـتوانی قەزاکـە، کـەلار سـەرکەوت بـۆ دووەهـەم شار لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە لـە دوای پارێـزگای سـلێمانییەوە دەهـات، بـووە یەکـەم قـەزا لەسـەر ئاسـتی پارێـزگای سـلێمانی، لەسـەر ئاسـتی هەرێمیـش دوای پارێـزگاکان ژمـارەی دانیشـتوانی لـە کـۆی قەزاکانـی تـر زیاتـر بـوو، ئاشـکرایە ئـەم زیـاد بوونـە حاڵەتێکـی ناسروشـتییە هۆکارەکانـی بـەم شـێوەیە ڕوون دەکەینـەوە:-

١- ڕاگوێزانـی دانیشـتوانی دێهاتـەکان و ناحیـەکانی قـەزای خانەقـی لەسـاڵی (١٩٧٥)ەوە ئـاوارە و پەرتـەوازەی ناوچەکانـی کوردسـتان و ناوەڕاستی عێـراق بـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حکومەتی ناوەنـد چـوار ئـۆردوگای دروسـتکرد، کـە ئەمانەبـوون (بەردەسـوور، گازینـۆ، حەمـەی کەریـم، پێنـج سـەد ماڵەکـە) کـە ئێسـتا چـوار گەڕەکـی گـەورەی شـارن.

٢- هەلومەرجـی نائاسـایی کـەلار و دێهاتەکانـی دەوروبـەری لە سـەردەمی شۆڕشـی کوردسـتان و هەروەهـا شـەڕی نێـوان عێـراق- ئێـران، کـە ئەمـەش بووەهـۆی کۆچکردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە دانیشـتوانی دێهاتـەکان بـەرەو شـاری کـەلار.

٣- کۆچی بەردەوامی دانیشتوانی گوندەکان بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزارییەوە.

٤- ڕووخاندنـی گوندەکانـی هـەردوو قـەزای کـەلار و کفـری لـە سـاڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) و ڕاگواسـتنی دانیشـتوانەکەی و نیشـتەجێبوونی لـە شـاری کـەلار.

٥- داپڵۆسین و ترس و تۆقاندن بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

---

١- وزاره الحكم المحلي، دليل الأداري للجمهورية العراقية، الجزء الاول، ( ١٩٨٩- ١٩٩٠ )، ص٢٢٧

٢- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان لسـنة ١٩٨٧، محافظـة السـليمانية ١٩٨٨، ص٩٢

٦- گەڕانـەوەی ئەوانـەی بەهـۆی کوردایەتییـەوە ئاودیـوی ئێـران و دواتریـش خـوارووی عێـراق بـوون، لـە گەڕانەوەیانـدا لێرە نیشـتەجێبوون.

بـەڵام دواتـر لـە نێـوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێـژەی گەشـەی دانیشـتوانی کـەلار گەیشـتە (٢,٦٪) ئەمـەش دەگەڕێتـەوە، بـۆ هـۆکاری ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی ئـازاری سـاڵی (١٩٩١) و ئازادکردنـی زۆربـەی ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان و هـۆکاری تـر، گەڕانـەوەی ئارامـی و ئاسایش تاڕادەیـەك سـەقامگیری ڕامیاری هەلێکـی وای ڕەخساند، زۆرێك لە خەڵکی لادێکان بگەڕێنـەوە بـۆ زێـدی باوباپیرانییـان کـە پێشـتر لەژێـر زەبروزەنـگ و زۆرەملێـدا ڕاگوێزرابـوون، هـاوکات سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن و ڕاگواسـتن کـەم بـووەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـۆچ لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدەوە بـەردەوام بـوو، بەتایبەتـی ناوچەکانـی خورماتـوو و خانەقـی و دەوروبـەری، ئەمـەش دووبـارە کاریگـەری لەسـەر ژمـارەی دانیشـتوان هەبـوو، کـەلار لـە سـاڵی (٢٠٠٢)دا ژمـارەی دانیشـتوانی گەیشـتۆتە (٩٣١٠٥) کـەس، ئـەم ئامـارە بـە گوێـرەی فۆرمـی خـۆراك وەرگیـراوە، نزیکـەی (١٨١٦٠) خێـزان بـووە، گەشـەی بەرچـاوی بەخـۆوە بینیـوە، لـەم قۆناغـەدا واتـا لـە سـاڵی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێـژەی زیادبوونـی ساڵانەی دانیشـتوان دابـەزی بـۆ (٣٪) لـە بەرامبـەر قۆناغـی پێشـوودا دابەزیـوە، ئەگەرنـا ئـەم ڕێژەیـە ئاساییە بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە جموجوڵـی شـوێنی کـۆچ لـەم ماوەیـەدا نەبـووە، کەچـی هـەر لـەم ماوەیـەدا دەبینیـن ڕێـژەی زیادبـونی ساڵانەی کـەلار گەیشـتۆتە (٤,١٪) ئەمـەش بەهـۆی گەڕانـەوەی لادێنشـینان بـۆ زێـدی خۆیـان پـاش ئـەوەی لـە سـاڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) بـە زۆرەملـێ ڕاگوێزرابـوون، هەروەهـا دروسـتکردنی ئـۆردوگای زۆرەملێـی صمـود، دواتـر لـە ئـازاری (١٩٨٨) کراوەتـە ناحیـە و بـە پێـی مەرسـوومی کۆمـاری ژمـارە (٢٣٨) لـە (١٩٨٨/٣/١٦) پشـت بەسـتن بـە (الوقائـع العراقیـة، عـدد ٣١٨٦ في ١٩٨٨/١/٢٥) [1] پاشـان ناوەکـەی گـۆڕاوە بـۆ ناحیـەی ڕزگاری، کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی لـە سـاڵی (٢٠٠٢)دا گەیشـتە (٢٢٠٠٠) کـەس و ڕێـژەی (١٥,٦٪)ی دانیشـتوانی قەزاکـە پێکدەهێنـن، ئەگـەر بەشـێوەیەکی گشـتی لـە مـاوەی لێکۆڵینەوەکـەدا (١٩٧٧-٢٠٠٢) بڕوانینـە ڕێـژەی زیادبوونـی ساڵانەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار دەبینیـن دەگاتـە (١٤,١٪) ئەمـەش ڕێژەیەکـی زۆربـەرزە لـە چـاو قەزاکانـی تـردا، زۆرێـك لـە دانیشـتوان کـە تـا ئێسـتا لـە کـەلاردا نیشـتەجێن بـەڵام تەنها فۆرمـی خۆراکیـان گواسـتۆتەوە بـۆ ناوچـە ئازادکراوەکان، هەرچەنـدە سـاڵی ( ٢٠١٢ ) قـەزای کـەلار ژمـارەی دانیشـتوانەکەی زیاتـرە لـە (٢٢٦٠٠٠) کـەس،

١- د.عبدالله غفور: التشکیلات الأداریة في جنوب کردستان، مطبعة شڤان، سلیمانیة، ٢٠٠٥، ص ٧٥

ناوەندی کەلاریش ژمارەی دانیشتوانی(١٨٤٩٧٣) کەسە، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا گۆڕان و وەچەرخانێکی گەورە ڕوویدا، جگە لە عێراق کە گەورەترین و دڕندەترین دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا ڕوخا، ئازادی گەلانی عێراق هاتەگۆڕی ئەمە خاڵێکی گرنگ بوو، کاریگەری لە سەر تەواوی ناوچە کە هەبوو، ناوچەی لێکۆڵینەوەکەش گەشە کردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی دابەشکردنی زەوی و فراوانبوونی و زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکان و ڕووبەری شار لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و کارەبا و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ، ئەم پرۆژانە تا ئێستاش ئەنجامەدرێن کەم گەڕەك ماون، یان هەر نەماون ئەو خزمەتگوزارییانەی تیادا نەکرابێت، بە تایبەت گەڕەکە کۆنەکان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا چەندین قوتابخانە و باخچەی ساوایان دروستکراون، هەرچەندە بە هۆی خێرایی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان نەتوانراوە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، هێشتا دوو دەوامی ماوە و لە زۆرێك لە خوێندگاکاندا ئەم دیاردەیە ئامادەیی هەیە ماوەیەکی زۆریش سێ دەوامی بوونی هەبوو، خوێندنگایەکی نموونەیی بە زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە بە ناوی قوتابخانەی کەلاری نێودەوڵەتی بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی سابیس، کە تەنها لە (٣) پارێزگاکەی تری هەرێم هەن، هاوکات هەردوو پەیمانگای مامۆستایان و تەکنیکی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دروستکران، دواتریش زانکۆی گەرمیان و پەیمانگای کۆمپیوتەر کرانەوە هەرچەندە لە تاقیگە و میتۆد و مامۆستای پسپۆڕ حاشا هەڵنەگرە و کەموکوڕی زۆری هەیە، وێڕای ئەوانەش زانکۆ ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر شارو کۆمەڵگە، تا دێ ژمارەی گەڕەکەکان زیاد دەکەن زۆرێك لە کۆمپانیاکان ڕوویان کردۆتە ئەم شارە، بۆ دروستکردنی خانوو زیاتر لە (٢) هەزار خانوویان دروستکردووە یان لە بواری جێبەجێ کردندایە وەکو (کەلاری نوێ و ڕوناکی)، لەگەڵ ئەمانەشدا نرخی زەوی و خانوو لەم شارە لە هەموو شارەکانی تر گرانترە، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی و ڕزگارکردنی عێراق گۆڕانێك هاتە گۆڕێ هاوشێوەی نەبوو، هیچ نەبێ خەڵکی کوردستان لە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن و ئاوارەبوون ڕزگاریان بوو، بەتایبەت لە ئێستادا کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەرێوەبەرایەتی ئامادەیی هەیە، کە بوەتەهۆی ڕاکێشانی هەزاران کەس لە شارەکانی ترەوە، هاوکات خاڵێکی گرنگ بوو بۆ بژێوی سەدان خێزان لە دوای پرۆسەی ڕزگاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گوێزرایەوە و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوەو مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ دەکرێت، دەرگایەکی بازرگانی و ئابووری بە ڕووی کەلاردا کرایەوە، وەك ناوەندێك بۆ ناوەڕاست و

خـوارووی عێـراق و بەغـدا بـە تایبـەتی، جگـە لـە پارێـزگاکانی هەرێـم، سـەیری وێنـەی ژمارەی (٥) بکـە

وێنەی ژمارە (٥)

شـــاری کـــەلار



سەرچاوە :کاری توێژەر

ئەمـەو هەلومەرجـی خراپـی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق، دیارترینیـان ململانێـی مەزهەبـی و نەتەوەیـی و نەبـوونی هـەلی کار کەشـێکی وای خوڵقانـد هـەزاران خێـزان بـە عـەرەب و کـورد و تورکمانـەوە هاتوونەتـە دیـوی هەرێـم و بەشـێك لەوانـە لـەم شـارەدا نیشـتەجێبوون، ڕۆژانـە بـە بەردەوامـی چەنـد خێزانێـك یـان زیاتـر کـۆچ دەکـەن بـۆ کـەلار و ڕێژەکـە زیاتـر دەبێـت، تـا ئێسـتا (٢٣٨٧) عـەرەب و (٢٤٣٨) خێـزانی کـورد و تورکمانیـش (١٣) خێـزان لـە دوای پرۆسـەی ئازادییـەوە هاتوونەتـە ئـەم شـارە، هەرچەنـدە دەبـوو لـە مـاوەی ئـەو (٢٦) سـاڵەدا بـەلای کەمـەوە دووجـار سـەرژمێری فەرمـی ئەنجام بدرایـە، بـە داخـەوە ئامـارەکان پشـت بـە فۆرمـی خـۆراك دەبەسـترێت، لـە کاتێکـدا چەمکی سـەرژمێری دانیشـتوان ماناکـەی زۆر ڕوونـە، دانیشـتوان سـەرژمێری دەکرێـن لـەو شـوێنەی دادەنیشـن یـان تیایـدا نیشـتەجێن، لەگـەڵ ئەمەشـدا تـادێ ژمـارەی دانیشـتوان و گەشـەکردنی ڕوو لـە زیادبوونـە، داتـا و ئامارەکان سـەلمێنەری ئـەم ڕاسـتییەن، لـە خـوارەوەدا ئامـاری سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢) خراوەتـەڕوو، تەنهـا دانیشـتوانی گەڕەکـەکانی نـاو شـاری گرتۆتـەوە، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٥) بکـە:

خشتەی ژمارە (٥)

ئاماری دانیشتوانی کەلار ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٧٧-١٩٨٧-٢٠٠٢-٢٠١٢)

| ســاڵ | ژمارەی دانیشتوان | ماوە ی ساڵانە | گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٠ | ١٣٢٤ | ١٩٧٠ -١٩٧٧ | ٣٢,٥٪ |
| ١٩٧٧ | ٩٢٧٤ | ١٩٧٧ -١٩٨٧ | ٢١,١٣٪ |
| ١٩٨٧ | ٦٣١٠٢ | ١٩٨٧ -٢٠٠٢ | ٢,٦٪ |
| ٢٠٠٢ | ٩٣١٠٥ | ٢٠٠٢ -٢٠١٢ | ٧,١٪ |
| ٢٠١٢ | ١٨٤٩٧٣ | ١٩٧٠ -٢٠١٢ | ١٢,٥٪ |

سەرچاوە :- کاری توێژەر پشتن بەستن بە

١- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان لسـنة ١٩٧٧.

٢- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان لسـنة ١٩٨٧.

٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

٤- ئەنجومەنی گەڕەکەکانی شار.

لـە دوای ڕاپەڕینـەوە زۆرێـك لـەو ناحیانـەی کـە لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە لـە ڕووی کارگێڕییـەوە هەڵوەشـێنرایەوە دووبـارە یەکـە ئیدارییـەکانی بـۆ دروسـتکرا، هـاوکات چەندیـن ناحیـەی نـوێ لـە هەرێـم دا پێکهێـنران لـە قـەزاکانی دەربەندیخـان و کـەلار و کفـری ئـەم حاڵەتـە بـوونی هەیـە، بۆیـە جێـی خۆیـەتی بـە هەمـان شـێوە هـەردوو ناحیـەی شـێروانە و تیلەکـۆ لـەڕووی کارگێڕییـەوە ئاوڕێکیـان لێبدرێتـەوە و بـە فەرمانێـك شـارەدێ (ناحیە)کەیـان بـۆ بگەڕێتـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن شـارەدێی (ناحیـە) دایـك بـوون چەندیـن شـارەدێی تریـان لێ دروسـتکرا، گوندەکانـی ئـەم دوو شـارەدێیەیان بەسـەردا دابەشـکرا، بـەڵام خۆیـان ناویشـیان وەك یەکـەی کارگێـڕی نەمـاو هەڵوەشـێنرانەوە و لکێنرایـە ناوەنـدی قـەزای کـەلارەوە، بـە پێـی مەرسـومی کۆمـاری هـەردوو ژمـارە ٣٢١ و ٩١١ لـە ١٩٨٧/٦/١١ و ١٩٨٧/١١/١٦ دا[(١)].

١- د.عبدالله غفور: التشكيلات الأدارية في جنوب كردستان، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٥، ص ٩٩-١٠٨

لێرەدا پێشنیار دەکەم :-

١-شـارەدێی تیلەکـۆ کـە چەنـد سـاڵێك شـارەدێ بـوو لەگـەڵ گوندەکانیـدا خاپـوور کـران، شـارەدێی ڕزگاری و بەشـێك لـە گونـدەکانی شـێخ تەویـل و ئاوەسـپی لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـەم شـارەدێی تیلەکـۆ بـوون، زۆرێـك لـە دانیشـتوانەکەی ئەنفـال کـرا لـە ئێسـتادا هەندێکیـان گەڕاونەتـەوە و گونـدەکانی دەوروبـەری ئاوەدانـن، بەڵکـو لـە ڕووی کاڕگێڕییـەوە شـارەدێیەکەیان بـۆ بگەڕێتـەوە.

٢- شـێروانە شـارەدێیەکی دێرینـە کـە شـارەدێی دایـك بـووە، شـارەدێیەکانی (سـەرقەڵا، جەبـارە، کۆکـس، تیلەکـۆ) لـە گونـدەکانی ئـەم شـارەدێیە درووسـتکران خۆشـیان گوندێـك بـوون سـەر بـە شـارەدێی شـێروانە بـوون، پێشـنیار دەکـەم کەلاریـش وەك قـەزاکانی تـر شـارەدێی مەرکەزی بـۆ دابنرێـت، کـە (٢٣) گونـد سـەر بـە ناوەنـدی قەزاکـەن نـاو بنرێـت شـارەدێی شـێروانە.

# کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە

گەرمیـان بەشـێکی گرنگـی باشـووری کوردسـتان پێکدێنێـت و هاوسـنووری عێراقـە، لـە سـەردەمی گۆتییەکانـەوە بـە ناوچـەی گـەرم نـاسراوە، لـە کۆنـدا بـەم ناوچەیـە و بـە کەرکوکیشـەوە وتـراوە (گەرمـەکان) واتـە ناوچـەی گـەرم، لـە قۆناغـی لەشکرکێشـییەکانی (فـارس، ئیسلام، مەغـول، عوسـمانی، تەتەر)ەکانیشـدا چەندیـن بنەماڵـەی ئـەو نەتەوانـە لـەم ناوچـە جێگیربوونـە، بۆیـە لـە کۆنـدا هێڵـی لەشـکرکێشی شـەڕانگێزییەکان بـووە بـۆ داگیرکـردنی (ئەرەبخـا) واتـە کەرکـوك و هەرێمـەکانی تـری وەك (هەرێمـی فـارس یـان هەولێـر یـان نەینـەوا) بەپێچەوانەشـەوە، بۆیـە بۆمـان دەردەکەوێـت ئـەم ناوچەیـە لـە مێـژەوە خەڵـکی تێـدا ژیـاوە، هەروەهـا شـارەکانی دەڤـەری گەرمیـان لـە کۆنـەوە خـاوەن شارسـتانێتی گەورەبوونـە[1]، زانـای بەناوبانـگ (تۆفیـق وەهبـی بـەگ) دەڵێـت: سیسـتەمی دەسـەڵاتی مەسـیحییەکان و وڵاتـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان ئەوانـەی کـورسی (مەتـرانی) تێدابـوو دابەشـیان کردووەتـە چەنـد هەرێمێـك و یەکێـك لـەو هەرێمانـە (هەرێمـی باگرمـێ)ی گەرمیـان، کـە سنوورەکەی لـە باکـوورەوە زنجیـرە چیـاکانی هەورامـان و لـە باشـوورەوە چیـای حەمرینـە، ڕۆژهـەڵاتی ڕووبـاری سـیروانە و زێـی بچووکیـش سـنووری ڕۆژئاوایـەتی، ئـەم هەرێمـە هـەردوو لیـوای کەرکـوك و سـلێمانی دەگرێتـەوە جگـە لـە پشـدەر، ناوەنـدی باگرمێـش شـاری (کـرخ سلوخ- کەرکـوك) بـووە، دیـارە وشـەی (باگرمـێ) لـە گەرمیـانی کوردییـەوە هاتـووە واتـە ناوچـە گەرمـەکان بەرامبـەر وشـەی زۆزان واتـە ناوچـە ساردەکان، کـە لـە دوو وشـەی دژ بەیەکـدا بـەدی دەکرێـت (گەرمەسێر-سەردەسێر)[2] بـەڵام لـە سـەردەمی ئێسـتادا گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە، ڕووبـەری گەرمیان بچـووك کراوەتـەوە تەنهـا بـۆ چەنـد ناوچەیـەك، شـوێنەوارە دێرینـەکانی ئـەم ناوچەیـە ئـەوە دەسـەلمێنن ئـەم ناوچەیـە لـە زۆر کۆنـەوە مرۆڤـی تێدا ژیاوە، بـەڵام زۆرێـك لـەو شـوێنەوارانە ناسـەلمێندرێت هـی چ سـەردەمێك و چ فەرمانڕەوایـەك بوونـە، چونکـە هەڵکەوتـەی جوگرافیـای گەرمیـان واهەڵکەوتـووە، هەمیشـە جێگـەی مشـتومڕی داگیـرکاری و تـاڵانی و وێـرانی بـووە[3] حکومەتـە یـەك

---

١- ساڵح هەلاج، چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان، ل٩-١٤

٢- محەمەد شاکەلی، گەرمیان ڕابردووی نزیك و ئایندە، گۆڤاری کەرکوک، ژ ٢ ، ساڵ پێنجەم، پاییزی ٢٠٠٣، ل١٦

٣- ساڵح هەلاج، چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان، هەمان سەرچاوە، ل٧

لــە دوای یەکــەکانی عێــراق و بــە تایبــەتی حکومــەتی بەعــس هــەر بــەوەوە نەوەســتاون نەخشــەی کارگێــڕی پارێــزگای کەرکــوك تێکبــدەن و لــە بــەر یــەك هەڵیبوەشــێنەوە و بچــووکی بکەنــەوە و ناوەکــەی بگــۆڕن، لــە گشــت ناوچەکانیــدا پاکتــاوی ڕەگــەزی بکــەن، نــاوی شــەقام و گــەڕەك و خوێنــدگاکان و دێهاتــەکانی بگــۆڕن بــۆ نــاوی عــەرەبی، سیاســەتی برســیکردن و ڕاونــان و دەرکــردنی فەرمانبــەر و کرێــکارانی کــورد لــە کۆمپانیــای نــەوتی کەرکــوك و هەمــوو دامــودەزگاکانی تــری دەوڵەتــدا، ڕەشــبگیری و جینۆســاید و ئەنفــال و ژەهربــاران بکــەن، بەڵکــو هــەر لــە ســەرەتای دروستبوونی دەوڵــەتی عێراقــەوە پارێــزگای کەرکــوك بەهــۆی دەوڵەمەنــدی و هەبــوونی زێــڕی ڕەش و بــە پیــت و بەرەکــەتی زەوی و زارەکــەی و ســەروەت و ســامانی ســەرخاك و ژێرخاکەکــەی جێــی تەمــاح و چاوتێبڕیــن بــووە[1]، حکومــەتی بەعــس لــە چرکەســاتی هاتنەســەر حکومیــدا، وێــڕای چەندیــن کێشــەی جــۆراو جــۆر و تەنگــەژەی سیاسی و ئاڵــۆزی دۆخەکــە و ئامادەیــی چەندیــن قەیــران، درێــژەی ســێکوچکەی (تەرحیــل، تەعریــب، تەبعیــس)دا ڕاگواســتنی کــوردان لــە زێــدی بــاو باپیــرانی وهێنــانی عــەرەب بــۆ جێگاکەیــان، بــۆ ئــەوەی دیمۆگــرافی ئــەو ناوچــە کوردنشــینانە بگــۆڕێ و ڕێــژەی نــەوەی کــورد کــەم بکاتــەوە، لــە ژێــر پاســاوی لاوازی جیاجیــادا، درێــژەی بــەو پیلانــە ڕەگــەز پەرەســتییەدا، بــە تایبــەت لــەو ناوچانــەی کــە گرنگــی ســتراتیجی هەیــە لــە ڕووی ئابوورییــەوە لەلایــەك و کەمکردنــەوەی پانتایــی جوگــرافی لەلایــەکی تــرەوە، هەرچەنــدە بــۆ بــە هێزکــردنی پایــەکانی خــۆی و کــەم کردنــەوەی قەیرانــە سیاســییەکان، ســەیری نەخشــەی ژمــارە (٥) بکــە:

١- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، ٢٠٠٣، ل ٣٧

نەخشەی ژمارە (٥)

ناوچەی کەرکوك و گەرمیان




سەرچاوە : سهیل خورشید

حکومـەتی بەعـس کاتێ هاتنـە دەسـەڵات ڕایانگەیانـد کـە سـوودیان لـە ئەزمـوونی سـاڵی (١٩٦٣) خۆیـان بینیـووە، دەیانەوێـت کێشـەکانی وڵات چارەسـەر بکـەن، وەك فەرمانڕەوایـانی پێش خۆیـان لـە عێراقدا بەڵێنیانـدا کـە ئاشـتییانە لەگـەڵ کـوردا هەڵسوکەوت دەکـەن، ئەمـە و هەرچەنـدە سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەربڵاویـان کـردە سـەر کوردسـتان، بـەڵام بێسـوود بـوو شکسـتیان خـوارد، هــەر بۆیـە داوای گفتوگۆیـان کـرد، بزوwتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـش ئامادەیـی خـۆی پیشـاندا، هەرچەنـدە ئـەم گفتوگۆیانـە درێـژەی هەبـوو، لـە ئەنجامـدا گەیشـتنە ڕێککەوتـن، لـە شـەوی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠دا (ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر) لـە ئێسـتگە و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆنی عێراقـەوە دەقـی بەیاننامەکـەی ئاشـکرا کـرد، ئەمـەش لەڕووی مێژووییـەوە گرنگـی خـۆی هەیـە، بـەڵام زۆری نەخایانـد حکومـەتی عێـراق هەسـتی بـە هێـز و توانـای خۆیکـرد لـە (١١ی ئـازاری ١٩٧٤)دا یەکلایەنـە یاسـای (٣٣)ی ئۆتۆنۆمـی ناوچـەی کوردسـتانی دەرکـرد، کـە دوور بـوو لـە ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازار، ناوچەیـەکی بەرفـراوانی کوردسـتان (کەرکـوك، خانەقـی، کفـری، شـنگاڵ...هتد) نەکەوتنـە چوارچێـوەی ئـەو ناوچـە ئۆتۆنۆمییـەوە، نەخشـەی پارێـزگای کەرکـوك بـە شـێوەیەك شـێوێندرا و پارچـە پارچـە و بچووکرایـەوە، تەنانـەت نـاوی پارێـزگای کەرکـوك گـۆڕا بـۆ پارێـزگای (ئەلتەئمیـم) لـەڕووی کارگێڕییـەوە تەنهـا قـەزای ناوەنـدی کەرکـوك و قـەزای حەویجـەی لەسـەر مایـەوە، کـە بـە پێـی فەرمـانی کۆمـاری ژمـارە (٦٠٨) لـە ١٩٧٥/١١/٦ دا قـەزاکانی کـەلار و چەمچەمـاڵ لەسـەر پارێـزگای کەرکـوك گواسـترانەوە، خرایـە سـەر پارێـزگای سلێمانی لـە هەمـان فەرمـان و ژمـارە و ڕۆژ و سـاڵدا قـەزای کفـری خراوەتـە سـەر پارێـزگای دیالـە، دواتریـش بـە پێـی فەرمـانی کۆماری ژمـارە (٤١) کـە لـە (١٩٧٦/١/٢٩)دا دەرچـوو قـەزای خورماتـوو خرایەسـەر پارێـزگای تـازە درووسـتکراوی (صـلاح الديـن)، کەواتـە هـەر (٤) قەزاکـە زۆربـەی دانیشـتوانیان کوردبـوون لەسـەر پارێـزگای کەرکـوك گواسـترانەوە، گـەر سـەیری نەخشـەی (٥) بکەیـن سـنوورێکی زۆرە کەجیاکراوەتـەوە و ئیدارەی گەرمیـانی ئێسـتای لـێ درووسـت بـوو، لەکاتێکـدا کەرکـوك بەشـێکی سـەرەکی و گرنگـی گەرمیانـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ گـۆڕانـکاری ئیداری تێیـدا ڕوویـدا، ڕاگواسـتن و زەبروزەنـگ و چەوسـانەوەی نەتەوایـەتی درێـژەی هەبـوو، کـۆچ کـردن لە ناوچـەکانی دەرەوەی ئۆتۆنۆمـی بـۆ نـاوەوەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی بـە تایبـەت بـەرەو ئاراسـتەی شـارەکانی کـەلار و چەمچەمـاڵ بـوو، تـا دەهـات ڕێـژەی گەشـەکردنی دانیشـتوان زیاتـر دەبـوو، دواتریـش ڕاگواسـتنی گونـدەکان و ڕووخانـدنی (٤٥٠٠) گونـد و ئەنفالکـردنی خەڵکەکـەی ئەمـەش کاریگـەری جیاجیـای لێکەوتـەوە، ئـەم دەڤـەرە لەوەتـەی خەبـات و بەرخـۆدان

هەیـە لەتێکۆشـان و قوربانیدانـدا لەڕیزبەنـدی یەکەمـدان و پشـکی شـێری بەرکەوتـووە، گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٦) بکەیـن ئـەم ڕاسـتییە دەردەکەوێـت، کـۆی گونـدەکانی ئیـدارەی گەرمیـان کـە تـووشی ڕاگواسـتن و ڕووخانـدن بـوون گەیشـتنە (٧١٩) گونـد، ئـەو گوندانـەی کـە دانیشـتوانەکەی بەرشـاڵاوی ئەنفال کەوتـن (٤٠٥) گونـدی چەمچەمـاڵ و( ١٦٤) گونـدی قـەزای کـەلار و (١٥٠) گونـدی کفـری گرتۆتـەوە، کـە دەکاتـە ڕێـژەی (٢٠،١٧ ٪) لـە کـۆی گونـدە ڕووخـاوەکانی باشـووری کوردسـتان [1].

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارەی گوندەکانی گەرمیان (ئەنفالکراو و تێکدان و ڕاگواستن) تا ساڵی (١٩٨٨)

| قەزا | ژمارەی گوند | |
|---|---|---|
| | ئەنفالکراو | تێکدان و ڕاگواستن |
| کفری | ١٥٠ | ١٥٠ |
| چەمچەماڵ | ٥٠ | ٤٠٥ |
| کەلار | ١٦٤ | ١٦٤ |
| سەرجەم | ٣٦٤ | ٧١٩ |

سەرچاوە: پڕۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ٢٠٠٨، ل٥٣

لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری سـاڵی (١٩٩١)دا تەنهـا لـە مـاوەی (١٦) ڕۆژدا لـە دەروازەی ڕاپەڕینـەوە (ڕانییـە) تاوەکـو ٢١ی ئـازار کەرکـوکی شـاری کوردانیـش ڕزگارکـرا، تـەواوی دەزگا سـەرکوتکەر و سـیخوڕەکانی بەعسـیان وەدەرنـا، بەمـەش پلانـە گڵاوەکانی حکومـەتی بەعـس تێکـدراو پاشـان لـە پرۆسـەیەکی دیموکراسـیدا و بـۆ یەکەمیـن جـار هەڵبـژاردن ئـە نجامـدرا، دواتریـش لەلایـەن پەرلەمانـەوە بڕیـاری دامەزرانـدنی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان درا، ئیـدی لـە سـۆنگەی نەتەوەییـەوە بیـر لـە پاراسـتنی قەوارەیـەکی سیاسی جوگرافیـا پارێـزگای کەرکـوک لـە ناوچـە ئازادکـراوەکانی کرایـەوە بڕیارێـکی بوێرانـە درا، یەکەیـەکی ئیـداری دامـەزرا

١- پڕۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ٢٠٠٨ل٥٣

بـە نـاوی پارێـزگای کەرکـوك، بـە پێـی بڕیـاری پەرلەمـان ژمـارە (١٨) لـە ١٩٩٢/٩/٢٢ کـە تیایـدا هاتـووە، هەمـوو ئـەو یەکـە کارگێڕییانـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دادەمەزرێـت لـە پاش مێژووی ١٩٩١/٩/١١ لەلایـەن حکومـەتی مەرکەزییـەوە هەڵوەشاونەتەوە، بەو سنوورەی کـە جـاران هەیانبـووە، واتـە لەسـەر ئـەو قەزایانـەی خراونەتـە سـەر کەرکـوك قـەزاکانی (کـەلار، دەربەندیخـان، چەمچەمـاڵ، کفـری) پارێزگاکـە پێکهێـنرا لـە قـەزاکانی (کـەلار، کفـری، چەمچەمـاڵ، دەربەندیخـان) کـە ئەمـەی دواییـان ( قـەزای دەربەندیخـان ) هەرگیـز سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوك نەبـووە، لـە هەمـان کاتـدا دیارyکـرا بـۆ ناوەنـدی پارێـزگای کەرکـوك ئـەو بەشـەی کـە ڕزگار کـرا، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتای ڕاپەڕینـەوە پێـی بـاش بـووە گەرمیـان بکرێـت بـە پارێـزگا، بـەڵام ئـەوکات بەهـۆی ناڕوونـی چارەنووسـی پارێـزگای کەرکـوك و نەگەڕانـەوەی بـۆ سـەر سـنووری هەرێمـی کوردسـتان، پرۆژەیەکـی لـەو جـۆرە توانـای جێبەجێکردنـی نەبـوو، چونکـە زۆر کـەس پێیانوابـوو لـە حاڵەتـی بـە پارێزگاکردنـی گەرمیانـدا، واتـە کـورد دەسـتبەرداری بەشـێك لـە خاکـی کەرکـوك بـووە، بۆیـە لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەشـێوەیەکی کاتـی پارێـزگای کەرکـوك کـە قەزاکانـی (کـەلار، کفـری، چەمچەمـاڵ، دەربەندیخـان، بەشـێك لـە ناحیەکانـی قـەزای خانەقیـن) دەگرتـەوە پێکهێـنرا، لەگـەڵ پێکهێنانـی پارێزگاکەشـدا، قـەزای دەربەندیخـان دیاریکـرا بـۆ ناوەنـدی پارێـزگای کەرکـوك [1] ئـەو دەمـە وێـڕای قەیـران و گەمـارۆی ئابووری و هەڕەشـە و مەترسی بەعـس و لەولاشـەوە شـەڕی ناوخـۆ و دیـاردەی سروشتی وشکە سـاڵی کۆمەڵێـك هەنـگاوی پۆزەتیـڤ نـران، بـۆ ئـەو سـەردەمە توانـرا دامـودەزگا حکومییـەکان و جۆرێـك لـە ئـاوەدان کردنـەوە ئامادەیـی هەبێـت هەرچەنـدە بچووکیـش بێـت، گەر بـەراوردی بکەیـن لەگـەڵ قەیـرانی سیاسـی و ئابـووری و گرفـت و لەمپـەرەکانی تـری ناوچەکـەدا، ئـەم دۆخـە بـەم شـێوەیە درێـژەی هەبـووە تـا ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانییـەوە لـە سـاڵی (٢٠٠٣)دا، لـە پرۆسـەی ڕزگاری عێراقـدا جارێکیـتر ناوچـەکانی (کـەلار و کفـری و چەمچەمـاڵ و خورماتـوو) مانـەوە، چارەنووسـیان بەسـترا بـە مـادەی (١٤٠)ی دەسـتووری عێراقـەوە دیسـانەوە بۆشـاییەکی ئیـداری لـە ناوچەکـەدا درووسـتبوو، لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیـرانی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە بـە فەرمانێـکی وەزاری کـە تیایـدا هاتـووە، ئامـاژە بـە نـوسراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران، سـەرۆکایەتی دیـوان،

---

١-حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتی ناوخـۆ، ئیـدارەی گەرمیـان، کارو پـرۆژە خزمەتگوزارییـەکانی ئیـدارەی گەرمیـان، ٢٠١٠-٢٠١١، ل٥

ئەنجومـەنی ژمـارە ٢٢٤٢ لـە ٢٠٠٦/٨/٦ بڕیـاردرا :
١- هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان.
٢- درووسـتکردنی ئیدارەیـەکی تایبـەت بـۆ ئـەو قـەزا و ناحیانـەی کـە پێشـتر لـە سـنووری ئیـدارەی گەرمیـان و پارێـزگای کەرکـوك ڕێکخرابـوون و مەرکەزەکەیـان بەشـێوەیەکی کاتی لـە دەربەندیخـان بـووە بـە نـاوی ئیـدارەی گەرمیـان.
٣- ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٦ ـەوە [١].

تـا دەهـات پـرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنـەوە زیاتـر دەبـوو، لـە هەمـوو ڕوویەکەوە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی پێشـوو گەشـەکردنێکی بەرچـاو بەدیدەهات لەگـەڵ ئەوەشـدا داواکاری و پێداویسـتییەکانی خەڵـك زیاتـر دەبـوون، جیـا لـە زیادبـوونی ژمـارەی دانیشـتوان و باشـبوونی ڕەوشی ئابـووری خەڵـك و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا لەسـایەی جیهانگیریـدا، ئەمانـە فاکتـەر گەلێکـن کارتێکردنیـان لەسـەر کـۆی کایـەکان هەیـە بـە تایبـەت لـە بـواری خزمەتگوزارییـدا، گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧) بکەیـن لـە بـواری پـەروەردەدا لـە سـنووری بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـەروەردەی گەرمیـان کـە پـەروەردەکانی (کفـری، کـەلار، خانەقـی) لـە خۆگرتـووە، کـۆی سـەرجەم خوێنـدکاران ئەوانـەی بـە زمـانی کوردی دەخوێنـن ژمارەیـان (٧٢١٧٧) خوێنـدکارە، کە زۆرترینیـان لـە سـنووری پـەروەردەی کـەلارە دەکاتـە (٥٠٩٢٠) خوێنـدکار، کـە ژمـارەی کـوڕان (٢٦٠٤٤) خوێنـدکارە، زیاتـرە لـە کچـان کـە دەکاتـە (٢٤٨٧٦) خوێنـدکار، هەروەهـا قۆناغـی بنـەڕەتی زۆرتریـن ژمـارەی خوێنـدکارانی تۆمارکـردووە، دەکاتـە (٦٢٠٦٨) خوێنـدکار و ژمـارەی کوڕانیـش لـە کچـان زیاتـرە دەکاتـە (٣٢٥٩٩) کـوڕ، دواتریـش لـە ڕیزبەنـدی دووەم قۆناغـی ئامادەیـی دێـت کـە ژمارەیـان (٥١٨٩) خوێنـدکارە و ژمـارەی کچانیـش لـە کـوڕان زۆرتـرە کـە دەکاتـە (٣٢٩٧) کـچ و کوڕانیـش دەکاتـە (١٨٩٢) خوێنـدکار، کەمترینیـان پەیمانگەیەکـە ژمارەیـان (٢٢٧) خوێنـدکارە، ژمـارەی کچانیـش دەکاتـە (٩٠) خوێنـدکار، کـۆی مامۆسـتایان ژمارەیـان دەکاتـە (٧٥٥٨) مامۆسـتا، کـە ژمـارەی مامۆسـتای مـێ زیاتـرە دەکاتـە (٣٩٥٦) مامۆسـتا و ژمـارەی کـۆی فەرمانبـەران (کارگێـڕی و تەکنیـکی) و فەرمانبـەرانی خزمەتگـوزاری لـە سـنووری پـەروەردەی گشـتی گەرمیـان دەکاتـە (١٠٥٤) فەرمانبـەر و کـوڕان زیاتـرە دەکاتـە (٥٨٢) فەرمانبـەر، لەمـەڕ خوێنـدن خشـتەی ژمـارە (٧) بـە زمانـەکانی تـر خوێنـدن

١- عەبدوڵڵا غەفـور، پێکهاتـەی ئیـداری لـە هەرێمـی کوردسـتاندا (١٩٩١-٢٠٠٨) هەولێـر ٢٠٠٨ چاپـی یەکـەم چاپخانـەی خـانی، دهـۆك ل ٥٥،

بـە زمـانی تورکـمانی لـە شـاری کفـری قۆناغـەکانی (باخچـەی سـاوایان، بنـەڕەتی، ئامادەیـی) کراوەتـەوە و درێـژەی هەیـە، کـۆی خوێـندکاران دەکاتـە (٢٧١) خوێـندکار و هەروەهـا ژمـارەی مامۆسـتایانیش دەکاتـە (٣٩) مامۆسـتا، لـە شـاری کەلاریـش جگـە لـە زمـانی دایـك خوێـندن بـە زمانـەکانی ئینگلیـزی و عەرەبیـش هەیـە.

خشتەی ژمارە (٧)

ژمارەی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان بـــۆ ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣)

| پەروەردە | باخچەی ساوایان | بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی | پەیمانگا | خوێندنی خێرا | مامۆستا | فەرمانبەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٩٧٤ | ٤٣٨٨٥ | ٥١٨٩ | ٣٢١ | ٢٢٧ | ٣٢٤ | ٤٣٢٧ | ٦٤٢ |
| کفری | ٥٧٦ | ٨٦٤٨ | ١١٥٠ | ٠ | ٢٢٥ | ٢٨٤ | ١١٩٣ | ٢٠٢ |
| خانەقی | ٠ | ٩٥٣٥ | ٤٦١ | ٠ | ٣٧٨ | ٠ | ٢٠٣٨ | ٢١٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٥٠ | ٦٢٠٦٨ | ٦٨٠٠ | ٣٢١ | ٨٣٠ | ٦٠٨ | ٧٥٥٨ | ١٠٥٤ |

سـەرچاوە:- وەزارەتی پـەروەردە، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـلانی پەروەدەیـی، بەڕێوەبەرایـەتی ئامـار، ڕاپۆرتـی سـاڵانەی ئامـاری یەکەمـی پەروەردەیـی سـاڵی خوێـندنی ٢٠١٢_٢٠١٣ ل٣٢١

وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، تیایـدا تیشـك خراوەتەسـەر نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی و پزیشـك و یاریـدەدەری پزیشـك و کەرەسـتە و دەرمانخانـەکان، ژمـارەی پزیشـك لـە سـنوورەکەدا دەکاتـە (١٣١) پزیشـك و یاریـدەدەری پزیشـك دەکاتـە (٥٧٧) یاریـدەدەر، ژمـارەی نەخۆشـخانەی گشـتی و تایبـەت (٥) دانەیـە لەگـەڵ (٨٧) بنکـەی تەندروسـتی، بـە بـەراورد لەگـەڵ پێشـوودا گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، وێـڕای کەموکـوڕی و نەبـوونی بودجـە و کەمـی پسـپۆڕی بـە ئێستاشـەوە لـە ئاسـت ژمـارەی دانیشـتوان و خەڵکەکەیـدا نییـە، جیـاوازی زۆریـش لـە نێـوان قـەزا و ناحیـە و گوندەکانـدا هەیـە، سـاڵ لـە دوای سـاڵ گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، کەچـی جیاوازییەکـە زۆرە خۆزگـە لـە نێـوان شـارەکاندا ئـەو جیاوازییانـەش کـەم دەکرانـەوە، تەنانـەت کەلاریـش بـە بـەراورد بـە قـەزا و ناحیـەکانی تـری گەرمیـان باشـترە، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٨).

خشتەی ژمارە (٨)

ئاماری نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و پزیشك و یاریدەری پزیشك و برین پێچ و مامان لە ئیدارەی گەرمیان

| قـــەزا | نەخۆشخانەی گشتی حکومی | نەخۆشخانەی تایبەت | بنکەی تەندرووستی | دەرمانخانە | نەخۆشخانەی گەرۆك | ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن | پـزیـشــك | یاریدەری پزیشك | برین پێچ | مـامـان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کفری | ١ | ١ | ١٤ | ٤ | ٠ | ٥ | ١١ | ٣١ | ٣٨ | ٢ |
| چەمچەماڵ | ١ | ٠ | ٤٠ | ٤ | ٠ | ١٤ | ٤٣ | ٤٢٠ | ٨٤٧ | ١٦ |
| خانەقی | ١ | ٠ | ١٢ | ١٣ | ٠ | ٣ | ٣٢ | ٤٠ | ٦٤ | ٢٤ |
| کەلار | ١ | ٠ | ٢١ | ١٠٣ | ٠ | ٦ | ٤٥ | ٨٦ | ٠ | ١٠ |
| سەرجەم | ٤ | ١ | ٨٧ | ١٢٤ | ٠ | ٢٨ | ١٣١ | ٥٧٧ | ٩٤٩ | ٥٢ |

سەرچاوە:- پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان ٢٠٠٨

کێشـەی نەتەوەیـی و مەزهەبیـەکانی ناوچـەکانی تـری خـوارووی عێـراق و ناوەڕاسـت و نائارامـی ڕەوشی سیاسی و تەقینـەوەو نەبـوونی خزمەتگـوزاری هەلێـکی وای ڕەخسـاند کـە کۆچکـردن بـەرەو هەرێمـی کوردسـتان و بـە تایبـەت کـەلار لـە گەشـەکردندا بێـت، جیـا لـە بـوارەکانی تـر و جێبەجێکـردنی مـادەی (١٤٠) ئـەم ناوچانـە وەك خـۆی بەهەڵپەسێراوی مایـەوە، هـەر بۆیـە بـە فەرمـانی وەزیـر بڕیـاردرا بـە گواسـتنەوەی ئیـدارەی گەرمیـان لـە قـەزای دەربەندیخانـەوە بـۆ قـەزای کـەلار لـە بـەرواری (٢٠٠٧/٢/٢٥)دا ناوچـەی گەرمیـان پێشـتر لەسـەر پارێـزگای سـلێمانی بـوو، بەشـە بودجەکـەی لـەو پارێزگایـە دیـاری دەکـرا، بـەڵام بە بڕیاری (٢٢٤٢) ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە (٢٠٠٦/٨/٦) هەمـوو دەسـەڵاتە یاسایی و ئیداری و دارایـی پارێـزگای پێدراو بـوو، وەك یەکەمیـن ئیـدارەی سـەربەخۆ لـە حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتاندا دەرکـەوت، سـەیری وێنـەی ژمـارە (٦) بکـە:

وێنەی ژمارە (٦)

ئـیـدارەی گـەرمـیـان



و بەهـۆی دووری ناوچەکـەش لـە سـلێمانییەوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٨) ئەنجوومـەنی وەزیـرانی حکومـەتی هەرێـم گەیشـتە ئـەو بـاوەڕەی کـە بڕیارێـك دەربـکات و گەرمیـان وەکـو پارێـزگا مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت لـە چوارچێـوەی (ئیـدارەی گەرمیـان)، سـەیری نەخشـەی ژمـارە (٦) بکـە:

نەخشەی ژمارە (٦)

ئـــیـــدارەی گـــەرمـــیـــان




سەرچاوە : سهیل خورشید

بەشـێوەیەکی کاتی بـۆ ڕایکـردنی کاروبـاری ئیـداری خەڵـکی ناوچەکـە و دەسـەڵاتی پارێزگاریـش ببەخشـێتە سەرپەرشـتیاری ئیدارەکـە، ئـەم ئیدارەیـە یـازدە بەڕێوەبەرایـەتی تێدایـە کـە بریتییـە لـە بەڕێوەبەرایـەتی (نووسـینگەی تایبـەت، پەیوەندییـەکان و ڕاگەیانـدن، کاروبـاری ناوخـۆ، وردبینـی، کارگێـڕی، خۆیـەتی، ژمێریـاری، کاروبـاری یاسـایی، کشـتوکاڵ، دڵنیایـی جـۆری، گرێبەسـتەکان) و پێکهاتـووە لـە هەریـەك لـە قـەزاکانی (کـەلار، چەمچەمـاڵ، کفـری، خانەقـی) کـە خـۆی لـە هـەژدە ناحیـەدا دەبینێتـەوە، سـەیری نەخشـەی ژمـارە (٧) بکـە:

نەخشەی ژمارە (٧)

کەرتەکانی ناوچەی گەرمیان




سەرچاوە : سهیل خورشید

بودجـەی ئیـدارەی گەرمیـان بـە گوێـرەی ژمـارەی دانیشـتوان و بەپێـی فۆرمـی خـۆراك دیـاری دەکرێـت و لـە بودجەکـەدا ئـەو ژمـارەی دانیشـتوانە لـە بەرچـاو ناگیرێت، کـە فۆرمـی خۆراکیان گواسـتۆتەوە بـۆ ناوچـە جێناکۆکـەکان، پـرۆژەی سـتراتیژی و سـەدان پـرۆژەی خزمەتگـوزاری لـە بـوارە جیـاوازەکان و وێـڕای دابینکـردنی بودجەیـەکی تایبـەت جگـە لـە بودجـەی ئاسایی خـۆی کـە بـۆ گەرمیـان دیـاری دەکرێـت، لـەم دوو سـاڵەی ڕابـردوودا بـڕی (٢٠٠) ملیـۆن دۆلار لـە داهـاتی فرۆشـتنی نـەوتی ناوچەکـە بـۆی تەرخـان کـراوە، ئەمـەش دەسـتی حکومـەتی هەرێـم و ئیـدارەی ناوچەکـەی زیاتـر واڵا کـرد بـۆ خزمەتکـردنی هاوڵاتیـان لـە هەمـوو بـوارە جیاوازەکانـدا، حکومـەتی هەرێـم بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە ناوچەکـە و مەبەسـتیەتی قەرەبـووی مـادی و مەعنـەوی خەڵـکی ئـەم ناوچەیـە بکاتـەوە، کـە لەسـەر دەسـتی ڕژێمـی بەعـس تـووشی هاتـووە و ئاسـانکاری دەکات، هـاوکات لـەم ناوچەیـەدا کـەرتی تایبـەت و کۆمپانیـاکانی وەبەرهێنـان بـۆ ئەنجامـدانی پـرۆژەی خزمەتگـوزاری و ئاوەدانکردنـەوە و بووژاندنـەوە ڕوویـان کردووەتـە ناوچەکـە، دواتریـش دوابـەدوای هەڵوەشـانەوەی پارێـزگای کەرکـوك لـە دەربەندیخـان بـە پێـی سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی وەزیـران و دروسـتکردنی ئیدارەیـەکی تایبـەت بـۆ ئـەو قـەزا و ناحیانـە بـە نـاوی ئیـدارەی گەرمیـان، بـە فەرمـانی وەزاری لـە (٢٠٠٧/٢/١٢) کـە تیایـدا هاتـووە، بڕیارمانـدا بـە گواسـتنەوەی ئیـدارەی گەرمیـان لـە قـەزای دەربەندیخـان بـۆ قـەزای کـەلار کـە لە ئێسـتادا ئیـدارەی گەرمیـان پێکدێـت لـە (٤) قـەزا و (١٨) ناحیـە، کـە (٨)یـان دەکەونـە قـەزای چەمچەماڵـەوە و (٤) ناحیـە لـە سـنووری قـەزای کفـری و (٣) ناحیـە بـۆ هەریـەك لـە قـەزاکانی کـەلار و خانەقـی، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٩) بکـە:

خشتەی ژمارە (٩)

ژمارەی قەزاو ناحیەکانی سەر بە ئیدارەی گەرمیان

| قـــــــەزا | ناحیە |
|---|---|
| کفری | ٤ |
| چەمچەماڵ | ٨ |
| خانەقی | ٣ |
| کەلار | ٣ |
| سەرجەم | ١٨ |

سەرچاوە: پرۆفایلی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨

شێوە (١)

ژمارەی ناحیەکانی سەر بە ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە: پرۆفایلی پارێزگای سلێمانی وئیدارەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨

هەروەها لە (٩٠٨) گوند پێکدێت، کە (٨٠١) گوندیان ئاوەدانە و (١٠٧) گوندیان چۆڵکراوە کە زۆرترین، گوند لە قەزای چەمچەماڵە و کەمترینیان لە قەزای کفریدان، تەنها (١٣) کۆمەڵگە هەیە، کە (٨) کۆمەڵگەیان دەکەوێتە قەزای خانەقی و (٥) کۆمەڵگەش لە قەزای کەلاردایە، ڕووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان (١٢٥٧٢،٣٩٢)کم$^2$، کە قەزای چەمچەماڵ زۆرترین ڕووبەری پێکدەهێنێت، کە (٥٦٦٤،٨)کم$^2$ یە و کە دەکاتە (٤٥٪) ڕووبەری گشتی لە ئیدارەی گەرمیان و کەمترینیان ڕووبەری قەزای کەلار (١٧٥٠،٧)کم$^2$ کە دەکاتە (١٤٪)ی ڕووبەری گشتی لە ئیدارەی گەرمیاندا[1]، سەیری خشتەی ژمارە (١٠) بکە :

١-پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ٢٠٠٨، داتای بڵاونەکراوە، ل٥٢

خشتەی ژمارە (١٠)

ڕووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠٠٨

| قەزا | ڕووبەری گشتی (کم٢) | ژمارەی گشتی | | ژمارەی گشتی گوندە | | ڕێژەی ڕووبەر ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵگە | گوند | نیشتەجێبوون | چۆڵکراو | |
| کفری | ٢٤١٥,٤٩٢ | ٠ | ١٥٠ | ١٣٣ | ١٧ | ١٩,٢ |
| چەمچەماڵ | ٥٦٦٤,٨ | ٠ | ٣٤٨ | ١٧٠ | ٥٧ | ٤٥,١ |
| خانەقین | ٢٧٤١,٤ | ٨ | ١٨٩ | ١٧٠ | ١٩ | ٢١,٨ |
| کەلار | ١٧٥٠,٧ | ٥ | ١٦٤ | ١٥٠ | ١٤ | ١٣,٩ |
| سەرجەم | ١٢٥٧٢,٣٩٢ | ١٣ | ٩٠٨ | ٨٠١ | ١٠٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: پرۆفایلی پارێزگای سلێمانی وئیدارەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨، ل٥٢

ژمـارەی دانیشـتوانی ئیـدارەی گەرمیـان بـە هـەر سێ ناحیەکـەی قـەزای خانەقینـەوە (٦١٣) هـەزار کـەس دەبێـت، ژمـارەی دانیشـتوانی بـە پێـی فۆرمـی خـۆراك لـە سـاڵی (٢٠٠٨)دا دەکاتـە (٣٦٤٢٦٦) کەسـە، کـە پێچەوانـەی سیسـتەمی سـەرژمێری دانیشـتوانە و کارتێکـردنی جۆراوجـۆری لەسـەر دانیشـتوانی ئـەم قەزایانـە هەبـووە، گـەر سـەرنجی خشـتەی خـوارەوە بدەیـن دەبینیـن ژمـارەی دانیشـتوانی قـەزای کـەلار لەقـەزاکانی تـر زیاتـرە دەکاتـە (١٦٥١٧٧) کـەس و دواتریـش قـەزای چەمچەمـاڵ دێـت کـە دەکاتـە (١٤٠٩٧٣) کـەس بـەڵام دانیشـتوانی قـەزای خانەقـی تەنهـا ئـەو ناحیانـە دەگرێتـەوە، کـە سـەر بـە ئیـدارەی گەرمیانـن، یـان لـە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١) ڕزگارکـران و خرانـە سـەر پارێـزگای کەرکـوك و ئیـدارەی گەرمیانی ئێستا وەلێ ڕاستییەك هەیـە لـە ئامـاری قـەزاکانی کـەلار و کفـری و چەمچەمـاڵ کە زۆرێـك لەدانیشـتوانی ئـەم قەزانـە فۆرمـی خۆراکیـان گواسـتۆتەوە بـۆ پارێـزگاکانی (کەرکوك و سـەلاحەدین و بەعقوبـە) ئەژمـار نەکـراون بۆیـە ژمارەکـە زۆر لـەوە زیاتـرە کـە لـە خشـتەکەدا خراوەتـەڕوو، سـەیری خشـتەی ژمـارە (١١) بکـە:

خشتەی ژمارە (١١)

دابەشبوونی ڕێژەی دانیشتوان بە پێی قەزا لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی (٢٠٠٨)

| ز | ناوی قەزا | دانیشتوان | ڕێژەی سەدی لە دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان پێکدێنێت |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای کەلار | ١٦٥١٧٧ | ٪ ٤٥,٣ |
| ٢ | کفری | ٤٥٣٥٦ | ٪ ١٢,٥ |
| ٣ | چەمچەماڵ | ١٤٠٩٧٣ | ٪ ٣٨,٧ |
| ٤ | خانەقی | ١٢٧٦٠ | ٪ ٣,٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٦٤٢٦٦ | ٪ ١٠٠ |

سەرچاوە: پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی وئیدارەی گەرمیان، پاشکۆی زانیاری، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨

بە ڕێژەی (٤٨،٦ ٪) نێر و (٥١،٤) مێ دابەشبووەکە زۆرترینی ڕێژەی مێ لە قەزای (کفری) دایە کە (٥٤ ٪) لە ڕووی ئاینییەوە، ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانەکەی موسڵمانە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٩٩،٥ ٪) و قەزاکانی کفری و چەمچەماڵ (١٠٠ ٪) موسڵمانن، وەلێ قەزاکانی کەلار و خانەقی دەکاتە (٩٩ ٪) ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەك مەسیحی و کاکەیی تیادایە، ئاینەکانی تر گەر بوونیان هەبێت زۆر کەمە شیاوی باسکردن نییە، سەیری خشتەی ژمارە (١٢) بکە:

خشتەی ژمارە (١٢)

ڕێژەی پێکهاتەی ئاینی لە ئیدارەی گەرمیان

| قەزا | ئیسلام | مەسیحی | ئێزیدی | کاکەیی |
|---|---|---|---|---|
| کفری | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| چەمچەماڵ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| خانەقی | ٩٩ | ٠,٢ | ٠ | ٠,٨ |
| کەلار | ٩٩ | ٠ | ٠ | ١ |
| ڕێژەی گشتی | ٩٩،٥٠ | ٠،٠٥ | ٠ | ٠،٤٥ |

سەرچاوە: پرۆفایلی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨، ل٥٦

ئێستا ژمارەی دانیشتوانی کەلار دەخەملێنرێت بە زیاتر لە (٢٢٦) هەزار کەس، بە یەکێك لە قەزا گەورەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و عێراق دادەنرێت، ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە[1] تادێ جوانتر و گەورەتر دەبێ سەیری وێنەی ژمارە (٧) بکە:

وێنەی ژمارە (٧)

شـــاری کـــەلار



سەرچاوە : کاری توێژەر

لەڕووی نەتەوەییەوە لە ئیدارەی گەرمیاندا هەر سێ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان دەژین بەڕێژەی (٩٦٪) کورد و (٣٪) عەرەب و (١٪) تورکمان، کە زۆرترین ڕێژەی کورد لە چەمچەماڵدایە کە (١٠٠٪)ی پێکهاتەی دانیشتوان دەگرێتەوە، وە زۆرترین ڕێژەی عەرەب و تورکمان لە قەزای کفری دایە، هەرچەندە ئەمیش بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا، نەتەوەکانی تر کەمیان کردووە و تەنها کورد زیادی کردووە، لە ئێستادا ئەم ئامارانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی و تا دێ بەهۆی خراپی ڕەوشی ئەمنی و ململانێی مەزهەبی و نەتەوەییەوە، چەندین خێزانی عەرەب و هەندێك جار تورکمانیش هاتوونەتە ئەم سنوورە و نیشتەجێبوون، هەرچی نەتەوەکانی (ئاشووری و کلدان و ئەرمەنی)ین لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیاندا نابینرێن سەیری خشتەی ژمارە (١٣)بکە :-

١- عەبدوڵلا شێخ ئەنوەر، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، چاوپێکەوتن لە ٢٠١٢/١/٧

خشتەی ژمارە (١٣)

ڕێژەی نەتەوەکان لە قەزاکانی ئیدارەی گەرمیاندا لە ساڵی (٢٠٠٨)

| قەزا | کورد | تورکمان | ئاشووری | کلدانی | ئەرمەنی | عەرەب |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کفری | ٨٨ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| چەمچەماڵ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| خانەقی | ٩٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| کەلار | ٩٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ڕێژەی گشتی | ٩٦ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ |

سەرچاوە: پرۆفایلی پارێزگای سلێمانی وئیدارەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٠٨، ل٥٥

گەرمیـان ناوچەیـەکی پـڕ بایـەخ بەڕێـوە دەبـات، کـە ڕووبەرەکـەی نزیکـەی (٥٠٠٠) کچـگ دەبێـت، لـە ڕووبـەری (٤٣) دەوڵـەت و یەکـەی سـیاسی جیهـان گەورەتـرە، دانیشـتوانەکەی نزیکـەی (٦١٣) هـەزار کەسـە کـە لـە ژمـارەی (٤٦) دەوڵـەت و یەکـەی سیاسی زیاتـرە، بۆیـە ئـەرکی ئـەم ئیدارەیـە کەمـتر نییـە لـە بەڕێوەبـردنی دەوڵەتێـك، سـەدام و بەعـس سـیماکانی ژیانیـان سـڕییەوە، لـە پـاش ڕاپەڕیـن هاتینەسـەر وڵاتێـکی تـەواو وێـران، لـە مـاوەی شـەڕی ناوخـۆی خۆیشـماندا (١٩٩٤- ١٩٩٧) دواتریـش حاڵـەتی نـە شـەڕ نـە ئاشـتی درێـژەی هەبـوو هێنـدەی تـر خـاك و خەڵـکی وڵاتەکەمـان پڕوکاند، بوونیاتنان لە سفرەوە ئاسـانترە وەك سـەر لە نـوێ نۆژەنکردنـەوەی کەلاوەیـەك، بۆیـە ئەرکـی تێکدانـی شـتە خراپـەکان و بونیاتنانـەوەی بـە شـێوەیەکی باشـتر، کەوتۆتـە ئەسـتۆی گەرمیانییـەکان کـە دەڵێـن شـتە خراپـەکان مەبەسـتمان تەنهـا بینـا و جـادە و ڕێگاوبـان، تـا دوایـی نییـە، بەڵکـو مەبەسـتمان ئـەو پـەروەردە خراپـەی سـەردەمی شـەڕ و زمانـی گوللەیـە، کـە تـا ئێسـتایش کەسـانێك لـەو زمانـە زیاتـر نازانـن، گەرمیـان لـە ئێسـتادا لـە هیچـی کـەم نییـە، ئـاوی زۆر و خـاکی بـە پیـت و نـەوت و گازی سروشـتی و هێـزی کاری پێوسـتی هەیـە، بـۆ ئـەوەی گەشـە بـکات و پێـش بکەوێـت، تەنهـا ئـەوە نەبێـت بەدیدگایـەکی نوێـوە کار بـۆ وەبەرهێنـانی توانـاکانی بکرێـت، بـەڵام زۆر بەداخـەوە تاوەکـو ئێسـتا ئـەو دیـدگا نوێیـە بـەدی ناکرێـت لـە کۆتاییـدا، هیـوای سـەرکەوتن بـۆ هەوڵـە باشـەکانی ئیـدارەی گەرمیـان دەخوازیـن، گەرمیـان چـاوەڕوانی کاری باشـتر و زیاتـرە، کار بـە

بنەمای (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) بکەن، بۆ ئەم قۆناغە باشترین دەسکەوتە، چونکە کەسی شیاو بیر دەکاتەوە و خەونی جوانی هەیە و دەیهێنێتە دی، بەڵام کەسی نەشیاو فریای ئەوەش ناکەوێت خەمی خۆیشی بخوات[1]، ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) چاپی لەندەنی کە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی نێودەوڵەتییە لە ژمارەی (١٢٥٤٣)ی نیسانی (٢٠١٣) ڕیپۆرتاژێکی بە ناونیشانی (قەڵای شێروانەی مێژوویی لە هەرێمی کوردستان سەما و هۆزێکی گەلانی جیهان لە باوەش دەگرێت) بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا ئامادەکاری ڕیپۆرتاژەکە باس لە سێیەمین فیستیڤاڵی کەلتووری گەلان و شاری کەلار و قەڵای شێروانە دەکات، کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگ (معد فیاض)ەوە ئامادەکراوە، ئەوە خراوەتەڕوو لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی کەلتووری گەلاندا، هاوڵاتیانی شاری کەلار بە جلی کوردی ئاڵو واڵاوە بینەری تابلۆ هونەرییەکانی گروپە بەشداربووەکانی فیستیڤاڵەکە بوون، لە بەشێکی تری ڕیپۆرتاژەکەدا مێژووی درووستبوون و شارستانییەت لە شاری کەلار خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەکراوە، کە شاری کەلار لە ئێستادا لە قەزا گەورەترە و لە پارێزگا بچووکترە، هەروەها لەلایەن (حکومەتی هەرێمی کوردستان) شاری کەلار کراوە بە ئیدارەی سەربەخۆ و هاوشێوەی پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەر لە درێژەی ڕیپۆرتاژەکەی (معد فیاض) باس لەوە دەکات لەگەڵ چونە ژوورەوەیان بۆ شاری کەلار لەلایەن ئاڵای کوردستانەوە پێشوازییان لێکراو سەرسامی خۆی بەرامبەر ئاوەدانی و گرنگی شاری کەلار نیشان دەدات و ئاماژە بەوە دەدات جادە و شەقامەکانی شارەکە ڕێکخراوە و بیناکانی بەرز و خانووەکانی فراوانن[2]، وەزیری ڕۆشنبیری لاوان و (کاوە مەحمود) لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکە ڕوونیکردووەتەوە، کەلار لە ساڵی (١٩٩١) دا شارۆچکەیەکی و وێران و کاولکراو بوو، بەڵام بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم ئێستا بووەتە شارێکی گەشە سەندووی فراوان، لە بارەی دەست نیشانکردن و هەڵبژاردنی کەلار بۆ بەڕێوەچوونی کەلتووری گەلان، وەزیری ڕۆشنبیری بۆ (شرق الاوسط) وتیشی لە ماوەی ڕابردوودا ناوچەکە ڕووبەڕووی کاولکاری و ماڵ وێرانی بۆتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە ڕێگەی ئەم کارەوە ئەو پەیامە بە هاوڵاتیانی شارەکە بدەین کە دانەبڕاون لە گەلانی جیهان، لە درێژەی لێدوانەکەی دا بۆ ڕۆژنامەکە وتویەتی: ئەم شارەی کە ئێستا پێشکەوتووە و هاوچەرخ و گەشەسەندووە، تا پێش ساڵی (١٩٩١) شارۆچکەیەکی وێران

١-دەرباز محەمەد، وێب سایتی ئیدارەی گەرمیان

٢-معد فیاض، الجریدة الشرق الاوسط، عدد(١٢٥٤٣ )، نیسان، ٢٠١٣

بـووە بـە هـۆی بۆردومـانی فڕۆکـەکانی ڕژێمـی پێشـوو لـە چوارچێـوەی شـاڵاوەکانی ئەنفالـدا، لەلایـەن (حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان) سـەر لـە نـوێ ئـاوەدانی کردۆتـەوە[1]، خانووبـەرە لە شـاری کـەلار گرانـترە لـە هەمـوو شـارەکانی تـری کوردسـتان، هەروەهـا ناوچەیـەکی بازرگانییەو لـە سـنووری نێـوان ( عێـراق- ئێـران ) دەروازەیـەکی بـازرگانی گرنـگ هەیـە.

## خاڵە پرشنگدارەکانی بە پارێزگابوونی گەرمیان

١- هەڵکەوتـەی جوگـرافی هـۆکاری سـەرەکییە، زەرورەتی بـە پارێزگابـوونی کـەلارە، نزیکتریـن پارێـزگا لێیـەوە (١٤٤)کـم دوورە، ئـەم دوورییـە وا دەکات بـازاڕ بـۆ خـۆی درووسـت بـکات و پشـت بـە خـۆی ببەسـتێت، لـە بـوارەکانی تریشـدا زانکـۆ و فڕۆکەخانـە ..هتـد.

٢- ڕووبـاری سـیروان کـە بـە تەنیشـتیدا دەڕوات و چەنـد مەترێـك لێیـەوە دوورە، لـە زۆرێـك لەشـارەکانی تـردا نییـە.

٣- دانیشـتوانی کـەلار چووسـت و چالاکـن و زینـدوون بـە کارگـەی بچـووك و گـەورەوە کـە (١٨٠) کارگـەی تێدایـە، جگـە لەمـە لـە شـارەکانی تـردا لـە کـۆی بـوارە جیاوازەکانـدا بـوون و ئامادەییـان هەیـە.

٤- لـە ناوچـەی گەرمیـان کـە تـا ئێسـتاش لەلایـەن ئیـدارەی گەرمیانـەوە بەڕێوەدەبرێـت و پێشـتر بـە پارێـزگای کەرکـوك ناسرابـوو، ڕووبەرێـکی فـراوانی هەیـە کـە دەگاتـە (١٠) هـەزار کـم[2]، واتـە هێنـدەی ڕووبـەری ئێسـتای سـلێمانی و نزیکـەی دوو ئەوەنـدەی پارێـزگای دهـۆك و کەمـترە لـە پارێـزگای هەولێـر، کەواتـە گەرمیـان بـە واقعـی جوگـرافی و مرۆیـی و مێـژووی پارێزگایـە، بـەڵام بـە فەرمـی بـە پارێـزگا نەنـاسراوە.

٥- نزیـکی لـە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق پەیوەندیـکردن لێـرەوە دەسـت پێـدەکات، خاڵـی پێکـەوە گرێـدانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و حکومـەتی ناوەنـدە، ئەمـەش جوڵـەی زۆری داوەتـە کـەلار.

٦- بـوونی (٤) مـەرزی سـەرەکی کـە (٨٠ ٪)ی بازرگانـەکان خەڵـکی کـەلارن و داهاتەکـەی زۆربـەی هـەرە زۆری لـە نـاو کـەلارەوە دابـەش دەکرێـت بـۆ شـارەکانی تـر.

٧- بوونی قەڵایەکی جوان و مێژوویی دەبێتە پێناسەیەك بۆ ناساندنی کەلار.

---

١- کاوە محمود، لێدوان بۆ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)، هەمان سەرچاوەی پێشوو،

٢- دەرباز محمد عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

٨- بوونی نزیکە (٦٥٠٠٠) دۆنم بەراو لە کەلار و دەوروبەری ئەم ڕێژەیە لە هیچ قەزایەکی تردا نییە[١].

٩- پێگـەی کـەلار سـەنتەری ناوچـەی گەرمیانـە، بـە کەمتریـن دووری هەموو قـەزا و ناحیەکانی گەرمیـان دەگەنـە کـەلار، هەروەهـا دامـەزراوەکانی پاریـزگا، بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکان، زانکۆی گەرمیـان.. هتـد.

١٠- بوونی زۆری ژمارەی دانیشتوان و هاوکات گەشکردنی بەرچاوی دانیشتوان بە بەردەوامی بەدی دەکرێت.

١١- بوونـی چەندیـن بیـرە نـەوت و کانزاکانـی سروشـتی، کـە دەبنەهـۆی بەهێزبوونـی ئابـووری و هاتنـی کەرتـی تایبـەت و ڕەخسـاندنی هەلـی کار.

١٢- گەرمیـان جیـاواز لـە ناوچەکانـی تـر لـە سـەرەتای پاییـزەوە بـە بارانێکـی کـەم ناوچەکـە شـین دەبێـت ئەمـەش وایکـردووە کاتێکـی گونجـاو بێـت بـۆ گەشـتیاران[٢].

خشتەی ژمارە (١٤)

ناوی پارێزگارەکانی کەرکوك و سەرپەرشتیارانی ئیدارەی گەرمیان

| ز | ناوی پارێزگار | بەرواری دەست بەکاربوونی | بەرواری کۆتایی هاتنی کارەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | مستەفا قادر محمود | ٢٥ / ١٢ / ١٩٩٢ | ٦ / ٢ / ١٩٩٤ |
| ٢ | عبدالکریم حاجی کاکە حەمە | ٦ / ٢ / ١٩٩٤ | ٨ / ١٠ / ١٩٩٤ |
| ٣ | أسحان نجم محی‌الدین | ٢٥ / ١٠ / ١٩٩٤ | ٢٧ / ١ / ١٩٩٦ |
| ٤ | جلال جوهر عزیز | ٢٧ / ١ / ١٩٩٦ | ٦ / ٢ / ٢٠٠٠ |
| ٥ | رفعت عبدالله حمەرەش | ٧ / ٢ / ٢٠٠٠ | ٢١ / ٤ / ٢٠٠١ |
| ٦ | ڕزگار علی حمە جان | ٧ / ٥ / ٢٠٠١ | ٢٠ / ٣ / ٢٠٠٣ |
| ٧ | سعید احمد محمد | ٢١ / ٣ / ٢٠٠٣ | ٦ / ٨ / ٢٠١١ |
| ٨ | صلاح الدین محمد فرج | ٧ / ٨ / ٢٠١١ | تا ئێستا |

سەرچاوە: ١- پارێزگای کەرکوك، ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ساڵانی (٢٠٠١/٢٠٠٢)
٢- ئیدارەی گەرمیان، کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ٢٠١٠ - ٢٠١١

١- چاوپێکەوتن: جواد وادی سەعید، بەڕێوەبەری گشتی شاروانییەکانی گەرمیان.

٢- چاوپێکەوتن: پشتیوان عبدالکریم، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان

**بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان :**

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندرووستی گەرمیان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان.

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری گەرمیان.

٦ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان.

٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان.

٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری گەرمیان.

**بەڕێوەبەرایەتییەکان:**

١- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان.

٤- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان.

٥- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای گەرمیان.

٦- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکە مەدەنییەکانی گەرمیان.

٧- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی گەرمیان.

٨- بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی گەرمیان/کەرکوك.

٩- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان.

١٠- نووسینگەی پاسەپۆرتی گەرمیان.

١١- نووسینگەی ڕابەریکردنی مەعنەوی گەرمیان.

١٢- بەڕێوەبەڕایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگەی گەرمیان.

١٣- بەڕێوەبەرایەتی گومرکی گەرمیان.

١٤- بەڕێوەبەڕایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی گەرمیان.

١٥- بەڕێوەبەڕایەتی باجی خانوبەرەی میری گەرمیان

١٦- بەڕێوەبەڕایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان.

١٧- بەڕێوەبەڕایەتی خانەنشینی گەرمیان.
١٨- بەڕێوەبەڕایەتی گەنجینەی گەرمیان.
١٩- بەڕێوەبەڕایەتی دەروازەی مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان.
٢٠- بەڕێوەبەڕایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان.
٢١- نووسینگەی مافی مروڤ لە گەرمیان.
٢٢- بەڕێوەبەڕایەتی حەج و عومرەی گەرمیان.
٢٣- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان.
٢٤- بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری گەرمیان.
٢٥- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان
٢٦- فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان.
٢٧- بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان.
٢٨- بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی گەرمیان.
٢٩- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان.
٣٠- بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان.
٣١- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان
٣٢- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان.
٣٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی گەرمیان.
٣٤- بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان.
٣٥- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان.
٣٦- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان.
٣٧- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت و گاز بەشی گەرمیان
٣٨- نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی گەرمیان.
٣٩- کۆمپانیای گشتی خۆراك /لقی گەرمیان.
٤٠- بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی گەرمیان.
٤١- بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان
٤٢- بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان
٤٣- بەڕێوەبەرایەتی بانکی کشتوکاڵی گەرمیان.
٤٤- بەڕێوەبەرایەتی کار و ڕاهێنانی پیشەیی گەرمیان.

٤٥- بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان.

٤٦- بنکەی قەرزی بچووك لە گەرمیان.

٤٧- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گەرمیان.

٤٨- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی گەرمیان

٤٩- بانکی خانوبەرەی گەمیان

٥٠- بەشی نشینگەی گەرمیان

## شاری کەلار لە ڕووی سیاسییەوە

گەرمیان هەمیشە کوانووی شۆڕش و شوراو قەڵای بەهێزی کوردایەتی بووە، لە مێژوودا بەردەوام مەیدانی ململانێ و گۆڕەپانی خوێناوی ئیمپراتۆریەت و زلهێزانی دنیا و وڵاتانی دراوسێ بووە، پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستاندا بووە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە چەندین پێدراوی بەرجەستە هەن، کە لە باری جوگرافی و کاریگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، تیشك خستنە سەریان بە سانایی دەردەکەون، جوگرافیای گەرمیان کە بە زنجیرە چیاکانی حەمرین کۆتاییان دێت وەك سنووری کوردستان، لەگەڵ سنووری جوگرافی نیشتمانی عەرەبدا کێشەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا، پێشتریش لە ڕووی مێژووییەوە بەڕێککەوتنە سەربازیی و ململانێ سیاسییەکانەوە گەرمیان هەمیشە وەك قەڵغانێك لە پێش ئەو لێشاوە پەلامار و هێرشانەوە بووە بۆ سەر نیشتمانی کورد، هەر بۆیە لە قوربانیدان و خوێنبەخشین و زەبروزەنگ و داپڵۆسین پشکی شێری بەرکەوتووە، کەلاریش ناوەندێکی گرنگ و قوربانییەکی زۆر و گۆڕەپانی ئەو ململانێیانەبووە، هەر بۆیە لەم ناوچەیەدا، چەندین قەڵا و قوللەی سەربازی درووست کراون تا ئێستاش ئاسەوارییان ماوە، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەوەندەی زانیاری و بەڵگەمان دەست کەوتبێ هەندێ لەو ڕاستیانە بخەینە ڕوو:-

ئەم ناوچەیە زۆر کۆنە و لە مێژە ئامادەیی لە کایە سیاسییەکاندا هەبووە، بۆتە گۆڕەپانی ململانێی زۆرێك لە دەوڵەتانی زلهێز و دواین جار ناکۆکی و شەڕی خوێناوی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی جیا لەوەی گەرمیان بەشێکی کەوتۆتە

سنووری سـەفەوییەکانەوە هـاوکات دەروازەی پەلاماردانیـان بـووە بـەرەو بەغـدا، بەهەمـان شـێوە زۆرجاریـش عوسـمانییەکان لـە گەرمیانـەوە بـەرەو بەغـدا ڕۆیشـتوون جیا لـە پەلامارەکانی نێوان هـەردوو ئیمپراتۆریـەت، هەربۆیـە لـە دەوروبـەری کـەلار چەندیـن گـرد و قوللـە و قـەڵا هەیـە و زۆریشـیان ڕاسـتەوخۆ لەسـەر کەنـاری ڕووبـاری سـیروانن کـە لەنێوانیانـدا سـنووری جیاکـەرەوە و ڕووبەڕووبوونـەوە بـووە، هـەر لـە قـەڵای پاشـا و قـەڵای شـێروانە و گردەگۆزینـە و بنگـرد و قوللەسـوتاو و قوللەبـەرز و قوللەبرنجـی ..هتـد، ئەمانـە کۆمەڵێـك ئاسـەوارن تـا ئێسـتاش شـوێنەواریان مـاوە، سـوڵتان سـەلیمی قانـوونی لـە سـاڵی (١٥٣٣) دوای گرتنـی ڕۆژهـەڵاتی ئەنـادۆڵ و ئازربایجـان گەیشـتنە ناوەنـدی فـارس و بـەرەو عێـراق کەوتنـەڕێ، لـە ڕۆژی (٩) جەمـادی یەکـەم گەیشـتنە قـەسری شـیرین لـە ڕۆژی چوارشـەممەی هەمـان مانگـدا گەیشـتنە ڕووبـاری سیروان بەهـۆی بـاران و لافـاوەوە لـەوێ مانـەوە تـا (١٦)ی مانـگ دواتـر ڕوویـان کـردە کۆشـکی سیلان-شـێلان، دواتـر لـە ڕووبـاری نارێـن پەڕینـەوە بـۆ حەمریـن لـە سـاڵی (١٥٣٤) بەغدایـان داگیرکـرد، هەروەهـا ناوچـەی کفـری بـە زەندئابادەوە کەوتۆتـە نێوان بـەرداشی سێ هێـزەوە دەوڵەتی سـەفەوی و عوسـمانی و میرنیشـینی بابـان، بۆیـە بەدرێژایـی چـوار سـەدە گـۆڕەپانی شـەڕو پێکـدادان بـوون، کـە بوونـە هـۆی ڕووخانـدنی هەندێـك لـە شـارەکانی وەك کۆشـکی شـیلان و زەنـد ئابـاد، بـەرەدان و شـێروانە لـە دوای کـوژرانی سـلێمان پاشـا ئیـدی میرنیشـینی بابان شـەڕ و ناکۆکیـی و پەنابردن هەریەکـە و بـۆ دەوڵەتێـك بـەردەوام بـوو لـە نێـوان ئەندامـانی بنەماڵـەدا هەوڵیانـدا بـۆ گەڕاندنـەوەی عەبدولڕەحـمان پاشـا، بـۆ دەسـتخسـتنی میرنیشـینی بابـان بـەڵام وەزیـر عـەلی پاشـا ڕازی نەبـوو، هێـزی نـارد بـۆ هـاوکاری کـردنی خالیـد پاشـا و خۆیـشی لـە سـاڵی (١٨٠٦) زایینـی لـە بەغـداوە دەرچـوو، گەیشـتە زەهـاو و چـاوەڕوانی فەرمـانی جەنگـی دەرکـرد وەزیـر عـەلی پاشـا هێزێـکی بەسـەر پەرشـتی (سـلێمان کەهییـە) نـارد بـۆ یارمـەتی خالیـد پاشـا و خۆیـشی گەڕایـەوە بـۆ شـێروانە، لـە پـاش دەنگوبـاسی شکسـتی هێـزەکان لـە قۆڵـی مەریوانەوە هەندێـك لـە هێـزەکان گەیشـتە (قزڵڕبـات) و وەزیـر شـێروانەی بەجێهێشـت و گەیشـتە کفـری ڕەوشـەکە تادەهـات ئاڵۆزتـر دەبـوو هەمـوو ڕێگایەکیـان گرتەبـەر بـۆ لـە نـاو بـردنی مەحمـود پاشـا لـە میرنیشـینی بابـان و دانـانی عەبدوڵـلا پاشـا لـە جێگاکـەی، وەزیـر هێزێـکی تـری ئاراسـتەی زەندئابـاد کـرد و هێزەکـە گەیشـتە کـەرتی گـۆش و زەندئابـاد و لەوێـوە چـووە شـێروانەو دەواریـان هەڵـدا و (٤٠) ڕۆژ مایـەوە، لـە هەمـان کاتـدا شـازادە فەرمانـداری عەبدوڵـلا پاشـا (٤ بـۆ ٥) هـەزار سـەربازی ئاراسـتەی شـارەزوور کـرد، بەغـدا بـۆ بەرەنـگاری

ئـەو هێـزە، هێزەکـەی لـە شـێروانەوە جوڵانـد بـۆ بازیـان[1]، شـێخ مەحمـود لـە شـەڕی شـوعەیبەدا بەشـداری کـرد بـە ناوبانگترین سـەرداری کوردبـوو، هێـرشی لە شـکری عوسـمانی و چەکـدارانی کـورد و عـەرەب بـۆ سـەربازگەی شـوعەیبە بەرەبەیـانی دوانـزەی نیسـانی سـاڵی (١٩١٥) دژی ئینگلیـز بـەشی هـەرە زۆری ئـەو سێ هـەزار کـوردەی چوونـە شـەڕی ئینگلیـز، بریتـی بـوون لـە لایەنگرانی (شـێخ مەحمـود) و کوڕگـەلی داودە و (حاجـی قـادری مەحمـودی شـاتری) و دەلـۆ و زەنگەنـە و هەمەوەنـد و جـاف دەوروبـەری کـەلار[2] لـە ئـازاری ١٩١٦ لـە (٣) قوڵـەوە ڕووسـەکان هێرشـیان کـردە سـەر باشـووری کوردسـتان (خانەقـی، سـلێمانی، ڕەوانـدز) بـەڵام هێـزەکانی عوسـمانی توانیـان بەرپەرچـی بدەنـەوە و پاشەکشـەیان پێبکـەن، ئـەوە بـوو جارێـکی تـر و لـە شـوباتی سـاڵی (١٩١٧) هێرشـیان کـرد و خانەقینیـان داگیرکـرد لـە دوو شـوێنەوە لـە ڕووبـاری سیروان پەڕینـەوە یەکەمیـان لـە باکـووری مەیـدان بـەرەو پێبـاز، دووەمیـان لـە مرواریـیـەوە بـەرەو قـەڵای شـێروانە لـە (٩ی ئایـاری ١٩١٧) داگیرکـرد، عوسـمانییەکان بـە هێزێکـەوە کـە پێکهاتبـوو لـە لیوایـەك سـەرباز، پەلامـاری هێـزەکانی ڕووس بـدەن بـە تایبـەتی لـە بـەرەی مەیـدان، لـە ناوچـەی سـەید خەلیـل دا بنکەیـەکی دیکـەی بەرگریـان دژ بـە هێـزەکانی ڕووس دامەزرانـد، پەلامـاری هێـزی ڕووسـەکانیان لـە نزیـك قـەڵای شـێروانەدا، هێـزەکانی عوسـمانی بـەرەو ڕۆژئـاوا هەڵهاتـن بەرگریـان پێنەکـرا[3]، لـە سـەردەمی گەشـەکردنی بابانییەکانـدا دەسـەڵاتیان گەیشـتۆتە گەرمیـان، هەنـدێ لـە تیـرە و هـۆزەکان زۆرجـاران هاوکاریـان بوونـە شانبەشـانی ئـەوان لـە جەنـگ و بەرخۆداندابـوون، هەنـدێ جاریـش کێشـە هەبـووە لـە نێوان هۆزێـك و بابانییەکانـدا، ئیـدی ماوەیـەکی خایانـدووە و بـە هیمـەتی پیـاو چـاکان و هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی لەلایـەن خۆیانـەوە چارەسـەر کـراون، خەڵـکی چەمچەمـاڵ و سـەنگاو و کـەلار و کفـری و خورماتـوو بەشـداری کاریگەرییـان هەبـوو[4]، شـێخ لـە شـۆڕشی (١٩٢٠) و شـەڕەکانی دوای ئـەو مێـژووەی نێـوان کـورد و ئینگلیـز و هێـزی حکومـەتی تـازە دامـەزراوی عێـراق، لـە کۆتاییـەکانی جەنـگ و لـە تشرینـی یەکەمـی (١٩١٨) و جێگـری حاکمـی گشـتی ئینگلیـز لـە عێـراق (مێجـەر نۆئێـل)ی بـە حاکمـی سیاسی

---

١- سهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تا ساڵی ( ١٩٥٨ )، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل٣٠-٣٩

٢- د. کەمـاڵ مەزهـەر، چەنـد لاپەرەیـەك لـە مێـژووی گـەلی کـورد، ئامادەکـردنی عەبـدوڵا زەنگەنـە، بەرگـی دووەم، ٢٠٠١، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێـر، ل١٨

٣-حسـێن اسـماعیل خـان دەلـۆ، ناوچـەی کفـری لەنێـوان سـاڵانی ١٩١٤-١٩٤٥، چاپخانـەی زانکـۆی صلاح الدیـن، هەولێـر، ٢٠١٤، ل٤٥

٤- شێخ محەمەد شاکەلی، گۆڤاری کەرکوك، ژ/ ٢ساڵی پێنجەم، پایزی ٢٠٠٣، ل٢٩

ناوچـەی لیـوای کەرکـوك دامەزرانـد، ئـەو ناوچەیـە نێـوان زێـی گـەورە و ڕووبـاری سـیروان کـە (ناوچـەی کەرکـوك) بـوو دەگەڕێتـەوە، پیلانـەکانی (نۆئێـل) لـە هەنـگاوی یەکـەم دا لـە ساڵی(١٩١٩) دامەزرانـدنی ئەنجومەنێـکی کارگێـڕی بـوو لـە کەرکـوك دا، ئـەرکی ئـەو ئەنجومەنە هـاوکاری فەرمانڕەوایـانی سیاسی بەریتانیا بـوو لـە ناوچەکـەدا، ئەنجومەنەکـە لـە (١٢) ئەنـدام پێکهاتبـوو بـەم شـێوەیە بـوو (٦) ئەندامـی نوێنـەری کـورد بـوون (٣) ئەندامـی نوێنـەرانی تورك بـوون، عـەرەب و مەسـیحی و جوولەکـە هەریەکـە تەنهـا یـەك نوێنەریـان هەبـوو، لـەو شـەش نوێنـەری کـوردەدا سـێ نوێنەریـان خەڵـکی ناوچـەی کفـری بـوون کـە بریتـی بـوون لـە (جەمیـل بەگـی بابـان)، دانیشـتووی کنگربـان و سـەیدەکانی دانیشـتووی کفـری و (ڕەزا بەگـی فەتـاح بەگـی جـاف) دانیشـتووی کـەلار بـوو[1]، هەروەهـا لـە تشرینـی یەکەمـی (١٩١٨)دا نوێنـەرانی بەریتانیـا چوونـە سلێمانی و (شـێخ مەحمـود) حکومڕانی گرتـە دەسـت، لـە گەرمیـان و دەوروپشـتی کفـری یـەوە ئـەم ناودارانـە چوونـە لای شـێخ و پیرۆزباییـان لێکـرد و پشـتگیری خۆیـان نیشـاندا، وەك (برایـم خـانی دەلـۆ، عـەلی ئاغـای زەنگەنـە، کەریـم بەگـی جـاف، ڕەفعـەت بەگـی داودە، سـەید محەمـەدی جەبـاری)[2] لـە دوانـزەی کانـوونی یەکـەم بـە ڕێککەوتیـن لـە باکـوورەوە بـە نێـو شـیوو و زنجیرەکانـدا ڕۆیشـتین، دواتـر بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵات لـە شـاکەل بـە هـۆی کێڵگـە پـان و فراوانـەکانی دەوری قەرەتەپـە، بەسـنووری لای باشـووری هـەواری جافـەکان دیـاری کرابـوو، هێـزەکانی ئاسـمانی بۆردومانیـان کـرد دەهاتنـە سـەرمان و ئاسـایی پەیوەندییـان پێوەکردیـن، لـە کـەلار ڕۆژی دوایـی ملازمـی فڕۆکـەوان (اریـك راوپ) لـە زەوییـەکی تـازە کێڵـراوی نزیـك ماڵـی (کەریـم بـەگ) نیشـتەوە، وە فڕۆکـەکان لـە جـۆری (ئـەی 090ئیـچ .دی) لـە کاتی خۆیـدا نـە دەتوانـرا، تـەواو بکرێـت بـە ئامێـری پانکەکـە خـۆی، کـە پێشـتر سـواری فڕۆکـە بووین لـە کاری سـوڕانی پانکـەی فڕۆکـە و هەڵکردنی بزوێنەرەکـەی ئاشـنا بوویـن، پێـش ئـەوەی لە کـەلار دەربچیـن هەندێـك نامەم لـە هەڵەبجەوە پێگەیشـت دەرکەوتبـوو (ئەحمـەد و عیـزەت) بیسـتوویانە سـەفەرم کـردووە و لـە سـلێمانی نیـم، کرنۆشـیان بـۆ شـێخ مەحمـود بـرد بـە سـێ قۆنـاغ لـە کـەلارەوە لـە ڕۆژئـاوای سـیروان بـەرەو باکـووری خۆرئـاوام بـڕی، شـەوی یەکـەم لای (شـاتری)یەکانی کانی چەقـەڵ ماینـەوە، شـەوی دووەم لەگـەڵ هارونییـەکان لـە دەشـتە پـان و بەرینەکـەی پێـواز ڕۆژمـان کـردەوە،

١- کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٩٥ ل٥٥

٢- مستەفا نەریمان: پەیوەندییـەکانی نێوان سـلێمانی و کفـری، ڕۆشـنبیری نـوێ، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکـراوەی نـوێ دەری دەکات ژ ( ١٠٦ ) دار الحرية لبغداد، ساڵی ١٩٨٥، ل١٢٥

شـەوی سێیەمیش لای هارونییـەکان لـە کارێـزە ماینـەوە[1] (شـێخ مەحمـود) لـە دوای ئـەوەی دوور خرایـەوە بـۆ هندسـتان لـە گەڕانـەوەی دا لـە (٢١) ئەیلـولی (١٩٢٢)دا گەیشـتە شـاری کفـری، جەماوەرێـکی زۆری لـە ناوچـەکانی تـری کوردسـتانەوە لـە پێشـوازیدا بـوون لـە کـورد و عـەرەب و تورکـمان لـە هەمـوو هـۆز و تایەفـە و خێڵێـك بـە سـواری ئەسـپ و مایـن و وڵاخ بـە چـەکی دەسـتیانەوە زۆربەشـیان بەپێیـان ئـەو دەشـتەی نێـوان کفـری و وێسـتگەی شـەمەندەنەفەریان لـە کنگربـان گرتبووەبـەر، تەنانـەت نەیانهێشـت پێـی بـەر زەوی بکـەوێ بـە بـاوەش لـە فارگـۆنی شـەمەندەنەفەرەکە دایانگـرت و یەکسـەر خسـتیانە سـەر نۆمـا ماینێکی ڕەنـگ ئـاڵ کـە بـە تایبـەت بـۆ بەڕێـزی ئامادە کرابـوو، هەروەهـا لـە بنەماڵـەی سـەیدەکانی کفـری گـەورە پیـاوی ئـەو سـەردەمەیان (سـەید محسـن ئاغـا) و (بابـان زادە، جەمیـل بـەگ) و لـە هـۆزی زەنگەنـە (عـەلی ئاغـا)ی زەنگەنـە و لـە بەگـزادەکانی جـاف کەسانێکی ناودارێـان وەکـو (کەریـم بـەگ و حەمـە بـەگ) لـە هـۆزی دەلـۆ (عەزیـز برایـم خـان و شـەرەفی برایـم خـان) و پـاڵانی و گێـژ و ....هتـد لـە ڕێ و ڕەسـمی هاتنـەوەی شـێخدا ئامـادە بـوون[2] دوابەدوای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی نوێـی عێـراق کـە پێکهاتبـوو لـە هـەردوو ویلایـەتی بەغـدا و بـەسرە، دەوڵەتێـك دوور لـە خواسـت و ویسـتی خەڵکەکـەی و بەبـێ گوێدانـە ڕەنگـە جیـاوازەکان دەوڵەتێکیـان دروسـتکرد، کـە زۆرینـەی خەڵـکی عێـراق دژی بـوو، تەنانـەت خەڵـکی بـەسرەش ڕازی نەبـوون بـەو پێکهاتـە ناچوونییەکـە، ئـەوەی پەلـەی کـرد لـە دروسـتکردنی دەوڵـەتی عێراق ئـەو هەمـوو دەنگـە ناڕەزایـی و خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینانـە بـوو دژی ئینگلیـز دوای شـەڕی یەکەمـی جیهـانی، بەتایبـەت شـۆڕشی گـەورەی بیسـت ئەمـە فاکتەرێـکی گرنـگ بـوو وایکـرد کـە دەوڵەتەکـە دروسـتبکرێ، ئیـدی سـەرەتای دامەزرانـدنی تاوەکـو ناوەڕاسـتی بیستەکان و هاتنـی کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ ساغکردنەوە و چارەسـەرکردنی کێشـەی ویلایـەتی موسـڵ کـورد بەشـێك نەبـوو لـە دەوڵـەتی نوێـی عێـراق، لیژنـەی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ڕۆژی ١٩٢٥/١/٢٧ چوونـە شـاری موسـڵ، لیژنەکـە دابەشـکران بـە سـەر چـوار گروپـدا (موسـڵ، هەولێـر، کەرکـوك، کفـری) پۆرتاڵیـە و فەتـاح بـەگ (زاوای شـێخ مەحمـود) و ئەفسـەری بەریتـانی کۆرنـەر بـۆ ناوچـەی کفـری گروپـی چوارهـەم، لـە ڕۆژی ١٩٢٥ /٢/١٨ دەستی بـە کارەکانی کـرد چـوار ڕۆژی خایانـد، سـەردانی حەمریـن، قەرەتەپـە، دووزخورماتـوو، قادرکـەرەم و ئیبراهیـم (خانچی-زەنگەنـە) و (چـەوری- داودە) و (باسـتاملی - بەیـات)

١- سی، جی ادموندز، کرد ترك عرب، المصدر سابق، ص٣٢٣-٣٢٤

٢- حوسێن سمایل خان دەلۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

و(کەلار - جاف)یان کرد، لە دوای تەواوبوونی کارەکان هەر چوار گروپەکە یەکیان گرت و (٢/٢٧) ڕوویان کردە سلێمانی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ناوچەی کفری لە بەرژەوەندی عێراق بوو[1]، هەرچەندە بە هاتنی لیژنەکە ئەو بیانووانەی خرانەڕوو بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی کوردبوو، بەڵام بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز ڕەچاوکرا بە بێ گوێدانە خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەرچەندە هەندێ بەڵێن و خاڵی لاواز لە بەر کوردان بڕیاری لێوە درا، بەڵام دواتر ئەوانەش جێبەجێ نەکران، کێشەی کورد بووە پرسێکی ناوخۆیی لە عێراقدا دێژە بەدەرخۆنە کرا، ناوچەی گەرمیانیش پێشتر ڕۆڵی کاریگەری هەبوو وەك ئاماژەی پێکرا، لەو دوایەشدا جیا لە شەڕی شوعەیبە و (شێخ مەحمود) دژی ئینگلیزەکان و شۆڕشی برایم خانی دەلۆدا، ئەمانە و چەندین نەبەردی تر دژی داگیرکەران، دواتریش لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەم ناوچەیە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان نواندووە و نوێنەریان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بوونی هەبووە بە پێی دوا ئەنجامی دەنگی گەل، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق بۆ پەرلەمانی وڵات ئەوانەی هەڵبژێران پێیان دەگووت (نائب) یەکەم نوێنەر لە کەلاردا (حەمە بەگی جاف) بووە، لە دوای ئەوەی حکومەتی عێراق دادەمەزرێت لە سەردەمی پاشایەتیدا (حەمە بەگی جاف) بە هەڵبژاردن دەبێتە ئەندام پەرلەمانی عێراق و نوێنەری کەرکوك، لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە (١٩٢٨/٥/١٩- ١٩٣٠/٧/١)دا، (حەمە بەگ) لە ساڵی (١٩٠٤) لە ناو قەڵای شێروانەدا لە دایکبووە، لاوێکی جەربەزە و ڕۆشنبیر و تەنانەت دەستی نووسینیشی هەبووە، ڕۆمانێکی نوسیووە بە ناوی (طاهیر و طاهیرة) بەڵام لە هەڵکەوتی زەمانەدا تیاچووە، لەو ماوە کورتەدا ڕۆڵی کارا و ئەکتیڤی گێڕاوە لە داکۆکیکردن لە سەرخواستە نەتەوەییەکان، لە ماوەی ساڵانی ئینتیدابدا (١٩٢٠-١٩٣٢) حکومەتی عێراق و بەریتانیا چەند ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵییان مۆرکرد لە کۆتایی (١٩٢٩)دا بۆ خۆشکردنی زەمینەی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ، کە ببێتە ڕێگا خۆشکەرێك بۆ سەربەخۆیی عێراق و ئەندامێتی لە کۆمەڵەی گەلان دەستکرا بە دانوستان، بە نزیکبوونەوەی کات بۆ بەیاننامەکە، نوێنەرانی کورد (حازم شەمدین ئاغا نوێنەری لیوای موصل، جەماڵ بابان و ئیسماعیل ڕەواندزی - لیوای هەولێر، حەمە بەگی جاف نوێنەری لیوای کەرکوك، سەیفەدین خەندان و محەمەد ساڵەح نوێنەرانی لیوای سلێمانی) کەوتنە جموجوڵ و پێشکەشکردنی مەزبەتە بۆ سەرۆك وەزیران

١- سهیل خورشید عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧

و نوێنـەری بـاڵا (مەنـدوبی سـامی) بـە مەبەسـتی جێبەجێکـردنی بڕیـارەکانی کۆمەڵـەی گـەلان و داننـان بـە مـافی کـورد بـەڵام داواکارییـەکان ڕەتکرانـەوە[1]، یەکێکـە لـەو (٩) ئەندامـەی نوێنـەرانی کـورد کـە پێداگیرییـان کـردووە لەسـەر مـافی ڕۆشـنبیری بـۆ گـەلی کـورد پەیوەنـدی بـە ڕۆشـنبیرانی ئـەو سـەردەمەوە دەکات و هـەوڵ دەدات کـە مـافی ڕەوای کـورد بـە کاربەدەستانی ئینگلیـز و عێـراق بسـەلمێنێت هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە یادداشـتێکیان بـۆ (عصبة الأمـم) نووسـیوە لـەو یادداشـتەدا، داوای حکومـەتی فیدراڵییـان بـۆ کوردسـتانی عێـراق کـردووە، هەروەهـا یەکێـك بـووە لـەو شـەش نوێنـەرەی کـورد ( عەبدوڵـڵا موفتـی نوێنـەری لیـوای موصـل، جەمـاڵ بابـان نوێنـەری لیـوای هەولێـر، محەمـەد سـەعید حاجـی حوسـەین و حەمـە بەگـی جـاف نوێنـەرانی لیـوای کەرکـوك، سـەیفوڵڵا خەنـدان و صەبـری عـەلی ئاغـا نوێنـەرانی لیـوای سـلێمانی ) لـەو یادداشـتەدا ناڕەزایـی خۆیـان دەربڕیـووە دەربـارەی ئیـدارەی ناوچـەی کوردسـتان و داوایـان کـردووە کـە ئامۆژگارییـەکانی (عصبـة الأمـم) لـەو بارەیـەوە بەجـێ بهێنـن[2] لـە یادداشـتەکەیاندا ئـەو شـەش نوێنـەرەی کـورد لـە پەرلەمـانی عێراقـدا کـە دراوەتـە (مەندوبی بەریتانی لە عێراق) تیایدا داوای جێبەجێکردنی چەندین خاڵیان کردووە لەوانە:

١- هێنانە کایەی لیوای دهۆك.

٢- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی معارفی گشتی.

٣- یەکخستنی کارگێڕی هەر چوار لیواکە.

٤- جێبەجێکردنی خاڵەکانی یاسای زەوی.

٥- دیاریکردنی بودجە بۆ ئەم ناوچەیە[3].

لـە چەنـدیـن سـەرچاوەی تـردا تیشـك خراوەتەسـەر ئـەم هەڵوێسـتە و ئـەو ڕاسـتییانە پشـت ڕاستکراوەتەوە و لەسـەریان نووسـیوە، ، نووسـەرێکی تـر (لیلی نامـق الجـاف) نووسـیوویەتی، لـە شـوباتی ١٩٢٩دا شـەش نوێنـەری کـورد لـە ئەنجومـەنی نوێنـەران یادداشـتێکیان پێشـکەش بـە سـەرۆك وەزیـران کـردووە و تیایـدا ئـەم داواکارییانەیـان خسـتۆتەڕوو:

١- زیادکردنی بودجەی معارف لە کوردستان.

٢- دانـانی یەکەیـەکی کارگێـڕی کـوردی لـە خۆگرتنـی لیـواکانی سـلێمانی و اربیـل و کەرکـوك و

١- مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عێـراق ( ١٩٤٥-١٩٥٨ )، سـەنتەری لێکۆڵینـەوە سـتراتیجی کوردســتان، سـلێمانی ٢٠٠٥، ل٤٣

٢- کەریم بەگی فتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤

٣- السیدعبدالرزاق الحسني، تأریخ الوزارات العراقیة، الجزء الثالث، ص٦٦.

لیوایـەکی تـر دابـنرێ، لـە قـەزا کوردییـەکانی لیوای موسـڵ، هەروەهـا مفەتیشـێکی گشـتی کـورد دابـنرێ کـە تاکـە پەیوەنـدی بێـت لـە نێـوان ناوچـەی کوردسـتان و حکومـەتی ناوەنـدا، [1] هەروەهـا لەگـەڵ پێکهێنـانی لیوایـەکی نـوێ لـە دەڤـەرە کوردنشـینەکانی سـەر بـە لیوای موسـڵ، پـارەی پێویسـت تەرخـان بکرێـت بـۆ بوژانـەوەی ناوچـە کوردییـەکان، دوای کۆبوونـەوەی نێـوان حکومـەتی عێـراق و کۆمیسـیاری بـاڵای بەریتـانی لەمـەڕ داواکارییـەکانی کـورد، لـە ئەنجامـدا دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایـەتی تایبـەت بـە ناوچـە کوردییـەکان و لەگـەڵ لیـوای دهـۆك ڕەتکرایـەوە، وەلـێ دەربـارەی داواکارییـەکانی تـر بەڵێنـدرا لـە داهاتـوودا جێبەجـێ دەکرێـت[2]، هەروەهـا شـاعیری کـورد ئەسـیری لـەم شـیعرەدا وەسـفی ئـەو (٦) نوێنـەرە دەکات و دەڵـێ:

شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەی وەتەن
هێشك گرن بە گیان و بە دڵ هەوڵ و ڕەنج دەدەن
سەر دەستەیە سمایلی سۆران، جەماڵی بابان
نەوزادی پژدەر، ساڵەح بەگی جوان
بێتوو کەسێ بڵێ: چۆنە حەمەد بەگ؟
سەرداری جافی نایە گوفتار و ناونیشان

حەمـە بـەگ و ئەحمـەد موختارجـاف ئامـۆزای یەکبوون و پێکـەوە خەریـکی تـەدارەکی شـۆڕشی چەکدارانەبـوون، لـە عوسـبەتولئومەم و مەنـدووبی سـامی، نـا ئومێدبووبـوون وەك ئەحمـەد موختـار لـەم ڕووەوە دەڵێـت[3]:

ئەم قەراری عوسەبەیە خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هـەر قسەی ڕووتـە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

لـە مانگـی شـوبات سـاڵی (١٩٣٠) نوێنـەرانی کـورد، دووبـارە یادداشـتێکیان لـە بـارەی کێشـەی کـوردەوە داوەتـە مەنـدووبی سـامی بەریتانیـا، هەروەهـا لـە مانگـی مـارسی (١٩٣٠) دا بـۆ بەجێهێنـانی مـافی گـەلی کـورد نامەیـەکی تریـان بـۆ سـەرۆك وەزیـران (عبدالمحوسین

١- لیلی نامق الجاف، کرکوك لمحات تاریخیة، مطبعة خبات، ١٩٩٢، ص٤٣
٢- السیدعبدارزاق الحسني، تأریخ العراق السیاسي الحدیث، جزء الثالث، مطبعة دار الکتب، بیروت، لبنان ١٩٨٣، ص٢٩٠
٣- خوسرەوجاف، مێژووی هۆزی جاف، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل٧٠٦

سـەعدون) نووسـیوە، جـارێ لـە مانگـی شـوباتی (١٩٢٩)دا (جـمال بابـان، حـازم شـەمدین ئاغـا، حەمـە بەگـی جـاف، اسـماعیل ڕوانـدزی، سـیف اللـە خەنـدان) ئەمانـە نائیبـی کوردبـوون لـە پەرلەماندا-عەریزەیەکیـان دا بـە ڕەئیـسی وەزەرا و لـە بـارەی کاروبـاری کـوردەوە داوای هەنـدێ شـتیان کـرد کـە ئەمانـەی خـوارەوە بـوون:

١- یەکێتییـەکی ئیـدارەی کوردسـتان دروسـتبکرێ کـە ویلایەتـەکانی (کەرکـووك- هەولێـر- سلێمانی) بگرێتـەوە ئەمانـە هەمـوو پێکـەوە بـن، لیوایـەك لـە قـەزا کوردەوارییـەکانی (موسـڵ) دروسـتبکرێ چاودێـری کـردنی کاروبـاری ئـەم یەکێتـی ئیدارەییـە لـە ژێـر فەرمـانی موفتیـەکی کـوردی گشـتیدا بـێ، ئـەم موفەتیشـە واسـتە بێـت لـە بەینـی حکومـەتی بەغـداو ئـەم ناوچـە کوردەوارییانـەدا.

٢- پارەی میزانییەی مەعاریفی کوردی زیاد بکرێت.

٣- پارەی کاروباری گشتی تر ئەو ناوچانە زیاد بکرێت.

کـە ئـەم عەریزەیـان دا وەڵامێکیـان دەسـت نەکەوتـەوە، ئـەم جـارەش ڕەئیـسی وەزەرا تـۆزێ شـڵەژاو کەوتـە قسـەکردن لەگـەڵ (مەنـدوبی سـامی) هەردووکیـان قسـەیان هاتـە سـەر ئـەوە کـە بەنـدی یەکەمـی عەریـزەی ئەوانـە جێبەجێبـوونی دروسـت نابـێ، ئەوەنـدە هەبـوو گوایـا وەزارەت دەسـتی دا بەدانـانی ئـەو قانونـە کـە زمـانی ڕەسـمی لـە وڵاتی کـوردەواری زمـانی ڕەسـمی بێـت، ئەوەبـوو لـە (٢٣ی مـارتی ١٩٣٠) نـوری سـەعید وەزارەتی دروسـتکرد جەمـال بابـانی خسـتە نـاو وەزارەتەکەیـەوە مەلیـك فەیسـەڵ و نـوری سـەعید و موستەشـارەکان کۆبوونـەوە لـەم ڕووەوە قسـەیان کـرد:

١- دانانی قانونی بەکارهێنانی زمانی کوردی.

٢- دانـانی دەسـتەیەك لـە وەزارەتی داخلیـەی بەغـداد بـۆ ئـەوە ئەمانـە قانـون و فەرمـان و نیزامـەکان بکـەن بـە کـوردی.

٣- معاونی مدیری کوردی داخلی گشتی کوردی بێت.

٤- قوتابخانـەکان لـە لیـواکانی (هەولێـر- کەرکوك- سلێمانی) لـە ژێـر چاودێری هەمـوو ئەمانە، لـە پێـش دوای هاتنـی سـاڵی (١٩٣٠) جێبەجـێ دەکرێـت، بـەڵام هیـچ کام لەمانـە جێبەجـێ نەکـراو بۆیـە شـۆڕشی شـەشی ئەیلـول بەرپابـوو، چونکـە بـە تـەواوی هەمـوو ئـەو مافانەیـان پێشـێل کـرد[1]، هەڵوێسـتی نیشـتمان پەروەریەکـەی بـوو بۆتـە هـۆی هەڵبژاردنـەوەی بۆ خولی

---

١- عەلائەدیـن سـەجادی، شۆڕشـەکانی کـورد وەکۆمـاری عێـراق، ئامادەکـردن وپیاچوونـەوەی ئەحمـەد موحەمـەدی، دەزگای چـاپ وبڵاوکردنـەوەی، ئەتڵـەس، چاپـی تـاران، ٢٠٠٥، ل١٥-١٧

نوێ و هەروەها لە کەلاریشدا یەکەم قوتابخانەی درووستکرد، سەرەتا لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە ساڵی (١٩٣١)، خانووەکەی خۆی بەخشییە خەڵکی کەلار و کرایە قوتابخانە، هانی خەڵکەکەی داوە مناڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن، یەکەم کەس بووە کچەکەی خۆی لە کەلار خستۆتە قوتابخانە[1]، (حەمە بەگی جاف) لە کۆتایی بیستەکاندا پەیوەندی لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی کوردی ئەو سەردەمە و مرۆڤی ژیری ناوچەی کفریدا هەبووە، بۆ ئەوەی پارتێك پێکبهێنن و لە ئەنجامدا کۆمەڵەیەك بە ناوی (پارتی ئازادی کوردستان)یان پێکهێنا، ئەم کۆمەڵە لە کۆتایی بیستەکانی (سەدەی بیستەم) دامەزرا، لەلایەن ژمارەیەك نیشتمانپەروەر کە پێکهاتبوون لە: جەماڵ بابان، محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا، محەمەد بەگ جاف، شێخ جەماڵ تاڵەبانی، ئیسماعیل بەگ ڕەواندزی، حوسێن حوزنی موکریانی، مەعروف جیاووك، عارف جیاووك، حازم شەمدین ئاغا ...چەندین کەسیتر[2] کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، ئەندامانی ناسراوی ئەم پارتە بریتی بوو لە:

١- ڕەئووف بەگی جەلالی کەرکویی
٢- ئیبراهیم ئەدهەم
٣- شێخ مەحمودی گوڵانی
٤- میرزا تۆفیق قەزاز
٥- ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی
٦- حوسێن حوزنی موکریانی
٧- ئەحمەد موختار جاف
٨- عەلی کەماڵ باپیر
٩ - جەلال حەبیب
١٠- جەماڵ بابان
١١- سەیفوڵڵای خەندان
١٢- سەید محەمدی جەباری
١٣- حازم شەمدین ئاغای زاخۆ
١٤ - مەعرووف جیاووك
١٥- شێخ جەماڵ تاڵەبانی
١٦- شێخ سلێمانی شاکەلی
١٧- مەلاسەعیدی موفتی
١٨- شەریفی سەعیدی هەولێری
١٩ - سەعید وەنداویی
٢٠- صالح زەگی بەگ
٢١ - محەمدی ئاغای عەبدلڕەحمانی ئاغای سلێمانی
٢٢- تۆفیق ئاغای گەڵاڵی
٢٣- وەستا ساڵەحی بەرگ دوور لە کفری
٢٤- ڕۆستەمی محەمەدی مەحمودی ڕوغزایی
٢٥- ڕۆستەمی محەمەدی فەتاحی ڕوغزایی
٢٦- ڕۆستەم حەسەن میکایڵی
٢٧- عـــارف جـیــاوك
٢٨- شێخ ساڵح قەرەداغی[3]

---

١- کریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو ل١٠٣.
٢- محەمەد فاتیح، حزب ورێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٩٤
٣- کریم بەگی فەتاح بەگی جاف، هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی بەشـێك لـە ئەندامـانی ئـەم پارتـە بوونـە کارمەنـدی دەوڵـەتی تـازەی عێـراق و هەندێکیـان کۆچـی دواییـان کـرد، ئـەو پارتـە نەیتـوانی سـەرکەوتووبێت زۆری نەخایانـد ڕێکخـراوە کەیـان تێکچـوو، زیاتـر لـە (٨٠) سـاڵ پێـش ئێسـتا داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانییان کـردووە و لەگـەڵ کەسـانی نیشـتمان پـەروەری ئـەو سـەردەمەدا بـێ جیـاوازی هـۆز و تیـرەکانی کـورد، پارتێـکی ڕامیارییـان بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی خەڵـکی کوردسـتان درووسـتکردووە، کـە نوێنـەرەکانی لـە سەرتاسـەری باشـووری کوردسـتاندا پێکـەوە بـاوەڕی جەمـاوەری بوونیـان دامەزرانـدووە، ئـەو دەمـە پێداگیریـان لـە کوردسـتانی بـوونی کەرکـوك داگرتـووە و بـە ڕسـتەی (بـە کـوردی دەژیـم بـە کـوردی دەمـرم) لـە ڕووی داگیرکـەران و دوژمنـانی کوردسـتاندا وەسـتاون، جارێـکی تـر حەمەبـەگ و مەعـروف جیـاوك نائیبـی هەولێـر یاداشـتێکی تریـان بـەرزکردەوە بـۆ نوێنـەری بـــاڵای بەریتانیـا (س.همفرێـز) و لـەو یادداشـتنامەیەدا جەختیـان لەسـەر خواسـت و داوا ڕەواکانی گـەلی کـورد کـردەوە، لـە ڕۆژی (١٩٣٠/٨/٨) بریـکاری نوێنـەری بـاڵای (مەنـدوبی سـامی) بەریتـانی لـە عێراقـدا (مێجـەر یالـغ) و (جەعفـەر عەسـکەری) و جێگـری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری بەرگـری و وەزیـری ناوخـۆ و داد گەیشـتنە کەرکـوك، کەسـایەتییە نـاودارەکان و سـەرۆك هـۆزەکانی کەرکـوك لـە قشـڵەی کەرکـوك کۆکرانـەوە، سـەرەتا وەکیـلی سـەرۆك وەزیـران بەیاننامـەی کۆمەڵـەی گـەلان لـەسـەر کێشـەی کـورد خوێنـدەوە کـە دەوڵـەتی عێراقیـش ئامادەیـە هەمـوو ئـەو بڕیارانـە جێبـەجێ بـکات، پاشـان نوێنـەری مەنـدوبی سـامی لـە وتارەکـەیدا تەئیـدی قسـەکانی جێگری سـەرۆك وەزیـرانی کـرد و وتی: بـە مەرجێـك یارمـەتی خـاکی عێـراق بـدەن و داوای جیابوونـەوە نەکـەن، عەبدوڵـڵا یەعقـوبی و مستەفا یەعقـوبی دوو کـەسی تورکـمان بـوون وتیـان: ئێمـە زۆر سوپاسـتان دەکەیـن ئـەم لیوایـە پێکهاتـووە لـە تورکـمان و عـەرەب نفوسی ئـەم لیوایـە (١٥٠٠) کەسـە لـەو دوو عونـسرە ئەسـڵەن ئێمـە عێراقیـن نامانەوێـت لـە عێـراق جیاببینەوە، حـەمـە بەگـی جـاف نوێنەری کـــوردی کەرکوك هاتە وەڵام و گـوتی: لیوای کـەرکوك زۆرینەی کـوردن، ئـەوەی تـری ئەمجـارە تورکـمان و عەرەبـن (زەنگەنـە و جـاف و شـوان و جەبـاری) هەمـوو عەشـایەری لیـوای کـەرکوك منیـان کـردووە بـە وەکیـلی خۆیـان، بـەو نـاوەوە داوای جیابونـەوەی کـورد دەکەیـن لـە عێراق، دەمانەوێـت بـە کـوردی بژیـن و بـە کـوردی بمریـن، ئـەوە هەقـی خۆمانـە و دەمـانەوێت تـا دوا هەناسـەمان، عەبدوڵـڵا یەعقـوبی بـە خیـلاف ئـادابی دانیشـتوان وتی: ئـەم زاتـە بـە نـاوی کێـوە قسـە دەکات جـاف سـەر بـە سلێمانییە شـتێکی کەمـی عایـدی کەرکوکـە حـەق وایـە بچێتـە سـلێمانی داوای حەقـی جـاف بـکات،

حەمە بەگ قسەی پێ بڕی و وتی: من بە ناوی سەد و پەنجا هەزار (١٥٠،٠٠٠) جافەوە قسە دەکەم، دوو بارەی دەکەمەوە (کوردم بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم ئێرەش کوردە، هەموو کوردێك داوای حەقی خۆی دەکات) جەعفەر پاشا نوێنەری سەرۆك وەزیران هەڵسا ڕووی کردە (حەمە بەگی جاف) و وتی: بە شەرەفی حکومەتی خۆم تەئمینت دەکەم، بەتەواوەتی بڕیارەکانی عوسبەت ئومەم- تان بۆ جێبەجێ دەکەین، ئەم لیوایەش سوودی لێ دەبینێت[1] (حەمە جاف) لە ڕۆژی ( ١٩٣٤/٥/١ ) لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا بە نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرە کۆچی دوایی کرد، هەرچەندە (کەریم بەگی فەتاح بەگ) دەڵێ: لە تەمەنی (٣٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە بەڵام هەرخۆی لە شوێنێکی تردا لەسەر مێژووی ناوبراو نووسیوویەتی (١٩٠٤- ١٩٣٤) کەواتە لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە نەك (٣٩) ساڵی، تەمەنێکی کورت و بەرهەمێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا سەدان خەونی ڕەنگاڵەیی خستە گۆڕ، بەدڵنیاییەوە مەرگ دەرفەتی بدایە ڕاژەی زۆرتر و بەرهەمی زیاتری پێشکەش بە نەتەوەکەی و ناوچەکەی دەکرد لەگەڵیشیدا کەلار.

## شۆڕشی برایم خانی دەلۆ

لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٢٢ی ئابی ١٩٢٢)دا برایم خان و هەڤاڵەکانی لە دیووی پشتەوە سەرکەوتنە سەر لوتکەی شاخی (باوەشاسوار - باباشاهسوار) و دەستیان کردە تەقەکردنە سەر مەرکەزی پۆلیسخانە، ئەو تەقە نیشانەی هەڵگیرساندنی شۆڕش بوو، دەنگی گوللە شارەکەی لە خەو ڕاپەڕاند، (سەلمنت) زوو کەوتە خۆو ناردییە شوێن ئەم پیاوە ناودارانەی کفری دا (جەمیل بابان، بەهجەت بابان، سەید سلێمان ئاغا، محەمەد سەعید وەنداوی، عوسمان سەلیم وەنداوی) پێکەوە چوونە لای برایم خان لە باوەشاسوار، کە برایم خان چاوی پێکەوتن فەرمانی تەقە وەستاندنیدا بە خێرهاتنی لێکردن، (سەلمنت) بە برایم خانی وت دەست لەم کارە هەڵگرێت، بەرامبەر ئەمە دەتکەمە قایمقامی کفری، برایم خان وەڵامی دایەوە کە ئیتر باوەڕی بە بەڵێنەکانی نەماوە و داوای لێکردن بێ خوێن ڕشتن لە کفری دەربچن[2]، لە سێ لاوە شۆڕشگێڕەکان هێرشیان کردە سەر شار، لە لای ڕۆژئاواوە هێزی هێرشبەر توانی بچێتە ناو شارەوە و جەنگێکی خوێناوی لە گۆڕەپانی سەرادا ڕوویدا شاریان لێبوو بە دۆزەخ، زیاتر لە پەنجا کەس لە سەرباز و پۆلیس

---

١-ساڵەح هەلاج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤-١٨٦

٢-مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوك، چاپی دووەم، ٢٠٠٧، ل١١٠

کـوژران، کاپـتن سـالمۆن ویسـتی لـە دەرگای پشـتەوەی سـەرا بچێتـە دەرەوە تاکـو هەڵبێـت، سـالمۆن ناچاربـوو خـۆی بەدەسـتەوە بـدات، دوای ڕزگارکـردنی شـارەکە ئـاڵای بەریتانیـا هێنرایـە خـوارەوە و ئیدارەیـەکی کاتیـان بەسـەرۆکایەتی برایـم خـان دامەزرانـد، ئەنجومـەنی ئیدارەکـەش بریتـی بـوون لـە (ئەکبەرخـان وەیـس بەگـی دەلـۆ و حەمیـد عەبدولڕەحـمان کارێـزی و حەمەجـان ڕۆغزایـی و حاجـی محەمـەد تەرخـانی و کاکەمەنـد دەروێـش)[١] وەك زانـراوە (برایـم خـان) دوای ڕووداوەکـە بـۆ مـاوەی یـەك مانـگ لـە نـاو جافـدا بـە دە کـەس لە خزمەکانییـەوە پارێـزراوە لـە زەردی ژوورودا میوانـداری لێکـراوە، ئـەو هەواڵـە دەگاتـە دەسـت دامـودەزگای ئینگلیـز و لـەو ڕووەوە هـەواڵ دەگەیەننـە کەریم بەگـی جـاف و پێـش ئـەوەی ئـۆردووی تێکـەڵاوی ئینگلیـز و عێـراق بگاتـە زەرد لـەوێ ئیبراهیـم خـان دوور دەخەنـەوە[٢] دوای شکسـتی سیاسـی و عەسـکەری ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانییەکان لـە ناوچەکە و کوردسـتاندا، ئینگلیـزەکان هێرشـیان کردەسـەر دەڤەرەکـە، گـرژی و ئاڵـۆزی قاتوقـڕی و برسـێتی جەسـتەی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی داگیرکـرد، لـە ئاکامـدا بەریتانییـەکان سـەرکەوتن و بـێ دادی نیزامـی ئـەو ڕژێمـە تـەواوی ناوچـەکانی تەنییـەوە بـە شـێوەیەك کـە دەڤـەری گەرمیـان بـە گشـتی و شـاری کفـری بـە تایبـەتی کردیانـە هەمێـزی زوڵـم و زۆر و چەوسـاندنەوەی خەڵـکی و بـاج و سـەرانەیەکی لـە ڕادەبـەدەری بێڕەوایـان خسـتە سەرشـانی دانیشـتوانی شـار، تـا کار گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەی چەنـد پیاوێـك ناچـار بـوون سـکاڵایان بـردە لای (برایـم خـانی دەلـۆ) لـە دێـی هەیەرەکـەل کـە دواتـر بـە دێـی (برایـم خـان) نێـوزەد کـرا، بـۆ ئـەوەی تەشریـف بەرێتـە لای (سـەلمنت) جێگـری حاکمـی سیاسـی شـاری کفـری و سەرزەنشـت و ئامـۆژگاری بـکات چـی تـر دەسـت لـە خراپـەکاری و زوڵـم کـردن هەڵگـرێ، بۆیـە برایـم خـان دەلـۆ خـۆی و چەنـد پیاوێـك چوونـە لای (سـەلمنت) داوایـان لێکـرد هەڵوێسـتی لەگـەڵ خەڵکـدا بگـۆڕێ، واز لـە ئـازاردان و چەوسـاندنەوە بێنـی لـە وەڵامـدا هەرچەنـدە (سـەلمنت) قایـل بـوو، بـەڵام پـاش گەڕانـەوەی برایـم خـان و هاوڕێیـانی بـۆ گوندەکـە دەسـەڵاتدارانی هانـدا لـە جـاران خراپـتر بکەونـە لێـدان و گرتـن و کوشـتنی خەڵـکی شـار و تـەڕ و وشـکیان پێکـەوە سـوتاند، زیاتـر هەوڵـی چەوسـاندنەوە و بێزارکـردنی پیـاو ماقـووڵ و ناودارەکانیـان دەدا، چونـکی کاری (سـەلمنت) تەنهـا پراکتیزەکـردنی سیاسـەتی بەریتانیـا بـوو، کـە بریتیە لـە سـەپاندنی ئایدۆلۆجیای تایبـەتی دوور لـە ئایینـی ئیسـلام و ئـازاردان و داگیرکـردنی سـەروەت و سـامانی دانیشـتوان، هـەر

١- حسین اسماعیل خان دەلۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥-٩٧

٢- خوسرەو جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥٠

بۆیـە یەکێـکی دانابـوو بـە نێـوی (ئەبـو چۆمـاغ) کـە هەمیشـە کوتەکێکی بەدەسـتەوە بـوو و بێ گوێدانـە هیـچ یاسـا و ڕێسـایەکی (نافـز) لـە هـەر زەمینـە و زەمانێـکدا بیویسـتایە هـەر کەسێ دارکاری بـکات ئـەوا لەبەرچـاوی خەڵکیـدا وە بـۆ چاوشـکاندنی ئەوانیـتر دارکاری دەکـرد، پـاش ئەمـە بـە زەبـر و زەنگـی لێـدان هەمـوو خانووبـەرە و هێڵـی شـەمەندەفەری بێبەرامبـەر بـە خەڵـکی ئـەو شـارە درووسـت کـرد، ئـەم فاکتـەرە و بـە دیلگرتنـی شـێخ مەحمـودی حەفیـد لـە شـەڕی دەربەنـدی بازیانـدا هۆکارێـکی تـر بـوو، بـۆ بڕیـاردان لـە بەرپاکـردنی شـۆڕش هـەر ئـەو کات (برایـم خـان) بـەر لـە دەسـتپێکی شـۆڕش پەیوەنـدی کـرد بـە زۆرینـەی سـەرۆك هـۆز و تیـرە و نـاودارەکانی ناوچەکـە، لەوانـە (هـۆزی زەنگەنـە و گلاڵـی و گێـژ و ڕۆغزایـی و تەرخـانی،،، هتـد) زۆربەیـان ئامادەییـان بـۆ پشـتیوانی شۆڕشـەکە دەربـڕی.

## هەڵگیرسانی شۆڕش

بـەر لـە بەرپاکـردنی شۆڕشـەکە چەنـد جارێـك (سـەلمنت)یان ئاگادارکـردەوە واز لـە خراپـەکاری بهێنـی و ئـەم خەڵکانـە شـایانی ئـەو کـردارە نیـن، لـە وەڵامـدا کۆمەڵێـك گفـت و بەڵێنـی بـە (برایـم خـان) دەدا بـەڵام ڕاسـتگۆ نەبـوو لـە کـرداردا، بۆیـە لـە بـەرە بەیـانی (٢٢/ئـابی/١٩٢٠) شۆڕشـگێڕەکان لـە دیـوی خۆرهەڵاتـەوە هەڵیـان کوتایـە سـەر لوتکـەی (باوەشاسـوار)، کـە دەڕوانێتـە سـەر شـاری کفـری و بـە تەقەکـردن ڕوویـان کـردە مەرکـەزی پۆلیسـخانەکە، کـە کەوتبـووە خـوارووی شاخەکەوە بـەم کارە تـرس و سـامێکی زۆریـان خسـتە دڵـی (سـەلمنت) و دارو دەسـتەکەیەوە، بۆیـە یەکسـەر نـاردی بـە شـوێن چەنـد پیـاو ماقوڵێـکی شـاردا بـۆ ئـەوەی بچنـە لای برایـم خـان و تەکلیفـی لێبکـەن دەسـت لـە بزوتنـەوەی شـۆڕش هەڵگرێـت، هەرچەنـد سـەرەتا ئامـۆژگاری کـرا بـەم کارە هەڵنەسـتێت، چونکـە برایـم خـان لـە دۆخـی هەیەجـان و شـۆڕش دایـە بـەڵام (سـەلمنت) بـێ گوێدانـە کـەس سـوور بـوو لەسـەر کارەکـەی و هەسـتان و سـەرکەوتنە سـەر لوتکـەی باوەشاسـوار برایـم خـان چـاوی پێیـان کـەوت فەرمـانی ڕاگرتنـی شـەڕیدا، دوای پێشـوازی و بەخێرهاتنـی سـەلمنت و ئاوەڵانیـدا، داوای لـە برایـم خـان کـرد بگەڕێتـەوە نـاو شـار و بەرامبـەر بـەوە بکرێتـەوە بـە قائیمقامـی شـاری کفـری، بـەڵام ئـەم قسـە سـوور و سـپیانە کاری نەکـردە سـەر هەڵوێسـتی برایـم خـان و پێیـانی ڕاگەیانـد کـە یەقیـن جارێکیـتر بـاوەڕی بـە بەڵێنـەکانی سـەلمنت و سیاسـەتی ئینگلیـز نەمـاوە، سـەلمنت وەك دیلێـك لای شۆڕشـگێڕان مایـەوە، پاشـان لـە سـەر بڕیـاری فەرمانـدەی شـۆڕش ڕەوانـەی دێـی هەیەرەکـەل دەکرێـت، برایـم خـان فەرمـان دەدات گیـان و کەرامـەتی بپارێزن، دووبـارە بڕیاری

شـەڕی ڕاگەیانـد شۆڕشـگێران بـە تەقەکـردن چوونـە نـاو شـارەوە، دوای چەنـد کاتژمێرێـك شـاریان لـە چەکمـەی داگیرکـەران ڕزگارکـرد و لەلایـەن جەمـاوەرەوە بـە گەرمـی پێشـوازیان لێکـرا، بـۆ ڕۆژی دوای حکومەتێـکی کاتی بـە سـەرۆکایەتی برایـم خـان دەلـۆ دامەزرێـنرا کـە پێك هاتبـوون لـە (وەیـسی بەگـی دەلـۆ و ئەکبەرخـانی بـرای برایـم خـان و حەمیـد و عەولڕەحـمان کارێـزی و کاکەمەنـد ئەمیـن دەروێـش دەلۆیـی و حاجـی ئەمجـەد تەرخـانی و حەمەجـان ڕۆغزایـی)، برایـم وەسـتا مەحـاوی، وەك نووسـەری برایـم خـان و دامـوو دەزگا حکومیـەکان شـارەوانی و پۆلیسـخانە....هتد وەك جـاران ڕێکخـران هەریەکـەو لـە سـەر وەزیفـەی خـۆی دامەزرێـنرا، هـەر ئـەوکات سـەرکردایەتی شـۆڕش ئـەم بڕیارانـەی ڕاگەیانـد:

١. هەرکەسـێك چ لـە شۆڕشـگێران یـان هاوڵاتیـان دەسـت درێـژی بکاتـە سـەر مـاڵ و حاڵـی یەکێـکی تـر ئـەوا بـە تونـدی سـزا ئەدرێـت.

٢. ئـەو ئازووقـە و دانەوێڵانـەی کـە لـە نـاو کـۆگاکانی بەریتانیـا بـوون بـە سـەر جەمـاوەردا بـە پێـی ژمـارەی خێـزان دابەشـکران.

٣. بـە شـێوەیەکی کاتی کارکـردن بـە دراوی عوسـمانی و قەدەغەکـردنی ڕوپیـەی هنـدی، دوای چەنـد ڕۆژێـك حکومـەتی بەریتانیـا بـۆی دەرکـەوت، کـە بەرامبـەر شۆڕشـەکە بـە زەبروزەنـگ هیچیـان پـێ ناکرێـت، ناچـار بـە داوای گفتوگـۆ و دانوسـتانیان لـە فەرمانـدەی شۆڕشـکرد، برایـم خـان لـە وەڵامـدا دەرگای ئاشـتی و دیالۆگـی خسـتبووە سەرپشـت، لـە پێنـاو فەراهـەم و مسـۆگەرکردنی مـافی مـرۆڤ و نەتەوەیـی بـۆ ئـەم کارە (محەمـەد سـەعید وەنـداوی) وەك نوێنـەری شـۆڕش و مـوراد موبـارەك وەك نوێنـەری ئینگلیـزەکان هەڵبژێـردرا بـوون، سـەرەتا بەریتانیـا ئامادەیـی خۆیـی دەربـڕی بـە بەخشـینی (٥٠،٠٠٠) ڕوپیـەی هنـدی بـە برایـم خـان و کـردنی بـە قائیمقامـی کفـری و بەرامبـەر بـە ئازادکـردنی (سـەلمنت) بـەڵام سـەروەت و سـامانی پلـە و پایـەی دنیـا نەیتـوانی هەڵویسـتی سازشـکردنی لەسـەر حیسـابی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و ئایینـی لای (برایـم خـان) درووسـت بـکات، چونکـە هـەر لەسـەرەتاوە بەڵێنـی داماڵینـی بەرگـی چەوساندنەوە و زوڵـم زۆری بـە جەمـاوەری شاردا بـوو بۆیـە پێشـنیارەکەی گـەوار نەکـرد، ئامـاژەی کـرد بـەم خاڵانـەی خـوارەوە :

١- ئازادکردنی شێخ مەحمودی حەفید و گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی.

٢- لەگەڵ گەیشتنی شێخی نەمر بۆ سلێمانی سەلمنت ئازاد دەکرێت.

٣- پـاش جێبەجێکـردنی ئـەم دوو خاڵـە برایـم خـان (٥٠،٠٠٠) ڕووپیـە دەدات بـە بەریتانیـا و پلـەی قائیمقامـی وەرناگرێـت.

دوای بیستنی پێشنیارەکەی فەرماندەی شۆڕش دەسەڵاتدارانی بەریتانیا درکیان کرد، کە ئەمە شۆڕشێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لە چوارچێوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا (برایم خان) سوورە لە خەبات و بەرخۆدان دژی هەموو چەوسێنەر و داگیرکەرێکی کوردستانە، بۆیە بۆ دامرکاندن و کپکردنەوەی شۆڕشەکە هێرشێکی گەورە و زەبەلاحی پڕ چەکیان کردە سەرشۆڕشگێران، پاش شەڕێکی دەستەویەخەیی و قورس و گران داگیرکەران تێکشکێنران بەرەو مۆڵگە و سەربازگەکانیان چوار لاشەیان لێ جێما سەرکەوتنی ئەو شەڕە بە خوێنی کوڕی یەکێك بوو لە ئەندامانی حکومەتی کاتی بە ناوی (حمید عبدالرحمن کارێزی)، بەڵام هەواڵەکە وا بڵاوکرایەوە گوایە برایم خان دەلۆ شەهید کراوە، بۆیە لە ئەو کاتە (ڕەشید محەمەد) وەکو چاودێری سەلمنت دەبێ و لە تۆڵەدا سەلمنت دەکوژێت دواتر بە (ڕەشە حاکم کوژ) نێوزەدکرا، بەڵام ئەم کارە نەك هەر بە بێ فەرمانی فەرماندەیی شۆڕش ئەنجامدرا، بەڵکو (برایم خان) دڵگران دەبێت و لە بری ئەم ڕفتارەدا تووڕە دەبێت لە ڕەشە حاکم کوژ و لای خۆی دەریدەکا، چونکە دیل کوشتن بە کارێکی نامرۆڤانە و دوور لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و دابونەریتی کوردەواری دەزانێ، دوابەدوای شکستخواردنی سوپای ئینگلیز لەو شەڕەدا و کوشتنی (سەلمنت) بەریتانیا بەسەرکردایەتی (مێجەر لونگرێك) حاکمی سیاسی کەرکوك هێزێکی گەورەی خستەگەڕ بۆ سەر شۆڕشگێران لە شاری کفری دا، چەند سەعاتێك شەڕ بەردەوام بوو ناچار فەرماندەیی شۆڕش و سەرجەم ئەندامانی ئەو حکومەتە کاتیە دوای هەڵسەنگاندنی بە پێزی بارودۆخی سیاسی و عەسکەری لەبەر گەورەی و پڕ چەکی سوپای ئینگلیز و بەرژەوەندی و پاراستنی گیان و ماڵی جەماوەر بڕیاری پاشەکشەکردنی هێزی شۆڕشەکەیاندا بۆ دێی هەیەرەکەل و دواتر بۆ ناو داودە و پاشان بۆ هۆمەرمەندان هەر لەوێ (برایم خان دەلۆ) کۆچی دوایی کرد، هەر ئەوکاتە بەریتانیا پارە و پولێکی زۆری بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی تەرخان کرد، بەڵام خەڵکی ئەو دێیە تەرمی پیرۆزی دەگوێزنەوە بۆ (سنێدج) لەسەر چیای ( حەمرین ) بەم کارە پیلانەکەی دوژمن پوچەڵ دەبێتەوە، ئەوەی شایەنی وتنە دوای پاشەکشەکردنی شۆڕشگێران شۆڕشەکە کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو تا ناوەڕاستی تەشرینی دووەم شۆڕشگێران بەردەوامبوون لە خەبات و بەرخۆدان و شەڕی پارتی زانی و دژایەتیکردنی داگیرکەران، لە شاخ و چیاکانی کوردستان بوونە جێی مەترسی حکومەتی بەریتانیا، کردارەکانی ئینگلیز دوای شکستی شۆڕشەکە، دوای کشانەوەی برایم خانی دەلۆ و شۆڕشگێڕان لە شاری کفری و دەوروبەری ئینگلیز بە سەرکردایەتی (مولوی) شاری سوتەمەنی شۆڕشیان دووبارە داگیرکرد و لە تۆڵەی

سـەلمنتدا (١٠٠٠) ڕوپیـە و (٥٠) تفەنگیـان خستەسـەر ئەسـتۆی دانیشـتوانی کفـری دواتـر کەوتنـە گیـان و تاڵانکـردنی خەڵکەکـە، بڕیاریـان دەرکـرد بـە دەسـت بەسـەراگرتنی هەمـوو سـامانی گواسـتراوە و نەگواسـتراوە (الامـوال منقولـة و غیـر منقولـة) دەلـۆکانی شـار و گرتنـی هەمـوو پەیوەنـدی دارەکانی شـۆڕش لەوانـە (محەمـەد سـەعید وەنـداوی و محەمـەد حاجـی نەعـمان بەهجـەت بابـان) پاشـان فڕۆکەیـان خسـتەگڕ بـۆ بۆمبارانکـردن و سـووتاندنی گونـدی دەلـۆکانی دەوروبـەری شـاری کفـری (هەیەرەکـەل و سـەرقەڵا و سـەیدجەژنی و گڵابـات و کاریـز)دا، شۆڕشـگێڕان سـەرباری لـە دەسـتدانی فەرماندەیـی شـۆڕش و شکسـتی بـاری سیاسـی و کەمـی تەقەمـەنی و لاوازی ئابـووری بـۆ نـەزم و نیزامـی بەریتانیـادا سـەرییان نـەوی نەکـرد، هـاوکات فشـارێکی زۆریـان درووسـتکرد بۆیـە حکومـەتی بەریتانیـا لـە کۆتایـی مایـسی (١٩٢١) دا لێبـووردنی بـۆ شۆڕشـگێڕان دەرکـرد، قۆمیسـەر (عـەلی غالـب قاسـم) ئـەو لێبوردنـەی بـە (ئەکبـەر خـان و وەیـسی بـەگ) ڕاگەیانـد، کـە ئـەوکات وەك سەرپەرشـتیاری هێزەکـە بـوون، لـە مانگـی حوزەیـرانی هەمـان سـاڵدا شۆڕشـگێڕان گەڕانـەوە سـەر گونـدە سـووتا و وێـران کراوەکانیـان، پێویسـتە ئامـاژە بـە ڕاسـتییەك بکەیـن کـە نەشۆڕشـگێڕان و نەکەسـوکاریان تـا (شـۆڕشی ١٤ تەمـوزی ١٩٨٥) بـە هیـچ دامودەزگایـەکی حکومیـدا دانەمەزرێـنران و لای دەسـەڵاتدارە یـەك لـە دوای یەکـەکان جێـی متمانـە نەبـوون[1].

---

١- چاوپێکەوتن: د.بــەمــۆ پەروێزخانی دەلــۆ، ئابی ٢٠١٧

# گەرمیانییەکان و شێخ مەحمود

سـەرۆکی ئـەو دەمـەی ئێـلی جاف کەریم بەگـی فەتـاح بەگی جـاف بـوو، پەیوەندی بەشـێخەوە کـرد و داوای لێکـرد بێتـە ناوچـەی گەرمیـان و ناوچـەی ئاوباریـك دانـرا، ئـەو کۆبوونـەوەی ئاوباریـك لـە موڵـکی شـێخ مەجیـدی تاڵەبـانی بـوو، بـەڵام جووتیـارەکانی هـۆزی جـاف بـوون شـێخ مەجید خـۆی سـەر بـە شـێخ بـوو پێـش ئـەوەی شـێخ بگاتـە جـێ تیـرەی گلاڵـی جـاف سـەرکردایەتی کەریـم قوبـاد و حەمـەی کـوڕی و سـەد سـوارێك لـە ئاوباریـك ئامادەبـوون، لـە تیـرەی (سـۆفی وەنـد) سـەد سـوارێك بـە سـەرکردایەتی تۆفیقـی مسـتەفا و نامیقـی کـوڕی گەیشـتنەجێ و هەروەهـا سـوارەکانی تەرخـانی و ڕوغزایـش لەگـەڵ کەریـم بەگـدا حـازر ئەبـن[1]، لـە بەهـاری سـاڵی (١٩٣١) ئاگـری ڕاپەڕیـن بـە جۆرێکی بەرفـراوان گەیشـتە دەوروبـەری خانەقـی زۆری نەبـرد، چەکـدارەکانی سـەر بـە شـێخ مەحمـود بـە ناوچەیـەکی بەرفـراوانی گەرمیانـدا دابەشـبوون و ژمارەیـەکی زۆریـش لـە خەڵـکی ناوچەکـە پەیوەندیـان بـە ڕاپەڕینـەوە کـرد، بـۆ بـەر پەرچدانـەوەی بەریتانیـا - شـێخ مەحمـود پـاش دڵنیایـی لـە پشـتگیری کـردنی هـۆزەکانی ناوچەکـە پاڵـی پێوەنـا ڕووبکاتـە ناوچـەی گەرمیـان و کۆمەکیان کـرد، پرۆگرامی جەنگـی پارتیزانی دامەزرانـد[2]، لەگـەڵ دەسـت پێکـردنی وەرزی بەهـاردا فڕۆکـە جەنگییـەکانی ئینگلیزیـش توانـای دەسـت وەشـاندنیان لـە جـاران زۆر زیاتـر بـوو، شـێخ مەحمـود ئـاگای لەبـەشی زۆری ئـەم کەیـن و بەینانـە نەبـوو، دڵنیابـوون لـە پشـتگیری تاڵەبـانی و زەنگەنـە و جەبـاری پاڵـی پێوەنـا ڕوو بکاتە نـاو جەرگـەی گەرمیـان بـەو نیـازەی لـەوێ گـورزی توندتـر لـە دوژمـن بوەشـێنێ، فڕۆکـەکانی ئینگلیـز هەنـگاو بـە هەنـگاو چاودێرییـان دەکـرد، بەپێـی زانیارییـەکانی ئـەوان لەشـکری میری خـۆی بـۆ شـەڕی گـەورەی داهاتـوو ئامـادە ئەکـرد، ئـەو شـەڕە ڕۆژی (٥)ی نیسـانی (١٩٣١) لـە ئاوباریـك ڕوویـدا کـە هەمـووی بەسـەریەکەوە (٢٠) میـل لـە خورماتـووە دوورە، ئـەوەی مـن مەبەسـتمە ڕۆڵـی فڕۆکـە جەنگییـەکانی ئینگلیـز لـە ئاوباریـك هـەر لەسـەرەتاوە بۆمبـاکانی ئـەو فڕۆکانـە سـەرئەنجامی ئاوباریکیـان دیاریکـرد، بەلایـەنی کەمـەوە هـەزار و یـەك بەڵگـەی جۆراوجـۆر لـە نـاو فایلـە تایبەتییەکانـدا دەربـارەی ئـەو ڕاسـتییە بەرچـاو دەکـەوێ لێرەشـدا چەنـد نموونەیـەکی هەڵبـژاردەی کـەم دەهێنمـەوە ڕۆژی (٤)ی نیسـان فڕۆکـەکانی هێـزی ئاسمانی

١- د. حسـن جـاف، گرنگـی شـەڕی ئاوباریـك لـە سـاڵی ١٩٣١ لـە مێـژووی شۆڕشـەکانی شـێخ محمـودی حەفیـد، گۆڤـاری مێـژوو، ژمـارە (٦) سـاڵی دووەم، بەهـاری ٢٠٠٨، ل١٠٥.

٢- ئەحمـەد محەمـەد ناسر(بـاوەڕ)، دۆزی کـورد لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان عێـراق - ئێرانـدا (١٩٣٧ - ١٩٤٧)، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی، سـاڵی هەژدەهـەم، ل٦٠-٦١.

بەریتانیا لـە عێراق بەوەیـان زانی شێخ مەحمود گەیشتۆتە گونـدی ئاوباریـك، هەر ئەوان یەکسـەر بنکـەی (گـۆپ تەپە)یـان لـەوە ئـاگادار کـردەوە تـا هێـزەکانی میـری بـێ دواکەوتـن ڕووبکەنـە ئاوباریـك ئـەو فڕۆکانـە ئاسمانی ناوچەکەیـان بەرنـەدا، بـەر لـە گەیشـتنی هێـزەکانی میری شـێخ مەحمـود و هێـزەکانی بتوانـن بکشـێنەوە، ئینگلیـزەکان لـەم بارەیـەوە بـۆ خۆیـان دەڵێـن (لـە ئاوباریـك بـە بۆمبـاران و دەسـت درێـژی و بـێ وچـانی هێـزی ئاسـمانی مەلـەکی دوژمـن لـە شـوێنی خۆیـدا ڕاگیـرا)، تـا سـەعات چـوار لای ئێـوارە هێـزەکانی میری گەیشـتەجێ ئـەو هێزانـە (هێرشـێکی ئازایانەیـان کـردو زیـانی گەورەیـان لـێ کـەوت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نەیانتـوانی هەمـوو گونـدی ئاوباریـك بگـرن هـەردوو هێزەکـەی میـری لـە بەرامبـەر دوژمنێـکی چەکـداردا کـە خـۆی لـە سـەنگەردا ئازایانـە دەجەنگـی تـەواو لاواز بـوون، بۆیـە دوژمـن کـە شـەو داهـات تـوانی خـۆی قوتـار بـکات، بەداخـەوە بەهـۆی هەڵەیـەکی ناچاوەڕوانـەوە فڕۆکـەکانی پـۆلی ژمـارە (٧) تـا درەنگانـێ شـەو گەیشـتنە ئاوباریـك، ژمـارەی ئـەو کوردانـەی لـە شـەڕی ئاوباریکـدا شـەهید بـوون، (٣٧) کەسـە، وەك وتمـان ڕاپەڕینەکـەی شـێخ مەحمـود بـە هەمـوو لادا پـەلی دەهاویشـت، لێرەدا وەك بەڵگـە بـاسی جـافی گەرمیـان دێنمـەوە کـە چـۆن کۆششی ئینگلیـزەکان ڕێـگای خەبـاتی لێگرتـن، لـە ڕاپۆرتـە دوورو درێژەکـەی خۆیـدا فەرمانـدەی هێـزی ئاسـمانی بەریتـانی لـە عێـراق لەبارەیـەوە دەڵێـت: دەبـوو بـە وریاییـەوە ئاگامـان لـە هەڵوێستی جافەکان بێـت، لەبەرئـەوە ئەفسـەرێکی تایبـەتی ئیسـتخباراتی هێـزی ئاسـمانی مەلیکیـم نـاردە ناوچـەی کفـری، ئەفسـەری ناوبـراو سـەرپۆلی فڕۆکـەوان (ف.د.ئۆمالـی) بـوو کـە هەڵگـری میداڵێیەکـە، دەزگایـەکی بێتـەل و نیـو تاقـم زرێپۆشـم لەگـەڵ نـارد تـا پێوەنـدی بـە هۆزەکانـەوە ببەسـتێ و بـەردەوام لەبارودۆخـی ناوچەکـە ئـاگادارم بـکا، ئۆمالـی قـەڵای شێروانەی کـردە بـارەگای خـۆی، ئـەو قەڵایـە پۆلیسخانەیە و کەوتۆتـە کەنـاری ناوچـەی جافایەتییـەوە، ئۆمالـی لـەو بنکەیـەوە کارێـکی فـرە خـاسی ڕاپەڕانـد، بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك ئاشـنای وەزعەکـەی کـردم فڕۆکـە بۆمبـا هاوێـژەکانی پـۆلی ژمـارە (٥٥)ی بنکـەی هنێـدی خرایـە بەردەسـت تەختانییـەکی لەبارییـان لـە نزیـك پۆلیسـخانەکەوە دۆزییـەوە و کردیانـە فڕۆکەخانـە، چەنـد جـار فڕۆکـەکان چوونەسـەر ناوچـە بزێـوەکان، شـوێنی ڕەشـماڵ و جموجۆڵیـان خرانـە ژێـر چاودێرییـەوە، بەوجـۆرە بـە وردی (ڕەصـدی) تیـرەکانی جافمـان کـرد، وادیـارە فڕینـی یـەك لـە دوای یـەکی فڕۆکـەکان، لەگـەڵ هەسـتی بێدەسـەڵاتیدا لەبـەردەم هێرشی ئاسـمانیدا کارێکی گەورەیـان کردەسـەر ئـەو تیرانـە و بوونـە کۆسـپ لەبـەردەم بڵاوبوونـەوەی ناڕەزایـی لەناویانـدا[١].

١- د کەماڵ مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ -٦٩

# شەڕی ئاو باریك

لـە کاتێـکدا کـە شـێخ مەحمـود لـە شـکرەکەی لـە شـارەزووردا لـە گەرمـەی جەنگدابـوون، لـە عەشـایەرەکانی گەرمیانـەوە داوەدە، زەنگەنـە، دەلـۆ، گل...هتـد، لـە بابـەت وەڕسـتی و پەرێشـان خۆیانـەوە لـە دەسـت یاسـا و نالەباریـی مەئمـورانی حکومەتـەوە، بـە نامـە داوایـان لـە شـێخ مەحمـود کـرد کـە شۆڕشـەکە بگوێزێتـەوە بـۆ گەرمیـان و جەنگـی کـورد ئەمجـارە لـە گەرمیانـەوە دەسـتپێبکات[١]، لـە شـوباتی (١٩٣٠)دا شـەڕی ئـاو باریـك دەسـت پێـدەکات، (کریـم بـەگ وداودبەگـی بـرای و محەمـەد ئەمیـن بـەگ) سـەرکردایەتی شۆڕشـگێڕەکانی تـر و لقـەکانی جـاف یـەك دەگـرن و لەگـەڵ هێـزی (شـێخ مەحمـود)دا یـەکان گیردەبـن، لەوکاتـەی (شـێخ مەحمـود لـە ماڵـی شـێخ مەجیـدی تاڵەبـانی)دا هـەر لـە سـەر نانخـواردن لەپڕ لەلایـەن فەوجێـك سـەربازی عێـراق و ژمارەیـەك پۆلیـس و لەشـکری چەنـد پیـاوی سـەر بـە دەوڵـەت و تەیـارەی ئینگلیـزەکان پەلامـار دەدرێـن و دەوریـان دەگـرن، ئـەو ڕۆژە تـا ئێـوارە شـەڕێکی گـەرم و خوێنـاوی بـەردەوام دەبێـت، شۆڕشـگێڕان دلێرانـە دێنـە دەسـت و ناچـار دوژمـن پاشەکشـێ دەکات، لـەم شـەڕەدا دوو چەکـداری ئـازای (شـێخ مەحمـود) بـە نـاوی (جەمـاڵ و جـەلال) شـەهید دەبـن و تەرمەکەیـان دەبەنـەوە سـلێمانی، هـەر لـەوێ دەینێـژن، لـە هێـزی جافیـش (حوسـێن ئەحمـەد) نـاسراو بـە حوسـەینە سـوورکەی ڕۆغزایـی کـە خەڵـکی کـەلاری کۆنـە برینـدار دەبێـت، لەژێـر سـەختی ئـەو فاکتـەرە دژوارەدا شـێخ بڕیـاڕی دانوسـتانی لەگـەڵ حوکمـەتی عێراقـدا، دوای وتووێژێـکی چڕوپـڕ لەگـەڵ نوێنـەری بـاڵای بەریتـانی دا لـە بەغـدا شـێخ قایـل بـوو چـەك دابنێـت و خـۆی بەدەسـتەوە بـدات، دواتـر ڕەوانـەی خـوارووی عێـراق کـرا[٢]، شۆڕشـگێڕانی سـنووری کەرکـوك و گەرمیـان، ئەوانـەی بەشـداریی داسـتانی (ئاوباریك)یـان کردبـوو وەك کەریـم بـەگ و داود بـەگ و حەمـە ئەمیـن بەگـی کـوڕی (مینـە جـافی شـاعیر) و ئەوانـەی تـر لـە دۆڵ و هـەردەکانی ناوچەکـەدا تـا ماوەیـەك بـە قاچاخـی دەمێننـەوە و خۆیـان بەدەسـتەوە نـادەن، بـەڵام کاتێـك شـێخی حەفیـد کەوتـە دەسـت میـری و بـۆ باشـووری عێـراق ڕەوانەکـرا، ئەمانیـش لەسـەر گفتـی لێبـووردنی گشـتی خۆیانـدا بـە دەسـتەوە و بـەر لێبـووردن کەوتـن[٣]، لـە ڕۆژی (١٩٣١/٤/١) کەریـم بەگـی جـاف لەشـکرێکی سـوارەی جـافی کۆکـردەوە لـە (ملـە بـۆری) دێـی زەردا لەگـەڵ لەشـکری تێکەڵـی

١- ئەحمەد خواجە، چیم دی چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٣، ل٢٨٦

٢- کەریم بەگی فەتاح بەگ، سە رچاوەی پێشوو، ل٩٩

٣- عومەر عەلی شەریف، لەیاد نامەی کەرکوك و گەرمیانەوە، چاپخانەی ئاراپخای کەرکوك، چاپی یەکەم – ٢٠٠٦ ل٧٤

دەوڵـەتی تـازەی عێـراق و ئینگلیـزدا ڕووبـەڕوو دەبنـەوە، دیـارە قیـادەی ئـۆردووی دەوڵـەت بـە دەسـت کەسـێکەوە بـووە بەنـاوی (حاجـی قایمقـام) لـەو شـەڕەدا چەندیـن کەسـایەتی عەشـیرەتی جـاف بەشـدارییان کـردووە وەك :

١- کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جاف سەرۆکی ئەو کاتەی عەشیرەتی جاف.

٢- داودبەگی جاف ٣- محەمەد ئەمین بەگی جاف ٤- حەمەی مەحمودی نادر

٥- قادری مەحموودی نادر ٦- حەمەڕەشیدی حەمە هەسەنی تەرخانی

٧- شێخ حەمیدی شێخ قادری گۆران ٨- حەمەی شاسواری ئەلك

٩- نەجمی حەمەی لاوە.

لەوشەڕەدا چوار شەڕکەری جاف کوژراون:

١- مەجید مایخانی سۆفی وەن ٢- حەمەی عەبدوڵای هەسەنی تەرخانی

٣- حەمەقادری یاسین باشکی ٤- ناوی کوژراوی چوارەم نەزانراوە.

لەو پەلامارەدا چەندین شەڕ و بڕەبڕ ڕویداوە لە دێی (سماق) دووکەسی تر کوژران بە ناوی:

١- عەلی عەوڵای گۆڵی ٢- مەتحەتی ئەحمەدی عەوڵا

لـە ڕۆژی ١٩٣١/٤/٥ شـەڕ گەیشـتە دەڤـەری ئاوباریـك وە ئـەو شـەڕە بـەو نـاوەوە نـاسراوە[1]، (داود بەگـی جـاف) پیاوێـکی وشـیار بـووە، شـیعری زۆربـەی شـاعیرانی لەبـەر بـووە، (داود بـەگ) زمـانی کـوردی و عـەرەبی و فـارسی و تـورکی بـە ڕەوانی دەزانی، زۆربـەی شـیعری شـاعیرانی فـارسی زمـانی لەبـەر بـوو، لەسـەر دەسـتی مـەلای گـەورە و شـەرع ناسـەکان ماوەیـەك دەخوێنـی، (داود بـەگ) شـۆڕە سـواری شـەڕی ئـاو باریکـە بـوو، لـەو شـەڕە خوێناویـەدا لەگـەڵ (کەریـم بـەگ) ی بـرا گـەورەی و (حەمـە ئەمیـن بـەگ)ی برازایدا ئازایەتیـەکی زۆریـان نوانـد، تـا ڕادەیـەك دوای تـەواو بـوونی شـەڕ بەسـوودی شۆڕشـگێڕانی کـورد بـە سـەرۆکایەتی (شـێخ مەحمـود)ی نەمر، شـێخ لـە پیاهەڵـدانی جەماوەرەکەییـدا کـە هێـزی دوژمنیـان شـکاند، فەرمـووی (داود شـێرە شـێر) ئەمـە بەڵگەیـە کـە هـۆزی جـاف تـا دوا هەناسـە لەگـەڵ شـۆڕشی ( شـێخ مەحمـود )دا بـوون[2]، (داود بـەگ) بـە هێزێکـەوە دەچێتـە سـەر (کۆلۆنیـل لایـن) لـە سـەرقەڵا بـە بارمتـە دەیـان بـات و

١- خوسرەوجاف، مێژووی هۆزی جاف، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل٨٤٨

٢- کەریم بەگی فتاح بگ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٩-١١٣

هەڕەشـەیان لێـدەکات ئەگـەر (کەریـم بـەگ) و هاوڕێـکانی ئـازاد نەکـەی ژیـانی (کۆلۆنیـل لایـن) دەکەوێتـە مەترسییەوە، ئەویـش ناچـار ئازادیـان دەکات، بـە هۆی دۆسـتایەتی بنەماڵـەی بەگزادەی جاف لەگـەڵ (شـێخ مەحمـود و کۆلۆنیـل لایـن) حاکمـی سیاسی کەرکـوک (کەریـم بەگـی جـاف) و بـراکانی دەگرێـت و بەندیـان دەکا، داود بەگـی جـاف یەکێـك بـووە لـە جەنـگاوەرانی (شـێخ مەحمـود) لـە شـەڕی ئاوباریکـدا، سـەرەڕای ئـەوەش (٩) جـار بـە ئەنـدام پەرلەمـانی عێـراق هەڵبژێـراوە، سـاڵی (١٩٤٧) زۆر داکـۆکی کـردووە لـە چـوار ئەفسـەرەکەی کـورد، ئەندامـی حیزبی هیـوا بـووە لـە سـەردەمی ئەنـدام پەرلەمانیـدا زۆر داکـۆکی کـردووە لـە مافـەکانی گـەلی کـورد[1]، بـەم شـێوەی خـوارەوە لـە خولـەکانی پەرلەمـانی عێراقـدا ئەندام بـووە، هەرچەنـدە پێشـتر ئاماژەمان پێکـرد (حەمـە بەگـی جـاف) لـە خولـەکانی پێشـوودا ئەندامێـکی کارا و چـالاك بـووە وەلـێ تەمـەن کـورتی ڕێـگای نـەدا بـەردەوام بێـت، وەلـێ دواتـر و لـە خولـەکانی تـردا بـە تایبـەت لەسـەردەمی پاشـایەتیدا خەڵـکی کـەلار بـەردەوام لـە خوولـەکانی نوێنەرانـدا ڕۆڵـی دیاریـان هەبـووە، لێـرەدا بـاس لـە ڕۆڵـی (داود بەگـی جـاف) دەکەیـن، وەك لەخشـتەی ژمـارە (١٥) هاتـووە:

خشتەی ژمارە (١٥)

داود بەگی جاف و ماوەکانی خولی هەڵبژاردن ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)

| ژ | ژ. خول | لە ڕۆژی | تاوەکو بەرواری |
|---|---|---|---|
| ١ | ٦ | ١٩٣٥/٨/٨ | ١٩٣٦/١٠/٢٩ |
| ٢ | ٩ | ١٩٣٩/٦/١٢ | ١٩٤٣/٦/٩ |
| ٣ | ١٠ | ١٩٤٣/١٠/٩ | ١٩٤٦/٥/٣١ |
| ٤ | ١١ | ١٩٤٧/٣/١٧ | ١٩٤٨/٢/٢٢ |
| ٥ | ١٢ | ١٩٤٨/٦/٢١ | ١٩٥٢/٦/٣٠ |
| ٦ | ١٣ | ١٩٥٣/١/٢٤ | ١٩٥٤/٤/٢٨ |
| ٧ | ١٤ | ١٩٥٤/٦/٩ | ١٩٥٤/٨/٣ |
| ٨ | ١٥ | ١٩٥٤/٩/١٦ | ١٩٥٨/٣/٢٧ |
| ٩ | ١٦ | ١٩٥٨/٥/١٠ | ١٩٥٨/٦/٩ |

سەرچاوە: سهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، ل٧٣

١- سـاڵەح هـەلاج، ئەلبومـی گەرمیان، لـە بڵاوکـراوەکانی کۆمەڵـەی ڕووناکبیـر و کۆمەڵایـەتی کەرکـوك، چاپـی یەکـەم، کەرکوك، ٢٠١١، ل١٦٦

(داود بـەگ) لـە چلەکانـدا دوای کۆچـی دوایـی کتوپـڕی حەمـە بەگـی بـرای دەبێتـە نوێنـەر لـە پەرلەمـانی عێراقـدا، لـە پەرلەمانـدا هەمیشـە بوێـر و ڕاسـتەوخۆ ڕاسـتییەکانی درکانـدووە، هەمیشـە پشـت و پەنـای لێقەومـاوان بـووە، دوای لەناوچـوونی دەسـەڵاتی پاشـایەتی لـە عێـراق، تـا کۆتایـی دەسـەڵاتی پاشایەتی ئەنـدام پەرلەمـان بـووە، لـە سـاڵی (١٩٥٩) لەگـەڵ (عەبدولکەریـم قاسـم) نێوانیـان تێکدەچێـت، هـەر لـەو سـاڵەدا وڵات بەجێدەهێڵـت و دەڕوات بـۆ ئێـران و لـە وێـڕا ڕێزێـکی زۆری لێگیـراوە[١]، لـە سـاڵی ( ١٩٦٦ ) تـووشی نەخـۆشی خوێـن ڕژانی گـەدە بـوو، لـە بیمارسـتان (میهـری تـاران)دا تەرمەکەیـان هێنـاوە بـۆ کـەلار و لـە گۆڕسـتانی سـەیدخەلیل بـە خـاك سـپێرا.

# پارتی هیوا

لـە سـاڵی ( ١٩٣٧ ) لـە شـاری کەرکـوك بـە نـاوی ( دارکـۆ ) دامـەزرا، ئەمـەش نـاوی ڕێکخراوێـکی نەتەوەیـی بـوو لـە ئیتاڵیـا دەرکـەوت، پاشـان ئـەم ڕێکخـراوە فـراوان بـوو لـە سـاڵی (١٩٣٩)دا دواتـر گـۆڕدرا بـە حیـزبی هیـوا، بـە سـەرکردایەتی خوالێخۆشـبوو ڕەفیـق حیلمـی، ئـەو حیزبـە ئـەو نـاوەی لێـنرا لەبـەر ڕێکخـراوی (هێڤـی) کـوردی کـە بـە واتـای (هیـوا) دێـت، ئـەو ڕێکخـراوە سیاسـییە بـوو کـە لـە (١٠)ی کانـونی دووەمـی (١٩١٠) لـە ئەسـتەنبول لەلایـەن هەنـدێ لـە خوێنـدکارانی کـوردەوە دامـەزرا[٢]، ئـەم پارتـە پێکهاتـووە لـە ڕۆشـنبیران و قوتابیـان و ئەفسـەرانی کـورد و ئاغـا و دەرەبەگـەکانی کوردسـتان، زۆربـەی ئەندامـانی ئـەم پارتـە بریتـی بـوون لـە خەڵـکی ناوچـەکانی خانەقـی و کفـری و هەولێـر و کـەلار و کەرکـوك[٣]، دامەزرانـدنی حـزبی هیـوا بـۆ سـاڵی (١٩٣٧) دەگەڕێتـەوە لـە شـاری کەرکـوك، بـە ڕێکخـراوی دارکەر-کـە نـاوی ڕێکخراوێـکی ئیتاڵـی بـوو، بانگـەوازی بـۆ یەکگرتنـی ئیتاڵیـا دەکـرد، پاشـان بـە هـۆی گەشـەکردنی کۆمەڵـەوە، ناوەکـەی گۆڕابـوو بـە حـزبی هیـوا، لـە سـەرەتای دامەزراندنییـدا ئەندامـانی بریتـی بـوون لـە چەنـد خوێندکارێـکی کورد لـە ئامادەیـی کەرکـوك[٤]، لـە سـاڵی (١٩٣٩)دا بـە نهێنـی وە لـە ئەنجامـی زەمینـە خۆشـکردنێکی بـاش و گونجـاو بـە

١- خوسرەو جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٩

٢- حسن ظاظا، عێراق لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووە سیاسییەکەی (١٩٠٨-٢٠٠٨) وەرگێڕانی ئامانج نیعمت، چاپی یەکەم، سلێمانی ( ٢٠٠٩ )چاپخانەی، چوارچرا،

٣- د.عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة في قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) الطبعة الاولی، بغداد١٩٨٩، ص٩٥

٤- محەمەد فاتیح، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩

هۆشیاری و جگەرسۆزی و دەست پێشخەری چەند ئەفسەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووی کورد، حزبێکی سیاسی بە ناوی (حزبی هیوا) بە سەرۆکایەتی (ڕەفیق حیلمی) دامەزرێندرا و ئامانجی نزیکی گەیشتنی میللەتی کورد بوو بە مافە ڕەواکانی لە عێراقدا، لە سەروویانەوەش (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو، بێگومان لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانیدا، هەڵوێستی خۆی دژی فاشستییەت بە باشی دەربڕیبوو، وەشانبەشانی میللەتانی ئازادیخواز سەرکردایەتی خەباتی میللەتی کوردی کرد، لە پێناو بەر هەڵستی و بەربەستکردنی نازییەتدا[1]، یەکێك لە گۆڕەپانە سەرەکی و گرنگەکانی چالاکی هیوا دەڤەری بەرینی گەرمیان بووە، کە لە سەرەتای چلەکانەوە ئەو پارتە تیایدا گەشەی کردبوو، زۆرێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی ئەو ناوچەیەی لەخۆ گرتبوو، کە لە ڕیزی هیوادا لە سنووری خانەقی و کفری و کەلار و خەباتیان دەکرد، بەڕاستی دەڤەری گەرمیان شوێنێکی دیار و شایستەی لە مێژووی خەباتی هیوا هەبووە، بەڵگەی هەرە دیاریشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە: دوو کۆبوونەوەی بە ناوبانگ و بایەخداری ئەم پارتە لە کەلاری نێو جەرگەی گەرمیاندا ساڵی (١٩٤٤، ١٩٤٥) بەستراون و ئەنجامدراون:

یەکەمیان: بە کۆنفراسی کەلار ناسراوە، لە هاوینی ساڵی (١٩٤٤)دا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی و گرفتە ناوخۆییەکانی هیوا گرێدراوە، لە ماڵی (داود بەگی جاف) لە کەلار (کۆنفرانسی کەلار) بەستراوە.

دووەمیان : کۆنگرەی گوندی گێژەکانی نزیك بە کەلار بوو، بە کۆنگرەی (قەنیلە)وە ناسراوە.

کاروباری کۆنفرانسەکە دوو ڕۆژی خایاند، ڕۆژی یەکەمیان: بۆ ئامادەبوونی ئەندامەکان تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستانەوە بگەنە کەلار، ڕۆژی دووەمیش: بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنی ئەندامەکان تەرخانکرا، کۆبونەوەکە لە ماڵی (داود بەگی جاف) کرا کاتەکە هاوین بوو، کەلار لەو کاتەدا بە گزادەکانی جافی تیا بووە، تەنانەت بە زۆری خۆشیان ئەندامی هیوا بوون، دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنی کەلار زیاتر لەبەر ئەوە بوو دوور بوو لە دەسەڵاتی حکومەتەوە و بەگزادەکانیش خاوەن نفوزێکی ئەوتۆ بوون، ئاسان نەبوو بۆ حکومەت دەست بێنێتە ناوچەکەو ئەمانیش نەتوانن بیانپارێزن، ئەو کەسایەتی و ئەندام و میوانانەی لە کۆنفرانسی کەلاری ساڵی (١٩٤٤)دا

١- علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق تابەستنی کۆنگرەی سێیەمی، ئەیلول ١٩٦٨، ل١٧ بەبێ چاپخانە

ئامادەبـوون دەتوانیـن ئـەم کەسـایەتییانەی خـوارەوە دەستنیشـان بکەیـن:

| ز | ناو | ز | ناو |
|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستا ڕەفیق حیلمی | ٢ | مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد |
| ٣ | مەلا سەید حەکیمی خانەقین | ٤ | عزەت عەبدول عەزیز |
| ٥ | مستەفا خۆشناو | ٦ | محەمەد مەحمود قودسی |
| ٧ | عەزیز پشتیوان | ٨ | شێخ عەتای تاڵەبانی |
| ٩ | ڕەشید باجەڵان | ١٠ | داود بەگی جاف |
| ١١ | مستەفا نەریمان | ١٢ | حاجی عەلی ئەکبەرخانی کەڵوڕ |
| ١٣ | شێخ ئەحمەد شاکەلی | ١٤ | نامیقی کوێخاسالمی بەرلووتی |
| ١٥ | کەریم بەگی جاف | ١٦ | شێخ غالب تاڵەبانی |
| ١٧ | شێخ تالیب تاڵەبانی | ١٨ | شێخ بابەعەلی بێدار |
| ١٩ | حەمە سەعیدبەگی جاف | ٢٠ | فەقێ محەمەد سەعاتچی کفری |
| ٢١ | حەمە ئەمین بەگی جاف (مینە جاف) | ٢٢ | ئەحمەدی براحەمە |
| ٢٣ | نوری ئەحمەد تەها | ٢٤ | حەمەساڵەح دەلۆ |
| ٢٥ | مەجیدی مەلاعەلی | ٢٦ | مەحمودی شێخ تەها |
| ٢٧ | مەلا عەزیز عەبدولڕەحمانی زەنگەنە | ٢٨ | محمەد ئەرمەخانی |
| ٢٩ | عەلی حەمدی | ٣٠ | شێخ عەبدولقادری قەڵاگەیی |
| ٣١ | عەلی سەلیم بەگ | ٣٢ | خالید ڕەزا بەگ |
| ٣٣ | شێخ حەمە نەجیبی تاڵەبانی | ٣٤ | مەلا فەتاحی وەڵەدبەگی |
| ٣٥ | مەحمود ڕەزابەگ | ٣٦ | شەوکەت بەگی ئەحمەد بەگی جاف و زۆری تر |

ئـەو کەسـایەتیە ناسراوانـەی سـنووری خانەقـی و کـەلار و کفـری کـە بـۆ کۆنگـرە کە بانگێشـت کرابـوون ئـەم زاتانەبوون:

١- مەلا سەید حەکیمی خانەقی (سەرۆکی کۆبونەوە)
٢- ساڵەح ئاغای باجەڵان
٣- ساڵەح ئاغای جمور
٤- مستەفابەگی جاف
٥- شەوکەت بەگی جاف
٦- حمیدئاغای زەنگەنە
٧- شێخ عەتای تاڵەبانی
٨- مستەفا نەریمان
٩- شێخ ئەحمەدشاکەلی
١٠- نامیقی کوێخا سالمی بەرلووت
١١- شێخ غالب تاڵەبانی
١٢- حەمە سەعیدبەگی جاف
١٣- حەمەساڵەح دەلۆ
١٤- مەلاعەزیزعەبدولڕەحمانی زەنگەنە
١٥- ئەحمەد براحەمە
١٦- شێخ عەبدولقادری قەڵاگەیی
١٧- شێخ حەمە نەجیبی تاڵەبانی
١٨- عەلی سەلیم بەگ
١٩- مەحمود ڕەزابەگی جاف
٢٠- مەلا فەتاحی وەڵەدبەگی [١]

بەسـتنی کۆنگـرەی قەنیلـە خـراپ بەسـەر مـەلا سـەید حەکیـم دا شـکایەوە، بڕیـاری گرتنـی دەرچـوو، لـە خانەقـی هەڵهـات و هاتـە کـەلار و یەکسـەر بەگـزادەکانی جـاف ڕەوانـەی نـاو هـەردەی جافیـان کـرد، پاشـان لەلایـەن (حاجـی قـادری محمـودی ژاڵـە) وە سـەرۆك تیـرەی شـاترییەوە بـەرەو گونـدی داریکـەل بەڕێکـرا، لـەوێ لەلایـەن شـێخ مەحمـودەوە شـوێنی بـۆ دابینکـراوە، لـە پـاش دەرچـوونی لێبـووردن لـە داریکـەل گەڕایـەوە و ڕەوانـەی باشـووری عێـراق کـرا[٢]، پـاش ئـەوەی لـە کۆنگـرەدا تاووتوێـی بارودۆخەکـە کـرا، بڕیـاردرا بـە پەلـە پەلامـاری پێگـە و بنکـەی هێـزەکانی میـری لـە دەڤەرەکـە لەلایـەن چەکدارانی هۆزەکانـەوە بدرێـت، بـەو شـێوەیە لەلایـەن چەکدارانی جافـەوە بـە فەرماندەیـی (مستەفا بەگـی جـاف) لەوبـەری سـیروانەوە بنکـەی پۆلیسـی گۆڕەشـەلە پەلامـار درا، مەکینـەی ئـاوی (چیـا سـورخ) کـە بـە دەسـت ئینگلیـز بـوو پەکخـرا، بنکـەی پۆلیسـی سـەر سـنووری عێـراق و ئێرانیـش لەلایـەن چەکـدارەکان (سـاڵح ئاغـای باجـەڵان و تاهیـر ئاغـای جمـور)ەوە تەقـەی لێکـرا، لەمبـەری سـیروانەوە هـەردوو بنکـەی پۆلیسـی بنگـرد و سـەرقەڵا لەلایـەن تاڵەبانییەکانـەوە

١- ئەحمـد بـاوەڕ، پـارتی هیـوا لـە درووسـت بوونییـەوە لـە شـاری کەرکـوك تـا هەڵوەشـانەوەی لـە کۆنفراسی کـەلار دا لـە (١٩٣٧-١٩٤٤) گۆڤـاری کەرکـوك، ژمـارە ١، سـاڵی دووهـەم هاوینـی، ٢٠٠٠، ل٩٨ -١٠٦ .

٢- مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٤، ل٩٠

هێرشیان کرایەسەر، وەزیری ناوخۆ بڕێك پارەی وەك سزا خستە ئەستۆی ئەو هۆزانەی دەستیان لەو ڕووداوانەدا هەبوو، هەروەها فەرمانی دەستگیرکردنی (مستەفا بەگی جاف و شێخ حەمە نەجیب و شێخ عەتا و مەلا سەید حکیم) دران[1].

## کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن

کوردە ناودارەکانی شاری بەغداد بەدەست پێشخەری مەعروف جیاوك لە بەرواری (٩ی شوباتی ١٩٣٠) داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرزکردەوە، داوای مۆڵەتی فەرمییان کرد بۆ دامەزراندنی یانەیەك بە ناوی یانەی سەرکەوتن، وەزارەتی ناوخۆ لە (٢٠ی ئایاری ١٩٣٠) ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر داواکارییەکە، لە ڕۆژی (٣٠ی ئایاری ١٩٣٠) لە ئاهەنگێکی فراواندا یانەی سەرکەوتن کرایەوە، لە هەڵبژاردنێکی ئازادانە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە دیاری کرا (ابراهیم حیدری-سەرۆك و معروف جیاوك- معتمد)[2]، لە پاش دامەزراندنی ئەو کەمە ئابوورییەی کە هەیانبوو بیریان لەوە کردەوە کە گەشتێك بکەن بە ناوچەکاندا بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی لە (١٧/ تەموز ١٩٤٣) لە بەغداوە کەوتنەڕێ لە ماوەی (٤٥) ڕۆژدا (٥) هەزار دیناری ئەو کاتەیان کۆکردەوە، بە جۆرێك زۆرترین بڕی پارەکە لە سنووری خانەقی لەلایەن (فتح اللە بەگی دەلۆ)ەوە کە (٦٠) دیناری بەخشیووە، دواتر لە بنکورە بەرەو شارەدێی کەلار کەوتونەتە ڕێ، لە تەنیشت قەڵای شێروانەوە چوونەتە کەلار لەماڵی کەسایەتی ناسراوی گەرمیان (کەریم بەگی جاف) شەوێ دەمێننەوە و ڕاگۆڕینەوە و کۆکردنەوەی یارمەتی لە نێو خانەوادەکانی بەگزادەی جافی کەلار لەوێشەوە دەکەونە ڕێ بەرەو کفری، ئەوانەی لە کەلار باروبوویاندا (١٣) کەس بوو[3] سەردانی (مەلیك فەیسەڵ)ی دووهەم بۆ گەرمیان لە ساڵی (١٩٥٤) پێش گەیشتنی کەژاوەی مەلیك سەدان پیادە و سوارە و ژمارەیەك ئۆتۆمبێل بە دوو ڕیزی بەرامبەر بەیەك لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەوە ڕاوەستان، زۆربەی سوارەکان چەکدار بوون، کەژاوەی مەلیك کە تەنها لە چوار ئۆتۆمبێل پێکهاتبوو دەرکەوت، ئۆتۆمبێلەکەی مەلیك (ڕۆلز ڕۆیس)ێکی خۆڵەمێشی بوو، شۆفێر و ئەفسەرێك لە پێشەوە و دوو کەسیش کە یەکێکیان مەلیك بوو، لە دوواوە سوار بوو بوون، نەفەری

١- عمر علی شریف، سە رچاوەی پێشوو، ل٩٩

٢- محمد فاتیح، حزب وڕێکخراوە سیاسیەعێراقییە کان، ساڵانی ( ١٩٠٠-٢٠١٠، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٩٦

٣- ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن، چاپخانە ئۆفسێتی تیشك، ٢٠٠٤، ل١٤

دووەمـی پێشـەوە گەنجێـکی ئەسـمەر بـوو، دوای گووتیـان کـوڕی میـری (بـەنی ڕەبیعە)بـوو، لـە ئۆتۆمبێلێـکی تـردا (عەبدولیـلا)ی خاڵـی مەلیـکی تیابـوو، مەلیـك دابـەزی گەنجێـکی (٢٠) سـاڵە بـە پێکەنینـەوە سـڵاوی لـەو خەڵکـە زۆرە کـرد، لـەو مەراسـیمەدا لەلایـەن قوتابیـانی کـەلارەوە سروودێـك پێشـکەشی کـراو پاشـان (حەمە سـەعید بەگـی جاف) وتارێـکی بۆ بەخێرهاتنـی (خاوەن شـکۆ) خوێنـدەوە، مەلیـك بـە دەنگێـکی بیسـتراو و لەسـەرخۆ و خۆشـحاڵی و سـوپاسی خـۆی بـۆ ئـەو پێشـوازیانە دەربـڕی و هەنـدێ گفتوگـۆ بـە کـورتی لـە نێـوان مەلیـك و پێشـوازیکەران تاوتـوێ کـران[1]، لـە پـاش کودەتـای (١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨) بەسـەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسـم و ڕووخانـدنی دەسـەڵاتی پاشـایەتی بـۆ یەکەمیـن جـار دەوڵەتێـکی کۆمـاری دامـەزرا، ئیدی ئاسـۆیەك بـە ڕووی خەڵـکی عێراقـدا دەرکـەوت و هیوایـەکی زۆریـان بـەم دەسـەڵاتە هەبـوو ڕژێمـی قاسـم چەنديـن هەنـگاوی نـا بـە ئاراسـتەی مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی گـەلی کـورددا، سـەرەڕای مافـە هاونیشـتمانییەکان بەپێـی دەسـتووری کاتی نووسرایـەوە لە بەنـدی (٤)دا هاتـووە (قەوارەی عێـراق لەسـەر بنەمـای هـاوکاری ڕاوەسـتاوە لـە نێـوان هەمـوو وڵاتانـدا بـە ڕێزگرتنـی مافـەکانی و پارێـزگاری لـە ئازادییـەکان، عـەرەب و کوردیـش لـەم نیشـتمانەدا شـەریکن و دەسـتوور مافـە نەتەوەیەکانیـان لـە چوارچێـوەی یەکپارچـەی عێراقـدا مسـۆگەر دەکات) ئیـدی لەوکاتـەوە بزوتنـەوەی نەتەوەیـی و دیموکـراتی لـە کوردسـتان و گەرمیانـدا بـە ئاشـکرا کەوتنـە جموجـوڵ و گەشـەکردن، سـەرەتای ڕێکخسـتنەکان حزبی شـیوعی و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان جەماوەرێکی زۆر لـە دەوەریـان کۆبوونـەوە نـاو بـە نـاو کێشـە و ململانێـی لـە نێوانیانـدا درووسـت دەبـوو بـەڵام نەدەگەیشـتە ڕادەی توندوتیـژی، ئـەم هۆکارانـە وایکرد سـەرئەنجام پێشـبڕکێی نێوان حزبی شـیوعی و پـارتی دیمکـراتی کوردسـتان پێشـکەوتنی زیاتـر وە دەسـت بهێنێـت و خەڵـکی زۆر لـە دەوری ڕێکخسـتنی خـۆی کۆبکاتـەوە، ڕێکخـراوی قوتابیـان و جووتیـاران و لاوان و ئافرەتانیـان لـە شـار و دێهاتـەکانی گەرمیانـدا دامەزرانـد، ئـەم بنکـە جەماوەرییـە هێزێـکی مـەزن بـوو، کاتـێ شـۆڕشی ئەیلـول (١٩٦١) هەڵگیرسـا بـە هەمـوو توانایـان پشـتگیریان لێکـردن، سـاڵەکانی (١٩٥٨، ١٩٥٩، ١٩٦٠، ١٩٦٣) ژمارەیـەکی زۆر گەنـج و ڕۆشـنبیر و کەسایەتی شـارو لادێ و جووتیـار و خوێنـدەوار لـە گەرمیانـدا جموجـوڵ و چـالاکی ڕێکخـراوی جەماوەرییان هەبـوو[2].

1- محمـد شـاکەلی، قـەزای کفـری وشـارەدێی کـەلار لـە پەنجاکانـداو پاسـەکەی حاجـی ( ١٩٦١- ١٩٧٥ ) چاپخانـەی کارۆ، ٢٠١٢، ل١٦٧

2- شێخ محمد شاکەلی . گۆڤاری کە رکوك، ژ(٢)، ساڵی پێنجەم، پایزی ٢٠٠٣، ل٣١

# شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی تر
# (گوزەرێك  بە خێرایی بە نێو بزاڤ و ڕووداوەکاندا)

دوای ئـەوەی بڕیـاری دەسـتگیرکردنی (حلمـی عـەلی شـەریف) لـە بەغـدا دەرچـوو، بەنهێنـی خـۆی گەیانـدە خانەقـی، لـە ماڵـی عەزیـز پشـتیوان هـەر ئـەو کاتانـە عومـەر دەبابـە گیـرا، ئیبراهیـم ئەحمـەد بـە تەنیـا و بـە نهێنـی هاتـە کەمپەکـەی سـەرچڵ قـەزاز لـە پێبـاز، لـەوێ بـە حەمـەی وەلی وت: بچـۆ حلمـی عـەلی شـەریف بهێنـە بـۆ کـەلاری کـۆن، (حلمـی) کۆبوونەوەتـان پێـدەکات و بەرنامـە و بڕیـار دەردەکات، حەمـەی وەلی (حلمـی) هێنـا بـۆ ماڵـی خۆیـان لـە کـەلاری کـۆن هـەر ئـەو ڕۆژە عەزیـزی کاکـە حەمـە و سـابیر سـەڵتە زەرد گەیشـتنە لای، گفتوگـۆی زۆریـان کـرد کـە بەرنامـەی کاری نوێیـان چـی بێـت، لـەو کاتـەدا خەجـێ خـانی کەریـم بەگـی هاوسـەری مەحمـود ڕەزا بـەگ خـۆی کـردە ژوورا وتی: ئاگاتـان لـە خۆتـان بێـت وا چـواردەوری کـەلار بەهێـزی سـوپای عێـراق گیـراوە، حەمـەی عـەلی خـۆی بەسـت، بـاوکی وتی: ئـەو چـەك و تاقمـەی لـێ کـەرەوە بـا هەوڵـێ بدەیـن حلمـی ڕزگار بکەیـن فەرەنجییـەکی وەرزێرانـەی هێنـاو کردیـە بـەر (حلمـی) شـەنێکی دایـە دەسـتی چەپـی و داسـێکی دایـە دەسـتی ڕاسـتی تفەنگـە بڕنەوەکـەی خسـتە نـاو هۆرێکـەوە، فیشـەکی خسـتە تاکـەی تـری، کڵاوێـکی لەبـاوی خستەسـەری، گوێدرێژێکیـان هێنـاو ڕەشـکەیەك کایـان خستەسـەر لەگـەڵ فەرەنجیەکـەدا، (وەلی) بـاوکی حمـە سـواری گوێدرێژەکـە بـوو، حلمـی وەك وەرزێرێـك پێـشی کـەوت بەبـێ سـڵمینەوە بـەلای دەبابەکانـدا ڕۆیشـتن لای ئێـوارە گەیشـتنە گونـدی (سـەید خەلیـل) گوندێکـە سـەر بـە ناوەنـدی قـەزای کـەلارە تەنهـا (١٥) کـم لێـوە دوورە، حەمـەی وەلی یەکسـەر خـۆی گەیانـدە بـاوکی و حلمـی بەحەمـەی وت هەمـوو ڕێکخسـتنەکانی کـەلارم بـۆ کـۆ بکـەرەوە و بـا بچنـە بنـاری بەمـۆ، حەمـەی وەلی لـە شـەو و ڕۆژێکـدا (٧٥) کـەسی بـە چـەك و تاقمـەوە کۆکـردەوە لـە کـەلار و باوەنـوور و قولەبـەرز لـە ئاسـتی مەیدانـەوە لـە سـیروانەوە پەڕینـەوە، لـەوێ ئـاگاداری ڕەزا بەگـی دەلـۆی کـرد، کـە بەڕێوەبـەری پۆلیـسی مەیـدان بـوو پەیوەنـدی نهێنـی بـە پـارتی یـەوە هەبـوو، هـات سـەردانی حلمـی کـرد و ئامـادەی خـۆی بـۆ هەمـوو هاوکارییـەك پیشـاندا، پاشـان هێـزەکانی سـوپای عێـراق لـە کـەلارەوە ڕوویـان کـردە دەربەندیخـان شـەڕ هەڵگیرسـا تەنانـەت تۆپبـاران و فڕۆکـەش بۆردومـانی دەکـرد، ئەمانیش لـەو ناوچەیـە مانـەوە و دواتـر ڕوویـان کـردە دەربەنـد بێلولـە و چەنـد چالاکییەکیـان ئەنجامـدا، کـە لـە (١٩٦١/١٠/٣) حلمـی عـەلی شـەریف نامـەی

نـارد بـۆ ڕێکخسـتنەکان، بـۆ ئـەوەی ببنـە پێشـمەرگەی شـۆڕشی ئەیلول ڕۆژی دوایـی عەزیـز حەمـەی خەنـان و پاشـانیش (حەمـەی وەلی، حسـینی حاجـی محـی الدیـن، عەلی سـەلیم بەگی جـاف، ڕەزا قالـە جـاف، ڕەشـید قالـە جـاف و مەحمـوود بەگـی جـاف و مـەلا عبدالحمیـد وەلی، مەحمـود صـۆفی، محەمـەد صـۆفی)، ئەمـە جگـە لـە چەندیـن تێکۆشـەری تـر کـە پێشـمەرگە بـوون لـەو ناوچانـە مانـەوە[1]، دوای ئـەوەی عبدالسلام عـارف کودەتـای بـە سـەر بەعسییەکاندا کـرد و سـەرکەوتنی بـە دەسـت هێنـا، وەك پیشـەیان ڕژێمـە ساواکەی عێـراق پەنـای بـۆ گفتوگـۆ بـرد، لـە کانونی یەکەمـی (١٩٦٣)دا (بەرزانـی)ش قبوڵـی کـرد، لەسـەر ئـەم پرسـە و چەنـد پرسـێکی تـر کەلێـن لـە نێـوان (م.س و ك.س) و پارتیـدا فـراوان دەبـێ، دواتریـش (م.س)ی کـۆن لـە نیسـانی (١٩٦٤)دا کۆنگرەی مـاوەت دەبەسـتن و لـە ١٩ی هەمـان مانگـدا بەیاننامەیـەك بڵاودەکەنـەوە[2]، لێـرەدا ناچینـە سـەر هـۆکار و گرفتـەکان و ئـەو ناکۆکیانانـەی کـە لـەو ماوەیـەدا درێـژەی هەبـوو، دواتـر دوای ئـەوە (م.س)ی ئاودیـوی سـنووری ئێـران بـوون، پـاش گەڕانەوەیـان لـە کـەلار بـارەگای سـەرەکییان دانـا کـە مـام جـەلال سـەرکردایەتی دەکـرد، هـاوکات بـەردەوام مشـتومڕ و گفتوگـۆی گـەرم هەبـوو لـە کـەلاردا لـە نێـوان بـە زمانەکـەی خۆیـان (جـەلالی و مەلایـی و شـیوعی)دا، شـبیبە ڕێکخراوێـکی سـەر بـە حیـزبی شـیوعی بـوون، کۆمەڵێـك لاوی خوێـن گەرمبـوون دێ بـە دێ دەگـەڕان دژی ئاغـا و دەرەبـەگ و پـارتی قسـەیان دەکـرد، بارەگایـان لـە کـەلار هەبـوو، هەندێـك جاریـش دەگەیشـتە شـەڕەدار بـە تایبـەت لـەلای مزگەوتەکـەی کەلارکـۆن هـەر بۆیـە ئـەو دەمـە حکومـەت مەخفەرێـکی تـری پۆلیسـی لـە کـەلاری کـۆن دانـا بـۆ ئـەوەی شـەڕەکان کـپ بکاتـەوە، هەنـدێ جـار جیـا لـە مشـتومڕ و شـەڕەجوێن کار دەگەیشـتە شـەڕە بـەرد و شـەڕەدار[3]، بـەردەوام چـالاکی جـۆراو جـۆر ئامادەیـی هەبـوو لـە سـاڵی پەنجاکانـدا هەڵبـژاردەی شـێروانە، کـە تیپێـکی وەرزشی بەهێـزی تۆپـی پـێ بـوو، لـە هەمـووی جیاوازتـر پیـر و ژنانیـش بـە حەماسـەوە هانـدەری تیپەکەیـان بـوون و جیـا لـە چـالاکی ئـەدەبی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی بیسـتەکان و سـییەکان سـەرەتا لەنـاو حوجـرەو مزگـەوت و دواتـر مەجلیسـی ماڵـە بەگزادەکان کـە شـاعیرانی تریـش لـە هەڵەبجـە و شـارەزوورەوە دەهاتـن بەشـدارییان دەکـرد، هـاوکات ئەنجامـدانی چەندیـن گەمـەی فۆلکلـۆری بـاوی ئـەو سـەردەمە، هەروەهـا چـالاکی هونـەری هەبـوو، لەلایـەن

١- عەبدوڵا کەریم مەحموود، کوردستانی نوێ، ژ لە ٢٠١٣/٧/٤، پاشکۆی ئاسۆی ڕووناکی، ل ١٦-١٧

٢- ئەحمـەد ڕەفیـق کەریـم، ناوچـە دابڕاوەکانی هەرێمـی کوردسـتان، نامـەی ماسـتەر، داتـای بڵاونەکـراوە، زانکـۆی سـلێمانی، کۆلیجـی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ٢٠٠٩، ل٨٠

٣-چاوپێکەوتن : مام برایم سەمین زەماوەنگەیی، ٩ /٥/ ٢٠١٣

قوتابیـان و لاوانــەوە جگــە لــە گــۆرانی و مۆسـیقا، شانۆگەریشـیان نمایـش دەکـرد، سـەیری وێنـەی ژمـارە (٨) بکەیـن، یەکێکـە لـەو چالاکییانـەی سـازکراوە لـە یـادی نـەورۆزدا لـە سـاڵی (١٩٧٢)دا شـوێنەکە قوتابخانـەی (کلار الجدیدة)یـە کـە ماوەیـەکی زۆر بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـەروەردەی گەرمیـان و لـە ئێسـتادا هەمـان بینـا بەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەی کـەلاری تێدایـە.

وێنەی ژمارە (٨)
ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی (١٩٧٢)




لـە هەشـتاکاندا هێـدی هێـدی تـا دەهـات بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان بەهێزتـر دەبـوو، شـەڕی عێراق-ئێران، عێراقـی تـووشی چەندیـن قەیـرانی جۆراوجـۆر کـرد، ئەمجارەیـان جیـا لـە قۆناغـەکانی تـر چەندیـن حیزبـی سیاسی بـە ئایدیـای جیاواز و مارکسـی و ماویـی و نەتەوەیـی و ئیسـلامی ئامادەییان لەسـەر شانۆی سیاسی هەبـوو، بەداخـەوە دیسـان شـەڕی بـراکان و پاوانخـوازی و یەکـتر کوشـتن درێـژەی هەبـوو، چەندیـن حیـزب و ڕێکخـراوی سیاسی لـە باشـووری کوردسـتان لەسـەر شـانۆ نمایشـیان دەکـرد، هەریەکـە و قەبارەیـان دیاربـوو، کاریگـەری یـان جیـاواز بـوو لـە نـاو جەمـاوەر و لـە ڕووی ڕێکخسـتن و ژمـارەی (پ.م)ەوە، ئەمـەش لـە حیزبێـك بـۆ حیزبێـکی تـر وەکـو یـەك نییـە، وەلـێ هەڵوێسـتی کوردانـە و بەرگری لـە خـاك و نیشـتمان ئامانجـی تـەواوی حیزبـە کوردییـەکان بـوو، تادەهـات ئـەم حیزبانـە پێگـەی جەماوەرییـان بەهێزتـر دەبـوو، لـە ڕووی چـالاکی سـەربازییەوە بەهێـز بـوون گـورزی

کاریگەریـان لـە دوژمـن دەوەشـاند، هـاوکات لـەڕووی ڕاگەیانـدن و بڵاوکـراوەوە جیـا لـە ئەدەبیـاتی سـیاسی، شـیعر و ڕۆمـان و تەنانـەت سرووود و چـالاکی هونەریـش بـەدی دەکـرا، جگـە لـە ڕێکخـراوی تایبـەت بـە خۆیـان (یەکێتی هونەرمەنـدان و یەکێتـی نوسـەران.. هتـد) لـە نـاو چیـن و توێـژەکانی کۆمـەڵ و نـاو شـاریش جموجـۆڵ و چالاکییـان هەبـوو، لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا تـا دەهـات شـۆڕش لەناخـی خەڵکـدا زیاتـر گەشـەی دەکـرد، خۆپیشـاندان لـە زۆرێـك شـار و شـارۆچکە هاتنـە ئەنجامـدان، شـاری کەلاریـش بەهەمـان شـێوەی شـارەکانی تـر، خۆپیشـاندانیان ئەنجامـدا لـە سـاڵی(١٩٨٣)دا، کـە جەماوەرێـکی زۆر لـە کـۆی چیـن و توێـژەکان بەتایبـەت مامۆسـتایان و خوێنـدکاران و کرێـکار بـە هوتـاف کێشـان و درووشـمی کـوردی و عـەرەبی، ئـەم هوتافانەیـان دەکێشـا بـە حەماسـەوە:

بژی عەلی عەسکەری
بەردی بناغەی گەلی
بەهێزی مامە ڕیشە
دوژمن دەکەین بەشیشا
ئێمە نەوەی مارکسین
لە سێدارە، ناترسین
چیتان دەوێ ئەی کوردان
سەربەخۆیی کوردستان
مژدەبێ خوشك و برا
حوکم زاتی وەرگیرا
کێتان دەوێ ئەی کوردان
ما م جەلال و نەوشیروان
مکتوب على سلاحنا
كردستان، كفاحنا
الجنود، أخواننا
صدام، أعدائنا

ئەندامـانی حیزبـەکانی تریـش بەشـدارییان تیـادا کـرد، بـەڵام ئـەو درووشـمانە بەشـێکی زۆری درووشـمی ڕێکخسـتنەکانی (ی.ن.ك) بـوو ئەودەمـە گفتوگۆیـان لەگەڵ حوکمەتی بەغدا هەبوو، هەرچەنـدە بڕیـار بـوو ڕێکخسـتنەکان خۆیـان ئاشـکرا نەکـەن و بەشـداری هیـچ چالاکییـەك نەکـەن لـە ئاینـدەدا زیـان بەڕیـزەکانی ڕێکخراوەیـی بگەیەنـێ، وەلـێ کەمبـوون ئەوانـەی پەیـڕەوی ئـەم بڕیارەیـان دەکـرد بـە تایبـەت گەنجـان و خوێنـدکاران زیاتـر لـە قوتابخانـەی ئامادەیـی کـەلار چالاکییـەکان ئەنجـام دەدرا، شـیعری نەتەوەیـی شۆڕشـگێڕانە دەخوێنرایـەوە، لـەو خۆپیشـاندانەدا کـە ژن و پیـاو بەشـدارییان تیـادا دەکـرد و ڕەشـبەڵەکیان گـەرم دەکـرد، حکومـەتی بەعـس سـەدان ئەمـن و ئیسـتخبارات و هێـزی لـە سـلێمانییەوە هێنابـووە کـەلار، ڕۆژی خۆپیشـاندانەکە (فـەرەج محەمـەد ئەحمـەد و محەمـەد کۆمەڵـە) گۆرانییـان دەچـڕی، مەفرەزەییـەکی ئیسـتخبارات هاتـن وتیـان چییـە هەڵدەپـەڕن؟ شـایی دایکتانـە زلل‌ەیەکیانـدا لـە (فـەرەج ئەحمـەد) و بوورایـەوە (بەداخـەوە لـە دوای ڕاپەڕیـن لـە شـەڕی ناوخـۆدا شـەهید بـوو)، لـەو لاوە (جمعـە قـادر) هـات و پەلامـاری مەفرەزەکەیـدا و دەسـتی کـردە زللـە وەشـاندن، ئەوانیـش دەسـتڕێژی گوللەیـان کـردوو (جمعـە)ی بـاوکی عـادل دەمانچەیـان شـەهید کـرد، تەرمەکەیـان لـە گـەڕەکی سـەرکەوتنەوە بـە پێیـان بـرد بـۆ گۆڕسـتانی بەرلـوت کە (٦ کـم) لـە کـەلارەوە دوورە، هـەزاران کـــەس بەشـداری مەراسـیمی بـە خـاك سـپاردنیان کـرد، بـۆ یەکەمیـن جـارە لـە کـەلارەوە بـۆ گۆڕسـتانی بەرلـوت تـەرم بەپێیـان ببرێـت، (ئاسـۆی مەحمـود بەگـی جـاف) ئەوکاتـە ئەندامـی نوێنـەرانی عێـراق بـوو بەشـداری کـرد، هێنـدەی تـر گوڕوتینـی داوە خۆپیشـاندەران (هەرچەنـدە ئەمـە یەکـەم هەڵوێسـتی نەبـوو لـە حوزەیـرانی ١٩٧٩ لـە هێنـانی تەرمـی شـەهید سـەرکەوت (عـەلی حەسـەن) بـۆ کـەلار و شـۆردنەوەی لـە مزگـەوتی گـەورە و دواتـر ناشـتنی لـە گۆڕسـتانی کـەلار کـۆن هەڵوێسـتی جوامێرانـەی هەبـوو)، هەروەهـا گفتوگـۆی نێـوان حکومـەتی ناوەنـد و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان نزیکـەی سـاڵێکی خایانـد، جۆرێـك لـە یەکـتر گەیشـتن و چەندیـن دانیشـتن ئەنجامـدرا، ئەمەشـیان وەك گفتوگـۆکانی تـر بـێ ئەنجـام کۆتایـی هـات، ئەنجامەکـەی هەرچییـەك بـوو بـێ دیسـانەوە گەڕانـەوە بـۆ شـەڕ و لەباربـردنی زمـانی گفتوگـۆ و دانوسـتان، پارتـە کوردسـتانییەکان لـە ناوەڕاسـتی تەممـوزی (١٩٨٧) دەسـتیان کـرد بـە کۆبوونـەوە بەمەبەسـتی دامەزرانـدنی (بەرەی کوردسـتانی) لـە (١٩٨٨/٥/٢)دا بەیاننامـەی بـەرەی کوردسـتانی ڕاگەیەنـرا، کـە پێکهاتبـوو لـە یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، پـارتی سۆسیالسـتی کـورد (پاسـۆك)، حیـزبی شـیوعی عێـراق، حیـزبی سۆسیالسـتی کوردسـتان، پـارتی گـەلی دیموکـراتی

کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی کلدوئاشوری بوون بە ئەندام لەو بەرەیەدا، هەرچەندە ئەم بڕیارە درەنگ وەخت بوو، دەبوو زووتر بڕیاری وا گرنگ بدرایە، وەلێ لەو دۆخە سیاسییەدا هەلومەرجی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز تووشی شپرزەیی و تەنانەت شکستی سەربازی بوو، بەڵام یەکڕیزی و ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد لە هەموو ساتێکدا گرنگە و کاریگەری خۆی هەیە، بەهەرحاڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٨٧) دەستی کردە ڕووخاندنی گوندەکانی سەر جادە نزیکەکانی شار تەنانەت لەناو کەلار گەڕەکی (گازینۆ)ی ڕووخاند کە گەڕەکێکی گەورەی ناو شار بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی بەردەسوور مایەوە کە دەکەوتە دیوی باکوورییەوە چەند سەد مەترێك لێیەوە دوور بوو، دواتریش شەڕی (عێراق-ئێران) بەرە و خاوبوونەوە و کۆتایی دەچوو، چەندین کارەساتی کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و ڕووخاندنی (٤٥٠٠) گوند لە باشووری کوردستان لەگەڵ چەندین ناحیە و قەزادا ڕوویاندا، هێرشەکانی ئەنفال بەو هێرشە دڕندانە دەرهەق بە گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجامدرا، ئەم هێرشانە بە چەند قۆناغێك و لە مانگی شوباتی (١٩٨٨) لە دۆڵی جافایەتییەوە دەستی پێکرد، ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە ئەنفالی (٣) ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادر کەرەم، دووز، کفری کەلار، پێباز، تیلەکۆ )ی گرتەوە لە (٧)ی نیسان دەستی پێکرد لە (١٧، ١٨) نیسان کۆتایی هات، لە مانگی نیسانی (١٩٨٨)دا هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر ناوچەکانی گەرمیان و قەزای کەلار ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ناوچەی گەرمیان بەر ئەو شاڵاوە سەربازییە کەوتن، دەیان هەزار کەسیان بێ سەر و شوێن کران و ئەوانەشیان مانەوە لە ئۆردوگای زۆرە ملێی (صمود)دا نیشتەجێکران، ئەو گوندانەی کە لە قەزای کەلار و ناحیەکانی (تیلەکۆ و پێباز)دا ڕووخێنران بە ناوەندی ناحیەی تیلەکۆشەوە، کە ژمارەیان (١٧٣) گوندە زۆرترینیان سەر بە ناحیەی تیلەکۆیە و ژمارەیان (٨١) گوندە، هەرچەندە ناوەندی کەلار کەمترین گوندی لەسەرە کە (٢٣)یە، وەلێ زۆرترین ژمارەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە وەك ئەوەی لە خشتەکەدا هاتووە، کە دەکاتە (٤٥٦٨) کەس، کۆی دانیشتوانی گوندەکان لە قەزای کەلار دەکاتە (١٠٦٦٨) کەس، سەرجەم قوربانییانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزاکە ژمارەیان (٢٦١٥٠) کەسە[1]، سەیری خشتەی ژمارە (١٦) بکە:

١- زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی٢٠٠٤، ل١٣٤

خشته ژماره (١٦)

ئاماری قەزای کەلار کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن

| شار | کۆی گوند | کۆی خانوو | کۆی خێزان | کۆی دانیشتوان | کۆی ئەنفالکراو | کۆی قوتابخانە | کۆی نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٢٣ | ١٣٩٣ | ١٧٩٦ | ٩٤٣٠ | ٤٥٦٨ | ٧ | ١ |
| تیلەکۆ | ٨١ | ١٣٦٤ | ١٤٠٩ | ٧٥٩٦ | ٣٦٨٠ | ٤ | ١ |
| پێباز | ٦٩ | ١٨٤٩ | ٢٠٠٣ | ٩١٢٤ | ٤٤٢٠ | ٥ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٧٣ | ٤٥٠٦ | ٥٢٠٨ | ٢٦١٥٠ | ١٠٦٦٨ | ١٦ | ٣ |

سەرچاوە : زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٣٤

فاکتی دوای ئەنفال خاکێکی وێران و سوتماك و چۆڵەوانی، خەڵکێکی بێسەر و شوێنکراو، قەرەچۆڵبڕاو، هیچ شتێك لە شوێنی خۆیدا نەمابوو، لەناو ئەم تابلۆ تراژیدیایەی خوێن و خەم و خاکەساری لێچۆڕاوەدا، سەر لە نوێ مێرخاسانی گەرمیان تێهەڵچوونەوە، باوەشیان کردەوە بەکێوی ئەرکی گرانی نیشتمان و دڵسۆزی بۆ کوردستان، سەرەتای لە دایکبوونێکی خەبات و گەشتی درێژخایەنی ڕێگای کوردایەتی و مەردایەتی لەو جوگرافیا بە مین ڕێژکراوە سەریهەڵداوە، شێرەکوڕانی ڕێناسی گەرمیان نەیانهێشت پشکۆی ئەو کوانووی شۆڕشەی کە بە هەناسەی گەرمی ئەوان دەگەشایەوە بکوژێتەوە، بڕیاریاندا جارێکیتر ئەو تەلبەندە دڕکاوییە تەنراوەی بەعس بپچڕنەوە، چەندین مەفرەزەی جیاجیا بە گەرمیاندا پەخشبوونەوە، ئەشکەوتی ژمارە چوار بووبووە خانەخوێی مەفرەزەکەی شەهید مەلا ئەحمەد و هاوڕێکانی، ئەوان لە پەنایدا ئاسوودەبوون و ڕۆژانە خجڵی کاروبارەکانی خۆیان بوون، بەڵام سروشت لە ئاست لێبوردەیی ئەو چەلەنگانە بێبەزەیی بوو، وەکو دێوەزمەیەك لە ساتەوەختێکی درەنگی زەردەپەڕی ئێوارەدا هەڵی کوتایە سەریان و حەوت

گیـانی دارمـاڵ لـە خۆشەویسـتی نیشـتمان و نەتـەوەدا لـە گـەرووی بێدەنگـی ئەشـکەوتدا نوقمبـوون، کاتـێ سـەید محەمـەد و حەمـە سۆران لە جیهـاز کـردن گەڕانەوە، ئەشکەوت دیار نەمابـوو، بـرادەرەکانی قووتدابـوو[1]، لـە سـاتەوەختی پرۆسـەی ئەنفـال و کشـانەوەی بەشـێکی زۆری هێـزەکانی پێشـمەرگە بـۆ سەرسـنوورەکان، کۆمەڵێـك پێشـمەرگە بڕیـاری مانەوەیانـدا، بەشێوەی مەفـرەزە هەرچەنـد کـەس و بەسـەر ناوچەیەکـدا دابـەش دەبـن و مەفرەزەیەکی (٩) کـەسی بەسەرپەرشتی شـەهید (ئەحمـەد کـەلاری) لـە ئەشـکەوتی داری خلـە گیرسانەوە ئـەم ئەشـکەوتە دەکەوێتـە سـەرووی گونـدی زاوت و ڕۆسـەی شامارەوە بەنزیکـەی (٥) کیلۆمەتـر و دەکەوێتـە باکووری خۆرئـاوای ناحیـەی باوەنـوور و قـەزای کـەلارەوە، پێشـمەرگەی دێریـن و پارتیـزان (حەمەسـۆران غـازی سـالار) یەکێکـە لـەو کەسـانەی لەگـەڵ ئـەو مەفرەزەیـەدا بـووە، قـەدەر لـە کارەسـاتەکە ڕزگاریکـردووە لـەم بارەیـەوە وا کارەسـاتەکە دەگێڕێتـەوە: شـەهید مـەلا ئەحمـەد کـەلاری و شـەهید سـەلام لەسـەر جێگەکەیـان ڕاکشـابوون ڕادیۆیـان بەدەسـتەوەبوو و گوێـمان لـە هەواڵـەکانی ڕادیـۆی دەنگـی گـەلی کوردسـتان دەگـرت، کـە هەواڵـەکان کۆتایـی هـات کاتژمێـر بووە (٥)ی سـەر لـە ئێـوارە و ئەوکاتەش مەوعیـدی جیهازمان هەبـوو لەگـەڵ مەفرەزەکانـی تـردا، شـەهید سـەلام وتی: کاك سـەید مەوعیـدی جیهـازە ناچـی بـۆ جیهـاز، وتی: بەڵـی، جیهازەکـەی هەڵگـرت و بـە پەلـە کەوتـەڕێ و وتی: حەمەسۆران نایـەی، وتـم: بۆنـا، وتی: فەرمـوو چەکێـك و دووربینەکـە لەگـەڵ خۆتـدا بهێنـە و بـا بچینـە سـەرەوە، شـوێنەکە نزیکـەی (١٥٠) مەتـر دوورە لـە ئەشـکەوتەکەوە لـە تەنگەبەرەکـەوە دەردەچێـت و دەچێتـە سـەر بەرزییـەك، لـەوێ جیهازەکـە وەریدەگـرت، گەیشـتینە نیـوەی ڕێ کاك سـەیدیش جیهـازی دەکـرد و منیـش بـە دووربینەکـە تەماشـای دەوروبـەرم دەکـرد کاتژمێـر گەیشـتە نزیکـەی (٥:٣٠) خولـەك جیهازەکـەی تەواوکـرد، دووربینەکـەی لـە دەسـتم وەرگـرت تەماشـای دەوروبـەری پێدەکـرد، شـوێنێك سـپیایی بـوو دیـار بـوو بەفـر باریبـوو وتی نـەوەك خێمـە بـێ بـزان ئاگـر لـە دەوروبەریـدا نییـە، نزیکـەی دە هەنگاوێـك لێـم دوورکەوتـەوە مـن ئەوکاتـە تەماشـام دەکـرد، دەنگـێ پەیـدا بـوو، دەنگەکـە دەنگێـکی ئاسـایی نەبـووا دەنگـی هـەرەس بـوو، ئاوڕمـان دایـەوە بـەلای دەنگەکـەدا تەماشـامان کـرد بەردێـک لـە شـاخەکە ڕاسـتەوەبوو، بەڕاکـردن گەیشـتینە شـوێنەکەی خۆمـان، تەماشـامان کـرد بـە بـەرزی نزیکـەی (١٠) مەتـر زیـخ و چـەو کەوتۆتـە خـوارێ، تـا (١٠) خولـەك بانگـمان کـرد و بەملەکـەدا چووینـە خـوارەوە وتمـان بەڵکـو کەسـێکیان دەرچـوو بـێ بـۆ کارێـك بێسـوود بـوو، ئێمـەش ئـەو شـوێنەمان

١- م. عەلی، داری خلە، مانگانەیەکی تایبەتە بەساڵیادی شەهیدانی ( داری خلە )، شوباتی ٢٠١٠

بەجێهیشـت و چووین بـۆ بنکەکەمان لـە ناوچـەی زاوت و بەردەبەلـە و دوو برادەرمـان لەوێ بـوون، دواتـر شـەو گەڕاینـەوە نزیکـەی نیـو کاتژمێـری تـر سـۆراخمان کـرد هـەر بـێ سـوود بـوو، ڕۆژی دوایـی (١٩٨٩/٢/٢٠) مەفرەزەکانـی ترمان ئاگادارکـردەوە، بـۆ ڕۆژی سـێیەم هاتـن بـە هانامانـەوە و ئەوانیش هیـچ هەوڵێکیـان پێنـەدرا، چونکـە هـەر لـە یەکـەم خولەکـەوە بـێ ئۆمێـد بووین لـەوەی کـە ئـەوان مابـن، لەبـەر ئـەوەی هەرەسـەکە تاوێـر نەبـوو تـا بۆشـایی بخسـتایەتەوە، دواتریـش بـە هـۆی بـەردەوام سـوڕانەوەی هێلیکۆپتـەری هێـزەکانی ڕژێمـەوە مەفـرەزە پارتیزانـەکانی هێـزی پێشـمەرگە ناتوانـن تەرمـەکان لـە ئەشـکەوتەکەدا دەربهێنـن و هـەر لەوێـدا بـۆ مـاوەی (٣) سـاڵ دەمێننـەوە، تـا دوای ڕاپەڕینەکـە لـە (١٩٩١/١١/١) دوای کارکـردنی بەردەوامـی ئامێـری شـۆفڵ بـۆ مـاوەی هەفتەیـەك و دۆزینـەوەی تەرمەکانیـان لـە مەراسـیمێکدا دەهێنرێنـەوە بـۆ گۆڕسـتانی کـەلاری کـۆن و لەوێـدا دەنێژرێـن، بـە پێـی ئـەو زانیاریانـەی (ڕۆژنامـەی ڕێـگا) لەسـەرچاوەیەکی تایبەتـەوە بـە دەسـتی هێنـاون ئـەو شـتانەی لـە ئەشـکەوتەکەدا دۆزاونەتـەوە بریتـی بـوون لـە ژمارەیـەك کتێبـی جۆراوجـۆر و مۆرێـکی تیپـی (٥٥)ی قـەرەداغ کـە ئـەوکات شـەهید مـەلا ئەحمـد فەرمانـدەی بـووە و قەڵەمێـکی پارکـەری جـاف و ڕادیۆیـەکی بچـووك و یەکێکـتری ناشـناڵی یابـانی کـە شـکاو بـوو (٦) تفەنگـی هەمـە جـۆری زامـن نەکـراو و (١) ئاربیجـی و (٦) تاقـم و ڕەزنی (٨) مەخـزەنی و چەنـد شانە و مەخزەنێـکی پەرتـەوازە و چەنـد لاقـە مزەلییـەکی شـکاو و ژەنگخـوارد و جیهازێـکی ڕاکاڵـی بچـووك و جامانەیـەکی لـوول دراو و کڵاوێـك و چەنـد تاکـە گۆرەوییـەك و تیـرە و دەزوویـەکی خـاکی و (١٠) پاکەتـە جگـەرەی کیـس و مقەبـای جـۆری بەغـداد، لەگـەڵ تاقمـی تـەراش و گوێـزان و مەقـاشی شـکاو و لایتـی گـەورە و بچـووك و (٦) چەقـۆ و حەربـەی هەمەجـۆر و ژەنگـن و شوشـەی عەتـری نیـوە پـڕ و کتریـەکی قۆپـاو و دوو پـەرداخ و قۆرییـەکی شوشـەی پـەراش پـەراش و (٢) کەوچـك و (٦) زەمـزەم و مەتـارەی قۆپـاو و سـێ ڕۆژژمێـری شـەهید مـەلا ئەحمـد کـە یاداشـت و مێـژووی پێشـمەرگایەتی تیادابـوو [1].

١- ڕۆژنامـەی ڕێـگای کوردسـتان، ووردەکارییـەکانی چیـرۆکی ئـەو حـەوت پێشـمەرگەی یەکێتـی کـە ١٣ مانـگ لـە ئەشـکەوتێکی تاریکـدا مانـەوە تامـردن، ئـا. کەمـال محەمـەد و دلێـر عەبدلڕەحـمان

خشتەی (١٧)

شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە لە شوباتی ١٩٨٩

| ژ | ناوی تەواوی شەهید | شوێنی لە دایك بوون | ڕۆژ و شوێنی شەهید بوون |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد محەمەد حەمەئەمین/ مەلا ئەحمەد کەلاری | ١٩٥٨ کەلاری کۆن | ١٩/ ١٩٨٩/٢ ئەشکەوتی داری خلە |
| ٢ | حەمید قادر کەریم/ حاجی حەمید | ١٩٣٨ قەرەبلاخ | |
| ٣ | دارا قادر سەمین/ دارا سوور | ١٩٦٤ نارێن | |
| ٤ | سەلام محەمەد حسێن/ سەلامە ڕەش | ١٩٦٨ نارێن | |
| ٥ | نوری قادر ڕەحیم/ پۆلا | ١٩٦٧ نارێن | |
| ٦ | حەیدەر محەمەد کەریم | ١٩٦٨ کەلارکۆن | |
| ٧ | ڕەحیم ئەحمەد ڕەشید | ١٩٧٠ کەلار کۆن | |

سەرچاوە : کاری توێژەر

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال کاردانەوەی توندی لە سەراپای ژیانی مرۆڤی کورد لێکەوتەوە، بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤی لەو خەمەی کورد دەرباز بکات، بۆیە بڕیاردان لەسەر درێژەدان و پارتیزانی لە کاتێکدا کەس بڕوای بەوە نەما بوو لەو هەلومەرجەدا بتوانرێت کارێك بکرێت، کەم بوون ئەوانەی بڕیاریاندا درێژە بە خەبات بدەن، کۆمەڵێك خۆنەویست و خۆڕاگر لە ئەشکەوتەکاندا بنە و بارگەیان فڕێدا، لێرەش سروشت ناخۆشترین کارەساتی مەرگباری خوڵقاند کە بەدرێژایی مێژوو هاوشێوەی نەبوو، لەو مەملەکەتە سوتماك و وێرانەدا بوونە ژێر هەرەسی ئەشکەوتەوە لە (١٩٨٩/٢/١٩) شەهید دەبن،لە ناو حەشارگەی ژمارە (٤) داری خلە ئەشکەوتەکە هەرەس دەکات بەسەریاندا، حەوت ئەستێرەی

گـەشی ئاسـمانی کوردایـەتی، حـەوت ڕۆڵـەی بـە ئەمـەکی ئـەم گەرمیـانی کێڵگـەی زامـە ئاوابـوون، کـێ دەزانـێ ئەمانـە چـۆن شـەهیدبوون، داخـۆ چەنـد ڕۆژ لـە ژێـر ئـازار و چاوەڕوانیـدا مانـەوە، یان لەگـەڵ هەرەسـهێنانی ئەشـکەوتەدا، ئەمانیـش دوا هەناسـەی ساتەکانی تەمەنیان ئاوێتـەی دەنگـی بـەرز و زرمـە و تـۆز و گـەردی ئەشـکەوتەکە بـوون، بـەو جلـە خاکییـەی پێشـمەرگایەتییەوە لەگـەڵ تفەنـگ و خۆزگـە ڕەنگاڵەییەکانیانـدا پێکـەوە ئەشـکەوتێك دەبێتـە گـۆڕی حـەوت مرۆڤـی مـەزن، وەلـێ هاوسـەنگەرەکانیان لـە گەرمیـان و ناوچـەکانی تـر درێژەیـان بـە خەباتـدا و بـۆ ساتێك سـەنگەرەکانیان چـۆڵ نەکـرد [1]، حکومـەتی بەعـس بـەردەوام بـوو لـە سـەرەڕۆیی و ملهـوڕی و داگیـرکاری بـۆ شـاردنەوەی قەیرانـەکانی و خراپـی دۆخـی عێـراق، لـەو شـەڕەی لەگـەڵ ئێرانـدا، کـە هەشـت سـاڵ بـە درێژایـی سـنووری (١، ٤٥٨) کیلۆمەتـر لەشـەڕێکی خوێنـاوی دابـوون ئـەو سـنوورە بـووە گۆڕسـتان، زۆرێـك لـە گۆڕەپـانی جەنگەکـە کەوتبـووە خـاکی کوردسـتانەوە، لـەکاتی ڕاگرتنـی جەنگـدا ١٢٠ هـەزار قوربـانی و٣٠٠ هـەزار برینـدار بـۆ گـەلانی عێـراق کـردە دیـاری و (٦٠-١٢٠) ملیـار دۆلار قـەرزاری ئەمریـکای کـرد[2]، هـەر بـۆ داپۆشـینی ئـەو قەیرانانـە، پەلامـاری (کوەیـت)ی دا لـە (٢)ی ئـابی (١٩٩٠) و داگیـری کـرد، لەگـەڵ ئـەوەش جاڕیـدا کـە کوەیـت پارێـزگای نۆزدەهەمـی عێراقـە، کـە بـە جەنگـی کەنـداوی یەکـەم نـاوزەد دەکرێـت، لـەو سـەر و بەنـدەدا چەندیـن فشـاری نێودەوڵـەتی و وڵاتـانی زلهێـز بـۆ کشـانەوەی بێهـودە بـوو، دواجـار بەنـاوی جەنگـی کەنـداوی دووەم یـان ڕزگارکـردنی کوەیـت شـەڕیان دژی عێـراق ڕاگەیانـد، هێـزەکانی هاوپەیـمانی پێکهاتبـوو لـە (٣٤) دەوڵـەت بەسـەرکردایەتی ئەمریـکا دژی عێـراق لـە بەرەبەیـانی لـە (١٩٩١/١/١٧) پرۆسـەکە دەسـتپێکرد، تەنهـا بـە (١٠٠) سـەعات جەنگـی زەمینـی گەیشـتە نزیـک بەغـدا، لـە دوای داگیرکـردنی کوێـت کـە هەڵەیـەکی گەورەبـوو، بەزەبـری هێـز هاوپەیمانـان سـوپای عێراقیـان لەکوەیـت وەدەرنـاو گـورزی کاریگەرییـان لـە سـوپای عێـراق وەشـاند، لـە هەمـوو ڕوویەکەوە عێراقیـان لاواز کـرد، گەمـارۆی ئابووریـان بەسـەریدا سـەپاند، ئەمـەش هەلێـکی بـاشی خوڵقانـد بـۆ ئەوانـەی دژی دەسـەڵاتی بەعسبوون، هـاوکات ڕاپەڕیـن درێـژەی هەبـوو جگـە لـە چەنـد پارێزگایـەکی کەمـی سوونەنشـینی ناوەڕاسـتی عێـراق، سـەراپای ناوچـەکان و پارێـزگاکانی تـری گرتـەوە بـە باشـووری کوردستانیشـەوە، هەربۆیـە لـە سـەرەتادا شـیعەکان و دژە دەسـەڵات لـە

١- رزگار حاجـی حەمیـد، لـە سـاڵیادی داڕمـانی ئەشـکەوتەکەدا، (ئەسـحاب کەهفـەکانی) تەریقـەتی کوردایـەتی، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژ٧٤٨٢

٢- فرزەنـد شـێرکۆ، عێـراق قەیـرانی ئاسـایش وسـتراتیژی بنیادنانـەوەی، چـاپ، دەزگای چـاپ وپەخـشی حەمـدی، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦١

باشووری عێراق ڕاپەڕین و هەوادارییان زۆر بوو، دواتریش کوردەکان هەمان پلانیان دانا بۆ پەلاماردانی بەعس لە باشووری کوردستاندا، دەزگا سیخوڕ و داپلۆسێنەرەکانی بەعسییان وەدەرنا، لە (٥)ی ئازار لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە دەستی پێکرد، شاری کەلاریش لە (٩) ئازاردا لە دەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی بەعس پاککرایەوە، لەو ڕۆژانەدا کۆپتەرێک بە ئاسمانی شاردا دەسوڕایەوە و جەماوەری ڕاپەڕیوەی شار بێ ترس بە شەقامی شاردا دەسوڕانەوە بەردەوام بوون بە هوتاف کێشان، دۆشکەیەک لەسەر قەڵای شێروانەوە تەقەی لە کۆپتەرەکە کرد و خستییە خوارەوە، ڕەنگە ئەم حاڵەتە لە شارەکانی تریش ڕووی نەدابێ، گەر بەراورد بکەین لەگەڵ شارەکانی تری باشووری کورستاندا گەلێك دووره، کەچی تەنها دوای (٤) ڕۆژ لە ڕاپەڕین ڕزگار کرا، لە کاتێکدا کەلار نزیکترین شارە لە ناوەڕاستی عێراقەوە و (١٨٠) کم لە پایتەختەوە دوورە، چەند کیلۆمەترێك لە سنووری پارێزگای باقوبەوە، وێڕای ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە ڕزگارکردنی شارەکانی (خانەقی و خورماتوو و کوڵەجۆ)، سەیری وێنەی ژمارە (٩) بکە:

وێنەی ژمارە (٩)

جەماوەری ڕاپەڕیوی ئازاری ١٩٩١



ڕێکخـراوی (موجاهیدیـن خەڵـق) شانبەشـانی هێـزەکانی عێـراق پەلامـاری خەڵـکی ڕاپەڕیـوی کوردسـتانیاندا، بەتایبـەت لەدەڤـەری گەرمیـان، سـەرەتا لەناوچـەی (خورماتـوو - سـلێمان بـەگ)ەوە نزیکـەی (٣٩) کەسـیان لـە هێـزی پێشـمەرگە و جەمـاوەری ڕاپەڕیـو شـەهید کـرد، جگـە لـە بریـندار و بـە دیـل گرتنـی (٢٢) کـەسی تـر، ئـەم ئامـارەش زیاتـر نەبێـت کەمـتر نییـە، یەکێـك لەوانـەی دوای بریـندار بـوون بـە دیـلی کەوتـە دەسـت موجاهدیـن لـە شـەڕگەی سـلێمان بـەگ (داود سـەرکەلی) بـوو، ڕوداوەکـە وا دەگێڕێتـەوە: دوای سـەرکەوتنەکانی خەڵـك و هێـزی پێشـمەرگە لـە کـەلار و کفـری و ناوچەکـە، کەوتینـە ڕێ بـەرەو ناحیـەی جەبـارە و لەوێـوە بـۆ سـلێمان بـەگ، هێـزەکانی بەعـس لـە هیـچ کـوێ خۆیـان ڕانەدەگـرت، ئێمـە هێزێـك بویـن لـە پێشـمەرگە و خەڵـکی ڕاپەڕیـوو لـە سـلێمان بـەگ نزیـك بوینـەوە، شـەڕێکی سـەخت لەنـاو شـاری خورماتوودا هەبـوو، پـلانی ئێمـە ڕزگارکـردنی ئـەو ڕێگـە سـەرەکییەی کەرکـوك -بەغـدا بـوو کـە ئەمـەش جیـا لـەوەی دەبـووە سـەرکەوتنێکی گـەورە، پاڵپشـتێکی گرنـگ بـوو بـۆ ڕزگارکـردنی کەرکـوك و خورماتـوو، سـەر لـە بەیـانی(١١ی ئـازاری ١٩٩١) دوای پێکدادانێـکی کـەم هێزێـکی تۆکمـەی موجاهیدیـن کـە پێکهاتبـوو لـە بیسـت تانـک و زرێپـۆش، ڕووبـەڕووی ئێمـە بوونـەوە بـە دسـپلینی سـەربازییەوە، هێـزی ئێمـەش جگـە لـە چەنـد پێشـمەرگەیەك ئـەوانی تـر خەڵـکی دڵسـۆز و ڕاپەڕیـوو هەندێکیـان پێشـتر شـەڕیان نەکردبـوو تەنانـەت بـێ چەکیـشی تیابـوو، لەپـاش دوو کاتژمێـر بەفیشـەکی کەمـەوە و چـەکی باشـمان پێنەبـوو، شـوێنەکەش تەخـت و هیـچ پەناگەیـەکی شـەڕی تیانەبـوو، ئەوانیـش بـە چـەکی قـورس و تانـک و زرێپۆشـەوە سـەرکەوتووبوون، دەسـتیان لـە کـەس نەدەپاراسـت نـەوەك ئەوانـەی لـە مەیدانی شـەڕگە بـوون، تەنانـەت لـەو منداڵ و پیرانـەش لەسـەر ڕێـگا گشـتییەکە هاتوچۆیـان دەکـرد، بـە چـاوی خـۆم بینیـم بەزرێپۆشـەکانیان بەسـەر زینـدوو و بریـندار و شـەهیدەکاندا دەڕۆیشـتن، شـەهید (شـوکر ڕەشـید قەواڵـی) لـە دوای شـەڕێکی قارەمانانـە فیشـەکی پێنەمـا دەسـتی بەرزکـردەوە تانـک بەسـەر لاشـەکەیدا چـوو، پارچـە پارچەیـان کـرد، تەنانـەت لـە تەنیشـتمەوە (عەزیـز ئەحمـەد محەمـەد) ئەمـەی بینـی زۆر بێتاقـەت بـوو، بڕیـاری خۆکوشـتنی دا هەرچـی هەوڵمانـدا بێسـوود بـوو خـۆی کوشـت، هەروەهـا حاجـی مەحمـود بـاوکی (کاك عوسـمان) لەگـەڵ ئەوەشـدا تەمـەنی کردبـوو زرێپۆشـێك بەسـەر لاشـەکەیدا ڕۆیشـت و شـەهیدی کـرد، دواتـر ئێمـە بـە دیـل گیرایـن (٢٢) کـەس خەڵـکی کفـری و کـەلار و دەوروبـەری بویـن (٧) مانـگ زینـدانی کرایـن، لـەوە دەترسـاین تەسـلیمی عێراقـمان بکـەن ئـەم پرسـیارەمان دەکـرد دەیـان وت: نەخێـر عێراقـی

چـی، ئێمـە نەمانهێشـت حوکمـەتی عێـراق بڕوخـێ تەسـلیمی ئەوانتـان ناکەیـن، ئـەوان دەیان زانی ئێمـە پێشـمەرگەی یەکێتیـن، وێنـەی کـوژراوەکانی شـەڕی قڕناخـە و پشتئاشـانی (سـاڵی ١٩٨٥)یـان پیشـان دەدایـن وەك ئـەوەی بڵێـن تۆڵـەی ئەوەتـان لێدەکەینـەوە، تەنانـەت بەرپرسـێکیان وتی: (ئێمـە بەهـاوکاری هێـزەکانی عێـراق کوردەکانمـان وەدەرنـا بـۆ تورکیـا و ئێـران، ئـەو کاتـە مـن لـە کەرکـوك و چەمچەماڵـەوە چـووم بـۆ سـلێمانی و لـە کـەلارەوە گەڕامـەوە، ئێمـە هیـچ حساب بـۆ کـورد ناکەیـن)، دواجار ئێمەیان هێنایە شـوێنی شـەڕەکە لـەوێ ئازادیـان کردیـن، کـە دوای حـەوت مانـگ سـوپای عێراقـی تیابـوو، ئەمـە ئەوەبـوو لـە سـەرەتاوە لێـی دەترسـاین بـۆ مێـژوو سـەربازە عێراقییـەکان دوای پرسـیار تـووشی شـۆك بـوون، وتیـان: با بچیـن بـۆ لای (امـر فـوج) کـە شـیعە و خەڵـکی (یەنگیجـە) بـوو، وتی : ئێـوە کێـن لـە کوێـوە هاتـوون، لەوەڵامـدا وتمـان لای موجاهیدیـن زینـدانی بوویـن تـوڕە بـوو، وتی توخـوا ئەمـە وڵاتـە، پەنابـەری وڵاتێـکی تـر بێـت و هاووڵاتیـانی خـۆت زینـدانی بـکات بەبـێ ئـاگاداری دەوڵـەت، بڕۆنـەوە بـۆ لای کەسـوکارتان[1]. شـەڕی سـلێمان بـەگ جگـە لـە دیـل و برینـدار ئـەم شـەهیدانەی لێکەوتـەوە وەك لـە خشـتەی ژمـارە (١٨)دا هاتـووە :

خشتەی ژمارە (١٨)

شەهیدانی شەڕی سلێمان بەگ بە دەستی موجاهیدین خەڵق لە ١١ی ئازار ١٩٩١

| ز | ناوی تەواوی شەهید | شوێنی لەدایك بوون | ڕۆژی شەهید بوون |
|---|---|---|---|
| ١ | حاجی مەحمود محەمەد ڕەشید | ١٩٣٣ کـارێـزە | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢ | عومەر مەحمود محەمەد ڕەشید | ١٩٧١ کـارێـزە | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣ | محەمەد کەریم عیسا | ١٩٧٥ هۆمەرانان | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٤ | عەبدوڵڵا حەسەن عەلی | ١٩٦٦ سۆفی ڕەزا | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٥ | عەلی عەبدوڵڵا سدیق مستەفا | ١٩٧٢ کفری | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٦ | عەزیز ئەحمەد محەمەد عەلی | ١٩٦٥ کفری | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٧ | محەمەد ئەحمەد محەمەد | ١٩٦٢ | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |

١- چاوپێکەوتن : داود سەرکەلی پێشمەرگەی دێرین بەشداربوو بریندارو دیلی شەڕەکە، نیسانی ٢٠١٦

| ز | ناوی تەواوی شەهید | شوێنی لەدایك بوون | ڕۆژی شەهید بوون |
|---|---|---|---|
| ٨ | عوسمان حەمە غەریب ڕەزا عەلی | ١٩٦٨ گۆبان | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٩ | ئەبوبەکر سدیق حوسێن | ١٩٦٣دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٠ | سەمەد ڕەحیم حەسەن محەمەد | ١٩٧٣ڕزگاری | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١١ | بورهان عەلی ڕۆستەم | ١٩٧١ دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٢ | شوکر ڕەشید نەجم | ١٩٦٥ دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٣ | سەلاحەددین محەمەد ئەحمەد | ١٩٦٣ ئیمام محەمەد | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٤ | شەلال ڕەشید نەجم | ١٩٥٥ دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٥ | سالار حەمید حەسەن | ١٩٧٣ کۆکس | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٦ | عەلی مەحموود خەلیفە حەمید | ١٩٧١ دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٧ | عومەر ئەحمەد حەسەن | ١٩٧١ ئۆمەربل | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٨ | ئەمیر عومەر ساڵەح فەرەج | کفری | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ١٩ | دارا ڕەشید عەبدولقادر | وەلی هەیەر | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٠ | حەکیم عەزیز ساڵەح | ١٩٧٢ ئیمام محەمەد | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢١ | جەلیل خەلیل ئیبراهیم | ١٩٥١ کفری | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٢ | عەلی حەسەن لەفتە عەبدوڵڵا | ١٩٥٣ ئۆمەربل | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٣ | عوسمان کەریم حەسەن | ١٩٦٨ کنگربان | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٤ | حەمید فەتاح محەمەد | ١٩٥٥ بەردەسوور | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٥ | عوسمان حەمە غەریب ڕەزا | ١٩٦٨ گۆبان عەرەب | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٦ | عومەر حەمە ئەمین ساڵەح | ١٩٦٨ تیلەکۆ | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٧ | محەمەد شوکر | ١٩٥٧ خورماتوو | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٨ | لوقمان عەبدولڕەحیم فارس | دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٢٩ | فەرهاد ڕەحمان ڕەحیم | ١٩٧٢ دوانزە ئیمام | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |

| ز | ناوی تەواوی شەهید | شوێنی لەدایك بوون | ڕۆژی شەهید بوون |
|---|---|---|---|
| ٣٠ | تەحسین سەعید عەبدوڵڵا | | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣١ | ئیحسان وەهاب | | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٢ | تەڵعەت شەوکەت مەجید | ١٩٦٨ کەلار | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٣ | محەمەد نامیق تەیب | قەرەبڵاغی کۆن | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٤ | ڕێبوار ئەحمەد محەمەد ئەمین | ١٩٧٣ کەلار | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٥ | مەجید عەزیز عەبدوڵڵا | | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٦ | عومەر ئەحمەد سلێمان | | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٧ | شەریف فایەق محێدین | ١٩٧٢ عەلەومحە/کلار | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |
| ٣٨ | حسامەدین ئەمین | | |
| ٣٩ | ئەحمەد محەمەد قادر | ١٩٧٢ قەرەبڵاخ | سلێمان بەگ ١٩٩١/٣/١١ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن : ١- ئەحمەد باوەڕ، دیوانی شەهید محەمەد پەژارو چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤، ل٣٧-٤٤

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان.

پەلامارێکی تری موجاهیدین خەڵق لە ١٩٩١/٣/٢٥ لە پڕێکدا کەلار ڕووبەڕووی شەڕێکی دەستەویەخەی تانک و هێزەکانی موجاهیدین بووەوە، بە وێنەی سەرکردەکانی کورد و ئاڵای کوردستانەوە لە قەرەتەپەوە بەڕێی کۆکسدا دزەیان کردبوو بەناو هێزی پێشمەرگەدا هاتبوون، بەشێك لە دەبابەکان بۆ پاڵپشتی هێرشەکە لە خوارووی بەستەنەکەی کەلار جێگیر کرابوون و قەڵای شێروانە و ناو شاریان تۆپ باران دەکرد، ئەوانەی هاتنە ناو کەلارەوە سێ بۆ چوار تانك و زرێپۆش بوون، لەلای بەنزینخانەکە یەکەم دەست ڕێژیان لە عەلی نەجاڕ کرد و شەهیدیان کرد، خۆیان کرد بە شارەکەدا، هەر بە جادەی سەرەکیدا بە شەهید و بریندارکردنی چەندین هاوڵاتی، ترس و دڵەڕاوکێیان درووستکرد، بنکەی سەرەکی کەلاریان گوللە باران کرد، دوا زرێپۆشی هێزەکەی موجاهید تێکدەشکێ

کـە تـەواوی چەکـداری تانکـە شـکاوەکانی تریـشی تیـادا بـوو ژمارەیـان (١١) کـەس بـوو، هەموویـان بـە نیـازی هەڵهاتـن دادەبـەزن و دەکەونـە شـەڕەتەقە لەگـەڵ پێشـمەرگە و خۆیان بـە دەسـتەوە نـادەن تـا دەکوژرێـن، بـەوەش پاشـماوەی هێزەکـەی دوژمـن، ورەیـان ڕوخـاو کشانەوە، برینداریکیـان لـێ بەجێمابـوو بـە نـاوی (بەشـارەت) و کـوردی ئیلام بـوو، وتبـووی: (ڕەتلەکـە دە تانـک و زرێپـۆش بوویـن) بەمـەش شـەڕەکە بـە تێکشـکانی موجاهیدیـن کۆتایـی هـات و بارودۆخەکـە هێـور بوویـەوە، بـەڵام ئەمـە مەتـرسی ڕاسـتەقینەی نیشـانی دانیشـتوانی ناوچەکـەدا، کـە زۆری نەبـرد هەمـوو قۆڵـەکانی گرتـەوە و کـۆڕەوی لێکەوتـەوە[١] کـە لـە ناوچـەی زەندئابـادەوە دزەیـان کـرد لـە کوڵەجـۆ (والی خـەسرەو حەمید)یـان شـەهید کـرد، کـە گەیشـتە قەرەبـڵاخ پێشـمەرگەیەکی گەنجـی دەربەندیخانییـان شـەهید کـرد بـە نـاوی (عومـەر حەمـە ڕەشـید) و سـێ پێشـمەرگەی تریـش برینـدار بـوون، دواتـر لـە نێـوان شـێخ لەنگـەر و قەرەبـڵاخ دا هاووڵاتیـەکی بەتەمـەنی (٦٧) سـاڵەیان شـەهید کـرد، کـە گەیشـتنە گردەگۆزینـە پیاوێکی بەتەمـەنی (٧٣) سـاڵەیان شـەهید کـرد کـە نـاوی (کەریـم عەبدولڕەحـمان فەتـاح) بـوو، هاتنـە نـاو شـاری کـەلارەوە لای قـەڵای شـێروانە (عەدالـەت جەبـار حوسـێن و علی نەجاڕ)یـان شـەهید کـرد، کوێرانـە کەوتنـە تەقەکـردن لـە دانیشـتووانی شـاری کـەلار کـرد تەنانـەت زۆرێک لـە دانیشـتوانی شـارەکەش هەڵهاتـن لـە تـرسی دەنگـی دۆشـکەکان گیـزەی گوللـەی ئەمـان، تـا گەیشـتنە بـەردەم خەسـتەخانەی گشـتی کـەلار لێـرەش پۆلێـك ژن و منالیـان شـەهید کـرد، یەکێـك لـەو کەسـایەتیانەش کـە لـەم ڕۆژەدا سـەرگەرمی کاری ڕاگەیانـدن بـوو لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەنـاو شـاری کـەلاردا، محەمـەد پـەژاری شـاعیرو ڕوناکبیـری نـاسراو و ئەندامـی (یەکێتـی ئەدیـب و نوسـەرانی کـورد) بـوو، لەگـەڵ چەند کەسێکی تردا (دکتـۆرە جوان ڕەئـوف محەمـەد و دکتـۆرە زوحـا فـازل مەرهـودی دکتـۆرەی خەسـتەخانەی گشـتی کـەلار و خوشـکێکی بـە نـاوی (لەیلا فـازل) کـە دەرچـووی کۆلیـژی کشـتوکاڵی بوو بـە سـەردان هاتبوو، لەگـەڵ سـەلار محەمـەد میـرزا غەفـوور کـە کچێـکی منداڵـی تەمـەن یـازدە سـاڵە بـوو کچـی دکتـۆر محەمـەد میـرزا بـوو. چەنـد هاوڵاتییـەکی تریـش شـەهید کـران، لـەو دوایـەدا کتێبێـك بەنـاوی (تێپەڕیـن بەنـاو ئاگـردا) چاوخشـاندنێك بەسـەر مێـژووی ڕێکخـراوی موجاهیدینـی خەلقـی ئێـران لـە عێـراق، نووسـینی شـاهۆ گـۆران، وەرگێـڕانی ئەحمـەد زەردەشـت، بابەتێـکی تیایـە بـە نـاوی (ڕووداوەکـەی کـەلار) لەسـەر ڕووداوەکـە وای نووسـیووە: بەهەنـدێ بیانـوو پاسـاوی لاوازەوە، گوایـە ئـەو مەفرەزەیـە هەرگیـز ڕانەسـپێردرابوون بـۆ هێـرش کـردن، چـۆن

١- ڕەحمان خانی، کوردستانی نوێ پەلاماری موجاهدین بۆ کەلار، ژ (٧٢٢٩) لە ٢٠١٧/٣/٣١

بەو هێزە زۆرەی سوپا هەی بوو، پێشڕەوی کردن بەرەو شاری کەلار بە یەك مەفرەزە لۆژیکیانە نەبوو، کاتێك بارەگای سەرکردایەتی ئەو یەکەیە بۆی دەرکەوت کە مەفرەزەکەی لەو خاڵە دیاری کراوەی تێپەڕی و بەردەوامە بەرەو کەلار، سەرکردایەتی هەوڵی ئەوەیدا پەیوەندیان پێوە بکات، بەڵام پەیوەندی بێتەل نەمابوو، ئەو مەفرەزەیە بەردەوام بوو تا گەیشتنە نزیك شاری کەلار، ئینجا هەستی بەوە کرد کە بە هەڵە ڕۆیشتووە، لەو کاتەدا هەستیان بەوە کرد لە نزیك شاری کەلارن و چوار دەوریان گیراوە، کاتێ زانییان بە هەڵەدا چوون، ویستیان وتووێژی گەڕانەوەیان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەم مەبەستە لە تانکەکانی خۆیان دابەزین، کەوایە ئەم مەفرەزەیە هەرگیز ڕانەسپێردرابوون بەرەو کەلار بچن، لە ئەنجامدا تانکەکان سوتێنران، (١٩) چەکدار بوون (١٧) یان لێکوژرا کە دووانیان کوردبوو، (شەهریاری ناسری) کە خەڵکی کرماشان و (سەید موراد دەوڵەتیاری) خەڵکی کامیاران بوو، دووانیان بە دیلی گیران بە ناوی (حەسەن زولفەقاری و بەشار شەبیبی) لەم کتێبەدا چەند لاپەڕەیەکیان نووسیووە بەناوی (ڕوداوەکەی کەلار)[1] کۆمەڵێك پاساوی لاوازیان هێناوەتەوە و هەندێك چاوپێکەوتنیان سازکردووە تەنانەت لەگەڵ دانیشتوانی کەلاریشدا، منیش دەپرسم ئەگەر ئەمەی کەلار بە هەڵە هاتبوون ئەدی ئەوەی سلێمان بەگ چی بوو؟ لە کاتێکدا مێژووی ڕووداوەکەی ئەوێ ١١ ی ئازار بوو (١٤) ڕۆژ پێش ڕووداوەکەی کەلار بوو، ژمارەی شەهیدەکانیش زۆر زیاتر بوو لە شەهیدەکانی کەلار، ئەی ڕۆژی پێشوو (٢٤) مانگ بۆ بەڕاجیمە دەوروبەری کەلارتان بۆردومان کرد؟، سەر لە بەیانی هەمان ڕۆژ پێش پەلامارەکە دیسانەوە ڕاجیمەیەکی زۆریان ئاراستەی کەلار کرد و پردی گردەگۆزینەیان کردە ئامانج، ئەمە ڕێ خۆشکەر بوو بۆ پەلامارەکەیان ئەمەش وای کرد خەڵکێکی زۆر شار بەجێبهێڵێت، شەهیدکردنی پیرو مناڵ و کچ و ژن لە پای چی، ئەدی دەست ڕێژی گوللەی کوێرانە بەسەر شاردا چ مانایەك دەگەیەنێ جگە لە ڕژاندنی ژەهری قین، دوای پرسیار و هەوڵێکی زۆر تەنها ناوی ئەم شەهیدانەمان دەست کەوت ہمانبوورن گەر ناوێکمان بیر چووبێت[2]، سەیری خشتەی ژمارە (١٩) بکە :

---

١- شاهۆ گۆران، تێپەڕین بەناو ئاگردا، وەرگێڕانی ئەحمەد زەردەشت، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٢- رزگار حاجی حەمید، یادی کەلار، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بە قەزابوونی کەلار، ژ (٣)، ل ١٠٤، ٢٨ شوباتی ٢٠١٩.

خشتەی (١٩)

شەهیدانی ڕێگای (گوڵاڵە-کەلار) و ناو کەلار بەدەستی موجاهیدین خەڵق لە ٢٥ی ئازار ١٩٩١

| ناوی تەواوی شەهید | شوێنی لەدایکبوون | ڕۆژ و شوێنی شەهیدبوون |
|---|---|---|
| محەمەد حەسەن حەمید(پەژار) | ١٩٥٤ کەلاری کۆن | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| دکتۆرە زوحا فازڵ مەرهود عوّدە | ١٩٦٥ بەغداد | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| لەیلا فازڵ مەرهود عوّدە | ١٩٦٦ بەغداد | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| سەلار محەمەد ئەمین میرزا غەفور | ١٩٨٠ کەلار | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| دکتۆرە جوان ڕەئوف محەمەد | ١٩٦٣ موسڵ | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| عەدالەت جەبار حوسێن | ١٩٦٩ کەلار | ١٩٩١/٣/٢٥کەلار |
| کەریم عبدولڕەحمان فەتاح | ١٩٣٨ گردەگۆزینە | ١٩٩١/٣/٢٥گردەگۆزینە |
| جەماڵ محەمەد فەتاح | ١٩٤٤ قەرەبلاخ | ٣/٢٥/نێوان شێخ لەنگەرو قەرەبلاخ |
| والی خەسرەو حەمید | ١٩٥٤ سێتەپان | |
| عەلی حەسەن عەبدولڕەحمان | ١٩٥٥ کەلار | ١٩٩١/٣/٢٥ |
| عومەر حەمە ڕەشید | ١٩٦٩دەربەندیخان | ٢٥ /١٩٩١/٣قەرەبلاخ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن : ١- ئەحمەد باوەڕ، کۆی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە،
دیوانی شەهید محەمەد پەژار، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤
٢-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوانی گەرمیان

هەر لەو ڕۆژەدا کە (محەمەد پەژار کەلاری) خوێنی پاکی خۆی کردە قوربانی وڵات و ڕاپەرین و گەرمیانەکەی وەك ڕۆژێکی مێژوویی بووە یەکەم شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسێك کە لە ڕۆژگاری ڕاپەرین و بۆ داکۆکی کردن لە خاك و وڵاتەکەی گیانی خۆی بەخت بکات، بە بەردەوامی داوای یارمەتی زیاتر و دەستگرۆیی زیاتر بکات بۆ خەڵکی ڕاپەریوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە جۆرێك لە یەکێك لەو بروسکانەدا کە دوای شەهیدبوونی لە

گیرفـانی کراسـەکەیدا دۆزرایـەوە، تـا ئێسـتاش لـە نـاو دەستنووسـەکانیدا پارێـزراوە، لەگـەڵ چەنـد پارچـە کاغەزێـکی تـر کـە هـەر هەموویـان خەڵتـانی خوێنـی ئـەو ڕۆژەن، وەك لـە بەشێکیاندا و لـە چـوار چێوە و ناوەڕۆکی بروسکەکەیدا هاتووە (بانگەواز تکایە پێویستمان بـە (١٥) پازدە کـەس هەیـە بـۆ بارکـردنی دەسکەوتەکانی هێزی پ.م لـە مەیـدان برایـان تکایە هیمەتێ) دیارە مەبەسـتی شـەهید پـەژار لـە بروسـکەکەیدا (مەیـدان)ی ئەوبـەری سـیروان بـووە، وێڕای بروسـکەکە دوو پارچـە شـیعر لـە گیرفانیـدا بـوو، کـە یەکەمیـان: بـە ناونیشـانی (ئاسۆی هیوا)یـەو ئـەوی کەشیان بـێ ناونیشـانە وەك: لـە بڕگەیـەکی یەکێکیانـدا تـا دوا تنۆك ئامادەیـی و وەفـا و بەڵێنـی خـۆی بـۆ نیشـتمان و لانـەی بـاب و باپیری دووپـات دەکاتـەوە[1].

عێـراق هـەر لـە سـەرەتای درووسـت بوونییـەوە بـارگاوی بـووە بـە ململانێـی سیاسـی و توندوتیـژی و یەکترکوشـتن، هـەر لـە سـەرەتاوە زۆرێـك لـە دانیشـتوانەکەی نارازیبـوون لـە ژێـر سـایەیدا بژیـن، ئیـدی چـۆن چـاوەڕوانی ئارامـی و ئاشـتی و پێکـەوە ژیـانی لێبکرێـت، دەسـەڵاتدارە یـەك لـە دوای یەکـەکان خولْقێنـەری قەیـران و چەوسـانەوەی نەتەوەیـی و مەزهـەبی بـوون، بۆیـە وڵاتێـك لێـوان لێـو لـە کودەتـای سـەربازی و چانـدنی تـۆوی شـەڕەنگێزی بۆتـە نەریـت و شـوناس و کەلتـووری هەمیشـەیی، هاتنـە دەسـەڵات لـە عێراقـدا لـە ڕێگـەی خوێـن ڕشـتن و شۆڕشـەوە بـووە، تـا دێـت جوگرافیـای مـرۆڤ دۆسـتی و یەکـتر قبوڵکـردن بچـووك دەبێتـەوە، دواجـار حـزبی بەعسیش هاوشێوە جلـەوی دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت بـە جۆرێـکی مەترسـیدار مامەڵـەی دەکـرد کـەم وێنە بـوو لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، مەملەکەتی کـردە سـەربازگە و زیندانێـکی پـڕ لـە چەوسـانەوە و کوشـتن و بڕیـن بـۆ دانیشـتوانەکەی، گـەلی کـورد و شـیعەیان بـە مەتـرسی دەزانی بـۆ ئاسـایشی وڵات و لاوازکـردنی هەیمەنـەی دەسـەڵات، پشتبەسـتن بەئایدۆلۆژیـای خۆسـەپاندن و مۆنۆپۆلکـردنی کـۆی کایـە سیاسـی و مەدەنییـەکان، ئەمانـە و حکومـەتی بەعـس بـەم فۆرمـە بـەردەوام بـوو لـە سـەرەڕۆیی و ملهـوڕی و داگیـرکاری بـۆ شـاردنەوەی قەیرانـەکانی، ئیـدی کوردیـش وەك کاردانـەوە بەردەوام لەشـۆڕش و بەرخۆدانـدا بـووە دژی چەوسـانەوە و بەدیهێنـانی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسییـەکان، گـورزی کاریگەرییـان لـە ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکـەکان وەشـاندووە، ڕەوشی ڕاپەڕینـەکان و ڕەفتـاری هەنـدێ هێـزی سـیاسی و کۆمەڵێـك فاکتـەری تـر لـە بەرژەوەنـدی ئەمریـکا نەبـوو، هـەر بۆیـە کەوتنـە هەڵسـەنگاندنی ڕەوشی عێـراق، گفتوگـۆی ئـەم سیاسـەتە هێنـدەی نەبـرد لـە نـاو ئیدارەی ئەمریـکادا، لەکۆبوونەوەیـەکی کۆشـکی سـپیدا لـە (٢٦)ی ئـازاردا بڕیـار درا کـە

١- ئەحمەد باوەڕ، کۆی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، دیوانی شەهید محەمەد پەژارو چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤

ڕێ بـە (صـدام حسـین) بـدەن ئاگـری ڕاپەڕینـەکانی نـاو وڵاتەکـەی خـۆی بکوژێنێتـەوە و ئەمریـکاش نابـێ ناوبـژی بـکات. ئـەم هەواڵـە دزەی کـرد و لـە (٢٨)ی ئـازاردا دوای دوو ڕۆژ لـە بڕیارەکـەی کۆشـکی سـپی، سـوپای عێـراق هێرشـێکی بـەر فـراوانی کـردە سـەر کوردسـتان[1]، دوای سـێ ڕۆژ لـە (٣١)ی ئـازاردا کۆڕەوێـکی ملیۆنـانی خەڵـکی کوردسـتان بـۆ سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا دەسـتیپێکرد و دەربـەدەر بـوون گەورەتریـن وەڵامـی نەرێنـی بـوو بـۆ دەسـەڵاتی بەعـس، پـرسی گەلەکەمـانی بـە جیهـان ناسـاند، سـەیری وێنـەی ژمـارە (١٠) بکـە:

وێنەی ژمارە (١٠)
کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ١٩٩١



بڕیـاری (٦٨٨)ی ئەنجومـەنی ئاسـایشی لـە ١٩٩١/٤/٥ بـۆ یەکەمیـن جـار لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە، (هەرچەنـدە پەیـمانی سـیڤەر پێشـتربوو) وەکـو بەڵگەنامەیـەکی جیهـانی نـاوی کـوردی تیـادا بێـت و بـاس لـە پاراسـتن و پشـتگیری دەکات، ئەنجومـەنی ئاسـایش (زۆر نیگەرانـە لـەو سـەرکوتکردنەی کـە دانیشـتوانی مـەدەنی زۆر ناوچـەی عێـراق تـووشی بـوون، لـەم دواییەشـدا ناوچـە کوردنشـینەکانیشی گرتۆتـەوە و بۆتەهـۆی ئـەوەی بەشـێوەیەکی بەربـڵاو پەنابـەران سـنووری نێودەوڵـەتی ببەزێنـن، بەشـێوەیەك کـە هەڕەشـە لەئاشـتی ئاسـایشی ناوچەکـە دەکات، نیگەرانیشـە بـە قـەوارەی ئـەو کارەسـاتە مرۆییـە کـە درووسـتبووە) ئـەم بڕیـارەش دوولایـەنی هەیـە :

---

١- لوڕی مایلوڕی، وەرگێڕانی، غالب، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژ ١، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم، ١٩٩٣، ل٦٣.

١- لایەنی مرۆیی (مرۆڤایەتی) کە بریتییە لە داکۆکی کردن لە هاوڵاتیانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی.

٢- لایەنی یاسایی نێونەتەوەیی : بریتییە لەوەی کە عێراق ناچار دەکات پابەندێتی خۆی بپارێزێت بەیاسای نێو نەتەوەییەوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا و ناچاریشی دەکات هاوکاری کۆمەڵگای جیهانی بکات بۆ ئەو مەبەستە، دەقی بڕیارەکەش ئەنجومەنی ئاسایش ڕەچاوی ئەرك و بەرپرسیاریێتی خۆی بەگوێرەی (دیکۆمێنتنامەی) پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، هەروەها ئاماژە بە بڕگەی حەوتەمی مادەی دووەمی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە زۆر نیگەرانەو لە ئاست ئەم داپڵۆسینەی دانیشتوانی عێراق لە چەند بەشێکی فراوانی عێراقدا دووچاری دێن، بەم دوایەش ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە و بوو بە مایەی پەرتەوازە بوونێکی فراوان، پەنابەران ڕووە و سنوورە نێودەوڵەتییەکان و ڕوودانی چەند پەلامارێك بۆ سەر ئەم سنوورانە، بە چەشنێك هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیەدا، هەر بۆ مێژوو بە پێویستی دەزانم ناوی وڵاتانی ئەندام و جۆری دەنگدانیان بخەینە ڕوو، ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بوون لە کاتی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) ئەندامە هەمیشەییەکان (١-وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٢-بەریتانیا ٣- فەڕەنسا ٤- یەکێتی سۆڤێت ٥-چین) ئەندامە ناهەمیشەییەکان (١-نەمسا ٢ –بەلجیکا ٣-ڕۆمانیا (ئەوروپا) ٤-کوبا ٥-ئەکوادۆر (ئەمریکای لاتین) ٦-هند ٧-یەمەن (ئاسیا) ٨ -ساحل العاج ٩- جەزائیر ١٠-زیمبابۆی (ئەفریقا) ئەم بڕیارە بەزۆرینەی (١٠) دەنگ بەرامبەر بە (٣) دەنگ دژ ئەوانیش (کوبا، یەمەن، زیمبابۆی) بوو، هەروەها هیند و چین لە بەرامبەر بڕیارەکە بێدەنگ بوون [(١)]، تەنها مەبەست لە کاریگەری و بڕیاری نێودەوڵەتی بوو چۆن لە ماوەی (٩) ڕۆژدا ئاراستەی سیاسی گۆڕی و کەی بیانەوێ بە بڕیارێك یاری بە چارەنوسی گەلان دەکەن، ڕووداوەکان بە بەرژەوەندی خۆیاندا دەشکێنن، ئیدی لەو ماوەیەدا سەدان کەس بە مینی سنوورەکان شەهید بوون و دەیانیش لە سەرما و برسێتیدا لە پیر و و ژن و منداڵ بوونە قوربانی، دواتر دوای ئەو بڕیارە هەرچەندە سوپای بەعس بوونی هەبوو لە ناوچەکەدا، زۆرێك لە دانیشتوانی هەرێم گەڕانەوە و بەردەوام ڕێژەکە لە زیادبووندا بوو، لەو لاشەوە گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی ناوەندی ئامادەیی هەبوو دوای چەندین دانیشتن بێهوودە بوو هەربۆیە لە مانگی ١٩٩١/١٠ دیسانەوە

ڕاپەڕینـی دووەم دەسـتی پێکـردەوە و بـۆ یەکجـارەکی ئـەو شـارانەی کـە ڕزگار کـراون لـە مانگـی ئـازاردا پاککرانـەوە، لـە دەسـەڵاتی بەعـس هەرچەنـدە شـاری کـەلار (١٥ کـم) لـە هێـزە دڕنـدەکانی بەعسـەوە دووربـوون، خەڵکەکـەی لـە ژێـر ڕەحمـەتی لوولـەی دۆشـکەی بەعسـەوە دووربـوون هەمیشـە لـە ڕەوشـێکی نائـارام و ناسـەقامگیردا دەژیـان و چەندیـن خەڵـکی هـەژار و جووتیـاری سـەر کێڵگـەکان بوونـە قوربـانی ئـەم دۆخـە ئاڵـۆزە درێـژەی هەبـوو تاڕوخانـدنی دەسـەڵاتی بەعـسی فـاشی، شـاری کـەلار لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە جوڵـەی کـۆچ و گەشـەکردنی دانیشـتوان، هێنـدەی تـر جـوانی و داهێنـانی خوڵقانـد، شـارێك پـڕ لـە بـزاوتی جـۆراو جـۆر، ئەکتیـڤ لـە کـۆی کایـە جیاوازەکانـدا (ڕۆشـنبیری، هونـەری، وەرزشی..هتـد ) ناوەڕاسـتی هەشـتاکان و تاکۆتایـی چەنـد تیپێـکی شـانۆ و مۆسـیقا هاتنـە دامەزرانـدن، هـەر لـەو ساتە وەختـەدا گەورەتریـن خۆپیشـاندان ئەنجام درا، کـە کاریگـەری زۆری هەبـوو لـە ڕووی سیاسـییەوە کـە درووشـم و هوتـاف گەلێـك بـە زمـانی کـوردی و عـەرەبی دەنـووسران و دەخوێنرانـەوە، ئەمانـەو زۆری تریـش ڕەنگـە لێـرەدا دەرفـەت نەبێـت ئامـاژەی پێبکرێـت، لـەم شـارەدا جۆرێـکی تـر لـە خەبـات و چـالاکی مـەدەنی هاتـە کایـەوە، ئەویـش خۆپیشـاندان و مانگرتـوانی کۆمەڵێـك لـە چیـن و توێـژەکانی کۆمـەڵ بـوو، لـە بـەردەم ماڵـی (مسـتەفا بەگـی جـاف)دا کـە لـەو سـاتەوەختەدا نوێنەرایەتییـەکی ڕێکخـراوی (UN)ی تیادابـوو، جگـە لـە دانیشـتوانی کـەلار و دەوروبـەری خەڵکی شـاری کفـری و دەربەندیخانییەکی تیادابـوو، هەرچەنـدە سـلێمانی و هەولێـر دەسـت پێشـخەر بـوون، داواکاری مانگرتـووان ئەوەبـوو ناوچەکـە بپارێـزن لـە سـوپای دڕنـدەی عێـراق و کەلاریـش بخرێتـە نـاو ناوچـەی دژە فڕینـی سـەرووی هێڵـی پـانی (٣٦) و ناوچـەی ئـارام، تـا ژیـانی زۆرتریـن کـەس لـە هەڕەشـەی هەڵگیرسانەوەی جەنـگ و شـەڕ فرۆشـتنی عێـراق ڕزگار بـن، هەروەهـا گەڕانـەوەی ئـاوارەکان و لابـردنی ئابڵۆقـەی ئابـووری لەسـەر کوردسـتان، لەسـەر زەمینیـش ناوچـەی ئـارام بیگرێتـەوە. ڕێکخـراوی (یـو ئێـن) بارەگایـەکی لـە شـاری کـەلاردا هەبـوو، لەوسـاتەدا هێڵـەکانی پـانی ٣٦ و ٣٤ دروستکرا، وتیـان لـە سـلێمانی خەڵـك مانیگرتـووە لـە خـواردن و خواردنـەوە، بـە بـێ یـەك و دوو کۆمەڵێـك کـەسی خۆنەویسـت چوونـە بـەردەم ماڵـی مستەفا بـەگ کـە بـارەگای (UN) تێدابـوو و مانگرتنیـان ڕاگەیانـد، خەڵکێـکی زۆر ڕۆژانـە هـەر لـە بەیانـی زووەوە تاکـو نزیـك نیـوەی شـەو دەچوونـە ئـەوێ، یەکێـك بـە شـیعر و یەکێـك بـە پەخشـان و هەندێـکی تـر بـە وتـاری حەمـاسی، هونەرمەندانیـش بـە گـۆرانی و شـانۆ مەنەسـەکە بەرنەدەکـەوت، وە

١- شەماڵ عەبدوڵڵا، سروشتی یاسایی ی بڕیاری ٦٨٨ وچۆنێتی ی کاراکردنی، بڵاوکەرەوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری، ل١٥

زۆرێـك چیرۆكـی كارەسـاتی ئەنفالیـان دەگێڕایـەوە و خەڵـكی پاشـماوەی ئـەو كارەسـاتە لـە ناحیـەی (صمـود)ەوە دەهاتـن بـۆ كـەلار، هـاوكات لـە دەربەندیخـان و كفـری و خانەقـی و باوەنـوور و زەندئابـادەوە بەشـداربوون، دەتوانیـن بڵێـن لـە دوای ڕاپەڕیـن لـە كـەلار ئەمـە یەكـەم هەنـگاوی خەبـاتی مەدەنـی بـوو، ئـەو دەمـە یەكێـك لـەو درووشـمانە كـە ڕۆژانـە سـەدان جـار دەمانـووت: (یوئێـن وەرە دەرەوە .. وەڵامـان بـدەرەوە) چونكـە بارەگاكـە لـەو كاتەشـدا دوو كارمەنـدی یوئێنـی تێدابـوو، سـەر قـەڵای شـێروانە سـوپای عێراقـی لێبـوو، وە لەگـەڵ چەنـد مودەڕەعەیـەك ڕوویانكردبـووە ئاراسـتەی خەڵكەكـە، جـا ڕۆژێكیـان یەكێـك لـەو كارمەندانـە هاتـە دەرەوە بـۆ نـاو خەڵكەكـە كابرایـەكی ڕەشپێسـت بـوو وتی ئێـوە چیتـان لـە ئێمـە دەوێـت، مـن و هاوڕێكـەم پۆلیسـێكی ئاسـایی یوئێنیـن وە ناشـتوانین هیچتـان بـۆ بكەیـن[1]، چەنـد كەسـێك چووینـە بـەردەم بـارەگای یوئێـن لـە كـەلار، بڕیـاری مانگرتنـمان دا و هـەر ئـەو سـاتە هەواڵەكـە بـە هەمـوو كوردسـتاندا بڵاوبوویـەوە، ئـەو كاتـە تەمەنـم (١٦) سـاڵان بـوو، چەندیـن چـالاكی جـۆراو جـۆر ئەنجـام دەدرا، بـۆ بەرزكردنـەوەی ورە و بەشـداری كـردنی ئـەو دڵسـۆزانە كـە لـە پێشـمەرگەی دێریـن و زینـدان سیاسی و هونەرمەنـد و شـاعیر و ڕۆشـنبیری ناوچەكـە بـوون، هەرچەنـدە دەسـتەیەكی ڕاگەیانـدن هەبـوو ئەوانـە بـەردەوام لای ئێمـە بـوون لەڕێگـەی ئەمانـەوە ڕیزبەنـدی دادەنـرا بـۆ بەشـداریكردن، هەڵـە نەبـم مـن بچووكتریـن مانگرتـوو بـووم، ئـەوەش وای لـە كەسـوكار و خزمانـم كـرد، كـە لێـم دوورنەكەونـەوە، ناخۆشـترین شـەویش بارانێـكی لێزمـە بـوو زۆر سـارد و ئـاو هاتـە نـاو چادرەكەمانـەوە، هەمـوو تەڕبوویـن، لایلـۆن و جـلی وشـكیان لـە ماڵـەوە بـۆ هێنایـن، كارمەندێـكی یوئێـن هاتـە دەرەوە گەلـێ دڵخـۆش بوویـن وتمـان پێدەچـێ بـۆ ئـەوە هاتبێتنـە دەرەوە ئێمـە ببەنـە ژوورەوە یـان هەواڵێـكی خۆشـیان پێبێـت، بـە پڕتـاو سـەگەكەی خۆیـان بـردە ژوورە و ئێمەیـان پشـت گـوێ خسـت[2]، محمـد سـابیر زەنگەنـە دەڵـێ: ئێمـە لـە شـاری كفرییـەوە هاتیـن، هەفتەیـەك لـە كـەلار ماینـەوە و مانمـان گـرت دواتـر، بۆ پشـتگیری سـلێمانی بەپـێ كەوتینـە ڕێ عـەسر بـوو، شـەومان بەسـەردا هـات گەیشـتینە دەربەندیخـان و بـەردەوام بوویـن تـا كاتژمێـر (١٠)ی بەیـانی گەیشـتینە مانگرتـووانی سـلێمانی، ئـەوان هەموویـان لـە نـاو تابـووت بـوون و گـوڵ بـاران دەكـران لەگـەڵ (UN) چاوپێكەوتنـمان كـرد، كاكـەم (مامۆسـتا عەبدوڵڵای زەنگەنـە) وەرگێـڕی زمـانی ئینگلیـزی بـوو، دواتـر ئێـوارە گەڕاینـەوە بـۆ كـەلار بـۆ

١-چاوپێكەوتن: مامۆستا شێروان محەمەد غەریب، شوباتی ٢٠١٧

٢- چاوپێكەوتن: م ملكۆ ئەحمەد كەریم، ٥ی نیسانی ٢٠١٧

لای هاوڕێیانمـان و درێژەمـان دا بەمانگرتـن، دوای کۆتایـی هاتـن بـە ئامادەبـوونی جەماوەرێـکی زۆر هەریەکـە و بەرێکرا بـۆ شـاری خـۆی، بـەڵام زۆرمـان بێهێـز بوویـن دەبوورایـنـەوە برایـنـە نەخۆشـخانەی کـەلار موغەزیـمان بـۆ هەڵبەسـترا [1].

مانگرتـووان ناسـنامەیان بـۆ کـراوە دیـووی یەکـەم لەسـەرەوە ناسـنامەی مانگرتـووانی گەرمیان، ئـەم زانیارییانـەی تیایـە وێنـەی مانگرتـوو نـاوی سیانی و تەمـەن و ناونیشـان و گروپـی خوێـن، لـە خـوارەوە سەرپەرشـتی گشـتی واژۆی کـردووە، لەسـەر مۆرەکـە (بـە زمانـەکانی کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی نـووسراوە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـە خـەتی سـوور ئەسـتێرەیەك لەناوەڕاسـت نووسـینەکەدایە) بەبـێ ئـەوەی نـاوی سەرپەرشـتی گشـتی لەسـەر بێـت، ڕووی پشـتەوە نـووسراوە خۆمـان دەکەینـە قوربـانی بـۆ بەختـەوەری گـەل و نیشـتمان هەمـان مـۆر و واژۆی لەسـەرە، زۆر بەڕێـزی تـر لـەم چالاکیـەدا بەشـدار بـوون لـە بـوارەکانی تـردا (ڕاگەیانـدن، ئیـدارە، وەرگێـڕان، تەندروسـتی، چاودێـری) ئەمانـەش کۆمەڵێـك دڵسـۆز بـوون زۆر ماندووبـوون.

لـە پـاش ڕاپەڕیـن بـەرەی کوردسـتانی بـەو پێیـەی کـە دەسـەڵاتی دیفاکتـۆ (الامر الواقع) بوو، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە ئیدارییـە بڕیـاری درووسـتکردنی لیژنەیەکیـدا، دواتریـش لیژنەکە بـە نـاوی یاسـایی ژمـارە (١) ی بـەرەی کوردسـتانی لـە سـاڵی (١٩٩٢) یاسـایی هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەنی نیشـتیمانی کوردسـتانی عێـراق بڕیـاری لەسـەردا، کـە هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەن لـە ڕێـگای دەنگـدانی گشـتی ڕاستەوخۆی نهێنـی لـە (١٩٩٢/٥/١٩) ئەنجام درا، بـووە ڕۆژێـکی مێـژووی لـە کوردسـتاندا، لـە کەرنەڤاڵێـکی نەتەوەییـدا بـە جـلی کـوردی ڕەنگاوڕەنگـەوە چوونـە سەرسندووقی دەنگـدان، بـۆ یەکەمیـن جـارە گـەلی کـورد بـە ئازادانـە نوێنـەری خـۆی هەڵبژێرێـت، ژمـارەی دەنگـدەران گەیشـتە (٩٦٧٢٢٩) دەنگـدەر لـە پرۆسـەکەدا بەشـدارییان کـرد، هـاوکات ژمـارەی ئەندامانیـش (١٠٥) ئەنـدام بـۆ خـولی یەکـەم و تەمـەنی پاڵێـوراو دەبـوو (٣٠) سـاڵ کەمـتر نەبێـت، هەروەهـا تەمـەنی دەنگـدەر بـۆ (١٨) سـاڵ دیاریکـرا، لـەو کاتـەدا تەنهـا حـەوت لیسـت بەشـداریان کـرد، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان (٤٣٧٨٨٩) دەنگیـان بەدەسـت هێنـا، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و حیـزبی زەحمـەت کێشـانی کوردسـتان دەنگەکانیـان گەیشـتە (٤٢٣٨٣٣) دەنـگ، لیسـتی ئیسـلامییەکان دەنگـی سـێیەمیان هێنـا (٤٩١٠٨) دەنـگ و لیسـتی سـەربەخۆیی دیموکراتـەکان کەمتریـن دەنگـی بـە دەسـت هێنـا، بـەڵام پێنـج لیسـت نەیـان تـوانی هیـچ کورسـییەکی پەرلەمـان بەدەسـت بهێـن، لەبەرئـەوەی

١- چاوپێکەوتن: محەمەد سابیر زەنگەنە، ٩ی نیسانی ٢٠١٧

مەرجێکی تیابوو، بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەرلیستێك دەبووایە ڕێژەی (٧٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی کورسییەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات، هەرچەندە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بە (٦٥٤٨) چوار کورسی بەدەست هێنا و یەکێتی مەسیحی کوردستان تەنها بە (٢٧٥٧) دەنگ یەك کورسی هێنا، هەربۆیە تەنها هەردوو لیستی پارتی و یەکێتی هەریەکە پەنجا بە پەنجا حکومەتیان دروست کرد، پاش ڕێککەوتنی هەردوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕۆژی (١٩٩٢/٦/٤) کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دیاری کرا، بەتەمەنترین ئەندام (حەسەن کانەبی بڵباس) دانیشتنی یەکەمی کۆبوونەوەکەی کردەوە، بەپێی ڕێککەوتنەکە: جەوهەر نامیق سالم بۆ سەرۆکی پەرلەمان و محەمەد تۆفیق ڕەحیم وەك جێگری سەرۆك پەرلەمان و پارێزەر فرسەت ئەحمەد وەك سکرتێری پەرلەمان دیاری کران.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان

جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە کوردستان دا جگە لە گرنگی یاساکە گرنگییەکی تریشی هەبوو بۆ گەلی کورد، کە لە ئاستی دەرەوە دەنگی باشی دایەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە گرنگی باشی پێدراو و باسی لێوەکرا، کە ئەمەش بووەهۆی ئەوەی گەلی کورد بەوە بناسرێ کە یەکێکە لەو گەلانەی ئازادی و دیموکراتی دەوێ و دەیەوێ لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا پیادەی بکات، دەتوانێ خۆی کارێکی وا بەڕێوەبەرێ و ئەنجامی بدات کە ئەمەش توانای گەلی کورد و ئیدارەکەی دەردەخات، هەروەها ئەو بە پیرەوەچوونەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بۆ ڕۆژی دەنگدانەکە، بەو ژمارە زۆرە و بەو جۆش و خرۆش و گەرمییە و بێ ڕوودانی هیچ کێشەیەك و بە سەرکەوتوویی، خۆی لە خۆییدا ڕوویەکی گەش و دیموکراتییانە بۆ گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم نیشانی دنیای دەرەوەی دەدات، لەسەر ئاستی ناوخۆش چەندین لایەنی باشی تری هەیە، لەوانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فێری ئەوە دەکات کە دەنگەکانیان بە کاربێنن بۆ دیاری کردنی نوێنەرەکانیان لە دەسەڵاتی بەشێك لە دام و دەزگاکاندا و کە ئەمەش لەلایەك هۆشیاریان دەکاتەوە بۆ باشتر و زیاتر بەکارهێنانی دەسەڵاتیان لە ڕێگەی دەنگەکانییەوە کە مافێکی ڕەوای خۆیانە و هەم ئەرکێکی نیشتمانیشە. هەروەها لە جیاتی ئەوەی پەنا ببرێتە بەر ڕێگەی تری ناشارستانی

بــۆ یەکلاکردنــەوەی ناکۆکییــەکان پەنــا دەبرێتــە بــەر ڕێــگای دیموکراتییانــە و شارســتانییانە و دوور لــە خۆســەپاندن هەروەهــا بەســتنەوەی لایەنــە سیاســییەکانیش بــە خۆیانــەوە لــە ڕێگــەی دەنگەکانیانــەوە[1]، دوای ئــەوەی ڕەوشی ســیاسی کوردســتان لــە دۆخێــکی تاڕادەیــەك دۆخــی نەئاشــتی و نەشــەڕ ئامادەیــی هەبــوو، ئەمــەش دوو ئیدارەیــی و یــان دوو زۆن بــە شــێوەیەکی دیفتاکــۆ بــەدی دەکــرا، بۆیــە لــە زۆنی ســەوز بەداخــەوە کــەوا نــاوزەد دەکــرێ، بڕیاری هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی شارەوانییەکان درا ئەمـەش بـۆ خـۆی بڕیارێکی گرنـگ بوو لەو ڕەوشـەدا هـەر بۆیـە لـە (٢٠٠٠/٢/٣)دا پراکتیـزە کـرا لـە شار و شارۆچکە و شـارەدێیەکاندا (پارێـزگا، قـەزا، ناحیـە) ئەمـەش بەشـێکە لـە پرۆسـەی دیموکـراسی و بەشـداری پێکـردنی تـاك لـە دەسـەڵاتدا کـە پەیوەنـدی بـە ژیـانی خەڵکـەوە هەیـە، شـاری کەلاریـش وەك شـارەکانی تـر بەشـداری پرۆسـەکەی کـرد بـەم شـێوەیە، هەڵبـژاردنی شـارەوانییەکان لـە (٢٠٠٠/٢/٣)دا ئەنجامـدرا، لـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی زۆربـەی حزبـەکان بەژداریـان کـرد، بـە لیسـتی سـەربەخۆوە، جگـە لـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، ئەویـش بەهـۆی ئـەو ڕەوشـەی کـە لـە هەرێمـدا ئامادەیـی هەبـوو، دۆخـی دوو ئیدارەیـی و حاڵەتی نەشـەڕ نەئاشـتی، هەڵبژاردنەکەی شـاری کـەلار پێکهاتبـوو، سـێ بازنـە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکـە دوای دوو ڕۆژ واتـە لـە (٥)ی شـوبات ڕاگەیەنـرا بـەم شـێوەیە بـوو: حەسـەن جیهـاد ئەمیـن، سـەرۆکی شـارەوانی کـەلار، ٢٣٣٢٨ دەنگـی بەدەسـت هێنـا. ئەندامـانی ئەنجومـەنی شارەوانی ئـەم بەڕێزانـە بـوو: عیزەدیـن میـرزا ئەمیـن، یاسـین فەقـێ حەسـەن محەمـەد، سـەرکۆ محەمـەد ڕۆستەم، محمـود محەمـەد کاکەخـان، ڕەحیـم کەریـم حەمیـد (کۆچکـردوو)، عومـەر محەمـەد عزیـز، جوبرائیـل ئیبراهیـم مـەردان، سـاڵح عەبدوڵـلا مەحمـود، محەمـەد حەسـەن کەریـم، مەحمـود ئەحمـەد کەریـم.

لــە دوای ڕوخانــدنی دەســەڵاتی بەعــس لــە (٩ی نیســانی ٢٠٠٣)دا، ئیــدی کــورد ڕۆڵــی کاریگــەری هەبــوو، لــە دامەزراندنــەوەی عێراقــی نــوێ و کۆکردنــەوەی دەنــگ و ڕەنگــە جیاوازەکانــدا و دروســتکردنەوەی کــۆی پایــە و جومگەکانــی حکومەتــدا، کەواتــە بەهێزتریـن کار ئەکتــەری عێراقــی نوێیــە و لەســەر خواســتی خــۆی لــە بەغدایــە پەرلەمــانی کوردســتان لــە (١٩٩٢/١٠/٤) بڕیــاری فیدراڵییەتیــان دا لــە چوارچێــوەی عێراقــدا، دواتریــش لــە ســاڵی (٢٠٠٥) دەنگیــان بــۆ دەســتووردا و ڕۆڵیــان لــە داڕشــتنەوەی دەســتوور هەبــوو بــە هەمــان شــێوە لــە ســایەی عێراقــدا مانــەوە، کــە عێــراق تەوافقــی فیدراڵــی تیایــدا کــۆی هاوڵاتیــان مافیــان پارێــزراو بێــت، ئەمانــە و هــەر لــە ســەرەتای هاتنــی ســوپای هاوپەیمانــان و ئەمریــکا بــە لای کــۆی

١-مستەفای سەید قادر، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ ١٨، ئاداری ٢٠٠٠، چاپ، ئۆفیسی ڕوناکبیری، ل١١

عێراقیەکانەوە ڕزگارکەر نەبوو، بەڵکو زۆر بوون ئەوانەی بە داگیرکەر ناو زەدیان دەکرد، بڕیاری هەڵبژاردن لەلایەن حاکمی مەدەنی (پۆل بریمەر)ەوە درا، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام درا پێکهاتبوو لە (٢٧٥) کورسی، سوننەکان لە سەرەتادا بەشداری پرۆسەکەیان نەکرد، شیعەکانیش لەژێر دەسەڵاتی مەرجەعیەتی (سیستانی)دا هاودەنگ و هاوڕان، لەو چرکە ساتەوە زۆربەی پۆستە گرنگەکانیان پاوان کردووە بەتایبەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەرچووی یاسای کاتی و گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراقییەکان لە (٢٨ حوزەیرانی ٢٠٠٤)دا کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی حوکم سەرکردە سیاسیی و ئاینییەکانی عەرەبی شیعە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕێگای گەمەکردن بە کارتی زۆرینە جەختیان لەسەرئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژارد دەکردەوە، بە ئاراستەی پێچەوانە عەرەبە سوننەکان دژایەتی سەر لەبەری پرۆسەی سیاسی عێراقیان دەکرد، دەیانزانی هاوکێشە سیاسییەکان دوای پرۆسەی ئازادی لە بەرژەوەندییاندا نییە، لەبەرامبەر ئەم دوو حاڵەتەدا سەکردایەتی سیاسی کورد هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی عێراقی دەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا ترس و نیگەرانی گەورەی هەبوو، لەهەمبەر هەژمونی شیعە و ئەو هەوڵانە کە بۆ لەکارخستنی یاسای کاتی دەدران، لەم هەلومەرجە دژوار و پڕ لە ململانێی و ناکۆکی و نەبوونی متمانەدا لە (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥)دا هەڵبژاردنێکی گشتی و سەرتاسەری بەڕێوەچوو، کۆی دەنگەکان (٨٤٥٦٢٦٦) دەنگدەر و (١٢) لیست بەشداربوون کێبڕکێیان بۆ (٢٧٥) کورسی پەرلەمانی بوو، ئەنجامەکە لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق دەنگی یەکەمی هێنا (٤٠٧٥٢٩٥) دەنگ و بەڕێژەی (٤٨،١٨ ٪) و (١٤٠) کورسی، لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگی دووەمی هێنا ژمارەی دەنگەکانی (٢١٧٥٥٥١) دەنگ و بەڕێژەی (٢٥،٧٢ ٪) ژمارەی کورسییەکانی (٧٥) کورسی پەرلەمانی بوو، لیستی ڕافیدەینی نیشتمانی مەسیحی دواین لیست بوو ژمارەی دەنگەکانی (٣٦٢٥٥) دەنگ و یەك کورسی بەدەست هێنا[١].

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەناو هێنانیش بێت تیشك بخەمە سەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیش، هاوکات وەزیرەکانی هەرێم و ناوەند کە بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیدا ئامادەییان هەبووە، گەر بە هەڵبژاردنی خەڵك بێت یا بەدانان بێت لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە، هەرچەندە بەشداربوونیان لەو پرۆسە سیاسییە ڕێژەییەدا

١-نوزاد عەبدوڵڵا هیتۆتی، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆك)، ٢٠٠٩، ل١٤٢-١٤٤

لـە کەسـێك بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازە، یـان بەپێـی سـەردەم و قۆنـاغ و ئـەرك و چۆنێتـی پیادەکـردنی دەسـەڵاتیان دەگۆڕێـت و وەکـو یـەك نیـن، لێـرەدا ئەوانـەی پۆسـتی (وەزیـر یـان ئەنـدام پەرلەمان)یـان لـە هەرێـم یاخـود عێـراق هەبـووە ناوەکانیان بـۆ مێژوو تۆمـار دەکەین، بـۆ ماوەیـەك ئـەرکی بەرپرسـیارێتیان لـە سـەر شـانبووە، لەبەرئـەوەی زۆرجـار نوێنەرایەتیـان وەك گەرمیـان بـووە یـان وەك گەرمیانییـەك پۆسـتیان وەرگرتـوە، یـان یـەك بازنـەی هەڵبـژاردن بـووە، لێـرەدا ئەوانـەی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان یـا لەدایـك بوونیـان کـەلار و کفرییـە بۆیـە تەنهـا ئامـاژە بـەو ناوانـە دەدەیـن، (جەوهـەر نامیـق سالم، عـەلی عەبدوڵـڵا کاکـە ئەحمـەد، سـەلاحەددین عەبدولحەمیـد عەبدوڵـڵا ڕەمـەزان، ئیسـماعیل ئیبراهیـم مـەردان، جەوهـەر ئەحمـەد شـاواز، محسـن عـەلی ئەکبـەر، حاتـم حەمـە جـان، گوڵاڵـە عەزیـز قـادر، بـەرزان محەمـەد قـادر، عـادل حاجـی محەمـەد، سـالار مەحمـود، عەدنـان عوسـمان، عەبدوڵـڵای مـەلا نـوری، پەیـام ئەحمـەد، نەریـمان عەبدوڵـڵا، ئەژیـن عومـەر ئەحمـەد، لوقـمان سـلێمان، د.محەمـەد نەجـم جـاف).

وەزیـرەکان (شـێخ محەمـەد شـاکەلی، عوسـمان حاجـی مەحمـود، عەدنـان محەمـەد قـادر، جەمـاڵ عەبدولحەمیـد، عیـماد ئەحمـەد). ئەندامـانی پەرلەمـانی عێـراق (خـوسرەو محەمـەد سـەعید جـاف، عمـران یـاوەر قـادر، عەبدولمەجیـد حەمیـد ئاغـا، حەسـەن جیهـاد ئەمیـن، بورهـان محەمـەد فـەرەج، سـەردار عەبدوڵـڵا، پشـتیوان ئەحمـەد)، پێشـتریش لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا حەمەبەگـی جـاف و داود بەگـی جافیـش (٩) خـول ئەندامـی نوێنـەرانی عێـراق بـووە، لەسـەردەمی کۆماریـدا ئاسـۆ مەحمـود بەگـی جـاف نوێنـەر بـووە لەپەرلەمـانی عێـراق.

## تێبینی:

١- بـە لێبوردنـەوە ئەگـەر نـاوی کەسـێکم یاداشـت نەکردبێـت، بـە دڵنیاییـەوە جــگە لـە نەبـوونی زانیـاری هیـچ هۆکارێـکی تـری نییـە.

٢- هەندێـك لـە بـەشی یەکـەم، لەژێـر ناونیشـانی (کـەلار مێژوویـەکی دێریـن و جوگرافیـای شـارێکی زینـدوو) لەگۆڤـاری کـۆچ، ژمـارە (٢٠-٢١)ی، بەهـاری ٢٠١٤دا، لەلاپـەڕە ١٨٩-٢٤٠ بڵابۆتـەوە. ئەمـەش زیاتـر وای کـرد، توێژینەوەکـە گەورەتـر بکـەم و بیـر لـە نووسـینەوەی کتێبێـك بکەمـەوەو هەمـان ناونیشـانی بـۆ دابنێـم، بۆیـە هەندێـك دوبـارە بوونـەوە دەبینیـت، تەنهـا هۆکارەکـەی ئەمەیـە نەمویسـت دەســـتکاری بکـەم هەرچەنـدە زانیـاری تـری خراوەتە سـەر لـە دوای بڵاوکردنـەوە.

# بەشی دووەم

- شیکردنەوە و کاریگەری تایبەتمەندییە سروشتییەکان لەسەر دانیشتوانی کەلار

- جیۆلۆجیا
- خـــاك
- ڕووەکی سروشتی
- تۆپۆگرافیا
- ئاو و هەوا
- پلەی گەرما
- بـــا
- سەرچاوەکانی ئاو
- داباراین
- ئاوی سەرزەوی
- ئاوی ژێرزەوی

## تایبەتمەندییە سروشتییەکان:

بۆ دەرخستن و خستنەڕووی تایبەتمەندییە سروشتییەکان بە پێویستی دەزانین لێرەدا تیشك بخەینە سەر فاکتەرە سروشتییەکان و کاریگەرییان لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە بایەخێکی زۆرییان هەیە، لەسەر لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیا بە گشتی و جوگرافیای دانیشتوان بە تایبەتی لەسەر گەشەکردن و دابەشبوونی دانیشتوان و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی.. هتد، بەم شێوەیەی خوارەوە لە چەند تەوەرەیەکدا ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینەڕوو:

## پێکهاتەی جیۆلۆجی:

ڕووی زەوی لە هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر چەندە بە شێوەیەکی گشتی دەبینین هەندێك جار ناوچەکان لە یەك دەچن، بەڵام دەبێت هەر جیاوازیەکیان هەبێت، وەکو دوو هەرێمی دەشت هەر چەندە دەشتن، بەڵام پێکهاتەی بەرد و خاکەکەی و لێژی هەردوو هەرێمەکە وەکو یەك نین، شاری کەلار وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە زەمەنەکاندا بەشێك بووە لە کیشوەری (گوندوٚلاند) ئەم کیشوەرە، پێکهاتووە لە دوورگەی عەرەبی و ئێران و ئەرمینیا و هیندستان و نیوەی باکووری کیشوەری ئەفریقا و نیوەی باکووری کیشوەری ئەمریکای باکوور دەگرێتەوە، ناوچەی کەلار کەوتووەتە نێوان ئەو شار و ئاوێزەڵانەوە کە دڕیبوونەتەوە وەك بەشێك لە دەریای تیسس (Tethys) بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لە باشووری ئەوروپای گرتەوە کە هەرێمی کوردستان قوڵترین شوێنی ئەم دەریایە بووە بە درێژایی سەردەمەکانی زەمەنی دووەم و سێیەم (جۆراسی، کریاسی، کیتاسی)وە سەردەمی یەکەم لە سەردەمی سێیەم ئایۆسیندا بەردەوام بووە، هەروەها لە سەرەتاکانی زەمەنی ئایۆسیندا ئاوی ئەم دەریایە تەسکبووە، کەڵەکەبوونی چینەکانی نیشتەنی و بەرزبوونەوەی زەوییەکانی دەوروپشتی وای لێهات کە ئەم دەریایە لە دەریایەکی گەورەوە گۆڕا بۆ دەریایەکی ناوخۆی و داخراو، کە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شاری کەلارەوە داپۆشی[1] لە ماوەی سەردەمی میۆسیندا زەوییەکانی ژێرەوەی تیسس بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆیشتن ئاوی ئەم دەریایە، بەرەو کەمبوونەوە چووەوە لەم چەرخەدا هاتنەوەیەك و چوونەوەیەکی زۆر

١- د. شاكر خصباك، الاكراد. الدراسة جغرافية والثنوكرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص ٩-١١

تیایدا ڕوویداوە[1] جیۆلۆجیای ناوچەی کەلار هەر وەکو جیۆلۆجیای هەرێمی کوردستانە و لە سەردەمی بەر لە کامبری کەوتۆتە ژێر دەریای (تیس)وە تاوەکو نزیکەی (٦٥) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا، لە ژێر کاریگەریی ئەو دەریایەدا بووە، پاشان لە سەردەمی ساینۆزۆیکدا بەرە بەرە دەریای تیش کشاوەتەوە کوردستان دەکەوێتە کەناری پلێتی عەرەبیەوە، شاخەکانی کوردستان درووست بووە[2].

کەلار دەکەوێتە سەرپشتێنەی کەرکوك، چینە بەردەکانی بە زۆری لەپێکهاتووی فارسی و بەختیاری پێکدێن، ئەستووری نیشتووەکانی لەم ناوچەیە لە نێوان (١٢- ١٣کم) لەسەر چینی بەردی تا سەر ڕووی زەوییە[3].

تەمەنی جیۆلۆجیای گۆی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ چاخێکی کۆن بەر لە (٥٤٠٠) ملیۆن ساڵ دەستی پێکردووە، تووشی چەندین جوڵە و کرداربووە، کە لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی تر جیاوازیان هەیە، لە کاتی کۆن بەشێك بوون ئەویش بەر لە کامبری، لەگەڵ تاوێرەکانی ئێران و ئەنادۆڵ و ئەفغانستاندا و هەروەها پلێتی عەرەبی- ئەفریقی- لە قۆناغی کۆن (کاتی کۆن PAL ZOIC) تاوێرەکانی ئێران و تورکیا و ئەفغانستان و پلێتی عەرەبی وەکو یەك مانەوە، لەو سەردەمە دا تەنکە چینێکی خاك زەوی کوردستانی داپۆشیووە، لە چاخی دیڤۆنیدا دەریای تیس خاکی کوردستانی لە ژێر ئاودا نوقم کرد، تەنها چەماوەی ماردینی نەبێت، پاشان لە جووڵەی هەرسینی بە سەر ئاوی دەریای (تیس)دا سەرکەوت، پاش ئەوە دووبارە نقومبوو، لە (کاتی نوێ CENO ZOIC) گرنگترین چین لە کوردستاندا درووست بوو، وەکو پێکهاتەی (کۆلۆشی، پلاسپی، ئاڤانە، کۆمەڵەی کەرکوك) (کۆگای نەوت)، فارسی سەرەوە ( المقدادیة)، فارسی ژێرەوە (انجانة)، بەختیاری سەرەوە و ژێرەوە (بای حەسەن)، لە چاخی بەستەڵەك (ICE AGE یانPLEIS TOCENE) بەفر ڕووبەرێکی فراوانی کوردستانی داپۆشی، بەهاتنی ئەم چاخە دەبێ چاخێکی پێشتر هەبووە کە تایبەتمەندییەکەی گەرم بووە، هەروەها پاش چاخی بەستەڵەك چاخی ئێستا درووست بوو کە ئێمەی تێدا دەژین، ئەمەش چاخێکی گەرمە، بە هۆی دوبارە بوونەوەی گەرمی و ساردی، کاریگەری کە فشاری

---

١- خەبات عەبدوڵڵا، بنەماتیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠١، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل٩٠

٢- علی سورداشی، جیۆلۆجیای ناوچەی کەرکوك و کاریگەری لەسەرکۆبونەوەی نەوت، لێکۆڵینەوەیەکە پێشکەش کراوە بە کۆنفراسی کەرکوك، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٣- ٤

٣- علی مەحمود ئەسعەد سورداشی، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی دووەم ١٩٩٩، ل ٢٤- ٢٩.

کیمیایـی و فیزیایـی جیاوازییـەکی تێـدا درووسـت دەبێـت، بـوو بەهـۆی ڕووتـانی هەنـدێ چیـای هەرێمـی کوردسـتان، وە درووسـتبوونی دۆڵ و چیـای جیـاواز، بەڕەچاوکـردنی ناتوانیـن وێنەیـەك وەربگریـن دەربـارەی جیۆلۆجیـای هەرێمی کوردسـتان بە شـێوەی گشـتی و ناوچـەی لێکۆڵینەوە بـە تایبـەتی، دەردەکەوێـت کـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو چـاخ، یەکـەم چاخـی پلایۆسـین کـە دەوروبـەری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەگرێتـەوە، ئـەم چاخـە ٥٣ ملیـۆن سـاڵ لەمەوپێـش دەسـتی پێکـرد، تەمـەنی ٥٣ ملیـۆن سـاڵ بـووە، چونکـە پاش ئـەوە چاخی بەسـتەڵەك (PLEIS TOCENE ) ١،٨ ملیـۆن سـاڵ لـە مەوپێـش دەسـتی پێکـرد، ئەمەیـش بـەردەوام بـوو تاکـو (١٠) هـەزار سـاڵ لەمـەو پێـش کـە چاخـی (RECENT ) دەسـتی پێکـرد، واتـە پێکهاتـەی ناوچـەی دەڤـەری لێکۆڵینـەوە بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ پێکهاتـەکانی سـنووری باکـووری عێـراق تـازە تـرە، چونکـە درووسـتبوونی کـەلار بـەم شـێوەیە دەگـەڕێتـەوە بـۆ پلایۆسـین کـە ٥٣ ملیـۆن سـاڵ لەمـەو پێـش، بـەڵام سـنووری عێـراق لەگـەڵ تورکیـا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئۆردۆمیـش کـە (٤٩٠) ملیـۆن سـاڵ لەمـەو پێـش ئـەم چاخـە دەسـتی پێکـرد و مایـەوە بـۆ (٤٤٣) ملیـۆن سـاڵ لـە مەوپێـش ئەمیـش مانـای ئەوەیـە تەمـەنی (٤٧) ملیـۆن سـاڵ بـووە، واتـە سـنووری باکـووری عێـراق لـە دوو لاوە جیـاوازە یەکـەم لـە لایـەنی تەمـەن، دووەم لـە لایـەنی وێکچـوونی درووسـتبوونی ناوچەکـە، بۆیـە بەهـۆی کاتی درووسـتبوونی کـەلار و دەوروبـەری دەتوانیـن بڵێیـن کـە کـەلار ناوچەیەکـە پێکهاتـەکانی نەرمـترە گـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ ئەوانـەی کـە پێشـتر درووسـت بـووە[1]، کەواتـە ئـەم پێکهاتەیـە ناوچـەی (کـەلار) بەختیـاری سـەرەوە (المقدادیـة) دەگرێتـەوە، هەروەهـا پێکهاتـەی بەختیـاری سـەرەوە (المقدادیـة) دەگەڕێتـەوە بـۆ پلایۆسـین، تایبەتمەندییەکـەی ئەوەیـە کـە چینـەکانی بـە دوای یەکـدان (تعاقـب) بـەردی قـوڕی و ورد بـە ڕەنگـی (رمـادی مصفـر) بـۆ (بنـی فاتـح)، لەگـەڵ بـەردی لماوی (رمـادی) و بـەردی لیتەیـی (البني و الرمـادي)، ئەگـەری درووسـت بـوونی بـەردی کۆکـراوە (CONGLAMORATE)ی هەیـە لـە چینـی سـەرەوەی، کەچـی پێکهاتـەی فـارسی ژێـرەوە لـە بـەردی قـوڕ و لماوی پێکهاتـووە، بـەڵام پێکهاتـەی بەختیـاری سـەرەوە و ژێـرەوە (بـای حەسـەن) تێکەڵـە لـە بـەردی لمـاوی و قـوڕی لەگـەڵ بـوونی (CONGLAMORATE) چیـن بـە دوای چیـن، هەروەهـا بـەردە لماوییەکـەی گەردیلـەی زبـر (گەورە-خشـن) و ناوەنـدی تێدایـە[2].

---

١- عەلی مەحمود ئەسعەد سورداشی، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل٢٤-٢٩

٢- طـه حسـین السالم و طـارق محمـد رشـید الشـدیقات، دراسـة نوعیـة المیاه الجوفیـة لمنطقـة الکویـد جنـوب مدینـه الموصـل/ شـمال العـراق، شـبکة، انترنیـت، WTTPI/ WWW. GEOLGYIRAQ. ٢٠٠٨-P-١٥

ناوچـەی کـەلار دەکەوێتـە سـەر پلێتێـکی گـۆڕاو بـە تایبـەتی دەکەوێتـە چوارچێـوەی ناوچـە نزمەکانـەوە کـە بەشـێوەیەکی گشـتی پێـی دەڵێـن تەپۆڵکـە، لـە بـەشی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ئـەم شـوێنە بـەوە نـاسراوە زنجیرە شـاخی کەمی تێدایە و شـێوەی قوپـاوی هەیـە، بـە بـەراوورد لەگـەڵ ناوچـەکانی دیکـەی هەرێـم، ناوچـەی جیۆلۆجـی دەکرێتە دوو بەشــەوە (جیۆلۆجـی چینـەکان- پێکهاتـەکانی جیۆلۆجـی) لـە چەنـد شـوێنێکی جیاجیـای ناوچـەی کـەلاردا هەنـدێ پێکهاتـووی بـەردی بەرچـاو دەکەوێـت، لەگـەڵ چەرخـی جیۆلۆجـی ئایۆسـین بـەردەوام دەبێـت تاوەکـو ئێسـتا کـە خـۆی لـەو نیشـتووە تازانـە دەبینێتـەوە، ئـەم پێکهاتانـە جیاوازییـان هەیـە لـە سـیفاتی بەردینـدا، لەگـەڵ پلـەی کارتێکردنیـان بەرامبـەر کارە جیۆمۆرفۆلۆجیـە جیاجیاکانـدا، بـەڵام پێکهاتـەکانی جیۆلۆجـی ئـەم ناوچەیـە پێکهاتـووە لـە چوارچێـوەی ناوچـە نزمـەکان، کـە پێکهاتەکـەی دابـەش دەکرێـت بـۆ پشـتێنەی (حەمریـن) دووەم و پشـتێنەی (چەمچەمـاڵ) هەولێـر هەرچەنـدە ژمارەیـەکی زۆر پێکهاتـەی سـەرەکی و دیـار هەیـە لـەم ناوچەیـەدا، وەکـو پێکهاتـەکانی بەرزایـی بەردەسـوور و کـەلار کـە شـێوەیان بـە شـوێنی قـوڵ پێکهاتـووە کـە وەك یـەك نیـن، لـە نێـوان ئـەم بەرزاییانـە ژمارەیـەکی زۆر بەرزایـی دەرچـووی دیـاری هەیـە و شـێوەیان وەك یـەك نییـە، کـە لـە دەشـتێکی پـان و بەریـن پێکدێـت پڕە لـە نیشـتووەکانی سـەردەمی سێیەم، کـە درێـژی ئـەم گردانـە دەکەوێتە نێـوان (١٣٠- ٢٠٠) کـم کـە یەکیـان گرتـووە لەگـەڵ لوتکـەی درێژکۆڵـە پێچەوانەیـە[1] بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە (٨):

---

١-نخشـان محمـد روسـتم البـالاني، جمورفولوجيـة منطقـة كلار، رسـالة ماجسـتير، غيـر منشـورة، كليـة العلـوم الانسـانية، جامعـة السـليمانية، ٢٠١٠، ص٩-١٦

نەخشەی ژمارە (٨)

پێکهاتەی جیۆلۆجی لە شاری کەلار




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە فایلی (DEM 15 Mt) وە بەکارهێنانی بەنامەی (2-ArcGIS10.2)

سەبارەت بە جیۆلۆجی شاری کەلار لە ڕووی تەکتۆنییەوە دەکەوێتە چیا نزمەکان بەم شێوەیە پێکهاتە جیۆلۆجیانە دەردەکەوێ:

١- fars (fatha) : ئەم پێکهاتووە (middle miocene) بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەورەیەکی دووبارەی بەردەگەچ (anhyile drile gypsum) و خوێ (qreanmarl، limestone sanolstan،) salt، siltsore، redclagctane ) سەرچاوەی سەرەکی بەردی گەچە لە سنورەکەدا.

٢- U، FARS (IAGANA) : تەمەنی ئەم پێکهاتەیە (cene، Lalemir) بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەردی لمین pinlish، redmassivesaneistone تێهەڵکێش بووە لەگەڵ چینی clayston.

٣- L.Bakhtiary (mugoladid) : تەمەنی ئەم پێکهاتەیە ( Early – pliocene ) بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەردی لمی خۆڵەمێشی (ڕەساسی) دەنکۆڵەدار (crey – pebblysandston)

تێهەڵکێش بـووە لەگـەڵ چەنـد چینێکـی siltston ،clayston ،sandeston.

٤-U.Bakhtiary (Bai-hassan): ئەم پێکهاتە (L.plrocane) بەشێوەیەکی سەرەکی لە چینێکی ئەسـتور پێکهاتـووە کـە لـە (conglemerada) پێکهاتـووە لەگـەڵ چـەنـد چینێکـی (siltatone، clemstone، sandstone) تێکهەڵکێـش بـوون (altennadeel) یەکێکە لەسـەرچاوەی مـاددەی سـەرەکی چـەو و ملـی ناوچەکـە هەڵگرێکـی باشـی ئـاوی ژێـر زەویشـەو دەنکۆڵـەکان و (Boulder)کان لـە جۆرەکانـی نیشـتوو گۆڕاویشـیان تێدایـە لـە ژینگەیەکـی ئـاوی تەنکـدا نیشـتوون (shalowseaenvirem).

٥- نیشـتوی Lod . farth: بـەشی چینـی سـەرووەی خاکـی کـەلار پێکدەهێنێـت ڕووبەرێکـی زۆری داپۆشـیوە تاوەکـو ناحیـەی ڕزگاری دەگرێتـەوە و کەبەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە تێکەڵەیەکـی چـەو و لم و خـۆڵ تێکەڵـە بەتایبـەت لەسـەر قـەزای کـەلار کـە ئەسـتووری (٥-١٠)م وە ئەمـەش هەڵگرێکـی باشـی ئـاوی ژێـر زەوییـە لـە ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە دەکرێـت سـوودی لـێ وەربگیرێـت[١].

## خـاك:

خـاك بریتیـە لـە چینێـکی تەنـکی هەڵوەشـاوە، کـە تاوێـرەکانی بەردینـی داپۆشـیوە و ئەسـتوورییەکەی لـە نێـوان چەنـد سـانتیمەترێك یـان چەنـد مەترێکدایـە، خـاك لـە مـاوەی چەنـد سـاڵێکی کوورتـدا درووسـت نابێـت، بەڵکـو چەندیـن سـەدەی پێویسـتە، بـۆ نموونـە درووسـتبوونی (٥،٢) سـم، لـە خـاك پێویسـتی بـە (٣٠٠ بـۆ ٩٠٠) سـاڵ هەیـە[٢]، خـاك بریتیـە لـە پێکهاتەیـەکی سروشـتی، کـە بـەردەوام لـە گەشـەکردندایە بەهـۆی ئـەو کارلێکردنـە کیمیایـی و فیزیاییـەی بـە کردارێـکی سروشـتی ڕوو دەدات لـە نێـو خاکەکانـدا، دابەشبوونی دانیشـتوان هـەر لەسـەرەتاوە پەیوەسـت بـووە بـە دابەشـبوونی خـاکی بـە پیـت کـە پەیوەنـدی هەیـە بەبـوونی سـەرچاوە ئاوییەکانـەوە، چونکـە خـاك و ئـاو پەیوەندیـان بەیەکـەوە هەیـە بۆئـەوەی بتوانرێـت بەرهـەم بهێنرێـت، جـۆری خـاك یەکێکـە لـە بـوارە گرنگـەکان کـە لـە ڕێگەیـەوە ئاسـتی بەکارهێنـانی خـاك دیـاری بکرێـت، چونکـە پـاش بەکارهێنـانی خـاك یـان خراپـی کاریگـەری هەیـە لەسـەر کێشـە ئایندەییـەکانی ئـەو شـوێنە لەڕووی وەبەرهێنانییـەوە

١. فەرمانگەی مەسحی جیۆلۆجی و پشکنینی کانزای گەرمیان، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠١٢/١٢/٣

١- علي حسن الشلش، جغرافية التربة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨١، ص ١٣-١٤

بـۆ نیشـتەجێبوون، هەروەهـا لەسـەر ژێرخانـەکان، بۆیـە دەبێـت جـۆری خـاك بـاش بێـت لـەڕووی پێکهاتەکەیـەوە ئەگـەر بەکاربهێنرێـت لـە بـواری شارسـتانییەت، واتـە بەمەبەسـتی درووسـتکردنی بینـا لەسـەری و ئاوەدانکردنـەوەی[1] ڕووەك و گیـا لـە خـاك دەڕوێـن، هەمـوو گیانلەبـەران بـۆ خـۆراك بـە خاکـەوە پەیوەسـتن مرۆڤیـش پێویسـتی خـۆی لـە ڕووەك و گیـا و گیانلەبـەر بەدەسـت دەهێنێـت، بـە گشـتی خـاك زۆر لایەنـی مـرۆڤ فەراهـەم دەکات بـە شـێوەیەك کـە زیاتـر لـە (٨٠٪)ی بەرهەمهێنانـی سـاڵانەی کەرەسـتەی خـاوی سـەرەتایی لـە جیهانـدا لـە ڕێگـەی خاکـەوە فەراهـەم دەبێـت، هەروەهـا بـە یەکێـك لـە هـۆکارە سـەرەکیە سروشـتییەکان هەژمـار دەکرێـت و کاریگـەری لەسـەر پێکـەوە ژیانـی مـرۆڤ و کۆمەڵـگای سروشـتی هەیـە[2] بەپێـی ئـەو پۆلێنـەی کـە زانـای هۆڵەنـدی (بیورنـگ) بـۆ خـاکی عێـراق لەسـاڵی (١٩٦٠) ئەنجامـی داوە، خـاکی ناوچـەی کـەلار لـە جـۆری خـاکی (قاوەیـی ئەسـمەرە) کـە خاکێـکی بەپیتـە بـۆ کشـتوکاڵ، بەتایبـەتی کشـتوکاڵی دانەوێڵـە، چونکـە ڕێـژەی مـادەی ئـۆرگانی تێـدا دەکاتـە نێـوان (١- ٢٪) بـەڵام چینێـك لـە کلـس کـۆ بووەتـەوە لـە قووڵـی (٢٥-٣٠) سـانتیمەتردا هەیـە[3].

لێکۆڵینــەوە کــراوە لەســەر هەمــوو پیدۆنــەکان لــە ڕوانگــەی مۆرفۆلۆجــی و فیزیایــی و کیمیاییـەوە، ئەنجامـەکان کاریگـەری گـەورەی کـەش و هەوای دەرخسـت لەسـەر گەشـەکردنی خاکـەکانی ناوچـەی کـەلار کـە کاریگەریەکـەی دەرکـەوت لەسـەر جـۆری ئاسـۆکان، ئەسـتووری خاکەکـە، جـۆری ئاسـۆ نیشـانەیەکان، کـە بریتـی یـە لـە ئاسـۆکانی سـەرەوە (epipedons) وە ئاسـۆکانی ژێـرەوە (endo pedons) هەروەهـا ئەنجامـەکان کاریگـەری کـەش و هەوایـان دەرخسـت لەسـەر بـڕو دابەشـبوونی زۆرێـك لـە پێکهاتـەکانی خـاك، خـاکی ناوچـەی کـەلار ئـەم ڕیزبەندیـەی هەبـوو: لیتـە، لم، گڵ، بەتێکـڕای (٤٠٧، ٣، ٣٥٧، ١، ٢٣٥) گم/کگـم خـاك بـەدوای یەکـدا[4] سـەیری نەخشـەی ژمـارە (٩) بکـە:

١- کامـران طاهـر سـعید، توسـع مدینـة السـلیمانیة بتأثیـر الاسر الحظري، منشـورات مرکـز کردسـتان للدراسـات الاسـتراتیجیة السـلیمانیة، ٢٠١٢، ص٤٨

٢- دکتر حسین شکوئی، فلسفه جغرافیا، چاپ امیر، چاپ یازدەهم، پائیز ١٣٨١، ل٢٧٣

٣- لیلی قارەمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢

٤- سـالم نعمـت، کاریگـەری ئاووهـەوا لەسـەر درووسـتبوونی جـۆرە جیـاوازەکانی خـاك لەنێـوان سـاڵەح ئاغـا و پێنجوێنـدا، سـلێمانی ٢٠٠٦، ل٢

نەخشەی ژمارە (٩)

جۆرەكانی خاك لە شاری كەلار




سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەستن بەفايلی (DEM 15 Mt) وە بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS10.2.2)

هەروەها خاك بەيەكێك لە گرنگترين لە دەرامەتە سروشتييەكان دادەنرێت چونكە ڕۆڵێكی كاريگەر دەبينێ لە بەدەست هێنانی ئاسايشی خۆراك، چونكە پەيوەندييەكی ڕاستەوخۆی بە بەرهەمهێنانی كشتوكاڵەوە هەيە، بە ڕەگەزێكی گرنگ دادەنرێت لە پێدانی هێز و دابينكردنی خۆراك لەسەر ئەو لێپرسراويەتييەوە دێت كە دەيگرێتە ئەستۆ، بەرامبەر گەلەكەی لەكاتی شەڕ و ئاشتيدا، بۆ بەدەستهێنانی خاكی فراوان و بەرهەمهێن لەگەڵ بوونی دەرامەتی ئاو لەگرنگترين سامانی سروشتين بۆ دەوڵەت، چونكە مرۆڤ ڕاستەوخۆ يان بە ناڕاستەوخۆ پشت دەبەستێت بەجۆرێكی خۆراك جا ڕووەكی بێت يان ئاژەڵی[1]، هەروەها خاكی ناوچەی لێكۆڵينەوە دەكەوێتە ناو پشتێنەی ڕێڕەوی ناجێگير

١-ساكار محەمەد حەسەن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لە دەستەبەركردنی ئاسايشی خۆراك لە هەرێمی كوردستان، چاپی يەكەم، ٢٠١٠، سلێمانی، ل٦٦

(anstable shelf) بـۆ ڕوونکردنـەوە بەدیـاری کـراوی لـە پشـتێنەی شـوێنە کـەم نزمـەکان (low foldedzone) کەناوچـەی گـرد لەخـۆ دەگرێـت هـەروەك دەکەوێتـە بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق کـە بەناوبانگـە بـە کەمـی ژمـارەو بەشـەکانی لـە جـۆری تیـژ و کـەم بوونـەوەی چەمـاوەکان، هەروەهـا کەمـی جیاوازییـەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ بەشـەکانی تـری هەرێـم وە درێـژ بوونەوەیەکـی تـری سـەرەکی لـە خۆدەگرێـت، لـە باشـووری ڕۆژئـاواو باشـووری ڕۆژهـەڵات ئەمـەش بـە پشـتێنەی زاگـرۆس دەناسرێـت کـە لـە ژێـر کاریگـەری جوڵـە ئالییـەکان بـۆ چیـاکان کـە دەکاتـە ئـەو بـەری لـە سـەردەمی مایۆسـینی گـەڕاو بـۆ کاتـی جیۆلۆجـی سـێیەم[١].

بەپێـی لێکۆڵینـەوەی بیۆرینـگ خاکـی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە کـەلار بـەم شـێوەیە دیـاری بکەیـن:

١- خاکی کەلار لە جۆری خاکی قاوەیی ئەسمەر دادەنرێت، کە خاکێکی زۆر بە پیتە.

٢- خاکی ئەم ناوچەیە کونیلە دارە، ڕێگە بە ئاو دەدات بچێتە خوارەوە.

٣- ڕێژەی ماددەی ئۆرگانی گونجاوی تێدایە کە دەکاتە (١-٢٪).

٤- ئەستووری جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.

٥- بوونی چینێکی کلسی لە قوڵایی (٢٥- ٣٥)سم.

٦- ڕێژەی شۆرەکاتی کەمە لە هەندێ ناوچەی بچووکدا نەبێت.

٧- ڕێژەی مەوادەکانی کانزایی زیاترە لە مەوادی ئۆرگانی [٢].

# ڕووەکی سروشتی

ڕووەکی سروشـتی هـەر وەك لـە ناوەکەیـدا دیـارە، ئـەو ڕووەکانـە دەگرێتـەوە کـە لـە خـۆوە دەڕوێـن، دەشـتوانین بڵێیـن: بـاران هـۆکاری کارایـە لـە دابەشـبوونی ڕووەکی خۆڕسـك لـە هەرێمـی کوردسـتان، هەرچەنـدە ڕووەکی خۆڕسـك بەگشـتی لـە کارلێکی نێوان ئـاو و هـەوا و ڕووی زەوی خاکـدا بەرهـەم دێـن، بـەو پێیـەی جیاوازییـەکی ئاشـکرا لـە ئـاو و هـەوا و ڕووی زەوی هەرێمـدا هەیـە، جیاوازییـەکی هاوتـاش لـە ڕووەکی خۆڕسـکدا بـەدی دەکرێـن، ئـەم جیاوازییـەش لەنێـوان لێـرەوار و دارسـتانی چیـاکان و گژوگیـای دەشـتەکاندا بـەڕوونی دیـارە،

١- نخشان محمد روستم البالاني، مصدر سابق، ص٩

٢- دەرباز محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت، ناوچەکانی ڕووەکی خۆڕسك لە هەرێمدا بە پلەی یەکەم لەگەڵ ناوچەکانی ئاو و هەوادا ڕێکهاتوون، دارستان و لێرەواری ناوچە شاخاوییەکان دەکەونە ناوچەی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستەوە، زۆربەی ڕووەکەکانی گەرمەسێریش دەکەونە ناوچەی ئاووهەوای گەرمەسێرەوە، بەم جۆرە هەرێمی کوردستان دابەش دەبێتە سەر دوو پشتێنەی سەرەکی ڕووەك، ئەوانیش پشتێنەی دارستانەکان و پشتێنەی گژوگیای کورت (گەرمە سێر)ن، هەروەها ڕووەکی سروشتی دیکەش هەن کە هەرکاتێ ئاوی ڕووبارەکان و پانتایی ئاوی لەباریان بۆ ڕەخسا شین دەبن، بەڵام لەم ڕووەکانە پەیوەندییان بە ڕێسا گشتییەکەی دابارینەوە نییە، کەواتە دەتوانرێت ناوچەکانی ڕووەکی خۆڕسك لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دوو ناوچەی سەرەکی دابەش بکرێت:

١- ناوچەی دارستان و گژوگیا

٢- ناوچەی ڕووەکی گەرمەسێر (ستێپس) [١]

ڕووەك و گژوگیای ئەم ناوچەیە بە گشتیی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی لەوەدایە کە بە یەکێك لە لەوەڕگەکانی واتە لەوەڕگە باشەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە دەژمێردرێت، ڕووەکەکانی ئەم ناوچەیە پارێزگاری لە داخوران و داشۆرانی خاك دەکەن، بەڵام ڕێژەی ماددەی ئۆرگانی لە چاو ناوچە دارستانەکاندا کەمتر لە بەر وشکی و کەم شێیی[٢].

سەبارەت بە ڕووەکی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دا دەکەوێتە چوارچێوەی گیای گەرمەسێر و گیای ستێپسی شێدار، کە بارانی ساڵانەی لە نێوان (٣٠٠- ٥٠٠ )ملم دایە، ڕووەکی سروشتی لە ناوچەکە بەیەکێك لەناوچە گرنگەکانی لەوەڕاندنی ئاژەڵ دادەنرێت بەتایبەت لە وەرزی زستاندا کە بارانی ساڵانەی لە (٣٠٠ملم) دایە، هەروەها لە وەرزی بەهار کە وەرزی گەشانەوەی ڕووەکە، هەروەها بڕێك لە ڕووەکە سروشتییەکان بۆ خۆراکی مرۆڤ بەکاردێت، گرنگترین ڕووەکەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە ڕووەکی کورتە باڵاو تەمەن درێژەکان وەك (تەرو، عاگوڵ، شەپەلاح، کونار) هەروەها ڕووەکە وەرزییە تەمەن کورتەکان کە لە بەهاراندا لەم ناوچەیەدا دەڕوێن، وەك: (جۆکێویلە، کنگر، تۆڵەکە، گوڵاڵەسورە، گوڵاڵە زەردە، بەیبوون، چاوبازە) هەروەها قارچک و دۆمەڵان بوونی هەیە،

١- جەزا تۆفیق تاڵب، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ساڵی ١٩٩٩، ل١٠٧

٢- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی باخداری و دارستان و پاوانی گەرمیان، داتای بڵاو نەکراوە ٥/ ٨ / ٢٠١٢.

لەگـەڵ هەنـدێ دڕك و گیایـی بەهـارەی تـر جگـە لەمانـەش لـە کەنـاری ڕوبـاری سـیرواندا چەنـد جۆرێـك ڕووەکـی تایبەتـی دەڕوێـن گرنگترینیـان (داربـی، دارپەڵـك، دارژاڵـە، قامیـش و زەل)[1] ئەمانـە ڕووەکی ڕووبـەرە ئاوییەکانـن لـە کەنـار ڕووبـاری سـیروان و چـەم و جۆگـەکانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بـەدی دەکرێـت بەشـێوەیەکی چـڕ بەهـۆی بـوونی سـەرچاوەی ئـاوی بـەردەوام، کـە پانتاییـەکی زۆری گرتۆتـەوە، بەهـۆی دەسـتێوەردانی مرۆییـەوە چ کاتی سـەیران و هەروەهـا بەکارهێنـانی وەك لـەوەڕگا و زۆرجاریـش بڕینـی ئـەم ڕووەکانـە بـۆ سـووتەمەنی کارتێکـردنی لەسـەر ئـەم ڕووەکانـە هەیـە.

## تۆپۆگرافیا:

لـە ڕووی بـەرز و نزمییـەوە هەرێمـی کوردسـتان جیـاوازی هەیـە ئـەم جیاوازییـەش دەگەڕێتـەوە بۆجیۆلۆجیـای هەرێـم، ئـەم بـەرز و نزمیـەش پۆلێـن دەکرێـت، بـۆ دوو ناوچـە (شـاخاوی و نیمچـە شـاخاوی ) کـەلار دەکەوێتـە ناوچـەی نیمچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـەوە، ئـەم ناوچەیـەش بـەوە وەسـف دەکرێـت کـە تۆپۆگرافیـای جیـاوازی هەیـە، کـە بریتیـن لـە پێچاوپێچـی قۆپـاو و دەشـت و شـاخ و دۆڵـی پێچاوپێـچ لێـرە و لـەوێ و چەنـد دیاردەیـەکی تـر، لـە نـاو ئـەم دیاردانـەدا وەك دۆڵـی درێـژ و وشـك و..هتـد. کـەلار خـاوەن بـەرزی و نزمییـەکی جیـاوازە، واتـە لـەم ڕووەوە جیـاوازی بەرچـاو دەردەکەوێـت، دەتوانیـن ئامـاژە بـەوە بکەیـن بەشـەکانی باکووری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان هاوسـنوورە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـی کوردسـتاندا کـە زنجیـرە شـاخی قـەرەداخ و ناوچـە شـاخاوییەکان جیـا دەکاتـەوە.[2]

کـەلار دەکەوێتـە ناوچـەی دووەمـەوە واتـا ناوچـەی نیمچـە شـاخاوی و ئەگـەر سـەرنجی کـەلار بدەیـن دەبینیـن تـا ڕادەیـەك دەکەوێتـە ناوچەیەکـی تەخـت و بەرزییەکـەی دەگاتـە نزیکـەی (٢٠٠) مەتـر لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا لـە دەوروبـەری قـەڵای شـێروانە دەسـت پێـدەکات و تاوەکـو بـەرەو باکـوور و ڕۆژئـاوا بڕۆیـت بـەرز دەبێتـەوە، لـەو پـەڕی ڕۆژهەڵاتـی شـارەکە دەگاتـە (٢٥٥) مەتـر لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا واتـە بـە ڕێـژەی لێـژی (٧٤٪)[3] باشـووری ڕۆژهـەڵات هـەروەك لـە بەرزایـی (تەیمانـە) هەژمـار دەکرێـت، کـە دەکەوێتـە

---

١- د. جاسـم محمـد خلـف، الجغرافيـة العـراق طبيعيـة الاقتصادية و البشريـة، مطبعـة دار المعـارف، القاهـرة، ١٩٦٥، ص ٦٤-٦٥.

٢- جاسم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١-٣٢.

٣- دەرباز محەمەد علی، کەلار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

ئەوپـەڕی باکـووری ناوچـەی توێژینەوەکـە بـە بەرزتریـن لوتکـەی شـاخاوی لـە ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە هەژمـار دەکرێـت، کـە لوتکەکـەی دەگاتـە (٨٣٨ م) لەسـەر ڕووی دەریـاوە و ئاراستەکەشـی لـە باکـوورەوە بـۆ باشـوورە، وە بـەوە جیـاوازە کـە لێوارەکانـی زۆر لارە و لـە ڕۆژهەڵاتییـەوە چیـای کوێسـتانە کـە (٤ کـم) لێـوەی دوورە و لوتکەکـەی بـەرزی (٨٢١) مەتـرە لـە ڕووی دەریـاوە، بـە ئاراسـتەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە چیـای (گـوڵ دەبریـاو)ە کـە بەرزیەکـەی (٤٢٠ م) و لـە بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوا بەرزاییەکانـی (شـاکەل کـە بەرزتریـن لوتکـەی (٤١٥م) لـە ڕووی دەریـاوە، بەرزاییـەکانی (بەردەسـوور) دەکەوێتـە باشـووری بەرزاییەکانـی (گـوڵ دەبریـاو) کـە بەرزیەکـەی نزیکـەی (٣٢٣ م) لەسـەر ڕووی دەریـاوە، کردارەکانـی ڕووتبـوون بووەتـە هـۆی پەیدابوونـی هەنـدێ دیـاردەی نیشـتوو [(١)]

نەخشەی ژمارە (١٠)

بەرز و نزمی ناوچەی کەلار




سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بەفایلـی (Mt ١٥ DEM) وە بەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcGIS١٠,٢,٢)

---

١- نخشان محمد روستم خان البالاني، جيومورفولوجية منطقة كلار، رسالة ماجستر غير منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص ٢-١٠

ئـەم هەرێمـە دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو هێڵـی بـەرزی (٢٠٠- ٣٦٠م) لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە، ئـەم هەرێمـە لـە هەندێـك ناوچـەی لێکۆڵینـەوە کـە هێڵـی کەنتـۆر تیایـدا دەگاتـە (٤٠٠م٢)، بـەڵام زیاتـر لـە ناوچـە نزمەکاندایـە، وەکـو ناوچـەی (گـوڵ دەبریـاو) و بەرزاییەکانـی شـاکەل و لـە هەنـدێ ناوچـەدا دەگاتـە زیاتـر لـە (٤٠٠م٢) لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە دەکەوێتـە جـۆری لێـژی تەختـی زۆر سـووك، هەنـدێ گـردی نـزم لـە ناوچەکـەدا کـە بـە بەرزایـی شـاخاوی دەورە دراون لـە باکـووری ڕۆژهـەڵات کـە بەرزاییـەکانی (بەردەسـوور) نـاسراوە و لـە باشـووری ڕۆژئـاواوە بەرزاییەکانـی (شـاکەل)، ئـەم هەرێمـە بـەوە جیـاوازە کـە تەختاییـە و پێـی دەوترێـت دەشـتی شـێروانە کـە ڕووبەرێکـی فراوانـی هەیـە کۆمەڵێـك دۆڵ و ڕێـڕەوی ئـاوی دەیبڕێـت[1]. بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە (١١):

نەخشەی ژمارە (١١)

هێڵی کەنتۆری لە شاری کەلار




سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بەفایـلی (DEM 15 Mt) وە بەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcGIS10.2.2)

١- نخشان محمد روستم البالانی، مصدر سابق، ص ٩-٢٥

## شێوەکانی ڕووی زەوی

شێوەکانی ڕووی زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش دەکرێ بەم شێوەیە:

١- دەشتەکان.

٢- دۆڵەکان.

٣- تەپۆڵکە یان گردەکان.

٤- دۆڵی ڕووباری سیروان.

**١- دەشتەکان:** بەو پێیەی کەلار دەکەوێتە ناوچەیەکی تەخت واتا دەشت، ئەمەش وای کردووە کە لە چەندین دەشت پێکدێت، وەك دەشتەکانی شێروانە، سەیل ماڵ، سەیدخەلیل، شاکەل ...هتد و چەندین دەشتی تری لۆکاڵی کە لە دەوروبەری کەلار ناو و ناوبانگییان هەیە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

## دەشتی شێروانە

دەشتی شێروانە مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە، لە زۆرێك لە کتێب و ڕووداوەکاندا ناوی هاتووە، هەروەها لە شیعری شاعیران و گۆرانی بێژان و بەیت و بالۆرەکاندا و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا ناوی هاتووە، ئەم دەشتە سنوورێکی پان و فراوانی هەبووە، وەلێ لە ئێستادا دوا بە دوای دابەش بوونی زەوییەکان و گۆڕینی سنوورەکان، ئەو سنوورەی جارانی نییە، سەرەتای لە دوای زەوییەکانی بەرلووت و بەردەسوورەوە دەست پێدەکات، کە درێژ دەبێتەوە بە کەناری ڕووباری سیرواندا بەرەو کەلار و گردەگۆزینە و تاوەکو گوندی گێژەکان دەڕوات، بە ئاراستەی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، دەشتێکی بەپیتە، هەردوو جۆری کشتوکاڵی ئاوی و دەیمی تێدا دەکرێت، هەرچی کشتوکاڵی ئاوییەکانە پشت دەبەستێت بە ئاوی سیروان و بیری ئیرتیوازی لەم ناوچەیە، بەڵام کشتوکاڵی دەیمی پشت دەبەستێت بە باران، بژوێن و لەوەڕگایەکی باشە، کە هەمیشە جیا لە چەندین ڕووەکی خۆڕسك لە کەناریدا وەك (زەل، گەز، بی، پەڵك، تورك، ژاڵە) ڕواوون، کە ئەمەش بە یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی لەوەڕاندنی ئاژەڵ دادەنرێت، جیا لەوە چەندین باخ و کشتوکاڵ و سەوزەی هەمەجۆر و تەنانەت مەرەزە و کونجی تێدا دەکرێت، بە

ســوود وەرگرتــن لــە ئــاوی ڕووبــاری ســیروان خاکێــکی زۆر بەپیتــە و شــیاوە بــۆ کشــتوکاڵ کــردن جــۆری کشــتوکاڵی ئــاوی و دەیمــی تێــدا دەکرێــت، جیــاواز لــە دەشــتەکانی تــر زۆربــەی زەوییــەکانی ئاوێــکی زۆری لــە بــەردەم دایــە، ئەمــەش بۆتەهــۆی بەرهەمــی جــۆراو جــۆر، ســەیری وێنــەی ژمــارە (١١) بکــە :

وێنەی ژمارە (١١)

دەشتی شێروانە



## سەیل ماڵ

دەشــتێکی زۆر بــە پیتــە و دەتوانیــن بڵێــن بــە پیتتریــن زەوییــە لــە هەمــوو ناوچــەی گەرمیانــدا، دەکەوێتــە باشــووری ڕۆژئــاوای کــەلارەوە تاوەکــو گردەگۆزینــە دێــت لــە نێــوان (خــڕە باریــك و خــڕە شــێت)ەوە بــە شــێکیشی دەکەوێتــە نێــوان ڕێــگای کفــری و خــڕحاجییــەوە بــە ناوەکــەیدا دیــارە کــە لافاوکــردە، گەنــم و جۆیــەکی زۆر تێــدا دەکرێــت لــە ســەردەمی ساســانییەکاندا لــە ســیروانەوە لــە ڕێگــەی جۆگــەوە ئاویــان ســەرخستووە بــۆ ئــەم دەشــتانە، هەروەهــا لــە ســاڵانی حەفتــاکان و هەشــتاکاندا حکومــەتی عێــراق جۆگەیــەکی گــەورەی لەســەر ســیروان ســەرخستووە بــە نــاو بــازاڕی کــەلاردا لــە فولکــەی ماســییەکەوە ئاوێــکی زۆر تێدەپــەڕی، ئــەو دەمــە جگــە لــە جووتیــاران کاســبکارانیش ســوودیان لێدەبینــی، هەروەهــا بــۆ مەبەســتی ئاودێــری و کشــتوکاڵکردن لــەم ناوچــەدا، کــە بــەشی ڕۆژهــەڵاتی زەوییەکانــی گرتۆتــەوە،

هەرچەنـدە ڕەگـەزی ئـەم زەوییانـە پشـتاوە، وەلـێ لـە ئێسـتادا سـەدان بیـری ئیرتیـوازی هەڵکەنـدراوە و جۆرەهـا کشـتوکاڵ و سـەدان دۆنـم بـاخ و خانـووی پلاسـتیکی و کێڵگـەی پەلـەوەر و حـەوزی ماسی تێدایـە، لـە ئێسـتادا سـەدان ماڵ بـۆ بەخێوکـردنی ئاژەڵـی جۆراوجۆر لـە شار دوورکەوتوونەتـەوە و لێرەدا نیشـتەجێبوون، دوو چەمـی گـەورەی تێدایە کـە خڕەکانی پونگڵـە و پەچـەڕەش یەکدەگـرن و لـە گردەگۆزینـەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە، کـە لـە کاتی بـاران بارینـدا ئاوێکی زۆری تێدەڕژێت زۆربـەی ئـەم زەوییانـە موڵکی بەگزادە جافـەکانی کـەلارن، چەنـد پەڵـە زەوییـەکی کەوتۆتـە نـاو سنووری شـارەوانی کـەلارەوە، جووتیـارەکان زۆر بـە کەمـی لێرە زەوییـان بـە دەسـتەوە مـاوە.

## دەشتی سەید خەلیل

دەکەوێتـە باکـووری شـارەکە، کـە کشـتوکاڵ و گەنـم و جـۆی زۆری تێـدا دەکرێـت، جیـا لـە بـاران سـەرچاوەیەکی گـەورەی ئـاوی تێدایـە، کـە چەندیـن جۆگـە درووسـتکراوە کە ئـاو دابەش دەکات بەسـەر زەوییـە کشـتوکاڵییەکاندا و چەندیـن بـاخ و شـەتڵگە و سـەوزە و پاقڵەمـەنی تێـدا دەکرێـت، ئـەم جۆگەیـە هـەر لـە کۆنـەوە تاوەکـو سـاڵانی دوای گەیشـتۆتە کـەلار و بـە ناوەڕاسـتی کـەلاردا تێپەڕیـوون، لـە ژووری کـەلار و دوواتریش لـە خـوارووی کـەلار چەندیـن بـاخ لەسـەری درووسـتکرابوون، ئـەو دەمـە سـەرچاوەی ئـاوی خـواردن بـووە، بەمەبەسـتی ئاژەڵـداری و باخـداری سـوودی زۆریـان لێبینیـووە، لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا چەندیـن ئـاشی لەسـەر درووسـتکراوە، کـە بـە ئاشـە کۆنـەکان نـاسراون، لـە ئێستاشـدا پرۆژەیـەکی ئاودێـری گـەورە لـە بـەردە سـوورەوە باکـووری ڕۆژهـەڵات بـەرەو باکـووری ڕۆژئـاوا درێـژ بووەتـەوە، کـە زەوییـەکی زۆری لەبەردەمدایـە و دەتوانرێـت سـوودی زۆری لێببینرێـت، بـە پێـی خشـتەکە کەرتـەکانی (٩٨، ٩٦) هـەردوو سـەیدخەلیلی خەلیفـە و دەروێـش ڕووبـەری زەوی میـری و بـەراو و پشـتاو لـە سـەیدخەلیل دەروێـش زیاتـرە، کـە (٣٦٨٦، ٥) دۆنمـە، زەوییـەکانی خەلیفـە تەنها (١٠٠٥) دۆنمـە و لـە هیـچ کامیانـدا زەوی موڵـکی نییـە، بـە هەمـان شـێوە ئـاو و ئـاوەڕۆ و باخـی میـری تێـدا نییـە، ئـەوانی تریـش جگـە لـە ڕێگاو بـان ڕووبـەری زەوییـەکانی دەروێـش زیاتـرە.

# دەشتی شاکەل

دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای کـەلارەوە لـە نزیـك گونـدی شـاکەل ئەمیـش خاکێـکی بـە پیتـە دەشـتێکی فـراوانی دێمەکاڵـە، سـاڵانە گەنـم و جۆیـەکی زۆری تێـدا دەکرێـت، هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا چەندیـن بیـری ئیرتیـوازی لـێ هەڵکەنـراوە، جیـا لـە گەنـم و جـۆ و سـەوزەی جـۆراو جـۆری لێدەکرێـت چەنـد باخێـکی گـەورەی تێدایـە بـە چەندیـن دۆنـم دەخەمڵێنرێـت، ئـەم دەشـتە بەناوبانگـە کـە ئاسـکێکی بـێ شـوماری تێدا بـووە، خەڵـکی ناوچەکـە بـە ڕان بینیوویانە، ئـەم ئاسـکانە سـیفەت و سروشـتیی جیـاوازە لـە شـوێنەکانی تـر سـاڵانە دووجـار دەزێـن، چەنـد ئاژەڵێـکی کێـوی تـری تیـادا بـووە، هەربۆیـە زۆرێـك لـە سـەرۆك و وەزیـر و سـەرۆك خێڵـەکانی ناوچـە جیاجیـاکان بـۆ ڕاو و شـکار هاتوونەتـە ئـەم دەشـتانەی کـەلار و جـاری وا هەبـووە بـە هەفتـە ماونەتـەوە، هـەر بۆیـە زۆرێـك لـە شـاعیرانی دەڤەرەکـە و شـاعیرانی تریـش شـیعریان لەسـەر جوانیـی سروشـت و جـۆری ئـاژەڵ و باڵنـدەکانی ناوچەی شـێروانە و شـاکەلدا نوسـیووە، لـە شیعرەکانیشـیاندا وەسـفی لـە جـوانی ناوچەکـەو ئاسـك و ڕاو و شـکاریان کـردووە، ئـەم دەشـتانە لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە بەرزتـرە بـە بـەراورد لەگـەڵ دەشـتەکانی تـر، پێـوەری بەرزایـی لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە، لـە دەوروبـەری قـەڵای شـێروانەوە دەسـتپێدەکات و تـا بـەرەو ڕۆژئـاوا بڕۆیـن دەشـتەکان بـەرز دەبنـەوە بـەڵام لـە باکـووری ڕۆژئـاوای شـارەکە، کـە شـاخی شـاکەلە و بەرزاییەکـەی دەگاتـە (٤١٥) مەتـر لـە ئاسـتی دەریـاوە[1].

١- دەرباز محەمەد، کەلارلە لادێوە بۆ شار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٣

# گردەگۆزینە

ئـەم دەشـتەش سـاڵانە کشـتوکاڵی زۆری تێـدا دەکرێـت، بـە تایبـەتی ڕووبـاری سـیروان بـە تەنیشـتیدا تێدەپەڕێـت، بەرهەمێـکی زۆری هەیـە جیـا لە گەنم وجـۆ بەهۆی سـوود وەرگرتنیان لـە ڕووبـاری سـیروان مـەرەزەو سـەوزەیەکی زۆردەکرێـت، لەبـەر هەمـان هـۆ بـۆ باخداریـش زۆر گونجـاوە و باخێـکی زۆر بـوونی هەیـە نزیکـەی (١٨٠)دۆنمـە، کـە چەندیـن جـۆری میـوە لـە خـۆ دەگـرێ (قەیـسی و هەنـار و قـۆخ و تـرێ و پرتەقـاڵ و خورمـا و هتـد) سـەوزەیەکی زۆریـشی تیـادا بەرهـەم دەهێنرێـت، کـە نـەك لـە ئاسـتی ناوچەکـە و هەرێـم لـە ئاسـتی عێراقـدا بەناوبانگـە، کـە ڕۆژانـە دەیـان ئۆتۆمبێـل لـە سـەوزەکانی کـەوەر و تەڕەتیـزە و تـوور.. هتـد لـەم گونـدەوە هەنـاردەی شـاری سلێمانی دەکرێـت و بـە سـەوزەی کـەلار یـان زیاتـر بـە گردەگۆزینـە ناوبانگـی دەرکـردووە، کشـتوکاڵی دانەوێڵـەش بایەخـی زۆری پێـدەدرێ چونکـە جیـا لـەوەی خـۆراکی سـەرەکی دانیشـتوانە و بەکاریـش دەهێـنرێ وەکـو ئالیـك بـۆ بەخێوکـردنی ئـاژەڵ، دانەوێڵـەوە ئـەو زەوییانـە بەکاردەهێنرێـت بـۆ گەنـم و جـۆ کـە زەوی دەیـم و پشـتاوە دوور لـە سـەرچاوەی ئـاوی پشـتی بـە ئـاوی بـاران دەبەسـتن، گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (١٧) بکەیـن دەردەکەوێـت ڕووبـەری زەوی میـری (٤٩٢٢،١٦) دۆنمـە، ڕووبـەری زەوی موڵـك (٨٣٠، ٣) دۆنمـە، هەروەهـا ڕووبـەری زەوی بـەردەڵانی و لـەوەڕگا (٢٩٤٤،٢٠) دۆنمـە، زەوی بەراویـش (١١٠٠) دۆنمـە و ١٢٠ ناعـووری تیادایـە[1]، هەروەهـا ئەمیـش وەك شـوێنەکانی تـر چەندیـن ڕووبـەری زەوی تـر بـە کارهێـنراوە بۆشـوێنی گوندوخانووبـەرەو ڕێگاوبـان ... هتـد

# بـنـگـرد

ئـەم زەویانـە دەکەوێتـە باشـووری کـەلارەوە، خاکەکـەی زۆر بـە پیتـە دوو چەمـی گـەورەی پیـادا تێدەپەڕێـت، دواتریـش لـە چەمـی گردەگۆزینـەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە، لـە سـەردەمی ساسـانییەکان و لەهەشـتاکاندا پـرۆژەی ئاودێـری گەیەنراوەتـە ئـەم زەوییانـە، چەندیـن جـۆری کشـتوکاڵی جیـاوازی تیـادا دەکرێـت، باخێـکی زۆر و کـە تەنهـا ڕووبـەری باخـی میـری (٣٠١،١) دۆنمـە، ژمارەیـەك ناعـوری تێدایـە کـە دەگاتـە (٦٥) ناعـوور و ڕووبـەری زەوی میـری (١٤٨٩،٦) دۆنمـە ڕەگەزەکـەی پشـتاوە و ڕووبـەری زەوی موڵـك (٣٢،١٨) دۆنـم

١-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣.

بـەراو و (٧٥،٨) پشـتاوە، ڕووبـەری شـوێنەواری لـە هەمـوو زەوییـەکانی تـر زیاتـرە کـە دەگاتـە (٤٥،١٥) دۆنـم[1] لێـرەش ڕووبەرێـکی زۆری زەوی کەوتۆتەبـەر گونـد و خانووبـەرە و ڕێگاوبـان و شـیو و گۆڕسـتان ..هتـد ئەمانـە و لـە ئێسـتادا چەندیـن خانـووی پلاسـتیکی و کێڵگـەی پەلـەوەر و پـرۆژەی ماسی و جگـە لـە بـە خێوکـردنی سـەدان سـەر مـەڕ و بـزن و مانـگا تیایـدا بـوونی هەیـە.

## کەلاری کۆن

ئـەم زەوییانـە کۆنتریـن مێژوویـان هەیـە لـە ناوچەکـەدا، جووتیارەکانیـشی بـە هەمـان شـێوە ئەوانـەن کـە کەلارییـان ئـاوەدان کردۆتـەوە و لـە مێـژە لـەم ناوچـە نیشـتەجێن، هەرچەنـدە لـە دوای ئـەوەی کـەلار بۆتـە قـەزاو زۆرێـك خەڵـکی دەوروبـەر کۆچـی زۆرەملێیـان پێکـراوە و لێـرەدا نیشـتەجێبوون، زۆرێـك لـە زەوی جووتیـارە کۆنـەکان وەرگیراوەتـەوەو دابەشـکراوە بەسـەرئەواندا، بـۆ ئـەو سـەردەمە بڕیارێـکی گونجاوبـوو، ئەوانیـش بێبەشـبوون لـەزەوی و زاری خۆیـان و سزای نەتەوەیـی دران و، لەڕووی نەتەوەیـی و مرۆییـەوە دەبـوو لـەوە زیاتـر قەرەبـوو بکرێـن، وەلـێ لـەدوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١) و دواتریـش پرۆسـەی ڕزگاری گـەلانی عێـراق ئیـدی زۆریـان گەڕانـەوە زێـدی بـاو باپیریـان ئەوانـەش لێـرە مانـەوە زەوییەکانیـان گەڕاییـەوە بـۆ خۆیـان، بـەڵام هێشـتا دەسـتیان لـە زەوییـەکانی کـەلار هەڵنەگرتـووە، ڕووبـەری زەوی میـری پشـتاو (١٧٢٧٦) دۆنمـەو بەراویـش (٦، ٢) دۆنمـە و ڕووبـەری زەوی موڵـك (٣٤١٧) دۆنمـە، هەروەهـا تـا دێـت زەوی کشـتوکاڵی کـەم دەبێتـەوە بەهـۆی دابەشـکردنی زەوی و ناوچـەی پیشەسـازی و ڕێگاوبـان و گۆڕسـتان و ئـاوەڕۆ و تەنهـا شـوێنی گونـد و خانووبـەرە زۆرتریـن ژمـارەی تۆمـار کـردووە، کـە دەکاتـە (٣٣١٠،٧) دۆنـم وەك لەخشـتەی ژمـارە (١٧) هاتـووە، لـە ئێستاشـدا (٧٥) ناعـوور هەڵکەنـدراوە و زەوی بەراویـش (٢٧٥٠) دۆنمـە[2] بـەم شـێوەیە دێنـە سـەر زەوییـەکانی کـەرتی (١٠٢)ی کـەلاری کـۆن هەرچەنـدە ئـەو ناوانـەش زۆرییـان لۆکاڵیـن دەمـاو دەم ماونەتـەوە بـۆ ئێسـتا بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوانـە بمێننـەوەو توێژینەوەکـە گشـتگیر تـر بێـت لێـرەدا دەیانخەمـە ڕوو:

---

١-چاوپێکەوتن، جیهاد کەریم حەمید، ٢٠١٣/٤/١٠.

٢- بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠١٠/١١/٧

## ١- زەوی خڕ کونار:

ئـەم زەویـە دەکەوێتـە نزیـك ناحیـەی ڕزگاری بەشـێکی زۆری کەوتۆتـە نـاو شـارەوانی ناحیەکـەوە لـە ئێسـتادا، بەشـەکەی تـری خاوەندارێتـی دەگەڕێتـەوە بـۆ بەگـزادەی جـاف، تەنهـا چەنـد جووتیارێـکی کەمـی کـەلار زەویـان مـاوە لـەم سـنوورەدا، ڕەگـەزی زەوییەکـە لـە بنەڕەتـدا کشـتوکاڵی پشـتاوە، لـە ئێسـتادا هەندێـك بیـری ئیرتـوازی ئامادەیـی هەیـە، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە پێشـینەی کشـتوکاڵی، هەروەهـا وەك باسـکرا ئـەم زەوییانـە نزیکـە لـە سـنووری شـارەوانییەوە لـە نێـوان کـەلار و ڕزگاریـدا لـە لایەکـەوە نزیکـە دەتوانـرێ زیاتـر سـوودی لـێ ببینرێـت و چاودێـری بکـرێ، لـە لایـەکی تـرەوە جووتیـاران وا بیـر دەکەنـەوە تـادێ سـنووری شـارەوانی لێیـان نزیـك دەبێتـەوە، ئەگـەر حکومـەت جـۆری زەوییەکـەی لـە کشـتوکاڵییەوە گـۆڕی بـۆ سـنووری شـارەوانی مۆڵـەتی بیـر و باخیـان هەبێـت قەرەبوویـان زیاتـر بەردەکەوێـت، لـە ڕوویـەکی تـرەوە تـادێ ڕەوشی ئابـووری خەڵـك بـەرەو بـاشی دەچێـت زیاتـر خەڵـك بیـر لـە دروسـتکردنی بـاخ دەکەنـەوە، ئەمـەش زیاتـر بـۆ خـۆش گوزەرانـی و حەوانـەوەی خۆیانـە کەمیـان بـۆ بژێـوی ژیانـە، وەلـێ لـە زۆر ڕووەوە سـوودی خـۆی هەیـە، وەك زیادکـردنی بەرهـەم هێنـان و سـەوزایی و ژینگـە و هەروەهـا کەمکردنەوەی ئـەو خـۆڵ و تـۆزەی کـە سـاڵانی ڕابـردوو زۆر زیاتـر بـوو.

## ٢- گـــا قـڕان:

ئـەم نـاوە لـەوەوە هاتـووە لـەکاتی خۆیـدا گا گەلێـك بەهـۆی بـاران و لافـاوەوە لـە نـاو ئـەو زەویـەدا لەنـاو دەچـن و ئـەو ڕەشـە وڵاخانـەی لەنـاو ئـەو زەوییانـەدا بـوون بەهـۆی لافـاوەوە هیچیـان نەمـاون، هـەر بۆیـە پێـی وتـراوە گـــا قـڕان، ئـەم زەویانـە دەکەونـە نێـوان خڕکونـار و سـەید سـۆنە ڕەگـەزی زەویەکـە پشـتاوە، هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا چەندیـن بـاخ و بیـری ئیرتیـوازی تێدایـە جگـە لـە کێڵگـەی پەلـەوەری و خانـووی پلاسـتیکی، ئـەم زەوییانـە بەشـێکی زەوی جووتیارەکانـە کـە گرێبەسـتی کشـتوکاڵی (عەقـد زراعي)یـان هەیـە، بەشـێکی تـری موڵـك و تاپـۆی بـەگ زادەکانی جافـە[1].

١-چاوپێکەوتن، کامەران محەمەد فەرەج، ٢٠١٣/٥/١١.

**٣- زەوی پەچەڕەش یان بەرسایکە:**

ئـەم زەویـە کشـتوکاڵییە بـە پیتـە بانەکـەی تەختـە لـە کاتی کۆنـدا پەچـەی مـەڕ و مـاڵات بـووە، پێشـەوەی زۆرکات سـێبەری هەیـە هـەر بۆیـە پێـی وتـراوە (بەرسـایکە)، ئاشـکرایە پەچـە ڕەش ماناکـەی ڕوونـە کـە شـوێنی مۆڵـدانی ئـاژەڵ بـووە، ئەمـەش بوەتـە پەچـە و پاشـماوەی ئاژەڵیـش ئـەو شـوێنەی ڕەش کردۆتـەوە، ئەمیـش هەمـوو زەوییـەکانی بـە دەسـت جووتیارانەوەیـە، ڕەگەزەکـەی کشـتوکاڵی پشـتاوە.

**٤- تەختە نەختە:**

لەبـەر ئـەوەی ئـەم نـاوەی لێنراوە زۆربـەی زەوییـەکانی تەختاییە دەکەوێتـە نێوان ڕزگاری و خـڕە باریکـەوە، زەوییـەکانی بەدەسـت جووتیـارەکانی کەلارەوەیـە واتـە بـەگ زادەکانی جـاف لێـرە زەوییـان نییـە، ڕەگـەزی پشـتاوە هەرچەنـدە ئەمـەش گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە بەهـۆی بیـری ئیرتیوازیـەوە.

**٥- خشتەکان:**

هـەر بۆیـە وای پێدەوترێـت، چونکـە شـوێنی خشـت و کـەلاوەی کـۆنی تێدایـە، دەکەوێتـە باکـووری کـەلارەوە لـە نێوان زەوییـەکانی کـەلاری کـۆن و سـنووری زەوییـەکانی سـەید خەلیـل، ڕەگـەزی زەوییەکـە پشـتاوە لـە کۆنـدا چەنـد پەڵەیـەکی بەراو بـووە بەهـۆی جۆگـەی کـەلارەوە، لـە ئێستاشـدا چەندیـن بیـری ئیرتیـوازی تێـدا هەیـە.

**٦- کەنە قوڵ:**

ئـەم زەوییـە لەنـاو سنوورەکەیدا چەندیـن دۆڵـی قوڵـی تێـدا هەیـە، هەربۆیـە ئـەم نـاوەی لێـنراوە، دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای کـەلاری کۆنـەوە، لـە نێـوان خـڕە باریـك و خـڕی حاجـی هەمـوو زەوییـەکانی بەدەسـت جووتیـارانی کـەلاری کۆنەوەیـە، ڕەگـەزی زەوییەکـە پشـتاوە، ئەمـەش بەهەمـان شـێوە بیـری ئیرتیـوازی تێـدا لێـدراوە.

**٧- کۆترە میل:**

دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی کـەلاری کۆنـەوە، ئـەم نـاوەش لـەوەوە هاتـووە، لـە نـاو ئـەم زەوییـەدا میلێـك هەبـووە کۆتـر لەسـەر میلەکـە نیشـتۆتەوە بۆیـە پێیـان وتـووە (کۆتـرە میـل) ئێسـتا

ئـەم زەویانـە هەمـووی کەوتونەتـە نـاو شـارەوانی کـەلارەوە بەتایبـەت گـەڕەکی شـەهیدان لەسـەر ئـەم زەوییـە درووسـتکراوە.

## ٨- زەوی ئاشە کۆنەکە:

ناوەکـەی لـەوەوە هاتـووە لـە کۆنـدا کۆمەڵێـك ئـاشی ئـاردی تێـدا بـووە، بەهـۆی جۆگـە ئاوێکـەوە کـە سـەرچاوەکەی سـەید خەلیلـە، کـە دەکەوێتـە نێـوان سـەیدخەلیل و ڕێـگای سـەیدخەلیل و کـەلاری کۆنـەوە، لـە پێـش عوسـمانییەکان و لـە سـەردەمی ئەمانیشـدا چەندیـن ئـاش هەبـووە، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە لـەو سـەردەمەوە کـەلار ئاوەدانبـووە ئـەم ناوچەیـەش گردبوونـەوەی دانیشـتوانی زۆر بـووە، ئەگـەر نـا ئـەو هەمـوو ئاشـەیان بـۆ چیبووە، سـەرجەم ئـەم زەوییانـە بەدەسـت جووتیارەکانەوەیـە ڕەگـەزی زەوییەکـە کشـتوکاڵی پشـتاوە، هەرچەنـدە تـادێ لێـرەش بـە هـۆی پێشـینەی کشـتوکاڵییەوە و بیـری ئیرتیوازییـەوە ڕێـژەی بـەراو زیاتـر دەکات.

## ٩- زەوی تەپەی ڕەسوڵ:

ناوەکـەی لـەوەوە هاتـووە جووتیارێـکی کـۆن کـە لـە سـەرەتای ئـاوەدان کردنـەوەی کـەلارەوە تیایـدا نیشـتەجێبووە، کـە نـاوی (ڕەسـوڵ) بـووە (باپیـرەی نووسـەر)ە لەنـاو زەوییەکەیـدا تەپەیـەکی درووسـت کـردووە، لەبەرئـەوەی زەوییەکـەی زۆر بـووە دەچـووە سـەر تەپەکـەو لەوێـوە چاودێـری دەکـرد، بـۆ ئـەوەی شـوانەکان ئـاژەڵ نەکەنـە نـاو دەغڵەکـەی، ئـەم زەوییـە دەکەوێتـە باکـووری خۆرهـەڵاتی کـەلاری کـۆن بەشـێك لـەم زەویانـە کەوتۆتـە نـاو شـارەوانی کـەلارەوە ئـەو بەشـەکەی تـری بەدەسـت جووتیارەکانەوەیـە ڕەگـەزی زەوییەکـە کشـتوکاڵی پشـتاوە[1] هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا کۆمەڵێـك باخـی تیـادا درووسـتکراوە و بەهـۆی ئـەو پـرۆژە ئاودێرییـەوە کـە لـە ڕووبـاری سیروانەوە سـەرخراوە بـۆ زەوییـەکان بەشـێك لـە جووتیـارەکان سـوودمەندبوون لـەم پـرۆژە و هـاوکات هەندێکیـان بیـری ئیرتیوازیـان هەیـە، هەرچەنـدە بەشـێك لـە زەوییـەکانی دابـەش کـراوە بەپێـی ئـەوەی جـۆری زەوییەکـە گـۆڕاوە لـە کشـتوکاڵییەوە بـۆ زەوی شـارەوانی چونکـە نزیکـە لەسـنووری شـارەوانییەوە.

---

١- چاوپێکەوتن: جیهاد کەریم حمید، بەڕێوەبەری لقی کشتوکاڵی قۆرەتوو، نیسانی ٢٠١٣

خشتەی ژمارە (٢٠)
ڕووبەری زەویەکـــانی ســــنووری کـــەلار

| ژ | ژمارەی ناوی کەرت | ڕوبەری زەوی میری بە دۆنم | | ڕووبەری زەوی ملك بە دۆنم | | ڕووبەری زەوی بەردەڵانی و لەوەڕگا | کانی ئاو بە دۆنم | شوێنی گوندو خانوو بە دۆنم | ڕێگاوبان بە دۆنم | شیو بە دۆنم | ئاوو ئاوەڕۆ | شوێنەوار بە دۆنم | باخی میری بە دۆنم | تێینی گۆڕستان بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەراو | پشتاو | بەراو | پشتاو | | | | | | | | | |
| ١ | ١٠٢ کەلار کۆن | ٦،٢ | ١٧٢٧٦ | - | ٣٤١٧ | ٢٨١٨،٤ | ١٤،١٩ | ٣٣١٠،٧ | ٦٦٩،١١ | ١٨٩٤،١٩ | - | - | - | ٧،٥ |
| ٢ | ١٠١ بنگرد | - | ١٤٨٩،٦ | ٣١،١٨ | ٧٥،٨ | ١٦٤،١٥ | - | ١٠٦٠،٢ | ١٩٤،٤ | ٢٢٩،٤ | ٢٧٩،٢٤ | ٤٥،١٥ | ٣٠١،١٢ | ١،٤ |
| ٣ | ٩٦ سیدخلیل خلیفە | - | ١٠٠٥ | - | - | ٣٥١،١٠ | ٠،٤ | ٤،٨ | ٨٠،١٢ | - | - | ٢،٢٢ | - | - |
| ٤ | ٩٨ سیدخلیل درویش | - | ٣٦٨٦،٥ | - | - | ٤٢٨،٠ | ٢٨،٠ | ٧،٢١ | ٦١ | - | - | ٢٣،١٣ | - | ٣٣،٢٤ |
| ٥ | ٩٩ گردەگۆزینە | - | ٤٩٢٢،١٦ | - | ٨٣٠،٣ | ٢٩٤٤،٢٠ | - | ١٦٤،٨ | ١٣٦،٤ | ٢٧٢،٠ | ٤٩،٢٣ | - | - | ٧،٢١ |
| ٦ | ١٠٠ حمەی کریم | - | - | - | - | ١٦ ،٢٢ | - | ٥٧٥،١٦ | ٩٦،٤ | - | ٨٩٣،١ | ٣،٢١ | - | - |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٠

**٢- دۆڵەکـــــان:**

لـەم ناوچەیـە دا چەنـد دۆڵێکـی بـەر فـراوان یـان تەسـك بـەدی دەکرێـت کـە لـە مێـژە درووسـتبووە، بۆتـە ڕێـڕەوی ئـاوی وەرزی بـە تایبـەت ئـاوی بـاران و لافـاو کـە بـە هـۆی بـاران بارینـی زۆرەوە درووسـتبوون، لـە گرنگتریـن ئـەم دۆڵانـەش (گۆبـان، سـەیدخەلیل، چەمـە بیسـمیلا، عیسایی، پونگەڵـە، قەرەچێـل) و دیـارە ئـەم ناوانـە بـە نـاوی ئـەو گوندانـەوە ناونـراون کـە نزیکـن لـەم دۆڵانـە یـان لـە تەنیشـتی ئـەو گوندانـەن، کـە دەبێتـە هـۆی جیاکردنـەوەی گوندێـك لـە گوندێـکی تـر، ئـەم دۆڵانـە کـە دەگەنـە سـنووری شـاری کـەلار و دەوروبـەری بـە چەقـی شـارەکەدا دەڕوات، کـە بۆتـە سـنوورێکی سروشـتی چ لـە نێـوان گەڕەکەکانـی شـاردا، زۆر جـار دەبنـە هـۆی لافـاو و مەتـرسی بـۆ دانیشـتوانی شـارەکە.

**٣- تەپۆڵکە یان گردەکان:**

بـە زۆری زەوی شـاری کـەلار لـە ڕووی ئاسـتی دەریـاوە جیـاوازە کـە لـە دەوروبـەری قـەڵای شـێروانەوە دەسـت پـێ دەکات تابـەرەو ڕۆژئـاوا بڕۆیـن تەپۆڵکـەو گـردەکان بەرزدەبنـەوە، زەوییەکانیـش لەسـەر گـردەکان زیاتـر بەردەڵانـن بـە کەڵـکی کشـت و کاڵکـردن نایـەت، هەنـدێ پـرۆژەی بـە خێوکـردنی پەلـەوەر لەسـەر گـردەکان درووسـتکراون، لـە بەشـەی ڕۆژئـاوا شـاخ و بەرزایـی بەدیدەکرێـن، دەتوانیـن بڵێـن گـردی شـاکەل کـە بەرزییەکـەی دەگاتـە (٤١٥م) لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا، بـەڵام لـە باکووری ڕۆژهـەڵات گـردی بەردەسـوورە کـە بەرزیەکـەی دەگاتـە (٣٧٧م) لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا، ئەمیش بەهەمـان شـێوە تەپۆڵکـەو گردەکانـی بەردەڵانـن بـۆ کشـتوکاڵکردن شـیاو نیـن، چەندیـن کێڵگـەی پەلـەوەری لەسـەر درووسـتکراوە، هەروەهـا لەبـەشی خۆرئـاواوە تەرخـان کـراوە بـۆ (حـي المعامـل) و پیشەسـازی، جیـا لـە باشـووری شـارەکە ئەمیـش کێڵگـەی پەلـەوەری و کارگـەی بلـۆك و ...هتـد تیادایـە، لـە باکـوورەوە زیاتـر لـە سـەد (دۆنـم)ی زانکـۆی گەرمیـانی لەسـەر درووسـتکراوە.

**٤- دۆڵی ڕووباری سیروان:**

یەکێکـە لـە دۆڵـە هـەرە بـە پیتەکانـی شـاری کـەلار و لـە ڕووی ئابووریشـەوە لـە زۆربـەی بوارەکانـدا وەك (کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، باخـداری، ئاژەڵداری...هتـد) سـوودی لێدەبینرێـت، هەروەهـا سـەرچاوەیەکی سـەرەکی ئـاوە لـە شـاری کـەلاردا کـە (٧٠٪) ئـاوی کـەلار پشـت بـە ئـاوی سـیروان دەبەسـتێت، لەئێسـتادا ئـەم ڕێژەیـە کەمبووەتـەوە لەبەرئـەوەی چەندیـن بیری

ئیرتیـوازی لـە گەڕەکەکانـدا هەڵکەنـدراوان، لـە ڕووی ئابـووری و پیشەسـازییەوە چەندیـن کارگـەی بلـۆك و چـەو و لمـی لەسـە ر بنیاتـنراوە، بـە درێژایی مێژوویش لە ڕووی سـەربازییەوە زیاتـر لـە سـەدەیەك سنووری نێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانی و سـەفەوی بـووە، بۆ بازرگانیکردنیش بەکارهێـنراوە، بـە تایبـەت لـە بـواری قاچاخـدا و گواسـتنەوەی شـتوومەك لـە نێـوان عێـراق و ئێرانـدا و زۆر بژوێـن و چـڕ بـووە بـۆ حەشـاردانی کەلوپەلـەکان شـاردنەوەیان لـە کاتی پێویسـتدا، کەڵەکیـان بەکارهێنـاوە بـۆ گواسـتنەوەی شـتومەکەکانیان، دۆڵێـکی زۆر بەپیتـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە سـوودی لێدەبینرێـت، درێـژ دەبێتـەوە لەوەڕگایـەکی زۆربـاشی هەیـە، باخـە کۆنـەکانی کـەلار لـەم دۆڵـەدان، چەندیـن شـوێنەواری ئاودێـری کـۆن لـە نـاو دۆڵەکـەدا هەیـە، جگـە لـەوەی لەسـەر دۆڵـەکان و بەرامبـەر ڕووبـاری سـیروان چەندیـن شـوێنەوار و قـەڵاو قوللـە و شـوێنی حەوانـەوەی پادشـاو دەسـەڵات داران ئامادەیـی هەیـە، سـەیری وێنـەی ژمـارە (١٢) بکـە:

وێنەی ژمارە (١٢)
ڕووباری سیروان



سەرچاوە: کاری توێژەر، ٢٠١٣

# ئاو و هەوا

کەش و هـەوای هـەر هەرێمێك لـە ژێـر کاریگـەری کۆمەڵێـك هـۆکار دایـە، کـە لـە کۆتایـدا شـوێن پەنجەییـان لـە شـێوەی و شـقڵ و سـیماو تایبەتمەندییـە ئـاو و هەواییەکانـدا دیـارە ئـەم هەرێمـە یـان هەرێمێـکی تـری پـێ دەناسرێتـەوە، بـۆ تێگەیشـتن لـە کـەش و هـەوای هـەر هەرێمێـك لـە هەرێمـەکان سـەختە بەبـێ ئـەوەی ئـەو هۆکارانـە بـە درێـژی و گشـتگیری بـاس بکرێـت، کـە کاریـان تێکـردووە، هەرچەنـدە وێکچوونێـکی گـەورە لـە نێـوان ئـەو هۆکارانـەی کار دەکەنـە سـەر کـەش و هـەوای هـەر هەرێمێـك لـە هەرێمـەکانی سـەر ڕووی زەوی هەیـە، بـەڵام هـەر هەرێمێکیـش تایبەتمەندێتـی خـۆی هەیـە لـە بـارەی پلـەی گەرمـا و جـۆری کارتێکـردنی، ئـەو هۆکارانـەی کـە کاریـان لـە کـەش و هەواکـەی کـردووە و جـۆری کار تێکردنەکـە[1] ئـاو و هـەوا تێکـڕای بـاری کەشـە لـە شـوێنێك یـان هەرێمێـك دا لـە مـاوەی وەرزەکانی سـاڵدا، ئـاو و هـەوا کاریگەریـی هێڵـەکانی پـانی لەسـەرە و وەشـوێن بەگوێـرەی کیشـوەرەکان و زەریاکانـەوە سـیفەتی ئـاو و هـەوای ناوچەیـی، بـە شـێوەی گشـتی ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کیشـوەرە گـەورەکان و هەرێمـە ناوخۆییـەکان و تایبەتمەنـدە بـە ئـاو و هـەوای ناوخۆیـی، واتـا بـارانی کەمـە و جیـاوازی زۆرە لـە نێـوان مـەودای گەرمی ڕۆژانـە و وەرزی سـاڵانە، بـەڵام دورگـەی نـاو زەریـاکان و بەشـەکانی ڕۆژئـاوای کیشـوەرەکان تایبەتمەنـدن بـە ئـاو و هـەوای بارانـاوی و لێزمـە و ڕێژەیـەکی بـەرز لـە شـێ[2] بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـاوە ئـاو و هـەوا ڕاسـتەوخۆ ناتوانێـت ڕێگـر بێـت لـە فراوانبـوونی شـار، هـەر بۆیـە دەبینیـن لـە هەمـوو هەرێمـە ئـاو و هەواییەکانـدا شـار بـوونی هەیـە. بـەڵام لـە ڕووی قەبـارە و بایەخـەوە جیاوازەییان هەیـە، لەبـەر کۆمەڵێـك فاکتـەر نـەوەك تەنهـا ئـاو و هـەوا، بەڵکـو ئـاو و هـەوا کاریگـەری هەیـە لەسـەر لایـەنی تـری شـار وەکـو شـێوازی بینـاو چۆنێتـی ئـەو کەرەسـتانەی کـە لـە پێکهاتـەی شـاردا بەکاردەهێنرێـت، هـەر بۆیـە شـاری کـەلار کەوتۆتـە ناوچەیـەکی گەرمـی هەرێمـی کوردسـتانەوە کـە بـە (گەرمیـان) نـاسراوە، لـە ماوەیـەکی کەمـدا فراوانییـەکی بەرچـاوی بەخـۆوە دیـوە کـە هاوشـێوەی کەمـە، تەنانـەت لەناوچـە کۆنەکانیشـدا هاوشـێوەی نییـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لێکۆڵینـەوەی جوگرافی ئـەو زانیارییەمـان لـە بـارەی (ئـاو و هـەوا)وە پێـدەدات کـە بـوونی هەیـە لـەم شـارەدا،

١- ئازاد نەقشبەندی، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ١٩٩٩هەولێر، ل٦٥
٢- هاوڕێ مەلا ڕەئووف، دەریای زانیاری جوگرافیای گشتی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٨٣

ئەویش خاڵیکی سەرەکی ژینگەیە[1] گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکاتە سەر ئاو و هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتییە لە شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی کە کاردەکاتە سەر تایبەتمەندییە ڕەگەزە ئاو و هەوای ئەم ناوچەیە، ئەم کاریگەرییەش خۆی لەبڕی تیشکی خۆری گەیشتوو بەسەر زەوی ناوچەکە و دواتر گۆڕانکاری بڕی تیشکەکە لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، پاشانیش جیاوازی لەمەودای سالانەی پلەی گەرما، تۆپۆگرافیاش کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری ئاو و هەوای ناوچەکە چونکە ڕوون و ئاشکرایە تاوەکو لە بەشەکانی باشووری کەلارەوە بەرەو باکوور بڕۆین ڕووی زەوی بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت ئەو بەرزبونەوەیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی گۆڕانێك لە بڕی بارین و نزمبوونەوە لە پلەی گەرمادا بەدی دێنێت، بەرزبوونەوەی هەرێمەکانی چوار دەوری ناوچەی لێکۆڵینەوەیش دیسان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لە دەست نیشانکردنی جۆری ئاو و هەواکەی کە ئەبێتە فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانیان، کە پەستانی بەرز و نزم درووست دەکات لە ناوچەکەدا بەگشتی ناوچەی لێکۆڵینەوەیش دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوییەوە[2]، ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا لە باشوری کوردستاندا، وەکو هەر شوێنێکی دیکەی سەر ڕووی ئەو زەمینە بریتین لە: گەرما و باران و فشار-با و بەفر و شەختە و هەور و تەم و شێداری ڕێژەیی، خەسڵەتەکانی ئاو و هەوای باشووری کوردستان کە بریتین لە جیاوازیەکی زۆری پلەی گەرمی لە نێوان وەرزەکانی ساڵدا (زستان، بەهار، هاوین، پایز)، هەروەها مانگەکانی ساڵ و شەو و ڕۆژ، زۆری باران بارین لە زستان و کەمی لە پایز و بەهار و نەبوونی باران لە وەرزی هاویندا، ئەمە و جگە لە جیاوازیەکی بەرچاو لە ڕەگەزەکانی دیکەی ئاو و هەوا وەکو هەور و بەفرو..هتد لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر[3].

ئاو و هەوای ناوچەی کەلار ئاو و هەوای هەرێمی گەرمەسێرە، ناوچەیەکی گوێزەرەوەیە لە نێوان ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست لە باکوور و باکووری ڕۆژهەلاتی هەرێم و ئاو و هەوای بیابانی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، هاوینی وشك و گەرمە و زستانی سارد و بە بارانە، سەبارەت بە زۆربەی دابارین دەکەوێتە مانگەکانی زستانەوە بەڵام سیفەتی

١- کامران طاهر، توسع مدينة السليمانية، بتاثير الاسر الحظري، دراسة في جغرافية المدن، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراجية، السليمانية، ٢٠١٢ص ٢٣

٢- د.ليث محمود الزنگنه، أثر الحرارة و الامطار على التصحر في القضاء كلار، مجلة الجمعية الجغرافية، العدد (٧٠)، ٢٠١٣

٣- د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٨، ل٥٥-٥٧

دیـاری دابارین ئەوەیـە کـە ڕێژەکـەی لـە مانگێکـەوە بـۆ مانگێکـی تـر گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و لـە ساڵێکەوە بـۆ ساڵێکی تـر جیاوازە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی نێوەنـدی بارانـی ساڵانە دەگاتـە (٣٣٧)ملـم[1]، گرنگتریـن ڕەگـەزە ئـاو و هەواییـەکان کـە ڕاسـتەوخۆ کار دەکاتـە سـەر ناوچـەی لێکۆڵینـەوە (پلـەی گەرمـی، دابارین، بـا، شـێی ڕێژەیـی) کاریگـەری ڕەگـەزەکان لەسـەر ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەخەینـەڕوو بـەم شـێوەی خـوارەوە:

## پلەی گەرما

پلـەی گەرمـا یەکێکـە لـە ڕەگـەزە گرنگـەکانی ئـاو و هـەوا، ئـەم ڕەگـەزەش کاریگـەری زۆر گرنگـی لـە سـەر دیـاردەکانی ژیـان لەسـەر زەویـدا هەیـە و کاردەکاتـە سـەر ڕەگـەزەکانی تـری ئاووهـەوا، دەرکـەوتنی جیـاوازی دیـاردەی ئاووهـەوا بەرئەنجامـی جیـاوازی پلـەی گەرمایـە شانبەشـانی ڕەگـەزەکانی تـر، جیـاوازی پلـەی گەرمـا لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە ناوچەیـەك بـۆ ناوچەیـەکی تـر و لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێـکی تـر، هەروەهـا جیـاوازی تێکـڕای پلـەی گەرمـی لـە ناوچـە شـاخاوی و نیمچـە شـاخاوییەکاندا لـە وەرزی زسـتان و هاویـن دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵێـك هـۆکار کـە بریتیـن لـە هەڵکەوتـەی جوگرافیـا و بـەرز و نزمـی و ئەتمۆسـفیرە نزمـەکان و بارسـتە هـەواکان[2].

پلـەی گەرمـی یەکێکیـترە لـە ڕەگـەزەکانـی ئـاو و هـەوا، بەشـێوەی گشـتی کار دەکاتەسـەر ڕواڵەتـە ژیارییەکانـی ڕووی زەوی و رەگـەزەکانـی تـری ئـاو و هـەوا، جیـاوازی ئـاو و هـەوا لـە جێگایەکـەوە بـۆ جێگایەکـی تـر لـە ئەنجامـی پلـەی گەرمـی ڕوودەدات[3]، مەبەسـت لـە گەرمـا ئـەو قەبـارە گەرمایەیـە کـە ڕووی زەوی لـە تیشـکی خـۆرەوە پێـی دەگات، گەرمـا یـەك لـە پـڕ بایەخترین کۆڵەکـەکانی ئـاو و هەوایـە، بەگشـتی گشـت ڕووداوەکانی ئـاو و هـەوا بەرهەمـی گەرمـان، قەبـارەی گەرمـا ئـەو فاکتەرەیـە کـە پۆشـاکی ڕووەکی و جـۆری گیانـدار و ژیـانی ئاسـایی مـرۆڤ لـە گشـت گۆشـەیەکی گـۆی زەوی پێکدێنـێ[4] ناوچـەی کـەلار دەکەوێتـە ئـەو ناوچانـەی کـە ئـاو و هـەوای جیـاوازە

١- دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

٢- هـاوڕێ یاسـین محەمـەد ئەمیـن، لێکۆڵینەوەیـەك لەجوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان، چاپخانـەی کارۆ، چاپـی دووەم، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل٨٤

٣- علی حسن موسی: اساسیات علم المناخ، الطبعة أولی، دار الفکر، دمشق، ٢٠٠٤، ص٣٦

٤- د.عەبدوڵڵا غەفور، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

بـە بەرزبوونـەوەی پلـەکانی گەرمـا لـە مانگـەکانی هاویـن و نـزم بوونـەوەی لـە وەرزی زسـتاندا، خشـتەی خـوارەوە کـە تایبەتـە بەپلـەکانی گەرمـا لـە نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٢) بـە ڕوونی دەردەکەوێت کـە بەرزبوونـەوەی پلـەکانی گەرما لـە مانگـەکانی وەرزی هاویـن (حوزەیـران، تەمـوز، ئـاب) تێکـڕا دەگاتـە (٤٢،٩ پلـە) هەروەهـا مانگـی تەمـوز بەرزتریـن پلـەی گەرمـی دەردەخـات و بەرزتریـن پلـەی گەرمـی تۆمـاردەکات، وە تێکـڕای بەرزتریـن پلـەی گەرمـی سـاڵانە لـە وێسـتگەی کەشناسـی کـەلار دەگاتـە(٢٩،٣ پلـە) ئـەم پلانـە لـە مانگـەکانی زسـتاندا (کانـوونی یەکـەم، کانـوونی دووەم، شـوبات) بـە تێکڕایـی نزمبووەتـەوە بـۆ (١٠ پلـە)، دواتریـش وەرزی بەهـار دێـت وەك ڕوونـە دواجـار پایـز و هاویـن یـەك لـەدوای یـەك دێـت گـەر پۆلێـن بکرێـت تێکـڕای پلـەی گەرمـی وەرزی بەهـار نزمـترە لـە تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی پایز، بڕوانە خشـتەی ژمارە (٢١):

خشتەی ژمارە (٢١)

تێکڕای پلەکانی گەرما (مانگ و وەرز و ساڵ) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار

بـۆ ســاڵانــی (٢٠٠٠ - ٢٠١٢)

| ساڵ | ك ١ | ك ٢ | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت ١ | ت ٢ | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٩,١ | ٧,٦ | ١٢,٦ | ١٤,٥ | ١٨,٩ | ٢٢,٢ | ٤٤,٢ | ٤١,٦ | ٤١,٤ | ٢٧ | ٢١,٢ | ١٤,٧ | ٢٠.٥ |
| ٢٠٠١ | ١١ | ٢,١ | ١٢,٢ | ١٦,١ | ٢١,٥ | ٢٦,٤ | ٤٦,٥ | ٤٥,١ | ٤٠,٧ | ٢٩,٧ | ٢٣,١ | ١٥ | ٢٤,٦ |
| ٢٠٠٢ | ٩,١ | ٨ | ٩,٦ | ١٤,٨ | ١٨,٣ | ٢٢,٦ | ٤٥,٦ | ٣٤,٧ | ٣٨,٩ | ٣٠,٩ | ٢٣,٧ | ١٤,١ | ٢١,٤ |
| ٢٠٠٣ | ١١,٨ | ١٠,١ | ١٢,٤ | ١٥,٥ | ١٨,١ | ٢٤,١ | ٣٩,٢ | ٣٤,٥ | ٤٣,٩ | ٢٧,٧ | ٢٤,٧ | ١٣,٧ | ٢٢,٩ |
| ٢٠٠٤ | ١١,١ | ٨,٢ | ١٤ | ١٦,٢ | ٢١,٢ | ٢٤,٥ | ٣٩,٦ | ٤٥,٤ | ٤١,٦ | ٢٩,١ | ٢٩,٢ | ١٢,٩ | ٢٤,٤ |
| ٢٠٠٥ | ١٢,٢ | ٩,٢ | ١١,١ | ١٥,٣ | ١٨,٦ | ٢٣ | ٤١,٨ | ٣١,٣ | ٢٨,٢ | ٢٨,٦ | ٢٣,٤ | ١٤,٢ | ٢٢,٣ |
| ٢٠٠٦ | ٨,٨ | ٨,٤ | ١٤,٢ | ١٢,٢ | ٢١,١ | ٢٥,٩ | ٤٧,١ | ٤٢,٨ | ٤٢,١ | ٢٧,٤ | ٢٤,٤ | ١٢,٧ | ٢٤ |
| ٢٠٠٧ | ٩,٢ | ٦,١ | ٩,١ | ١٤ | ١٩,٤ | ٢٢,١ | ٤٥,٩ | ٣٢,٧ | ٤٣,٢ | ٢٨,٣ | ٢٢,١ | ١٥,١ | ٢٢,٣ |
| ٢٠٠٨ | ٩,٤ | ٦,٩ | ١٠,٢ | ١٢,٥ | ١٧,٥ | ٢٢ | ٤٢,١ | ٤١,٢ | ٤٢,٣ | ٣٠ | ٢٢,٧ | ١٥,٩ | ٢٣ |
| ٢٠٠٩ | ١٠,٦ | ٩,١ | ١١,٨ | ١٥,٥ | ٢٢ | ٢٤,٦ | ٤٥,٨ | ٣٤,٤ | ٤٣,٦ | ٣,٢ | ٢٢,٣ | ١٢,٣ | ٢٢,٦ |
| ٢٠١٠ | ٩ | ٢,٢ | ١١,٦ | ١٢,٦ | ٢٠,٢ | ٢٤ | ٤٤ | ٤٧,٧ | ٤١,٦ | ٢٧,٨ | ٢٢,٢ | ١٣,٩ | ٢٢,٧ |
| ٢٠١١ | ١٠ | ٨ | ١١,٧ | ١٤,٥ | ١٩,٧ | ٢٣,٨ | ٤١,٩ | ٤٥,٨ | ٤٠,٩ | ٣٠,١ | ٢٣ | ١٤,١ | ٢٣,٦ |
| ٢٠١٢ | ١١,٥ | ٨,٢ | ١١,٥ | ١٤,٥ | ٢١,٢ | ٢٤,٣ | ٤٣,٤ | ٤٦,١ | ٤٠,١ | ٣١,٢ | ٢٥,٧ | ١٦,٨ | ٢٤,٥ |
| تێکڕای مانگانە | ١٠ | ٨ | ١٤ | ١٥,٩ | ٢٢ | ٢٣,٣ | ٤٤ | ٤٠,٣ | ٤١,٤ | ٢٨,٥ | ٢٢ | ١٥ | ٢٢,٥ |
| تێکڕای وەرزی | ١٠,٧ | | | ٢٠,٤ | | | ٤٢ | | | ٢٢,١ | | | |
| | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هۆبەی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠ی حوزەیران ٢٠١٣

شێوەی ژمارە (٢)

تێكڕای پلەكانی گەرما مانگ و وەرز و ساڵ لە وێستگەی كەشناسی شاری كەلار لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠١٢)




سەرچاوە :كاری توێژەر، پشتبەستن بەخشتەی ژمارە (٢٧)

## بــــا

با هەوایەكی بە ئاسۆی جوڵاوە، وە ڕەگەزێكی گرنگی بەرگە هەوای زەوییە، هەڵدەستێت بە كارێكی زۆر گرنگ وەك گواستنەوەی گەرمی و شێ و ماددەی پیس (ژەهراوی) لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر دووبارە دابەشكردنەوەی بە بەردەوامی، با بەهۆی ئاراستە و خێراییەوە دەناسرێتەوە، لە ئاراستەشەوە تایبەتمەندی با لەڕووی پلەی گەرما و شێ و ئەو بارە زەپۆشەی لەگەڵیدایە دیاری دەكرێت[١] .

١- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین: لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی كوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی (كارۆ)، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٩٤.

با بریتییە لە جوڵەی ئاسۆی هەوای نزیك و هاوتەریب لەگەڵ ڕووی زەوی، پەستانی هەوا ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆی دەبێت لە جوڵەی بادا لە ڕووی ئاراستەو خێراییەوە، با لە ناوچەی پەستانی بەرزەوە هەڵدەکات بۆ ناوچەی پەستانی نزم بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ڕاستەقینەی با بەپێی شوێنی پەستانی بەرز و نزم دەبێت، با بە ناوی ئەو ناوچەشەوە دەناسرێتەوە کە لێوە هەڵدەکات، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەباری دابەشبوونی پەستانی هەوا ڕوودەدات بە پێی وەرزەکانی ساڵ چەندین جۆری با لەم ناوچە تێدەپەڕێت، بۆ نموونە لە زستاندا بای باکوور و باکووری خۆرئاوا و بای پێچەوانەی خۆرئاوا و بای باشووری خۆرهەڵات هەڵدەکات، بەڵام لە وەرزی هاویندا هەندێك بای تر هەڵدەکات کە تایبەتمەندی لە باکانی وەرزی زستان ناچێت وەك بای باشووری خۆرئاوا کە بایەکی وشك و تۆزاوییە وە بای باکووری خۆرئاوا (بای شەماڵ) و بای باشووری خۆرهەڵات ئەمانە جگە لەو با خۆجێیانەی ناوچەکە وەك (بای گرە) کە بایەکی وشك و گەرمە، هەر یەکە لە و بایانە تایبەتمەندی خۆی هەیە کاردەکاتە سەر دەرامەتە ئاوییەکان بۆ نموونە بای پێچەوانە، کە لە وەرزی زستاندا هەڵدەکاتە سەر ناوچەکە بەهۆی ئەوەی لەسەر ڕووبەرێکی ئاوییەوە (دەریای ناوەڕاست) دێت، شێی زۆری پێیە و دەبێتە هۆی باران بارین لە ناوچەکە، بەڵام بای باشووری خۆرئاوا کە لە ناوچەی بانی عەرەبییەوە هەڵدەکات بەهۆی ئەوەی لە ناوچەی وشکانییەوە هەڵدەکات دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بەهەڵم بوون چونکە بایەکی گەرمە، لە ناوچەی کەلار خێرایی با لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێك و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت[1]، بەجۆرێك کە خێرایی با وەك لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠١٢) بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (٢٠٠٢) دا تۆمارکراوە، کە تێکڕای خێراییەکەی گەیشتۆتە (٨، ٢٧) م/چرکە بووە و لە ساڵی (٢٠٠١) کەمترین خێرایی تۆمارکراوە، کە گەیشتۆتە (٣، ٢٢) م/چرکە بووە، سەیری خشتەی ژمارە (٢٢) بکە :

١- وێستگەی کەشناسی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ئابی ٢٠١٣.

خشتەی ژمارە (٢٢)

تێکڕای خێرای با مانگانە و ساڵانە (م/چرکە) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار

لە ساڵانی (٢٠٠٠- ٢٠١٢)

| ساڵ | ك٢ | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ | ج/م/م٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٧،١ | ٥،١ | ١,٩ | ٣،٢ | ٢،٣ | ٤،٣ | ٨،٢ | ٢ | ١،٢ | ٣،١ | ٢،١ | ٩،٠ | ٢ |
| ٢٠٠١ | ٢،١ | ٤،١ | ٨،١ | ٢،٢ | ٥،٢ | ٧،٢ | ٢،٢ | ٢،٢ | ٢ | ٧،١ | ٣،١ | ١،١ | ٨،١ |
| ٢٠٠٢ | ٤،١ | ٦،١ | ٢ | ٨،١ | ٣ | ٩،٢ | ٢،٣ | ٣ | ٩،٢ | ٢ | ١،٢ | ٩،١ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٣ | ٩،١ | ٩،١ | ٢ | ٩،١ | ٥،٢ | ٨،٢ | ٩،٢ | ١،٣ | ٤،٢ | ٢،٢ | ٢ | ٧،١ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٤ | ١،٢ | ٢ | ٢،٢ | ٣،٢ | ٨،٢ | ٤،٢ | ٧،٢ | ٧،٢ | ٧،١ | ٨،١ | ٩،١ | ٨،١ | ٢،٢ |
| ٢٠٠٥ | ٢ | ٨،١ | ٢,٤ | ٥،٢ | ١،٣ | ٧،٢ | ٩،٢ | ٢،٢ | ٢ | ٩،١ | ٧،١ | ٥،١ | ٢،٢ |
| ٢٠٠٦ | ٧،٦ | ٩،١ | ٨،١ | ٢ | ٣ | ٢،٣ | ١،٣ | ٣ | ٨،١ | ١،١ | ٩،٠ | ٨،٠ | ٢ |
| ٢٠٠٧ | ٤،٢ | ١ | ٩،١ | ٢،٢ | ٤،٢ | ٨،٢ | ٣،٣ | ٨،٢ | ٢ | ٨،٠ | ٥،١ | ٢،١ | ٢ |
| ٢٠٠٨ | ١،٢ | ٩،١ | ٢،٢ | ٩،١ | ٩،٢ | ٣ | ٩،٢ | ٣ | ٨،٢ | ٧،١ | ٢ | ٢،١ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٩ | ٧،١ | ٥،١ | ٩،١ | ٤،٢ | ٨،٢ | ٢،٣ | ٤،٣ | ٤،٢ | ٣،١ | ٧،١ | ٨،١ | ٧،١ | ١،٢ |
| ٢٠١٠ | ٨،١ | ٨،١ | ٨،٢ | ١،٢ | ٩،٢ | ٨،٢ | ٩،٢ | ٨،٢ | ٢، ١٦ | ٨،١ | ٧،١ | ١، ٥٤ | ٢،٢ |
| ٢٠١١ | ٩،١ | ٧،١ | ١،٢ | ١،٢ | ٨،٢ | ٨،٢ | ٣ | ٨،٢ | ٢،٢ | ٦،١ | ٧،١ | ٤،١ | ٢،٢ |
| ٢٠١٢ | ٩،١ | ١،٢ | ١،٢ | ١،٢ | ٨،٢ | ٨،٢ | ٣ | ٨،٢ | ١،٢ | ٧،١ | ٧،١ | ٥،١ | ٢,١ |
| ڕێژەی مانگانە | ٨،١ | ٩،١ | ٢ | ١،٢ | ٨،٢ | ٣ | ٣ | ٨،٢ | ١،٢ | ٢ | ٧،١ | ٤،١ | ١،٢ |

سەرچاوە: ١- وەزارەتی گواستنەوە، وێستگەی کەشناسی کەلار، پەیمانگای تەکنیکی کەلار، (٢٠١٣) داتای بڵاونەکراوە
٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هۆبەی کەشناسی ٢٠١٣، داتای بڵاونەکراوە

# سەرچاوەکانی ئاو

لە سەرەتای جێگیربوونی مرۆڤەوە ئاو سەرەکیترین هۆکاری پەیدابوونی ناوەندی دانیشتوان بووە، بەردی یەکەم بناغەی سەرەتایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە پاڵ سەرچاوەی ئاو بووە، لەبەرئەوە تێبینی دەکەین کە بەردی بناغەی شارستانییەتییەکان لە کەنارەکانی دەریاکان و ڕووبارەکاندا شێوەی گرتبێت[1] بوونی دەرامەتی ئاوی لە هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی ئەو دابارینەیە کە لە سەر خاکەکەی دەبارێت و هەروەها ئەو ڕووبارانەی کە لە سنوورەکانی دەرەوە (واتە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان) دێتە ناوچەکەیەوە، سەرچاوەی دەرامەتی ئاوی هەرێم لە ڕووی چەندایەتی وچۆنایەتییەوە بایەخی زۆری هەیە چونکە ئاوەکەی بۆ هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤ دەست دەدات، هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو، بەڵام سوود وەرگرتن لەم سامانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدایە و بەشی زۆری دەرامەتی ئاوی بە فیڕۆ دەڕوات بێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆی لێوەربگیرێت، بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا [2].

مەبەست لە دەرامەتی ئاو هەموو جۆرەکانی ئاوە کە لە ناوچەکەدا هەیە بە چاوپۆشی لە سەرچاوەی پەیدابوونی یان دروستبوونی، وە دەرامەتی ئاو دەکرێتە سێ بەشەوە:

١- دابارین ٢- ئاوی سەر زەوی ٣- ئاوی ژێر زەوی

## ١- دابارین:

یەکێکە لەو هۆکارانە بۆ زیاد بوونی دەرامەتی ئاو لە ناوچەکە ئەمەش جیاوازە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، هەروەها جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ڕێژەی باران بارین لە گەرمیاندا ساڵانە دەگاتە نزیکەی ٣٠٠ ملم و ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، ئەم جۆرە دەرامەتە ئاوەش بۆ کشتوکاڵی پشتاو (دەیمی) پشتی پێدەبەسترێت بەتایبەت بۆ کشتوکاڵی دانەوێڵە لەبارە ئەمە جگە لەوەی دەبێتە مایەی سەوزبوونی بڕێکی باشی گژوگیای سروشتی بۆ لەوەڕگا[1] یەکێکە

١ – دکتۆر محمد رظا اصغری مقدم، دکتۆر ازیتا رجبی، وەرگێڕانی عیماد جلال حبیب الله، جوگرافیای سروشتی شار شارەکانی ناوچە ووشکەکان، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠١١

٢-هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی، ٢٠١٣. ل١٥٥

لـە ڕەگـەزە گرنگـەکانی ئـاو و هـەوا کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر ڕووپـۆشی ڕووەکی و کشـتوکاڵکردن لـە هـەر ناوچەیەکـدا، ئـەم ناوچەیـە تاڕادەیـەك گەرمـە بۆیـە دابارینـی بەفـر زۆر کەمـە یـان هـەر نابارێـت، بـەڵام بـاران تاکـە ڕەگەزێکـە کـە لـە ڕووی دەرامـەتی ئـاوی و کشتوکاڵکردنەوە پشـتی پێدەبەسـترێت[٢] بـاران باریـن بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە جـۆرەکانی دابارین ئـەو بارانـەی لـە کـەلار دەبارێـت سـەر بـە سیسـتەمی ئـاو و هـەوای دەریـای ناوەڕاسـتە، واتـە زیاتـر لـە زسـتان و بەهـار بـاران دەبارێـت و هاویـن وشـکە، کـەلار دەکەوێتە هەرێمـی نیمچە شـاخاوی و ڕێـژەی بـاران باریـن بـە نامسـۆگەر دادەنرێـت، بـاران باریـن لـە شـاری کـەلار سـاڵانە دەگاتـە (٣٣٧)ملـم، ئـەم بـڕە بارانـە ئەگەرچـی لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـر گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، بـەم پێیـە ئـەم ناوچەیـە دەکەوێتـە ناوچـەی بارانـی نامسـۆگەرەوە، چونکـە بـڕی بارانەکـەی بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی کشـتوکاڵی دەیمـی بەتـەواوی پشـتی پـێ ببەسـتێت[٣] بـاران باریـن لـە ناوچـەی کـەلار لـە ناوەڕاسـتی پایـز لـە تشرینـی دووەم دەسـت پێـدەکات تـا کۆتایـی بەهـار لـە مانگـی نیسـاندا، بـڕی بـاران باریـن جیـاوازە لـە مانگێـك بـۆ مانگێکـی تـر و لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـر، زۆرتریـن بـڕی بـاران باریـن لـە مانگـی کانوونی یەکـەم و کانـوونی دووەم و شـوباتدایە کـە دەگاتـە (٤٨,٦، ٦٨,٤، ٤٢,٢٥)ملـم، ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە زۆرتریـن بـڕی بـاران باریـن لـە وەرزی زسـتاندا دەگاتـە (١٥٩,٧) ملـم وەلـێ لـە مانگـەکانی (ئـازار و نیسـان و مایـس )دا کـە دەکەونـە وەرزی بەهـارەوە بـڕی بـاران باریـن دەگاتـە (٧٩,٣ ) ملـم، بـەڵام بـڕی بـاران دادەبەزێـت تـا دەگاتـە (سـفر) لـە مانگـەکانی وەرزی هاوینـدا، لـە هاویـن بـاران باریـن دەوەسـتێ و ئـاو و هـەوا جێگیردەبێـت، بەشـێوەی گـەرم و وشـك و بـەم شـێوەیە دەکەوێتـە ناوچـەی ئـاو و هـەوای دەریـای ناوەڕاسـت، ئـاو و هـەوای ئـەو ناوچەیـە ڕۆڵـی گرنگـی هەیـە لـە دیـاری کـردنی بـڕی بـاران باریـن لـە ناوچـەی کـەلار[٤] کـە تێکـڕای بـڕی بـاران باریـن لـەوەرزی پایـزدا دەگاتـە (٤١,٥) ملـم، وە ئـەم بـڕە دابەزینێـکی زۆری بەخـۆوە بینـی بەپێـی خشـتەکە لـە سـاڵی ( ٢٠٠٧- ٢٠٠٨) کـە گەیشـتە ( ١٠٦,٥ملـم) ی تۆمارکـراو، وە بەرزترینیـش لـە سـاڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢) کـە بەرزتریـن بـڕی بـاران بارینـی تۆمارکـرد، کـە گەیشـتە (٣٩٥,٥) ملـم، تێکـڕای بـارانی سـاڵانە لـە وێسـتگەی ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا لـە مـاوەی سـاڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٢) دەگاتـە (٢٧٦,٦) ملـم، بـەڵام ئـەو بـڕە بارانـە کـەم و

١- حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتی گواسـتنەوە و گەیانـدن، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کەشـناسی کوردسـتان، داتـای بڵاونەکـراوە، ٢٠١٣

٢- ئازاد نەقشبەندی، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤

٣- دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی

زیاد دەکات لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، ئەمەش بە دیاردەی ڕاڕای باران ناودەبرێت، زۆرترین بڕی باران لە ماوەی ڕوانیندا لە ساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢) بووە کە تێکڕای بارانی گەیشتۆتە (٣٩٥,٥) ملم، وە کەمترین بڕی باران لە ساڵی (٢٠١١-٢٠١٢) بووە کە (١٣٤,٧) ملم، لە نیوەی ئەو بڕەی پێشوو کەمترە، ئەمەش بەڵگەی ڕاڕایی باران بارینە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، دیاردەی ڕاڕایی باران بارین لەو وەرز و مانگەکانیشدا بە هەمان شێوە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی باران بارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا[١]

خشتەی ژمارە (٢٣)

تێکڕای بڕی باران بارین مانگانە و ساڵانە بە (ملم) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢)

| ماوە | ک١ | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ١١٦,٥ | ٥٦,٢ | ٤٠,٣ | ٦٤,٨ | ٥,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٩,٨ | ٣١٣,١ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٢ | ٩٩,٣ | ١٣٠ | ٣٠,٢ | ٥٦,٨ | ٦٤,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ١٢,٥ | ٣٩٥,٥ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٣ | ٩٤,٢ | ٦٣ | ٢٩,٩ | ٣٧ | ٣٢,٣٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٩,١ | ٣٠٥,٥٥ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠٤ | ٤٠,٩ | ١١٢,١٥ | ٤٢,٣ | ٤,٥ | ١٧,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١,٢ | ٤٨,٣ | ٢٧٤,٠٥ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٥ | ٤١,٨ | ٦٩,٢٢ | ٣٦,٩٥ | ١٠٢,٤ | ٢٨,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١,٥ | ٦٣,٧ | ٣٤٨,٠٧ |
| ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | ٤٢ | ٦٩ | ٩٩ | ١٧,٥ | ٦٢,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٨ | ٣٢١ |
| ٢٠٠٦-٢٠٠٧ | ٧ | ٨٥,٥ | ٦٧,٥ | ٦,٥ | ٦١,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٥,٥ | ١٦,٥ | ٢٧٢,٥ |
| ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ١٠ | ٦٤ | ٢٧,٥ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠٦,٥ |
| ٢٠٠٨-٢٠٠٩ | ٣ | ٢٢,٥ | ٢٤ | ٢٦,٣ | ٣٥,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٧٣,٥ | ٢٨ | ٢١٥ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٥٤,٨ | ٣٠,٦ | ٤٨,٦ | ٦١,٥ | ٣٦,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٥,٥ | ٦٦,٨ | ٣٨٥,٨ |
| ٢٠١٠-٢٠١١ | ٦٧,٨ | ٩٧,٢ | ٩,٧ | ٧,٦ | ٤١,٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١,٥ | ٣,٢ | ٢٤٥,٨ |
| ٢٠١١-٢٠١٢ | ٥,٤ | ٢١,٢ | ٥٣,٥ | ٢٧,٣ | ١١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣,٥ | ٧,٥ | ١٣٤,٧ |
| تێکڕای مانگانە | ٤٨,٦ | ٦٨,٤ | ٤٥,٥ | ٣٤,٦ | ٣٦,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢ | ٢٩,٥ | ٢٧٦,٤ |
| تێکڕای وەرزی | ١٥٩,٧ زستان | | | ٧٩,٣ بەهار | | | | | | ٤١,٥ پایز | | | |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هۆبەی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

١- عوسمان محەمەد عەلی، قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمیدا، نامەیەکە، بۆ بەدەستهێنانی پلەی ماستەر، بڵاونەکراوە، سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤

شێوەی ژمارە (٣)

تێکڕای بڕی باران بارین مانگانە و ساڵانە بە (ملم) لە وێستگەی کەشناسی شاری کەلار

لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢ – ٢٠١٢)




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٢٣)

**٢- ئاوی سەرزەوی:**

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە بوونی دەرامەتی ئاو، بڕی ئاوی سەرزەوی هەرێم لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر جیاوازە، ئەویش بەپێی بڕی باران و بەفری ساڵەکە، دەرامەتی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستاندا خۆی لە ڕووبار و دەریاچەکاندا دەبینێتەوە، دەرامەتی ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (٣، ٤٧) ملیار $م^{٣}$یە، ئەمەش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە بۆ نمونە لەساڵی (١٩٦٩) بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە، کە گەیشتۆتە (١٠٦ملیار)$م^{٣}$، بەڵام لە ساڵی (١٩٣٠) بەهۆی بێبارانییەوە نزمترین ئاستی تۆمارکردووە و دابەزیووە بۆ (١٩ملیار)$م^{٣}$ [١] مەبەست لە ئاوی سەرزەوی یان ئاوی ڕەوان، گشت ئەو ئاوانەی کە بە درێژایی ساڵ دەڕۆن، واتە ئاوی هەمیشەیی، هەروەها ئەوانەی دوای باران بارین و بەفر توانەوە بۆ ماوەیەك پەیدادەبن، واتا ئاوی وەرزی یان وەرزە ئاو[٢] هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەبوونی دەرامەتی ئاو، بڕی ئاوی سەرزەوی هەرێم لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دی جیاوازە، ئەویش بەپێی بڕی باران و بەفری ساڵەکە دەرامەتی ئاوی سەرزەوی لەهەرێمی کوردستاندا خۆی لە ڕووبارو دەریاچەکاندا دەبینێتەوە[٣] سەبارەت بە ئاوی سەرزەوی لە کەلار، ئەو ڕووبار و چەمانە دەگرێتەوە کە بەناوچەکەدا تێدەپەڕێ، کە هەندێکیان چەمی وەرزیە و لە کاتی باران بارینـدا پەیدا دەبێ و هەندێکی تریان بە بەردەوامی ئاوی هەیە وەکو ڕووباری سیروان کە سەرەکیترین ئاوی سەر زەوی ناوچەکەیە کە بە ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا تێ دەپەڕێت، ئاوی ڕووباری سیروان بۆ کشتوکاڵ و خواردنەوە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی خواردنەوە پرۆژەی کەلار لەساڵی (١٩٧٩) دەستکراوە بەدرووستکردنی و لە ساڵی (١٩٨١) تەواوبووە تەنها گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، شێروانە، سیروان) سوودیان لێبینیووە، پرۆژەی ئاوی (کـــەلار – ڕزگـــاری) پرۆژەیەکی نوێیە لە ساڵی (٢٠٠٦) بۆ یەکەمینجار دەستکراوە بەکارکردن تیایدا لە ساڵی (٢٠١٠) سوودی لێبینراوە ئاو دابەش دەکات بەسەر گەڕەکەکانی (سیروان، سەرکەوتن، شێروانە، بنگرد، شۆڕش، ڕاپەڕین، فەرمانبەران، شەهیدان...هتد)[٤]

---

١- فەریدون کاکەیی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ (٤)، ساڵی نۆیەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٧١.

٢- د.عەبدوڵڵا غەفور: هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

٣- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین: هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

٤- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠١٢/٤/٨

**أ- ڕووباری سیروان:**

ئـەم ڕووبـارە ڕۆژهەڵاتـی سـنووری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە پێـك دێنێـت، سـنووری جیاکەرەوەیـە لـە نێـوان شـاری کـەلار و ناوچـەکانی قـەزای خانەقـی، ئـەم ڕووبـارە لـە ئێـران هەڵدەقوڵێـت و لـە نزیـك گونـدی لاوەران لـە پارێـزگای سـلێمانی چیـاکانی هەورامـان و کوهـی شـوند دەبـڕێ و لـە دیـوی باشـووری ڕۆژهـەڵات دێتەنـاو خـاکی هەرێمـی باشـووری کوردسـتان، ئـەم ڕووبـارە لـە چەنـد ڕێڕەوێـکی سـەخت و تەنگەبـەر تێدەپەڕێـت پاشـان بـە شـێوەی پێچاوپێـچ دەڕوات بـۆ مـاوەی (٢٥) کـم سـنووری نێـوان هەرێـم و ئێـران پێـك دێنێـت تـا چەمـی زەمـکان دەڕژێنـە نـاوی، پاشـان ڕوو دەکاتـە باشـووری ڕۆژهـەڵات و هـەردوو چەمـی تانجـەرۆ و زەڵـم دەڕژێنـە نـاوی و دوای ئـەوەی بـۆ مـاوەی (٦) کـم دەڕوا دۆڵـی ڕووبارەکـە تەسـك دەبێتـەوە و هـەر لـەو شـوێنە بەنـداوی دەربەندیخـان درووسـت کـراوە[1]، دوای تێپەڕبـوونی دەگاتـە ناوچـەی کـەلار، ئـەم ئـاوە لەدەوروبـەری کـەلار شـیاوە بـۆ بەکارهێنـانی مـرۆڤ و پێداویسـتییە جۆراوجـۆرەکان جێبەجـێ دەکات، سـەیری وێنـەی ژمـارە (١٣) بکـە:

وێنەی (١٣)

ڕووباری سیروان ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار



سەرچاوە: کاری توێژەر، ٢٠١٣

ڕووبـەری حـەوزی ڕووبـاری سـیروان دەگاتـە (٣١٨٩٦کـم٢) کـە نزیکـەی (٣٦٦٠کـم٢)ی دەکەوێتـە عێراقـەوە، درێـژی ڕووبارەکـە (٣٨٤کـم) تێکڕای لـە بـەر ڕۆیشـتنی (١٧٠م٣/چرکـە و تێکـڕای داهـاتی سـاڵانەی (٣٦، ٥ ملیـار م٣)و بـە ڕێـژەی (١٣.٥٧ ٪) لـە ئـاوی ڕووبـاری دیجلـە پێکدەهێـن[1]، ڕووبـاری سـیروان لـە ناوچـەی کـەلار درێژییەکـەی نزیکـەی ٢٩ کـم دەبێـت، واتـە ٧،٥٪ درێـژی ڕووبارەکـە بـەر کـەلار دەکەوێـت، ئـەو ڕووبـار و چەمانەیـە کـە بـە ناوچەکـەدا تێدەپەڕێـت، دیارتریـن و سـەرەکیترین ئـەو ڕووبارانـەش ڕووبـاری (سـیروان) کـە بـۆ خواردنـەوە و گەشـتیاری سـوودی لـێ وەردەگیرێـت، جگـە لـە ڕووبـاری سـیروان چەنـد خڕێـك لـە باکـوورەوە بـەرەو ڕووبـاری سـیروان دەڕوات و دەڕژێنـە ناوییـەوە، بـەڵام تەنهـا لـە کاتـی دابارینـی ئـاوی پێـدا دەڕوات و دوای نامێنێـت لەوانـە (خـڕی بەردەسـوور، خـڕ سـەیدخەلیل، خـڕ قەرەچێـل، خڕکونـار، خڕحاجـی، خـڕە باریـك، خـڕە وشـك و پونگەڵـە، خڕەشـێت) بـۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوە بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە (١٢)

نەخشەی ژمارە (١٢)
پێچاوپێچ و کەوانەیی ڕێرەوی ڕووباری سیروان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە




سـەرچاوە: نخشـان محمـد روسـتم خـان البـالاني، جيمورفولوجيـة منطقـة كلار، رسالة ماجسـتر غير منشـورة، كليـة العلـوم الانسـانية، جامعـة السـليمانية، ٢٠١٠، ص ١٤٠

١- نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی ,گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(٢)،ساڵی نۆزدەهەم، ئابی ٢٠١١، ل٢٠٦

## ب- چەمەکان:

ناوچـەی کـەلار چەنـد چەمێکـی لێیـە، هەندێـك هەمیشـەییەو هەندێکـی لۆکاڵـەو ئـەو لۆکاڵانـە پشـت بـە بـاران و بڕی باران دەبەسـتێت و هەندێکی تریشـیان پشـت بە ئـاوی کانیاوەکان دەبەسـتن، بەتایبەتـی کانیـاوەکان تـا وەرزی وشـکی هاویـن ئـاوی دەبێـت دواتـر ئاوەکەی بەشـێوەیەکی گشـتی کەمدەبێتـەوە، چەمـەکان لـە سـەرەتایی پایزانـدا ئاویـان تێـدا دەڕوات، کاتێـك وردە بـاران دەبـارێ و لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی وەرزی بەهـاردا و دەسـت پێکردنـی وەرزی هاوینـدا ئەوانیـش کۆتاییـان دێـت و وشـك دەبـن، گرنگتریـن چەمـەکانی ناوچەکـەش ئەمانـەن: (خـرە شـێت، بەرلـووت، کانی چایلـە، پونگەلـە، سـەید خلیـل) ئـاوی ئـەم چەمانـە لـە کۆندا زیاتـر بەکاردەهێـنرا جیا لـەوەی بۆ خواردنـەوەی ئـاژەڵ، سـوودی لـێ دەبیـنرا بـۆ شـشتنی کەلوپـەل و ڕاخـەر و کەرەسـتەکانی ناومـاڵ و کەلوپـەلی نووسـتن و دەفـری نانخـواردن و تەنانـەت هەنـدێ جاریـش بـۆ خواردنـەوە و چا و چێشـت لێنانیـش دەیـان هێنـا و دایـان دەنـا تـا بنـی دەنایـەوە و دواجـار بـە کەتانێـك یـان پەڕۆییـەکی تەنـك ئـاوە لێڵەکەیـان دەپـاڵاوت پاشـان بەکاریـان دەهێنـا، لـە ئێستاشـدا لـە زۆر شـوێن ناعووریان لەسـەر هەڵکەنـدووە کـە بـۆ زۆر مەبەسـت بەکاردەهێنرێـت، یـان لـە هەنـدێ شـوێن لـە ڕێگـەی ماتـۆڕی (کارەبـا، گاز، بەنزین)ـەوە گەنـم و جـۆ ئـاو دەدەن یـان کشـتوکاڵی لەبەردەکـەن، بـۆ مەبەسـتی تریش دەست دەدات و پێداویستییە جۆراوجۆرەکان جێبەجێدەکات، سەیری نەخشەی ژمارە (١٤) بکە:

نەخشەی ژمارە (١٤)
چەمەکانی شاری کەلار




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: داتای ڕاداری ناوچەی ئیکۆلینەوە و بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS .10

## ناوی خڕ و چەمەکانی کەلار

### ١- خڕ پونگڵە (خڕە باریك):

ئـەم خـڕە دەکەوێتـە خـۆر ئـاوای کـەلاری کـۆن چەمێـکی وەرزییـە لـە کاتی بارانـدا زسـتان و بەهـار لافاوێـکی زۆری پێدا دەڕوات بـە نـاو دەشـتی کـەلاردا تێدەپەڕێـت هەتـا دەگاتـە خـڕی گردەگۆزینـە لـە ژێـر پردەکـەی گردەگۆزینـەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروان، سـەرچاوەکەی گونـدی کارێزەیـە، چەنـد خڕێـکی تـری تێدەڕژێـت بەتایبـەت خـڕەکانی ڕۆژئـاوا و باکـووری ڕۆژئـاوای کـەلار، ناوەکـەشی لـەوەوە هاتـووە لـە کاتی خۆیـدا وەرزی هاویـن ئـاوی هـەر ماوە پونگەڵەیـەکی زۆری تیـادا ڕواوە .

### ٢- خڕکونار یان خڕی پاشا:

ئـەم خـڕە بۆیـە بـەم نـاوەوە نـاو نـراوە لـە نزیکیـدا چەنـد دارکونارێـکی گـەورە هەیـە، کـە دەکەوێتـە نێـوان خـڕە پونگڵـە و خـڕە باریکـە، لـە ڕۆژئـاوای کـەلاری کـۆن سـەرچاوەکەی لـە دەشـتی کارێـزەوە دێـت، ئەمیـش وەرزییـە لـە کاتی بـارانی زۆردا لافـاوی پێـدا دێـت بـە نـاو دەشـتی کـەلاری کۆنـدا دەڕوات هەتـا دەگاتـە گردەگۆزینـە و بەهەمـان شـێوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە .

### ٣- خڕە باریك:

ئـەم خـڕە ناوەکـەی لـەوەوە هاتـووە، کـە بـەری تەسـك و قوڵـە دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو خـڕی کونـار و حاجـی یـەوە سـەرچاوەکەی گونـدی گۆبـان و قەرەچەمـە بـە نـاو دەشـتی سـەیل ماڵـدا تێدەپەڕێـت لـە نـاو خـڕی گردەگۆزینـە وە لـە ژێـر پردەکـەوە دەڕژێتـە ڕووباری سـیروانەوە.

### ٤- خڕی حاجی:

لـە کۆنـدا بـۆ یەکـەم جـار ماڵـی حاجـی ئەڵـماس لـە تەنیشـت ئـەم خـڕەدا خانـوو و کەپـر و پەرژینـی درووسـتکردووە بـۆ مـەڕ و مـاڵات لەمـەوە ناونـراوە خـڕ حاجـی، بـە تەنیشـت کـەلاری کۆنـدا تێدەپەڕێـت، لـە ئێسـتادا کـەلاری نـوێ کەوتۆتـە ئەمبـەر و ئەوبەریـەوە لەودیو پـردی خـڕی حاجـی چەندیـن دەزگای حکومـی وەك ئیـدارەی گـەرمیـان و بەڕێوەبەرایـەتی هاتوچـۆ و ڕێگاوبـان و ئـاوەدان کردنـەوە و گرتووخانە....هتـد کەوتۆتـە ئەوبەریـەوە بـە نـاو دەشـتی سـەیل ماڵدا تێدەپەڕێـت لـە کۆتایدا دەبێتـە دوو پەلـەوە، پەلێکیـان دەڕژێتـە خـڕی گردەگۆزینـەوە و ئـەو پەلەکـەی تـری دەڕژێتـە چەمـی بنگـرد لـە ژێـر پردەکـەی قـەڵای

شێروانەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە، تاوەکـو ئێسـتا هـەر سـاڵێك بـارانی زۆر بوایـە لافاوی خـڕی حاجـی چەندیـن زیـانی لـە کـەلاری کـۆن و گـەڕەکی شـۆڕش و بنگـرد دەدا.

**٥- خڕە وشك:**

ئەمـە بـە ناوەکەیـەوە دیـارە وشـکە و بـەرد و چـەوی زۆرە و بـەری فراوانـە و ئـاوی زۆری تیادا نامێنێتـەوە سـەرچاوەکەی لـە گۆبـان و قەرەچەمـەوە دێـت بـە نـاو دەشـتی سـەید خەلیـل و کـەلاری کۆنـدا دەڕوات و لـە خـڕی گردەگۆزینـەوە دەچێتـە ڕووبـاری سـیروان.

**٦- خڕی سەید خلیل:**

ناوەکـەی لـەوەوە هاتـووە لـە گونـدی سـەید خەلیلـەوە دەکەوێتـە باکـووری کـەلارەوە لـە نێـوان بەردەسـوور و کـەلارەوە، ئاوێـکی زۆری پیـادا دەڕوات بـەرەو ئاراسـتەی خۆرهـەڵات لـە ژێـر پردەکـەی عەلەومحـەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە.

**٧- خڕی بەردەسوور:**

لـە هـەردوو هەڵەتـەکانی سـەرووی بەردەسـوورەوە لـە ئاوڕێـژی گونـدی قاسـم ئاغـاوە کـە کەوتۆتـە باکـووری کـەلارەوە دەشـتێکە هاوسـنووری بەردەسـوورە و بـە دوو ئاوەکـە نـاوزەد دەکرێـت لێـرەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە.

**٨- ناوتاق:**

تەختاییەکـە دەکەوێتـە نێـوان (جەوەڵـە گـەورە و جەوەڵـە بچووك)ــەوە، لـە ڕۆژئـاوای شـارەدێی گردەگۆزینـە لـە خڕەشـێتەوە دەسـتپێدەکات تـا دەگاتـە کۆتایـی جەوەڵـی بچـووك لـە ڕۆژئـاوای گونـدی گێـژەکان.

**٩- خڕی ساڵەح جۆڵا:**

چـەم و خڕێکـی بچووکـە، لـە خـوار گونـدی (دێبنـە)وە هەڵکەوتـووە لـە بەهـار و زسـتاندا ئـاوی بارانـی ئـەو شـیوو هەڵەتـە لـە بەرامبـەر گونـدی (گێـژەکان)ەوە دەگاتـە سـیروانەوە.

**١٠- کونا کەمتیارەکە:**

کارێزێکـی ئـاوە لـە سـەر ئـاوی (سـیروان) لـە نـاو گردەگۆزینـەوە لێدراوە، ئـاوی بۆ سـنووری (برایـم سـەمین و زەندئابـاد) پیابـراوە، (عەزیـز کەریـم، ڕیـش سـپییەکی گردەگۆزینـە بـووە، لـە حەفتاکانـدا کۆچـی دوایـی کـردووە دەگەڕێتـەوە کـە (حەمەزەفـە) پیاوێکـی کەڵەگـەت بـووە، بـەم کارێـزەدا ماوەیـەك چـووە، پیاوێکـی باڵابەرزبـووە[1]

١-چاوپێکەوتن:- مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر، ٢ / ٩/ ٢٠١٣

**٣- ئاوی ژێر زەوی:**

ئـەو ئاوەیـە کـە لـە ژێرزەوییـدا پەنگـی خواردۆتـەوە و سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ کارلێکە گڕکانییـەکان و توانـەوەی مـاددەکانی نـاو جەرگـەی زەمیـن، ئـەو ئـاوەی لـە ڕێگـەی بـاران و توانـەوەی بەفـرەوە بـە هـۆی کونیلـەی بەردەکانـەوە دادەچۆڕێتـە نـاو زەوییـەوە، ئـاوی ژێـرزەوی سـەرچاوەیەکی گرنگـی داهـاتی ئـاو پێکدێنـێ بەتایبـەتی بـۆ جێـگا کـەم ئـاوەکان، ئـەو ئـاوە لەبـەر ئـەوەی لـە چینـە نزیکـەکانی زەوی دا کۆدەبێتـەوە، دەکـرێ بەهـۆی هەڵکەنـدنی ئامێـری بیـرەوە بـۆ مەبەسـتی جیاجیـا سـوودی لـێ وەربگیـرێ، ئـەوەش کـە لـە قوڵایـی زەوییدایـە دەکـرێ بـە هـۆی تەکنەلۆژیـای مۆدێـرن دەربهێـنرێ، ئـاوی ژێـرزەوی یەکێکـە لـە سـەرچاوە گرنگـەکانی ئـاوی ڕووبـار و دەریاچـەکان پێکدێنـێ[١] بەفـر و بـاران کـە دوو سـەرچاوەی ئـاوی ژێـرزەوی پێکدێنـن دوو لەسـەر سـێی دەبێتـە هەڵـم و بەرزدەبێتـەوە بـۆ ئاسـمان، بەشـەکەی دیکـەشی هەندێـکی لـە سـەرزەوی دەڕوات و لـە دواییـدا لـە ڕێگـەی ڕووبارەکانـەوە دەڕژێتـە نێـو دەریاکانـەوە، هەندێـکی دیکـەشی زەوی هەڵیـان دەمژێ و ئـاوی ژێـرزەوی پێکدێنـن، لـە دوایشـدا لـە شـێوەی کانی و سـەرچاوە دا لـە بنـاری چیاکانـەوە یـان دەشـتەکانەوە جارێـکی دیکـە دەگەڕێتـەوە سـەرزەوی، یاخـود بـە شـێوەیەکی میکانیـکی واتـە بـە لێدانی ناعـوور و بیـر ئاوەکـە دەردەهێنرێـت[٢] بـوونی ئـاوی ژێـرزەوی بایەخێـکی گـەورەی هەیـە لـە پڕکردنـەوەی پێداویسـتی ئاویـی بۆ دانیشـتوان، بـە تایبـەت لـەو ناوچانەی کـە ڕادەی دابارینـ لـە ئاسـتی پێویسـتدا نییـە، لـە وەرزەکانی وشـکە ساڵیدا دەتوانرێـت تاڕادەییـەکی باش سـوود لـە ئـاوی ژێـرزەوی وەربگیرێـت[٣] سـەبارەت بـە ڕوخسـارەکانی جوڵـەی ئـاوی ژێـرزەوی لـە ناوچـەی کـەلار دەرکەوتـووە، کـە لێژایـی گشـتی ئاسـتی ئـاوی ژێـرزەوی لـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتەوەیـە بـەرەو باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوا، جوڵـەی ئـاوی ژێرزەویـش لـە ناوچـەکانی باشووریشـەوە لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو باشـووری ڕۆژئاواییـەوە و لـە ناوچـەکانی ڕۆژهەڵاتـدا لـە باکـووری ڕۆژئـاوا و باشـووری ڕۆژهەڵاتەوەیـە[٤] هەیـە لـە ڕێگـەی بیـری ئاساییەوە بێـت، یـان لـە ڕێگـەی بیـری ئێرتیوازییـەوە بێـت سـوود لـە ئـاوی ژێـر زەوی وەرگیـراوە لـەم دەڤـەرەدا بـۆ مەبەسـتی کشـتوکاڵ و خواردنـەوە و پیشەسـازی ژمـارەی ئـەو بیـرە ئێرتیوازیانـەی کـە بـە مەبەسـتی ئـاوی خواردنـەوە لێـدراون، لـە نـاو شـاردا دەگاتـە

١- الدكتور وفيق حسين الخشاب، احمد سعيد حديد و الاخرون، الموارد المائية في العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد١٩٣٨، ص٢٢

٢- د.عەبدوڵڵاغەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٩١

٣- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧

٤- نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢

(٧٠) بیر کە قوڵییان لە نێوان (٣٠-١٣٠) مەتردا دەبێت، کۆنترین بیر لە کەلاری کۆنە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٣) کە قوڵییەکەی (٧٥) مەترە، بەڵام ژمارەی ئەو بیرانەی کە بە مەبەستی کشتوکاڵ لێدراون نزیکەی ٢٦٥ بیر دەبن کە قووڵییان لە نێوان (٥٠ – ١٠٠) مەتر دەبێت، ئاوی ژێرزەوی جا بۆ مەبەستی خواردنەوە بێت یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی ...هتد لە بڕ و چەشنی ئاوی ژێرزەوی جیاوازییەکی دیار هەیە هەریەکە بە سەر دوو ناوچەدا دابەش دەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی لێکۆڵینەوەوە هەیە ناوچەی (دووەم)ـەکەوتۆتە باشووری ناوچەی (یەکەم)ـەوە، ناوچەی گرد و گردۆڵەکەکان دەگرێتەوە، بەدرێژایی باکووری ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا، ئیدی لە ڕۆژئاواوە لە (شەنگال) دەستپێدەکات و بە (هەولێر و کەرکوك)دا ڕەتدەبێ و لە ڕۆژهەڵاتدا لە خانەقی کۆتایی دێ، ئەو بەردەی لەم ناوچەیەدا بڵاوە (چەو و کلس و لمە) بڕێکی باش ئاوی ژێر زەوی پاشەکەوت دەکەن، ئەگەرچی جۆری ئەو ئاوە جۆرێکی باشە بەڵام بڕەکەی کەمترە لەچاو ئاوی ناوچەی یەکەم کەم سازگارترە [١].

## أ- کانیاو:

بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر ڕووی زەوی دەردەکەوێت، بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی مرۆڤ، هەلومەرجی جیۆلۆجی و جیمۆرفۆلۆجی، خۆی لە سروشتی پێکهاتەی کەڤەرەکان و بوونی چینی کەڤەری بێ کوون دەبینێتەوە، وێڕای بوونی قڵیش و کوون و لێکترازان وشکانەوە (الفوالق الانكسارية) ڕێگا بە بەرزبوونەوە و دەرچوونی ئاوی ژێرزەوی دەدەن، کەمی و زۆریی ڕادەی دابارین لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر، کاریگەریی زۆری لەسەر کەمی و زۆری بڕی ئاوی ئەم کانیاوانە هەیە، ئاوی کانیاو ئاوێکە لەو کوون و کەلەبەر و قڵیشانەی بەرد دزە دەکا و لە ژێر زەوییەوە دێتە سەرزەوی، ئەویش بەشێوەیەکی سروشتیی و خۆڕسك بەبێ ئەوەی ئەم مەسەلەیە مرۆڤ دەستی تێدا هەبێ، ئاوی ژێر زەوی ناوچەی کەلار جێگیر نییە و بڕەکەی لە گۆڕاندایە، بڕی ئەم ئاوە لە وەرزی باران بارین و لە ساڵە شێدارەکاندا زۆرتر دەبێ و لە کاتی وشکانیدا دەبێتە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی بۆ دانیشتوانی گوندەکان لەوانە گوندەکانی (سەرناوە، زەردی حەمەی مەحمود، زەڕین، زەردی حەمە، دوومیلانی سەروو،

١- د.جەزا تۆفیق تاڵب، داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(٣)، ساڵی چواردەهەم، تشرینی دووەمی، ٢٠٠٦، ل١٩.

حاجـی حسـێن، گەرمـك حاجـی علـی ... هتـد) ئەویـش لـە ئاکامـی وشـکانی و کەمـی ئـاوی چەمـە وەرزییـەکان ئـەم ئـاوە بـە سـەرچاوەیەك بـۆ گەشـەپێدانی ئـاوی هەنـدێ لـە چەمـەکان دادەنرێـت، وەك کانـی چایلـە و چەمـی سـەراو و گۆبـان و چەمـی سـەیدخلیل و کانـی گردەگۆزینـە لەگـەڵ کانـی لـە خـواروی قـەڵای شـێروانە [١].

**ب- بـیـر:**

بـە کۆنتریـن ڕێـگای دەرهێنـانی ئـاوی ژێـرزەوی دادەنرێـت، مـرۆڤ لـە ڕێـگای هەڵکەنـدنی زەوییـەوە ئـاوی دەسـتکەتووە پێداویسـتییەکانی خـۆی لـێ دابینکـردووە، واتـا بـۆ دابینکـردنی پێویسـتییە هەمەجـۆرەکانی دانیشـتوان لێـدەدرێ، لـە ڕێگـەی هۆییـەکانی بەرزکردنـەوەی ئـاوی یـان هەڵکشـان لـە ڕێگـەی پەسـتانی هایدرۆلیـکی یـان ڕێگـەی هێـزی گازەکـە ئـاوی ژێـرزەوی بـۆ دەرەوە پاڵـدەدات، ئـاو لـە بیـرەکان هەڵدەکێشرێـت[٢]، بیـر برتییـە لـە هەڵکەندنـی چاڵێك لـە زەویـدا کـە لـە مەترێـك کەمـتر نییـە لەسـەر زەوییـەوە دەسـت پێـدەکات تاوەکـو دەگاتـە ئاسـتی ژێـر زەوی ئـەو بیـرە ئیرتیوازیانـەی کـە بـە قوڵـی هەڵکەنـدراون، هەمیشـەیی دەبـێ و دەگاتـە ئاسـتی ئـاوی ژێـر زەوی دەشـێ ئەمـە لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر جیاوازبـێ هەنـدێ جـار بیـر تـا (٣٠) مەتـر لـێ دەدرێ تـا دەگاتـە ئاسـتی داواکـراو و هەنـدێ جاریـش تـا زیاتـر لـە (١٣٠) مەتـر لێـدەدرێ، ژمـارەی بیـرە ئیرتیوازییـە قوڵـە هەڵکەندراوەکانـی ناوچـەی کـەلار خـۆی لـە (٧٠) بیـر دەدا کـە بەسـەر گەڕەکەکانـدا دابەشـبوون، بـەڵام زۆربـەی بیـرەکان کەوتونەتـە هـەردوو زەوییـەکانی کـەرتی (١٠٢) بنگـرد و گردەگۆزینـە لـەوێ ژمارەیـان دەگاتـە (٣٣) بیـری قـوڵ، ئەویـش لەبـەر پشتبەسـتنی جووتیـارەکان بـە ئـاوی بیـرەکان بـۆ ئاودێـری سـەرباری بەکارهێنانیـان لـەڕووی پیشەسـازییەوە، لەلایـەن کارگەکانـەوە درووسـتکراون لەناوچەکـەدا[٣].

١- ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

٢- کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای سروشتی، چاپخانەی نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٤، ل٢٠٨-٢١٠

٣- نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩-٢١٠

# بەشی سێیەم

گەشەکردنی دانیشتوانی شاری کەلار

- زیادبوونی دانیشتوان
- قۆناغەکانی گەشەکردن:

- قۆناغی یەکەم ١٩٧٧ – ١٩٨٧
- قۆناغی دووەم ١٩٨٧ – ٢٠٠٢
- قۆناغی سێیەم ٢٠٠٢ - ٢٠١٢

- گەشەی سروشتی دانیشتوان

أ- لە دایکبوون

ب- مـــردن

- گەشەی ناسروشتی
- ئایندەی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار

## زیادبوونی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە بواری لێکۆڵینەوەی دانیشتواندا، هەر وڵاتێك یان هەرێمێك یان شارێك، چونکە زیادبوونی دانیشتوان هۆکارێکی سەرەکییە و ئاماژەیە بۆ گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش یارمەتیمان دەدات لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دانیشتواندا دێت لەئێستا و دواڕۆژدا، پێشبینییەکان لە بواری گۆڕانکاری و لە ژمارە و دابەشبوونی جوگرافی و چڕی پێکهاتنەکانی دەخاتەڕوو بۆ ئاگاداربوون لە گەشەی دانیشتوان، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرژمێریانەی لە ساڵانی ڕابردووی عێراقدا ئەنجامدراون [1] دانیشتوانی ئەمڕۆی جیهان بە قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێت، ئەمەش خۆی لە خێرایی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەلایەك و درووستبوونی ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرا لەسەر چەندین لە گۆڕانکارییە دیموگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەلایەکی ترەوە دەنوێنێت [2] گرنگی لێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان ئەوانەی کە پەیوەندییان بە جوگرافیای دانیشتوانەوە هەیە تا دێ زیاتر دەبێت، لەگەڵ دەرکەوتنی قەیرانی تەقینەوەی دانیشتوان لە کۆتایی سەدەی بیستدا، ئەم گرنگییەش بە ڕوونی دیارە لەگەڵ زیادبوونی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی دانیشتوان پاش ئاڵۆزبوونی گرفتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی هاوچەرخ، کە پەیوەندیی پتەویان بە زیادبوونی دانیشتوان و نەخشەی دابەشبوونی دانیشتوانەوە هەیە، هەروەها دابەشبوونی جێگە و چڕی دانیشتوان لەشارەکاندا لە پاش زیادبوونی بووە هۆی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، هەروەك زۆرێك لە بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی دانیشتوان زیادبێت لە پەیمانگا زانستی و زانکۆکاندا، ئەویش بەهۆی زۆری پێویستی بە چارەسەری کێشە مرۆییە کەڵەکەبووەکان، هەر بۆیە تا ئێستا پێنج کۆنگرەی جیهانی گرێدراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەو لێکۆڵینەوەی بارودۆخی دانیشتوان [3] بێگومان دابەشبوونی دانیشتوان لە کیشوەرێك بۆ کیشوەرێکی تر یان شارێك بۆ شارێکی تر جیاوازی خۆی هەیە، لەم بەشەدا بە سێ قۆناغ زیادبوون و

---

١- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١

٢- خليل اسماعيل محمد، السكان و المسألة السكانية في كردستان العراق، جامعة صلاح الدين اربيل ٢٠١٢، ص٣

٣- عدنان السيد حسين، جیۆگرافیای ( ئابووری - دانیشتوان )ی جیهانی هاوچەرخ وەرگێڕان و پوختە کردن فەرمان عبدالرحمان – محمد فاتح، سلێمانی کۆمپیوتەر و ئۆفێستی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠١٢، ل١١١

گەشـەکردن و هـۆکارەکانی زیادبـوونی دانیشـتوانی شـارەکە شـیکاری و شرۆڤـەی بـۆ کـراوە، جیـا لـە ئامـار و داتـاکان تێکـڕا درك بـە زیادبوونـی دانیشـتوانی ناوەنـدی شـارەکە دەکرێـت، گەشـەکردنەکەش ڕوون و ئاشـکرایە و جیـا لـە داتـا و ئامارەکان گـۆڕانی گـەورە لـە زۆر ڕووەوە بـوونی هەیـە، دانیشـتوانی کـەلار لـە نێـوان سـاڵانی(١٩٧٠-٢٠١٢) بەپێـی ئـەو ئامارانـەی بەرەسـمی کـراون، هەرچەنـدە تێبینی زۆرە لەسـەر سـەرژمێرییەکان بـە فەرمـی و نافەرمییەوە، پـاش ئـەوەی فەرمانـی کـردنی بـە قـەزا درا لەلایـەن حکومەتـی مەرکـەزی عێراقـەوە، ئیـدی لـەو چرکەسـاتەوە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ دانیشـتوانەکەی بـەردەوام کێرڤـی لـە هەڵکشـاندایە، زیادکردنەکەشـی بەشـێوەی ناسروشـتی بـووە، ئەویـش بەهـۆی ئـەو هەلومەرجـە نائـارام و ناجێگیـرەی لـە ناوچەکـەدا بـوونی هەیـە، بـە تایبـەت دۆخـی سیاسـی، کـە حکومەتـی ناوەنـد بـە دڕندانەتریـن شـێوە مامەڵـەی لەگـەڵ گەلـی کـورد داکـردووە، لـە هەندێـك شـوێندا هاتووە ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٠)دا (١٣٢٤) کـەس بـووە، ئـەم ژمـارە لـە زۆر شـوێن و سـەرچاوەدا هاتـووە، هەرچەنـدە لـەو سـاڵەدا هیـچ سـەرژمێرییەك ئەنجام نـەدراوە، بۆیـە ئـەم ئامـارە جێـی گومانـە گـەر سـەیری ئامـاری سـاڵی (١٩٥٧) بکەیـن تەنهـا گەڕەکـی کـەلاری کـۆن دانیشـتوانەکەی (١٠٨٦) کـەس بـووە، بنگردیـش (١٥١) کـەس بـووە، جگـە لـە شـێروانە و عەلەومحـە کـە ئـاوەدان بـوون کـۆی هەردووکیـان دەکاتـە (١٢٣٧) کـەس[1] ئیـدی بـە چ مانایـەك و کام پێـوەر دوای (٢٠) سـاڵ تـە نهـا (٨٧) کـەس زیـادی کـردوە، لـە کاتێکـدا هیـچ کارەسـاتێکی سروشـتی نەبـووە، کۆچکردنیـش بـەرەو ئاراسـتەی کەلار پۆزەتیـڤ بـووە، هەربۆیـە بەپێـی سـەرژمێری فەرمـی سـاڵی (١٩٧٧)دانیشـتوانی شـاری کـەلار گەیشـتۆتە (٩٢٧٤) کـەس، کـە ڕێـژەی زیادبوونـی گەیشـتە (٥،٣٢ ٪)، ئەمـەش ڕێژەیەکـی بـەرزە هۆکارەکـەی ئەوەیـە دۆخـی ئاسـایشی ناوچەکـە نالەبـار بـووە، کـە دەسـەڵات دژی کـورد و ناوچەکـە زوڵـم و سـتەمی ئەنجامـداوە، هـۆکاری سـەرەکی کـۆچ پێکـردن و ڕاگواسـتنی زۆرە ملێیـە بـەرەو ئاراسـتەی کـەلار، هەربۆیـە لەپۆلێنکردنـدا لـە قەزاکانـی سـنووری پارێـزگای سـلێمانی لـە ڕیزبەنـدی شەشـەمدا دێـت، تادەهـات ڕووبـەری شـار فراوانـتر دەبـوو، ژمـارەی دانیشـتوانیش زیاتـر دەبـوو، لـە ئامـاری سـاڵی (١٩٨٧) دا ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی قـەزای کـەلار گەیشـتۆتە (٨٢٠٠٤) کـەس، کـە سـێ هێنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی سـاڵی (١٩٧٧) زیـادی کـردووە و ڕێـژەی زیادبوونـی سـاڵانەی گەیشـتووەتە (٢١،١٣) دانیشـتوانی شـاری کـەلار بـۆ ڕێـژەی (٧٠،٨٪) بەرزبووەتـەوە، سـەرجەم دانیشـتوانی ناوەنـدی قەزاکـە پێکدەهێنێـت، گەر

١- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام ١٩٥٧، لواء السليمانية و كركوك، المطبعـ العاني، بغداد ص١٢١

سـەرنجی خشـتەی ژمـارە (٢٤) بدەیـن بـە ڕوونی بۆمـان دەردەکەوێـت، ناوەنـدی قەزاکـە کـە شارنشـینن (٩٢٧٤) کەسـە و لادێنشـینەکانیش (١٥٥٥٠) کەسـن، سـەرجەم دانیشـتوانی ناوەندی قـەزای کـەلار دەکاتـە (٢٤٨٢٤) کـەس، بـەڵام بـە هـەردوو ناحیـەی پێبـاز و تیلەکـۆ هەریەکـە یـەك لـە دوای یـەك (١١٧٤٣)سـەرجەم دانیشـتوانی پێبـاز بەلادێکانـەوە، هەروەهـا ناحیـەی تیلەکـۆش کـۆی دانیشـتوانی دەکاتـە (٧٤٩٠) تەنهـا گوندنشـینانە، کەواتـە کـۆی دانیشـتوانی قـەزای کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا لـە ڕووی ژینگەییـەوە دانیشـتوانی کـۆی شارنشـین دەکاتـە (١٠٦٥٣) هەروەهـا کـۆی لادێنشـین دەکاتـە (٣٣٤٠٤) کـەس، کـە سـەرجەم دانیشـتوانی قەزاکە (٤٤٠٥٧) کەسـە، بـەڵام لـە هەمـان خشـتەدا یەکـە کارگێڕییـەکانی سـاڵی (١٩٨٧) دا هاتـووە، ژمـارەی خێـزان (١٠٦٤٦) سـەر خێزانـە، شارنشـین لـە ناوەنـدی قەزاکـە دەکاتـە (٦٣١٠٢) کەسـە، هەروەهـا لادێنشـینیش (١٨٩٠٢) کەسـە، کەواتـە ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی کـەلار (٨٢٠٠٤) کەسـە[1]، هەروەهـا سـەرجەم دانیشـتوانی قـەزای کـەلار دەکاتـە (٨٩١١٣) کـەس، ناوەنـدی قـەزا لەوماوەیـەدا زیادکـردنی ڕەهـای دانیشـتوانەکەی گەیشـتۆتە (٣٧٩٤٧) کـەس، کە ئەمـەش گەشـەکردنێکی زۆربـەرزە، هـاوکات ناحیـەی پێبـاز ژمـارەی دانیشـتوان کەمـی کـردووە لـەو دە سـاڵەدا گـەر بـەراورد بکەیـن (٤٦٣٤) کـەس دابەزیـووە، گـەر بچینـە سـەر ناحیـەی تیلەکـۆ لـە سـاڵی (١٩٨٧)دا بۆتـە وێرانـەو بەیەکجـاری چـۆڵ بـووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕووخانـدنی لادێـکان لـەو سـاڵەدا، هەرچەنـدە ناحیـەی پێبـاز زۆربـەی لادێـکانی ڕووخـاوە، گـەر سـەیری خشـتەکە بکەیـن، کەواتـە جیـاوازی لـەو دە سـاڵە ڕێـژەی دانیشـتوانی لادێنشـین دابەزیـووە بـۆ (٤٠٨٣) کـە جیـاوازی دەکاتـە (٦٢٨١) کـەس، کەواتـە سـەرجەم دانیشـتوانی قـەزای کـەلار دەکاتـە (٨٩١١٣) کـەس و سـەرجەم سـەرۆك خێزانیـش (١٤٩٣٨) کـەس بـووە، سـەیری خانـووەکان بکەیـن (٧٥٧) خانـووە و ژمـارەی سـەرجەم خێزانیـش (١٠٥٩١)خێزانـە[2]، گـەر بەراوردێك بکەیـن لەنێـوان ئەو دە سـاڵەدا، خانـووەکانی سـاڵی (١٩٧٧) ژمارەیـان (١٠٨٥) خانـووە ژمـارەی خێزانیـش (١٤٥٧) خێزانـە، وەلـێ لـەو دە سـاڵەدا، جیـاوازی ژمـارەی خانـوو دەکاتـە (٦٤٨٦) خانـوو، جیـاوازی خێزانیـش (٩١٣٤)خێزانـە، کەواتـە ئەمـەش ڕێژەیـەکی بـەرزە لـە چـاو سـاڵانی تـردا، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٢٤) بکـە:

١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية.

٢- د.سـەلاحەددین حەفیـد، ئابـووری کوردسـتان، ١٩٧٧-١٩٩٠، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٢

خشتەی ژمارە (٢٤)

ژمارەی دانیشتوان و خێزان لە قەزای کەلار بەپێی یەکە کارگێڕییەکان (١٩٧٧-١٩٨٧)

| ناوی یەکە | ژینگە | ژمارەی دانیشتوان | | ژمارەی خێزان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ |
| ناوەندی قەزای کەلار | شار | ٩٢٧٤ | ٦٣١٠٢ | ١٤٥٧ | ١٠٦٤٦ |
| | لادێ | ١٥٥٥٠ | ١٨٩٠٢ | ١٧٩٦ | ٣٠٩٩ |
| | سەرجەم | ٢٤٨٢٤ | ٨٢٠٠٤ | ٣٢٥٣ | ١٣٧٤٥ |
| پێباز | شار | ١٣٧٩ | ٣٠٢٦ | ٢٤٢ | ٤٨٧ |
| | لادێ | ١٠٣٦٤ | ٤٠٨٣ | ٢٠٢٢ | ٧٠٦ |
| | سەرجەم | ١١٧٤٣ | ٧١٠٩ | ٢٢٦٤ | ١١٩٣ |
| تیلەکۆ | شار | - | *** | - | - |
| | لادێ | ٧٤٩٠ | *** | ١٤١٦ | - |
| | سەرجەم | ٧٤٩٠ | *** | ١٤١٦ | - |
| کۆی قەزای کەلار | شار | ١٠٦٥٣ | ٦٦١٢٨ | ١٦٩٩ | ١١١٣٣ |
| | لادێ | ٣٣٤٠٤ | ٢٢٩٨٥ | ٥٢٣٤ | ٣٨٠٥ |
| | سەرجەم | ٤٤٠٥٧ | ٨٩١١٣ | ٦٩٣٣ | ١٤٩٣٨ |

سەرچاوە: د.سەلاحەددین حەفید، ئابووریی کوردستان، ١٩٧٧-١٩٩٠، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٢

هەرچەندە وەك لە خشتەکەدا هاتووە قەزای کەلار وەرگیراوە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ناوەندی قەزای کەلار ئەمەش تەنها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیە، کە ناحیەی تیلەکۆ و گوندەکانی تێکرا ڕووخێنران و لەگەڵ گوندەکانی شارەدێی (ناحیە) پێباز و گوندەکانی سەر بە ناوەندی کەلار کە لە کۆی (١٧٧) گوند، تەنها (١٧) گوند مایەوە واتە (١٦٠) گوند ڕوخێنران، ئەدی ئەمانە لە کوێ نیشتەجێبوون..؟ بە دڵنیاییەوە بەشی هەرە زۆریان هاتوونەتە شاری کەلار، کە پێشتریش زۆرێك لە گوندنشینان دوو بنەبوون بنەیەکیان لەشار هەبووە، بەهۆی خراپی ڕەوشی ئەمنی و تۆپ باران و کۆپتەرو هێرشی

سـوپا بـۆ سـەر پێشـمەرگە و گونـدەکان و فشـار و ئابلۆقـەی ئابوورییـەوە، ئایا ئەمـە هۆکارێکی سـەرەکی گەشـەکردن و زیادبـوونی دانیشـتوانی کـەلار نییـە..؟ هـەر بۆیـە تیشـك خراوەتـە سـەر قـەزا، بـۆ ئـەوەی نەبێتـە هـۆی درووسـتکردنی سـەرنج و پرسـیار، هـەر ئـەم هۆکارانـەش یارمەتیـدەر بـووە، کـە کـەلار سـەرکەوت بـۆ دووەم شـار لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە لـە دوای پارێـزگای سـلێمانییەوە دەهـات، یەکـەم قـەزا لـە سـەر ئاسـتی پارێـزگا، ئاشـکرایە ئـەم زیادبوونـە حاڵەتێکـی ناسروشـتییە هۆکارەکانـی بـەم شـێوەیە ڕوون دەکەینـەوە:

١- ڕاگوێزانـی دانیشـتوانی دێهاتـەکان و ناحیـەکانی قـەزای خانەقیـن و شـێخ بـاوە و زەندئابـاد ...هتـد، لـە سـاڵی (١٩٧٥)ــەوە ئـاوارە و پەرتـەوازەی ناوچەکانـی کوردسـتان و ناوەڕاسـتی عێـراق بـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حکومـەتی ناوەنـدی، چـوار ئۆردوگای زۆرە ملێی درووسـتکرد، کـە ئەمانەبـوون (بەردەسـوور، گازینـۆ، حەمـەی کەریـم، پێنـج سـەد ماڵەکـە) کـە ئێسـتا چـوار گەڕەکـی گـەورەن لـە کـەلاردا، ناوەکانیـان گـۆڕاوە و گەورەبـوون و بەدەگمـەن نەبێـت خانووە کۆنـەکان نەمـاون.

٢- هەلومەرجـی نائاسـایی کـەلار و دێهاتەکانـی دەوروبـەری لە سـەردەمی شـۆڕشـی کوردسـتان و هەروەهـا شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی کۆچکردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە دانیشـتوانی دێهاتـەکان بـەرەو شـاری کـەلار .

٣- گەڕانـەوەی ئەوانـەی بـە هـۆی شـۆڕشی ئەیلولـەوە لـە ناوچـە ڕزگارکـراوەکان بـوون، یـان ئەوانـەی بەهـۆی شۆڕشـەوە ئـاوارەی ئێـران و خـوارووی عێـراق بووبـوون .

٤- کۆچـی بەردەوامـی دانیشـتوانی گونـدەکان بەهـۆی جیـاوازی خزمەتگوزارییـەوە، جگـە لـە نائارامـی وتۆپبـاران و زەبروزەنـگ و ئابلۆقـەی جـۆراو جـۆر و فشـاری حکومـەتی ناوەنـد .

٥- ڕووخاندنـی گوندەکانـی هـەردوو قـەزای کـەلار و کفـری سـاڵانی هەشـتاکان و ڕاگواسـتنی دانیشـتوانەکەی و نیشـتەجێبوونیان لـە شـاری کـەلاردا.

٦- داپڵۆسـین و تـرس و تۆقانـدن و ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ (ترحيـل، تعريـب، تبعيـث) بەرامبـەر نەتـەوەی کـورد لـە ناوچـەکانی دەرەوەی ئۆتۆنۆمـی، کەواتـە بەپێـی ئـەو خاڵانـەی لـە سـەرەوە خرانـە ڕوو، خاڵـی سـەرەکی زیادبـوونی دانیشـتوانی کـەلار زیادبـوونی ناسروشـتییە و کۆچکـردنی دانیشـتوانی قـەزا و ناحیـە و گونـدەکانی دەوروبـەرە و بـەرەو ئاراسـتەی شـاری کـەلار، سـەیری نەخشـەی ژمـارە (١٤) بکـە :

نەخشەی ژمارە (١٤)

ئاراستەی کۆچ بەرەو کەلار




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: الهيئة العامة للمساحة، خرائط المسح الطوبوغرافية، قلعة شيروانة، ١٠٠٠٠٠/١، ١٩٨٤

بەڵام دواتر لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧ - ٢٠٠٢) گەشەی دانیشتوانی کەلار ڕێژەکەی (٢،٦٪) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ساڵی (١٩٩١) و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان و هۆکاری تر، گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش تاڕادەیەك سەقامگیری سیاسی هەلێکی وای ڕەخساند، زۆرێك لە خەڵکی لادێکان بگەڕێنەوە بۆ زێدی باوباپیرانیان، کە پێشتر لەژێر زەبر و زەنگ و فشار و ڕاگوێزرابوون، هاوکات سیاسەتی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن کەم بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆچ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە بەردەوام بوو بە تایبەتی ناوچەکانی خورماتوو و خانەقی و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەمەش دووبارە کاریگەری لەسەر ژمارەی دانیشتوان هەبوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەرچەندە ئەمانە لەسەر ئاوارە ئەژمارد دەکران، جیا لە هۆکاری سیاسی وەك حەقێکی خۆیان هەندێك پشکی کەمیان وەردەگرت لەلایەن حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانەوە، کەلار لەساڵی (٢٠٠٢)دا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە ( ٩٣١٠٥) کەس، لە دوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستاش سەرژمێری فەرمی ئەنجام نەدراوە، ئەم ئامارانە بە گوێرەی فۆرمی خۆراك وەرگیراون، بۆیە دەبێ گومان لە درووستی ئامارەکان بکەین، کە بەرز و نزمی لە ئامارەکاندا بەدیدەکرێت، لە ڕووی دانیشتوانەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، لەم قۆناغەدا واتا لە ساڵی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە لە چاوساڵانی تردا دابەزیووە بۆ ٢،٦٪، لەڕاستیدا ئەم ڕێژەیە، ڕێژەیەکی ئاساییە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە جموجوڵی شوێنی کۆچ لەم ماوەیەدا نەبووە، کەچی هەر لەم ماوەیەدا دەبینین ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی کەلار بەرز بووەتەوە، کارتێکردنی ئەو دابەزینە بە هۆی گەڕانەوەی لادێنشینان بۆ زێدی خۆیان، پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٧–١٩٨٨) گوندنشینان بە زۆرەملێ ڕاگوێزرابوون، سەرجەم گوندەکان لە باشووری کوردستاندا ڕاگوێزران، هەروەها درووستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی (صمود) کە لە ئێستا دا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (ڕزگاری)، لە ماوەی ساڵی (١٩٨٧-١٩٩٠) کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لەساڵی ٢٠٠٢ دا گەیشتە (٢٢٠٠٠) کەس و ڕێژەی ١٥،٦٪ ی دانیشتوانی قەزاکە پێکدەهێنن، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٧٠- ٢٠١٢) بڕوانینە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی ناوەندی کەلار، دەبینین دەگاتە (١٢،٥ ٪) ئەمەش ڕێژەیەکی زۆربەرزە لە چاو قەزاکانی تردا، زۆرێك لە دانیشتوان کە تائێستا لە کەلاردا نیشتەجێن، بەڵام تەنها فۆرمی خۆراکیان گواستۆتەوە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، هەرچەندە ساڵی (٢٠١٢) شاری کەلار ژمارەی دانیشتوانەکەی کە تێیدا

نیشـتەجێن (١٨٤٩٧٣) کەسـن[١]، دانیشـتوانی شـاری کـەلار لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢) بەگوێـرەی ئامـارەکان دەخەینـەڕوو، ئـەوەی بـە دەسـت هاتبێـت، چونکـە لـە مێـژە لـە دوای ساڵی (١٩٨٧)ـەوە سـەرژمێری فەرمـی لـە سـنووری هەرێمـی کوردسـتاندا ئەنجام نـەدراوە، داتـاکان بـە پێـی فۆرمـی خـۆراك خراونەتـەڕوو، گۆڕانـکاری و وەچەرخانێـکی گـەورە ڕوویـدا، جگـە لـە عێـراق کـە گەورەتریـن و دڕندەتریـن دیکتاتـۆر لـە ناوچەکـەدا ڕوخێـنرا، ئازادیـی گـەلانی عێـراق هاتـە گـۆڕێ ئەمـە خاڵێـکی گرنگبـوو، کاریگـەری لەسـەر تـەواوی ناوچەکـە هەبـوو، ناوچـەی لێکۆڵینـەوەش گەشـەکردنێکی بەرچـاوی بـە خۆییـەوە بینـی لـەڕووی دابەشـکردنی زەوی و فراوانبـوون و زیادبـوونی ژمـارەی گەڕەکـەکان و ڕووبـەری شـار لـە بـوارەکانی خزمەتگوزاری و کارەبـا و ڕێگاوبـان و ئاوەڕۆ...هتـد، ئـەم پرۆژانە تا ئێسـتاش ئەنجام دەدرێـت کـەم گـەڕەك مـاوە یـان هـەر نەمـاوە، ئـەو خزمەتگوزارییانـەی تیـادا نەکرابێـت، بـە تایبـەت گەڕەکـە کۆنـەکان لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردنـدا ژمارەیـەك قوتابخانـە و باخچـەی سـاوایان و پەیمانـگا و زانکـۆ و یاریـگا و مەلەوانگە...هتـد دروستکراون، جگـە لـە چەندیـن پـرۆژەی کـەرتی تایبـەت، هەرچەنـدە بـە هـۆی خێـرای گەشـەکردنی دانیشـتوان نەتوانـراوە بـە تـەواوی کۆنـترۆڵ بکرێـت، یـان زۆربـەی خواسـتی دانیشـتوان بهێنرێتـەدی لـە ڕووی خزمەتگوزارییـەوە، هێشـتا سێ دەوامـی و دوو دەوامـی مـاوە و لـە زۆرێـك لـە خوێندگاکانـدا ئـەم دیاردەیـە ئامادەیـی هەیـە، خوێندنگایـەك بـە زمـانی ئینگلیـزی کراوەتـەوە کـە تەنهـا لـە (٣) پارێزگاکـەی تـری هەرێـم هەیـە، بـە نـاوی قوتابخانـەی ئینتەرناسیوناڵی کـەلار، لەلایـەن ڕێکخـراوی سابیسـەوە سەرپەرشـتی دەکرێـت، لـە بـواری خوێنـدنی بـاڵادا جگـە لـە پەیمانـگای تەکنیـکی کـە لـە ناوەڕاستی نەوەتەکانـدا دروستکراوە، دواتریـش کۆلیـژی پـەروەردەی کـەلار و کۆلیـژی بنـەڕەتی و زانکـۆی گەرمیـان و پەیمانـگای کۆمپیوتـەر کرانـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کەموکـوڕی هەیـە لـە هەندێـك لـە بـوارەکانی تاقیگـە و میتـۆد و مامۆسـتای پسـپۆڕ، کێشـەی کتێـب و سـەرچاوەی کـوردی کـە ئەمـەش لـە زانکـۆکانی تریـش هەمـان گرفـت هەیـە، ڕەنگـە کەمـتر بێـت لـەوەی ئێـرە، وێـڕای ئەوانـەش زانکـۆ ڕۆڵ وکاریگەریـان لەسـەر شـار و کۆمەڵگـە هەیـە لـە زۆر ڕووەوە، تـادێ ژمـارەی گەڕەکـەکان زیـاد دەکـەن، زۆرێـك لـە کۆمپانیـاکان ڕوویـان کردۆتـە ئـەم شـارە بـۆ دروستکردنی خانـوو (کـەلاری نـوێ، هێـلان سـتی) زیاتـر لـە (٢) هـەزار خانـوو دروسـتکراون لـە بـواری جێبەجـێ کردندایـە، لەگـەڵ ئەمانەشـدا نرخـی زەوی و خانـوو لـەم شـارە لـە هەمـوو شـارێك گرانـترە، بـە تایبـەت لـە دوای پرۆسـەی ئـازادی

١- ئەنجومەنی گەڕەکەکان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

عێراق گۆڕانێك هاتە گۆڕێ هاوشێوەی نەبوو، هیچ نەبێ خەڵکی کوردستان لە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن و ئاوارە بوون ڕزگار بوون، بە تایبەت لە ئێستادا کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی ئامادەییان هەیە، کە بوونەتەهۆی ڕاکێشانی هەزاران کەس لە شارەکانی ترەوە، هاوکات خاڵێکی گرنگ بوو بۆ بژێوی سەدان خێزان لە دوای پرۆسەی ڕزگاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گوێزرایەوە و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کراو مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ دەکرێت، دەرگایەکی بازرگانی و ئابووری بە ڕووی کەلاردا کرایەوە وەك ناوەندێك بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەغدای پایتەختیش بەتایبەتی جگە لە پارێزگاکانی هەرێم، ئەمەو ڕەوشی نائارامی ناوەڕاست و باکووری عێراق ململانێی مەزهەبی و نەتەوەیی و نەبوونی هەلی کار کەشێکی وای خوڵقاند، هەزاران خێزان بە عەرەب وکورد و تورکمانەوە ئەمدیوی هەرێم بوون، لەم شارەدا زۆرێك نیشتەجێبوون، تاوەکو ئێستایش ڕۆژانە دەیان خێزان کۆچ دەکەن بۆ کەلار و ڕێژەکە زیاتر دەبێت، هەربۆیە (٢٣٨٧) خێزانی عەرەب و (٢٤٣٨)خێزانی کورد و تورکمانیش (١٦) ماڵ نیشتەجێ بوون لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار (٢٢٦) هەزار کەسە[1]، تەنها ناوەندی کەلار (١٨٤٩٧٣) هەزار کەسە، هەرچەندە لە ماوەی ئەو (٢٦) ساڵەدا دەبوو دوو سەرژمێری بکرایەت بەداخەوە سەرژمێری فەرمی ئەنجام نەدراوە، زۆر جار ئامارەکان بە پێی فۆرمی خۆراك دەخرێتە ڕوو، کە ئەمەش لە زۆر ڕووەوە کاریگەری نەرێی زۆری لەسەر دانیشتوانەکەی هەیە، لە کاتێکدا پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوان ماناکەی زۆر ڕوونە، دانیشتوان سەرژمێری دەکرێن لەو شوێنەی کە تیایدا نیشتەجێن.

## قۆناغی یەکەم ١٩٧٧ - ١٩٨٧

ئەم قۆناغە هەستیارە لە مێژووی گەلەکەماندا چەندین کارەساتی مەرگهێن و ڕاگواستن و کیمیاباران و سوتماکی دێ زۆریان لەو سیاقە مێژووییەدان، کە ناوچەی گەرمیان پشکی شێریان بەرکەوتووە، لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەددەی ڕابردوودا و پێشتر و دواتریش ڕاگواستن بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەردەوام بووە لە ناوچەکانی زەندئاباد و شێخ باوە و جەبارە و قەرەتەپە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ناوچەکانی خانەقی و قۆرەتوو و مەیدان

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی گەرمیان، کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، ٢٠١٠-٢٠١١، ل ٦

و هەمـوو گونـدەکانی ئـەو سـنوورانە، ماڵـی کـوردی تیـادا نەمـان لـە ژێـر بیانـووی لاواز و جیـادا، ئاشـکرایە لـە سـەرەتادا ژمارەیـەکی زۆریـان پەرتـەوازە بـوون لـە ناوچـەکانی خـواروو ناوەڕاسـت وهەرێمـی کوردسـتاندا ڕێژەیـەکی کەمیـان هاتنـە نـاو شـاری کـەلار، بـەڵام پـاش ماوەیـەك و دروسـتکردنی کۆمەڵگـە لـە ناوشـارەکەدا، ئەمـەش بـووە هـۆکاری ڕاکێشـانی، هەرچەنـدە ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ بـووە ئەمـەش هـۆکاری گەشـەکردن و زیادبـوونی ناسروشـتی کـەلارە، ئەویـش هـۆکاری پێگـە کارگێڕییەکـەی لەلایـەك و شـوێنە جوگرافیاکـەی لەلایـەکی تـرەوە، ئـەم شـارە لـەڕووی کارگێڕییـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی عوسـمانییەکان کـە ناحیـەی قـەڵای شـێروانە بـووە، دواتریـش لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی نوێـی عێراقـدا بەهەمـان شـێوە، کـەلار لـە سـەرەتای هەفتاکانـدا لـە مانگـی شـوباتدا دەبێتـە قـەزا، دواتـر لـە ناوەڕاسـتی هەفتـاکانی سـەدەی ڕابـردوودا دەخرێتـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی، لـەو ماوەیـە گەشـەکردنێکی زۆری بەخۆیـەوە بینـی، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆچـی زۆرەملێـی ناوچـەکانی مەیـدان و قۆرەتـوو هەروەهـا زەندئابـاد و شـێخ بـاوە و ... هتـد، هـەر بۆیـە لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا لـە ڕیزبەنـدی شەشـەمدا بـووە و لـە پارێـزگای سـلێمانی، لـەم گەڕەکانـە پێکهاتـووە (کـەلار کـۆن، بنگـرد، شـێروانە، حەمـەی کەریـم، عەلەومحـە) لـەو کاتـەدا (٤) کۆمەڵگـە لەلایـەن حکومەتـەوە بـۆ ئـاوارە و ڕاگوێـزراوان لـە دروسـتکردندا بـووە، کـە (٩٨٠) خانـووی دەگرتەخـۆ، بەشـێوەیەکی ئەندازیـاری هاوچـەرخ دروسـتکران، هەرچەنـدە زۆربـەی خانـووەکان بنمیچەکـەی دار و گڵبـوون بـەڵام دیـوارەکانی بەردبـوو، هەندێـك لـە خانـووەکان کۆنکرێـت بـوون، عـەگادەشی تیابـوو، تەنهـا (٣) گـەڕەك بـە پێـی بەڕێوبەرایـەتی ئامـاری سـلێمانی بـەم شـێوەیە کـە کـۆی هەموویـان (١٠٨٥) خانـووە، ژمـارەی دانیشـتوانی (٩١٧٧) کەسـە، کـەلاری کـۆن (٢٥٦) خانـوو، ژمـارەی دانیشـتوانی (١٨٣٢) کەسـە، بنگـرد (٤٩٠) خانـوو ژمـارەی دانیشـتوانی (٣٢٨٤) کەسـە، گـەڕەکی حەمـەی کەریـم (٤٤٩) خانـوو، ژمـارەی خێـزان (٤٩٣)، ژمارەی دانیشـتوانی (٤٠٦١) کەسـە، کەواتـە گـەڕەکی حەمـەی کەریـم زۆرتریـن ژمـارەی دانیشـتوانی تۆمـار کـردووە لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا و ڕێـژەی (٤٤،٢٪) لـە کـۆی سـەرجەم دانیشـتوانی قەزاکـە پێکدێنێـت[1]، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٢٥) بکـە، هەرچەنـدە ئـەو ئامـارە تێبینـی لەسـەرە لەبەرئـەوەی بەپێـی ئامـاری سـاڵی (١٩٥٧) کەلارکـۆن (١٠٨١) کەسـە، بنگـرد (١٥١) کـەس بـووە[2] بەدرێژایـی (٢٠) سـاڵ لـە مـاوەی ئـەو گەشـەکردنەدا گـۆڕانی ئەوتـۆی بەسـەردا نەهاتـووە، کەواتـە جێـی گومانـە، بەپێـی بەڕێوبەرایـەتی ئامـاری

١- بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ئەیلولی، ٢٠١٣

٢- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام ١٩٥٧، لواء السليمانية و كركوك، المطبعه العاني، بغداد ص١٢١

سلێمانی هاتووەکە سەنتەری کەلار ژمارەی دانیشتوانی (۹۱۷۷) هەزارە، کە بەم شێوەیە لە خشتەی خوارەوەدا داهاتووە، گەڕەکی بنگرد (٤٩٠) خانووە، حەمەی کەریم (۳۳۹) خانوو کەلارکۆن (۲٥٦) خانوو، ئەم ئامارە (گەڕەکی شێروانە و عەلەومحە)ی تێدا نییە، ئەگەر تەنها گەڕەکی کەلاری کۆن وەربگرین، ئەو ژمارەیە دوورە لە ڕاستییەوە چەندین نووسەر لە یاداشت و کتێبەکانیدا باسی کەلاریان کردووە لەوانە (مستەفا نەریمان) مامۆستا بووە، لە چلەکەکاندا لە کەلارکۆن دەڵێ: (۲٥٠) ماڵ بووە، هەروەها (محمد هادی دفتر) نووسیویەتی: لە ساڵی ۱۹٥٥دا هاتۆتە کەلار، دەڵێ خانووی جوانی تێدا دروستکراوە و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و فەرمانگەی پۆستە و تەلەفۆنی تێدایە و (۳٠٠) خانوو و قاوەخانەیەك و چەند فرۆشگایەکی تێدایە بۆ پێداویستییەکانی دانیشتوان، کارەبای تیادایە، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا ناحیە بووە بەناوی ناحیەی قەڵای شێروانە، سەرەتا لە بنگرد بووە دواتر لە ناو قەڵای شێروانەدا بووە، تا وەکو ساڵی (۱۹۳٥) هەر بەو ناوەوە ناحیەی قەڵای شێروانە دەبرێتە سەرقەڵا، لەبەرئەوەی ناوەڕاستی ناوچەکەیە[1] ئەودەمەو ساڵی پەنجاکان بیری ئیرتیوازی تیادا هەڵکەنراوە، بۆخواردنەوە و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ماڵان ژنان دەبوو، بەیانیان زوو پێش ئاژەڵ دەرکردن، دەچوون بۆ ئاو هێنان، لە ئاوەدانی زۆر دووردەکەتنەوە بۆ ئەوەی ئاوی پاك دابین بکەن، کە پێشتر تەنها سەرچاوەییان جۆگەی ئاوی سەید خەلیل بوو، جگە لە خواردنەوە بۆ ئاودانی باخەکان و مەڕ و مالات و...هتد ئەم جۆگە سەرچاوەی هەموو شتێك بوو.

خشتەی ژمارە (۲٥)

دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی خانووبەرە و خێزان و دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری کەلار (۱۹۷۷)

| گەڕەك | خانووبەرە | | خێزان | | دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| کەلاری کۆن | ۲٥٦ | ٪۲۳,٦ | ۳٤۳ | ٪۲۳,٥ | ۱۸۳۲ | ٪۲٠ |
| بنگرد | ٤٩٠ | ٪٤٥,۲ | ٦۲۱ | ٪٦۲,٦ | ۳۲۸٤ | ٪۳٥,۸ |
| حەمەی کەریم | ۳۳۹ | ٪۳۱,۲ | ٤٩۳ | ٪۳۳,٩ | ٤٠٦۱ | ٪٤٤,۲ |
| کۆی گشتی | ۱٠۸٥ | ٪۱٠٠ | ۱٤٥۷ | ٪۱٠٠ | ٩۱۷۷ | ٪۱٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، داتای بڵاونەکراوە، ئەیلولی، ۲٠۱۳

۱- محمد هادی الدفتر، عبدالله حسن، عراق الشمالي، الجزء الاول، مطبعة الانهار، بغداد ۱۹٥٥، ص۲۹۹

هەرچەنــدە هەنـدێ ڕای جیـاواز لـە سـەر ئامـاری (١٩٧٧)ی دانیشـتوانی کـەلار هەیـە، بەپێویستی دەزانیـن ئـەم بەڵگـەو ڕاستیانە بخەینـەڕوو، ئەویش دەگەڕێتـەوە بـۆ تێکەڵکردنی نێـوان قـەزا و سـەنتەری قـەزا ئەگەرنـا داتـاکان هەمـان داتـان و لـەو سـاڵەدا سـەرژمێری ئەنجامـدراوە و وێـڕای کەموکـوڕی ئـەم ئامـارە دەکرێتـە پێـوەر، لـە کاتێکـدا ئـەم ئامـارە لـە سـەرژمێری فەرمـی سـاڵی (١٩٧٧)دا خراوەتـەڕوو[١]، (د.عەبدوڵـڵا غەفـور) نووسـیویەتی دانیشـتوانی قـەزای کـەلار (٤٤٠٥٧) هـەزارە و سـەنتەری کەلاریـش (٢٤٨٢٤) هـەزار کەسـە، لـە زۆر شـوێن و کتێـب دا ئـەم ژمـارەی نووسـیووە هەروەهـا (محەمـەد سـەعید سـۆفی) بـە هەمـان شـێوە و هەمـان ئامـاری پشـت ڕاسـتکردۆتەوە[٢] نوسـەر (فەیسـەڵ دەبـاغ بەهەمـان شـێوە جەخـت لـەم داتانـە دەکاتـەوە[٣] هـاوکات د. سـەلاحەددین حەفیدیـش هەمـان ئامـاری خسـتۆتە ڕوو، وەك لەخشـتەی ژمارە (٢٤)دا هاتبوو، بەهەمان شـێوە و لە خشـتەی خوارەوەدا، ژمـارەی خانووبـەرە و خوێندنگـە و گونـدەکانی قـەزای کـەلاری خسـتۆتە ڕوو، بەپێـی یەکـە کارگێڕییـەکان (١٩٧٧-١٩٨٧) کـۆی سـەرجەم خانووبـەرە لـەم قەزاییـەدا لـە سـاڵی (١٩٧٧) دا دەکاتـە (٥٥٥٦) خانـوو، کـە (١٢٧٦) خانـوو لـە شـار و واتـە ناوەنـدو هـەردوو ناحیەکـە (پێبـاز و تیلەکـۆ) وە (٤٢٨٠) خانـوو لـە لادێـکان، لـە سـاڵی (١٩٨٧)دا ناوەنـدی قـەزای کـەلار (٩٩٣٤) خانـوو و ناحیـەی پێبـاز (٨٩٧) خانـوو، کـە سـەرجەمیان دەکاتـە (١٠٨٣٠) خانـوو، شـارەدێی (ناحیـە) تیلەکـۆ بـە تـەواوی ڕووخێـنرا خـۆی و گونـدەکانی، جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دە سـاڵەدا دەکاتـە (٥٢٧٤) خانـوو هەروەهـا (١٦٠) گونـد ڕووخـاون لـە کـۆی (١٧٧) دێ[٤] سـەیری خشـتەی ژمـارە (٢٦) بکـە :

---

١- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان، لسـنة ١٩٧٧، محافظـة السـليمانية.

٢- محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوی ڕەگەزییدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

٣- فیصل دباغ، کەمە نەتەوایەتییەکان لە سەرژمێری ١٩٧٧، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی ٢٠٠١، ل١١

٤- د.سـەلاحەددین حەفیـد، ئابووری ی کوردسـتان، ١٩٧٧-١٩٩٠، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجیی کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٦

خشتەی ژمارە (٢٦)

خانووبەرەو خوێندنگە و گوندەکانی قەزای کەلار بەپێی یەکە کارگێڕییەکان (١٩٧٧-١٩٨٧)

| ناوی یەکە | ژینگە | ژمارەی خانووبەرە | | ژمارەی خوێندنگا | | ژمارەی گوند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ |
| ناوەندی قەزای کەلار | شار | ١٠٨٥ | - | ٧ | - | - | - |
| | لادێ | ١٢٨٨ | - | ٦ | - | ٢٤ | ٨ |
| | سەرجەم | ٢٣٧٣ | ٩٩٣٤ | ١٣ | - | ٢٤ | ٨ |
| پێباز | شار | ١٩١ | - | ٢ | - | - | - |
| | لادێ | ١٧١٦ | - | ٥ | - | ٧١ | ٩ |
| | سەرجەم | ١٩٠٧ | ٨٩٧ | ٧ | - | ٧١ | ٩ |
| تیلەکۆ | شار | - | - | - | - | - | - |
| | لادێ | ١٢٧٦ | - | ٤ | - | ٨٢ | - |
| | سەرجەم | ١٢٧٦ | - | ٤ | - | ٨٢ | - |
| کۆی قەزای کەلار | شار | ١٢٧٦ | - | ٨ | - | - | - |
| | لادێ | ٤٢٨٠ | - | ١٦ | - | ١٧٧ | ١٧ |
| | سەرجەم | ٥٥٥٦ | ١٠٨٣٠ | ٢٤ | - | ١٧٧ | ١٧ |

سەرچاوە: د.سەلاحەددین حەفید، ئابووری ی کوردستان، ١٩٧٧-١٩٩٠، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٦

گەلێ جارلەم لێکۆڵینەوەیەدا بە وردی تیشك خراوەتە سەر قۆناغەکانی کارگێڕی کەلار و زیادبوون و گەشەکردنی لە بوارە جیاجیاکاندا، ماوەیەکیشە و تا ئێستا ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، هەروەها گەشەکردن و زیادبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەر و پێشکەوتن لە کایە جیاجیاکاندا خراوەتەڕوو و شیکاری و شرۆڤەی بۆکراوە، گۆڕانی بەرچاوی بەخۆییەوە بینیووە، ئیدی مانای ئەوە نییە، ئەم گەشەکردنەی دانیشتوان تەنها کەلاری گرتۆتەوە، بەڵکو زۆرێك لە شار و شارۆچکەکانی تریش لەگەڵ ساڵانی تردا بەراورد ناکرێن، یان

ئـەم زیادبوونـە ڕێژەییـە لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر جیـاوازە، کەواتـە زۆرێـك لـە شـارەکان گەشـەیان کـردووە، بـەڵام وەك یـەك نیـن، ئەگـەر نـا ڕووخانـدنی (٤٥٠٠) گونـد و چەنديـن ناحیـە و تەنانـەت قەزایـش دانیشـتوانەکەی بـەرەو کـوێ چـوون و لـە کـوێ نیشـتەجێبوون؟ بـە دڵنیاییـەوە دابەشـبووە بەسـەر ئـۆردوگا زۆرەملـێ و شـار و شـارۆچکەکاندا، هەرچەنـدە لـە دوای ڕووخانـدنی گونـدەکانی باشـووری کوردسـتان زۆربـەی شـارەکان لـە جـاران گەورەتـر بـوون، ئەوانـەی لـە ژێـر چنگـی فاشـییەکاندا ڕزگاربـوون ئـۆردوگای زۆرەملێیان بۆ دروستـکرا، لـە نزیـك شـارەکاندا تیایـدا نیشـتەجێکران، ئەوکاتـە کـەلار پێکهاتبـوو لـەم گەڕەکانـە (کـەلار کـۆن، شـۆڕش، ڕاپەریـن، فەرمانبـەران، شـێروانە، بنگـرد، حەمـەی کەریـم، کۆمەڵگـەی حەمـەی کەریـم، گازینـۆ، بەردەسـوور ) هـەروەك ئاشـکرایە، کـە (٤) کۆمەڵگـە لەنـاو ئـەم شـارەدا دروسـتکران، لـە گەڕەکـەکانی فەرمانبـەران و ڕاپەڕیـن لـە نێـوان کـەلاری کـۆن و شـۆڕش چەندیـن پارچـە زەوی دابەشـکران، هێشـتا ژمـارەی خانـووەکان وەك پێویسـت نەبـوون، پێـش دابەشـکردنی ئـەو زەوییانـە کێشـەی نیشـتەجێبوون لەنـاو کـەلاردا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بـەدی دەکـرا، بـەڵام دواتـر کـەم بوونـەوە، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٢٧) ئـەو خانووانـەی کـە یـەك خێـزان تیایـدا دەژیـان (٥٢٦٥) خانـووە کـە ڕێژەکـەی (٦٩,٥٪) لـە کاتێکـدا بـە ئێستایشـەوە زۆربـەی خانـووەکان کراونەتـە دوو خانـوو یـان زیاتـر، خانـووی (٨٠)م$^{2}$ و (١٠٠) م$^{2}$ و (١٢٠)م$^{2}$ زۆر زۆرن، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕووخانـدنی زۆرێـك لـە دێهاتـەکان و کۆچـی زۆرەملـێ و گـرانی نرخـی زەوی و خانـوو لـەم شـارەدا، هەروەهـا ئـەو خانووانـەی دوو خێـزانی تیـادا دەژیـان (١٧٦٢) خانـووە ڕێژەکـەی دەکاتـە (٢٣,٢٪) هـاوکات ئـەو خانووانـەی سـێ خێـزانی تیـادا دەژیـا (٥٤٩) خانـووە ڕێژەکـەی (٧,٢٪) لـە کـۆی خانـووەکان [1] ناوەنـدی قـەزای کـەلار (٨٢٠٠٤) کەسـە، ڕووبەرەکـەی (٣٣٢) کـم$^{2}$ چـڕی دانیشـتوانەکەی (٢٤,٧) م بـۆ هـەر کەسێك لـە ناوەنـدی شـار [2]، بـەڵام لـە ئاسـتی قەزاکـە ژمـارەی دانیشـتوان دەکاتـە (٨٩١١٣) کـەس، ڕووبەرەکەشـی دەگاتـە (٢١١١) کـم$^{2}$، چـڕی دانیشتوانەکەشـی دەگاتـە (٤٢,٢) مەتـر بـۆ هەرکەسێک لـە قـەزای کـەلار، هەمـان داتـا لـە نـووسراوی فەرمـی (وزارة الحكم المحلي دليـل الاداری للجمهوريـه العراقيـه، الجـزء الاول (١٩٨٩-١٩٩٠)، ص٢٢٧) هاتـووە کـە ناوەنـد (٨٢٠٠٤) کەسـە و ژمـارەی دانیشـتوانی ناحیـەی پێبازیـش (٧١٠٩) کەسـە، کەواتـە کـۆی دانیشـتوانی قەزاکـە دەگاتـە (٨٩١١٣) کـەس.

١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية.

٢- جەزا توفيق تاڵب، بايەخی جيۆپۆلەتيکی دانيشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی دلێر، ١٩٩٩، ل٢٢٣

خشتەی ژمارە (٢٧)

دابەشبوونی ڕێژەیی و ژمارەی خانوبەرە و خێزان و دانیشتوان،

بە پێی ژمارەی ئەو خێزانانەی لە یەك خانوبەرەدا دەژین لە ساڵی ١٩٨٧

| | خانووبەرە ژمارە | ڕێژە | دانیشتوان ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ئەو خانوانەی ١ خێزانی تیا دەژی | ٥٢٦٠ | ٦٩،٥٪ | ٣٥٦٤٨ | ٥٦،٥٪ |
| ئەو خانوانەی ٢ خێزانی تیا دەژی | ١٧٦٢ | ٢٣،٢٪ | ١٨٤١٢ | ٢٩،٢٪ |
| ئەو خانوانەی ٣ خێزانی تیا دەژی | ٥٤٩ | ٧،٢٪ | ٨٩٧٤ | ١٤،٢٪ |
| | ٧٥٧١ | ١٠٠٪ | ٦٣٠٣٤ | ١٠٠٪ |

سەرچاوە: الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية ، ص ٢٠

وەك لە خشتەی خوارەوە دا هاتووە، لەمەڕ دابەشبوونی خێزان و دانیشتوان بە پێی خاوەندارێتی خانووبەرە لە ساڵی (١٩٨٧)دا، لێرەدا خانووی موڵك ژمارەیان (٤٦٥٨) خانووە و ژمارەی (٣٠٣٨٦) کەسیش تیایدا نیشتەجێن و ڕێژەی (٤٩،٦٪) لە کۆی خانووەکانی کەلار، خانووی کرێ ژمارەیان (٢٠٠٢) خێزانە، دانیشتوانیش (١١٣٠٥) کەسە و ڕێژەکەی دەکاتە (١٩،٥٪) لە کۆی سەرجەم خێزانەکانی شار و(٤، ١٨ ٪) لە کۆی سەرجەم خانووەکان، کۆی خانووەکانیش گەیشتۆتە (٧٥٧١) لەو ساڵەدا[1] کەواتە گەر بەراورد بکەین لەو دە ساڵەدا جیاوازی دەکاتە (٦٤٨٦) خانوو، کەواتە لەو ماوەیەدا خانوویەکی زۆر دروستکراوە، سەیری خشتەی ژمارە (٢٨) بکە :

١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية، ص٢٠

خشتەی ژمارە (٢٨)

دابەشبوونی خێزان و دانیشتوانی شاری کەلار بەپێی خاوەندارێتی خانووبەرە لە ساڵی (١٩٨٧)

| | خێزان | | دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| موڵك | ٤٦٥٨ | ٪٤٥,٤ | ٣٠٣٨٦ | ٪٤٩,٦ |
| کرێ | ٢٠٠٢ | ٪١٩,٥ | ١١٣٠٥ | ٪١٨,٤ |
| هی دیکە | ٣٢٠٩ | ٪٣١,٣ | ١٧٥٩٦ | ٪٢٨,٧ |
| نادیار | ٣٩١ | ٪٣,٨ | ٢٠١١ | ٪٣,٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٢٦٠ | ٪١٠٠ | ٦١٢٩٨ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە : الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية ص٢٠

لە ناوەند (٢٤) قوتابخانەی سەرەتایی، ژمارەی قوتابییەکان (١٠٢١٦)، ناوەندیش (٥) قوتابخانە و (٢٤١٤) قوتابییە، تەنها یەك نەخۆشخانەی گشتی (٤) دکتۆر و (٢٠) فەرمانبەری تەندروستی، (٤) بنکەی تەندروستی تێدا بووە دوو دکتۆر (١٠) کارمەند جگە لە دەزگا خزمەتگوزارییەکان[1]، کەلار لە ڕووی سیاسی و ئابووری و جوگرافی و مێژووییەوە پێگەیەکی ستراتیژی و گرنگی هەیە، هەر ئەمانەش وایکردووە لە شوباتی (١٩٧٠) بە بڕیاری حکومەتی ناوەند بکرێتە قەزا هۆکاری گەشەکردن و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان کۆمەڵێك فاکتەرە بە هێزترینیان پرسی سیاسییە کە ڕاگواستن و کۆچی زۆرەملێ دەگرێتەخۆ، لە ڕووی کارگێڕییەوە ئاڵوگۆڕی زۆری پێکراوە، هەرچەندە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکان و دواجاریش حکومڕانی عوسمانی و سەفەوی لە ناوچەکەدا سەر بە لیوای کەرکوك بووە، هەر بۆیە لە و نێوەندەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەموو ڕوویەکەوە، وەك هەموو دەزانین سەرەتای بوونی بە قەزا سەر بە پارێزگای کەرکوك بووە و لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا خراوەتەسەر پارێزگای سلێمانی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) ئەو دەمە، لە دوای ڕاپەرین و تا پرۆسەی ڕزگاری عێراق، دیسان لەسەر پارێزگای کەرکوك و پاشان و تا ئێستاش ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، کە ئەمانەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی دانیشتوان

١- وزارة الحكم المحلي دليل الاداری للجمهوریه العراقیه، الجزء الاول (١٩٨٩- ١٩٩٠)، ص٢٢٧

هەبــووە ئیــدی لــەو چرکەســاتەوە ڕۆژ بــە ڕۆژ کێرڤــی دانیشــتوانی ڕوو لــە هەڵکشــانە، زیادبوونەکـەش بـە شـێوەی ناسروشـتی بـووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هەلومەرجـی نائـارام و ناجێگـری ناوچەکـە بەتایبـەت دۆخـی سیاسـی، کـە حکومـەتی ناوەنـد بـە دڕندانەتریـن شـێوە مامەڵـەی لەگـەڵ گـەلی کـوردا کـردووە، هـەر بۆیـە لـە ئامـاری سـاڵی (١٩٧٧)دا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دانیشـتوان زیـادی کـردووە، زۆریـك لـەو بەڕێزانـەی کـە ئیشـیان لەسـەر کـەلار کـردوە چ کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان چەندیـن لێکۆڵینـەوەی زانکـۆی کاریـان لەسـەر ئـەم ژمـارە کـردووە (٩٢٧٤) کـەس، کـە ئەمـەش سـەرژمێری فەرمییـە، لـە سـەرەتای بـوونی بـە قـەزا ژمـارەی دانیشـتوانی کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٠)دا (١٣٢٤) کـەس بـووە، گـەر بەراوردێـك بکەیـن لەگـەڵ سـاڵی (١٩٧٧)دا بەرزبۆتـەوە بـۆ (٩٢٧٤) کـەس، واتـە ڕێـژەی زیادبـوونی سـاڵانەی دانیشـتوان (٣٢٪) کـە بەرزتریـن ڕێـژەی زیادبـوونی سـاڵانەی دانیشـتوانی لـە مـاوەی لێکۆڵینەوەکـەدا بـەم شـێوە (٨) هـەزار کـەس زیـادی کـردووە واتـە لـە هـەر ساڵێکدا (١١٣٦) کـەس زیـادی کـردووە، کۆتایـی سـاڵی هەفتـاکان چـوار کۆمەڵـگا لەنـاو شـاری کـەلاردا دروسـتکران، کـە پێکهاتـوون لـە (١٦٠٠) خێـزان و ژمـارەی دانیشـتوانیان (٩٨٢٠) کەسـە[1] کـە پێکهاتـووە لـە گونـدەکانی خانەقـی و ناحیـەکانی هەروەهـا ناوچـەکانی زەنـدئابـاد و شـێخ بـاوە و گونـدەکانی دەوروبـەری کـەلار کۆچیـان کـردووە بـۆ نـاو شـارەکە، سـەیری خشـتەی ژمـارە( ٢٩) بکـە :

خشتەی ژمارە (٢٩)

ژمارەی دانیشتوان و خێزان لە کۆمەڵگەکانی شاری کەلار

| کۆمەڵگا | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان |
|---|---|---|
| بەردەسوور | ٣٥٠ | ٢٠٣٠ |
| گازینۆ | ٣٥٠ | ٢٠٣٠ |
| ٥٠٠ ماڵەکە | ٥٠٠ | ٢٩٠٠ |
| حەمەی کەریم | ٤٠٠ | ٢٣٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٦٠٠ | ٩٨٢٠ |

سـەرچاوە:- جاسـم محەمـەد عـەلی، ڕۆڵـی هـۆکارە سیاسییەکان لـە دابەشـبوونی پارێـزگای سـلێمانیدا، چاپخانــەی تیشــك، چاپــی یەکــەم، ٢٠٠٨، ل١٥٩

١- جاسم محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل١٥٩

ئێستا چوار گەڕەکی گەورەن، خزمەتگوزایی باشییان بۆ کراوە لەچاو گەڕەکەکانی تردا، شەقامەکانی فراوان وبەشێوەی ئەندازەیی جوان درووستکراون، زۆر بەکەمی خانووە کۆنەکان ماون، بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانەوە کۆمەڵێك زەوی دابەشکرا لە سنووری (شۆڕش و ڕاپەڕین و فەرمانبەران) واتە سێ گەڕەکی گەورەی تر درووستکران، کە لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، پێش ڕاپەڕین گەڕەکەکانی شاری کەلار بەم شێوەیە بوو (کەلار کۆن، ڕاپەڕین، بنگرد، فەرمانبەران، شۆڕش، شێروانە، بەردەسوور، گازینۆ، سیروان، سەرکەوتن ) بەم شێوەیە تا دەهات، شارەکەش گەشەی دەکرد بۆیە بە پێی دوا سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی ناوەند گەیشتە (٨٢٠٠٤) کەس واتە سێ هێندەی ژمارەی دانیشتوانی ساڵی (١٩٧٧) زیادی کردووە، کەواتە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا زۆر بەرز بۆتەوە، وە لە ساڵی ١٩٧٧ سەنتەری کەلار تەنها ڕێژەی ٢٠٪ دانیشتوانی قەزاکەی پێکدەهێنا، لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێژەکە بەرز بۆتەوە، هەروەها بەم شێوە کەلار لە ڕیزبەندی (٢٠)هەمدا ساڵی (١٩٧٧)ەوە، بەرز بۆتەوە لە ساڵی (١٩٨٧)دا بۆ ڕیزبەندی شەشەم لە سەر ئاستی باشووری کوردستان، دوای شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك، تەلەعفەر )[1] کەواتە تەنها یەك ناوەندی قەزا ژمارەی دانیشتوانی لە کەلار زیاترە بەپێی ئاماری سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ئەویش (تەلەعفەر)ە، لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لە ڕیزبەندی یەکەم دێ دوای ناوەندی پارێزگا، سەیری خشتەی ژمارە (٣٠) بکە :

١- د. عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠٠

خشتەی ژمارە (٣٠)

ڕیزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧)

| ناوی شارەکان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| موسڵ | ٦٦٤٢٢١ |
| هەولێر | ٤٤٥٩٣٧ |
| کەرکوك | ٣٩٩١٨٩ |
| سلێمانی | ٣٦٤٠٩٦ |
| دهۆك | ١١٤٣٢٢ |
| تەلەعفەر | ٩٠٨٨٥ |
| کەلار | ٦٣١٠٢ |
| زاخۆ | ٦٠٦٥٥ |
| چەمچەماڵ | ٥٠٣٠٠ |
| ڕانییە | ٤٩٩٨٦ |
| خورماتوو | ٤١٢٤١ |
| کۆیە | ٣٩٤٨٤ |

سەرچاوە: د. عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠٠

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە تادێ زیاتر دەبێت لە قەزابوونییەوە تاوەکو ساڵی (١٩٧٧) زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، کە گەیشتۆتە (٣٢،٠٥٪) تەنها لە ماوەی حەوت ساڵدا، هەر بۆیە بەپێی دوا ئامار و لە ساڵی (١٩٨٧)دا ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان گەیشتە (٢١،١٣٪) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە گەورەترین ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی تۆمارکردووە[1]، لە ڕیزبەندی یەکەم دێت بە بەراورد لەگەڵ قەزاکانی تری باشووری کوردستاندا، قەزای ڕانییە لە ڕیزبەندی دووەمدایە، وەك لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، سەیری خشتەی ژمارە (٣١) بکە :

١- دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠١٠

خشتەی ژمارە (٣١)

ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی کەلار بەراورد بە شارەکانی تری هەرێم (١٩٧٧-١٩٨٧)

| شـــــار | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٩٢٧٤ | ٦٣١٠٢ | ٪٢١,١٣ |
| ڕانییە | ٨٥٩٤ | ٤٩٩٨٦ | ٪١٩,٢ |
| چەمچەماڵ | ١٣٤٢٣ | ٥٠٣٠٠ | ٪١٤,١ |
| دهۆك | ٣٦٥١٢ | ١١٤٣٢٣ | ٪١٤,١ |
| کۆیە | ١٥٣١٩ | ٣٩٤٨٤ | ٪٩,٩ |
| هەولێر | ١٧٥٢٠٠ | ٤٤٥٩٣٧ | ٪٩,٧ |
| زاخۆ | ٢٨٥٣٦ | ٦٠٦٦٥ | ٪٧,٨ |
| سلێمانی | ١٧٥٤١٣ | ٣٦٤٠٩٦ | ٪٧,٥ |
| کفری | ١٠٧١٥ | ٢٢٠٢٦ | ٪٧,٤ |
| خورماتوو | ٢١٥٥٨ | ٤١٢٤١ | ٪٦,٧ |
| تەلەعفەر | ٥٧٤٨٣ | ٩٠٨٨٥ | ٪٤,٦ |
| دەربەندیخان | ٩٤٦٠ | ١٥٣٥٠ | ٪٤,٥ |
| کەرکوك | ٣٠٧٤٦٣ | ٣٩٩١٨٩ | ٪٢,٦ |

سەرچاوە: -دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل٧٢

ئەو ڕەوشە تەنگەژە و ئاڵۆزە سیاسی و سەربازییە کە حکومەتی ناوەندی عێراق لە ناوچەکانی کوردستان لەمەڕ گەلی کورد پیادەی دەکرد، بەتایبەتی ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتن و کۆچکردنی زۆرەملێ، ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە گەشەکردن و فراوانبوون و زیادکردنی دانیشتوانی کەلار بەم شێوەیە هۆکارەکانی دەخەینەڕوو:-

١- ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینە کوردەکانی قەزای خانەقی و ناوچەکانی تری ئەم دەوروبەرە پەرتەوازە و ئاوارەبوونیان لە شارەکانی کوردستان و باشوور و ناوەڕاستی عێراق، دواتر هاتنە کەلار و لەکۆمەڵگە زۆرەملێ و گەڕەکەکانی تری شاردا نیشتەجێبوون.

٢- ڕەوشی نائارامـی و نائاسـایی گونـدەکانی کـەلار و دەوروبـەری لـە سـەردەمی بزوتنـەوەی ڕزگاری خـوازی گەلەکەمانـدا.

٣ - شـەڕی عێـراق –ئێـران کـە درێـژەی هەبـووە تاوەکـو سـاڵی ١٩٨٨ بـووە هـۆی کۆچکـردنی ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتوان مەنـدەلی و خانەقـی و شـارە سـنوورییەکانی تـر بـە هـۆی تۆپبـاران و شـەڕ و شـۆڕەوە لـە کـەلار نیشـتەجێبوون.

٤- کۆچـی بەردەوامـی دانیشـتوانی گونـدەکانی بـەرەو شـار بەهـۆی جیـاوازی خزمەتگوزارییـەوە نائارامـی ناوچەکـە و چەنـدیـن فشـار و زەبـر و زەنـگ و چەنـدیـن ئابڵوقـە و تۆپبـاران لەلایـەن حکومـەتی ناوەندییەوە.

٥- گەڕانـەوەی زۆرێـك لـە ماڵـە پێشـمەرگەکانی شـۆڕشی ئەیلـول و ئـەو ئاوارانـەی کـە ئاودیـوی سـنووری ئێـران بـوون، یـان ئەوانـەی بەهـۆی ڕەوشی سیاسـییەوە دوورخرابوونـەوە بـۆ ناوچـەکانی خـوارووی عێـراق، ڕووخانـدنی گونـدەکانی سـەرجادە و نزیـك دەسـتەکانی کـەلار و کفـری لـە سـاڵی (١٩٨٧)دا، ڕاگواسـتن دانیشـتوانەکەی بـۆ شـاری کـەلار و دابەشـکردنی زەوی بـە سـەریاندا لـە ئـۆردوگای زۆرەملێـی (صمـود )دا.

٦- دوو بنـەی زۆرێـك لـە خەڵـکی لادێـکان لـە نـاو شـاردا بـە سـەر ئـەو هۆکارانـەی سـەرەوە خوێنـدنی منداڵەکانیـان و بژێـوی ژیانیـان.

گـەر بـە شـێوەیەکی گشـتی بڕوانینـە مـاوەی نێـوان (١٩٧٧-٢٠٠٢) ڕێـژەی زیادبـوونی سـاڵانەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار دەگاتـە (١٤،١) ئەمـەش ڕێژەیـەکی بـەرزە لەچـاو قـەزاکانی تـردا، هەروەهـا مـاوەی گەشـەکردنی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێـژەی زیـاد بوونـی سـاڵانەی دانیشـتوان دەکاتـە (٢١،١٣٪)، کەواتـە لـەو ماوەیـەدا (٥٣٨٢٨) کـەس زیـادی کـردووە، گـەر بەراوردێـك بکەیـن لـە ژمـارەی خانـوودا، لـە نێـوان ئـەو دە سـاڵەدا دەبینیـن ژمـارەی خانـووەکانی سـاڵی(١٩٧٧) ( ١٠٨٥)خانـووە و ژمـارەی خێزانیـش (١٤٥٧) خێزانـە، بـە مەرجێك تەنهـا سـێ گـەڕەك خراوەتـەڕوو (کـەلار کـۆن، بنگـرد، حەمـەی کەریـم)، بـەڵام سـاڵی (١٩٨٧) ژمـارەی خانـوو (٧٥٧١) خانـووە، ژمـارەی خێزانیـش (١٠٥٩١) خێزانـە[1]، کەواتـە جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دە سـاڵە دەکاتـە (٦٤٨٦) خانـوو، لـە سـاڵی (١٩٨٧)دا (٢٠٠٢) خێـزان کرێنشـینە کـە ڕێژەکـەی دەکاتـە (١٩،٥٪) لـە کـۆی دانیشـتوانی کـەلار، پشـت بەسـتن بـە هـەردوو خشـتەی ژمـارە (٢٨،٢٥) بەپێـی بەڕێوەبەرایـەتی ئامـاری سـلێمانی.

١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية.

# قۆناغی دووەم : ١٩٨٧ - ٢٠٠٢

ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) ترسناکترین قۆناغە لە باشووری کوردستاندا، تەنها لەو دوو ساڵەدا شارێك ژەهر باران کرا و چەکی کیمیایی تیادا تاقی کرایەوە، جیا لە هەندێ ناوچەی تر، هەروەها ڕووخاندنی (٤٥٠٠) گوند و قەزا و ناحیە بە ژمارە دواتریش کارەساتی ئەنفال کە تاوانی وا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نییە مەملەکەتێك لە ژێر لمداو (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێ گوناه ئەنفال دەکرێت، لەو دوو ساڵەدا شۆڕشی کوردیش زەبرێکی کاریگەری بەرکەوت، کەواتە دوو ساڵ پڕ کارەسات، دوو ساڵ مەرگهێنەر، کە کاریگەری لەسەر دانیشتوانی زۆربەی گوند و شارەکانی باشووری کوردستان هەبووە، لە ساڵی (١٩٨٧) وەکو قۆناغی یەکەم گوندەکانی سەرجادە و بەردەست ڕووخێنران بە تایبەت کورد نشینەکان ناحیەکانی قەرەتەپە و جەبارە و سەرقەڵا و دواتریش گوندەکانی ناحیەی کۆکس بە ناحیەکەوە کە هەموویان سەر بە قەزای کفرین ڕووخێنران، پاشان قۆناغی دووەم لە ساڵی (١٩٨٨) لە شاڵاوی بەناو ئەنفالدا بە چڕی کرایە سەر ناوچەکانی گەرمیان و ئەوانەش لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوون، بەشێکی زۆریان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، لە شاڵاوی ئەنفالدا کە زیاتر لە (١٢٦٦٨) کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت ( ١٧٤) گوند ڕووخێنران، حەوت قوتابخانە و سێ بنکەی تەندروستی و دەیان مزگەوت و ( ٤٦٠٦)خانوو، هەروەها ناحیەی تیلەکۆش بەتەواوی ڕوخێنرا بە دامودەزگا حکومەکانییەوە، ئەو گوندانەی سەر بە ناوەندی قەزای کەلار بوو (٢٤) گوند بوون، کە (١٧٩٦) خێزان بووە دەکاتە (٩٤٣٠) کەس، کۆی ئەنفالکراوەکان دەکاتە (٤٥٦٨) کەس، گەر سەرنجی خشتەی خوارەوە بدەیت، زۆرترینیان کەوتۆتە ناوەندی کەلارەوە (٤٥٦٨) کەس ئەنفالکراوە تەنها لە بیست و چوار گونددا، دواتریش ناحییەی پێباز دێ کە ژمارەی ئەنفالکراو دەکاتە (٤٤٢٠) کەس، کۆی گوندەکانی هەردوو ناحیەکە ژمارەیان (١٥٠) دێیە[1] دوای ڕووخاندنی گوندەکان هەردوو ناحیەی (پێباز و تیلەکۆ) هەڵوەشێنرایەوە و لکێنرایە ناوەندی قەزای کەلارەوە بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٣٢١ لە ١٩٨٧/٦/١١، ژمارە ٩١١ لە ١٩٨٧/١١/١٦[2] سەیری خشتەی ژمارە (٣٢) بکە.

١- زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، ل١٣٤

٢- وزارة الحكم المحلي، دليل الاداري للجمهورية العراقية، الجزء الاول (١٩٨٩-١٩٩٠)، ط١، ص٢٢٧

خشتەی ژمارە (٣٢)

ژمارەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزای کەلار ( ١٩٨٨)

| قەزاو ناحیەکان | کۆی گوندەکان | کۆی خانووەکان | کۆی خێزانەکان | کۆی دانیشتوان | کۆی ئەنفالکراو | کۆی قوتابخانە | کۆی نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تیلەکۆ | ٨١ | ١٣٦٤ | ١٤٠٩ | ٧٥٩٦ | ٣٦٨٠ | ٤ | ١ |
| پێباز | ٦٩ | ١٨٤٩ | ٢٠٠٣ | ٩١٢٤ | ٤٤٢٠ | ٥ | ١ |
| ناوەندی کەلار | ٢٤ | ١٣٩٣ | ١٧٩٦ | ٩٤٣٠ | ٤٥٦٨ | ٧ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٧٤ | ٤٦٠٦ | ٥٢٠٨ | ٢٦١٥٠ | ١٢٦٦٨ | ١٦ | ٣ |

سـەرچاوە: زیـاد عەبدولڕەحـمان، تـونی مـەرگ، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵێنـەوەی سـتراتیجیی کوردسـتان، چاپـی دووەم، ٢٠٠٤، ل ١٣٤

ئەوانـەش کـە لـە ژێـر چنگـی بەعـس دوای دەیـان گرفت و لەمپـەر ڕزگاریـان بوو لە ئـۆردوگای زۆرەملێـی (صمـود )دا نیشـتەجێکران ئـەو گوندانـەش لـە سـاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) ڕووخێـنران، بـەم شـێوەیە بـوو وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٤٠) هاتـووە، کـە گونـدەکانی سـنووری کفـری و کـەلاری لـە خۆگرتـووە، ژمارەیـان (٢٧٣) گونـدە و ژمـارەی خێزانیـش (٩٧٧٧) خێزانـە و ژمـارەی دانیشـتوانیش (٥٩٧٤٤) کەسـە، تەنها لـە سـاڵانی (١٩٨٧ -١٩٨٨) لـە هـەردوو قـەزای کـەلار و کفـری ژمـارەی گونـدە ڕووخـاوەکان دەکاتـە (٢٧٣) گونـد، هەروەهـا ژمـارەی خێزانەکانیـش دەکاتـە ( ٩٧٧٧) خێـزان و ژمـارەی دانیشـتوانیش گەیشـتۆتە (٥٩٧٤٤) کـەس [1] کـە (١٨٦) گونـدی سـەر بـە قـەزای کـەلارە و تەنهـا (٨٧) گونـدی سـەر بـە یەکـە کارگێڕییـەکانی قـەزای کفرییـە سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣٣) بکـە.

١- دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل٦٣

خشتەی ژمارە ( ٣٣ )

ئەو گوندانەی ڕووخێنران لە قەزاکانی کەلار و کفری ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨

| ناحیە | ژ. گوند | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| سەرقەڵا | ٢٥ | ٩٤٦ | ٥٢٥٠ |
| کۆکس | ٣٥ | ١٩٤٥ | ١١٦٥٢ |
| جەبارە | ٢٠ | ١١٤ | ٦٥٧٨ |
| قەرەتەبە | ٦ | ٤٢٨ | ٢٨٥٠ |
| مەرکەزی کەلار | ٢١ | ١٧٩٦ | ١٥٥٥٠ |
| تیلەکۆ | ١١٣ | ١٤١٦ | ٧٤٩٠ |
| پێباز | ٥٢ | ٢٠٢٢ | ١٠٣٦٤ |
| کۆی گشتی | ٢٧٢ | ٩٧٧٧ | ٥٩٧٤٤ |

سـەرچاوە :- دەربـاز محەمـەد، کـەلار لـە لادێـوە بـۆ شـار، چاپخانـەی چوارچـرا، چاپـی دووەم، ٢٠١٠، ل٦٣

بـەڵام دواتـر لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) گەشـەی دانیشـتوانی کـەلار گەیشـتووەتەوە بـۆ (٢،٦٪) ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆکاری ڕاپەڕینـی ئـازاری (١٩٩١) ئازادکـردنی زۆربـەی ناوچـەکانی باشـووری کوردسـتان، گەڕانـەوەی ئارامـی و ئاسـایش تـا ڕادەیـەك سـەقامگیری سیاسی هەلێـکی وای ڕەخسـاند، زۆرێـك لـە خەڵـکی لادێـکان بگەڕێنـەوە بـۆ زێـدی باوباپیریـان، کـە پێشـتر لـە ژێـر زەبروزەنـگ و زۆرەملێدا ڕاگوێزرابـوون، هـاوکات سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن و ڕاگواسـتن کـەم بـووەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـۆچ لـە ناوچـەکانی ژێر دەسـەڵاتی حکومەتی ناوەنـدەوە بـەردەوام بـوو، بەتایبـەتی ناوچـەکانی خورماتـوو و خانەقـی و دەوروبـەری، ئەمـەش دووبـارە کاریگـەری لەسـەر ژمـارەی دانیشـتوان هەبـووە لـە شـاری کـەلار، بـەڵام مخابـن شـەڕی ناوخـۆ کـە سـەراپای ناوچـەکان و زۆرێـك لـە حیزبـەکانی گرتـەوە، ڕەنگـی ناوچەکانیـش گـۆڕان، لـەو نێوەنـدەدا ژمارەیـەك لاوی جـوان کرایـە بـەرداشی شـەڕ و بوونـە سـوتەمەنی، جیـا لـە ئاوارەبـوون و ڕاگوێـزانی چەندیـن مـاڵ لەسـەر بیـروڕای جیـاواز، کەواتـە ئـۆردوگای

زۆرەملێـی ڕزگاری زۆربـەی دانیشـتوان گونـدەکانی قـەزای کفـری (ناحیـەکانی سـەرقەڵا و قەرەتەپـە و جەبـارە) دواتریـش زەندئابـاد و کـەلاری گرتەخـۆ، هەربۆیـە ئـەم جیاوازییـەی پێـوە دیاربـوو، دوو بەشـبوون ئـەوەی ناوەنـدی کـەلار و ناحیـە و گونـدەکانی (حکـم ذاتي) پێدەوتـرا، بەشـەکەی تریـش ئـەو گوندانـەی دەرەوەی حوکـم زاتـی بـوون پێیدەوتـرا شـاکەل، پاشـان هەنـدێ پیـر و بەسـاڵاچووی ئەنفـال گەڕانـەوە لـە زیندانـەکان لێـرە نیشـتەجێبوون، لەگـەڵ زۆرێـك لـەو گوندنیشـانەی کـە پێـش ئەنفـال هاتبوونـە سـنووری کـەلار، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ خەڵـکی بـێ دەرامـەت و هـەژار لـە بەرگـرانی زەوی و خانـوو لـە سـەنتەری کـەلاردا لـەم ئـۆردوگا زۆرەملێیـە نیشـتەجێبوون، هـەر بۆیـە تـادێ ژمـارەی دانیشـتوانی (صمـود) ڕوو لـە زیادبوونـە، دواتریـش بـە بڕیارێـك لـە سـاڵی (١٦/٣/١٩٨٨) کرایـە ناحیـە[1] ژمـارەی دانیشـتوان لـە سـاڵی (٢٠٠٢)دا گەیشـتە (٢٢٠٠٠) کـەس و ڕێـژەی (١٥،٦٪) دانیشـتوانی قەزاکـە پێکدەهێنن ئەوانـەی کـە پاشـماوەی ئەنفـال لـە ژێـر چنگـی بەعسـیان ڕزگار بـوون، لـە ئـۆردوگای زۆرەملێی (صمـود) نیشـتەجێکران، لـە دوای ڕاپەڕیـن و دامەزرانـدنی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان هەندێـك لـە گوندنیشـان گەڕانـەوە زێـدی باوباپیریـان، بـەڵام کام گونـد کـەلاوە و وێرانـە بەبـێ هیـچ خزمەتگوزارییـەك، زۆربـەی هـەرە زۆری خێزانـەکان لـە بەریـەك هەڵوەشـابوونەوە و زۆر خێـزان تەنهـا پیـرەژن و پیرەمێردێـك بـە بـێ منـداڵ مابوونـەوە، یـان چەندیـن منـاڵ بـێ سەرپەرشـتیار بـە بـێ دایـك و بـاوك و بـە بـێ خوشـك و بـرا، جیـا لـەوە چەندیـن خێـزان تەنهـا کەسـێکیان بـۆ نەمایـەوە و دێوەزمـەی ڕەشی بەعـس لووشـیدان، ئەمانـە و چەندیـن وێنـای تراژیـدی تـر لـەم مەملەکەتـەدا دەگـوزەرێ، بێگومـان ڕووداوەکان کاریگەرییـان لەسـەر بـەرز و نزمـی دانیشـتوان هەیـە، ڕێـژەی دانیشـتوانی کـەلار بـە ڕێـژەی (٤،٢) ئـەم ڕێژەیـە گەشـەیەکی ئاسـاییە، لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئامـاری ورد و درووسـت نیـن بـۆ سـاغکردنەوە و دەرخسـتنی ڕاستییەکان، هەرچەنـدە دواتریـش کۆچکـردن لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی ناوەنـد بـەردەوام بـوو، دوای ڕاپەریـن و ماوەیەکیـش گفتوگـۆی نێـوان بـەرەی کوردسـتانی و حکومـەتی ناوەنـد، خەڵـکی کوڵەجـۆ ئـەوەی کـە مابوونـەوە ڕاگوێـزران و هاتنـە کـەلار و ناحیـەی ڕزگاری نیشـتەجێبوون، کـە ئەمانـەش کاریگەرییـان هەبـوو لەسـەر گەشـەکردنی دانیشـتوانی کـەلار، بۆیـە دەبینیـن لـە دوا ئامـاردا لـە سـاڵی (٢٠٠٢) ژمـارەی دانیشـتوان گەیشـتە (٩٣١٠٥) کـەس، ئـەم ئامـارە فەرمـی نییـە، لـە پانـزە سـاڵی ڕابـردوودا سـەرژمێری ئەنجـام نـەدراون، ژمـارەی ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە ناوچـەی ناوەڕاسـت و باشـوور و دەوروبـەرەوە بـەرەو کـەلار هاتبـوون،

---

١- د. عبدالله غفور، التشکیلات الادارية في جنوب کردستان، مطبعة شڤان، سليمانية، سنة ٢٠٠٥، ص ٧٥

ژمارەیـان تـا دەهـات ڕوو لـە زیادبووندابـوو بەهـۆی زەبروزەنگـی ڕژێمـی بەعسـەوە، هـەر چەنـدە لـە دوای دامەزرانـدنی حکومـەت هەرێـم، حکومـەتی ناوەنـد گەمارۆی خسـتە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، ئەمـەش کاریگـەری زۆری هەبـوو، ڕەوشـی ئابووری خەڵـك خـراپ بـوو گـرانی ئامادەیـی هەبـوو، دواتریـش شـەڕی ناوخـۆ هێنـدەی تـر کاریگـەری لەسـەر تـەواوی کایـەکان هەبـوو، زۆرێـك لـە گەنجـان بـەرەو هانـدەران کۆچیـان کـرد، لـە بـواری تەندروسـتی و پـەروەردەدا هەنـدێ جوڵـە هەبـوو ڕێکخـراوە مرۆیـی و بیانییەکانیـش هاوکاربـوون لـە ناوەڕاستی نەوەدەکانـدا کردنـەوەی پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان، ڕۆڵـی گرنگـی هەبـوو لـە ساتەوەختی دامەزراندنیـدا، تـوانی تاڕادەیـەك کێشـەی نەبـوونی مامۆسـتا چارەسـەر بـکات، دواتریـش بـووە هەوێنـی کۆلێـژی بنـەڕەتی کـەلار، هـەر لـەو کاتـەدا پەیمانـگای کشـتوکاڵی کـەلار بنیادنـرا تەنهـا (٢) بـەش بـوو، دواتـر بڕیـاری گۆڕینـی (پەیمانـگای کشـتوکاڵ) ی لـە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە بـۆ (پەیمانـگای تەکنیـکی) دەرکـرا و لـە بەشـەکانی (کارەبـا، بەروبوومـی کێڵگەیـی و باخـداری) پێکهـات دواتریـش پەرسـتاری لـە سـاڵی ١٩٩٧ لـە سـەر بینایـەکی ئامادەیـی پیشەسازیدا بەڕێوەدەچـوو، دواتـر لـە سـاڵی (٢٠٠٠) جگـە لـە فراوانکـردن ڕووبـەری پەیمانگـە درووسـتکردنی نهۆمـی دووهەمـی پەیمانگـە و یانـەی خوێنـدکاران و بەشـە ناوخۆیـی بـۆ خوێنـدکاران دواتریـش کردنـەوەی بەشـەکانی ڤێتێرنـەری، بەشی (کارگێڕی کارو شـیکاری نەخۆشـییەکان، ژمێریـاری بـە جۆرێـك حـەوت بـەشی زانسـتی لـە خۆدەگرێـت، دووبـەش مرۆیـی کـە بەشـی (کارگێڕی کار و ژمێریـاری) کردنـەوەی هـەردوو پەیمانگاکە ڕۆڵی کاریگەرییـان هەبـوو بـۆ گەرمیـان بـە گشـتی و شـاری کـەلار بـە تایبـەتی لـە ڕووی پـەروەردە و زانسـت و ڕۆشـنبیرییەوە، هەروەهـا کاریگـەری لـە گەشـەکردن و فراوانبوونـی شـاری کـەلار و ڕاکێشـانی چەندیـن مامۆسـتا و خوێنـدکار لـە تـەواوی شـارەکانی تـرەوە بـۆ نـاو کـەلار، لەو ساڵانەشـدا بڕیـاری (٩٨٦) نـەوت بەرامبـەر خـۆراك، ڕۆڵـی گـەورەی بینـی لـە بووژانـەوەی خەڵـك و دابینکـردنی هـەلی کار و جووڵەیـەکی ئابـووری گـەورە دەرکـەوت بـە جیاوازی لەگـەڵ ڕابـردوودا، لـە درووسـتکردنی قوتابخانـە و بنکـەی تەندروسـتی و نۆژەنکردنـەوەی دامـودەزگا حکومییـەکان، ئەمانـەش کارتێکـردنی هەبـوو لەسـەر شـاری کـەلار لـە ڕووی درووسـتکردنی ئـاوەڕۆ و پـرۆژەکانی ئـاو و کارەبـا و هێڵـی تەلەفـۆن و دواتریـش چیمەنتـۆ و قیرتاوکـردنی کۆڵانـەکان، سـاڵی (١٩٩٩) لەلایـەن شـارەوانییەوە کۆمەڵێـك پارچـە زەوی دابەشـکرا، لە گەڕەکی شـەهیدان (٥٠٠) پارچـە لـە گـەڕەکی خەبـات (١٢٠٠) پارچـە زەوی و گـەڕەکی مامۆسـتایان نزیکـەی (٨٠٠) پارچـە زەوی، هەروەهـا (١٠٠٠٠) زەوی لە گەڕەکەکانی نەورۆز و بەردەسوور و

شارەوانی (١، ٢) و ئەنفالەکان و ڕزگاری و ئاوارەکان و گەرمیان، ئەمانەش هێندەی تر سەنتەری شاری بەرەو فراوانبوون برد و گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، جیا لەوە هەندێ گەڕەکی تر بەشێوەی هەڕەمەکی کە زیادەڕۆیان کردە سەر زەوی شارەوانی درووستکرا، کە پێکهاتووە لە حەمرین و مەتارەکە و دەوروبەری شێروانە و گەڕەکی سیروان و کەلاری کۆن، بڕیاری (٩٨٦) کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بزاوتی ئابووری و ڕەوشی کوردستان و گەشەکردن و پێشکەوتن لە هەموو ڕوویەکەوە، هەربۆیە دەبینین لە دوا ئاماردا لە ساڵی (٢٠٠٢) ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٩٣١٠٥) کەس، بە پێی خشتەی ژمارە (٣٤) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کەمترە، هەرچەندە تەنها (٩) گەڕەك خراوەتە ڕوو، لە کاتێکدا ئەو گەڕەکانە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ئامادەییان بووە، باشترین بەڵگە ئەو داتانەی لە سەرەوە خرانەڕوو کە هەزاران زەوی دابەشکراون لە گەڕەکەکانی شەهیدان و بەردەسوور و شارەوانی ( ٢، ١) و نەورۆز و ئەنفالەکان و...هتد جگە لە درووستکردنی سەدان خانوو بە زیادەڕۆیی لە گەڕەکەکانی حەمرین و شێروانە و سەر ڕووباری سیروان و لیواکە و مەتارەکە کەلاری کۆن زۆر شوێنی ترو هەروەها درووستکردنەوەی گەڕەکەکانی گازینۆ و گۆران کە لە ساڵی (١٩٨٨)دا لەگەڵ لادێکاندا ڕووخێنران، کە تەنها گەڕەکی گازینۆ (٢٦١٣) خێزان بووە، بەپێی ئاماری شارەوانی لە مایسی (٢٠٠٠)دا، هەروەها بەپێی هەمان ئاماری شارەوانی کە ئەو دەمە بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا کۆی دانیشتوانی (ئاوارەکانی کوڵەجۆ و مەتارەکە و تەقوییەکە) ژمارەی دانیشتوانییان دەکاتە (٥٨٦٣) کەس، کەواتە تەنها (٩) گەڕەك ژمارەی دانیشتوانی (٩٠٥١٩) کەس بووە، ئیتر دوای دابەشکردنی ئەو زەوییانە و درووستبوونی چەند گەڕەکێکی نوێ و ئەو هەموو زیادە ڕۆییە، یان ڕووخاندنی (١٨٦) گوند و ناحیەی تیلەکۆ، جگە لە گوندەکانی تر لە ناحیەکانی (سەرقەڵا و کۆکس و قەرەتەپە و جەبارە) دواتریش کوڵەجۆ بەرەو کوێ چوون؟ حاشا هەڵنەگرە بەهۆی زەبروزەنگی حکومەتی ناوەندەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ڕووخاندنی حکومەتی بەعس، هەزاران خێزان لە ماوەی ئەو (١٢) ساڵەدا ئاوارەبوون و لە کەلاردا نیشتەجێبوون، لەکاتێکدا بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی کەلار بریتی بووە لە (٨٢٠٠٤) کەس قەزای کەلاریش دانیشتوانەکەی (٨٩١١٣) کەس بووە، بە هەموو پێوەرەکان ئاراستەی کۆچ پۆزەتیڤ و بەرەو کەلار بووە، ئیدی خێرە ژمارەی دانیشتوان بەو شێوە بێت، کە لە خشتەکەدا هاتووە، وێڕای ئەو تێبینیانەی لە سەرەوە خرانە ڕوو، سەیری خشتەی ژمارە (٣٤) بکە:

خشتەی ژمارە (٣٤)

ژمارەی خێزان و خانوبەرە و دانیشتوان و خوێندنگە و مزگەوت و نەخۆشخانە
بەپێی گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی (٢٠٠٢)

| گەڕەك | خێزان | | خانوبەرە | | دانیشتوان | | | خوێندنگە | | | | تەندروستی | | مزگەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە ٪ | ژمارە | ڕێژە ٪ | ژمارە | ڕێژە ٪ | باخچەی ساوایان | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | پەیمانگا | نەخۆشخانە | بنکەی تەندروستی | |
| فەرمانبەران | ١٧٨٥ | ١١،١ | ١٦٠٥ | ١١،١ | ١٢٦٧٥ | ١٤ | - | ٢ | ١ | ١ | ١ | - | - | - |
| بنگرد | ٢٥٢٦ | ١٥،٦ | ٢٢٧٢ | ١٥،٦ | ١٣٦٩٣ | ١٥،١ | ١ | ١ | ١ | - | ١ | - | ١ | ١ |
| شێروانە | ١١٩٦ | ٧،٤ | ١٠٧٥ | ٧،٤ | ٦٤٨٣ | ٧،٢ | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ |
| شۆڕش | ٤٣١٠ | ٢٦،٧ | ٣٨٧٦ | ٢٦،٧ | ٢٣٣٦٢ | ٢٥،٨ | ٢ | ٣ | ١ | ١ | - | - | - | ٢ |
| سەرکەوتن | ١٧٣٦ | ١٠،٧ | ١٥٦١ | ١٠،٧ | ٩٤١٣ | ١٠،٤ | - | ١ | - | - | - | ١ | - | ١ |
| سیروان | ١٤٣٠ | ٨،٨ | ١٢٨٦ | ٨،٨ | ٧٧٥٤ | ٨،٥ | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| بەردەسوور | ٦٥٩ | ٤،١ | ٥٢٩ | ٤،١ | ٣٥٧٤ | ٣،٩ | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ |
| گازینۆ | ٧٩٤ | ٤،٩ | ٧١٤ | ٤،٩ | ٤٣٠٧ | ٤،٨ | - | ٢ | - | - | - | - | - | ١ |
| کەلار کۆن | ١٧٠٨ | ١٠،٦ | ١٥٣٦ | ١٠،٦ | ٩٢٥٩ | ١٠،٢ | - | ٢ | - | ١ | - | - | ١ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٦١٤٤ | ١٠٠ | ١٤٥١٧ | ١٠٠ | ٩٠٥١٩ | ١٠٠ | ٣ | ١٣ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٢ | ٩ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

# قۆناغی سێیەم ٢٠٠٢ - ٢٠١٢

لـە پـاش ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس و پرۆسـەی ڕزگاری عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٠٣) لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیمانانـەوە دۆخێکیـتر هاتـە کایـەوە، ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی بەعـس ڕزگاربـوون، ئەوانـەی دوێنـێ تـووشی ڕاگواسـتن و تەعریـب بـوون، لـە شـاری کـەلار نیشـتەجێبوون، هەندێکیـان گەڕانـەوە، حاشـا هەڵنەگـرە ئـەو گۆڕانـە سیاسـییە کاریگـەری زۆری لەسـەر شاری کـەلار هەبـوو لـە ڕووی سیاسـی و ئابوورییـەوە، ئیـدی تـرس و دڵەڕاوکـێ تاڕادەیـەك ئاوابـوو، دانیشـتوان زیاتـر هەسـتیان بـە ئارامـی و سـەقامگیری دەکـرد لـەم ناوچانـەدا، دابەشـکردنی زەوی کـە لـە کۆتایـی نەوەتـەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە دەسـتی پێکردبـوو، بـووە هـۆی زیادبـوونی چەندیـن گـەڕەك (نـەورۆز، ئەندازیـاران، مامۆسـتایان، ئـاوارەکان، ئەنفالـەکان، شـەهیدان، ڕونـاکی، گەرمیـان، ڕزگاری، شـارەوانی یـەك و شـارەوانی دوو، جووتیـاران، مـرواری، خەبـات، کـەلاری نـوێ، ناوچـەی پیشەسازی) ئەمـەش بووەهـۆی دروسـتکردنی خانـوو بـە نەخشـەی نـوێ و باڵەخانـەی بـەرز، لـە بـواری خزمەتگوزارییـدا زۆرێـك لـە گەڕەکـەکان ئـاو و ئـاوەڕۆ و کارەبـا و کۆنکریـت و قیرتـاو و شـەقامی جـووت سـاید و باخچـە و پـارکی گـەورە و دروسـتکردنی چەندیـن قوتابخانـە و کردنـەوەی کۆلیژی پـەروەردە و پـەروەردەی بنـەڕەتی و دواتریـش لـە سـاڵیادی ئەنفالـدا دامەزرانـدنی بـەردی بناغـەی زانکـۆی گەرمیـان، کردنـەوەی دەرگایـەکی گـەورەی بـازرگانی کـەلار بـووە سـەنتەرێکی گـەورەی سـاغکردنەوەی کاڵاکان و هەناردەکـردنی بـۆ خـوارو و ناوەڕاسـتی عێـراق، لـە سـاڵی (٢٠٠٣) و سـاڵانی دوایـی و تـا دەهـات ژمـارەی دانیشـتوانی کـەلار ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕووی لـە زیادبوونـدا بـوو، هـەر بۆیـە لـەم ساڵەدا و ساڵانی دوایـی و تـا ئێسـتاش ڕێـژەی دانیشـتوان زیاد دەکات، ڕەنگـە خوێندنـەوەی زۆرێـك لـە چاودێـران پێـان وا بـوو، دوای ڕووخانـدنی حکومـەتی عێـراق ڕێـژەی دانیشـتوانی کـەلار بـە شـێوەی بەرچـاو دادەبەزێـت، یـان کەمـدەکات، بـە بیانـووی ئـەوەی خەڵـکی لادێـکان و ئـاوارەکان دەگەڕێنـەوە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣٥) بکەیـن لـە سـاڵی (٢٠٠٣) جیـا لـەوەی ڕێژەکـە بەرزبۆتـەوە، (١٩١) خێـزان کۆچیـان کـردووە و هاتوونەتـە نـاو شـاری کـەلار لـە سـاڵی (٢٠٠٤)دا زیـادی کـردووە، بـۆ (١٩٤) مـاڵ کۆچیـان کـردووە و بـۆ شـارەکە، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە ڕەوشی ئاسـایش و نائارامـی ناوەڕاسـتی عێراقـەوە هەبـووە و تـا ئێسـتاش هەیـە بـە تایبـەت پارێـزگاکانی (دیالی و صلاح الدیـن و بەغـدا) و ناوچـەکانی تـر بەهـۆی نائارامـی و کێشـەی مەزهەبییـەوە، جیـا لـە

ڕەوشی ئابووری و بێكاری و دیسانەوە زوڵم و زۆری دەسەڵاتی مەزهەبی و گرووپە چەكدارە توندڕەوەكان، هەر بۆیە ژمارەی خێزانە هاتووەكان بەردەوام زیاد دەكات، لە ساڵانی (٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧) بەرز دەبێتەوە یەك لە دوای یەك (٤٦٨، ٦٧٢، ٦٣٣) هەرچەندە ساڵی (٢٠٠٨) دەگاتە (٦٨٦) خێزان كە (١١٨) ماڵی عەرەبە و (٢) ماڵی توركمان و (٥٦٦) ماڵی كوردە، تادێ ژمارەی دانیشتوانی كەلار ڕوو لە زیادبوونە، كۆچیش بەردەوامبوو، تەنها لە ساڵی (٢٠١٢)دا (٤٧٣) ماڵ هاتوونەتە كەلار كە (٤٠٩) ماڵیان عەرەبە و (٦٠) ماڵ كورد و (٤) ماڵ توركمان، لە ساڵی (٢٠٠٧) گەورەترین ژمارەی تۆمار كردووە كە (١٠٢٨) ماڵ هاتوونەتە كەلار كە (عەرەب و كورد و توركمان)ن، كەواتە كۆی خێزانە هاتووەكان لە دوای پرۆسەی ڕزگارییەوە دەكاتە (٤٨٤١) خێزان كە (٢٣٨٧) ماڵی عەرەب و كوردیش (٢٤٣٨) ماڵ و توركمانیش تەنها (١٦) خێزانە[1] كۆچكردن درێژەی هەیە و ڕۆژ نییە، چەند ماڵێك بار نەكەن بۆ كەلار و لەم شارەدا جێگیر نەبن، ئەوانەش دێنە كەلار ئیدی لێرە نیشتەجێ دەبن و زۆریشیان ناگەڕێنەوە، سەیری خشتەی ژمارە (٣٥) بكە :

خشتەی ژمارە (٣٥)

خێزانی هاتوو بۆ شاری كەلار ٢٠٠٣-٢٠١٢

| ساڵ | ماڵی عەرەب | ماڵی كورد | توركمان | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣-٢٠٠٦ | ١٩٤ | ١٠٣٣ | - | ١٢٢٧ |
| ٢٠٠٧ | ٩٦٤ | ٥٠٥ | ٩ | ١٤٧٨ |
| ٢٠٠٨ | ١٥٦ | ٦٣٨ | - | ٧٩٤ |
| ٢٠٠٩ | ١٤٩ | ١١٠ | - | ٢٥٩ |
| ٢٠١٠ | ٢١٨ | ٤٤ | - | ٢٦٢ |
| ٢٠١١ | ٢٩٧ | ٤٨ | ٣ | ٣٤٥ |
| ٢٠١٢ | ٤٠٩ | ٦٠ | ٤ | ٤٧٣ |
| ٢٠٠٣-٢٠١٢ | ٢٣٨٧ | ٢٤٣٨ | ١٦ | ٤٨٤١ |

سەرچاوە: یاریدەدەرێتی ئاسایشی كەلار، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠١٣

١- یاریدەدەرێتی ئاسایشی كەلار، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠١٣

وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، گەشـەی سـاڵانەی دانیشـتوان لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢) کـە گوزارشـت لـە چـل و دوو سـاڵ تەمـەنی ئـەم شـارەدا دەکات، وێـڕای تێبینـی زۆرمـان لەسـەر ئـەو ئامارانـە و سـاڵانی دوایـش لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتاندا، کـە گەشـەکردنێکی بەرچـاوی بەخۆییـەوە بینیـووە، کـە هاوشـێوەی نەبـووە لـە ئاسـتی عێراقـدا لـەو سـیاقە زەمەنییـەدا، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-١٩٧٧) تەنهـا لـەو حـەوت سـاڵەدا (٣٢،٥٪) گەشـەی کـردووە و لـە مـاوەی (١٩٧٧-١٩٨٧)دا گەشـەکردنەکە گەیشـتۆتە (٢١،١٣٪) هەروەهـا سـاڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢) دووبـارە بەهـۆی نائارامـی و شـەڕ و پشـێوی ناوچـەکانی ناوەڕاسـت و ناوچـە کوردییـە دابڕێـنراوەکان چەندیـن خێـزان وەك لـە سـەرەوەدا ئاماژەمـان بـۆ کـرد، هاتوونەتـە ئـەم شـارە ڕێـژەی گەشـەکردنەکە دەکاتـە (٧،١٪)، دواجاریـش لەمـاوەی (١٩٧٠-٢٠١٢) دەکاتـە (١٢،٥٪) سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣٦) بکـە :

خشتەی ژمارە (٣٦)

گەشەی ساڵانەی دانیشتوان (١٩٧٠-٢٠١٢)

| ژ | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | تێکڕای گەشەی ساڵانە | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ماوە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | ١٩٧٠ | ١٣٢٤ | ١٩٧٠ - ١٩٧٧ | ٣٢،٥ |
| ٢ | ١٩٧٧ | ٩٢٧٤ (١) | ١٩٧٧ - ١٩٨٧ | ٢١،١٣ |
| ٣ | ١٩٨٧ | ٦٣١٠٢ (٢) | ١٩٨٧ – ٢٠٠٢ | ٢،٦ |
| ٤ | ٢٠٠٢ | ٩٣١٠٥ (٣) | ٢٠٠٢ - ٢٠١٢ | ٧،١ |
| ٥ | ٢٠١٢ | ١٨٤٩٧٣ (٤) | ١٩٧٠ – ٢٠١٢ | ١٢،٥ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە: ١- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان، لسـنة ١٩٧٧، محافظـة السـليمانية.

٢- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان لسـنة ١٩٨٧، محافظـة السـليمانية.

٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٤- ئەنجومەنی گەڕەکەکانی شار

شێوەی ژمارە (٤)

ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-٢٠١٢




سەرچاوە :کاری توێژەر  پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٣٦)

گـەر سـەیری خشـتەی خـوارەوە بکەیـن تەنهـا (١٨) گەڕەکـی تێدایـە، کەواتـە هەمـوو گەڕەکـەکان لەخـۆ ناگرێـت، چونکـە گەڕەکـەکان لـەوە زیاتـرن، بەپێـی ئـەم خشـتەیە کـۆی خانـووەکان (٢٤٩٨٠) خانـووی نیشـتەجێبوونە و کـە (١٦٩٤) خانـووی کرێیـە، جگـە لـە شـوقەکان کـە (٣٤٩)یـە و (٧٣)یـان کرێیـە کەواتـە کـۆی هەمـووی (٢٥٣٢٩) ئەگـەر بـەراوردی بکەیـن لەگـەڵ سـاڵی (٢٠٠٢) کـە ژمـارەی خانووەکانیـان (١٦١٤٤)ـە و خانووی کـرێ (١٦٢٧)، لـە کاتێکـدا ژمـارەی دانیشـتوانی (٩٣١٠٥) بـووە کەواتـە جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دە سـاڵەدا دەکاتـە (٩١٨٥) خانـوو زیـادی کـردووە وەکـو لـە سـەرەوە ئاماژەی بـۆ کـرا تەنها (١٨) گەڕەکی لـە خـۆ گرتـووە بـەڵام جیـاوازی ژمـارەی دانیشـتوان (٩١٨٦٨) ڕێـژەی گەشـەی سـاڵانەی

دانیشـتوانیشی دەکاتـە (٧,١) گـەر سـەرنجی خشـتەکە بدەیـن، تەنهـا گـەڕەکی شـەهیدان (٦٢٦٤) خانـوو لـە خـۆ دەگرێـت، کـە لـە ڕیزبەنـدی یەکـەم دایـە زۆرتریـن خانـووی کـرێ لـەم گەڕەکەدایـە کـە کـۆی (٤٣٠) خانـوو گـەڕەکی کـەلاری کـۆن کـە کۆنترین گەڕەکـە لـە ناوچەکـەدا لـە ڕیزبەنـدی دووەمدایـە، کـۆی خانـووەکانی (١٩١٧) خانـووە، زۆرتریـن خانـووی کـرێ لـە گـەڕەکی شـەهیدانە، کـە ژمارەیـان (٤٣٠) خانـووە کەمتریـن خانـووی کـرێ لـە نـاو بازاڕدایـە، کـە ژمارەیـان (١٩) خانـووە، کەمتریـن خانـوو لـەم گەڕەکەیـە کـە ژمارەیـان (٦٥) خانـووە، سـەرجەم شـووقەی نیشـتەجێبوون (٣٤٩) شـووقەیە، ژمـارەی دوکانـەکان لەنـاو شـاردا (٧٦٤٩) کەواتـە بەگوێـرەی ئـەو ژمارەیـە کاسـبکار هەیـە، کـە ئەمیـش ڕێـژەی (٢٤،١) دەکات هەرچەنـدە مانـای وانییـە کـە هـەر دوکانێـك یـەك خێـزان لـە سـەری دەژیـن، بـەڵام لێـرەش داتـاکان بـە ئاسـانی نایەنـە بەردەسـت لەبـەر زۆر هـۆکار، دیـاری ترینیـان زۆرجـار لەبەرئـەوەی بـاج نەدرێتـە دەوڵـەت، ڕاستییەکان دەشارنەوە، بـە تایبـەت لەسـەر کرێنشـین، ئیـدی خانـوو بێـت یـان دووکان یـان هـەر موڵکێـکی تـر بەپێـی ڕێککەوتنێـك لـە نێـوان خاوەن موڵـك و کـرێ وەك لـە خشـتەکەدا دیـارە زۆرێـك لـە دوکانـەکان لـە نـاو جەرگـەی شـاردان، واتـا بـازاڕی دێریـن و سـەرەکی شـار کـە دەکەوێتـە نێـوان گەڕەکـەکانی (بنگـرد و شـێروانە) و (بنگـرد و فەرمانبەران)ــەوە کـە ژمارەیـان (٣٢٤٠) دانەیـە دواتـر گـەڕەکی پیشەسـازی لـە ڕیزبەنـدی دووەم دێـت کـە (١٣٢٤) دوکانـە گـەڕەکی شـەهیدانیش (٩٩٤) دوکانی تێدایـە، لـە ئێسـتادا زۆرێـك لـە گـەڕەکانی بـازاڕی تێدایـە، بـە تایبـەتی سەرشـەقامەکان، کـە ئێسـتا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ دەبێتـە بـازاڕ و دوکان و شـوێنی بـازرگانی، کـە ئەمیـش پەیوەنـدی بـە داهـاتی تـاك و ئـەو ئاڵوگـۆڕە بازرگانییـەوە هەیـە کـە لـەم شـارەدا ئامـادەی هەیـە، کـە خەمڵاندنـی بـە سـەدان ملیـۆن دۆلار ڕۆژانـە دەخەمڵێنرێـت، هـەر بۆیـە لـەم شـارەدا ژمـارەی کـۆگاکان گەیشـتۆتە (٧٨٥) کـە تەنهـا گـەڕەکی شـەهیدان (١٨٧) کـۆگای تێدایـە، کـە لـە ڕیزبەنـدی یەکەمدایـە، دواتریـش گـەڕەکی بنگـرد دێـت، لـە ڕیزبەنـدی دووەم دێـت ئەویـش (١٠٨) دانەیـە بـە هەمـان شـێوە (١٣٦) ژێـر زەمینـی تێدایـە کـە زۆرێـك لـە مانەیـش بـۆ مەبەسـتی بـازرگانی بەکاردێـت، شـەهیدان زۆرتریـن ژێرزەمیـن لـە خـۆ دەگرێـت، کـە ژمارەیـان دەگاتـە (٣٠) ژێرزەمیـن[1] ژمـارەی ئوتێلەکانیـش لـەم شـارەدا جگـە لـە شـێروانە پـالاس، سـێ ئوتێـلی تـری تێدایـە، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣٧) بکـە:

١- بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٢

خشتەی ژمارە (٣٧)

ناوی گەڕەك و خانووی نیشتەجێبوون و کرێ و شووقە و دوکان و ژێرزەمین بۆ ساڵی ٢٠١٠

| ناوی گەڕەك | خانوو نیشتەجێ | خانوی کرێ | کۆی خانووەکان | شوقەی نیشتەجێ | شوقەی کرێ | کۆی شوقە | دوکان | کۆگا | ژێرزەمین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بازاڕ | ٦٥ | ١٩ | ٨٤ | ٦٥ | ٣٧ | ١٠٢ | ٣٢٤٠ | ١٦ | ٥٤ |
| فەرمانبەران | ١٢٢٧ | ١٢٨ | ١٣٥٥ | ٦٨ | ٢٠ | ٨٨ | ٢٧٨ | ٢٥ | ١٤ |
| بنگرد | ١٠٩٨ | ١١٢ | ١٢١٠ | ٩٨ | ٣ | ١٠١ | ٢٥١ | ١٠٨ | ٢٠ |
| شێروانە | ٦٣٥ | ٩٤ | ٧٢٩ | - | ٤ | ٤ | ٦٠ | ٣٩ | ١٠ |
| سیروان | ١٥٠٧ | ٧٤ | ١٥٨١ | ٥ | ١ | ٦ | ١٩٤ | ٥٤ | ٨ |
| شۆڕش١ | ٨٠٨ | ١٢٧ | ٩٣٥ | ٢ | ١ | ٣ | ١٤٦ | ٣٧ | - |
| شۆڕش٢ | ٧٠٥ | ١٣٠ | ٨٣٥ | ١ | - | ١ | ١٠١ | ١٨ | - |
| کەلاری کۆن | ١٧٨٠ | ١٣٧ | ١٩١٧ | ٥ | - | ٥ | ٢٢٠ | ٥ | - |
| ڕاپەڕین | ٨٣٠ | ٩٩ | ٩٢٩ | ٥ | ٧ | ٥ | ٧٨ | ٢٨ | - |
| شەهیدان | ٥٨٣٤ | ٤٣٠ | ٦٢٦٤ | ٢٧ | - | ٣٤ | ٩٩٤ | ١٨٧ | ٣٠ |
| بەردەسوور | ٩٠٩ | ٥٢ | ٩٦١ | - | - | - | ٥٣ | ٦٦ | - |
| گازینۆ | ١٤٤٦ | ٩٧ | ١٥٣٤ | - | - | - | ١١٩ | ٤٥ | - |
| ئازادی | ١٦٤١ | ٧٩ | ١٧٢٠ | - | - | - | ٦١ | ٣ | - |
| سەرکەوتن | ١٢٥٠ | ٦١ | ١٣١١ | - | - | - | ١٦٤ | ٤٩ | - |
| گردەگۆزینە | ١٣٣٠ | ٢١ | ١٣٥١ | - | - | - | ٢٢٣ | ٣ | - |
| کوڵەجۆ | ١٢٨٧ | ٣٤ | ١٤٢١ | - | - | - | ١٤٣ | ٢ | - |
| پیشەسازی | - | - | - | - | - | - | ١٣٢٤ | - | - |
| گوندی ئەڵمانی | ٩٣٤ | - | ٩٣٤ | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | ٢٣٢٨٦ | ١٦٩٤ | ٢٤٩٨٠ | ٢٧٦ | ٧٣ | ٣٤٩ | ٧٦٤٩ | ٦٨٥ | ١٣٦ |

سەرچاوە :- بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٢

لـەم شـێوەیەی خـوارەوەدا هاتـووە لەمـەڕ خاوەنداریێتـی خانـوو لەلایـەن دانیشـتوانەوە، هەروەهـا کـرێ و جـۆرەکانی تـر، لێـرەدا ناوەنـدی پارێـزگا و تـەواوی قـەزاکان خراوەتـەڕوو، کـە خاوەنداریێتـی لـە کـەلار ڕێژەکـەی (٨٠٪)دا، جـۆری تریـش (٤٪)دایـە، کـە مەبەسـت لـە خانـووی بـێ تاپـۆ و خانـووە حکومییـەکان و..هتـد، ئەمـە و کـۆی کرێنشـینان ڕێژەکـەی دەگاتـە (١٦٪)، کـە لـە سـاڵانی پێشـوو بـە پێـی قۆناغـەکان چەنـد جارێـك ژمارەی کرێنشـینان ژمـارەی خانـوو پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، سـەیری شـێوەی ژمـارە (٥) بکـە :

شێوە ژمارە (٥)

کرێنشین و خانوو لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ٢٠١٣

# پێشبینیکردن و زیادبوون و گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە سالانی (٢٠٢٠ - ٢٠٤٥)

پشتبەستن بە سەرژمێری و داتاکان کە لەم بەشە و هەندێك بەشی تردا خراوەتەڕوو، هەوڵدەدەین زیادبوونی ئایندەی دانیشتوان تاوەکو ساڵی (٢٠٤٥) دیاری بکەین، سەرژمێری و ئەژمارکردنی دانیشتوان دەبوو دە ساڵ جارێك ئەنجام بدرایە، دوا سەرژمێری لە باشووری کوردستان کە هەموو ناوچەکانی گرتەوە ساڵی (١٩٨٧) بوو، ئیدی لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرژمێری ئەنجام نەدرا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا پرۆسەی ڕزگاری عێراق نیسانی (٢٠٠٣) حکومەتی ناوەند هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان نەبوو، حکومەتی هەرێمیش سەرژمێری ئەنجام نەدا، تەنها پشت بە فۆرمی خۆراك دەبەستێت، کە ئەمیش کەموکوڕی زۆری تێدایە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو، هەموو شارێك هەندێ پێداویستی هەیە ئەویش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندی شارەکەیە، باشتر وایە کە پلان و ژمارەی ئایندەی دانیشتوانی ئەم شارە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی جۆر و قەبارە و ژمارەی پێداویستییەکان لە ئێستاوە پەنجە بخرێتە سەریان، بۆیە هەوڵدەدەین لەم بابەتەدا ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار دیاری بکەین، ئەویش پشتبەستن بەو ئامارانەی لە خشتەی (٣٦)دا هاتووە، کە لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧٧) دەست پێدەکات، کە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان لەو ماوەیەدا وەك ئاماژەی پێکراوە دەکاتە(٣٢،٥٪) و زیادبوونیش دەکاتە (٧٩٥٠) کەس، ڕێژەی زیادبوون لە ماوەی نێوانی سالانی (١٩٧٧–١٩٨٧) دەکاتە (٢١،١٣٪) و لەو دە ساڵەدا (٥٣٨٢٨) کەس زیادی کردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆربەرزە سنووری ئاسایی و سروشتی تێپەڕاندووە، بەڵکو دەبێت هۆکارێکی تر هەبێت بۆ ئەم زیادبوونە، کەواتە ئەم زیادبوونە ناگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی سروشتی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی دانیشتوانی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری ئەوانەی کە لە سنووری ئێرانەوە نزیکن هەروەها هۆکارێکی تر هەیە ئەویش هەندێ خەڵك کۆچی کردووە پێش سالانی شەڕی عێراق – ئێران بەپێی پرۆسەی بەعەرەب کردن و ڕاگواستنی ئەو سنوورانە، بۆیە دەبینین لە ناکا و بەشێوەیەکی خێرا ژمارەی دانیشتوانی کەلار زیادبووە، ئەمەش وایکردووە کە بۆتە خولقێنەری بزاوتی جۆراو جۆر، هاوکات کایەی بازرگانیش هاوشانی کایەکانی تر گەشەی خێرای کرد، کە بووە بنەمایەك بۆ زیادبوونی چالاکی و گەشەکردنی شارەکە، لایەنی مرۆیی یاخود بیناسازی ئەمانەش

کاریگەریان هەبووە لەسەر زیادبوونی پێداویستییەکان وەکو نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان هەروەها مامۆستاش ....... هتد، کە ئەمانەش پێویستییەکی زۆریان هەیە بەخزمەتگوزاری، لەساڵی ١٩٨٧ - ٢٠٠٢ وەك لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە دەبینین ڕێژەی زیادبوون دابەزیوە بۆ (٢،٦٪) ئەمەش لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

١- هاتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بۆ ناوشار بە شێوەیەکی لە ناکاو و بەهۆی هۆکاری سیاسی و ڕاگواستنەوە.

٢- بەهۆی نزمی ئاستی بودجەی هاوڵاتیان و خراپی باری ئابوورییەوە، زۆربەی گەنجان دەستیان بەکارکردن کرد بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بەسەر بەرن، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە خێزانێکی گەورەن بۆیە زۆربەیان دواکەوتوون لە ژنهێنان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونی ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.

٣- کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر گەنجان بەرەو ئەوروپا و هەندەران و وڵاتانی دراوسێ.

٤- نەبوونی هەلی کار و بێکاری و دەستکورتی وایکرد، گەنجان نەتوانن ژن بهێنن و ژیانی هاوسەری درووستبکەن.

٥- گەڕانەوەی ژمارەیەك لە دانیشتوان بۆ زێدی باوباپیریان و ئەو شوێنەی کە لێوە هاتوون، پاش کۆتایی شەڕی نێوان عێراق – ئێران و ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی ناوچەکانیان.

٦- کاریگەریی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق بە گشتی و عێراقیش لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی.

٧- دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی ڕامیاری و ناجێگیری ئامادەیی هەبوو، ئەمەش لەلای خەڵك ترس و دڵەڕاوکێی درووست کردبوو.

لە ساڵانی نێوان (٢٠٠٢ -٢٠٠٧) ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار دووبارە دەبینین، کە زیادی کردووە لە (٢،٦٪) زیادی کردووە بۆ (٣،٧٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دابەشکردنی زەوی بەسەر زۆرێك لە چین و توێژەکان و فەرمانبەران و .. هتد درووستکردنی هەندێك خانوو لەناو کەلاردا و بەهۆی پێشینەی خانووبەرەوە زۆرێك لەو زەوییانە کرانە خانوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی شار هەبوو، بەتایبەت بەشێك لەوانەی سوودمەند بوون دانیشتووی کەلار نەبوون.

٢- بەرزبوونەوەی داهات و باشی ڕەوشی گوزەرانی هاووڵاتیان، پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق و کرانەوەی دەرگای بازرگانی و ئابووری و سەقامگیری سیاسی، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان

هاوسـەرگیرییان کـرد، کـە پێشـینەی هاوسـەرگیری یارمەتیـدەر بـوو.

٣- ژمارەیـەك لـە دانیشـتوانی دەرەوەی هەرێـم کۆچیـان کـرد و گەڕانـەوە بـۆ کـەلار، لـە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمـەوە دیسـانەوە کـۆچ بـەرەو ئاراسـتەی کـەلار، ئەمـەش بەهـۆی نەبوونی ئاسـایش و ململانێـی نەتەوەیـی و مەزهـەبی لـە ناوەڕاسـتی عێراقـدا، لێـرەدا ناتوانیـن پشـت ببەسـتین بـە ڕێـژەی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) چونکـە ڕێـژەی زیادبـوون لـەو دە سـاڵەدا زۆر گەورەیـە لـە شـاری کـەلاردا، تەنانـەت لـە ئاسـتی عێراقـدا هاوشـێوەی نەبـووە، بەمەبەسـتی دەستنیشـانکردنی ژمـارەی ئاینـدە دەکەوینـە هەڵـەوە پشـت بـەو ماوەیـە ببەسـتین، ڕێـژەی سـاڵانی (١٩٨٧ -٢٠٠٢) وە (٢٠٠٢–٢٠١٢) تێکـڕای سـاڵانەی ئـەو ماوەیـە وەردەگریـن، بەپێـی ئـەم ڕێژەیـە ژمـارەی زیادبوونـی هەمـوو سـاڵێك دەکاتـە نزیکـەی (٩١٨٦٠) کـەس کـە ئەمـەش کـۆ بکرێتـەوە لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار لـە سـاڵی ( ٢٠٤٥) دەبێتـە (٣٤٠، ٣٠٥ ) کـەس کـە زیـاد بـوونی دانیشـتوان دەکاتـە (١٥٥٢٣٢) کـە لەمـاوەی (٣٣)سـاڵدا، قۆناغـی نێـوان (٢٠٠٢-٢٠١٢) ڕێـژەی زیادبـوون دەکاتـە (٧،١٪)، لەمـاوەی ئـەو دەسـاڵەدا (٩١٨٦٠) کـەس زیـادی کـردووە، کـە (٤٨٤١) مـاڵ هاتوونەتـە نـاو شـاری کـەلار و تیاییـدا نیشـتەجێبوون، کـە پێکهاتوون لـە نەتـەوەکانی عەرەب و کـورد و تورکـمان، هەروەهـا لە مـاوەی لێکۆڵینەوەکـەدا (١٩٧٠-٢٠١٢) گەشـەی سـاڵانە ڕێژەکەی دەکاتـە (١٢،٥٪) لـەو ماوەیـەدا زیـاد بـوونی دانیشـتوان دەکاتـە (١٨٣٦٤٩) کـەس پێشـبینی زیادبـوونی دانیشـتوان هەنـگاوی یەکـەم (٨) سـاڵ وەرگیـراوە (٢٠١٢) بـۆ (٢٠٢٠) کـە ژمـارەی دانیشـتوان دەکاتـە (٢١٨٩٣٠) کـەس، زیـاد بـوونی دانیشـتوان لـەو ماوەیـەدا دەکاتـە (٣٣٩٥٧) کـەس لـە مـاوەی هەشـت سـاڵدا، کـە ئەمـەش ژمارەیـەکی گونجـاوە و نزیکـە لـە ڕاسـتییەوە دواتـر (٥) سـاڵ وەرگیـراوە وەك لـە خشـتەکەدا هاتـووە لـە سـاڵی (٢٠٢٠-٢٠٤٥) لـە مـاوەی (٢٥) سـاڵدا دەکاتـە (١٢١٢٧٥)کـەس کـە ئـەم ژمارەیـەش پێویسـتی بەهەنـدێ لایەنـە وەکـو:

١- زیادکردنی بنکە تەندروستییەکان بەڕەچاوکرنی ژمارەی دانیشتوان.

٢- خزمەتگوزارییەکانی خوێندن وەکو قوتابخانە و کتێب و مامۆستا و پێداویستییەکانی خوێندن.

٣- فراوانکردنی ڕێگاوبان.

٤- بایەخدان بەتۆڕی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ بە گوێرەی زیادبوونی دانیشتوان.

٥- دابەشـکردنی زەوی بەسـەر هەمـوو چیـن و توێژەکانی کۆمەڵدا بەبێ جیـاوازی و جێبەجێکردنی تـەواوی خزمەتگوزارییەکان، یان درووسـتکردنی خانوو و شـووقە.

٦- دۆزینـەوەی هـەلی کار و درووسـتکردنی هەنـدێ کارگـە بـۆ دانیشـتوانەکەی بـە تایبـەت ئـەو کارگانـەی کەرەسـتەی خـاوی لـە ناوچەکـەدا هەیـە.

**تێبینی/**

١- زیادبوونـی دانیشـتوانی شـاری کـەلار تاوەکـو سـاڵی ٢٠٤٥ بەمەرجێـك هیـچ گۆڕانکارییەکـی مرۆیـی یـان کارەسـات لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا ڕوونـەدات، کەواتـە زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوان بـۆ هەرسـاڵێك دەکاتـە (٤٧٠٤) کـەس.

٢- بەوپێیە ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار تاوەکو (٢٠٤٥) دەبێتە ٣٤٠،٣٠٥ کەس.

خشتەی ژمارە (٣٨)

پێشبینیکردن و زیادبوون و گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ساڵانی (٢٠٢٠ - ٢٠٤٥)

| ســـــــــاڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ٢٠٢٠ | ٢١٨،٩٣٠ |
| ٢٠٢٥ | ١٨٥ ،٢٤٣ |
| ٢٠٣٠ | ٤٤٠ ،٢٦٧ |
| ٢٠٣٥ | ٦٩٥ ،٢٩١ |
| ٢٠٤٠ | ٩٥٠ ،٣١٥ |
| ٢٠٤٥ | ٣٠٥ ،٣٤٠ |

سەرچاوە: کـــــاری توێژەر

پشت بەستن بە هاوکێشەی خوارەوە[1]:

$$pn = po ( r + l )^n$$

بە جۆرێک کە:

pn= ژمارەی دانیشتوانی پێشبینیکراو.

po= ژمارەی دانیشتوانی دواین سەرژمێری.

r= تێکڕایی گەشەی ساڵانە

l= ڕێژەی نەگۆڕ

n= جیاوازی ساڵانەی نێوان دوو سەرژمێری

١- عبدالحسين جواد السريع، و اخرون، النمو الكمي للتعليم العام في اقليم البصرة، مجلة كلية التربية، الجامعة المستنصرية، ١٩٨٦، ص ٤٦٣

# گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری کەلار

دانیشـتوانی ئەمـڕۆی جیهـان بـە قۆناغێکـی جیـاوازدا تێدەپەڕێـت، ئەمـەش خـۆی لـە خێرایـی ڕێژەی گەشـەی دانیشـتوان لـە لایەك و درووسـتبونی ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرا لەسـەر چەندیـن لـە گۆڕانکارییـە دیمۆگرافـی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و سـیاسی لـە لایـەکی تـرەوە دەنوێنێـت، زیـادبوونی سروشـتی بـەو توخمـە بنەڕەتییـە دەژمێرێـت، کـە کاردەکاتـە سـەر ڕەوتی گەشـەی دانیشـتوان، کـە خـۆی لـە جیـاوازی نێـوان قـەوارەی لەدایکبـوون و مردووانـدا دەبینێتـەوە، ئـەم زیـادە سروشـتییە نـەك تەنهـا کـار دەکاتـە سـەر قـەوارەی دانیشـتوان، بەڵـکو کـاریگەری بـۆ سـەر گۆڕانکارییـە دیمۆگرافییـەکانی تریـش دەبێـت، بـە تایبـەتی پێکهاتـەی چۆنایـەتی و تەمـەن، ئەمـەش بە پێـی چەنـد گۆڕانکارییـەکی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و مێژوویـی، لـە عێراقـدا بـەهۆی چەنـد هۆکارێکـی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری ئـەو ژمارانـەی کـە پەیوەسـتە بـە لـەدایکبوون و مردنـەوە، داتـاکان تـا ڕادەیـەکی زۆر دوورن لـە ڕاسـتییەوە، ناوچەیـەك نییـە لـە عێراقـدا ڕووداوەکانی لەدایکبـوون و مـردنی بـە ڕێکوپێـکی تۆمـار بکرێـت[1] لـەم لێکۆڵینـەوەدا زۆرجـار ئامـاژە کـراوە بـە گەشـەکردنی دانیشـتوانی شـار، کـە بـە تێکڕایـەکی گـەورە و خێـرادا دەڕوات، گـەر بـەراورد بکرێـت بـە تێکڕایـی گەشـەکردنی گونـددا، ئەمـەش نابێتـە بنچینـەی زیادبـوونی سروشـتی بـۆ دانیشـتوان (کـە جیاوازییـە لـە نێـوان لەدایکبـوون و مـردن)دا لـەلای ئـەو دانیشـتوانە، بـەڵام دەگەڕێتـەوە بـۆ کـۆچ لـە لادێوە بـۆ شـار، یـان کۆچـی دەرەکی بـەرەو شـار، لـە هەندێـك دەوڵەتـدا کـە دەبێتـە هـۆی زیادبـوونی تێکڕایـی گەشـەکردن[2] بۆیە توێژەر لـە کـاتی پشتبەسـتن بـەو داتایانـە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتـەوە، بـەڵام لێـرەدا هەوڵدەدەیـن، بابـەتی لەدایکبـوون و مـردن لـە شـاری کـەلاردا بـاس بکەیـن، دواتریـش ڕێـژەی گەشـەکردنی سروشـتی شـارەکە دەربهێنیـن لـە ئەنجامـی جیاوازی ڕێـژەی لەدایکبـوون و مـردن، بـۆ زانینـی زیادبـوونی گشـتیی دانیشـتوان پێویسـتە ڕەچاوی دوو جموجۆڵـی سـەرەکی دانیشـتوان بکرێـت، یەکـەم گەشـەکردنی سروشـتییە، واتـە جیـاوازی لـە نێـوان لەدایکبـوون و مـردن، ئـەوی تریـان جموجۆڵـی شـوێنییە (کـۆچ)، کەواتـە زیادبـوونی گشـتیی دانیشـتوان بریتییـە لـە زیادبـوونی ژمـارە و ڕێـژەی دانیشـتوان لـە کاتێکـەوە بـۆ

---

١- جەزا توفیق تاڵب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی دلێر، ١٩٩٩، ل٥١

٢- الدکتـور صبری فـارس الهیتـي و الدکتـور صالـح فلیـح حسـن، جغرافیـة المـدن، طبعـه ثانیـة، دار الکتـب للطباعـة و النشر، جامعـة الموصـل، ٢٠٠٠، ص٢٤٤

کاتێکیـتر، لـە کاتی ئاسـایدا ڕێژەکـە پۆزەتیڤانەیـە و لـە کاتی ئەگـەری شـەڕ و کـۆچ و کارەسـاتی سروشـتیی ڕێژەکـە نێگەتیڤانـە دەبێـت، واتـە ژمـارەی دانیشـتوان کـەم دەکات.

ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان بەپێی ئەم هاوکێشەیە دەردەهێنرێت:

$$زس = \left( \sqrt[ن]{\frac{ت ١}{ت ٠}} - ١ \right) \times ١٠٠$$

ز س = زیادبوونی ساڵانە .

ت ١ = سەرژمێری داهاتوو .

ت ٠ = سەرژمێری پێشوو .

ن = ژمارەی ساڵەکان لەنێوان هەردوو سەرژمێرییەکە [١]

دیاریکردنی گەشەی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە دوو شێوە دەخرێتە ڕوو :-

١- لەدایکبوون

٢- مردن

## لەدایکبوون:

لەدایکبـوون هـۆی سروشـتیی زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوانە، لەدایکبـوون ئـەو منداڵـە شـیرەخۆرەیە کـە دانیشـتوان پەیدایـان دەکات لـە کاتێـکی دیـاری کـراودا، ئەمـەش دیاردەیـەکی بایۆلۆجـی و شارسـتانییە و ناکرێـت لـە بارودۆخـی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری کۆمـەڵ دابـبڕێـت، بـۆ هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی لەدایکبـوون لـە زیادبـوونی ئاسـایی ژمـارەی دانیشـتواندا پەنـا ببەینـە بـەر بەکارهێنـانی هاوکێشـەی ڕێـژەی گشـتی لەدایکبـوون، کـە ژمـارەی لەدایکبـووانی سـاڵێکی دیاریکراومـان دەداتـێ بـە بـەراورد لەگـەڵ هەمـوو هـەزار کەسـێکی سـەرجەم دانیشـتوان لـەو سـاڵەدا[٢] بـۆ زانیـن و هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵ و بایەخـی لەدایکبـوون لـە زیادبـوونی ژمـارەی

١- دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧

٢- جەزا تۆفیق تاڵب، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

دانیشـتواندا پشـت دەبەسـتێت بـە بەکارهێنـانی هاوکێشـەی ڕێـژەی گشـتی لەدایکبـوون:

$$\text{ڕێژەی گشتی لەدایکبوون} = \frac{\text{ژمارەی لەدایکبوون لە ساڵێکی دیاریکراودا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ئەوساڵەدا}} \times ١٠٠٠$$

یـــــان

$$\text{ڕێژەی گشتی لەدایکبوون} = \frac{\text{ژمارەی لەدایکبوون لە ساڵێکی دیاری کراودا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە هەمان ساڵدا}} \times ١٠٠$$ [١]

ڕێـژەی لەدایکبـوون لـە شـاری کـەلاردا لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەیەکـی مامناوەندییـە و دەگاتـە نزیکـەی (٢٥) لـە هـەزاردا، سـەرەڕای کەموکـوڕی ئامـارەکان ئـەم ڕێژەیـە ڕێژەیەکـی مامناوەندییـە و نزیکـە لـە ڕاستییەوە بـە وردبوونـەوە لـە خشـتەکە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ڕێـژەی لەدایکبـوون لـە سـاڵی (١٩٨٧) نزمـە و دەگاتـە (٢٣,٧) لـە هـەزاردا، ئەمـەش بەهـۆی بارودۆخـی نائارامـی ناوچەکـە و شـاڵاوی ڕاگواسـتن و پرۆسـە سـەربازییەکانی حکومەتـی عێـراق دژی شۆڕشـی گەلـی کوردسـتان، هەروەهـا کاریگەریـی شـەڕی (عێـراق -ئێـران) کـە هـەزاران لاوی کوردبـوون بـە قوربانـی ئـەو شـەڕە، بـەڵام لـە دوای ئـەوەوە لەسـاڵانی (١٩٨٨ -١٩٨٩ -١٩٩٠) ڕێژەکـە بـەرز بووەتـەوە یـەك لـە دوای یـەك بـۆ (٢٩،٧ - ٣٤،٢ - ٣١،٤) لەهـەزاردا، هـۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایـی شـەڕی (عێـراق -ئێـران) و لاوازی شۆڕشـی کـورد و کۆچکـردنی خەڵـکی لادێـکان و نیشـتەجێبوونیان لـە نـاو کـەلاردا ئاسـایی بوونـەوەی بارودۆخـەکان، بـەڵام لـە سـاڵانی (١٩٩١ – ١٩٩٢- ١٩٩٣) یـەك لـە دوای یـەك ڕێژەکـە دابەزیـوە بـۆ (٣١،١ - ١٣ - ٩،٣) لـە هـەزاردا، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٣٩) بکـە، ئـەم دابەزینـە زۆرەی ڕێـژەی لەدایکبـوون بـۆ چەنـد فاکتەرێـك دەگەڕێتـەوە[٢]:

١- هەڵگیرسـانی شـەڕی کەنـداو و کـوژرانی هـەزاران لاو لـەو شـەڕە نەگریسـەدا، سـەدان ژنی بێـوەژن کـرد لـە عێراقـدا، جگـە لـە چەندیـن کێشـەی کۆمەڵایـەتی تـر.

١- د.خليل اسماعيل، قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، مطبعة العاني، بغداد ١٩٧٧، ص٩٥

٢-دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧

٢- ڕاپەریـن و کـۆڕەوە مێژووییەکـەی سـاڵی (١٩٩١) لـە وەرزی بەهـاردا بـوو، زۆرێـك لەناوچوون بەهـۆی نەخـۆشی و کارەساتی میـن، هەروەهـا زۆرێك لـە خێزانـەکان نەگەڕانـەوە تەنانـەت تـا ڕووخـانی دەسـەڵاتی بەعـس هەندێکیـش لـە دوای بڕیـاری (٩٨٦) گەڕانـەوە.

٣- کشـانەوەی ئیـدارات لەلایـەن حکومەتـی ناوەنـدەوە لـە دوای دامەزرانـدنی حکومـەتی هەرێـم، ئەمیـش هەنـدێ لـە فەرمانبـەران گەڕانـەوە بـۆ لای حکومـەتی ناوەنـد.

٤- خراپـی بـاری ئابـووری و گەمـارۆی سـەر عێـراق و عێراقیـش لەسـەر هەرێـم، خراپـی ڕەوشـی تەندرووسـتی و...هتـد.

٥- تۆمارنەکردنـی ڕێـژەی لەدایکبـوون لـەو دۆخـە نائارامـەدا و دڵەڕاوکێـی خەڵـك بەتایبـەت بۆشـایی ئیداریـی و ناجێگـری دامودەزگاکانـی حکومەتـی هەرێـم.

٦- دڵەڕاوکێـی گەنجـان و ئاڵـۆزی و ناسـەقامگیری دۆخـی سیاسی بـووە هـۆی ئـەوەی زۆرێـك لـە لاوان کـۆچ بکـەن بـەرەو هەنـدەران، کـە ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر کەمبوونـەوەی ڕادەی ژنهێنـان هەبـوو، وێـڕای خراپـی بـاری ئابـووری و بێـکاری ...هتـد.

بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و شارسـتانی کـە کاردەکەنـە سـەر ژمـارەی لەدایکبـوون، لـە شـاری کـەلار جیاوازییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ بارودۆخـی گشـتیی هەرێمـی کوردسـتاندا نییـە، بـەڵام ئـەوەی جێـی نیگەرانییـە ئەوەیـە داتاکانـی تایبـەت بـە لەدایکبـوون لـە شـاری کـەلاردا لـە ئاسـتی پێویسـتدا نییـە و کەموکـوڕی زۆری تێدایـە.

ئەمـەش حاڵەتێکـی گشـتییە هەرێمـی کوردسـتانی گرتۆتـەوە، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ:

١- نەبـوونی یاسـای تونـد کـە هاوڵاتیـان ناچـار بـکا لەدایکبوونیـان تۆمـار بکـەن، بۆیـە زۆریـی دانیشـتوان لـەکاتی پێوسـتدا نەبێـت لەدایکبـوون تۆمـار ناکـەن، بەتایبـەتی لـە هەنـدێ گونـددا.

٢- مردنی منداڵ لە سـەرەتای تەمەنیـدا دەبێتە مایەی تۆمار نەکردنیان[1].

٣- کـۆڕەوی خەڵـکی کوردسـتان بـۆ سـەر سـنوور و وڵاتـانی دراوسـێ و ئاوارەبـوون، برسـێتی و ئاوارەیـی و سـەرما و سـۆڵە و خراپـی شـوێنی مانـەوە و دابـڕانی خێزانـەکان لەیەکـتر، ئـەدی چـۆن تۆمـار بکرێـت.

٤- لەبـەر نەبـوونی و نارۆشـنی لـە ژمـارە و داتـاکان لـەم ناوچەیـەدا و تەنانـەت زۆر

١- جەزا تۆفیق تاڵب، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

ناوچـەی تریـش، ڕەنگـە زۆرجـار لەسـەر ڕۆشـنایی ڕێـژەی گشـتی لـە دایکبـوونی پارێـزگاکان، یـان ئـەو داتانـەی کـە لـە تۆمـارە فەرمییەکانـدا یاداشـت کـراوە، پشـت بـەو داتانـە ببەسـتین ئەگەرچـی داتـای ورد و یـەکلا کـەرەوە نیـن ئـەو کاتـە لەسـەر ئامـاری گەشـەکردنی دانیشـتوان کـە ئەمـەش تەنهـا بـواری لەدایکبـوون ناگرێتـەوە، یـان تۆمـاری لەدایکبـوون لـە نەخۆشـخانەکاندا هەیـە، کـە ئەمـەش زانیاریـی ورد نییـە زۆر جـار هـۆکارە کۆمەڵایەتییـەکان گرفـتن لـەم ڕێگەیـەدا کـە نموونـەی زۆرمـان هەیـە، بەتایبـەت لـە لادێکانـدا کـە دایـك چەنـد منداڵێـکی هەیـە و لـە ئامارەکانـدا بەکـچ ناونـووس کـراوە، تەنهـا لـەلای مامۆسـتای ئاینـی مـارە بـڕاوە، کـە بـە سـانایی ناسـنامەی بـۆ دەرناچێـت و تۆمـار ناکرێـت تایبـەت لـەو سـەردەمەدا، بەدڵنیاییـەوە ئـەم دیاردەیـە ئێسـتا زۆر کەمـە یـان بـوونی نییـە، لـە بەهـاری هەمـان سـاڵ و گەمارۆی ئابـووری سـەر عێـراق لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لەلایـەك و لەلایـەن عێراقـەوە گەمـارۆی ئابـووری بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان لەلایەکـی تـرەوە، کەئەمـەش بووەتەهـۆی خراپبوونـی ڕەوشـی تەندرووسـتی و تێکچوونـی بـاری ئابـووری دانیشـتوان، پاشـان لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٩٥ – ٢٠٠٢) دەردەکەوێـت کـە ڕێژەکـە بـەرز ببوەتـەوە بـۆ (٢٢،٥ - ٢٥،٨) لـە هـەزاردا، بەرزبوونـەوەی ئـەم ڕێژانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ باشـبوونی ئاسـتی تەندرووسـتی و ئابـووری دانیشـتوان، لـە پـاش جێبەجێکردنـی بڕیـاری نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراك و ئارامـی بارودۆخـی سیاسـی و سـەربازیی بەتایبـەت پـاش سـاڵی (١٩٩٨)ــەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەرزی و نزمیەکـی زۆر بـە ڕێژەکانـەوە دیـارە، بـە نموونـە لـە کاتێکـدا لـە سـاڵی ٢٠٠١ دەگاتـە بەرزتریـن ئاسـت (٣٦) لـە هەزاردایـە، هەروەهـا تێکـڕای لەدایکبـوون لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) دەکاتـە (٢٤،٧) بـەڵام بـە ڕای ئێمـە سـەرەڕای هەمـوو کەموکوڕییـەکان ئامـارەکان بـە تایبـەت لەدایکبـوون لـە شـاری کـەلار بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی واقعـی بارودۆخـی سیاسـی و ئابـووری وکۆمەڵایەتـی و تەندرووسـتی ناوچەکـە دەردەخـات، ئـەم ڕێژەیـەش بـەردەوام لـە زیادبووندایـە، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٣٩).

خشتەی ژمارە (٣٩)

لەدایکبوون لە شاری کەلاردا لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)

| ساڵ | ژمارەی لە دایکبووان | ڕێژەی لە دایکبووان لە هەزاردا |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ١٩٤٥ | ٢٣,٧ |
| ١٩٨٨ | ٢٤٧٨ | ٢٩,٧ |
| ١٩٨٩ | ٢٨٩٨ | ٣٤,٢ |
| ١٩٩٠ | ٢٧٠٣ | ٣١,٤ |
| ١٩٩١ | ١١٤٢ | ٣١,١ |
| ١٩٩٢ | ١١٥٥ | ١٣ |
| ١٩٩٣ | ٨٤٤ | ٩,٣ |
| ١٩٩٤ | ٢٢٧٥ | ٢٤,٨ |
| ١٩٩٥ | ٢٠٩٧ | ٢٢,٥ |
| ١٩٩٦ | ٢٥١٨ | ٢٦,٦ |
| ١٩٩٧ | ٢٣٨٣ | ٢٤,٨ |
| ١٩٩٨ | ٣٠٧٢ | ٢٤,١ |
| ١٩٩٩ | ٣٤٢٥ | ٢٦,٢ |
| ٢٠٠٠ | ٤٠٦٩ | ٣٣ |
| ٢٠٠١ | ٤٩٥٤ | ٣٦ |
| ٢٠٠٢ | ٣٦٥٠ | ٢٥,٨ |
| سەرجەم | ١٩٩١-٢٠٠٢ | ٧ ،٢٤ |

سەرچاوە:- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

دواتریش لەدوای پرۆسەی ڕزگاری گەلانی عێراق گۆڕانی دۆخی ناوچەکە لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتن هاتە گۆڕێ، لەدایکبوون لە شاری کەلار بەم شێوەیە لەو دە ساڵەدا (٢٠٠٢-٢٠١٢) تێکڕایی ڕێژەی لە دایکبوون دەکاتە (٢٥،٧) لە هەزاردا، کەمترین ڕێژە لە ساڵی ٢٠٠٨ تۆمارکراوە دەکاتە (٢١،٨) لە هەزاردا، هاوکات بەرزترین ڕێژەش

لـە سـاڵی ٢٠١١ تۆمارکـراوە کـە گەیشـتۆتە (٢٩،٣) لـە هـەزاردا، بەپێـی ئـەو داتانـەی تۆمـار کـراون لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی تەندروسـتی گـەرمیـان، هەرچەنـدە ئـەم داتایانـە جۆرێـک لـە نادروسـتی تێدایـە، چونکـە نەخۆشـخانەی ژنـان و منداڵبـوون کـۆی گونـد و شـارۆچکەکانی دەوروبـەر سـوودی لـێ دەبینـن، بۆیـە ئـەم داتایانـە لـە ڕاسـتیدا ورد نیـن، دەبـوو دانیشـتوانی کـەلار بـە جیـا تۆمـار بکرایـە، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٤٠):

خشتەی ژمارە (٤٠)

ژمارەی لە دایکبوون و ڕێژەی سەدی لە هەزاردا لە ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢)

| ساڵ | ژمارەی لەدایکبوون | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٣٦٥٠ | ٨ ،٢٥ |
| ٢٠٠٣ | ٣٤٥٠ | ٩ ،٢٣ |
| ٢٠٠٤ | ٤٠٢٥ | ٢٥ ،٦ |
| ٢٠٠٥ | ٤٠٧٥ | ٩ ،٢٣ |
| ٢٠٠٦ | ٣٨٥١ | ٩ ،٢٧ |
| ٢٠٠٧ | ٣٤٥١ | ٦ ،٢٧ |
| ٢٠٠٨ | ٣٥٢٥ | ٨ ،٢١ |
| ٢٠٠٩ | ٤١٤٨ | ١ ،٢٥ |
| ٢٠١٠ | ٤٤٠٦ | ٥ ،٢٥ |
| ٢٠١١ | ٥٢٨١ | ٣ ،٢٩ |
| ٢٠١٢ | ٥٣٤١ | ٩ ،٢٨ |
| ٢٠٠٢ - ٢٠١٢ | ٤٥٢٠٣ | ٧ ،٢٥ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

هـۆکاری بەرزبوونـەوەی ژمـارەی لەدایکبـوون لەهەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم فاکتەرانـە:

## أ- ژنهێنان و شووکردنی پێشوەخت:

ژنهێنـان و شـووکردن سـووڕی دەسـتپێکردنی منداڵبـوون (سـك کـردن) لـە کۆمەڵگـەدا لـە سـنووری هەژمـوونی کەلتوورەکەیـدا درووسـت دەکات، لەبەرئـەوە ڕێـژەی ژنهێنـان و شـووکردن و تەمـەنی ژنهێنـان و شـووکردن فاکتـەری گرنگـن لـە دیاریکـردنی ڕێـژەکانی توانـای منداڵبوونـدا[1]، ئەمـە بـە زۆری دەبێتـە مایـەی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی منداڵبـوون ئەویـش لـە سـۆنگەی درێـژ بوونـەوەی مـاوەی پرۆسـەی زاوزێ لەلایـەن ژنـەوە جێـی خۆیەتـی بگوترێـت، کـە باشـترین تەمەنـی ژنـی کـورد لـەم ڕووەوە لـە نێـوان (١٤-١٧) ساڵیدایە[2] لـە مێردمناڵیـدا دەسـت پێـدەکات کـوڕان لـە (١٨) سـاڵیدا ژن دەهێنـن و کـیژان لـە شـازدە ساڵییەوە مێـرد دەکـەن، هەرچەنـدە یاسـای مـەدەنی تەمـەنی دیاریکـردووە کـە هـەژدە سـاڵان بێـت و تەمـەنی پێگەیشـتوو بێـت، ئەگـەر هـۆی دواکەوتنـی ژنهێنـان و شـووکردن، بایلـۆژی و دەسـتکورتی نەبـێ بەچـاوی گومـان و نزمـەوە لـەو جـۆرە کەسـانە دەڕوانـن چ لـە ڕووی ئاینـی و چ لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، ژنهێنـان و شـووکردن لـە تەمـەن بچووکـدا واتـە زووتـر ئـەو ژن و مێـردە دەسـت بـە منـداڵ بـوون دەکـەن و زۆرجـار بـاوك پەلەیـەتی کـوڕەکانی ژن بهێنێـت، بـۆ ئـەوەی زووتـر فریـای بـاوکی بکەوێـت و باوکیـش پشـوو بـدات، یـان زیادبـوونی منـاڵ و بـە تایبـەتی تریـش کـوڕ ئەمیـش زۆرجـار دەبێتەهـۆی زیادبـوونی منـاڵان لای ئـەو خێزانانـەی کـە کچیـان زۆرە، بـەردەوام خواسـتی کوڕیـان هەیـە و بـە هیـوای کـوڕەوە درێـژە بـە زاوزێ دەدەن، هەرچەنـدە ئەمانـەی سـەرەوە کۆمەڵێـك حەقیقەتـن، بـەڵام تـادێ لەبـەر کۆمەڵێـك هـۆکار گـۆڕان بەسـەر پرۆسـیسی ژنهێنـان و شـووکردندا دێـت، هیـچ نەبێـت ئێسـتا زۆرێـك لـەو تەمەنانـە سـەرقاڵی خوێنـدن و درێـژەدان بـە خوێندنـن، کەواتـە ڕێـژەی ژنهێنـان و شـووکردن دەچنـە پـاڵ ئـەو تەمەنـەی لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا، یـان لێـی نزیکدەبنـەوە، جیـا لـەوەی کـچ و کـوڕ ڕێژەیـەکی زۆریـان پـلانی ژنهێنـان و شـووکردن لای خۆیانـە، ئەمانیـش وردن لـە دەستنیشـانکردن و دیاریکـردنی ئایندەیـان، بـە هۆشـیارییەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم پرۆسـەیەدا دەکـەن و درەنـگ بڕیـار دەدەن، خۆیانیـش خـاوەن بڕیـارن مانـای ئـەوە نییـە، نـەوەی نـوێ هیـچ پابەنـد نیـن بـە کەلتـوور و دابونەریتـەوە، بـەڵام حاشـا هەڵنەگـرە

---

١- د. شاکیر خەسباك، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤

٢- جەزا تۆفیق تاڵب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

نــەوەی ئێســتا کۆپــی نــەوەی دوێنــێ نییــە، لەگــەڵ پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــا و پێشــکەوتنی پەیوەندییــەکان و نــەوەی مۆبایــل و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــە پێشــکەوتووەکانی هاوشــێوەی فەیسبووک و ئنســتاگرام، ڕادەی لەیــەك تێگەیشــتن و مــەودای بیرکردنــەوەی فراوانــتر کــردووە پانتایــی ترادســیێۆنە کۆمەڵایەتییــەکانی بچــووك کردۆتــەوە، بــە هەمــوو پێــوەرەکان کاریگەریــی لــە ســەر تــەواوی کایــەکانی تــر هەیــە، پێــوەری منداڵبــوون لــە ئێســتادا گــۆڕانی بەســەردا هاتــووە کــەم خێــزان ژمارەیــان منداڵەکانیــان لــە (٥) منداڵ تێپــەڕ دەکات، ئەویــش بەهــۆی فاکتەرگەلێــك وەك زیادبــوونی ڕێــژەی فەرمانبــەران لــە نێــوان هــەردوو ڕەگــەزدا، کــە زۆربــەی کاتــەکان لــە دەرەوەی ماڵــن یــان لــە شــوێنی کارکردنــن، هــۆکاری ئابــووری گــرانی شــوێنی نیشــتەجێبوون و خەرجــی بەخێوکــردن، هەروەهــا سروشــتیی شارنشــین کــە حەزیــان لــە منداڵــی زۆر نییــە، ڕەنگــە تاڕادەیــەك شــوورەیی بێــت، یــان ژنهێنــان لەیــەك ژن زیاتــر لەلایــەن کۆمەڵگــەوە زۆر شــوورەییە، ئەمــەش وای کــردووە تــادێ نەتــەوەی کــورد ڕێــژەی کــەم دەبێتــەوە بــە بــەراورد لەگــەڵ نەتــەوەی عەرەبــدا، بــە شــێوەیەکی گشــتیی ئافــرەتی عــەرەب حەزیــان لــە منداڵــی زۆرتــرە، باشــترین بەڵگــە ســەرنج بدەیــن، بەپێــی ســەرژمێری فەرمــی عێــراق لــە ساڵانی (١٩٤٧) تــا دوا ســەرژمێری (١٩٨٧) لــە (٢٨٪) ڕێــژەی دانیشــتوانی کــورد دابەزیــوە بــۆ ( ٢٥٪) لــە ســاڵی (١٩٨٧)دا.

## ب- فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری:

سروشــتی کۆمەڵگــەی گوندنشــین خوازیــاری خێزانێکــە ژمــارەی منداڵــەکانی زۆر بێــت، بــە پاڵپشــتی کۆمەڵایــەتی ناوزەنــد دەکرێــت، خێــزان پشــت ئەســتوورە بــە منداڵــەکانی وەك دەســتی کارگــەر لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــدا لەگــەڵ ئــەوەش زۆری ژمــارەی منــداڵ، توخمــی پاراســتنی خێزانــن و بنچینــەی هێــزن بــۆی، وەلــێ ئــەم تێڕوانینــە تەنهــا دێهــات نشــینەکان ناگرێتــەوە، بەڵکــو پاشــماوەکانی بــە چەنــد شــێوەیەك و بەپێــی ئاســتی شارســتانی و کەلتــووری کۆمــەڵ و هەلومەرجــی ئابــووری لــە شارنشــیندا ڕەنــگ دەدەنــەوە[1] زۆر لێکۆڵینــەوە دەریخســتووە، کــە پەیوەندییــەکی ئاڵــۆز لــە نێــوان پیتێــن و فاکتــەرە ئابوورییەکانــدا هەیــە، لــەم ڕووەوە ئــەو ژنانــەی کــە پــاش شــووکردن کاریانکــردووە کەمــتر منداڵیــان بــووە، لەچــاو ئــەو ژنانــەی کــە کاریــان نەکــردووە، ژمــارەی منداڵــی ئــەو ژنانــەش کــە کاری مەکتــەبی دەکــەن کەمــترە لــە ژمارەی منداڵــی ئــەو ژنانــەی لــە کارگەکانــدا کاردەکــەن، ئــەو ژنانــەی لــە کشــتوکاڵدا کاردەکــەن لــە ژنانی

١- د.خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، (٣) ساڵی حەوتەم، ئابی١٩٩٩، ل١٢١

تری کارگەر زیاتر منالیان هەیە، هەروا دەرکەوتووە کە ئەو ژنانەی بە کرێ کاردەکەن کەمتر لە ژنانی ناکارگەر منالیان هەیە[1]، فاکتەری کۆمەلایەتی و ئابووری ڕۆلی گەورەی هەبووە لە ژنهێنان و بەرهەمهێنانی مندالدا، ئەوانەی خاوەنی ئابووری بەهێزبوون کێشەی خانوو ناو مالە و خەرجی ژن و هەروەها ترس لە بژیوی ئایندەیان نییە، بۆیە بەردەوام خواستی ڕێژەی مندالبوونیان زیاترە، لەلایەك بۆ بە هێزکردنی پایە کۆمەلایەتییەکانیان و فراوانکردنی خێزان، لە لایەکی ترەوە کاری زۆریان هەبووە پێویستیان بەدەستی کار هەبووە، بۆ پاراستنی سەروەت و سامانیان و زیادکردنی بەرهەم هێنان، بەتایبەت کشتوکالکردن و بەخێوکردنی ئاژەل کە پیشەی زۆربەی دانیشتوان بووە، هەروەها هاوکاریی باوك و خێزان بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی و پێداویستییەکانی خێزان و بەخێوکردن و خزمەتکردنی باوك و دایك لە کاتی پیری و پەکەوتە و لێقەوماویدا، بەهەمان شێوە ڕاستە بۆ کچ و کوڕە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

## ج- فاکتەری ئاینی:

ئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی گەلە، کاریگەریی دیمۆگرافی هەیە، چونکە لەلایەکەوە هانی ژنهێنان و منالبوون دەدا، لەلایەکی ترەوە ڕقی لە تەلاقە، چونکە تەلاق بریتییە لە (ابغض الحلال عند الله الطلاق) واتە ناخۆشترین حەلال لای خوای گەورە تەلاقدانە، ئەمەش ڕێژەی جیابوونەوە کەم دەکاتەوە، لە ئاکامدا درێژە بە ماوەی پەیوەندیی هاوسەرێتی دەدات و هەلی زیاترە بۆ مندالبوون، هەروەها ڕێگری لە باربردن دەکات و بە کوشتنی نەفسی لە قەلەم دەدا[2]، ئاینی ئیسلام بە چاوێکی زۆر سووکەوە دەڕوانێتە پرسی جیابوونەوە زۆر دژیەتی، هەمیشە بانگەشە دەکرێت بۆ دوورکەوتنەوە لەم پرسە ناشرینە، هەر ئەمەش وای کردووە کە لە نێو کۆمەلگادا ئەوانەی ژن تەلاق دەدەن بە زەحمەت ژنیان دەدرێتێ بە چاوی ترسەوە دەڕواننە چارەنووسی کچەکەیان، بەهەمان شێوە گەر ژنەکەش هیچ تاوانێکی نەبێت لای خەزوورانی و لەکاتی ڕوودانی بچوکترین کێشەدا تانەو تەشەر و پلاری لێدەدەن، ئەمانە دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی پاشماوەی کۆمەلایەتی نێگەتیڤ، ئەگەر نەگاتە شەڕی خێزان و بنەمالە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دوو خێزانە ساردی بکەوێتە نێوانیانەوە و پێکەوە قسە نەکەن، ئەگەر مندال لە دوای خۆیان بەجێ

١- خلیل اسماعیل محمد، المصدر سابق، ص٩٩

٢- جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوە پێشوو، ل ٦٠

بهێڵیـن، ئەمەیـان گرفتـی کۆمەڵایەتـی زیاتـرە، کێشـەیان ئاڵۆزتـرە لەدوایشـدا، یـان ژن زۆر جـار لەبـری خوێـن دەدرا، یـان ژن بـە ژن و گـەورە و بچـووک یـان خێـڵ و سـەرۆک خێـزان بڕیـار لـەلای ئەمـان بـوو، نـەوەک کچەکـە جیا لەمانـە ئایـن ڕێگـە بـە فرەژنی دەدات، پیـاوان بۆیـان هەیـە لەیـەک کاتـدا خـاوەنی چـوار ژن بـن، ڕوویـەکی تـری خێـڵ و تیـرە خاوەنداریێتـی کـچ دەگەڕێننـەوە بـۆ خۆیـان، بـە تایبـەتی ئـەو کچانـەی جوانـن ئـەوا خـاوەنی زیاتـر بـۆ درووست دەبێـت لەلایـەن ئامـۆزا و خاڵـوزا و پـوورزاوە ڕێگـرن لـە شـووکردنی لـە دەرەوەی بنەماڵـە و خێڵـدا، ئەمانـەی کـە ئاماژەمـان پێکـرد، زۆریـان لـە ناوچـوون و ئێسـتا کەمـتر ئامادەییـان هەیـە یـان زۆر کـەم مـاون، ئەگـەر چـی تـا دێـت پانتایـی دەسـەڵاتی خێـڵ کەمـتر دەبێتـەوە، وەلـێ دەسـەڵاتی خێـزان و بنەماڵـە کەمیـش بێـت هـەر دەسـەڵاتیان مـاوە، وێـڕای کاریگەریـی ئەمانـەش گـەر کـچ بوێـر بێـت و بچێتـە دادگا ئـەو لەمپەرانـە چارەسـەر دەبـن، لەناوچـەی لێکۆڵینەوەشـدا ئـەم پرسـانە نامـۆ نیـن، گـەر سـەیری خشـتەی خـوارەوە بکەیـن کـە تیایـدا هاوسـەرگیریی و جیابوونـەوە خراوەتـەڕوو، ئەوانـەی ڕەبەنـن ڕێژەیـان دەکاتـە (٤٩،٨) کـە ڕێژەیـەکی زۆر بـەرزە لـە چـاو خێزانـداردا، ئەمـەش هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاری ئابووری و گـرانی خانـوو کۆچکـردنی گەنجـان بـۆ هەنـدەران و وڵاتـانی دەوروبـەر، کـەم بڕوایـی کچـان بەرامبـەر کـوڕان کـە بەجێیـان دێڵـن و دەچنـە دەرەوەی وڵات، هەروەهـا زیادبـوونی داواکاری کچـان (خانـووی جیـاوازو ئاڵتـوون ...هتـد) وەک لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، ڕێـژەی خێزانـدار دەکاتـە (٤٥،٦) بێـوەژن و بێوەپیـاو دەکاتـە (٣،٥) سـەیری خشـتەی ژمـارە (٤١) بکـە:

خشتەی ژمارە (٤١)

باری کۆمەڵایەتی سەرووی تەمەنی ١٢ ساڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٧

| باری کۆمەڵایەتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| ڕەبەن | ٤٩،٨ |
| خێزاندار | ٤٥،٦ |
| تەڵاقدراو | ٠،٤ |
| بێوەژن و بێوەپیاو | ٣،٥ |
| جیابوونەوە | ٠،٧ |
| کۆی گشتی | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە ، ٢٠١٣

لـە نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٢) کـۆی هاوسـەرگیریی تۆمارکـراو بەپێـی ئـەو ماوەیـە تۆمـار کـراوە دەگاتـە (٨١٠٢) شـووکردن و ژنهێنـان ژمارەیـەکی دڵخۆشـکەرە، زۆرتریـن هاوسـەرگیری لـە سـاڵی (٢٠١٢)دا ئەنجامـدراوە پرۆسـەکە کـە دەگاتـە (١٨٤٤) هاوسـەرگیری تۆمارکـراو، هۆکارکـەی ڕوونـە پەیوەنـدی بـەڕەوشی ئابـووری و پێشـینەی هاوسـەرگیریی و سـەقامگیری دۆخـی سیاسـییەوە هەیـە، هـاوکات دەبـێ ڕەچاوی زیادبـوونی دانیشـتوان و هاتنی عـەرەب بۆ ئـەم ناوچەیـە، تەنانـەت زیادبـوونی دوو ژنـە، وەلـێ کەمترینیـان کـە دەکاتـە (٣٢٨) لـە سـاڵی (٢٠٠٠)دا ئەنجامـدراوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا جیابوونـەوە ژمارەیـەکی زۆرە کـە دەگاتـە (١١٢٥) زۆرتریـن جیابوونـەوە لـە سـاڵی (٢٠١٢ ) ڕویـداوە کـە (٣٣٧) حاڵەتـە، وەلـێ کەمترینیـان لـە سـاڵی (٢٠٠٠) دەکاتـە ( ١٦) لێکجیابوونـەوە، ئەمـەش تەنهـا ئەوانـە دەگرێتـەوە، کـە لـە دادگا تۆمارکـراون، وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٤٢)دا هاتـووە:

خشتەی ژمارە (٤٢)

شووکردن و جیابوونەوە لە ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٢)

| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابوونەوە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٣٣٨ | ١٦ |
| ٢٠٠٥ | ١٣٧٢ | ١٢٧ |
| ٢٠٠٦ | ١٤٩١ | ١٢٢ |
| ٢٠٠٧ | ١٠٦٧ | ١٧٥ |
| ٢٠١٠ | ٥١٦ | ٧٢ |
| ٢٠١١ | ١٤٧٤ | ٢٧٦ |
| ٢٠١٢ | ١٨٤٤ | ٣٣٧ |
| کۆی گشتی | ٨١٠٢ | ١١٢٥ |

سەرچاوە: دادگای بەرایی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## مــــــــردن:

گرنگی ڕێژەی مردن دەکەوێتە ئەو سنوورە، کە هەرچی گرنگی شیاوی ڕێژەی لەدایکبوون هەیە بەڕێژەی لەدایکبوون بدرێت، ئەو ڕێژە بەرزەی لە دایکبوون کە لە بەرامبەریدا هەمان ڕێژەی بەرزی مردن هەیە، ناتوانێت ڕێگای بەردەم پەرەسەندی دانیشتوانی خۆش بکات، لەڕاستییدا دەشێ پەرەسەندنی دانیشتوان بە ئەنجام بگەیشتاییە تەنانەت ئەگەر کۆنترۆڵ کردنی منداڵ بوونیش مومارەسە بکرایە، بە مەرجێك ئەوە پێشکەش بکرایە کە ڕێژەی مردن بە شێوەیەکی تەواو کەم دەکرێتەوە، ئەمەش ڕێگایەکە لەلایەن وڵاتانی باکوور و ڕۆژئاوای ئەوروپاوە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا پیادەکراوە[1] لێکۆڵینەوەکان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە مرۆڤەکان لەگەڵ مردندا یەکسان نین، ئەمەیش بە پێی ڕەگەز و پیشە و پلەی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییەکان هەر بۆیە دەبینین ڕێژەی مردنەکان بەپێی وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەندەکان دەگۆڕێت، هەروەها بە پێی ناوچەی شار و گوند پێشکەوتوو دواکەوتوو، بەپێی شاری کرێکاری و بۆرژوازی و بەپێی گەڕەکی هەژارنشین و جەماوەری خاوەن دەرامەتی باش ... هتد دەگۆڕێت[2]، مردن وەك دیاریدەیەکی بایەلۆجی و کۆمەڵایەتی، بۆیە دیاردەیەکی بایۆلۆجییە چونکە ژیانی مرۆڤ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراوە و درێژە دەکێشێ و پاش ئەوە دەگاتە ئاستێکی تەمەن و دەمرێت، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هەلومەرجی باوی کۆمەڵایەتی و ئابووری کاری تێدەکات، نەخۆشی و نەزانی و هەژاری تیادا بڵاوە کە مردن زیاد دەکات، لە کاتی ئاساییدا بەردەوام ژمارەی مردن لە ژمارەی لەدایکبوون کەمترە، ئاسانترین و بەناوبانگترین هاوکێشە بۆ زانینی ڕێژەی مردن، هاوکێشەی ڕێژەی گشتی مردنە کە ژمارەی مردووان لە ساڵێکدا بۆ ١٠٠٠ کەس لە دانیشتیوان دەردەکات واتە[3]

$$\text{ڕێژەی گشتی مردن} = \frac{\text{ژمارەی مردووان لە ساڵێکدا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ئەو ساڵەدا}} \times ١٠٠٠$$

١- د. شاکیر خەسباك، ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداغی، کۆمپیتەر و چاپ: ڕووناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٨

٢- د. عەلی لەبیب، جوگرافیای دانیشتوان، جێگر و ناجێگر، وەرگێڕانی سەعید بەشیر خرپانەیی، چاپخانەی چوارچرا، ل١٠٧

٣- د. عبد علي خفاف، جغرافية السكان، (اسس عامة) طبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان، اردن، ١٩٩٩، ص٢٠١

# ڕێژەی مـــردن:

لـە ڕاسـتیدا ڕێـژەی مـردن لـە ئاسـتی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش وەك پێویسـت لـە دەزگا تەندرووسـتییەکاندا تۆمـار نەکـراون بـە تایبەتـی لـە سـاڵانی حەفتـاکان و هەشـتاکاندا هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا جیـاوازی هەیـە لـە هۆشـیاری ئامـار و لێپرسـینەوە لـە تۆمـار نەکـردن، گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە لەمـەڕ ناوچـەی لێکۆڵینەوەیـش ناڕۆشـنی و نەبوونـی ئامـار بەتایبـەت لەسـەر ئاسـتی قـەزا و ناحیـەکان بوونیـان زۆر کەمـە، ئـەو ئامارانەیـش کـە هـەن وێـڕای کـەم و کـوڕی تەنهـا لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکان ئەنجـام دراون، ڕێـژەی مـردن لـە شـاری کـەلار لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٨٨) گەیشـتوەتە (٤,٨) بـووە، ئـەم ڕێژەیەیـش شـەڕی نێـوان ئێـران و عێـراق و ناوەنـد و بزووتنـەوەی ڕزگاری خـوازی گەلەکەمـان لـە خـۆ دەگرێـت، کـە لـەو ماوەیـەدا سـەدان لاو بوونـە قوربانـی جەنـگ، دواتریـش دوای ساڵەکانی (١٩٨٧) بـە تایبەتـی ساڵەکانی (١٩٩١-١٩٩٢-١٩٩٣) ڕێـژەی مـردن کـەم بووەتـەوە (١,٢-٠,٧٩-١,٨) خشـتەی ژمـارە (٤٢)دا، ئەمانەیـش زۆر دورە لـە ڕاسـتییەوە، گەورەتریـن کارەسـات و کوردقـڕان وماڵوێرانـی کەوتوەتـە ئـەو ماوەیـەوە، هـەر لـە ڕوخاندنـی لادێـکان و کیمیابارانـی هەڵەبجـە و ئەنفـال و دواجاریـش کـۆڕەوی ملیۆنـانی کـورد و ڕاپەڕیـن و وەدەرنـانی بەعـس، دەگەڕێتـەوە بـۆ خۆدزینـەوەی خەڵـك لـە تۆمارکـردنی مردنـدا، هەروەهـا گوێنـەدان بـە تۆمارکـردن بۆتەهـۆی کـەم بوونـی ئـەم ڕێژەیـە، هەرچەنـدە ڕێـژەی مـردن لـە نێـوان ساڵەکانی (١٩٩١-٢٠٠٢) ڕێـژەی مـردن دەگاتـە (٤،٦) لـە هـەزاردا، قۆناغـی دە سـاڵی دوای(٢٠٠٢-٢٠١٢) تۆمارکـردنی مـردووان لـەو ماوەییـەدا ڕێژەکـەی دەکاتـە(٤، ٨) لـە هـەزاردا، بەرزتریـن ڕێـژەی تۆمارکـراو دەکاتـە (٥،٨) لـە هـەزاردا لـە سـاڵی (٢٠١١)دا تۆمارکـراوە کـە ژمـارەی مـردووان دەکاتـە (٥٣٠) کـەس[1] نزمتریـن ڕێـژە لـەو ماوەیـەدا دەکاتـە (٢،٢) لـە هـەزاردا بـەو پێیـەی تۆمارکـراوە، سـەیری خشـتەی ژمـارە(٤٢، ٤٣) بکـە، هەرچەنـدە هیـچ ئاماژەیـەکی دیـار نییـە بـۆ دابەزینـی ئـەو ڕێژەیـە، تەنهـا پەیوەنـدی بـە خۆدزینـەوەوە هەیـە لـە تۆمارکـردنی نـاوی مـردووان جگـە لـەم فاکتەرانـەی لەخـوارەوە هاتـووە، هـۆکاری نزمـی ڕێـژەی مـردن دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم خاڵانـە:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

١- دانیشـتوان خۆیـان لـە تۆمارکـردنی مـردووان دەدزنـەوە بـە تایبـەت خەڵـكی گونـدەکان بەهـۆی دووریـان لـە شـار و سـەختی هاتوچـۆ و ئـەرکی تێچـوونی پرۆسـەی تۆمارکـردن.
٢- مـردنی منداڵ لـە بەرایـی قۆناغـی ژیانیـدا پێویسـت بـەوە نـاکات کـە لـە تۆمارکردنـدا تۆمـار بکرێـت.
٣- ئـەو ئیمتیـاز و کۆمەکانـەی لـە بـاری لەدایکبـوونی منالآنـدا دەسـت دەکەوێـت وەك (زیادکـردنی مووچـە، بەخشـینی خـۆراك بەسـەر خێزانـدا ..هتـد ) لەوانەیـە ببێتـە هانـدەر بـۆ تۆمارنەکـردنی مـردووان.
٤- زۆرێـك لـە ڕووداوەکانی مـردن لـە دەرەوەی نەخۆشـخانە ڕوو دەدەن، بۆیـە تەنها ئەوانـەی نـاو نەخۆشـخانە تۆمـار دەکرێـت و ڕەوانـەی فەرمانگـە جیاجیـاکان دەکرێـن.
٥- نزمـی ئاسـتی هۆشـیاری و کەلتـوری و شارسـتانی دانیشـتوان کـە پـەی بـە گرنگـی ئامـارە بنچینەییـەکان نابـەن.
٦- نـەرم و نیـانی لـە بـواری پراکتیزەکـردنی یاسـادا و دادگایـی نەکـردنی سـەرپێچی کـەران، بەشـێکی زۆری خەڵـكی لادێ هانـدەدا گـوێ بـە تۆمارکـردن نـەدەن و لـە پێشکەشـکردنی زانیاری لەسـەر دیـاردەی مـردن ورد نەبـن[١].

لەبەرنەبـوونی سـەرژمێری ورد و هەنـدێ داتـا و زانیـاری پێویسـت لەسـەر لـە دایکبـوون و مـردن لەسـەر ئاسـتی قـەزا و ناحیـەکان، ئـەو داتانـە بەئاسـانی نایەتـە بەردەسـت لـە ئاسـتی پارێـزگا نەبێـت، هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا ئـەم نرخانـدن گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، زۆرێـك لـەو زانیـاری و داتانـە بەسـانایی دەسـتدەکەوێت بەتایبـەت لـە دایکبـوون و مـردن، بـە پێچەوانەوە نەبـوونی هۆشـیاری لای هەنـدێ لـە تـاکی کۆمـەڵ و چەنـد فاکتەرێکـی تـر، یـان بەشـێک لـە هاوڵاتیـان خۆیـان دەشـارنەوە لەنـاو نووسـکردن و تۆمارکـردن، جگـە لەوانـەی کـە فەرمانبـەرن یـان خانەنشـینن ئەویـش بەهـۆی مووچەکانیانـەوە.

١- جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

خشتەی ژمارە (٤٣)

مردن لە شاری کەلار لە نێوان ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٢)

| ســـــــــــاڵ | ژمارەی مردووان | ڕێژەی مردووان ( لەهەزاران ) دا |
|---|---|---|
| ١٩٩١ | ٨٨ | ٠،٢ |
| ١٩٩٢ | ٥٩ | ٠،٧٩ |
| ١٩٩٣ | ١٤٢ | ١،٨ |
| ١٩٩٤ | ٩٠١ | ١١،٥ |
| ١٩٩٥ | ٢٤٣ | ٣ |
| ١٩٩٦ | ٣٣٩ | ٤،١ |
| ١٩٩٧ | ٤١١ | ٤،٩ |
| ١٩٩٨ | ٣٣٨ | ٣،٩ |
| ١٩٩٩ | ٥٩٤ | ٦،٨ |
| ٢٠٠٠ | ٢١٢ | ٢،٣ |
| ٢٠٠١ | ٣٩٧ | ٤،٣ |
| ٢٠٠٢ | ٢٤٨ | ٣،٧ |
| تێکڕایی ساڵانە | ١٩٩١-٢٠٠٢ | ٤،٦ |

سەرچاوە :- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

خشتەی ژمارە (٤٤)

مردن لە شاری کەلار لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٢)

| ســــــــــاڵ | ژمارەی مردووان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ٢٤٨ | ٣،٧ |
| ٢٠٠٣ | ٣٩٣ | ٤،١ |
| ٢٠٠٤ | ٥٩٣ | ٥،٦ |
| ٢٠٠٥ | ١٤٠ | ٢،٢ |
| ٢٠٠٦ | ١٤٦ | ٢،٩ |
| ٢٠٠٧ | ١٧٠ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٨ | ٢١٣ | ٢،٦ |
| ٢٠٠٩ | ٥٩٠ | ٧،١ |
| ٢٠١٠ | ٤٣٢ | ٥ |
| ٢٠١١ | ٥٣٠ | ٥،٨ |
| ٢٠١٢ | ٢٤٨ | ٢،٧ |
| ٢٠٠٢-٢٠١٢ | ٣٧٠٣ | ٤،٨ |

سەرچاوە :- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## ب- گەشەی ناسروشتی:

بریتییە لە گۆڕینی نیشتەجێبوونی هەمیشەی کە بە کۆچ (الهجرة) ناسراوە و چەند جۆر کۆچکردن هەیە، ئەویش ئەگەر کۆچکردنەکە سنووری سیاسی وڵات تێنەپەڕێت ئەوە کۆچکردنی ناوخۆی وڵاتی پێدەوترێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کۆچکردن سنووری سیاسەتی وڵاتی تێپەڕاند بە کۆچکردنی دەرەکی ناو دەبرێت[1] کۆچکردن نەریتێکی باوی دانیشتوانە چونکە ئاسەواری دیاری هەیە لەسەر پێکهاتەی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چ لەو شوێنەی کۆچی لێوەکراوە یان بۆی چووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کاردەکاتە سەر پێکهاتە و جۆر و ژمارەی دانیشتوان، لەو شوێنەی کۆچی لێکردووە ژمارەی دانیشتوان کەم دەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەو شوێنەی کە بۆی دێت ژمارەیان زیاد دەکات[2] گەشەکردن لەم شارەدا لە زۆرێك لە شارەکانی تری باشووری کوردستاندا هاوشێوەن، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرج و ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، ڕێژەی زۆربەی کۆچکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێیە لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە لە ژێر بیانووی لاوازدا، بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی، تا دواجار و دوا قۆناغ سەرجەم گوندەکانی ڕووخاند، کە نزیکەی (٤٥٠٠) گوند بوو، جگە لە هەندێ قەزا و ناحیە، هەندێ کۆچکردنی تر نەبێ، کە ڕێژەکەی زۆر کەمە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی و بژێوی ژیان....هتد لێرەش لەبەر چەوسانەوە و زەبروزەنگ و تۆپباران گوندەکانی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی، ئابڵۆقە و درووستکردنی ئاستەنگ لە بەردەمیاندا، ئەم کۆچکردنە وای کرد، کە جیا لە درووستکردنی چەند کۆمەڵگایەك لە ناو شاردا و دواتریش درووستکردنی ئۆردوگای زۆر ملێی صمود (ڕزگاری)، کەواتە ئاراستەی کۆچ بەرەو شاری کەلار و گەشەی ناسروشتی ڕۆڵی گەورەی هەبوو، لە سەر گەشەکردنی دانیشتوان لەم شارە دا، بەجۆرێك کەلار بووە گەورەترین قەزا لە ڕیزبەندی قەزاکانی باشووری کوردستاندا، جگە لە تەلعەفەر بە پێی دوا ئامار لەساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە گەیشتە (٨٢٠٠٤) کەس[3]، کەواتە دوا بەدوای دوا ئاماری فەرمی ئیدی تەواوی گوندەکان ڕووخێنران، بە ناوەندی ناحیەی تیلەکۆشەوە، لە ناو کەلاریشدا گەڕەکی گازینۆ هەمان چارەنووسی گوندەکانی تری باشووری کوردستانی

١- جاسم محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥

٢- د.کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق مرۆیی چالاکی ئابووری، چاپخانەی نارین، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، نۆرە و ساڵی چاپ، یەکەم ٢٠١٤، ل٣٤

٣- وزارة الحكم المحلي دليل الاداری للجمهوريه العراقيه، الجزء الاول (١٩٨٩- ١٩٩٠)، ص٢٢٧

هەبوو، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە گەشەی ناسروشتی شاری کەلار زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتوانی کوردی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانەوە، گەشەی ناسروشتی لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت شاری کەلار لە پاش ساڵی (٢٠٠٣) و ڕزگاری عێراق بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە، بە پێچەوانەوە بارودۆخی ئارام و سەقامگیری ناوچەکانی کوردستان وێنایەکی ترە، بۆیە لە دوای (٢٠٠٣) بە هۆی کۆچ لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست، ڕێژەی دانیشتوانی کەلار زۆر بە خێرایی ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە، کە ئەمەش چەندین کێشەی ڕووبەڕووی شارەکە کردۆتەوە بە تایبەتی کێشەی نیشتەجێبوون، ئەم قۆناغە لە ڕووی سیاسییەوە گۆڕان و وەچەرخانێکی گەورە ڕوویدا جگە لە عێراق کە گەورەترین و دڕندەترین دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا ڕووخا ئازادیی گەلانی عێراق هاتە گۆڕێ ئەمە خاڵێکی گرنگ بوو، کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبوو، ناوچەی لێکۆڵینەوەش گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆییەوە بینی، لە ڕووی دابەشکردنی زەوی و فراوانبوونی و زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکان و ڕووبەری شار لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی و کارەبا و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ ...هتد ئەم پرۆژانە تا ئێستایش ئەنجامدەدرێت، کەم گەڕەك ماوە یان هە ر نەماوە ئەو خزمە ت گوزارییانەی تیادا نەکرابێت، بە تایبەت گەڕەکە کۆنەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا چەندین قوتابخانە و باخچەی ساوایان دروستکراون، هەرچەندە بەهۆی خێرایی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانەوە نەتوانراوە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، هێشتا دوو دەوامی ماوە و لە زۆرێك لە خوێندگاکاندا ئەم دیاردەیە ئامادەیی هەیە ماوەیەکی زۆریش (٣) دەوامی بوونی هە بوو، تا دێ ژمارەی گەڕەکەکان زیاد دەکەن زۆرێك لە کۆمپانیاکان ڕوویان کردۆتە ئەم شارە بۆ دروستکردنی خانوو (کەلاری نوێ و هێلان سیتی) زیاتر لە (٢) هەزار خانوویان دروستکردووە لە بواری جێبەجێکردندایە، لە گەڵ ئەمانەشدا نرخی زەوی و خانوو لەم شارە لە هەموو شارێك گرانترە، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی و ڕزگارکردنی عێراق گۆڕانێك هاتە گۆڕێ هاوشێوەی کەمە، هیچ نەبێت خەڵکی کوردستان لە دڵەڕاوکێ و ترس و توقاندن و ئاوارە بوون ڕزگارییان بوو، بە تایبەت لە ئێستادا کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی ئامادەیی هەیە کە بووەتەهۆی ڕاکێشانی هەزاران کەس لە شارەکانی ترەوە، هاوکات خاڵێکی گرنگ بوو بۆ بژێوی سەدان خێزان

لـە دوای پرۆسـەی ڕزگاری ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیـان گوێزرایـەوە، مامەڵـەی پارێـزگای لەگەڵ دەکرێـت، دەرگایـەکی بـازرگانی و ئابـوری گرنـگ بـە ڕووی کـەلاردا کرایـەوە وەك ناوەندێـك بـۆ ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق و بەغدایـش بـە تایبـەتی جگـە لـە پارێـزگاکانی هەرێـم، ئەمـە و ڕەوشی نائارامـی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق ململانێـی مەزهەبـی و نەتەوەیـی و نەبـوونی هـەلی کار کەشـێکی وای خوڵقانـد هـەزاران خێـزان بـە عـەرەب و کـورد و تورکمانـەوە ئاودیـوی هەرێـم بـوون، لـەم شـارەدا زۆرێـك نیشـتەجێبوون تاوەکـو ئێسـتایش ڕۆژانـە دەیـان خێـزان کـۆچ دەکـەن بـۆ کـەلار و ڕێژەکـە زیاتـر دەبێـت، گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٤٥) بکەیـن تەنهـا تـا مانگـی ئـازاری (٢٠١٢) ئـەو خێزانانـەی کـە کارتی نیشـتەجێبوونیان دەرکـردووە، ژمـارەی کارتـەکان گەیشـتۆتە (٢٩٦٨١) کەواتـە تەنهـا تـا مانگـی ئـازار (٢٩٦٨١) سـەرۆك خێزان و هـاوکات گوزارشـت لـە ماڵیـش دەکات، کـە ژمـارەی خێزانیـش دەکاتـە (١٢١٧٠٩) کـەس، کـە سـێ نووسـینگە کراوەتـەوە لـە گەڕەکـە جیاجیاکانـداو ڕۆژانـە هاووڵاتیـان سـەردانییان دەکـەن بـۆ تۆمارکـردنی ناوەکانیـان و وەرگرتنـی کارتی نیشـتەجێبوون.

خشتەی ژمارە (٤٥)

ئەو خێزانانەی کە کارتی نیشتەجێبوونیان لە شاری کەلار دەرکردووە ساڵی ( ٢٠١٢ )

| ناوی نووسینگەکان | ژمارەی کارت | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|
| نووسینگەی کەلارکۆن | ٨٢٥٤ | ٣٥٩١٨ |
| نووسینگەی شەهیدان | ٤٣١٧ | ١٨٧٩١ |
| نووسینگەی کەلار | ١٧١١٠ | ٦٧٠٠٠ |
| سەرجەم | ٢٩٦٨١ | ١٢١٧٠٩ |

سەرچاوە: نووسینگەی کارتی زانیاری کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

# بەشی چوارەم

- دابەشبوونی دانیشتوانی شاری کەلار

- دابەشبوونی دانیشتوان
- سەرژمێرییە گشتییەکان
- چڕی دانیشتوان
- پێکهاتەی دانیشتوان

أ/ پێکهاتەی ڕەگـەز

ب/ پێکهاتەی تەمەن

ج/ پێکهاتەی نەتەوەیی

د /پێکهاتەی ئایـــنی

## دابەشبوونی دانیشتوان:

یەکێـك لـە ڕووخسـارەکانی جیهـانی ئەمڕۆ ئەوەیـە، کـە دانیشـتوان بـە سـەر ڕووی زەوییـدا وەك یـەك دابـەش نابـن، دیـاردەی شـێواوی تـەرازووی نێـوان ژمـارەی دانیشـتوان و داهاتـی زەمیـن شـتێکی تـازە نییـە بەڵکـو لەوەتـەی مـرۆڤ دەسـتی کـردووە بـە پەیداکـردنی قـووتی خـۆی لـە ئـارادا بـووە، دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە هـەر شـوێنێکدا پەیوەنـدی بـە زەوییـەوە دیاردەیـەکی نەگـۆڕ نییـە، بەڵکـو هەمیشـە لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی دی لـە گۆڕاندایـە[1]، کەواتـە دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە کیشـوەرێك بـۆ کیشـوەرێکی تـر و لـە وڵاتێـك بـۆ وڵاتێـکی تـر و تەنانـەت لـە شـار و شـارۆچکە و گوندەکانیـش وەك یـەك نییـە، چ لـە ڕووی ڕووبـەر و چ لـە ڕووی دانیشـتوانەوە، هـاوکات سروشـتی گەشـەکردن و ژمـارە و زیادبـوونی دانیشتوانی شارەکانیش وەك یەك نین، قۆناغەکانی گـەشەکردن و فراوانبوونی ئــەم شــارە کـە سـەرەتاکەی وەك ئـەو نـاوەی لێیـنراوە لـە ناوچەکـەدا گوندێـکی گـەورە و دیـار و بەناوبانـگ بـووە، ئەمـەش حاڵەتێـکی سروشـتییە و زۆرێـك لـە شـارە گـەورەکانی جیهـان بـەم قۆناغـەدا تێپەڕیون، ئەوەی ناسروشـتییە، جۆری گەشـەکردنەکەیە کە هاوشـێوەی زۆر کەمە، پاشـان لـەم دەڤـەرەدا چەنـد شـوێنێکی تـری وەکـو (بنگرد و شـێروانە) دروسـتبوون، هەرچەنـدە مێـژووی شـێروانە زۆر کۆنـە و سـنوورەکەی لـەوە فراوانـترە وەك گـەڕەك بـاس بکرێـت، کـە ئەمانیـش تەمەنیـان شـان بـە شـانی کـەلارە و چەندیـن پاشـماوەی دێریـن گەواهـی ئـەم ڕاسـتییەن و تـا ئێسـتاش بوونیـان هەیـە، بـەم شـێوەیە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ لـە مێـژوودا دەرکەوتـن، بـە تایبـەتی لـە سـەردەمی بـە قەزابوونیـدا هەنـگاوی گـەورەی نـاوە بـەرەو گەورەبـوون و فراوانبـوون، جگـە لـە گەڕەکـەکان کۆتایـی هەفتـاکان و سـەرەتای هەشـتاکان گۆڕانێـکی گـەورە لـەم شارەدا هاتۆتـە دی لـە کـۆی کایەکانـدا، لـەم تـەوەرەدا تیشـك دەخەینـە سـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان بەپێـی قۆناغـەکانی دروسـتبوونی شـاری کـەلار و گەشـەکردن و زیادبـوونی دانیشـتوان لـەم شـارەدا، کـە ئەمـەش کارتێکـردنی زۆری لـە سـەر زیادبـوونی گەڕەکـەکان و ڕووبـەری شـار هەیـە، گـەر بـە وردی نرخانـدن و شـیکردنەوەیان بـۆ بکەیـن، چەندیـن کارتێکـردن دێتـە پێشـەوە ئەمەیـان لـە باسـەکانی تـردا زیاتـر تیشـکی خراوەتەسـەر، بەپێـی گەڕەکـەکان و زیادبـوونی دانیشـتوان و دابەشـبوونی زەوی و بەپێـی نیشـتەجێبوون هەروەهـا تەرخانکـردنی زەوی لـە بـواری خزمەتگـوزاری و زیادبـوونی ڕێـژەی سـەوزایی و دابەشـکردنی زەوی،

١-جەزا تۆفیق تاڵیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩

لێرەدا دەکرێت ئەوەندەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەوە هەبێت و پێویست بکات بە پێی توانا ئاماژەی بۆ بکەین، هەروەها زەوی کراوە کە ئەمەشیان هێشتنەوەی زەوییە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە سنووری گەڕەکەکاندا، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە کەموکوڕی تیادایە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاماری ڕاست و درووست چ لە کۆن و چ لە ئێستادا، هۆکاری سەرەکیش پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندەوە بووە، کە چەندین چەواشەکاری تێدایە، لە ئێستاشدا لە دوای ڕاپەڕینەوە ئاماری فەرمی ئەنجام نەدراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ چارەکە سەدەیەك ئەمەش دەبوو دە ساڵ جارێك سەرژمێری ئەنجام بدرێت، بەپێی سیستەمی سەرژمێری لە عێراقدا کە لە ڕابردوودا ئامادەیی هەبووە، لە ساڵی شەستەکاندا لە مێژووی دامەزراندنی عێراقدا زۆرترین گۆڕانی سیاسی و کودەتای خوێناوی بووە، کەلار لە دوای بە قەزابوونییەوە تاوەکو کۆتایی حەفتاکان پێکهاتبوو لە چەند گەڕەکێك کە ئەم گەڕەکانە زۆر کۆنن پێشتر گوندبوون، تاڕادەیەك بڵاوبوون بۆشایی گەورە لە نێوانیاندا بەدی دەکران، پاشان لە دوای ناوەڕاستی حەفتاکان بنەڕەتی (٤) کۆمەڵگە دانران، ئەمانیش بەهەمان شێوە بۆشایی گەورە لە نێوانیاندا هەبوون و لە یەکترەوە دووربوون، کە ئێستا چوار گەڕەکی گەورەی شارن لە ڕووی ئەندازەییەوە کۆڵان و شەقامەکانی فراوانن زۆرێك لە درووستکردنی ئەو خانووانە سەربانەکانیان گڵ و دار بوون، ئەگەرچی بەشێکی کەمیشی کۆنکریت و عەگادە بوون، جگە لە خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا هیچ ئاوەڕۆیان نەبوو، ڕووبەری خانووەکانی (٢٤٠)م$^2$ و زیاتریش بوو، بەشێکی زۆر کەمیان لەو ڕووبەرە کەمتر بوون، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکاندا لە دەوروبەری ئەو کۆمەڵگەیانە زەوییەکی زۆر دابەشکران، گەڕەکەکانی ڕاپەڕین و فەرمانبەران درووستکران، لە نێوان کۆمەڵگەی شۆڕش و کەلاری کۆندا، کۆمەڵێك خانووی تر درووستکران لە پاش دابەشکردنی زەوی گەڕەکی بنگردیش بە هەمان شێوە، هەرچەندە خۆی مێژووەکەی کۆنترە، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەم گەڕەکە نوێیانە پلانی دابەشکردنی کۆڵانەکانیان ڕووبەری تەسکە و زۆربەیان (٨) مەترە، ئەم هەڵمەتی دابەشکردنی زەوییە لە ساڵی هەشتاکاندا چەندین پارچە زەوی لەخۆ گرت، کە بۆ یەکەمین جار بوو زەوی دابەشکرا، دواتریش لەدوای ڕاپەڕین و تا ساڵانی (١٩٩٨) زەوی دابەش نەکرا، جگە لە زیادەڕۆیی کە هەندێ گەڕەك درووستکران، بە تایبەت لە دەوروبەری شار بە شێوەیەکی بازنەیی لە ناوەڕاستی شاریش بە هەمان فۆرم زیاتر لەو شوێنانەی کە پێشتر سەربازگە و پێگەی دەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی حیزبی بەعس بوون، ئەمەش هۆکارێك بوو

بـۆ گەورەبـوونی شـار و زیادبـوونی ڕێـژەی دانیشـتوان، کـە هەڵئاوسـانێك لـە نرخـی زەوی و خانـوودا ڕوویـدا کـە هاوشـێوەی نەبـوو، لەبـەر گـرانی نرخـی زەوی و خانـوو زۆربـەی ئـەو خانووانـە بچووکرایـەوە بـۆ دوو خانـوو و سێ خانـوو، تەنانەت خانـووی وا هەیـە ڕووبەرەکەی تەنهـا (٨٠) مەتـرە، کەواتـە پێـش ڕاپەڕیـن ئـەم گەڕەکانـە هەبـوون، یـان گەڕەکـەکانی کۆتایـی حەفتـاکان و سـەرەتای هەشـتاکان بـوون، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٤٦) بکـە:

خشتەی ژمارە (٤٦)

گەڕەکەکانی شاری کەلار پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-٢٠١٢)

| پێش ڕاپـەڕیـن | دوای ڕاپــەڕیــن | |
|---|---|---|
| کەلار کۆن | شارەوانی (١) | ڕزگاری |
| بنگرد | خەبات | ئەندازیاران |
| ڕاپەڕین | شارەوانی (٢) | ئەنفالەکان |
| شۆڕش | مامۆستایان | |
| شێروانە | ئاوارەکان | |
| بەردەسوور | ڕووناکی | |
| گازینۆ ١ و ٢ | نەورۆز | |
| فەرمانبەران | مرواری | |
| سەرکەوتن | گەرمیان | |
| حەمەی کەریم | شەهیدان | |

سەرچاوە :- کاری توێژەر

## دابەشبوونی گەڕەکەکانی شاری کەلار:

کەواتە لە ڕووی دانیشتوانەوە بە شێوەیەك زیادی کرد، کە کاریگەری لەسەر ڕووبەری زەوی و خانوو تەنانەت کارتێکردنی گەورەی لەسەر نرخیان هەبوو، وەلێ ژمارەی گەڕەکەکان هەروەك خۆی بوو، جگە لە زیادەڕۆیی هەندێ گەڕەك لە سەنتەری شار و دەوروبەریدا، خشتەی پێشوو ڕوونکردنەوەی تەوەرەی باسەکەیە، پێویستە بوترێت ناوی گەڕەکەکان پێش ڕاپەڕین لەگەڵ ئێستادا جیاوازن، تەنها گەڕەکەکانی (کەلار کۆن و شێروانە و بنگرد و بەردەسوور) نەبێت، تەنانەت ناوەکانیشیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە وەك شۆڕش و ڕاپەڕین زۆرجار پێکەوە ناویان دەهات وەك یەك گەڕەك، هەروەها گەڕەکی (گۆران) گازینۆی ئەمبەر و ئەوبەر ڕووخێنران، لە کاتی ڕووخاندنی گوندەکانی بەردەست و سەرجادەدا، هەر بۆیە ئەژمار دەکرێت بە (٧) گەڕەك (شێروانە، بنگرد، فەرمانبەران، حەمەی کەریم (سیروان )، کەلارکۆن، شۆڕش، ڕاپەڕین) و (٤) کۆمەڵگەی زۆرە ملێ (بەردەسوور، پێنج سەدماڵەکە، سەرکەوتن، گازینۆ) وەك لە خشتەکەدا هاتووە، چ لە ڕووی گەڕەکەکان و هەروەها لە ڕووی جۆر و ژمارەی ئەو زەوییانەی کە تەرخانکراون بۆ گەڕەکەکانی ئەم شارە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا، بەڵام پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە بەشێکی ئەو خزمەتگوزارییە یان ئەو زەوییانەی کە تەرخانکراون، ئاماژەی پێکراوە هەر لە سەرەتادا بوونی نەبووە یان لە دوای ساڵی (٢٠٠٠)دا درووستبوون، بەڵام لە ئێستادا دەچێتە چوارچێوەی ئەو گەڕەکانەوە کە لەو ساڵانەوە هەبوون، واتە زۆرێك لەو خزمەتگوزارییانە پێش ڕاپەڕین و تا ناوەڕاستی نەوەدەکان بوونیان نەبووە، هەندێ خانوو لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان و حکومەتی هەرێمەوە درووستکران وەلێ سنووردار بوون، تاوەکو کۆتایی نەوەدەکان وەك باسکرا ساڵانی (١٩٩٨_١٩٩٩) کۆمەڵێك زەوی دابەشکران، درووستکردنی خانوو بە شێوەیەك بوو کە ڕێژەکە لەو گەڕەکانە هێواش بوو، دواتر دوای ڕووخاندنی بەعس و پەرەسەندنی بواری ئابووری و تاڕادەیەك نەمانی ڕاڕای سیاسی و خەرجکردنی پێشینەی خانووبەرەو.. هتد ئەم پرۆسەی گەشەکردنە تا دەهات خێراتر دەبوو، بە خشتەیەك ناوی گەڕەکەکان لە ڕووی جۆری بەکارهێنانی زەوی لە خزمەتگوزاریی جۆراوجۆرەکان (پەروەردە، تەندروستی، ئاینی، سەوزایی و پارك، نیشتەجێبوون، یاریگا، ڕێگاوبان ..هتد) ژمارەی پارچە زەوی و ڕووبەرەکەی بە مەتر دووجا لە خشتەی ژمارە (٤٧)دا دەخەینەڕوو:

خشتەی ژمارە (٤٧)

بەکارهێنانی زەوی بۆ گەڕەکەکانی شاری کەلار تا ساڵی (٢٠٠٠)

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شۆڕش | ماڵ | ٤٦١ | ٦٠٠٣٠ |
| | | فێرکردن | ٤ | ٢٩٠٥٦ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٨ | ٨٩٩٢٠٨ |
| | | زەوی کراوە | ٤ | ٤١٧٢٨ |
| | | خزمەتگوزاری | ١ | ١٩٢٠٠ |
| | | یاریگا | ١ | ٣٠٠ |
| | | ڕێگا | ٤٣ | ٢٣١٠١ |
| | | کۆی گشتی | ٣٢٣ | ١٩٤٥٧١،٨ |
| ٢ | بەردەسوور | ماڵ | ٧٣٤ | ٩٨٤١٢ |
| | | فێرکردن | ٢ | ١٤٨٧٥،٢٥ |
| | | ڕووبەری سەوز | ١٠ | ١٤٧٣٩،٤١ |
| | | مزگەوت | ١ | ١٩٢٠ |
| | | بەشە ناوخۆیی | ٢ | ٥٥٤٤ |
| | | یاریگا | ١ | ١٤٠٠ |
| | | بازرگانی | ٤ | ١٤٦٨٢ |
| | | کارگەی قیر | ١ | ٢٥٠٠٠ |
| | | بەنزینخانە | ٢ | ٧٩٧١ |
| | | ڕێگا | ٤٢ | ٥٥٩٦٢،٩ |
| | | کۆی گشتی | ٧٩٩ | ٢٦٧٥٦٠،٥٩ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەكارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | سیروان | ماڵ | ٦٨٤ | ١٠٦٧٦٠ |
| | | فێركردن | ٢ | ٩٠٥٠٠ |
| | | مزگەوت | ٢ | ١٢٠٠٠ |
| | | بازرگانی | ١ | ١٠٢٤٠ |
| | | كارگەی درووستكردنی كاشی | ١ | ٩٠٠٠ |
| | | كارگەی درووستكردنی بلۆك | ١ | ١ |
| | | ڕێگا | ٤٧ | ٤٧ |
| | | كۆی گشتی | ٩٣٩ | ٣٢٩٢٥٢ |
| ٤ | ئازادی | ماڵ | ٦٥٠ | ٢٣٩٨٩٦،٥ |
| | | خزمەتگوزاری | ٤ | ٨١٠٧،٥ |
| | | مزگەوت | ٣ | ٤٥٥٠ |
| | | ڕێگا | ٤٧ | ١١٤٤٩٨،٢٥ |
| | | كۆی گشتی | ٧٩٩ | ٣٦٧٩٥٢،٢٥ |
| ٥ | گۆران | ماڵ | ٥٦٠ | ١٨٧١٠٠ |
| | | فێركردن | ٢ | ١٢٣٢٨،٦٦ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٨ | ٤١١٣٨ |
| | | مزگەوت | ١ | ٢٥٠٠ |
| | | خزمەتگوزاری | ٦ | ٣٧٢٩٣،٧٥ |
| | | بازرگانی | ٣ | ٥٩٦٢،٥ |
| | | ڕێگا | ٦٤ | ١٩١٨٥٥،٧٥ |
| | | كۆی گشتی | ٦٤٤ | ٤٧٨١٧٨،٦٦ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | سەرکەوتن | ماڵ | ٣٩٦ | ١٤٥٤٥٠ |
| | | فێرکردن | ٣ | ٢٢٠٥٦ |
| | | ڕوبەری سەوز | ٧ | ٦٤٤٠٠ |
| | | مزگەوت | ٢ | ٤٠١٨ |
| | | تەندروستی | ٢ | ٣٠٧٠ |
| | | سەنتەری گەنجان | ١ | ٢٧٠٠٠ |
| | | زەوی گشتی | ٤ | ٦٦١٤٣ |
| | | بازرگانی | ٣ | ٢٦٩٠١ |
| | | ڕێگا | ٣ | ٨٧٩٥٥ |
| | | کۆی گشتی | ٤٢١ | ٥٣٤٨٣٥ |
| ٧ | شێروانە | ماڵ | ٣٦ | ٥٣٤٠٨،٣٣ |
| | | فێرکردن | ١ | ٣٨٤٤ |
| | | سەیرانگا | ١ | ١٠٦٢٣٨،٥٥ |
| | | مزگەوت | ١ | ٣٢٢٨،٩٦ |
| | | زەوی کراوە | ٤ | ٥٨٦٢،١ |
| | | زەوی گشتی | ١ | ٣٤٧٢٥،٨٨ |
| | | بازرگانی | ٤ | ١٨٩١٦،١ |
| | | ڕێگا | ٦٠ | ٣٤٣٣٤،٥٨ |
| | | کۆی گشتی | ٧٢ | ٥٦٩٥٦٥،٤٨ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م² |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | بنگرد | ماڵ | ٨٧٨ | ١٧٥٧١١ |
| | | فێرکردن | ٤ | ٢٢٢٠٠ |
| | | زەوی سەوز | ١١ | ٥٤٨٣ |
| | | مزگەوت | ٢ | ٦٠٠٠ |
| | | یاریگا | ١ | ١٤٠٠٠ |
| | | مەلەوانگە | ١ | ٤٥٠٠ |
| | | بەشە ناوخۆیی | ١ | ٢١٧٢ |
| | | کۆلێژی بنەڕەتی | ١ | ٣٧٥٠ |
| | | ئۆفیسی مناڵان | ١ | ١٥٠ |
| | | تەندروستی | ١ | ٣٦٠٠ |
| | | خزمەتگوزاری | ١ | ٢٠٥٣،٧٩ |
| | | زەوی کراوە | ٢ | ٥٢٢١٢ |
| | | بازرگانی | ١٩ | ٣٦٣٠٦ |
| | | گەراج | ١ | ٨٥٠٠ |
| | | ڕێگا | ٦٦ | ٢٧٤٣٥٩،٢١ |
| | | کۆی گشتی | ٦٤٣٣٥٢ | ٦١٠٩٥٢ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | فەرمانبەران | ماڵ | ٩٣٤ | ١٨٦٨٧٦ |
| | | فێرکردن | ٢ | ٣٩٤٠٠ |
| | | زەوی سەوز | ٦ | ٤٧٩٠٠ |
| | | مزگەوت | ٢ | ٧٣٠٠ |
| | | بینای زانکۆ | ١ | ٢٨٥٠ |
| | | پەیمانگای تەکنیکی | ١ | ٣٧٢٠،٨ |
| | | هۆڵی هونەرمەندان | ١ | ١٨٢٠ |
| | | یاریگا | ١ | ٥٥٠٠ |
| | | فەرمانگەی کارەبا | ١ | ٢٧٥٠ |
| | | پۆستە و گەیاندن | ١ | ٨٠٠ |
| | | بنکەی پۆلیس | ١ | ٢٥٠٠ |
| | | یانەی فەرمانبەران | ١ | ٧٥٠ |
| | | زەوی کراوە | ٢ | ١٥٧٦٠٠ |
| | | زەوی گشتی | ٧ | ٥٨٠٠٠ |
| | | ناوچەی بازرگانی | ١٠ | ٥٦٤٠٠ |
| | | کشتوکاڵ | ٣ | ٤٩٢٠٠ |
| | | گەراج | ٢ | ١٠٨٥٠ |
| | | ڕێگا | ٧٦ | ١١٥٤٣،٣٦ |
| | | کۆی گشتی | ١٥٢ | ٦٥٢٩٦٣،١٦ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | کەلار کۆن | ماڵ | ٢١٥٠ | ٣٥٥٣٢٠،٢٧ |
| | | ماڵ فێرکردن | ٣ | ١٧٨٥٤،٥٦ |
| | | تەندروستی | ١ | ٦٥١٠ |
| | | مزگەوت | ٢ | ٣٧٣٥،٢١ |
| | | یاریگا | ١ | ٢٨٤٠ |
| | | زەوی کراوە | ١ | ١٥٩٦٠ |
| | | زەوی گشتی | ١ | ١٥٨٧،٦ |
| | | کشتوکاڵ | ١ | ٨٨٢٠ |
| | | بازرگانی | ١ | ٨٩٥٤ |
| | | ڕێگا | ١٠٢ | ١٨٧٢٤،١ |
| | | کۆی گشتی | ٢٢٦٣ | ٧٨٥٩١٢،٢٣ |
| ١١ | ڕاپەڕین | ماڵ | ٩٩٦ | ٢٧٢٣٥٠ |
| | | فێرکردن | ٤ | ٢٧٢٣١،٢٥ |
| | | زەوی سەوز | ٩ | ٨١٣٧٧٥ |
| | | مزگەوت | ١ | ١٢٢٥ |
| | | تەندروستی | ١ | ٣١٣٥٠ |
| | | شارەوانی | ١ | ١٨٠٠٠ |
| | | یاریگا | ١ | ٤٣٨٤٣،٧٥ |
| | | زەوی کراوە | ٦ | ٦٤٩٦،٥ |
| | | بازرگانی | ٢ | ٢٩٨٦٥،٧٥ |
| | | ڕێگا | ٥٣ | ١٩٤٩٩٨،٢٥ |
| | | کۆی گشتی | ١٠٧٤ | ٧٩٢٤٠١،٥ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | حەمرین | ماڵ | ٢٢٠ | ٢٣٢٦٦٨ |
| | | یاریگا | ١ | ٨٤٠ |
| | | زەوی کراوە | ٤ | ١٠٥٩٤٧ |
| | | زەوی کشتوکاڵ | ٦ | ٤٧٣١١٢ |
| | | ڕێگا | ٥٥ | ١١٠٦٦٥ |
| | | کۆی گشتی | ٢٨٦ | ٩٢٣٢٣٢ |

سەرچاوە :- شارەوانی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## گەڕەکەکانی شاری کەلار ٢٠٠٠ - ٢٠٠٨ :

لایەنێکی تری پێکهاتەی گەڕەکەکانی شاری کەلار، ئەو گەڕەکانەی کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٨) دروستبوون، کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتی خۆی هەیە، لەو ماوەیەدا جیا لەوەی زەوی دابەشکرا بەسەر بەشێك لە چین و توێژەکاندا، بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك و جۆرێك کاریگەری لەسەر ڕەوشی ئابووری هەبوو، پرۆژەی خزمەتگوزاری و تەنانەت مووچەش بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دابەش دەکراو داهاتی ناوخۆش باش بوو، لەوانە لە پاش ساڵی (٢٠٠٣)ەوە شارەوانی کەلار چەندین پارچە زەوی دابەشکرد، چەند گەڕەکێکی نوێ دروستبوون، لەو دەمەدا و دواتریش بودجەی لە (١٧٪) کارتێکردنی زۆری لەسەر دۆخی ئابووری و ڕەوشی خەڵك هەبوو، وێڕای سەرنج و تێبینی لەسەر دابەشکردنی، هەروەها فاکتەرێکی تر کە ڕۆڵی گەورەی بینیووە، ئەویش لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس زۆری نەخایاند، ڕەوشی ئەمنی عێراق بەرەو خراپبوون دەچوو، چەندین میلیشیا و چەکدار دژی ئەمریکا و دەسەڵاتی عێراق دروستبوون، ئەمەش وای کرد کۆچکردن و هەڵهاتن هاتە کایەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، لەو بارودۆخە نائارامەی کە ئامادەیی بووە، بەهۆی تەقینەوە و کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی و چەندین کێشەی تر کە وایکرد بەرەو ئاراستەی باشووری کوردستان کۆچ

بکەن و شاری کەلاریش بەشێکی زۆری ئەو کۆچبەرانە لەخۆ بگرێت، ئەمە جگە لە گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە لەوێدا نیشتەجێبوون، دیسان ئەوانیش بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنییەوە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئەوانەش کە گەڕاونەتەوە پێویستییان بە شوێنی نیشتەجێبوون هەبوو، درووستکردنی خانوو لەو گەڕەکانەی کە ئێستا بەشێکن لە پێکهاتەی ئەم شارە، ئەمە جگە لە بەشێك لەوانەی کە سوودمەندبوون و زەوییان وەرگرتووە و کراونەتە خانوو، بەم شێوەیە سنووری ڕووبەری شارەوانی کەلار فراوان بوو چەند گەڕەکێکی نوێ درووستبوون، لەوانە (نەورۆز، ڕووناکی، ئەندازیاران، ئاوارەکان، مرواری، خەبات، مامۆستایان، شارەوانی ١، شارەوانی ٢) بۆ زیاتر ڕوونکرنەوەی دابەشکردنی زەوی لەم گەڕەکانە و چۆنێتی بەکارهێنانی دەخەینە ڕوو لەم خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە چەند ڕێگا و یاریگا و فێرگە و ڕووبەری سەوزایی و زەوی کراوە و زەوی کشتوکاڵ هەیە، لە گەڕەکەکانی شاری کەلاردا و پێکهاتەی شارەوانی ئەم شارە کە بە ژمارە و بە توێژینەوەی مەیدانی پشت بەستن بە شارەوانی کەلار ئەنجام دراوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو زەویانە و هەروەها بۆ ئاشنابوون بە گەڕەکەکانی شاری کەلار بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٨):

خشتەی ژمارە (٤٨)

بەکارهێنانی زەوی بۆ گەڕەکەکانی شاری کەلار تا ساڵی (٢٠١٢)

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەندازیاران | ماڵ | ١٧٩ | ٤٤٧٥٠ |
| | | فێرکردن | ٣ | ٢٨٧٥٠ |
| | | زەوی سەوز | ٤ | ٦٩٣٧ |
| | | زەوی کراوە | ٥ | ١٦١٠٢، ٥ |
| | | ڕێگا | ٢٧ | ٢٠١٥٢، ٦٩ |
| | | کۆی گشتی | ٢١٨ | ١١٦٦٩٢، ١٩ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م$^{٢}$ |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | نەورۆز | ماڵ | ٣٦٥ | ٧٣٠٠٠ |
| | | فێرکردن | ٣ | ١٦٢٠٠٠ |
| | | ڕوبەری سەوز | ٤ | ٤٢٠٠ |
| | | کارگێڕی | ١ | ١٠٠٠٠ |
| | | ڕێگا | ٣٠ | ٤٨٢٠٠ |
| | | کۆی گشتی | ٢٤٦ | ٣٩٣٦٠ |
| ٣ | ئاوارەکان | ماڵ | ٢٤٦ | ٣٩٣٦٠ |
| | | فێرکردن | ٢ | ٧٠٠٠ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٧ | ٦٣٥٠ |
| | | زەوی کراوە | ٢ | ٦٣٥٠ |
| | | زەوی گشتی | ١ | ٤٢٠٠ |
| | | ڕێگا | ١٦ | ٣٥٢٩٠ |
| | | کۆی گشتی | ٢٧٤ | ١٤٧٤٠٠ |
| ٤ | ئەنفالەکان | ماڵ | ٥٦٨ | ٩٠٨٨٠ |
| | | فێرکردن | ٢ | ٩٧١٧، ٣٥ |
| | | پارك | ٨ | ١٣٣٣١، ٠٤٥ |
| | | مزگەوت | ١ | ١٠٦٥، ٧٥ |
| | | بازرگانی | ١ | ٢١١٣، ١٢ |
| | | ڕێگاوبان | ٣١ | ٣٨٥٧٨، ٢٥ |
| | | کۆی گشتی | ٦١١ | ١٥٥٦٨٥، ٥٢ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | هێلان سیتی | ماڵ | ١٠٠ | ١٦٠٩٣٧ |
| | | فێرکردن | ٦ | ٢٣١٤ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٨٤ | ٦٨٠٧٤ |
| | | مزگەوت | ١ | ٤٠٨٦ |
| | | بازاڕی ناوخۆیی | ١ | ٢١٣٥ |
| | | بازاڕی گەورە | ١ | ١١٩٠٠ |
| | | خزمەتگوزاری | ٢ | ٥٦٥٠٠ |
| | | ڕێگا | ٢٤ | ١١٢٠٠٠ |
| | | کۆی گشتی | ١١٩ | ٣١٧٩٤٦ |
| ٦ | شەهیدان | ماڵ | ٢٥٠ | ٣١٩٦٠٠ |
| | | فێرکردن | ٥ | ١٨٤٥٠٠ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٧ | ٤٧٨٠٦ |
| | | یاریگا | ١ | ٢٨٤٠ |
| | | ڕێگا | ٣٣ | ٦٣٣٢٤ |
| | | کۆی گشتی | ٢٩٧ | ٣٢٦٤٤٠ |
| ٧ | خەبات | ماڵ | ٧١٢ | ١٦٣٧٦٠ |
| | | فێرکردن | ٣ | ٢٢٨٠٤ |
| | | ڕوبەری سەوز | ٥ | ٧٩٤٨ |
| | | زەوی کراوە | ٤ | ٣٩٥٢٠ |
| | | ڕێگا | ٥٣ | ٩٩٨٦٨ |
| | | کۆی گشتی | ٧٧٧ | ٤٢٩٢٠٠ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | شارەوانی ١ | ماڵ | ٦٦٠ | ١٣٢٠٠٠ |
| | | فێرکردن | ٩ | ٦٦٣٠٠ |
| | | ڕووبەری سەوز | ١٧ | ٥٧٤٠٠ |
| | | بازرگانی | ٢ | ١٢٢٠٠ |
| | | ڕێگا | ٥٢ | ١٠٣٠٦٠ |
| | | کۆی گشتی | ٧٤٠ | ٣٧١٩٦٠ |
| ٩ | شارەوانی ٢ | ماڵ | ٦٤٦ | ١٢٩٢٠٠ |
| | | فێرکردن | ٤ | ٣٤٦٠٠ |
| | | ڕووبەری سەوز | ٧ | ٢٠٢٥٠ |
| | | زەوی کراوە | ٤ | ٥٣٠٠ |
| | | زەوی گشتی | ٢ | ٤٢٣٠٠ |
| | | کۆی گشتی | ٨٧٨ | ٣٧٠٨٠٠ |
| ١٠ | مرواری | ماڵ | ١٢١٣ | ١٩٤٠٨٠ |
| | | فێرکردن | ٤ | ٣٦١٥٠ |
| | | زەوی سەوز | ٢٠ | ٥٣١٥٠ |
| | | مزگەوت | ١ | ٦٠٠٠ |
| | | زەوی کراوە | ٥ | ٣٨٣٧٥ |
| | | زەوی گشتی | ١ | ٣٥٠٤٠ |
| | | کشتوکاڵ | ١ | ٧٠٩٦٠ |
| | | ڕێگا | ٦٢ | ١٧٣٢٦٨ |
| | | کۆی گشتی | ١٣٠٧ | ٦٠٦٩٠٠ |

| ز | ناوی گەڕەك | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | مامۆستایان | ماڵ | ٨٧٣ | ٢٠٩٥٢٠ |
| | | فێرکردن | ٦ | ٧٨٠٠٠ |
| | | زەوی سەوز | ١٩ | ٥٤٠٧٩ |
| | | زەوی کراوە | ٥ | ٢٠٧٥٠ |
| | | زەوی گشتی | ١ | ٨٤٠٠ |
| | | بازرگانی | ١ | ٦٤٠٠ |
| | | ڕێگا | ٧٥ | ٢٤١٦٥١ |
| | | کۆی گشتی | ٩٨٠ | ٦١٨٨٠٠ |
| ١٢ | ڕزگاری | ماڵ | ٦٥١ | ١٥٢١٦٠ |
| | | زەوی سەوز | ٢٧ | ٦،١٧٣٥٥ |
| | | زەوی کراوە | ٥ | ٦٧٤٠٥ |
| | | زەوی کشتوکاڵ | ١ | ٥٠٦٠٠ |
| | | بازرگانی | ٣ | ٩٨٠٥ |
| | | ڕێگا | ٥٨ | ٥٠١٠٧٠ |
| | | کۆی گشتی | ١٠٥٠ | ٦،٦٩٠١٩٥ |

سەرچاوە :شارەوانی کەلار داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠١٣

## دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتوان:

دابەشـبوونی دانیشـتوان بـە پێـی شـار و گونـد بایەخێـکی زۆری پێدەدرێـت، لـە سـەرجەم توێژینـەوەکانی بـواری دانیشـتواندا، چونکـە لـەم ڕێگایـەوە جـۆری ئـەو پەیوەندییانـە دەردەکەوێت، کـە لـە نێوان زەوی و مرۆڤدا درووسـت دەبێـت، پێش ئـەوەی باس لـەم جۆرە دابەشـبوونە بکەیـن، بـە پێوسـتی دەزانـم ئاماژەیـەك بـۆ هـەردوو چەمکی شـار و گونـد بکـەم، شـار کۆبوونەوەیـەکی چڕی دانیشـتوانە و نیشـتەجێیەکانی نـاوی بـە کاروبـاری ناکشـتوکاڵییەوە خەریکـن، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە کۆمەڵەیـەکی لـە یەکنەچـوون بـەڵام گونـد کۆبونەوەیەکی مرۆییـە لـە شـوێنێکی دیاریکـراودا، بەکارهێنـانی زەوی کۆڵەکـەی ژیـانی ئابـووری خەڵکەکەیـەتی، دانیشـتوانەکەی سـەرقاڵی کشـتوکاڵن، کەواتـە گونـد ئـەو شـوێنەیە، کـە دانیشـتوانەکەی لەسـەر کشـتوکاڵ دەژیـن و بـە کشـتوکاڵەوە خەریکـن[1]، دانیشـتوان لـە شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی تـر جیـاوازن، ئەمـە دۆخێـکی سروشـتییە ئـەم جیاوازییـە لـە جیهانـدا و لـە نێـو کیشـوەرەکاندا بەدیدەکرێـت چ جـای دەوڵەتێـك یـان شـارێك تەنانـەت گەڕەکێـك، ئەمانـەش فاکتـەر گەلێکـن و کاریگەرییـان لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان هەیـە، ئـەم دابەشـبوونەش گـۆڕانی بەسـەردا دێـت بـە پێـی قۆناغـەکان واتـە فاکتـەر و کارەسـاتە سروشـتی و مرۆییـەکان کارتێکردنی لەسـەر دابەشـبوونی دانیشـتوان هەیـە، شـاری کـەلار بەپێـی داتـاو سـەرژمێرییەکان، دانیشـتوانەکەی هەمیشـە کێرڤـی ڕووی لەزیادبـوون و هەڵکشـانە، فاکتـەری سـەرەکیش دەگەڕێتـەوە، بـۆ کۆچکـردن بـەرە و ئاراسـتەی کـەلار و زیادبـوونی ژمـارەی لەدایکبـوون، هەروەهـا بـەرەو پێشـەوە چـوونی لەچـاو جارانـدا و کەمبوونـەوەی مـردن، هەربۆیـە زیادبـوونی دانیشـتوان و فراوانبـوونی گەڕەکـەکان بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـەدی دەکرێـت، دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە گەڕەکەکانـدا وەك یـەك نییـە، تەنانـەت ڕووبـەرو ژمـارەی دانیشـتوانیش جیـاوازی هەیـە، پشتبەسـتن بـە خشـتەی (٤٩) دەتوانیـن ژمـارەی دانیشـتوانی هـەر گەڕەکێـك دیـاری بکەیـن وەك دەردەکەوێـت، کـە گەڕەکـی شـەهیدان زۆرتریـن ژمـارەی دانیشـتوانی تێدایـە، ئەمیش بەگوێـرەی ژمـارەی مـاڵ و سـەرۆك خێـزان و دواتریـش تـاك یـان ئەندامـانی خێـزان، ژمـارەی دانیشـتوانی گەڕەکـی شـەهیدان دەکاتـە (١٦١٧٥) تـاك، بەپلـەی دووەم گەڕەکـی گـۆران دێـت ژمـارەی تـاك لـەم گەڕەکـە (١١٩٢٢) کەسـە، ڕاپەڕیـن بـە پلـەی سـێیەم و کەلارکـۆن بـە پلـەی چـوارەم و حەمریـن و شـۆڕش و بەردەسـوور یـەك لـەدوای یـەك تـا پلـەی حەوتـەم، تاکـو

---

١- کامەران تاهیرسەعید، کۆیە، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیایی هەرێمی، مەڵبەندی کوردلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٣١

دەگاتە پیشەسازی کەمترین ڕێژەی خێزانی تێدایە ئەویش کە دەکاتە (٥٦٦) تاك، سەیری شێوەی (٦) بکەین و یان لە هەمان خشتەدا، ئەگەر ژمارەی سەر خێزانی عەرەبیش وەربگرین دەبینین کە گەڕەکی شەهیدان بە پلەی یەکەم دێت کە نەتەوەی عەرەب بە ژمارەی (١٢٦٠) کەسە، دواتریش کەلارکۆن دێت بە پلەی دووەم، بە ژمارەی (١٢٢٠) کەس، زیاتر لەبەرئەوەی ئەم گەڕەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن لە گەڕەکەکانی تر و کرێ خانوو هەرزان ترە، لە دەوروبەریدا باخێکی زۆر هەن، دواتر لەناو ئەو باخانەدا کار دەکەن، یان خەریکی کشتوکاڵکردن و سەوزە کردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرن، جیا لەوەی هەلی کاریان بۆ ڕەخساوە، کرێ خانوو و پارەی ئاو و کارەبا نادەن، ئەمانەش بەهۆی کۆچکردن و بارودۆخی ناوەڕاست و باشووری عێراق هاتوونەتە کەلار و تیایدا نیشتەجێبوون، گەڕەکی گۆران لە ڕیزبەندی سێیەمدایە کە (٦٠٥) عەرەب نشینی تێدایە، ئەمە جگە لەو گەڕەکانەی بەپێی ناونووسکردن وەك لە خشتەکەدا هاتووە هیچ خێزانێك تۆمارنەکراون، لەلایەکی ترەوە نەتەوەی تورکمانیش هەن کە (٢٥) ماڵە و نزیکەی (١١٥) کەسن، کە شازدە ماڵیان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە هاتوون، یەك سەرخێزان کە (هند)ین لە گەڕەکی بنگرد دادەنیشن ژمارەیان (٤) کەسە، ئیدی هەندێك گەڕەکیش تەنها نەتەوەی کوردی تێدایە عەرەبی تیادا نیشتەجێنەبوون، ئەویش پەیوەندی بە هەلی کار و پێکهاتەی گەڕەکەکە و نرخی خانووی کرێوە هەیە.. هتد، لە خشتەکەدا گەڕەکی گردەگۆزینەی تێدا نییە ئەمیش هەندێ جار جیاواز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لێرەش ژمارەیەکی عەرەبی زۆر دەژین کە ژمارەیان دەکاتە (١٠١٥) کەس، جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە ناوباخ و کێڵگەی پەلەوەر و شوێنەکانی تردا لە دەوروبەری شاردا نیشتەجێن و لەناو گەڕەکەکان نین، کۆی نەتەوەی کورد لەم شارەدا دەکاتە (١٧٦٩٩٦) کەس و نەتەوەی عەرەبیش دەکاتە (٧٩٧٧) کەس و لەم ژمارەدا تەنها (١١٥) کەسیان تورکمانە وەك لە خشتەی ژمارە (٤٩) هاتووە :

خشتەی ژمارە (٤٩)

دابەشبوون و ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری گەڕەکەکان ساڵی (٢٠١٢)

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | ڕووبەر (دۆنم ) | ژمارەی دانیشتوان | عەرەب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێلان سیتی | ١٥٠,٦٩ | ٤٧٠٠ | ١٥٤ |
| ٢ | بەردەسوور | ١٣١,٦٤ | ٧٨٦٥ | ٣٣٠ |
| ٣ | نەورۆز | ٥٣,٦٣ | ٨٢٠ | ١٠٢ |
| ٤ | ئازادی | ١١٧,٦٠ | ٧٥٧٨ | ٣١٠ |
| ٥ | گەڕەکی گۆران | ٣٣٣,٦٧ | ١١٩٩٢ | ٦٠٥ |
| ٦ | گەڕەکی سیروان | ١١٨,٣١ | ٧٨٦٩ | ٤١٠ |
| ٧ | گەڕەکی شێروانە | ٢١٨,٨٨ | ٧٥٥٠ | ٣٨٥ |
| ٨ | گەڕەکی سەرکەوتن | ١٩٣,٠٦ | ٧٥٣٢ | ٢٤٠ |
| ٩ | گەڕەکی ئەندازیان | ٥٤,٥٨ | ٢٦٧٠ | ١٢٤ |
| ١٠ | گەڕەکی شەهیدان | ١٢٢,٥٧ | ١٦١٧٥ | ١٢٦٠ |
| ١١ | گەڕەکی گەرمیان | ٤٣,٧٥ | ١٨٣٥ | ١١١ |
| ١٢ | گەڕەکی ڕزگاری | ١٩٥,٥٥ | ٣٩٩٠ | ٧٥ |
| ١٣ | گەڕەکی مامۆستایان | ١٨٢,٤٧ | ٦٧٧٥ | ٨٥ |
| ١٤ | گەڕەکی خەبات | ١٥٦,٦٦ | ٦٧٠٠ | ٤٠ |
| ١٥ | گەڕەکی ئاوارەکان | ٣٦,٥٥ | ٣٤٢١ | ١١٢ |
| ١٦ | گەڕەکی شارەوانی ١ | ١١٢,٨٣ | ١٥٦٢ | ٢٤٠ |
| ١٧ | گەڕەکی شارەوانی ٢ | ١٨٩,٤١ | ٧٣٢٨ | ٢٥٦ |
| ١٨ | گەڕەکی ڕاپەڕین | ٢٠١,٥٥ | ١١١٨٠ | ٤٢٠ |
| ١٩ | گەڕەکی فەرمانبەران | ٢١٩,٥٩ | ٨٧١٣ | ٣٥٨ |
| ٢٠ | گەڕەکی بنگرد | ١٥٤,٤٦ | ٨٠٤٥ | ٥٦٠ |
| ٢١ | گەڕەکی شۆڕش | ١٠٦,٠٧ | ٩١٣٥ | ١٩٠ |

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | رووبەر (دۆنم ) | ژمارەی دانیشتوان | عەرەب |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | گەڕەکی مرواری | ١٠,٤٢ | ٢٩٨٠ | |
| ٢٣ | گەڕەکی جووتیاران | ١٢٥,١٦ | ٣٧٦٤ | ٤٠ |
| ٢٤ | گەڕەکی کەلاری کۆن | ٢٥٨,٦٣ | ٩٦٠٠ | ١٢٢٠ |
| ٢٥ | گەڕەکی کەلار نوێ | ٢٠٧,٣٧ | ١٥٧٠ | ٢٧٥ |
| ٢٦ | گەڕەکی حەمرین | ٢٣٩,٥١ | ٩١٨٠ | ٧٥ |
| ٢٧ | گەڕەکی ئەنفالەکان | ٦٧,١١ | ٥٨٧٥ | |
| ٢٨ | گەڕەکی ناوپیشەسازی | ٣١٤,٨٦ | ٥٦٦ | |
| کۆی گشتی | | ٥٨ ،٤٣١٦ | ١٧٦٩٩٦ | ٧٩٧٧ |
| | | | ١٨٤٩٧٣ | |

سەرچاوە: ١- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە
٢- ئەنجومەنی گەڕەکەکانی کەلار
٣- یاریدەرێتی ئاسایشی کەلار، داتای بڵاونەکراوە: شوباتی ٢٠١٣

واتـە گەشـەکردنی دانیشـتوان لـە گەڕەکی شـەهیدان زیاترە، ئـەوەش دەگەڕێتەوە بـۆ بوونی زەوی زۆر و بـواری دروسـتکردنی خانـوو، هەروەهـا سـاڵی ٢٠٠٤یـش نرخـی زەوی و خانـوو لـە گەڕەکـی شـەهیدان کاتێ بـەراورد بکرێـت، لەگـەڵ هەندێـك لـە گەڕەکـەکانی تـر نرخەکـەی هەرزانـتر بـوو، هەروەهـا فراوانـی گەڕەکـی شـەهیدان دەرفـەتی ڕەخسـاندووە یـان لەبارتـرە بـە دروسـتکردنی خانـوو بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تـازە لـە خـوارەوە هاتـوون، یاخـود تـازە ژیانـی هاوسـەرێتی پێکدەهێنـن، بـەڵام دەبینیـن گەڕەکەکانـی تـر وەکـو فەرمانبـەران و شـێروانە و بنگـرد سـنوورێکی دیـاری کراویـان هەیـە، نرخـی زەوی و خانوویـان بـەرزە، هەروەهـا دووری هەنـدێ گـەڕەك وەکو ئەوانـەی تـازە دروسـتبوون دوورن لـە سـەنتەری شـارەوە، بۆیـە دەبـێ گرنگـی بدرێـت بـە گەڕەکـەکانی تـر و دەبـێ ڕەچـاوی ئـەوە بکەیـن، کـە کام گـەڕەك پێویسـتی بـە خزمەتگـوزاری زیاتـرە، بـۆ ئـەوەی لـەم بـوارەدا هاوسـەنگی بکرێـت، هەروەهـا دەبینیـن کـە گەشـەکردنی شـاری کـەلار بـەرەو بەردەسـوور زیاتـر دەچێـت هەرچەنـدە بـەرەو ڕزگاریـش سـنووری فراوانبـوون زیاتـرە، واتـە بـەرەو باکـوور و باکـووری ڕۆژئـاوا ڕووبـەری فراوانبـوون گونجاوتـرە.

# کەلار و سەرژمێرییە گشتییەکان:

سـەرژمێری دانیشـتوان بـە گوێـرەی ئـەو پێناسـە گشـتییەی کـە بـۆ ئـەو زاراوە کـراوە، بریتییـە لـە چالاکییـەکی هەمەلایەنـە بـۆ تۆمارکـردن و تاوتوێکـردن و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری دیمۆگـرافی و ئابـووری و جڤـاکی لەمـەڕ دانیشـتوانی وڵاتێـك لـە چرکەیـەکی دیـاری کـراودا، سـەرژمێری لـەو چەشـنە بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا و لـە سـاڵی (١٧٩٠)دا بەنـاوی (جینسـوس) ژمـاردنی دانیشـتوان لـە ولایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا لـە باکـووری کیشـوەری ئەمریـکا ئەنجـام دراوە، دوای چەنـد سـاڵێك لـە ئەوروپـادا ئەنجـام دراوە[١]، سـەرەتا ناونووسـکردنی خەڵـك لـە باشـووری کوردسـتاندا، بـۆ سـەردەمی فەرمانڕەوایـی عوسـمانییەکان دەگەڕێتـەوە، ئـەم ئیمپراتۆریەتـە بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی بـاج و گرتنـی سـەرباز و لەسـەر داخـوازی وڵاتـانی ئەوروپـا بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژوودا لـە سـاڵی (١٨٣١) یەکەمیـن سـەرژمێری خـۆی کـردووە، تەنیـا پیـاو تۆمارکـران سـەرژمێری دووەم لـە سـاڵی (١٨٤١) بـە ئەنجام گەیەنـرا، ئەمانە ولایـەتی موسـڵی گرتـەوە، کـە لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانیدا کـراوە، دوای جەنگـی یەکەمـی جیهـانی دابەشـکردنی خـاکی ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانی لـە نێـوان وڵاتـانی زلهێـزدا ئیـدی ولایـەتی مووسـڵیش پـاش گفتووگۆیـەکی دوور و درێـژ، لـە سـاڵی (١٩٢٥) کـە عێراقـی عـەرەبی تـازە دروووسـتبوو، لەگـەڵ هـەردوو ولایـەتی بەغـدا و بـەسرە پێکـەوە لکێنـدران دەوڵـەتی تـازە دروووسـتبووی عێـراق بـۆ یەکەمیـن جـار سـەرژمێری گشـتی دانیشـتوان لـە عێراقـدا بە پشـتیوانی ئینگلیـزەکان لـە سـاڵی (١٩٢٧)دا خەڵکیـان ناونووسـکرد[٢] لەوکاتـەوە تـا ئێسـتاش شـەش جـاری دیکـە سـەرژمێری گشـتیی کـراوە و بڕیـاردراوە دە سـاڵ جارێـك دووبـارە بکرێتـەوە بڕیارەکـەش بـە گشـتی پەیـڕەوی لێکـراوە جگـە لـە سـەرژمێری گشـتی پێنجـەم دوو سـاڵیان پێشخسـت واتـا لـە سـاڵی (١٩٦٥) ئەنجامـدرا، کـە دەبووایـە لـە سـاڵی (١٩٦٧) دا ئەنجـام بدرایـە، ئەگـەر سـەیری سـەرژمێری سـاڵی (١٩٤٧) بکەیـن ناحیـەی شـێروانە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی (١٧٥٦٦) کـەس بـووە، لـە سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧) گـۆڕانی دیمۆگرافیـای ئەوتـۆی بەخۆیـەوە نەبینیـووە و نزیکـەی (١٧٦٧٨) کـەس بـووە، بـەڵام لـە سـەرژمێری نێـوان سـاڵانی (١٩٦٣-١٩٦٥)، (٢٣٧٦١) کەسـە، (١١٩٠٨) نێـر و (١١٨٥٣) مێیـە، ژمـارەی گونـدەکانی (١٥٢) گونـدە[٣]، کەواتـە

---

١- د. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

٢- د.عبدالفتاح محمد وهیبە، وەرگێڕانی، گەرمیان محمد احمد، جوگرافیای دانیشتوان، چاپی یەکەم ٢٠١٢، ل٢٢

٣- سـمکۆ بەهـرۆز محەمـەد (ئـەژی)، مێـژووی سـەردەمە کارگێڕیـی و بەڕێوەبەرییـەکانی پارێـزگای کەرکـوك، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهید ئـازاد هەورامـی، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل١٧٩

دانیشـتوانی ناحیـەی شـێروانە زیـادی کـردووە، هـۆکاری ئـەم زیادبوونـە بـە هـۆی گواسـتنەوەی دانیشـتوانی بـەدرە و مەندەلەییـەوە بـووە، لـە سـاڵانی (١٩٦٣-١٩٧٣) کـە ئەمـە ڕەنگدانـەوەی هەبـووە، لـە سـەر زیادبـوونی ڕێـژەی دانیشـتوانی ناحیەکـە، هـەر زانیارییـەك کـە پەیوەنـدی دابەشـبوونی جوگـرافی و نەتەوەیـی و زمانـەوانی خەڵـکی عێراقـەوە هەیـە، بەپێـی پێویسـت جێـی متمانـە نییـە، زۆر کەموکورتی تێدایـە ئەمـە لەلایـەك، وە لەلایـەکی تـرەوە زانیارییـەکانی پێـش سـەرژمێرکردنی دانیشـتوانی عێـراق بەشـێوەیەکی فەرمیـی پـڕ هەڵـە و کەموکوڕییـە و بـە سـەرژمێری دانانرێـت، چونکـە هەموویـان بـە مەزەنـە کۆکرانەتـەوە لەبەرئـەوە شـتێکی سـەیر نییـە، کـە لـە تەقدیرکـردنی ژمـارەی دانیشـتواندا جیـاوازی هەبێـت، ئـەو جیاوازییـەش لـە نێـوان نیـو ملیـۆن کـەس تـا زیـاد لـە دوو ملیـۆن کـەس بـووە[1] بـەڵام ئەگـەر سـەیری سـەرژمێری سـاڵی (١٩٧٧) بکەیـن، ئـەوا کـەلار بـۆ یەکەمجـار وەکـو قەزایـەك سـەرژمێری تێـدا دەکرێـت، کـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی زۆر زیـادی کـرد چونکـە لـەم سـاڵانەدا سیاسـەتی بەعەرەبکـردن دەسـتپێکرد، کـە گـۆڕانی ئیـداری لـە لیـوای کەرکوکـدا کردبـوو، کـەلار بـوو بـە قـەزا چەنـد کۆمەڵگایـەکی تێـدا دروسـتکرد، کـە ژمـارەی دانیشـتوان لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا گەیشـتە (٢٤٨٢٤) کـەس، کـە ئەمـە تەنهـا مەرکـەزی قـەزا دەگرێتـەوە، کـە شارنشـین دەکات (٩٢٧٤)کـەس، دانیشـتوانی گوندنشـینیش (١٥٥٥٠) کـەس بـوون[2] لـە ڕووی ڕەگـەزەوە (٤٩٤٢) نێـرە و ژمـارەی ڕەگـەزی مێینـەش گەیشـتۆتە (٤٣٣٢)کـەس، بـەڵام بـە هـەردوو ناحیەکـەوە گەیشـتە (٤٤٠٥٧) بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٧٧)، دواتـر ژمـارەی دانیشـتوانی قەزاکـە زۆر زیـادی کـرد، کـە ئەمـەش بـە هـۆی ڕووخانـدنی گونـدەکانی گەرمیانـەوە و ڕاگواسـتنیان بـۆ ئـۆردوگای (صمـود)، ژمـارەی دانیشـتوانی قـەزای کـەلار لـە سـاڵی (١٩٨٧) گەیشـتە (٨٩١١٣) کـەس ناوەنـدی قـەزاش (٨٢٠٠٤) کـەس، شارنشـین گەیشـتۆتە (٦٣١٠٢) کـەس، گوندنشـین (١٨٩٠٢) کـەس، لـە ڕووی ڕەگەزییـەوە ژمـارەی نێـر زیاتـر بـووە کـە (٣٢١٨٢) کـەس بـووە، ژمـارەی مێینـە (٣٠٩٢٠) کـەس بـووە، گوندنشـین سـەر بـە ناوەنـدی قـەزا ژمـارەی دانیشـتوان (٢٠٢٢٥) کـەس بـووە، لێـرەش هەرچەنـدە ڕەگـەزی نێـر زیاتـرە (١٠١٦٦) کـەس بـووە وەڵـێ جیاوازییەکـە زۆر نییـە کـە مێینـەش (١٠٠٨٦) کـەس بـووە[3] ئیـدی لـەدوای ڕاپەڕینـەوە لـە

١- د.خليل اسماعيل، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٢) ساڵی دووەم، تەموزی ١٩٩٣، ل١٩

٢- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائـج التعـداد العـام للسـكان، لسـنة ١٩٧٧، محافظـة السـليمانية، ت١، ١٩٧٨، ص٣٧

٣- الجمهوريـة العراقيـة، وزارة التخطيـط الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتائج التعـداد العـام للسـكان، لسـنة ١٩٨٧، محافظـة السـليمانية، ت١، ١٩٨٨، ص٩٢

سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرژمێری فەرمی ئەنجام نەدراوە، تەنها پشت بە فۆرمی خۆراك دەبەسترێت کە ئەمەش کەموکوڕی زۆری تێدایە، کە زۆرجار پەنجە خراوەتە سەر خراپی و ناڕۆشنی ئامارەکان، کە تێکڕا درکمان پێکردووە، کە کاریگەری لەسەر پلاندانان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پشکی پرۆژەکان و دامەزراندن و دەرمان و سوتەمەنی هەیە، بەبێ ئامارو سەرژمێری ورد و ڕاست، هیچ هەنگاوێ بەرەو پێشەوە نانرێت، هاوکات کاریگەری لەسەر کۆی کایەکان هەیە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەردەوام جەخت لە ئەنجامدانی ئەم پرۆسیسە دەکرێتەوە، کەچی تائێستا ئەنجام نەدراوە.

## چڕی دانیشتوان لە شاری کەلار:

چڕی دانیشتوان بە ڕێبەرێك دادەنرێت بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر ڕووی زەوی، چونکە پەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری ئەو زەوییەی کە لە سەری دەژی تا گەشە دەکات، شایانی باسە چەند جۆریك پێوەرمان هەیە بۆ دەرخستنی چڕی دانیشتوان، لەوانە (چڕی ژمێرەیی) کە یەکسانە بە ژمارەی دانیشتوان دابەش کراو بەسەر ڕووبەردا بە (کم٢ یان میل٢)

**چڕی ژمێرەیی = ژمارەی دانیشتوان + ڕووبەر**

بەڵام چڕی ژمێرەیی ڕاستی قەرەباڵەخی دانیشتوان و بڵاوبوونەوەیمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، چونکە زۆربەی دانیشتوان لە دەوری ناوچە شارستانییەکان کۆدەبنەوە دوور لە ناوچە بیابانییە فراوانەکان، هەر بۆیە لە بەرامبەر ئەم کەموکوڕیانەدا پێوەرێکی تر هاتە ئاراوە، کە لە چڕێتی دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان بەسەر ڕووبەری ناوچەکانی کە توانای جێگربوونیان هەیە، ئەنجام دەدرێت کە ئەم جۆرە بە چڕی فیزیۆلۆجی ناوزەدکراوە،

**چڕی فیزیۆلۆجی = ژماری دانیشتوان + ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە شیاوی جێگربوونن**[1].

ئەنجامەکانی ئەم هاوکێشەیە بە دابەشکردنی کۆی ژمارەی دانیشتوان بە سەر کۆی ڕووبەری ناوچەکە دەردەهێنرێت، بەم شێوەیە[2] **چڕی گشتی = کۆی ژمارەی دانیشتوان /کەس**

**کۆی ڕووبەر /کم٢ - ( )کەس / کم٢**

١- عدنان السید حسین، جیۆگرافیای (ئابوری-دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ وەرگێڕان و پوختەکردنی، فرمان عبدالرحمان-محمد فاتح، سلێمانی ٢٠٠٢، کۆمپیتەر و ئۆفیستی دەزگای سەردەم، ل١٢٥

٢- محمد متولی و محمود ابو الملاْ، الموارد الاقتصادية، مكتبة انجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٧، ص٣٧.

بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٧٧)ی عێراق تیایدا هاتووە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار دەکاتە (٤٤٠٥٧) کەس، کە ڕووبەری کەلار دەکاتە (٢١٢٨) کچگ، چڕی گشتی (٢١) کیلۆمەتر چوار گۆشەیە بۆ هەرکەسێك، لەکاتێکدا سەنتەری قەزا (٣٦٤) کچگ، وە ژمارەی دانیشتوانی (٢٤٨٢٤) کەسە و چڕی گشتی دەکاتە (٦٨) کەس\کچگ[1]، سەیری خشتەی ژمارە (٥٠) بکە:

خشتەی ژمارە (٥٠)

چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای کەلار ساڵی (١٩٧٧)

| قەزا _ ناحیە | کچگ | دانیشتوان | کەس \ کچگ |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٢١٢٨ | ٤٤٠٥٧ | ٢١ |
| سەنتەر | ٣٦٤ | ٢٤٨٢٤ | ٦٨ |
| پێباز (باوەنور) | ٩٢٥ | ١١٧٤٣ | ١٣ |
| تیلەکۆ | ٨٣٩ | ٧٤٩٠ | ٩ |

سەرچاوە:- د. عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩

لە دوای زیادبوونی و گەشەکردنی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٨٧، گۆڕانێکی زۆر لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٨٧) چڕی دانیشتوان بەم شێوەیە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە چڕی دانیشتوان لە ناوەندی یەکە ئیدارییەکاندا چڕییەکی بەرزە، بە تایبەتی ناوەندی قەزاکان وەك ناوەندی قەزای کەرکووك و ناوەندی قەزای کەلار (٢٤٧) کەس/کم$^2$ [2]، دانیشتوانی ناوەندی قەزای کەلار (٨٢٠٠٤) کەسە، ڕووبەرەکەی (٣٢٢) کم$^2$، چڕییەکەی دەکاتە (٢٤٧) کەس/کم$^2$ یەو چڕی دانیشتوانی قەزاکە دەکاتە ٤٢،٢ بۆ هەر کەسێك[3] ، لە دوای ئەوەی هەردوو ناحیەی پێبازو تیلەکۆ لەڕووی کارگێڕییەوە هەڵوەشێنرانەوە، لکێنرانە سەنتەری قەزاوە بەپێی هەردوو مەرسومی کۆماری ژمارەکانی (٩١١، ٣٢١ لە ١٩٨٧/٦/١١ و ١٩٨٧/١١/١٦) ڕووبەری

١- د. عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩

٢- جەزا تۆفیق تاڵیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩ چاپی یەکەم، ل١١٢

٣- جە زا تۆفیق تاڵیب، هەمان سەرچاوە، ل٢٢

سـەنتەری قـەزای کـەلار لـە (٢١١١) کـم[٢] گۆڕا بـۆ (٣٣٣٢) کـم[٢][(١)]، بڕوانە خشـتەی ژمـارە (٥١):

خشتەی ژمارە (٥١)

چڕی گشتی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کەلار بۆ ساڵی (١٩٨٧)

| قەزا_ناحیە | دانیشتوان | ڕووبەر / کم٢ | چڕی |
|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٨٢٠٠٤ | ٣٣٢ | ٢٤٧ |
| پێباز | ٧١٠٩ | ٩٩٢ | ٧,١ |
| تیلەکۆ | - | ٧٨٧ | - |
| کۆی گشتی | ٨٩١١٣ | ٢١١١ | ٤٢,٢ |

سەرچاوە: جەزا تۆفیق تاڵیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩ چاپی یەکەم، ل١١٢

بـەڵام دواتـر گەشـەکردنێکی بەرچـاو بەسـەر شـاری کـەلاردا هاتـووە و ئێسـتا ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، ژمـارەی دانیشـتوانی بەرزبووەتـەوە کـە گەیشـتە (١٨٤٩٧٣) کـەس و ڕووبەرەکـەی (٤٣١٦,٥٨)،کـە دەکاتـە (١٤٪)ی ڕووبـەری گشـتی ئیـدارەی گەرمیـان، چـڕی دانیشـتوان لـە ناوەندی کـەلار دەکاتـە (٤٢,٨٥) کەس/دۆنـم[(٢)]، عێـراق جگـە لـە ئامـاری ئاسـایشی ناوچەکـە و ململانێـی نەتەوەیـی و مەزهـەبی، هـۆکاری ئابـووری و نەبـوونی هـەلی کار لـەو ناوچانـە و جیـاوازی لـە بـواری خزمەتگوزاریی ....هتد، هۆکاری کۆچکردنە بەرەو ئاراسـتەی کەلار، سـەیری خشتەی ژمارە (٥٢) بکە:

خشتەی ژمارە (٥٢)

چڕی گشتی دانیشتوانی شاری کەلار ساڵی (٢٠١٢ )

| شار | ڕووبەر بە دۆنم | دانیشتوان | کەس \ دۆنم |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٤٣١٦،٥٨ | ١٨٤٩٧٣ | ٤٢،٨٥ |

سەرچاوە :کاری توێژەر

پشتبەستن : ١- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە

٢- ئەنجومەنی گەڕەکەکانی کەلار

١– وزارة الحكم المحلي، دليل الاداري للجمهورية العراقية، الجزء الاول (١٩٨٩-١٩٩٠)، ط١، ص٢٢٧

٢- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدان و ئاوەدانی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٤

گـەر سـەیری خشـتەی خـوارەوە بکەیـن شـاری کـەلار پێـش ڕاپەڕیـن پێکهاتـووە لـە دە گـەڕەکی سـەرەکی، ئـەم گەڕەکانـە مێـژووی دروستبوونیان جیـاوازە هەندێکیـان زۆر کۆنـن، هەندێکیـان دەگەڕێنـەوە بـۆ ناوەڕاسـت و کۆتایـی حەفتـاکان (بەردەسـوور، سـەرکەوتن، ڕاپەڕیـن، شـۆڕش، فەرمانبـەران) لـە ڕووی ڕووبـەرەوە جیاوازیـان هەیـە لـە گەڕەکێکـەوە بـۆ گەڕەکێـکی تـر، هەرچەنـدە داتـای ڕووبـەری گەڕەکـەکان نوێـن، هـاوکات نـاوە تازەکانـی گەڕەکـەکان بەکارهێـنراون، گەورەتریـن گـەڕەك گۆرانـە کـە ڕووبەرەکـەی دەکاتـە (٣٣٣,٦٧) دۆنـم و گـەڕەکی کـەلاری کـۆن ڕووبەرەکەی دەکاتـە (٢٥٨,٦٣) دۆنـم لە ڕیزبەنـدی دووەمدایە، گـەڕەکی شـۆڕش بچووکتریـن  ڕووبـەرە کەدەکاتـە (١٠٦,٠٧) دۆنـم سـەیری خشـتەی ژمـارە (٥٣) بکـە:

خشتەی ژمارە (٥٣)

ناو و ڕووبەری گەڕەکەکانی کەلار پێش ڕاپەڕین

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | ڕووبەرەکەی بە دۆنم |
|---|---|---|
| ١ | بەردەسوور | ١٣١,٦٤ |
| ٢ | گۆران | ٣٣٣,٦٧ |
| ٣ | شێروانە | ٢١٨,٨٨ |
| ٤ | سەرکەوتن | ١٩٣,٠٦ |
| ٥ | ڕاپەڕین | ٢٠١,٥٥ |
| ٦ | فەرمانبەران | ٢١٩,٥٩ |
| ٧ | بنگرد | ١٥٤,٤٦ |
| ٨ | شۆڕش | ١٠٦,٠٧ |
| ٩ | کەلار کۆن | ٢٥٨,٦٣ |
| ١٠ | سیروان | ١١٨,٣١ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانان و ئاوەدانی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

بۆ ئـەوەی چـڕی دانیشـتوان دەربکەیـن لـە گەڕەکەکانی شـاردا بـۆ زانینـی ژمارەی دانیشـتوان و چـڕی دانیشـتوان، بـە مەبەسـتی دیاریکردنـی پێویسـت بـوون بە ژمـارە و جـۆری خزمەتگوزاری، هەروەهـا دیاریکردنـی کاریگەریـی ڕووبـەری هەریـەك لـەم بارەیـەوە، ڕووبـەری گـەڕەکـەکان بـەردەوام لـە فراوانبـوون و گۆڕانـدان بـە بـەراورد بـە سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) کـە ئاماژەیـان پێکرا، تەنانـەت چەندیـن گـەڕەك زیادیکـردووە، زیاتـر لـە دوو هێنـدەی سـاڵانی پێشـوو لە (١١) گەڕەکـەوە بـۆ (٢٨) گـەڕەك، گـەڕەکی مـرواری بەرزتریـن چـڕی کەوتووەتـە ئـەم گەڕەکـەوە، کـە ڕووبەرەکـەی دەکاتـە (١٠,٤٢ دۆنـم) ژمـارەی دانیشـتوانی (٢٩٨٠) کەسـە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کەمـی ڕووبـەر لـە چـاو زۆری ژمـارەی دانیشـتواندا بـۆ هـەر (دۆنمێـك) (٢٥٨,٩٩) کـەس نیشـتەجێن، دواتریـش گەڕەکـەکانی (ئـاوارەکان، شـەهیدان، سـیروان، ئـازادی، ئەنفالـەکان) دێت یـەك لـە دوای یـەك، گەڕەکـەکانی (پیشەسـازی و کـەلاری کـۆن، شـارەوانی یـەك) لـە ڕیزبەنـدی خـوارەوە، کـۆی ڕووبـەری شـارەکە دەکاتـە (٤٣١٦,٥٨ دۆنـم) لـە کـۆی ژمـارەی دانیشـتوان کـە دەکاتـە (١٨٤٩٧٣) کـەس بـۆ هـەر( دۆنمێـك) (٤٢,٨٥) کـەس نیشـتەجێن، بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـر بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٥٤):

خشتەی ژمارە (٥٤)

ڕووبەری گەڕەکەکان و ژمارە و چڕی دانیشتوانی کەلار

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | ڕووبەر (دۆنم) | ژمارەی دانیشتوان | کەس/دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێلان سیتی | ١٥٠,٦٩ | ٤٦٠٠ | ٣٠,٥٣ |
| ٢ | بەردەسوور | ١٣١,٦٤ | ٧٨١٥ | ٥٩,٣٧ |
| ٣ | نەورۆز | ٥٣,٦٣ | ٨٢٠ | ١٥,٢٩ |
| ٤ | ئازادی | ١١٧,٦٠ | ٧٥٧٨ | ٦٤,٤٤ |
| ٥ | گۆران | ٣٣٣,٦٧ | ١١٨٧٢ | ٣٥,٥٨ |
| ٦ | سیروان | ١١٨,٣١ | ٧٨١٥ | ٦٦,٠٥ |
| ٧ | شێروانە | ٢١٨,٨٨ | ٧٥٠٠ | ٣٤,٢٦ |
| ٨ | سەرکەوتن | ١٩٣,٠٦ | ٧٤٨٢ | ٣٨,٧٥ |

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | ڕووبەر (دۆنم) | ژمارەی دانیشتوان | کەس/دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئەندازیاران | ٥٤,٥٨ | ٢٦٧٠ | ٤٨,٩٢ |
| ١٠ | شەهیدان | ١٢٢,٥٧ | ١٦٠٧٥ | ١٣١,١٥ |
| ١١ | گەرمیان | ٤٣,٧٥ | ١٨٣٥ | ٤١,٩٤ |
| ١٢ | ڕزگاری | ١٩٥,٥٥ | ٣٩٩٠ | ٢٠,٤ |
| ١٣ | مامۆستایان | ١٨٢,٤٧ | ٦٧٧٥ | ٣٧,١٣ |
| ١٤ | خەبات | ١٥٦,٦٦ | ٦٧٠٠ | ٤٢,٧٧ |
| ١٥ | ئاوارەکان | ٣٦,٥٥ | ٣٤٢١ | ٩٣,٥٨ |
| ١٦ | شارەوانی ١ | ١١٢,٨٣ | ١٥٦٢ | ١٣,٨٤ |
| ١٧ | شارەوانی ٢ | ١٨٩,٤١ | ٧٣٢٨ | ٣٨,٦٩ |
| ١٨ | ڕاپەڕین | ٢٠١,٥٥ | ١١١٣٠ | ٥٥,٢٢ |
| ١٩ | فەرمانبەران | ٢١٩,٥٩ | ٨٦٨٨ | ٣٩,٥٦ |
| ٢٠ | بنگرد | ١٥٤,٤٦ | ٨٠٢٠ | ٥١,٩٢ |
| ٢١ | شۆڕش | ١٠٦,٠٧ | ٦١٥٠ | ٥٧,٩٨ |
| ٢٢ | مرواری | ١٠,٤٢ | ٢٩٨٠ | ٢٨٥,١١ |
| ٢٣ | جووتیاران | ١٢٥,١٦ | ٣٧٦٤ | ٣٠,٠٧ |
| ٢٤ | کەلاری کۆن | ٢٥٨,٦٣ | ٩٥٥٠ | ٣٦,٩٣ |
| ٢٥ | کەلاری نوێ | ٢٠٧,٣٧ | ١٥٧٠ | ٧,٥٧ |
| ٢٦ | حەمرین | ٢٣٩,٥١ | ٩١٨٠ | ٣٨,٣٣ |
| ٢٧ | ئەنفالەکان | ٦٧,١١ | ٥٨٧٥ | ٨٦,٥٤ |
| ٢٨ | پیشەسازی | ٧٨٧١٥٨ | ٥٠٢ | ١,٦ |
| کۆی گشتی | | ٤٣١٦,٥٨ | ١٨٤٩٧٣ | ٤٢,٨٥ |

سەرچاوە: ١- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانان و ئاوەدانی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٢- ئەنجومەنی گەڕەکەکان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٤

## پێکهاتەی دانیشتوان:

پێکهاتـەی دانیشـتوان زۆر شـت دەگرێتـەوە و لـە پێشـیانەوە پێکهاتـەی تەمـەن و ڕەگـەز و هەڵوێسـتی دانیشـتوان لـە کارکـردن و دابەشـبوونیان بەپێـی پیشـە جیـاوازەکان و دابەشبوونیان لـە نێـوان لادێ و شـاردا، ئـەم ڕەگەزانـە لـە گرنگتریـن ڕەگـەزەکانی پێکهاتـەی دانیشـتوانن چونکـە پەیوەندییـەکی بەهێزیـان هەیـە بـە گەشـەی مـرۆڤ و بارودۆخـی ئابووری و کۆمەڵایەتییانـەوە[1]، پێکهاتـەی دانیشـتوان لـە دانیشـتوان بـە پێـی خاسـیەتە شارسـتانی و بایلۆجییـەکان دەکۆڵێتـەوە، لەوانـە پێکهاتـەی تەمـەن، ڕەگـەز (نێـر و مـێ)، ئابـووری، نـەژاد، زمـان و هیـتر، پێکهاتـەی دانیشـتوان بەشـێوەیەکی گشـتی زادەی کۆمەڵـە فاکتەرێکـە کـە کاری تێدەکـەن و دەکەونەبـەر کاریگـەری بـە شـێوەیەك، کـە ئەگـەر لـە خاسـیەت و سیفەتە جیاکارییـەکانی هـەر گرووپێـك دەکۆڵێتـەوە، ناسنامەکەی بـە توێژینـەوەی دابەشـبوون و بڵاوبونـەوە و گەشـەکردن و پەرەسـەندنی دیـاری ناکـرێ، لـەم سـەر و بەنـدەدا دوو چەشـنی سـەرەکی ئـەم خاسیەتانە هەیـە، کـە یەکێکیـان سـیفاتی بایلۆجـی گرتۆتەخـۆ وەك جـۆر، تەمەن و تۆرەمـە و ئـەوی تریـان سـیفاتی شارسـتانی وەرگیـراوە وەك پیشـە، نیشـتەجێبوونی لادێـی-شارسـتانی، زمـان و ئایـن[2] لێرەدا پێویسـتە بـاسی چەنـد پێکهاتەیـەك بکەیـن :

## پێکهاتەی ڕەگەزی:

لـە کۆنـدا بـاوەڕ وابـووە ژمـارەی نێرینـە لەگـەڵ مێینـە یەکسـانن، لـە سـەدەی هەڤدەیەمـدا پیاوێکـی ئینگلیـزی بـە نـاوی (جـۆرن کراونـت) لـە لێکۆڵینەوەکەیـدا ئـەوەی سـەلماند کـە ژمـارەی لـە دایکبـوونی نێرینـە لـە ئینگلتـەرا کەمێـك لـە ژمـارەی مێینـەکان زیاتـرن، بـۆ بەراوردکـردنی نێـوان نێـر و مـێ ڕێـژەی نێرینـە (واتـە ڕێـژەی جۆرەکـەی لەگـەڵ ژمـارەی نێرینـەکان بـۆ هـەر سـەد مێینـە لـە نـاو دانیشـتواندا دەکات و دەسـتەواژەکەی

ژمارەی پیاوان = ژمارەی ژنان × ١٠٠

ڕێـژەی نێرینـە لـە کاتی لەدایکبوونـدا بـەکات و شـوێن ناگۆڕێـت، چونکـە هەمیشـە ١٠٥ نێرینـە لـە بەرامبـەر١٠٠ مێینەوەیـە، بـەڵام لـە نێـو ڕێژەی نێرینەکانـدا ژمـارەی مـردن بەهـۆی ڕووداوەکانی هاتوچـۆو شـەڕەوە زیاتـرە[3] ، دابەشـکردنی جـۆری دانیشـتوانی جیهـان ئـەوەی

١- د. عبدالفتاح محمد وهیبە، جیۆگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی، گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٢، ل١٣٩

٢- د. جەزا تۆفیق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی ژمارە ( ٤ )، ساڵی حەوتەم، تشرینی دووەم، ١٩٩٩، سلێمانی، ل٣٧

٣- د. علی لەبیب، جوگرافیای دانیشتوان جێگر و ناجێگر، وەرگێڕانی سەعید بەشیر خەرپانەیی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل١٤٠

ئاشکرا کردووە، کە پیاوان لە ژنان زیاترن و ڕێژەی (٤٩٪) ژن و (٥٠,٣٪) پیاوان پێکدێنن، سادەترین پێوەری پێکهاتەی دانیشتوان، ئامارە پەیوەندیدارەکان بە ئاسان چنگ دەکەون و بەزانیاری ورد لە قەڵەم دەدرێن، لە مانای نێر و مێ ناڕوونی بوونی نییە، پێویست بە سەر لێ شێوانیش ناکات لەو زانیارییانە، ئەگەر ڕێژەی جۆر و پەیوەندی جۆرمان بە دیاردە دیمۆگرافییەکانی تری وەك لە دایکبوون و مردن و کۆچ دەریخست، ئەوە ئێمە ڕووبەڕووی هەندێك ڕاستی دەبینەوە:

١- ڕێژەی جۆر لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی دەگاتە (١٠٥) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك لە کاتی لەدایکبووندا.

٢- لە سەرجەم قۆناغەکانی تەمەن مێینەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر لە نێرەکان دەمرن.

٣- لە کاتی کۆچ لە لادێوە بۆ شار و لە حاڵەتی کۆچە مەودا کورتەکانی تر ڕێژەی مێینە بە سەر نێرینەکاندا زیاتر دەبێت.

٤- لە کاتی کۆچی نێودەوڵەتی و مەودا درێژەکاندا ڕێژەی نێرینە بەسەر مێینەدا زیاد دەکات[1].

بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) لە ناو شارەکە ژمارەی نێر زیاتر بووە کە دەکاتە (٤٩٤٢) کە ڕێژەی (٥٣,٣ ٪) پێکدێنێت، کۆی دانیشتوانی مێ دەکاتە (٤٣٣٢) کەس[2] و ڕێژەکەی دەکاتە (٤٦,٧ ٪) ئەمەش زۆر نزمە لە چاو ژمارەی نێردا، گەر سەیری سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٨٧) بکەین، دیسانەوە ژمارەی نێر زیاترە کە دەکاتە (٣٢١٨٢) کەس و ڕێژەی (٥١٪) پێکدێنێت و مێ لەم ساڵەدا ژمارەی دەکاتە (٣٠٩٢٠) کەس[3] و ڕێژەی (٤٩٪)ـە، کە ئەمەش زیاترە لە چاو سەرژمێری پێشوودا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حکومەتی ناوەند، هەروەها شەڕی عێراق-ئێران، کە جیا لەوەی زۆرێك لە پیاوان پێشمەرگە بوون و ژمارەیەك کۆچیان کرد بۆ هاندەران و وڵاتانی دەوروبەر، هەزارانیش بوونە سووتەمەنی ئەو شەڕانە، لە خشتەی ژمارە (٥٥) دەردەکەوێت ژمارەی نێر دەکاتە (٨٨٩٧٢) لە کۆی دانیشتوان و ڕێژەی

---

١- د. سمعە موسا عبودە و سهانە فوزی عەبد، جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی، هیوا ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (موکریانی )، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٨

٢- الجمهورية العراقية وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، المحافظة السليمانية، تشرين اول، ١٩٧٨، ص٣٧

٣- الجمهورية العراقية وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، المحافظة السليمانية، ١٩٨٨، ص٩٢

نێرینە کەمترە لە ڕێژەی مێینە، کە ڕێژەی (٤٨,١ ٪) و ژمارەی مێینە دەکاتە( ٩٦٠٠١) کەس، دەبێت لە کۆی سەرجەم دانیشتوان بەڵام ڕێژەی مێینە (٥١,٩ ٪) کەواتە کەمی ڕێژەی نێرینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە، لە سەدەی ڕابردوودا تووشی چەندین قەیرانی سیاسی و شەڕی جۆراوجۆری وڵاتانی دراوسێ عێراق-ئێران، عێراق-کوێت، جەنگی کەنداو ئەمانە گەورەترین دەردەسەری و نەهامەتی بوون، کە تووشی گەلانی عێراق بوون، کە چەندین هەزار کەس بووەتە سووتەمەنی زیاتر ئەو کوژراوانەش لە ڕەگەزی نێربوون، هەروەها شەڕی ناوخۆ و کارەساتی مین و کوژرانی هەزاران لەسەر سنوورەکان و کۆچکردن بەرەو هەندەران لە ناو ڕەگەزی نێردا گەنج بوون، بەڵام دەبینین هێشتا ڕێژەی پیاوان زیاتر کار دەکەن، کە دەتوانرێت سوود لەم ڕێژەیەی پیاو وەربگرین بۆ لایەنی پیشەیی و ئابووریی هەرچەندە ئێستاش ڕەگەزی مێینە شان بەشانی پیاو کار دەکات، ئەمیش جیاوازە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، بەڵام ئەمە سنوورداره، لەم ناوچەیەدا تەنها لە دامودەزگای حکومی و ڕێکخراوەیی و میدیا و کشتوکاڵکردن هاوکاریی پیاوان دەکەن، جیا لە دروومان و ئارایشتگا و هەندێ شوێنی تر، زیاتر پیاوان بەرهەمهێنن لە بوارە جیاجیاکاندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٥).

خشتەی ژمارە (٥٥)

پێکهاتەی دانیشتوان لە شاری کەلار بە پێی ڕەگەز بۆ ساڵی (٢٠١٢)

| ڕەگەز | ژمارەی کەس | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٨٨٩٧٢ | ٤٨,١ |
| مێ | ٩٦٠٠١ | ٥١,٩ |
| کۆ | ١٨٤٩٧٣ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە:

١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، ٢٠١٣/٩/٣، داتای بڵاونەکراوە.

٢- ئەنجومەنی گەڕەکەکان

## پێکهاتەی دانیشتوان بە پێی تەمەن:

دابەشـبوونی دانیشـتوان بەپێـی تەمـەن بـە گرنگتریـن ئـەو فاکتەرانـە دادەنرێـت، کـە ئامـاژە بـە هێـزی بەرهـەم هێنـان و ڕادەی زیندوویـەتی ئـەو کۆمەڵگەیـە دەکات، پێکهاتـەی دەوڵـەت بەپێـی هەرەمـی دانیشـتوان لـە خـوارەوە بـە تەمـەن منداڵ دەسـت پێـدەکات و لـە لوتکـەی هەرەمەکـەدا بـە تەمـەنی بـەرز و پیـرەکان کۆتایـی دێـت[1]، پێکهاتـەی تەمـەن زۆر گرنـگ و کاریگـەرە لەسـەر خێرایـی و خاوبوونـەوەی گەشـەی دانیشـتوان، گـەلان بـە گەنـج دادەنرێـت، کاتێـك زۆربـەی لاوەکانی تەمەنیـان لـە (١٥) سـاڵ کەمـترە و بەتەمەنەکانیـش لـە (٦٥) سـاڵ بـەرەو سـەرەوەن، ئەگـەر هاتـوو پێکهاتـەی تەمـەن بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە بـوو، پێـی دەووترێـت پیـر یـان بـە تەمـەن، هەرچـۆن جیهـان دابـەش دەکرێـت بەسـەر وڵاتـە دەوڵەمەنـد و هەژارەکانـدا، بـە هەمـان شـێوە و بـە شـێوەی دیمۆگـرافی و دابـەش دەبێـت بـە سـەر وڵاتـە گەنـج و وڵاتـە پیرەکانـدا، ئەمـەش دوو دابەشـکردنی گونجـاون[2]، مەبەسـت لـە پێکهاتـەی تەمـەن دیاریکـردنی ژمـارە یـان هـەر گروپێکـە لـە گروپـەکانی تەمـەن لە سـەرجەمی دانیشـتواندا، پێکهاتـەی تەمـەن لای توێژەران بایەخـی تایبەتی خۆی هەیـە، لەبەرئەوەی بنەمای سـەرەکییە بـۆ دیاریکـردنی هێـزی بەرهەمهێنـان لەنێـو دانیشـتواندا و زاوزێکـردنی دانیشـتوان[3] لێـرەدا مەبەسـت لـە تاوتوێکـردنی پێکهاتـەی تەمـەن چۆنییـەتی دابەشـبوونی دانیشـتوانە بـە سـەر چەنـد گروپێـکی تەمـەن بـۆ شـیکردنەوەی توانـای هێزەکـــــانی بەرهەمهێنـان، گـەر سـەرنجی خشـتەی ژمـارە (٥٦) بدەیـن بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە دابەشـکردنی شـاری کـەلار بە گوێـرەی تەمـەن بـەم شـێوەیە دەبێـت، وەك لـە خشـتەکەدا هاتـووە، خانـەی گروپـی تەمـەن مامناوەنجییـەکان کــــە تەمـەنی (٢٠-٦٤) سـاڵی دەگرێتـەوە، کـە ڕێـژەی (٥١,٥ ٪) دانیشـتوانی شـارەکە پێکدەهێنێـت، لـە ڕیزبەنـدی یەکەمدایـە، ژمارەیـان (٩٥٢٦١) کەسـە، دواتریـش لـە ڕیـز بەنـدی دووەم، گروپـی یەکـەم دێـت ئـەو دانیشـتوانەی کـە منالًـن (لـە خـوارووی تەمـەنی کارکردنـەوەن) واتـە تەمـەنی (٠-١٩) سـاڵی کـە ڕێـژەی (٤٥,٢٪)ە و ژمارەیـان دەگاتـە (٨٣٦٠٨) کـەس لـە دانیشـتوانی شـارەکە پێکدەهێنـن و لـە دوای ئەمـان گروپـی تەمەنـدارەکان دێـت واتـە لـە (٦٥) سـاڵ و بـەرەو ژوور دەگرێتـەوە، کـە ڕێژەیـان (٣,٣٪) و ژمارەیـان (٦١٠٤)

١- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

٢- د. علی لەبیب، جوگرافیای دانیشتوان جێگر و ناجێگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١

٣- د. عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

٤- د. جەزاتۆفیق تالًیب، بایەخی جیوپۆلەتیکی باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩

کـەس لـە دانیشـتوانی ناوچەکـە پێکدەهێنێـت، کەواتـە قۆناغـی گەنجـی ڕێژەیـەکی گـەورەی ئـەو شـارەیە کـە زیاتـر لـە نیـوەی دانیشـتوانەکەی پێکدەهێنێـت، کەواتـە هێزێـکی کاری گـەورە لـە بازاڕدایـە بـۆ بووژانـەوەی ناوچەکـە و بەردەوامبـوونی پێشـکەوتنی هەروەهـا قۆناغـی منداڵـیش کـە لەخـوار تەمـەنی کارکردنـەوە ئەمانیـش ڕێژەیـەکی باشـیان هەیـە کـە دەکاتـە (٤٥,٢ ٪) کـە ژمارەیـان دەکاتـە (٨٣٦٠٨) کـەس هەرچەنـدە بەشـێکی کەمیـان توانـای کارکردنیـان هەیـە، بـەڵام پشـکی زۆرینەیـان منـاڵ و خوێنـدکارن، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هێزێـکی کاری باشـمان هەیـە، کـە ئەمـە لـە داهاتـوودا دەبـن بـە هێزێـکی کاری بـاش و بەرهەمهێنـەر، هەرچەنـدە ئێسـتا بـواری کار گـۆڕاوە، بـەوەی کـە پێویسـتمان بەهێـزی کاری شـارەزا هەیـە نەوەکـو ژمـارەی زۆر لـەم بوارەشـدا، ئـەم ناوچەیـە بـەرەو پێشـەوە ڕۆیشـتووە، بـەوەی کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە هێـزی کاری ئەکادیمـی و شـارەزان، ئـەوەی لێـرەدا شـایەنی باسـکردنە ئەوەیـە کـە ژمارەیەکـی زۆر گەنجـی ئـەم ناوچەیـە، ڕوویانکردۆتـە دەرەوەی وڵات، بەهـۆی نەبوونـی هەلـی کارکـردن لـەم ناوچەیـە، ئەمەشـیان تـا دێ کـۆچ پێچەوانـە دەبێتـەوە، ئەویـش جیـا لـە بـوارەکانی تـر هـۆکاری ئابـووری و زیادبـوونی هـەلی کار و بەرزبوونـەوەی پـارە لەچـاو سـاڵانی ڕابـروودا.

خشتەی ژمارە (٥٦)

پێکهاتەی تەمەن لە شاری کەلار بۆ ساڵی ٢٠١٢

| تەمەن | کۆی دانیشتوان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٠- ١٩ | ٨٣٦٠٨ | ٤٥,٢ |
| ٢٠- ٦٤ | ٩٥٢٦١ | ٥١,٥ |
| ٦٥ – زیاتر | ٦١٠٤ | ٣,٣ |
| کـــــــــۆ | ١٨٤٩٧٣ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر

# پێکهاتەی نەتەوەیی:

مەبەست لە پێکهاتەی نەتەوەیی، دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی نەتەوە، ئاشکرایە کە هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان زۆر کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی ئەتنۆگرافییەکەی بەو پێودانگەی کە کوردستان چەندان نەتەوە و نەژادی جۆراو جۆری بۆ هاتووە، کە بەشێکی زۆری تیا نیشتەجێ بووە و لە ئاکامدا بەشداری لە پێکهێنانی ڕەگەزەکانی کردووە[1] بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٧٧)، (٣٦) قەزا هەبووە لە تریتۆری باشووری کوردستاندا، جیا لە پانتایی و ژمارەی گشتی دانیشتوانی قەزاکان بەپێی کەم و زۆری ڕێژەی کورد لە سەرجەم دانیشتواندا، بەم شێوەیە دابەش کرابوو لە (٢٣) قەزا لە نیوە زیاتر بووە، لە (١٣) قەزا لە نیوە کەمتر بووە واتا (٣٦٪) تریتۆری باشووری کوردستان، هەتاوەکو سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) تەعریب کراوە[2]، ئەوەی مەبەستە لێرەدا هەرچەندە ساڵانی دوایی و بەشێکی تاوەکو ڕاپەڕین ساڵی (١٩٩١) ڕزگارکردنی زۆرێك لەو قەزایانە گۆڕانی دیمۆگرافی تری بەسەر هاتووە، دواتریش ئەو شارانەی لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا مانەوە، تاوەکو ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافی درێژەی هەبوو، هەرچەندە لە ئێستاشدا ئەو هەوڵانە ئامادەییان هەیە، گەر ڕێژەکە کەمیش بێ لە ژێر فشار و چەوسانەوەی نەتەوەیی و مەزهەبیدا درێژەی هەیە، ئەمەیان بە شێوەیەکی گشتی بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە ناوچەی لێکۆڵینەوەوە هەیە مەبەست لە شاری کەلارە، کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی قەزای کەلار کوردن بە درێژایی مێژوو، جیا لە دێی گێژەکان کە لە ناوەڕاستی سییەکانەوە نیشتەجێبوون سەر بە سەیدی سمێدەعی و مەشهەدانین، واتە بە پێی سەرژمێری فەرمی ساڵی (١٩٧٧)، ڕێژەی دانیشتوانی کورد (٧٤,٩٨ ٪) بووە، نەتەوەی عەرەب لە دوای کورد دێت، کە ڕێژەکەی (٢٤,٠٣ ٪) دوابەدوای ئەمانیش زۆر بە کەمی هەندێك لە نەتەوەکانی تری تورکمان و ئەرمەنی و سریانی و هەتا دوای بەدی دەکرێن، ئەم سەرژمێرییە بە تەنها قەزاکە دەگرێتەوە لە ناحیەکانی پێباز و تیلەکۆدا زۆر کەمە، کە ڕێژەیان لە پێباز (١,٠٧ ٪) لە تیلەکۆش (٠,٣٥ ٪) لە خۆ گرتووە، ناوەندی قەزای کەلار دانیشتوانی کورد (١٨٧١٣) کەسە

---

١- د. جەزا تۆفیق تاڵیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤

٢- د. عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستان بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ١٩٧٧ چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٣

کـە ڕێژەکـە دەکاتـە (٧٤,٩٨ ٪)، نەتـەوەی عـەرەب دانیشـتوانەکەی دەکاتـە (٦٠٠٨) کـەس و ڕێژەکـەی دەکاتـە (٢٤,٢ ٪) دواتریـش تورکـمان دێـت کـە (١٠٤) کەسـە[1]، هەروەهـا نوسـەر فەیسـەڵ دەبـاغ[2] هەمـان ژمـارەی دووبـارە کردۆتـەوە پشـت بەسـتن بـە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٧٧، (پشـتیوان حسـین کەریـم و کارزان ئیبراهیـم سـاڵح )یـش بـە هەمـان شـێوە جەخـت لـەم ژمـارە دەکەنـەوە[3] هەرچەنـدە دکتـۆر عەبدوڵـڵا غەفـور لـە کتێبـی (ئەتنۆدیموگرافیـای باشـووری کوردسـتان)دا پێکهاتـەی نەتـەوەی کـوردی بـە ڕێـژەی (٨٥,٣١) نوسـیووە، نەتـەوەی عەرەبیـش بەرێـژەی (١٤,١٥) لـە ناوەنـدی کـەلار[4]، ئەمیـش پێچەوانـەی ڕای پێشـوویەتی، هـاوکات لـە سـەرچاوەیەکی تـردا (پێکهاتـەی نەتەوەیـی دانیشـتوان لـە باشـووری کوردسـتان بـە گوێـرەی سـەرژمێری دانیشـتوانی عێـراق ١٩٧٧) وای نووسـیووە: زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی قـەزای کـەلار کـوردە، بـەو شـێوە دەکـرێ وەسـفی پێکهاتـەی نەتەوەیـی ئێـرە بەیـەك ڕەنگـی بکـرێ، ژمارەیـەك لـە عـەرەبی نیشـتەجێکراو و سـەربازی عێـراق لێـرە دەژیـن، ڕێـژەی نەتـەوەکانی دیکـە بەسـەر یەکـەوە لـە دەوروبـەری (١٪) سـەرجەم دانیشـتوانە، بـە ڕێـژەی کـورد لـە سـەرجەم دانیشـتواندا، چواردەهەمیـن شـوێنی لـە نێـوان قـەزاکانی دیکـەی وڵاتی گرتـووە[5] گـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٦٤) بکەیـن ئـەو ڕێـژەی کـە هاتـووە ڕێـژەی عـەرەب (٢٤,٢ ٪) و (٦٠٠٨) کـەس ئـەو ژمارەیـە زۆرە، ئەمیـش تەنهـا لـە دوو هـۆکار زیاتـر نیـن:

١- دەسـەڵاتی ناوەنـد لەسـەر ژمێرییەکانیـدا بەپێـی قۆناغـەکان چەواشـەکاری کـردووە لـە شـاردنەوەی ڕاسـتییەکانی نەتەوەکانـدا بـۆ گۆڕینـی دیموگـرافی بەخواسـتی خۆیـان و بەرژەوەندییەکانیـان داتایـان خسـتۆتەڕوو.

٢- پشـتیان بەسـتووە بـە سـەرژمێری سـاڵی (١٩٦٥) کـە ئـەو دەمـە ناحیـەی شـێروانە ڕووبـەر و سـنووری جوگـرافی کارگێڕییەکـەی فراوانـتر بـووە.

کـە بەپێـی ئامـاری سـاڵی (١٩٦٥) ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد (١٢٨٠٥) کـەس بـووە و ڕێژەکـەی (٥٥,٤ ٪)، نەتـەوەی عەرەبیـش (٩٤٢٢) کـەس بـووە، ڕێژەکـەی (٤٠,٨ ٪) بـووە، هەرچەنـدە لەسـەردەمی ناحیـەی قـەڵای شـێروانەدا کـە سـنوورەکەی بەرفـراوان بـووە، (زەندئابـاد

١- د.عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧

٢- فیصل دەباغ، کەمە نەتەوایەتییەکان لە سەرژمێری ١٩٧٧، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٠

٣- پشتیوان حسێن کەریم وکارزان ئیبراهیم ساڵەح، گۆڤاری کەرکوك، ژ٢-٣ ساڵی شەشەم، پایز و زستانی، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ل ٣٤

٤- د. عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆدیموگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩١

٥- د. عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧

(کۆکـس)و جەبـارە و سـەرقەڵا) و گونـدەکانی دەوروبەریـان سـەر بـەم ناحیـە بـوون، کـە عەرەبنشـینی تیـا بـووە، دواتـر دەبنـە ناحیـە و لـە ڕووی کارگێڕییـەوە لەسـەر ناحیـەی شـێروانە نامێنـن کـە پێشـتر گوندبـوون و سـەر بـە ناحیـە قـەڵای شـێروانە بـوون، کۆمەڵێـك گـۆڕانی ئیـداری تـر لـە سـنووری ئـەو ناحیـەدا ئەنجامـدراوە، کەواتـا هـەر لـە ناوەڕاسـتی هەفتـاکانی سـەدەی ڕابـردوودا کـەلار دەچێتـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی، ئـەو ژمـارە کەمبووەتـەوە، ئیـدی ئـەو ژمارەیـە لەکوێـوە هاتـووە، ئەگـەر سـەرژمێری پێشـوو نەبێـت و نەخرابێتـە سـەر ئامـاری سـاڵی (١٩٧٧) کـە زۆرێـك لـەو ژمارانـە بـە خەمڵانـدن دانـراون، ئیـدی لـە سـەرژمێری (١٩٨٧) هیـچ داتایـەکی ئەوتـۆ نییـە شـیاوی باسـکردن بێـت، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٥٧) بکـە:

خشتەی ژمارە (٥٧)

ژمارە و ڕێژەی نەتەوەکانی شاری کەلار بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)

| نەتەوەکان | دانیشتوان | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| کورد | ١٨٦١٣ | ٧٤,٩٨ |
| عەرەب | ٦٠٠٨ | ٢٤,٢ |
| فەیلی | ١٠ | ٠,٠٤ |
| تورکمان | ١٠٤ | ٠,٠٤٢ |
| ئەرمەن | ٢ | ٠,٠١ |
| سریان | ٢ | ٠,٠١ |
| هیدیکە | ٨٥ | ٠,٣٤ |
| سەرجەم | ٢٤٨٢٤ | ١٠٠ |

سـەرچاوە: د. عەبدوڵـلا غەفـور، پێکهاتـەی نەتەوەیـی دانیشـتوان لـە باشـووری کوردسـتان بـە گوێـرەی سـەرژمێری عێـراق ١٩٧٧، چاپخانـە دەزگای ئـاراس، چاپـی دووەم، هەولێـر، ٢٠٠٧، ل٧٧

هەروەها هەمان نووسەر ئەم ڕاستییەی پشت ڕاست کردۆتەوە لە کتێبی ئەنتۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان لە لاپەڕەکانی (٩٠، ١١٨، ١٢٠) چەندین جاری تریش، عێراق جگە لە ئاسایشی ناوچەکە و ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبی و هۆکاری ئابووری و نەبوونی هەلی کار لەو ناوچانە و جیاوازی لە بواری خزمەتگوزاری ....هتد هۆکاری کۆچکردنە بەرەو ئاراستەی کەلار، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی و سیاسی و ململانێی مەزهەبی کۆمەڵێك ماڵی عەرەب هاتوونەتە کەلار و ئێستا نیشتەجێن، کە پێکهاتوون لە (٥٢٧) خێزان و ژمارەیان (٢٦٣٥) کەسە، ڕێژەشیان (٢,٤٥٪) کەواتە لە ڕیزبەندی دووەم دێت، دوای نەتەوەی کورد کەڕێژەی دانیشتوانی (٩٧,٥٥٪) لە گەڕەکەکانی کەلار نیشتەجێن و گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازە، تەنها (١٣) ماڵی تورکمانیش کۆچیان کردووە، بۆ ئەم شارە جگە لە گەڕانەوە کۆچکردنی چەندین ماڵی کورد، کە ئەمیش ژمارەیان (٢٤٣٨) ماڵە، زۆرترین ڕێژە لە ساڵی (٢٠٠٧) تۆمارکراوە، کە ژمارەیان (٩٦٤) ماڵی عەرەب و (٩) ماڵ تورکمانە، دواتریش ساڵی (٢٠١٢) دێ کە ژمارەیان (٤٠٩) ماڵ عەرەب و (٤) ماڵ تورکمانە، گەر سەرنجی خشتەکە بدەین، هاوکات شێوەی ژمارە (٦) کە ئەمیش پشتیبەستووە بەهەمان خشتەی ژمارە (٥٨) ئەم ڕاستییانیانە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٥٨)

خێزانی هاتوو (عەرەب و تورکمان) بۆ شاری کەلار ساڵی (٢٠٠٣-٢٠١٢)

| ساڵ | ماڵی عەرەب | تورکمان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣-٢٠٠٦ | ١٩٤ | - | ١٩٤ |
| ٢٠٠٧ | ٩٦٤ | ٩ | ٩٧٣ |
| ٢٠٠٨ | ١٥٦ | - | ١٥٦ |
| ٢٠٠٩ | ١٤٩ | - | ١٤٩ |
| ٢٠١٠ | ٢١٨ | - | ٢١٨ |
| ٢٠١١ | ٢٩٧ | - | ٢٩٧ |
| ٢٠١٢ | ٤٠٩ | ٤ | ٤١٣ |
| ٢٠٠٣-٢٠١٢ | ٢٣٨٧ | ١٣ | ٢٤٠٠ |

سەرچاوە: ١- یاریدەدەرێتی ئاسایشی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٢- ئەنجومەنی گەڕەکەکان

شێوە ژمارە (٦)

دابەشبوونی عەرەب لە شاری کەلار




سەرچاوە: پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٥٨)

کەواتـە کێشـەکانی ناوەڕاسـتی عێـراق و قەیرانـە سـیاسی و ئابوورییـەکان، بـە تایبـەت لـەڕووی سیاسـییەوە ململانێـی نەتەوەیـی و مەزهەبـی لـە ناوەڕاسـت و پایتەخـت یـان ئـەو شـارانەی کـە هـەردوو مەزهـەبی سـوننە و شـیعە پێکـەوە دەژیـن، ئەگەرچی شـیعە ئێسـتا لـە حکومەتدا باڵادەسـتن، میکانیـزم و فۆرمـی دەسـەڵات بەرهەمهێنـەری ئـەو قەیرانانـەن کـە ڕووبـەڕووی سـوننە دەبێتـەوە، لەولاشـەوە چەندیـن جـۆری چەکـدار و میلیشـیای سـوننە درووسـتبوون، بـۆ دژایـەتی دەسـەڵات و شـیعە، ڕۆژانـە دەیـان مـرۆڤ لـە هـەردوولا دەکوژرێـن و چەندیـن تەقینـەوە لـە ناوچـە جیاجیاکانـدا ئەنجـام دەدرێـت، هەربۆیـە ئـەم فاکتەرانـە بووەتەهـۆی کۆچکـردنی بەشـێك لەوانـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و هەندێکیـان بـۆ شـاری کـەلار کـە لـە

سـەرەوەدا بـە ژمـارە خراوەتـەڕوو، هـۆکاری ئابـووری و بێکاریـش فاکتەرێـکی تـرە لەگـەڵ دۆخـی سـیاسی و نەبـوونی ئاسایشـدا، ئـەم هۆکارانـە وای کـردووە، کـە ڕێـژەی عـەرەب لـەم شـارەدا ڕوو لـە زیادبـوون بـکات، کـە لـە مێـژووی شـارەکەدا بـەم شـێوەیە نەبـووە، لـە ئێسـتادا ڕێـژەی کوردیـش دەکاتـە (٩٧٪) و نەتـەوەی عـەرەب لـەدوای نەتـەوەی کـورد دێـت و لـە ڕیزبەنـدی دووەم دایـە، کـە ڕێـژەی (٢,٦٪) لـە کـۆی سـەرجەم دانیشـتوان، دواتریـش نەتـەوەی تورکـمان دێـت، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٥٩):

خشتەی ژمارە (٥٩)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٢

| نەتەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|
| کورد | ٪ ٩٧ |
| عەرەب | ٪ ٢,٦ |
| تورکمان | ٪ ٠,٠٠١ |
| کۆی گشتی | ٪ ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٥٨)

## پێکهاتەی ئاینی:

پێکهاتـەی ئاینـی لـە باشـووری کوردسـتاندا، هەروەکـو پێکهاتـەی نەتەوەیـی گەلێـك ئاڵـۆزە، پەیڕەوکەرانـی زۆربـەی ئاینـە ڕۆژهەڵاتییەکانـی تێدایـە، جگـە لـە ژمارەیـەك لـە تەریقـەت و ڕێبـازی سـۆفی گەرێتـی[١]، بەشـێوەیەکی گشـتی قسـەمان لەسـەر باشـووری کوردسـتانە ئەوەی جێـی سـەرەنجە چەندیـن ساڵە سـەرژمێری ئەنجام نـەدراوە، تێکڕا تێبینـی و سـەرنجی زۆرمان لەسـەر سـەرژمێرییەکانی ڕابـردوو هەیـە، کـە تێیـدا دەوڵەتـی سەردەسـت یـان حکومـڕان بەپێـی خواسـت و بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان یارییـان بەچارەنـووسی گـەلی کـورد و کەمـە نەتەوەییـەکانی تـر کـردووە، کـە پڕیـەتی لـە سـاختەکاری و چەواشـە و شـێواندنی حەقیقـەت و شـاردنەوەی ڕاستییەکان، ئاییـن و بیروبـاوەڕی ئاینـی کاریگەریـی زۆر و ڕاسـتەوخۆی لەسـەر

١- د. عەبدوڵلا غفور، ئەنتۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١

ژیانی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك هەیە، زۆرجار دەبێتە ڕێنمایکەری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەر دەوڵەت و هەرێمێك، هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن بەڵام چەندین ئاین و ئاینزا (مەزهەب)ی تێدا دەژی، ژمارەی هەریەکە لەو ئاین و ئاینزایانە بە وردی و درووستی نەزانراوە، لەبەرئەوەی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا ئەمانە بە نهێنی و نەزانراوی مانەوە لە ئێستاشدا سەرژمێری نەکراوە، تا بەڕاستی و درووستی بزانرێت[1]، هاوکات لە چاو ئاینەکانی تردا ئاینی ئیسلام ڕێژەکەی زیاد دەکات، ئەمەش هۆیەکانی دیارە و ئاشکران.

**١- ئاینی ئیسلام:**

ئاشکرایە زۆربەی نەتەوەی کورد موسڵمانن و سوننەن و مەزهەبی شافعین، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینیدا ئیسلام بوون، هەرچەندە جگە لە شافعیش مەزهەبەکانی تریش هەن وەك (حەنەفی-مالیکی، حەنبەلی) هەریەك لەم مەزهەبانە بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان هەیە، کە ژمارە و پلەی بڵاوبوونەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازن، زیاتر لە هەزار ساڵ پێش پەیدابوونی مەسیحیەت، دانیشتوانی کورد زمان و کەلتوور و توخمەکانی پەرەسەندنی هیندو-ئەوروپاییەکانیان لە خۆگرت، لەئاکامدا نەریتە ئاینییە ئاریایەکان تێهەڵکێشی بیروباوەڕە ڕەسەنەکانی کوردبوون، ئاینەکانی زەردەشتی، جولەکایەتی، مانییاتی، مەسیحیەت یەك لەدوای یەك کشانە کوردستان، دواتریش ئاینی ئیسلام پەیدابوو، بووە هۆی زیادبوونی فرە دینی لە ناوچەکەدا[2]، لەم ناوچەیە لە ئێستادا ژمارەی مزگەوتەکانیش دەگاتە (٣٣) مزگەوت (٣٣) مامۆستای ئاین، هەروەها (٧١) کارمەند، هەر لە سەرەتای مێژووی ئاوەدانی کەلارەوە مزگەوتی تێدابووە، تا کۆتایی هەشتاکان تەنها حەوت مزگەوت بوونی هەبوو لە ناوەندی شاردا، درووستکردن و دیزاینیان وەك یەك بوو، کە لە هۆڵێکی گەورە بۆ نوێژکردن و دوانگە یان مینبەری مەلا بۆ وتاری ئاینی و بەر نوێژی، شوێنی دەست نوێژگرتن و تەوالێت و ژوورێك بۆ وانەی ئاینی وتنەوە و فێربوونی قورئان خوێندن لە هەندێك مزگەوت، ژوورێکی بچووك بۆ مردوو شۆردنەوە و کفنکردن، لەگەڵ حەوشەی مزگەوت و خانوویش بۆ مەلای مزگەوت بووەتە باو لە ئێستادا، هەندێك لە مزگەوتەکاندا هۆڵی پرسە هەیە، لە ڕووی شوێنی ئاینییەوە ژمارەیەك مزگەوت لە خۆدەگرێت کە بە زۆری ئەم مزگەوتانەی خوارەوە دەگرێتەوە،

١ - هاوڕێ یاسین محمد ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٣

٢- میهرداد ئیزەدی، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی لێکۆڵینەوە، ژ (٣)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٩٩، ل٢٧، ٢٦

کـۆی مزگەوتـەکان لەلایـەن دەوڵەمەنـد و خێرخوازانـەوە دروستکراون بـەردەوام نـۆژەن کردنـەوە و گۆڕانـکاری ڕوودەدات، زۆرێـك لـە مزگەوتـەکان لەیەکـەوە نزیکـن تا دێ بـەردەوام خواسـت لەسـەر دروستکردنی مزگـەوت زیـاد دەکات، لەبەرئـەوەی زۆرینـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی شـارەکە موسـڵمانن، بـۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوە لەسـەر چۆنییەتـی دابەشـبوونی مزگەوتـەکان لـە گەڕەکەکانـدا بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٦٠):

خشتەی ژمارە (٦٠)

دابەشبوونی مزگەوتەکان بە پێی گەڕەکەکان تا ساڵی (٢٠١٢)

| ژ | ناوی گەڕەك | ناوی مزگەوت |
|---|---|---|
| ١ | کەلارکۆن | ( ئەبو بەکر ) و ( کەلاری کۆن ) |
| ٢ | شۆڕش دوو | ( ئیمام بوخاری ) و ( ئیمام موسلم ) |
| ٣ | ڕاپەڕین | تەقوا |
| ٤ | فەرمانبەران | شێخ عەبدولقادر گەیلانی |
| ٥ | ناو بازاڕ | مزگەوتی گەورەی بازاڕ |
| ٦ | چەمی سیروان | ئیمام عەلی |
| ٧ | بنگرد | شێخ ئیبراهیم |
| ٨ | شێروانە | محمد مستەفا |
| ٩ | سیروان | ( قازی محەمەد ) و ( ئەبو بەکر ) |
| ١٠ | شەهیدان | ( شەهیدان ) و ( بدر الکبری ) |
| ١١ | خەبات | عومەری کوڕی خەتاب |
| ١٢ | ئاوارەکان | ( برایان ) و ( سەردار بەگی جاف ) |
| ١٣ | ئەندازیاران | ڕووناکی- النور |
| ١٤ | سەرکەوتن | ( ئیمام شافعی ) و ( ئیمام عەباس ) |
| ١٥ | ئازادی | سەلاحەددین ئەیوبی |
| ١٦ | گۆران | ئیمام غەزالی |
| ١٧ | بەردەسوور | بەردەسوور |
| ١٨ | ناوچەی پیشەسازی | عوسمانی کوڕی عەفان |

سەرچاوە: کاری توێژەر

ئاینـی ئیسـلام گەورەتریـن ئاینـە لـە هەرێمـی کوردسـتان و زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی هەرێـم پێکدەهێنێـت، ڕێژەکەیـان بـە گوێـرەی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٧٧) نزیکـەی (٩٣,٧ ٪)ی سـەرجەمی دانیشـوان بـوو بـەڵام ڕێژەکەیـان لـە پارێزگایەکـەوە بـۆ پارێزگایـەکی تـر دەگۆڕێـت[١] پەیدابـوونی بـۆ نیـوەی یەکەمـی سـەد ساڵەی حەوتەمـی زایینـی دەگەڕێتـەوە، لـە کتێبـە مێژووییەکانـدا نـووسراوە، گوایـە خەڵـکی کوردسـتان بـە ئـارەزووی خۆیـان دەسـتیان لـە ئاینـی هـەزاران ساڵەی باوباپیریـان هەڵگرتـووە و چوونەتەسـەر ئاینـی ئیسـلام[٢] زۆربـەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار پەیوەسـتن بـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلامەوە کـە ئایینـی سـەرەکی و فەرمـی هەرێمـی کوردسـتانە، زۆربـەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار لەسـەر ڕێبـازی (سـوننەن)، بەشـێکی کەمیـان لەسـەر ڕێبـازی (شـیعەن) کـە زیاتـر ئـەو خەڵکانـەن، کـە لـە ناوەڕاسـت و خــوارووی عێــراق و ناوچــەکانی تــری کوردســتانەوە هاتــوون لــە ڕێگــەی ڕاگواســتن و دەربەدەربــوون لەلایــەن ڕژێمــەوە و لــە دوایەشــدا بەهــۆی کێشــەی مەزهەبییــەوە لــە پارێـزگای (دیـالی و صـلاح الدیـن.. هتد)ــەوە هاتونەتـە ئـەم شـارە، لـە سـاڵی نەوەدەکانـدا (حوسـەینییە)یەکیان لـە گـەڕەکی بنگـرد بـۆ درووسـتکرا، کـە ساڵانە مەراسیم و بۆنـەی ئاینـی خۆیـان دەگێـڕن، ڕۆژانـە بانگـی خۆیـان لـەو (الحسـینیة)دا دەدەن و نوێـژی خۆیـان دەکـەن، کاتـەکانی بانگدانیـان جیـاوازە ئەگەرچـی چەنـد چرکەیـەکی کەمیـش بێـت، دانیشـتوانی شـاری کـەلار سـەرەڕای ئـەوەی مەسـەلەی (سـوننە و شـیعە) هیـچ ململانێیـەکی مەزهـەبی بـوونی نییـە، ڕێبـازی سـوننەش لـە ئیسـلامدا دەکرێـت بـە چـوار مەزهەبـەوە: (شـافعی، حەنـەفی، مالیـکی، حەنبـەلی) بەگشـتی خەڵـکی کـورد پەیـڕەوی مەزهـەبی شـافعی دەکـەن، بـە تایبـەتی خەڵـکی ئـەم ناوچەیـە پێکهاتـەی ئایینـی دانیشـتوانی شـاری کـەلار بەڕێـژەی (٩٩٪) موسـڵمان پێـکی دەهێنـن و لـە (٠,٥٥ ٪) پەیـڕەوانی کاکەیـی و مەسـیحیش (٠,٤٥ ٪) هەرچـی ئاینـی ئێزیدیشـە لەناوچەکـەدا بـوونی نییـە[٣].

١- هاوڕێ یاسین محمد ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤

٢- د. عەبدوڵڵا غەفور، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١

٣- ئیدارەی گەرمیان، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

**٢- کاکەیی:**

کاکەیـی لـە باشـووری کوردسـتانی عێراقـدا بـە خێڵێـکی ئاینـی دەوترێـت، کـە لـە ڕۆژئـاوای ئێران بـە گشـتی بـە عـەلی ئەڵلاهـی (علی الله) یـان بە عـەلی ئیلاهـی نـاسراون، لەلای گەڕیدە و نووسـەرە ئەوروپییەکانـدا بـەم شـێوە هاتـووە، پەیـڕەوانی ئـەم خێڵـە ئاینییـە خۆیـان زیاتـر بـە ئەهـلی حـەق یـان ئەهـلی حەقیقـەت واتـە پیـاوی خـوا دەناسـن، کۆمەڵـەی ڕاسـتەقینەی ئیلاهـی یـان خـاوەن مەعریفـەی ئیلاهـی یـان بـە واتایـەکی تـر خـاوەن مەعریفـەت یـان (اهـل اللـه)، ئـەم دوو نـاوە تەواونیـن بـۆ سـەلماندن، هەندێـك گروپـی تەریقـەتی سـۆفیگەری تـر هـەن و خۆیـان بـە (اهـل الحقیقـة) یـان (الحـق) دەزانـن ئەمـەش دەگەڕێنێتـەوە بـۆ کـوڕی مامـی پێغەمبـەر محەمـەد (د٠خ) بـۆ عـەلی ئامۆزای و پلـە و پۆسـت و پایەیـان لـە بیروبـاوەڕ و تەریقەتیانـدا لـەوە زیاتـرە، کـە بـە کاکەیـی دەناسرێنێـت[١]، کاکەیـی کـە لـە نێـوان نەتـەوە جیاوازەکانـدا لایەنگری هەیـە و باوەڕیـان بـە تەناسـووخ و دەرکەوتنـی خوداوەنـد لـە هەزار و یـەك لاشـە (جەسـتە)دا، کـە لـە گرنگترینەکانیـان دەبێـت ئاماژە بـە بنیامیـن، موسـا، داود، عەلی و حـەوت پەیکـەر (جەسـتە، هەیکـەل) بکرێـت کـە لـە سـەرەتای ئیسلامدا دەژیـان، مـەزاری بابایـادگار لـە زەهـاو یەکێکـە لـە پەرسـتگا پیرۆزەکانیـان، ئـەوان پێیـان وایـە: دەرکەوتـن تەنهـا تایبـەت بـە زاتی خودایـە، کـە لـە چوارچێـوە جۆرەکانـدا دەردەکەوێـت، کـە تەواوترینیـان عـەلی بـووە، لێکۆڵـەران پێیـان وایـە ئـەوەی کـە بەمـان دەڵێـن : (علـی الهی-عەلیوڵلاهـی «کاکەیـی») بـۆ شـاردنەوەی زەردەشـتی بوونیـان بـووە، لـە ڕاسـتی دا ئـەو عەلییـە، کـە لـە ئاینـی ئەوانـدا نـاوی هاتـووە، ئیمامـی عـەلی شـیعە و خەلیفـەی چوارەمـی ئیسـلام نییـە[٢] ئاشـکرایە ئاینـی کاکەیـی ئاینێـکی ڕەسـەن و دێریـن و مێـژووی لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا، ئاینـی کاکەیـی لـە دێـر زەمانـەوە تاوەکـو ئێسـتادا بوونـە سـەر بـە ئاینـی کـوردی کۆنـن، لـە زۆرشـتدا و لـە زۆر ڕووەوە خاڵـی هاوبەشـیان هەیـە لەگـەڵ یەزیدییـەکان و هنـد و ئەوروپایـی بـۆ نموونـە مـردوو شـۆردن، بەپیـرۆز زانینـی حـەوت فریشـتەکە، ئەمانـە ڕێـز لـە ئیمامـی عەلـی (ر.خ) دەگـرن، گوایـە گیانـی خـوا چووەتـە گیانـی (ئیمام عەلی)ـەوە باوەڕیـان بـەوە هەیـە کـە قورئـان لەلایـەن خـواوە بـۆ پێغەمبـەر (د.خ) نێـرداوە، ڕۆژوو دەگـرن، بـەڵام تەنهـا سێ ڕۆژ بـە ڕۆژوو دەبـن ئەویـش لـە سـەرەتای مانگـی دێسـەمبەری ڕۆمییـەوە دەسـت پێدەکات و

---

١- سی، جی، ادموندز، مصدر السابق، ص ١٦٨

٢- مەزاهـر باجـەلان، وەرگێڕانی لەفارسییەوە :جەلیـل مـورادی و کاروان عوسـمان خەیـات (ڕێبیـن) چاپخانـەی گەنـج، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٤، ل٣٥

لـە ئێوارەی چوارەمـدا جـەژن دەکـەن، نوێـژ ناکـەن لەبەرئـەوەی خۆیـان وەتەنـی نیـزی نـەك نمـازی، واتـە ئـەوان خەڵکـی پاڕانـەوەن نـەك نوێژکـردن، هەروەهـا سـمێڵ گـەورە دەکـەن و بەرسـمێڵکردن لایـان حەرامـە ئەویـش لـەوەوە هاتـووە، گوێزانێـك ناتوانـێ موویـەك لـە مووکانـی ئیمامـی عەلـی (ر.خ) ببڕێـت، ئاشـکرایە ئاینـی کاکەیـی ئاینێکـی ڕەسـەن و دێریـن و مێژوویـن لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا خـاوەن ڕێ و ڕێچکەیەکـی پـاك و بێگـەردی خـوا پەرسـتین، پەیڕەوانـی ئاینـی کاکەیـی لـە دێرزەمانـەوە تاکـو ئێسـتا دابونەریـت و فەرهەنـگ و کەلتووری ڕێبازەکەیـان پاراسـتووە و بەرنامـە و بیروبـاوەڕی خۆیـان درێـژە پێـداوە، کـە هەموو خەسـڵەت و بنەمـا ڕەسـەنەکانی نەتەوایەتـی بـە زمانـی شـیرینی کـوردی لـەم ڕێبـازە ئاینییـەدا کـە کتێبـی پیـرۆزی (سەرەنجام)ـە ڕەنگـی داوەتـەوە، لەلایەکـی تـرەوە داگیرکەرانـی کوردسـتان و نەیارانـی کاکەیـی هـەردەم لـە هەوڵدابوونـە بـۆ سـڕینەوەی ئـەم ڕێبـازە پیـرۆزەی نێـو کۆمەڵـگای کـوردەواری، بـەڵام کاکەییـەکان بـە ئەوپـەڕی بەرخۆدانـەوە ڕووبـەڕووی هەمـوو دژایـەتی و ململانێیەکانـی ژیانیـان بوونەتـەوە و کـورد بـوون و کاکەییەتـی خۆیـان پاراسـتووە جگـە لـە شـوێنەکانی دیکـەی عێـراق و ئێـران و کوردسـتان پەیڕەوانـی ئاینـی کاکەیـی لـە مێژوویەکـی کۆنـەوە لـە ناوچـەی گەرمەسـێر بـە گشـتی و دەڤـەری خانەقـی بـە تایبەتـی نیشـتەجێبوونە و زۆربـەی خەڵکەکەیـان پێکهێنـاوە بـە نەتـەوە و بـە ڕەگـەز و بـە ئایـن هەموویـان کـوردن، تاوەکـو ڕۆژگاری ئەمـڕۆش پارێزگاریـان لـە نەتەوایەتـی و ئاینـی ڕەسـەنی خۆیـان کـردووە بـاوەڕی ڕۆحـی و فیکـری نەتـەوەی کـورد و خۆیـان پاراسـتووە، لـە هەمـان کاتـدا کاکەییـەکان خـاوەن ئەدەبیاتێکـی دەوڵەمەنـدی کـوردی و نەتەوەیـی و ئـەو گەنجینـە بەهـادارەن لـە فەرهەنـگ و کەلتـووری نەتەوەیـی خۆیـان پاراسـتووە، پەیڕەوانـی کاکەیـی لـە ناوچـە جیاجیاکانـدا گەلێـك کەسـایەتی زانـا و ڕۆشـنبیر و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لێهەڵکەوتووە، لـە مێـژووی کـۆن و نوێمانـدا توانیویانـە شـوێن دەسـتی خۆیـان لـە خزمەتکـردن بنەخشـێنن بـۆ گـەل و نیشـتمانی کوردسـتان دیـارە مێـژوو ئامـاژە بـە ڕاسـتییەکان دەکات، لەلایـەن ڕژێمـە کـۆن و نوێیەکانـی عێراقـەوە، بـە دڕندانەتریـن شـێوە شـاڵاوی پاکتـاوی ڕەگـەزی و تەعریـب و تەرحیـل بەسـەر خەڵکـی ناوچـە کاکەییەکانـدا هێنـاوە و لەسـەر شـوێنی باوباپیرانـی خۆیـان ڕاگوێـزراون، بـەرەو چارەنووسـێکی نادیـار ڕاپێچـکران، کـە ئـەم سیاسـەتەی ڕژێمـی ڕووخـاوی بەعـس کاریگـەری ترسـناکی لەسـەر دابونەریتـی پەیڕەوانـی کاکەیـی درووسـتکرد، چونکـە زۆربـەی خەڵکـی کاکەیـی پەرتـەوازە و دەربـەدەر و ئاوارەکـران، لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە عەرەبـی هاوردەی خسـتە شـوێنەکانیان، دەسـتیان گـرت بەسـەر سـامان و سـەرچاوە کشـتوکاڵی

و ئاژەڵدارییەکاندا، کە سەدان ماڵی ناوەڕاست و باشووری عێراق خرانە شوێنی سنووری دێهاتەکانی کاکەییەکان و لە ناوچەی خانەقی نیشتەجێکران، تەنانەت ڕژێم ناوی گوندەکانی سنوورەکەشی گۆڕی بەناوی عەرەبی بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی وڵات، پێویستە ئەوەش بڵێین بەهۆی ئەو هەموو زوڵم و ستەمکارییانەی بەرامبەر بە کورد کران لە کۆن و نوێدا، پەیڕەوانی ئاینی کاکەییش پشکیان بەرکەوتووە و بەهۆی هەستی نەتەوایەتی کورد بوونەوە، چوونەتە ڕیزی بزوتنەوی ڕزگاریخوازی شۆڕشەکانی کوردەوە و لەو پێناوەشدا گەلێك قوربانیان بەخشیوە، لێرەدا ئاماژەیەك بە چۆنێتی هاتنی کاکەیی بۆ شاری کەلار دەکەین، ئەویش لە دوای ئەوەی لە ساڵانی (١٩٧٤، ١٩٧٥)دا، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگواستن و تەعریبکردنی دێهاتەکانی ناوچەی خانەقی دەستی پێکرد، پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی خاوەنی (٢٨) گوندبوون، لەو سنوورە چ لە خانەقی و چ لەدێهاتەکانی کاکەیی لەو چوارچێوەدا، گوندی (کەنی زەردی، ناوخاس کاکەیی) بووە کە ڕاگوێزراون، دانیشتوانەکەی بەرەو دێهاتەکانی ناوچەی شارەزوور ڕەوانە کران دانیشتوانی گوندەکانی دیکەش بەرەو ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگوێزران، پاشان خەڵکەکەی وردە وردە گەڕاونەتەوە لە شاری کەلار نیشتەجێ بوونە یەکەمین خێزانیش لە کاکەییەکان لە ساڵی (١٩٧٦) گەڕاونەوەتە کەلار هەریەکە لە (عەبدوڵڵا کاکەیی، ئەکبەر ناوخاس کاکەیی، ناوخاس ئەحمەد کاکەیی) بووە و لەگوندی ئەحمەد وەلی نیشتەجێبوون، ئەوەبوو عەبدولڵا حەسەنی لە گەڕەکی گازینۆ مایەوە (ئەکبەر ناوخاس کاکەیی و ناوخاس کاکەیی) وەکو یەکەمین ماڵ چوونە کۆمەڵگای حەمەی کەریم (گەڕەکی سەرکەوتن)ی ئێستا لەوێدا نیشتەجێبوون، دواتر ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی گەڕاونەتەوە، لە گەڕەکەکانی (شێروانە، بنگرد، بەردەسوور، فەرمانبەران، شۆڕش) نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی کاکەیی ئێستا لە کەلاردا (٥٨٠) خێزان و لە گەڕەکەکانی (بنگرد، شێروانە، بەردەسوور، شۆڕش، گردەگۆزینە، حەمرین) دابەشبوون، کاکەییەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دراوسێیەتییەوە پتەوە لەگەڵ هۆز و تیرە و تایەفە و عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا و تا ئێستا هیچ کێشەو گرفتێك یان ناخۆشییەك ڕووی نەداوە، بەڵکو بە گیانی برایەتی و ڕاستگۆیی و پێکەوە ژیان مامەڵەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەموو بۆنەیەکی خۆش و ناخۆشدا، لەگەڵ تەواوی خەڵکی ناوچەکە بەشدارییان کردووە و هیچ جیاوازییەك و ناکۆکیەك لەئارادا نەبووە خاوەنی متمانە و پاراستنی هەموو کەلتوورێکی کوردانەن و مەسەلەی (پاکی- ڕاستی-

لێبوردەیـی) بنەمـای بنەڕەتیـی هەمـوو کاکەییەکانـە، لـە دوای ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی (١٩٩١)ـەوە پەیڕەوانـی ئاینی کاکەیـی لـە شـاری کـەلار بـە مەبەسـتی زیاتـر بـرەودان بـە پـە یوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانیـان لەگـەڵ هۆزەکانـی تـەواوی ناوچەکـەدا، دامـودەزگا حکومـی و حزبیەکانـی ناوچەکـە توانیـان (ئەنجومـەنی ئاینـی و کۆمەڵایەتـی کاکەیـی) پێکبهێنـن، کـە لـەم بەڕێزانـە پێکهاتبـوون خوالێخۆشـبووان (بـاوە ڕەشـید، ئەکبـەر ناوخـاس، حەمەخـان، مەدحـەت کاکەیـی) هەریـەك لـەم بەڕێزانـە (سـەید عـادل، سـەید هەیـاس، ئەلیـاس، ڕەحیـم عەلـی، مەنسـور خەلیفـە، شـاواز کاکەیـی)[1]، هـاوکات سروشـە ئایینییەکانـی خۆیـان بـە شـاراوەیی ئەنجام دەدەن، جیـا لـە خۆیـان ناهێڵـن کەسـیتریان تێکـەڵ بـێ.

١- چاوپێکەوتن: جەماڵ ئەکبەر کاکەیی، نووسەر و ڕووناکبیر، ٢٠١٠/١١/١٣

# بەشی پێنجەم

فاکتەرەکانی ڕاگواستن

١- فاکتەری دیمۆگرافی

٢- فاکتەری سیاسی

٣- فاکتەری کۆمەڵایەتی

٤- فاکتەری کارگێڕی

٥- فاکتەری ئابووری

أ- کشتوکاڵ

ب- سامانی ئاژەڵ

ت- پیشەسازی

پ- بازرگانی

ج- گەشتوگوزار

خ- خزمەتگوزاری:

- پەروەردە و فێرکردن
- تەندروستی

## فاکتەرەکانی ڕاگواستن:

ئـەم فاکتـەرە ڕۆڵـی کاریگـەری هەبـووە لەسـەر گەشـەکردن و زیادبـوونی ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری کـەلار، تەنانـەت کارتێکـردنی لەسـەر کـۆی کایـەکانی تریـش هەبـووە، هاتنـی ژمارەیـەکی بـێ شـومار لـە هێـزی مرۆیـی کـە وزەی جیاوازیـان خسـتۆتەگەڕ لـە پێنـاو ڕاژەکـردنی شـاردا لـە بـواری ئابـووری و بـازرگانی و ڕۆشـنبیری و.. هتـد، کـۆی ئەمانـە بەرهەمهێنـەری ئـەو بزاوتانـەن کـە دەرئەنجـام شـار وا بـە گەورەیـی و جـوان دەرکەوێـت، ناکرێ ڕۆڵـی دانیشـتوانی دێرینـی شـاریش نادیـدە بگیرێـت، کـە بـە سـنگێکی فراوانـەوە پێشـوازییان دەکـرد و وا مامەڵەیـان دەکـرد هیـچ کەسـێك هەسـت بەنامۆیـی نـەکات، کـۆی دانیشـتوان خۆیـان بـە خانەخـوێ بزانـن، بـە ئێستاشـەوە ئـەو هەڵوێسـتە ئامادەیـی هەیـە، ئەوانـەی لێـرە نیشـتەجێبوون خۆیـان گەواهیـدەری ئـەم ڕاسـتییەن، هەرچەنـدە زۆرێك لەشـارەکان لە باشـووری کوردسـتان هاوشـێوە لـە ئەنجامـی ڕووخانـدنی گونـدەکان و فاکتـەرەکانی تـر گەشـەیان کـرد و گـەورە بـوون، هـەر لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـەوە، لـە سـاڵی (١٩٢١) لەسـەر دەسـتی بەریتانیـا و وڵاتـانی زلهێـز، کەمینەیـەکی عـەرەبی سـوننەیان کـردە فەرمانڕەوایـی عێـراق، لـەو چرکەسـاتەوە دەسـەڵاتدارانی نەتـەوەی سەردەسـت دەسـتیان کـردە دانـانی پلانێـکی ترسـناك بـۆ لەناوبـردنی نەتـەوەی کـورد لـە بۆتـەی پـان عەرەبیـدا، بانگەشـەکردن و پراکتیزەکـردنی درووشـمی گـەلانی عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب و عێراقیـش بەشـێکە لـە نیشـتمانی عـەرەب کـە بووەتـە ماددەیـەکی سـەرەکی لـە دەسـتووری عێراقـدا، لەکاتێکـدا ڕاسـتی و حەقیقـەتی ئـەم درووشـمە دەبێـت بـەم شـێوەیە بێـت بەشـێك لـە گـەلانی عێـراق بەشـێکن لـە نەتـەوەی عەرەب، بەشـێك لـە خـاکی عێـراق بەشـێکە لـە نیشـتمانی عـەرەب، گـەلی کـورد بـە چ مانایـەك بـە کام پێـوەر بەشـێك بێـت لـە نەتـەوەی عـەرەب یـان خـاکی کوردسـتان بۆچـی بەشـێك بێـت لـە نیشـتمانی عـەرەب...؟ بەهـەر پێوەرێـك سـەیری ئـەو درووشـمە بکەیـت، هیـچ حەقیقەتێـکی تێـدا نییـە، تەنهـا ئەوەنـدە نەبێـت کـە پـڕە لـە ڕەگەزپەرسـتی و شـۆڤێنییەت ئیـدی لـەم سـۆنگەیەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانیـان و کەمکردنـەوە و شـێواندن گـۆڕینـی حەقیقـەتی نەتـەوەی کـورد، تەعریبکـردنی گـەل و خاکەکـەی ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ بـە ناونیشـانی بیانـوو و پاسـاوی جیـاواز، هەرجارێـك بـە فۆرمێـك و نیشـتەجێکردنی عـەرەب لـە جێگاکەیـان بـە مەبەسـتی جێبەجێکـردنی مەرامـە گڵاوەکانیـان، چەنـدیـن ڕێـگا و شـێوازی بـە عەرەبکـردنی گرتۆتەبـەر وەك (تەرحیـل، تەعریـب، تەبعیـس) ئەنفـال، کیمیابـاران (تصحیـح قومیـة) ئـەوەی مەبەسـتە

و پەیوەنـدی بـە لێکۆڵینەوەکـەوە هەیـە، ئەویـش گەشـەکردن و زیادبـوونی دانیشـتوانی شـاری کـەلارە، کـە ئـەم فاکتـەرە و فاکتـەرە ئابـووری و خزمەتگـوزاری و کارگێڕییـەکان، کارتێکـردنی ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر گەشـەکردنی دانیشـتوان و فراوانبـوونی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە هەیـە، فاکتەرەکانیـش ئەمانـەن:

١- فاکتەری دیمۆگرافی

٢- فاکتەری سیاسی

٣- فاکتەری کۆمەڵایەتی

٤- فاکتەری کارگێڕی

٥- فاکتەری ئابووری:

أ- کشتوکاڵ

ب- سامانی ئاژەڵ

ت- پیشەسازی

پ- بازرگانی

ج- گەشتوگوزار

خ- خزمەتگوزاری:

١- پەروەردە و فێرکردن

٢- تەندروستی

## ١- فاکتەری دیمۆگرافی:

لـەدوای دابەشـکردنی کوردسـتان بەسـەر وڵاتانـدا، کێشـەی کـورد لـە نێودەوڵەتییـەوە کرایـە پرسـێکی ناوخۆیـی و زلهێـزان و وڵاتـانی دەوروبـەر وەك کێشـەیەکی ناوخۆیـی مامەڵـەی لەگەڵدا دەکـەن و هەموویـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کـورد مەترسـییە بـۆ ئاسـایشی نەتەوەییـان، هـاوڕان بـۆ سـەرکوتکردنی نەتـەوەی کـورد لەهـەر بسـتە خاکێـکی جیهانـدا ئامادەیـی هەبێـت، نـەوەك تەنهـا لـە وڵاتـەکانی خۆیـان، بۆیـە بـەردەوام پیلانی هاوبەشـیان هەیـە بـۆ دژایەتیکـردنی نەتـەوەی کـورد وێـڕای ناکۆکییـەکانی نێـوان خۆیـان، دانیشـتوانی ئـەم پارچـەی باشـووری کوردسـتان زیاتـر لـە بەشـەکانی دیکـە لـە جوڵـە و گۆڕاندابـوو، بەتایبـەت عێـراق وڵاتێـکی دروسـتکراوی نـوێ بـوو، لەچـاو وڵاتـانی ئێـران و تورکیـادا، لـەو سـەر و بەنـدەدا کـورد حکومـەتی خـۆی هەبـوو لـە ناوەڕاسـتی بیسـتەکان و دوای شـەڕی یەکەمـی جیهـانی لکێنرایـە عێراقـەوە، لـە ئەنجامـی چەنـد فاکتەرێـکی تـر وەك نەبـوونی ئاسـایش و زەبروزەنـگ و داپڵۆسـین و کـۆچ و ڕەوپێکـردنی بـەردەوام لـە ناوچـە جیاجیـاکانی کوردسـتان، پۆلەتیـکی بە عەرەبکـردن و جینۆسـاید و کوشـتنی بـە کۆمەڵـی خەڵکی کوردسـتان و... هتد چەنـد هۆکارێکی تـر، ئەمانـە هەموویـان پێکـەوە کاریگـەری زۆر گەورەیـان کردۆتەسـەر ڕێـژەی کەمبـوون و زیادبـوونی دانیشـتوان و دابەشـبوونی جوگـرافی و پێکهاتـەی نەتەوەیـی و شـوێن و گـوزەرانی خەڵـك لـە شـار و گونـدەکانی باشـووری کوردسـتان، حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق و دواتریـش هەوڵـەکانی بەعـس بـۆ سـڕینەوەی مـۆرکی نەتەوەیـی کـورد، هـەر لـە سـاڵی (١٩٦٣)ـەوە تـا سـاڵی (٢٠٠٣) بەردەوامبـووە، نسـکۆی سـاڵی (١٩٧٥) شـۆڕشی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد، هەلێـکی زیاتـری بـۆ دەسـەڵاتدارانی بەعـس ڕەخسـاند، نەخشـە و پلانـە سیاسییە گڵاوەکانی خۆیـان لـە باشـووری کوردسـتان بـە کـردەوە ئەنجـام بـدەن، هـەر بۆیـە دەسـتیان کـرد بـە ڕاگواسـتنی ناوچـە جیاجیـاکانی هەرێمـی کوردسـتان و دەیـان هـەزار خێـزانی کـورد لـە ئـۆردوگا زۆرەملێکانـدا نیشـتەجێکران، کـە بەعـس نـاوی گونـدی هاوچەرخـی لێنابـوو، شـاری کەلاریـش بێبـەش نەبـوو لـەم کاریگەرییانـە بـە هـۆی نزیکـی لـە ناوچـە سـنوورییەکان لەگـەڵ ئێـران و حکومـەتی عێراقـدا هـەر لـە سـاڵی (١٩٧٥)ەوە حکومـەتی بەعـس دەسـتی کـرد بـە ڕاگواسـتن و هێنـانی ژمارەیـەکی زۆر عـەرەب و نیشـتەجێکردنیان لـە ناوچـە کوردییـەکان بـە تایبـەت دانیشـتوانی کـوردی قـەزا و ناحیـە و گونـدەکانی پارێـزگاکانی سـەڵاحەدین و باقوبـە، ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی ناحیـە و گوندەکانیـان، زۆرێـك لـەو ڕاگوازراوانـە هاتنـە ناوچـەکانی

کـەلار و دەوروبـەری، بۆیـە دەبینیـن گۆڕانکاریـەکی زۆر لـە پێکهاتـەی دانیشـتواندا ڕویـداوە، لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا پێکهاتـەی دانیشـتوان بـەردەوام لـە گۆڕانـدا بـووە، گۆڕانکارییـەکی زۆر بەسـەر زیادبـوونی دانیشـتوانی شـاری کـەلاردا هـات و ژمارەیـەکی زۆر لـە دانیشـتوانی قـەزای خانەقییـەوە بـە زۆر کۆچیـان پێکـرا، زۆربـەی هـەرە زۆری هێنرایـە ئـەم شـارە، کـە چـوار کۆمەڵگـە لـە ناوەنـدی کـەلاردا درووسـتکران، لـە دوای سـاڵی (١٩٧٧)ەوە تاوەکـو پرۆسـیسی ئەنفـال حکومـەتی بەعـس ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە هەوڵـی سـڕینەوەی مـۆرکی نەتەوایـەتی کـورددا بـووە، لـە ناوچـە جیاجیـاکانی کوردسـتاندا لـە ساڵی (١٩٨٧) ژمـارەی دانیشـتوانی کـەلار زیادبوونێـکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـووە، کـە زیادبـوونی چەنـد بەرامبـەری سـاڵانی پێشـوو بـووە، ئەویـش بەهـۆی ڕاگواسـتن و دەرکـردنی دانیشـتوانی ناوچـەکانی قـەزاکانی خانەقـی و کفـری و شـێخ بـاوە و زەندئابـاد و قەرەتەپـە و جەبـارە و ناحیـە و گونـدەکانی دەوروبـەری شـاری کـەلار، یەکێـکی تـر لـەو هۆکارانـەی کاریگـەری لەسـەر دیمۆگرافیـای قـەزای کـەلار هەبـووە، ئەویـش کارەسـاتی ئەنفالـە، کـە حکومـەتی بەعـس بـە هەشـت قۆناغـی جیـاواز بەرامبـەر بـە گـەلی کـورد ئەنجامیـدا بـۆ لـە ناوبـردنی مـرۆڤ گەلێـك لـە باشـووری کوردسـتاندا، ئامانجـی سـەرەکی هێـرش و شـاڵاوەکانی ئەنفـال بـووە، بـە تایبـەت دانیشـتوانی گونـدەکان، چونکـە پشـت و پەنـا و جێـی حەوانـەوە و قـەڵای شـۆڕشی ڕزگاریخـوازی کـورد بـوون، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، کارەسـاتی ئەنفـال بەهـۆی وێرانکـردنی سـەرجەم گونـدەکانی کوردسـتان بووەهـۆی لەناوبـردنی چارەکـە ملیۆنێـك لـە دانیشـتوانی کوردسـتان، جگـە لـە دابـڕانی دایـك و بـاوك خوشـك و بـرا و کەسـوکار و دابـڕان لـە زێـد و بـۆن و هەناسـەی نیشـتمان ئەمـەش بووەهـۆی پەرتەوازەبـوون و سـەرگەردانی سـەدان خێـزان لەبەریـەك هەڵوەشـانەوە، هـەروەك لـە بـاری دەروونیشـەوە سـەدانی گیـرۆدەی گرێـی دەروونی و خەمـۆکی کـرد، بێجگـە لـە بێباوك کـردنی هـەزاران منـداڵ، جگەرسـوتانی هـەزاران دایـك و بـاوك، کـە پاشـماوەی ئـەو کارەساتە جـەرگ بـڕە نـا مرۆڤانـەی لێکەوتـەوە، ئـەو پاشـماوە و شـوێنەوارە خراپانـەی کـە تاکـو ئێسـتاش دەرهاویشـتەکانی بەردەوامـن، ئـەم کارەسـاتە کاریگەرییـەکی گـەورەی هەبـوو هـەر دەمێنێـت، بەتایبـەت زیاتـر لـەو ناوچانـەی کـە ئـەم پرۆسیسـە ناڕەوایـەی تیـادا ئەنجامـدرا، ئاشـکرایە گەرمیانیـش پشـکی زۆری بەرکـەوت، شـاری کـەلار کـە زیاتـر لـە (٤٥٧٧٧) هـەزار خێـزان ئـاوارە و بێسـەرو شـوێنکراون، زیاتـر لـە (٧٠-٨٠) هـەزار مرۆڤـی کـورد کـە زۆربەیـان ژن و منـاڵ و پیربـوون لـە ناوچـەکانی گەرمیانـدا بێسـەر و شـوێنکراون، ئەوانـەی زینـدانی کـران ڕێژەیـەکی کـەم نەبێـت کـە (١٠٪)ە، کـە سـەرجەمیان پیـر و پەککەوتـە بـوون ئازادکـران، لـە

کاتێکدا ئەوانی تر هەموو چارەنووسیان نادیارە ڕێژەی (٤٨,٥٪)، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بێسەر و شوێن کران چارەنووسیان لەژێر پرسیاردایە، بەڵام لەمەڕ بەتەمەنەکان (٢,١٪)ە، وەلێ ئەوانەی تەمەنیان لە ساڵێك کەمتربوون و ڕێژەی (٣٩,١٪) دەگرێتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان یەك بۆ پانزە ساڵ بوون، بەڵام تەمەنەکانی (١٦-٥٠) ساڵ زەرەرمەندترین گروپەکانی تەمەنی کۆمەڵی ئەنفالکروەکان بوون، کە ڕێژەی (٥٧,١٣٪) بووە، (٥١- ٥٥ ساڵ وە ٥٦-٦٠ ساڵ)، ڕێژەکەیان (٠,٦٪) بووە، ئەوانەشی تەمەنیان لە سەرووی (٦٦) ساڵ بووە، تەنها(٠,٣٪) بووە، دانیشتوانی گوندەکان و بەجێماوانی ئەنفال لە ناحیەی ڕزگاری نیشتەجێکران، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەلارەوە، ئۆردوگایەکی زۆرەملێ بوو،کە حکومەتی بەعسی فاشی لە ساڵی (١٩٨٧) دروووستیکرد، گۆڕانێکی ژینگەیی سروشتی مرۆیی لە ژیانیاندا ڕوویداوە، بۆیە ڕووبەڕووی کێشەی بێزاری و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، لەبەرئەوەی لە ناوچەکانی خۆیان دەرکران، ئازادیش نەبوون لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، کە بووەهۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری لە نێوان دانیشتوانی ئۆردوگادا، زۆری ژمارەی بێسەرو شوێنکراوەکانی گەرمیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی کاتی و دوو ڕەهەند کە هەندێکیان پەیوەندیان بە شاڵاوەکان و چۆنییەتی داڕشتن و ئەنجامدانی نەخشە و پەلامارە سەربازییەکانەوە هەیە، هەندێکی تریان بنەڕەتین و پەیوەندیان بە سیاسەتی ڕژێمی عێراقەوە هەیە[1]، ئەم ڕەوشە درێژەی هەبوو لە دۆخێکی خراپ و ناجێگیردا دەژیان تا ڕاپەڕین، دیسان لەڕووی ئابوورییەوە بارودۆخیان باش نەبوو، بە تایبەت ئەودەمە چەندین گەمارۆی ئابووری ئامادەیی هەبوو، هاوکات ڕاپەڕین جیا لە کۆی گەلی کورد بۆ ئەمانیش مژدەیەکی زۆر گەورە بوو، چەندین ڕەهەندی لە خۆ دەگرت، لەلایەك سەرکەوتنی شۆڕشی کورد و شکستی ڕژێمی بەعس و لەلایەکی تر بە هیوای گەڕانەوەی کەسوکاریان، مخابن وێڕای کۆڕەو و ئابلۆقە و بێکاری و خراپی دۆخی ئابووری و کۆمەڵێك دەردەسەری تر، شەڕی ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤- ١٩٩٨) ڕوویدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات کاریگەری لەسەر گەشەکردن و کۆچکردنی دانیشتوانەکە بەهۆی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، جیا لە پەرتەوازەکردن چۆڵکردنی ئەو گوندانە و دانیشتوانەکەی، کە لە ڕیزی پێشەوە و لەنێوان زۆنی سەوز و زەردا بوو، جیا لە ڕاگوێزانی سەدان خێزانیتر

١- ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محمد، ئەنفالی گەرمیان (ڕەهەندە دیموگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان)، چاپخانەی وشە، چ١ سلێمانی ٢٠٠٢، ل٤٧-٥١

لـەو نێوەنـدەدا، وێـڕای ئەمانـە لـەڕووی نێودەوڵەتیشـەوە خاڵێکی لاواز و پـرسی کـوردی زۆر دواخسـت، بـە هەوڵـی دڵسـۆزانی گەلەکەمـان و دەوڵەتـانی دراوسـێ و وڵاتـانی زلهێـز ئـەو شـەڕە براکوژییـە کۆتایـی هـات.

## ٢- فاکتەری سیاسی:

بـە داینەمـۆی گۆڕانکاریـی هەلومەرجـە مێژووییـەکان دادەنرێـت، ناکرێـت لـە ئاڵوگـۆڕە مێژووییـەکان و گواسـتنەوەی کۆمەڵگـە لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێـکی تـر تێبگەیـن بۆیـە، بەبێ لێکدانـەوەی بارودۆخـە سیاسـیەکان بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە[1]، کایـەی سیاسی ڕۆڵـی گرنـگ و یەکلاکـەرەوەی لەسـەر دانیشـتوانی کوردسـتان بەشـێوەیەکی گشـتی هەبـووە، ئـەم خـاك و گەلـە هەمیشـە جێـی سـەرنج و چـاو تێبڕینـی زلهێـز و ئیمپراتۆریەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی جیهـان و وڵاتـانی دراوسـێ بـووە، چەندیـن سـوپا و لەشـکر لـەم مەملەکەتـەدا ئەسـپی خۆیـان تـاوداوە و خۆیـان نمایش کـردووە، هەمـوو دیکتاتـۆرە چاوچنـۆکان بـە پێـی بەرژەوەندییەکانی خۆیـان مامەڵەیـان لەگـەڵ دۆزی کـورد و گەلەکەیـدا کـردووە، ئەوەنـدەی شکۆ و ئاسایشـیان لـە مەترسیدا بووبێـت، هەڵوێسـتیان بـەرەو داکشـان و لاوازبـوون و نەرمـی نوانـدن و جۆرەها بەڵێنیانـداوە بـە خاتـر پێـکانی مەرامـە گڵاوەکانیـان، هەرچەنـدە لێـرە و لـەوێ لـە سـیاقی مێژوویـدا کـوردان جۆرێـك لەسـەربەخۆیی دەسـەڵات و چەندیـن میرنشـینیان هەبـووە، هـاوکات لەڕێـی ئـەو ئیمپراتۆرانـەوە (سـەفەوی و عوسـمانی) دانیـان پێـدا نـراوە، پرۆتۆکۆڵـی ڕامیارییـان واژۆ کـردووە، دواجـار دوای پێـکانی ئامانجەکانیـان پاشـگەزبوونەتەوە، کوردیـان کردۆتـە قوربـانی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان، دوای شـەڕی چاڵدێـران زۆربـەی دانیشـتوانی خـاکی کوردسـتان لەژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانیدا مایـەوە، هەروەهـا لـە سـەروبەندی جەنگـی جیهـانی یەکەمـدا دوای دابەشـکردنی میـراتی پیـاوە نەخۆشـەکە (ئیمپراتۆرییـەتی عوسـمانی) لـە نێـوان وڵاتـانی زلهێـزدا و سـەرکەوتووانی جەنگدا بـە پێـی پەیـمانی سـایکس-بیکۆ کوردسـتانیان بـەش بـەش کـرد لـە نێوخۆیانـدا، باشـووری کوردسـتان لەسـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کاتی عێراقـدا، بەشـێك نەبـووە لـەم دەوڵەتـە دەسـتکردە، بەبـێ خواسـت و ویسـتی نـەوەك گەلـی کـورد بەڵکـو زۆرینـەی دانیشـتوانی عێـراق خوازیاربـوون سـەربەخۆبن و

---

١- هیـوا امیـن جلال شـوانی، شیکردنەوەی جوگرافی بـۆ گەشـەی شارنشین لـە پارێـزگای هەولێـر، نامـەی ماسـتەر کۆلێـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر، ٢٠٠٧، ل١٢٣

نەیەنە ژێر ئاڵای عێراق، کوردیان وەك کارتی فشار بەکاردەهێنا لەلایەن وڵاتانی زلهێز و بەتایبەت بەریتانیاوە، جارێك بەرامبەر تورکیا و جارێکی تر بەرامبەر دەوڵەتەکانی عێراق، بۆ سەپاندنی ئامانج و فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکانیان، دوای کێشمەکێشی زۆر تەنانەت هاتنی کۆمەڵی گەلان ئەو خاڵ و بەندانەش کۆمەڵە کاری لەسەر دەکرد لە قازانجی کورد بوو، بەڵام ئەوانە نەکرانە پێوەری یەکلاکەرەوە، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ساڵی(١٩٢٥) ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان بە بێ خواستی گەلەکەی لکاندە عێراقەوە، ئیدی لەو ساتەوە بەفەرمی دەخرێتە سەر نەخشەی عێراق و کێشەی کوردیش وەکو کێشەی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش بووەهۆی قوڵبوونەوەی کێشەکە لەو ساتەوە چەندین شۆڕش و بەرخۆدان درێژەی هەبووە، هەروەها چەندین حزب و ڕێکخراو هاتنەبوون، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکاندا، دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانیش بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی سڤیل و مەدەنیدا کردووە، بۆ توانەوەی سیمای نەتەوەیی و چەوسانەوەی گەلی کورد لە ئەنفال و کیمیاباران و سوتماککردنی گوندەکان درێغییان نەکردووە، ڕاگواستن و ڕووخاندنی گوندەکان بۆتەهۆی کۆچکردنی زۆرەملێ بۆ شارەکان، شاری کەلاریش بەوشێوەیە گوندنشینی زۆری تیادا نیشتەجێبوون، زۆربەی کۆچکردنەکان بۆ هۆکاری ڕامیاری دەگەڕێتەوە، هەرچەندە کۆچ بەرەو چیاکان و ئەوانەی ئامادە نەبوون، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە مەرکەزیەدا دابنیشن و ڕوویان کردۆتە ناوچە ڕزگارکراوەکان یان بۆ جێگۆڕکێ کۆچیان کردووە بۆ شارەکانی تر، کە ئەمەش زیاتر ڕوویان کردۆتە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی کارتۆنی، کە ئەمانە و چەندین هۆکاری تر کە گوندنشینان زستان خەریکی کشتوکاڵ کردن و زیاتر گەنم و جۆ بوون، هاوینان ئاژەڵەکانیان دەبردە کوێستان بەدوای لەوەڕگادا دەگەڕان و ژیانێکی سادە و گەڕۆك (کۆچەری) کۆمەڵێك دابونەریتی خێڵ کە لە خێزانێك زیاتر یان بنەماڵەیەك تێپەڕی نەدەکرد، تا ئێستاش لادێکان بەوە ناسراوە، کە چەند دێیەك پێکەوە سەر بەتیرە و هۆزێکن، زۆرجار ناوی گوندەکان بەناوی سەرۆك هۆز یان کوێخا و بنەماڵەوە ناونراوە، یان ناوچەیەك پێکهاتووە لە چەند دێیەك سەر بە هەمان تیرە و هۆز بوون، تاڕادەیەك پێکەوە پەیوەستبوون لە نێو خۆیاندا زۆرجار هاوسەرگیریان دەکرد، ئەویش نەریتی ژن بە ژن یان گەورە و بچووك کە ئەمانە لە ئێستادا ڕێژەکەی زۆر کەم بۆتەوە یان هەر نەماوە، گەر سەرنج بدەین، ڕاگواستنی زۆرەملێی ئەو خەڵکانە و نیشتەجێکردنیان

لـە کۆمەڵگەیـەکی زۆرەملێـدا، کـە هــەزاران خەڵـکی جـۆراو جـۆر بـە نەریتـی جیـاوازەوە، ئەمانـە کاریگـەری زۆری لـە سـەر دەروونیـان هەبـووە، کەواتـە گۆڕانێـکی زۆر بەسـەر ژیانیـان هاتۆتـە گـۆڕێ، هـەر بۆیـە ئەمانـە تـوشی کۆمەڵێـك گرفتـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و بێـکاری بـوون، ئـەم ڕاگواسـتنانە لـە ژێـر بیانـووی لاوازدا، وە پشـتێنەی ئەمنـی و ناوچـەی سـنووری و ناوچـەی نەوتـاوی، لـە هەمـووی خراپـتر زۆرێـك لـە دانیشـتوانی گونـدەکان عەرەبیـان تێـدا نیشـتەجێکران، وەك لـە ناوچـەکانی شـێخ بـاوە و زەندئابـاد و بنکـورە و قـۆرەتـوو و مەیـدان.. هتـد هـاوکات ئـازاد نەبـوون، لـە هەڵبـژاردنی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، زۆربـەی هـەرە زۆریان ڕوویـان کردۆتـە شـاری کـەلار، هەنـدێ کۆمەڵگەیـان بـۆ دروسـتکرا، لەسـەر یـەك شـێواز و یـەك ڕووبـەر هەموویـان لەیـەك دەچـوون، دێهاتـەکانی کوردسـتان لـە نیـوەی دووەمـی ئـەم سـەدەیەدا کەوتنـە بـەر شـاڵاوی تونـدی ڕاگواسـتن ئەمـەش یەکێـك بـوو لـە کارە ترسناکەکانی حکومـەتی عێـراق دژی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان، دژی خـاك و نەتەوەکـەی پەیڕەو کـران، گونـدەکان لـە هەمـوو لایـەکی کوردسـتاندا بـەر ئـەو شـاڵاوە کەوتـن، چ ئـەو ناوچانـەی کـە حکومـەتی عێـراق نـاوی ناوچـەی (حوکـم ذاتي) لێنابـوو کـە تەنهـا (٤٢٪)ی باشـووری کوردسـتانی پێکدەهێنـا، یـان ئـەو ناوچانـەی لـە دەرەوەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـن، یەکێـکی تـر لەو سیاسـەتانەی حکومـەتی بەعـس پەیـڕەوی دەکـرد دژ بـە گـەلی کـورد، پرۆسـەی ئەنفـال بـوو، کـە حکومـەتی بەعـس بـە هەشـت قۆناغـی جیـاواز ئەنجامیـدا بـە پێـی کات و مێـژووی جیـاواز لـە مانگـی شـوباتەوە تاوەکـو ئەیلـولی (١٩٨٨)، کەزیاتـر لـە (١٨٢) هـەزار مرۆڤـی بێتـاوان بێسـەر و شـوێنکران، قۆناغـی سـێ لـە پرۆسـیسی ئەنفالـدا تایبـەت بـوو بـە ناوچـەی گەرمیـان (٧-٢٠)ی نیسـانی خایانـد و لەسـەرجەم قۆناغـەکانی تـر کارەسـات بارتـر بـوو، زیـانی زیاتـر بـوو لـە ڕووی مـاددی و مەعنـەوی و مرۆییـەوە، تەنانـەت بڕیـاری قەزابـوونی کـەلار، یەکێك لـە هـۆکارەکانی سـیاسی بـوو، دواتریـش گواسـتنەوەی لـە ڕووی کارگێڕییـەوە لـە پارێـزگای کەرکوکـەوە بـۆ پارێـزگای سـلێمانی دیسـانەوە بڕیارێـکی تـەواو ڕامیـاری بـوو، بـە مەبەسـتی دابـڕان و داپچـڕانی ئـەو ناوچـە و بەشـانەی کـە زۆربـەی کـوردن لـە پارێـزگای کەرکوکـدان و دابەشـکردنیان بەسـەر پارێـزگاکانی دەوروبەریانـدا، دوای ئـەوەی حکومـەتی عێـراق ئـۆردوگای زۆرەملێـی (صمـود)ی دروسـتکرد، لـە قـەزای کـەلاردا و کردیـە بنکـەی کۆکردنـەوەی هـەزاران خێـزانی کـورد کـە بـە ناچـاری ڕاگوێزرابـوون، لـە ناحییـەکانی (پێبـاز، تیلەکـۆ، جەبـارە، کۆکـس، قەرەتەپـە) لـە ئـۆردوگای سـمود نیشـتەجێکران، حکومـەتی عێـراق چەندیـن گـۆڕانـکاری لـە کـەلاردا ئەنجامـداوە، کـە کاریگـەری هەبـووە، لەسـەر فـراوان بـوون و گەشـەکردنی ژمـارەی

دانیشـتوان، هێنـانی خەڵـك لـە شـوێنەکانی تـرەوە بـۆ کـەلار و سـەرهەڵدانی یەکەیـەکی تـر بـێ گوێدانـە لۆجیـکی مێـژوو، ئەگـەر سـەیری دانیشـتوانی گونـدەکان بکەیـن، بـەرز و نزمییـەك لـە ئامارەکانـدا دەبینیـن، لـە ژمـارەی دانیشـتوانەکەی هۆکـەشی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بارودۆخـەی کـە ناوچەکـەی تێیـدا بـووە، ئەگـەر تەماشـای گونـدەکان بکەیـن لـە سـاڵانی (١٩٧٧- ١٩٧٨ -٢٠٠٢- ٢٠١٢)دا، دەبینیـن یـەك ئاراسـتەیان هەبـووە، واتـا شـار بـەرەو گـەورە بـوون ڕۆیشـتووە، ئەمـەش بـە پێـی قۆناغـەکان جیـاوازی بـەدی دەکرێـت، یـان کاریگـەری دۆخـە سیاسی و ئابوورییـەکان لـە ساڵێك بـۆ ساڵێکی تـر، دوو هـۆکار کاریگـەریان زیاتـر هەبـووە لـە فاکتـەرەکانی تـر، ڕەنگـە زیاتریـش بێـت ئەویـش:

**یەکـەم:** کۆچکـردنی زۆرەملـێ یـان ڕاوەدوونـان و چەوسـانەوە و زەبروزەنـگ و فشـاری حکومـەتی ناوەنـد لەسـەر نەتـەوەی کـورد بـە تایبـەت لەسـەر گوندنشـینان و ناوچـە نـەوتی و سـنوورییەکان.

**دووەم:** بـوونی پـرۆژەی خزمەتگـوزاری لـە شـارەکاندا و پشـت گـوێ خسـتنی گونـدەکان و بێبـەش کردنیـان لـە خزمەتگوزارییـە سـەرەتایەکانیش، دوای ڕاپەڕیـن لـە سـاڵی (١٩٩١) گونـدەکان ئـاوەدان کرانـەوە و دانیشـتوان ڕوویـان کـردە کـەلاوە ڕووخـاوەکانی خۆیـان، بـەڵام ئـەو ڕێژەیـەی زیادبوونیـش زۆر نییـە، چونکـە دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەش کەسـوکاریان حەزیـان نەدەکـرد لـەو ناوچانـەدا بژیـن، توانـای ئەوەشـیان نەبـوو لـە شـارەوە بگەڕێنـەوە بـۆ گوندەکانیـان، چونکـە کەمتریـن خزمەتگـوزاری نەبـوو، وەك ئـەوەی لـە شـارەکاندا هەیـە.

## ٣- فاکتەری کۆمەڵایەتی:

قۆناغـەکانی ڕاگواسـتن مێژوویـەکی دێرینـی هەیـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراق، دەسـەڵاتە یـەك لـە دوای یەکـەکانی دریغییـان نەکـردووە، لـە چەوسانەوە و ڕاگواسـتنی کـورد وهێنـانی عـەرەبی هـاوردە لـە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقەوە بۆ کوردستان، وەلـێ سـەردەمی حکومـڕانی بەعـس و بەتایبـەت سـاڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) ئەمـە مەترسـیدارترین قۆنـاغ بـوو، کـە جیـا لـە هەندێـك شـارو شـارۆچکە کـۆی گونـدەکانی باشـووری کوردسـتانی گرتـەوە، کـە زیاتـر لـە (٤٥٠٠) گونـد خاپـوور و وێرانکـران، جگـە لـە هەنـدێ شـارەدێ و شـارۆچکەش کـە بـەر ئـەو شـاڵاوە کەوتـن، بـە پێـی هـەردوو مەرسـومی کۆمـاری ژمـارە (٣٢١ و ٩١١) لـە بـەرواری (١٩٨٧/١١/١٦ و ١٩٨٧/٦/١١) کـە ژمارەیـان زیاتـر لـە (٤٠) ناحیـە

دەبـوو لـە ڕووی کارگێڕییـەوە هەڵوەشـێندرایەوە[1]، کـۆی گونـدەکانی باشـووری کوردسـتانی ڕووخێـنران، کـە تەنهـا گونـدە ڕووخێـنراوەکانی قـەزای کـەلار ژمارەیـان (١٨٦) گونـدە و تەنهـا ناوەنـدی قـەزای کـەلار زیاتـر لـە (٢١) گونـدە، ژمـارەی خێـزان دەکاتـە (١١٧٤) خێـزان، ناحیـەی تیلەکـۆ بـەر شـاڵاوی ڕاگواسـتن کـەوت و دوای ڕووخانـدنی لـە ڕووی کارگێڕییـەوە ناحیەکـە هەڵوەشێنرایەوە، کـە ژمـارەی گونـدەکانی (١١٣) گونـدە، کـە لـە گونـدەکانی ناحیـەی ناوەنـد و پێبازیـش زیاتـر، کـۆی دانیشـتوانی گونـدە ڕاگوێـزراوەکانی قـەزای کـەلار دەکاتـە (٢٠٣٦٠) لەکـۆی دانیشـتوان[2]، هەرچەنـدە پێشـتر چەنـد جارێـك بـاسی ژمـارەی گونـدەکان کـراوە، ژمـارەکان جیـاوازن نووسـەرەکان خۆیـان بەرپرسـن لـە دەرخسـتنی ژمـارەکان وەك سـەرچاوە وەرگیـراون و ئاماژەیـان پێکـراوە، نووسـەریش زۆرجـار ڕای خـۆی نووسـیوە، کۆمەڵێك داتـا هـەن لەسـەر ژمـارەی گونـدەکان کـە لـە توێژینەوەکـەدا خراونەتـە ڕوو لەیـەك ناچـن، لەخشـتەی خـوارەوەدا تەنهـا ئامـاژە بـە کـۆی دانیشـتوای قـەزا دراوە، دانیشـتوانی ناحیـەی بەجیـا تێـدا نییـە خراوەتەسـەر دانیشـتوانی قـەزا، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٦١) بکـە:

خشتەی ژمارە (٦١)

ئاماری گوندی ڕووخێنراو و دانیشتوانی ڕاگوێزراوی قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٨٩)

| ناحیە | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | کۆی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| مەرکەزی کەلار | ١٦ | ١١٧٤ | |
| تیلەکۆ | ١١٣ | ١٦٥٩ | |
| پێباز | ٥٢ | ١٠٤٥ | |
| کۆی گشتی | ١٨٦ | ٣٨٧٨ | ٢٠٣٦٠ |

سـەرچاوە: د.خليـل أسـماعيل محمـد، كركـوك دراسـات في التكويـن القومـي للسـكان، مطبعـة صـلاح الديـن، أربيـل، ٢٠٠٨، ص١٢٦

دانیشـتوانی گونـدەکان ئەوانـەی سـاڵی (١٩٨٨) زۆربـەی دانیشـتوانەکەی بـەر شـاڵاوی ئەنفـال کەوتـن و زینـدانی کـران، (١٨٢) هـەزار خەڵـکی بێتـاوان سـڤیلی کـورد زینـدە بەچـاڵ و بێسەروشـوێنکران، کـە هیـچ جیاوازیـەك لـە ڕووی تەمـەن و ڕەگـەز و ژن و پیـاو و پیـر

١- د. عبدالله غفور، التشكيلات الادارية في جنوب كردستان، مطبعة شڤان، سليمانية، سنة ٢٠٠٥، ص ١٠٨

٢- د. خليل اسماعيل محمد،كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٨، ص١٢٦

و منـداڵ نەدەکـرا، کـە ئەمـەش زۆرتریـن زیـان بـوو بـەر باشـووری کوردسـتان کـەوت، گەورەتریـن قوربـانی بـوو، هاوشێوەی نییـە لـە جیهانـدا، بەشێکی هـەرە زۆری بـەر ناوچـەی گەرمیـان کـەوت، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە کاریگـەری زۆری هەبـووە هـەزاران منداڵـی بـێ دایـك و بـاوك و بـێ سەرپەرشـتیار کـرد، هـەزاران پیـر و پەککەوتـەی بـە تەنیـا هێشـتەوە، بـێ ئـەوەی کەسێك مابێـت، لەگەڵیانـدا بـژی، یـان پارووێـەك نانیـان بـۆ دابیـن بـکات، سـەدان کچـی مـارە بـڕاو بـەو دان و دۆیـەوە مایـەوە، کـە زۆربەیـان تەمـەنی لاوییـان لـە چاوەڕوانیـدا گوزەرانـد، ئەمانـە و چەندیـن گرفتـی کۆمەڵایـەتی تـر، چەندیـن خێـزان هەڵوەشـانەوە کـە لـە ڕووی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و تەنانـەت لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتوانیشـەوە کاریگـەری زۆری لەسـەر کـۆی کۆمەڵگـەی کـوردی بـە گشـتی و ناوچـەی گەرمیـان و قـەزای کەلاریـش بـە تایبـەتی هەبـووە، ئەوانـەشی کـە مانـەوە لـە چنگـی بەعسـییان ڕزگاریـان بـوو، لـە ئـۆردوگای زۆرەملێـی (صمـود)دا نیشـتەجێکران، لـە دوای ڕاپەڕیـن زۆرێـك لـە گوندنشـینان گەڕانـەوە زێـدی باووباپیرانیـان، بـە گەیشـتنەوە نـاودێ گریـان و پێکەنیـن تێکەڵبـوون، وەك ئەکتەرێك دووجـۆر نمایشـیان دەکـرد، پێکەنیـن کـە خـەون و ئاواتیـان هاتـەدی، گەڕانـەوە گوندەکەیـان، گریـان بـۆ کەلاوەیـەکی وێـران و سـوتماك، کـە هێشـتا بـۆنی بـاروت و دوکەڵـی لێدەهـات، کاتـێ دێیـان بەجێهێشـت ئـەوان خێزانێـکی گەورەبـوون، کەچـی ئێسـتا چارەنـووسی دەیـان ئازیزیـان دیارنییـە و سـەدان بیرەوەرییـان دەهاتـەوە بیـر دەیـان تابلـۆ بـە بـەر چاویانـدا دەهاتـوو دەچـوون، سـەدان وێنـا و دیمـەنی تراژیـدی، هێشـتا دێ پـڕە لـە تـرس و لێـوان لێـو لـە خـەم و ژان، هەنـدێ کەلوپـەلی پاشـماوە و کڵاو و تەسـبیح و دەسـترازە و مێخـەك و پـەڕەی زەرد و ڕزیـوی قورئـان و کانی وشـك و سـەکۆی نـاو حەوشـە هێنـدەی تـر گریانـدنی، بـەم ئازارانـەوە بڕیـاری مانەوەیانـدا و بـەڵام زۆریـان گوندەکانیـان بـە جێهێشـت و درێـژەی نەکێشـا ئەویـش لەبـەر ئـەم هۆیانـە:

١. بـاری ئابـووری زۆربـەی هـەرە زۆریـان خـراپ بـوو، هیـچ کەرەسـتەیەکی بژێوییـان نەبـوو، بەتایبـەت ئـاژەڵ کـە سـەرچاوەی سـەرەکی و بژێـوی لادێنشـینە، کەرەسـتە و پێداویسـتییە کشـتوکاڵییەکان و جگـە لـە کـەلاوە خانوویـەك نەمابـوو بـۆ نیشـتەجێبوون.

٢. تەمـەن گـەورەکان حەزیـان لـە مانـەوە بـوو، بـەڵام منداڵەکانیـان بـەو دۆخـە ڕازی نەبـوون، خواسـت و توانـای خۆگونجاندنیـان نەبـوو، لەگـەڵ ڕەوشی لادێـدا.

٣. جیـاوازی گـەورە لـە نێـوان شـار و لادێـدا، لـە زۆر ڕووەوە، بـە تایبـەتی خزمەتگـوزاری (ڕێگاوبـان، کارەبـا، خوێندنـگا، بنکـەی تەندروسـتی...هتد).

٤. نەبوونی خزمەتگوزاری لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.
٥. دامەزراندنی زۆرێك لە لاوەکان لە ناو شاردا، یان خەریکی کاری تر بوون.
٦. دابەشکردنی زەوی لە شارەکاندا، ئەمانیش بە پێی ئەوەی زۆربەیان پێشمەرگە بوون و شەهید و ئەنفالیان هەبوو، یان خاڵی تریان هەبوو، سودمەندبوون لە زەوی دواتریش پێشینەی خانووبەرە، خانوویان درووستکرد و مانەوە لەشاردا.
٧. نەوەی نوێ یان ئەوانەی لە ناو شاردا لە دایکبوون یان گەورە بوون درێژەیان بە خوێندندا، لە ناو کەشی شاردا پەروەردە بوون، لە خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگا، کە نەك لە دێ نییە ئامادەیشی نییە، گەر قوتابخانەی بنەڕەتی هەبێت، کەواتە گەڕانەوەیان ئاسان نییە، زۆرێك لە پێداویستییەکانی تری سەردەم کە لە شاردا هەیە.

## ٤- فاکتەری کارگێڕی:

ئەم هۆکارە بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی فراوانبوون و گەشەکردنی شار دادەنرێت، چونکە لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لە دامودەزگا کارگێڕییەکاندا کاردەکەن، لەلایەکی ترەوە دەبێتەهۆی چڕکردنەوەی مەڵبەندە خزمەتگوزارییەکان لە نێو سەنتەری سەرەکی یەکە کارگێڕییەکەدا ئەویش مەرکەزی قەزایە یان پارێزگا[١]، ئەم فاکتەرە کاریگەری گەورەی لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە، وەك ئاشکرایە مەڵبەندی یەکە کارگێڕییەکان بە بەراورد لەگەڵ گوندەکان جێگای بایەخ پێدانی زیاترن لەلایەن بەرپرسانەوە، ئەمەش بە پێی ڕیزبەندی پلە یەکە کارگێڕییەکان دەگۆڕێت، لە وڵاتی ئێمەیشدا دابەشبوونی یەکە کارگێڕییەکان لە بچووکترین یەکەوە کە شارەدێ (ناحیە) یە، دەست پێدەکات بەرەو (قەزا) و ئینجا پارێزگا و دواجاریش پایتەخت[٢]، کەلاریش پێشتر وەك شارەدێیەك دیار بووە، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا ناحیە بووە بە ناوی ناحیەی قەڵای شێروانە، سەرەتا لە بنگرد بووە دواتر لە ناو قەڵای شێروانەدا بووە، تا وەکو ساڵی (١٩٣٥) هەر بەو ناوەوە ناحیەی قەڵای شێروانە دەبرێتە سەرقەڵا، لەبەرئەوەی کەوتۆتە ناوەڕاستی ناوچەکەوە[٣]، ئەمە و لە چەندین سەرچاوەدا ئەم ڕاستیانە خراوەتەڕوو کە ئاماژەمان پێکرد لەم کتێبەدا، لە ٢٨ شوباتی١٩٧٠ بە مەرسومێکی

١- جاسم محمد علی، کەلار لە لادێوە بۆ شار، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١
٢- عبدالحسين السريح، اقليم المدينة و التخطيط الاقليمي، مجلة كلية التربية، جامعه البصره، العدد (الاول) ١٩٧٩، ص٢٤٣
٣- محمد هادی دفتر، عبدالله حسن، المصدر السابق، ص٣٠٤

کۆماری کـەلار دەبێتـە قـەزا هـەردوو ناحیـەی شـێروانە و پێبـاز سـەر بـە ئیـدارەی قـەزای کـەلار دەبـن لـە دوای بـە قەزابوونییـەوە، بـە پێـی فەرمـانی کۆمـاری ژمـارە (٦٠١) لـە (١٩٧٥/١١/٦) کـە لـە ژمـارە (٢٥٠٣) لاپـەڕەی (١٩) ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیـة) بڵاوکراوەتەوە، ناحییـەی تیلەکـۆ لـە قـەزای کـەلار دامـەزراوە بـە پێـی فەرمـانی کۆمـاری ژمـارە (٦٠٧) لـە (١٩٧٥/١١/٦) لـە هەمـان لاپـەڕە و هەمـان ڕۆژنامـە و هەمـان مێـژوودا بڵاوکراوەتـەوە، کـە ناحیـەی (سـەرقەڵا) شـێروانە لـە قـەزای کـەلار بـە (٥) موقاتەعـەوە لـەڕووی ئیدارییـەوە هەڵوەشـێنرایەوە خرایەوەسـەر قـەزای کفـری و بـە پێـی فەرمـانی (٦٠٨) لـە هەمـان لاپـەڕە و مێـژوودا بڵاوکراوەتـەوە، قـەزای کـەلار و چەمچەمـاڵ کـە لـە ڕووی ئیدارییـەوە سـەر بـە پارێـزگای کەرکـوك بـوو، گوێزرایـەوە بـۆ سـەر پارێـزگای سلێمانی، ڕێـژەی زیادبوونی دانیشـتوان سـاڵ لـە دوای سـاڵ بـەدی دەکرێـت، تـادێ ئـەم شـارە گـەورە دەبـێ لـە زۆر ڕووەوە گەشـەی بەرچـاو و گـۆڕانی زۆری بەسـەردا هاتـووە، لـە بـوارە جیاجیاکانـدا لـە فاکتـەرەکانی تـردا و لـە قۆناغـەکانی توێژینەوەکـەدا، تیشـك خراوەتـە سـەر گـۆڕان و هـۆکارەکانی لـە سـیاقی مێژوویـدا، ئـەوەی پێویسـتە بوتـرێ کـەلار کۆمەڵێـك قۆناغـی بڕیـووە و ژمـارەی دانیشـتوانی زۆری تێدایـە، ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە، کـە ئەمـەش بۆتـە هـۆی بایەخـی زیاتـر کـە جیـا لـە فەرمانبەرانی ناوەنـدی کـەلار، کـە ژمارەیـەك زۆری فەرمانبـەرانی ئیـدارەی گەرمیـانی لەخۆگرتووە، لە ئێسـتادا ژمـارەی فەرمانبـەرانی سـنووری ئیـدارەی گەرمیـان سـەرجەمیان نزیکـەی (٢٥٠٠٠) فەرمانبـەرە، چەندیـن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی لـە نێـو کـەلاردا بـوونی هەیـە، ئـەو دامـەزراوە کارگێڕییانـەی لـە پارێـزگاکانی تـردا ئامادەییـان هەیـە، لـە ئیـدارەی گەرمیانیـش بەهەمـان شـێوە بـوونی هەیە، ئـەم فاکتـەرە یەکێکـە لـە هـۆکارە سـەرەکی و بنەڕەتییـەکانی فراوانبـوون و گەشـەکردنی ئـەم شـارە، لەبەرئـەوە لەلایـەك ژمارەیـەکی زۆر لـە دانیشـتوان لـە دامـودەزگا کارگێڕییەکانـدا کار دەکـەن، لەلایـەکی تـرەوە دەبێتـە هـۆی کۆکردنـەوەی مەڵبەنـدە خزمەتگوزارییـەکان لـە نێـو سـەنتەری سـەرەکییە کارگێڕییەکـەدا، کـە ئەویـش مەرکـەزی قەزایـە یـان پارێـزگا، کەلاریـش شـارەدێیەکی گـەورە بـووە هـەر لـە بەرایـی سـەدەی پێشـووەوە، ناوەندێـکی گرنـگ بـووە لـە زۆرێـك لـە بوارەکانـدا، لـە سـەرەتای سـەددەی نۆزدەهـەم و دواتریـش لـە کاتی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـدا ناوەنـدی ناحیـەی قـەڵای شـێروانە بـووە، ئەمـەش وایکـردووە مزگـەوت و بنکـەی پۆلیـس و قوتابخانـە و خەسـتەخانە لـە سـاڵی پەنجاکانـدا پۆسـتە و گەیانـدن و کارەبـا و بیـری ئیرتیـوازی و چەندیـن دوکان و قاوەخانـەی تێـدا بـووە، هـەر لەسـەرەتای پەرلەمـانی عێراقـەوە تـا کۆتایـی ڕووخـانی دەسـەڵاتی پاشـایەتی (١٩٢٠-١٩٥٨)، هـەردوو نوێنەری

دانیشـتووی کـەلار لـە پەرلەمـانی عێـراق (حەمـە بەگـی جـاف و داود بەگـی جـاف) تیایـدا نوێنەرێـکی کارا و چالاك و دیاربـوون، لـە دوای بـە قـەزا بوونیـدا شـارێکی گـەورە و پڕ جووڵـە بـووە لـە ئاسـتی عێراقـدا، لـە ڕووی دانیشـتوانەوە لـە سـاڵی هەشـتاکاندا دووەم قـەزا بـووە لـە ئاسـتی باشـووری کوردسـتاندا یەکـەم قـەزا لـە ئاسـتی پارێـزگای سـلێمانیدا، ئەمانـە و تـا دەهـات لـە سـەرجەم بوارەکانـدا لـە گەشـەکردندا بـووە، لە بـواری ئابـووری و بازرگانیـدا ڕۆڵی گرنگـی هەبـووە، جیـا لـە کـەرتی کشـتوکاڵی،لە بـواری پیشەسـازیدا چەندیـن کارگەی چـەو و لم و... هتـد بـوونی هەبـوو، لـە ڕووی هونەرییـەوە لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا دامەزرانـدنی تیپـی شـانۆ و مۆسـیقای کـەلار و ئەنجامـدانی چەندیـن چالاکی و دەرهێنـانی چەندیـن شـانۆگەری و دواتریـش تیپـی شـانۆی سـیروان کـە ئەمیـش ئەکتیـڤ بـوو، دواتریـش لـە کۆتایـی هەشـتاکان تیپـی شـانۆی پێشـڕەو دروسـتبوو، هەروەهـا دەیـان تیپـی وەرزشی تیـادا هەبـووە کـە لـە ئاسـتێکی بـەرزدا بـوون، لـە سـاڵی پەنجاکانـدا خـاوەن هەڵبـژاردەی تیپـی وەرزشی شـێروانەی تۆپـی پـێ بـووە، جگـە لـە هەڵبژاردەیـەکی بەهێـز کـە لـە ئاسـتی پارێـزگاکانی باکـووردا لـە سـاڵی هەشـتاکاندا (سـلێمانی، کەرکـوك، هەولێـر، دهـۆك، موسـڵ، تکریـت) بەشـداری کـرد و ئەنجامێـکی زۆر بـاشی بەدەسـت هێنـا، لـە دوای ڕاپەڕینـەوە جارێـکی دی کـەلار تـوشی گواسـتنەوەی کارگێـڕی بـوو خرایەسـەر پارێـزگای کەرکـوك، تـا پرۆسـەی ئـازادی عێـراق و ڕووخانـدنی حکومـەتی بەعـس و ڕزگارکـردنی شـاری کەرکـوك، پاشـان بـە بڕیـاری حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان ئیدارەکـە وەك خـۆی مایـەوە و ناوەکـەی گـۆڕا بـۆ ئیدارەی گەرمیـان و ناوەنـدی ئیدارەکـە گوێزرایـەوە لـە دەربەندیخانـەوە بـۆ کـەلار ئیـدی لـەو چرکەساتەوە تـادێ گـۆڕانێـکی بـەردەوام و گەشـەکردنێکی گشـتگیر لـە زۆرێـك لـە بوارەکانـدا دەرگایـەکی گـەورە و هەمەڕەنـگ ئـاوەڵا بـوو لەبـەردەم ئـەم شـارەدا، جیـا لـەڕووی ئاسـایش و سیاسـییەوە، لـە ڕووی ئابوورییـەوە، بـووە سـەنتەرێکی گـەورەی سـاغکردنەوەی شـتومەك و کاڵا بـە هـۆی نزیـکی لـە سـنووری ئێرانـەوە و دۆزینـەوەی چەنـد بیرێـك نـەوت لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا کشـتوکاڵ و پیشەسـازی ڕۆڵـی گرنگـی هەیـە بەتایبـەت هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی کـە خاڵـی گرێـدانی هەرێمـە بـە ناوەنـدەوە، لـە بـواری پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵادا کردنـەوەی چەندیـن خوێندنـگای نـوێ و قوتابخانـەی نموونەیـی و خوێندن بە زمانی ئینگلیزی و کۆلێژی پەروەردە و بنـەڕەتی و پەیمانـگای کۆمپیوتـەر و هەرچەنـدە لـە ناوەڕاستی نەوەتـەکان هـەردوو پەیمانگای تەکنیـکی و مامۆسـتایان کرانـەوە، دواتریـش کـۆی ئەمانـە بوونـە هەوێنـی دامەزرانـدنی زانکـۆی گەرمیـان، لـە ڕووی کارگێڕییـەوە مامەڵـەی پارێـزگای لەگەڵـدا دەکرێـت سـەربەخۆیی

خـۆی هەیـە و بودجـەی تایبـەتی بـۆ تەرخانكـراوە چەندیـن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی تێدایـە، ئەمانـە و تـەلاری بـەرز و جـوان و شـەقامی پـان و بەریـن و زیـاد بـوونی ڕێـژەی سـەوزایی و باخچـەی زۆر و پـارکی گـەورە، پێشـكەوتنی بـزاوتی ڕۆشـنبیری و كۆمەڵێـك ڕێكخـراوی مـەدەنی و دەرچوانـدنی گۆڤـار و ڕۆژنامـە، كەناڵـی میدیایـی حیـزبی و ئەهـلی، كۆمەڵێك گەنجـی وشیار و خوێـن گـەرم و ئـازا كـە ڕۆڵـی دیاریـان هەیـە لەكـۆی كایەكانـدا خولقێنـەری ئـەو بزاوتانـەن، هـاوكات لـە ڕەخنـە و خسـتنەڕووی كەموكوڕییـەكان و دروسـتكرنی فشـار لەسـەر حكومـەت.. هتـد، ئیـدی مانـای وانییـە ئـەم شـارە كەموكـوڕی نییـە، پـرۆژەی خزمەتگـوزاری بـەردەوام پێویسـتە بـە تایبـەت لەگـەڵ زیادبـوونی دانیشـتواندا، پێویسـتە بایـەخ بـە بـواری پـەروەردە و خزمەتگـوزاری تەندروسـتی بدرێـت، ڕێگاوبـان كـە ڕۆڵـی گرنگـی لـە بـواری بـازرگانی و گەشـتوگوزاردا هەیـە، هەروەهـا كاریگـەری لەسـەر كایـە كۆمەڵایـەتی و ئابـووری و تەنانـەت ڕۆشـنبیرییەكان هەیـە، جیـا لەمانـەش تـادێ ژمـارەی ئۆتۆمبێـل زیـاد دەكات پلانیـش نییـە بـۆ كۆنتڕۆڵكـردن و فراوانكردنـی ڕێگاوبـان، لـەم شـارەدا بـوونی چەنـد شـوێنەوارێكی دێریـن و ڕووبـاری سـیروان بـە تەنیشـتیدا تێدەپەڕێـت كەچـی نەتوانـراوە لـە بـواری گەشـتوگوزاردا سـوودی لـێ ببینرێـت.

## ٥- فاكتەری ئابووری:

ژێرخـانی ئابـووری هـەر وڵاتێـك بـە بڕبـڕەی پشـتی ئـەو وڵاتـە دادەنرێـت ئەگـەر ژێرخانێـكی ئابـووری بەهێـزی هەبێـت، ئـەوا وڵاتێـكی پێشـكەوتوو و بـە هێـز دەبێـت لـە هەمـوو ڕوویەكـەوە، بۆیـە بەعـس یەكێـك لـە سیاسـەتەكانی كـە پەیـڕەوی دەكـرد دژ بـە كـورد، ئامانجـی سـەرەكی بـۆ لەناوبـردن و تێكـدانی ئابـووری كوردسـتان بـوو، بـە تایبـەت سـەرچاوە كشـتوكاڵییەكان و تێكـدانی زەوی و زارە كشـتوكاڵییەكان كاولكـردن و وێرانكـردنی گونـدەكانی كوردسـتان[1]، شـاری كـەلار و گونـدەكانی دەوروبـەری لـە كاولكاری و وێرانكاری پشـكی شـێریان بەركەوتـووە، تـوشی زەرەر و زیانێـكی زۆر بـوون، بـە تایبـەت لـە شـاڵاوەكانی ئەنفالـدا پـاش ڕاگواسـتنی گوندنشـینەكان و نیشـتەجێكردنیان لـە شـاری كـەلاردا، بۆیـە دەبینیـن لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) ژمـارەی دانیشـتوانی ناوەنـدی كـەلار زیادبوونێـكی بەرچـاوی بـە خـۆوە بینیـوە، پرۆسـەی ڕاگواسـتن كاریگـەری زۆری لەسـەر بـواری ئابـووری لـە شـاری كـەلاردا

١- تەها سلێمان، لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاسیا، ١٩٩٩، ل١٩

هەبووە، وەك ئەو كاریگەرییانەی كە ئەنفال لە دوای خۆی بە جێهێشت، بەجێماوانی ئەنفال سەرەڕای كەس و كاریان بێسەروشوێنكران، ماڵ و سامانیشیان بە تاڵان برا، ژمارەی ئەو گوندانەی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) ڕووخێنران، ژمارەی گوندەكانی سەر بە ناوەندی كەلار (٢١) گوندە، (١٧٩) خێزان (١٥٥٥٠)كەس بوو[1]، ئەمە جگە لە وێرانكردن و لە ناوبردنی سەروەت و سامانی دانیشتوانەكەی كە زیانێكی زۆری ئابووری گەیاندە دانیشتوانەكەی دوای ئەوەی بێكاربوون بۆ دابینكردنی پێداویستییەكانی خۆیان تووشی گرفت و ئاستەنگ دەبوون، چونكە زۆربەیان پیشەیان بەخێوكردنی مەڕ و ماڵات بووە، دوای ڕاپەڕینەكەی بەهاری (١٩٩١) ڕۆژ بە ڕۆژ شاری كەلار فراوان دەبوو ئەمەشە وایكرد كە پێویستی دانیشتوانەكەی و داواكاری زیاد بكات شاری كەلار كە ڕووبەرێكی فراوانی هەیە پیشەی دانیشتوانەكەی چاندنی بەروبوومی كشتوكاڵییە، لەگەڵ بەخێوكردنی مەڕوماڵات و بۆ فرۆشتن و ساغكردنەوەی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان ڕوودەكەنە شاری كەلار، وە هەر لە شاری كەلاریشدا پێویستییەكانی ژیانیان دابین دەكەن، بەهۆی پێگەی شاری كەلار كە وای كردووە، جگە لە دانیشتوانی گوندەكان دانیشتوانی باوەنوور (پێباز) و تیلەكۆ و دانیشتوانی گوندەكانی ناحیەی مەیدان و قۆرەتووی سەر بە قەزای خانەقین و دانیشتوانی گوندەكانی ناحیەی كۆكس و سەرقەڵای سەر بە قەزای كفری پەیوەندی ئابووری و ئاڵوگۆڕی سوود و بازاڕ لەگەڵ شاری كەلاردا بكەن، ئەمەش بەهۆی نزیكیان لە شاری كەلار و لە مسۆگەركردنی زۆربەی پێداویستییەكانیان، یەكێكی تر لەو بوارە ئابوورییانەی ڕەنگدانەوەی لەسەر دانیشتوان هەبووە بواری كشتوكاڵیدا بووە، كە چالاكی كشتوكاڵی لە قەزای كەلاردا ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لە بژێوی دانیشتواندا، هەر لە مێژە خەڵكی ئەم ناوچەیە پێوە خەریك بوون، بە هۆیەوە جێگیر بوون و كشتوكاڵیان كردووە، لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە پێداویستی ڕۆژانەیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەكات، بۆیە دەبینین چەندین جۆر بەروبووم لە دەوروبەری شاری كەلاردا لە وەرزی زستان و هاویندا دەچێنرێت، وەك دانەوێڵە و پاقڵەمەنییەكان و برنج و سەوزە و كونجی و خەیار و تەماتە.. هتد، بەشێكی زۆری ئەم بەروبوومانە هەناردەی دەرەوەی قەزاكە دەكرێن بەتایبەتی سەوزە كە دەنێرنە سلێمانی، گرنگترین ئەو بەروبوومانەی لە شاری كەلاردا دەچێنرێت بە پلەی یەكەم دانەوێڵە دێت، كە ڕووبەری زەویەكەی نزیكەی (١٨٤٦١٩) دۆنمە، دوای ئەوە گەنم و جۆ بە پلەی یەكەم دێت پاشان برنج و

١- ناهیدە تاڵەبانی و جاسم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩

کونجـی و فسـتق و سـەوزە و پاقڵەمەنییـەکان و گەنمەشـامی و میوەی جۆراوجـۆر دێـت، جگە لەمـەش جەنـد بەروبوومێـکی تـر لـە دەوروبـەری شـاری کـەلاردا هـەن وەکـو گوڵەبـەڕۆژە و ژمارەیـەك زۆر داری زەیتـون کـە سـاڵانە بەرهەمـی خـۆی هەیـە، هەروەهـا ڕاگواسـتن و ئەنفال کاریگەریکـەری خـۆی لەسـەر بەرهـەم هێنـانی کشـتوکاڵ هەبـووە، ئەمـەش وایکردووە پیشـەی کشـتوکاڵییان کـەم بێتـەوە ناوچەکـەش بـووە بـە قەدەغەکـراو، چونکـە لـە جێـگای خۆیـان دابڕاون تاوەکـو ئـەم کارەساتە وای کـرد، کـە نـەوەکانی دوای خۆشیان نەیانتـوانی وەك جـاران کشـتوکاڵ بکـەن، بەڵگـە نەویسـتە ژێرخـانی ئابـووری ڕۆڵـی کاریگـەری لەسـەر کایـە جیاجیاکان و گۆڕینـی ئاراسـتەکان هەیـە، هـاوکات هێـزی دەوڵـەت دیـاری دەکات پایەیـەکی بەهێـزی دەوڵەتـە، گـەر ژێرخـانی ئابـووری بەهێزبێـت، ئـەو وڵاتـە پێشـکەوتوو و بەهێـز دەبێـت، بەسـەر زۆرێـك لـە قەیرانەکانـدا زاڵدەبێـت، گـەر سـەرنج بدەینـە حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکان، بـە درێژایـی مێـژووی عێـراق هەوڵـی تێکـدان و لاوازکـردنی ئابووری کوردسـتانیان داوە، لەلایـەك لـە ناوبـردنی سـەرچاوە سروشـتییەکان و تێکـدانی زەوی و زارە کشـتوکاڵییەکان و کاولکـردن و سـوتماککردنی گونـدەکانی کوردسـتان، لەلایـەکی تـر دزیـن و لووشـدانی سامانی کوردسـتان و لـە هەمـوو ئەمانـە خراپتریـش بەکارهێنـانی ئـەو داهاتـە بـۆ سـەرکوتکردنی خەڵـکی بـێ دیفاعـی کـورد، شـاری کـەلار گونـدەکانی دەوروبـەری لـەو وێرانکارییـە پشـکی شـێریان بەرکەوتـووە، بـە پێـی قۆناغـەکانی شـۆڕشی کـورد چەندیـن جـار تـوشی ڕاگوێـزران و سـوتماك و قوربـانی جۆراوجـۆر بـوون، دوایـن جـار لـە شـاڵاوەکانی ئەنفالـدا زیانێـکی گـەورە و کـەم وێنـەی بـەر کەوتـووە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە لـە پـاش ڕاگواسـتنی گونـدەکانی ناوچـەی خانەقـی و شـێخ بـاوە و زەنگابـاد و نیشـتەجێکردنیان لـە شـاری کـەلار وەك دەبینیـن لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧- ١٩٨٧) ژمـارەی دانیشـتوانی شـارەکە زیادبوونێـکی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینیـووە، کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر نیشـتەجێبوون و دابینکـردنی پێداویسـتی ڕۆژانـەی دانیشـتوان و پێویسـتی ڕۆژانـەی بێـکاری، هەروەهـا نەبـوونی هیـچ پلانێـك بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانیـان لەلایـەن حکومەتـەوە، چونکـە ئەمانـە پێشـتر کاری سـەرەکییان کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری بـووە، کـە ئەمـەش ژیـانی گوندنشـینانە لـە هـەر جێیـەك بێـت، لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا ئـەم پیشـانە هـۆکاری بژێـوی ژیانـن، گـەر سـەیری شـێوەی ژمـارە (٧) بکەیـن تیایـدا ئاسـتی هـەژاری پۆلێـن کـراوە لـە پارێـزگای سـلێمانی، کـە تێکـڕای قـەزاکان و ناوەنـدەی لـە خـۆ گرتـووە، کـە شـاری کـەلار لـە ڕیزبەنـدی یەکەمدایـە و نزمتریـن ڕادەی هـەژاری تۆمارکـردووە، کـە ڕێژەکـەی (٠) لـە سـەددا، هەروەهـا قـەزای مـاوەت بەرزتریـن ڕێـژەی تۆمـار کـردووە، کـە

دەگاتـە (١٣،٩) لـە سـەددا، لـە کاتێکـدا گـەر بەراوردێـکی پارێـزگای سـلێمانی بکەیـن لـە چـاو پارێـزگاکانی تـری عێراقـدا.

شێوەی ژمارە (٧)

پۆلێنکردنی هەژاری لە پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.

## أ- کشتوکاڵ:

زاراوەی کشتوکاڵ لە دوو بەش پێکهاتووە کە بریتییە لە (Agri) واتا کێڵگە یاخود خاك و (Calture) بە واتایی بایەخدان و چاودێری دێت، کەواتە دەکرێت بڵێین کشتوکاڵ واتا (بایەخدان بە زەوی) بەڵام لە ئێستادا ئەم زاراوە چەمکێکی فراوانتر دەگەیەنێت، چونکە کشتوکاڵ تەنها بایەخدان بە زەوی نییە، بەڵکو ئاژەڵداری و دار و درەختیش دەگرێتەوە سەرەڕای ئەوەش بەشداری لە بازرگانی و ئابووری دەوڵەت و نێودەوڵەتیش دەکات، بۆیە وەك بنەمای ئاسایش خۆراك وەك لقێك لە ئاسایشی نەتەوەیی سەیر دەکرێت، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان وەك لە بەشی پێشەوە باسکرا دابەش دەکرێ بۆ دوو ناوچەی بەرزی و نزمی کە بریتیە لە ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی بەڵام لە هەردوو بەشەکەدا ژمارەیەکی باش بە ڕووبەری فراوان زەوی و کشتوکاڵی و دەشتایی هەیە، ئەوە پەیوەندی بە ناوچەی لێکۆڵینەوەوە هەیە دەشتی ناوچەی نیمچە شاخاویەکان (دەشتی حەمرین، دەشتی باوەشێنی، گەرمیان و هەولێر و شنگار..هتد)[1]، کشتوکاڵ لەم ناوچەیە لەگەڵ درێژبوونەوەی ڕووباری سیروان درێژ بووەتەوە، ناوچە کشتوکاڵییەکان وەك یەك نین و لە هەندێ شوێن فراوان دەبن و لە هەندێ شوێنی تردا تەسك دەبنەوە، بەرینترین شوێنی لیتەییەکە دەگاتە ٢٩٥ دۆنم، ئەویش لە ئاستی گردەگۆزینە و لە بنگرد دەگاتە دەروبەری (١٧٦) دۆنم، لەکاتێکدا لە عەلەومحە دەگاتە کەمتر لە (٣) دۆنم، ئەمەش کاردەکاتە سەر ڕووبەرە چێنراوەکان، چونکە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کشتوکاڵ و فراوانی دەشتی لیتەیی و درێژی هەیە لە ڕوانگەیەوە کە زەوییەکە تەختاییە و لێژی کەمە، ئەمەش وای کردووە کاریگەری نەبێت لەسەر بەکارهێنانی تەکنیکی تازە و پێشکەوتنی کشتوکاڵ لە ڕێی بەکارهێنانی مەکینە و پرۆسەی ئاودێرییەوە بەشێوەیەکی گشتی، خاك و خۆڵی دەشتە لیتەییەکە بە پیت و بڕشت و کەم زبرە، ئەندازەی کون و کووچەییەکەشی باشە و ئاویش باش هەڵدەمژێ، ڕێژەی خوێکەشی کەمە ڕێژەی هەر ئی سییەك (EC لە ٤ میمۆز/سم تێناپەڕێ)، دیارە ئەمە دوورگەکانی ناو ڕووبارەکەش دەگرێتەوە، ئەگەرچی ڕووبەری دوورگەکان زۆر بچووکە و گەورەترینیان دەگاتە دەوروبەری (٢٣٥ م$^2$) لە ئاستی گێژەکان و بچووکترینیان دەگاتە دەوروبەری

---

١- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٣،ل٢٣٨-٢٤٠

(١٥م٢) لـە ئاسـتی گردەگۆزێنـە، دەشـتی شـێروانەش کەوتۆتـە نـاو دۆڵـی ڕووبـاری سـیروان بـەرەو ڕۆژئـاوای ناوچەکـە درێژبۆتـەوە، ناوچەکـەش بەگشـتی تەختاییـە، لێـژی زۆر کەمـە و زۆر بەرینـە و شـوێنە شارسـتانییەکانی ناوچەکـەش لێـرەن لـە سـەنتەری کـەلارەوە تـا ناحیـەی ڕزگاری، زەوییەکـەی بـە پیتـەو شـیاوی چاندنـە، هاوتەریبـە لەگـەڵ دۆڵـی ڕووبارەکـەدا و هەروەهـا هەندێکیـشی پشـت بـە ئـاوی کانیـاوەکان دەبەسـتێ، هەروەهـا پرۆژەیـەکی ئاودێـری گـەورە دامـەزراوە لەلایـەن وەزارەتی داهـاتی ئـاوی عێراقـەوە بـە کۆمـەکی کۆمپانیـای دوورگـەی عەرەبـەوە، پرۆژەکـە بـە ئەنبارێـکی ئـاو دەسـت پێـدەکات کـە کەوتۆتـە سـەر بەرزاییـەکانی نێـوان عەلەومحـە و بەردەسـوور، درێـژی ئـەم پرۆژەیـە (٨١٧٠) مەتـرە و دەتوانـێ ئـاو بـۆ زەوییـەکان (٩٠٠٠) دۆنـم لـە باکـووری شـاری کـەلار و ڕۆژئـاوای شـارەکە دابیـن بـکات، لـە پرۆژەیـەدا (٨) جۆگـەی لاوەکی جیـا دەبێتـەوە، ئـەم پرۆژەیـە پشـت بـە ئـاوی سـیروان دەبەسـتێت ئەویـش بـە نێوەنجـی ٤٦٢ مەتر/چرکـە تـا ٣٨٦،١ مەتر/چرکـە[1]، لـە عێراقـدا کشـتوکاڵ دووەمیـن پشـکدەرە لـە تێکـڕای بەرهەمـی ناوخـۆ کـە نزیکـەی (٢٥٪) هێـزی کاری خسـتۆتەگەڕ، ڕێـژەی بەرهەمـی دانەوێڵـە (٥٠٪) ڕێـژەی بەرهەمـی و وڵاتـانی دەوروبـەری کەمـترە، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵێـك هـۆکار کـە لـە ئاکامـی کـەم بـارانی لـە باکـوور و خـاکی شـۆرەکات لـە باشـوور وە پاشەکشـەکردنی نەبـوونی پلانی درێژخایـەن بـۆ چەندیـن سـاڵ، هـاوکات بەکارنەهێنـان یـان کـەم سـوود وەرگرتنـی لـە توانـای مرۆیـی بـە هـۆی نائارامـی و شـەڕی جۆراوجـۆری حکومـەتی عێـراق، لەگـەڵ وڵاتانی دراوسـێ تەنانـەت ناوخـۆش، هەرچەندە گـەر سـەرنج لـە هەرێمـی کوردسـتان بدەیـن، ئـاو و هـەوا و ڕێـژەی داباریـنی و خاکەکـەی، جیـاوازی زۆری لەگـەڵ ناوچـەکانی تـری عێراقـدا هەیـە، هەروەهـا گـەر بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژوو بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە چانـدنی دەغـڵ و دان بەگوێـرەی زانیارییـەکانی ئەرخیۆلۆژییـەکان کـە چەندیـن سـاڵ لەمەوبـەر پسـپۆڕانی ئەوروپا ئەنجامیانـداوە وایـان ڕاگەیانـدووە، کـە کشـتوکاڵ لـە دێـر زەمانـەوە لەلایـەن خەڵـکی دانیشـتوانی باشـووری کوردسـتانەوە کـراوە، بەڵگەشـیان بـۆ بۆچوونەکانیـان دۆزینـەوەی پاشـماوەی گەنمـی داچێنراو لـە ئـاوەدانی چەرمـووی باکـووری ڕۆژهـەڵاتی چەمچەمـاڵ و شـوێنی دیکـە[2]، دانەوێڵـە بـە گرنگتریـن بەروبوومـی کشـتوکاڵی لـە جیهانـدا دەژمێرێـت، وەك سـەرچاوەیەکی سـەرەکی خـۆراك بـۆ سـەرجەم گـەلان، هـاوکات

---

١- نەخشـان محەمـەد ڕۆسـتەم خـان پـاڵانی، چـالاکی کشـتوکاڵی لـە ناوچـەی کـەلار، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی، ژ٢، سـاڵی بیسـتەم، تشرینـی دووەم، ٢٠١٢، ل٩٠

٢- د. عەبدوڵڵا غەفور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤

سـەرچاوەیەکە بـۆ زۆر لـە پیشەسـازییە خۆراکییـە سـەرەکییە بنچینەییـەکان و هەمیشـە پێگەیـەکی سـەرەکی و پڕبایەخـی لـە نێـو بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەبـووە، چونکـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە بژێـوی دانیشـتوانەکەیەوە هەیـە، بەتایبـەت گەنـم وەك بەروبوومێـکی سـەرەکی و گرنگتریـن جـۆری دانەوێڵـە تەماشـاکراوە[1]، کـەلار یەکێکـە لـە ناوچـە گرنـگ و دیـارەکانی باشـووری کوردسـتان، پشـت بـە ئاوی سـەرزەوی و ژێـر زەوی دەبەسـتێت، ئـەم بـڕە ئـاوە پێویسـتەش بـۆ کشـتوکاڵ کـردن لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیـەکی تـر دەگۆڕێـت، بـەڵام بـە دەسـتکەوتنی ئـاوی ژێـر زەوی بـۆ کشـتوکاڵ لـە ناوچـەی کـەلاردا هەندێـك لـە جووتیـارەکان خۆیـان بیـر لـە نـاو زەوییەکانیانـدا لێـدەدەن، زۆرێـك لـە جووتیارەکان بـە شـێوەی قـەرز پێشـینە لـە حکومـەت وەردەگـرن بـۆ هەڵکەنـدنی بیـری ئیرتیـوازی و خانـووی پلاسـتیکی و درووسـتکردنی کێڵگـەی پەلـەوەری مریشـك و نۆژەنکردنـەوەی و بەخێوکـردنی مـاسی هەنگـەلان و کەرەسـتە کشـتوکاڵییەکان و ...هتـد ئـەم قەرزانـەش دەبێـت زەویەکـە لـە (٢٠) دۆنـم کەمـتر نەبێـت (تەنهـا بـۆ بیـری ئیرتیـوازی)، کۆمەڵێـك مەرجـی تـر بەپێـی پرۆژەکـە کـە گەلێـك پـرۆژەی جیـاواز دەگرێتـەوە، هەنـدێ لـە زەویـە بەراوییـەکان پشـت بـە ئـاوی سـەر زەوی دەبەسـتێت، وە ئـاوی ڕووبـاری سـیروان یـان لـە ڕێگـەی ناعـوورەوە یـان بیـری ئیرتیـوازی، بـەڵام زەوییـە دێمـەکان پشـت بـە ئـاوی بـاران دەبەسـتن بـۆ بەرهـەم هێنـانی کشـتوکاڵ، هەروەهـا ئـەو ئـاوە کـە پێویسـتە بـۆ کشـتوکاڵ بەتایبـەتی داری میـوە لەگـەڵ ئـاوی دەشـتایی جیـاوازە بـۆ هەمـوو پۆلێـك لـە داری میـوە ئـەو ئـاو و هـەوای کـە پێویسـتە بـۆی بڕەخسـێت، کـە بێتەهـۆی سـەرکەوتنی ئـەو کشـتوکاڵە بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەویـش لـە ئەنجامـی بـاران بارینـی ڕاسـتەوخۆ یـان ئـاوی ژێـر زەوی دەبێـت[2]، بـە پێـی ئـەم خشـتەیە لـە گـەڕەکی گردەگۆزینـە زەوی کشـتوکاڵی دێـم دەکاتـە (٤٦٥٢،٢٠) دۆنـم هەروەهـا زەوی بـەراو (١١٠٠) دۆنـم لـەم زەوییـە کشتوکاڵییانەی ناوچـەی گردەگۆزینـە ژمـارەی ئـەو ناعورانـەی سـوودی لێوەردەگیرێـت (١٢٠) ناعـورە، هەروەهـا لـە کەلارکـۆن بـۆ زەوی کشـتوکاڵی (٧٥) بیـری ئیرتیـوازی بـوونی هەیـە، بـەڵام لـە بەردەسـوور کەمـتر بـۆ سـوود وەرگرتنـی کشـتوکاڵ، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٦٢):

١- سـاکار محەمـد حەسـەن گـەردی، ڕۆڵـی دانەوێڵـە لـە دەسـتەبەرکردنی ئاسـایشی خـۆراك لـە هەرێمـی کوردسـتان، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی، سـتراتیجی کوردسـتان، سـلێمانی،٢٠١٠،ل ١٢٣

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ئابی ٢٠١٢

خشتەی ژمارە (٦٢)

ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان و ژمارەی ناعوورەکان لە شاری کەلاردا

| کەرتەکان | زەوی دێم (دۆنم) | زەوی بەراو (دۆنم) | ژمارەی ناعورەکان |
|---|---|---|---|
| گردەگۆزینە | ٤٦٥٢،٢٠ | ١١٠٠ دۆنم | ١٢٠ ناعور |
| بنگرد | ٨٢١،٢١ | ٥١٠ دۆنم | ٦٥ ناعور |
| کەلارکۆن | ٨٦٠٩،٠٣ | ٢٧٥٠ دۆنم | ٧٥ ناعور |
| بەردەسوور | ٢٠٤٣،٢١ | ٥٠ دۆنم | ٥ ناعور |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ئابی ٢٠١٢

هەروەهـا ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، دەشـتێکی پـان و بەریـن و بـە پیتـی هەیـە و ڕووبـاری سـیروانیش بـە تەنیشـتیدا تێدەپەڕێـت، ئەمانـەش کەشـێکی وای خوڵقانـدووە، کـە چەندیـن بەروبوومـی زسـتانەو هاوینـەی تیـادا بەرهـەم بهێنرێـت، کـە کـۆی ڕووبەرەکـەی دەکاتـە نزیکـەی (١١٠٣٣٨) دۆنـم لـە کـۆی ئـەم ڕێژەیە بـڕی (٦١٧٩) دۆنمی زەوی بـەراوە و (٢٨٥٠١٨) دۆنمـی دێمەکاڵـە و زیـاد لـە (٤٠٠) دۆنمـی سـەوزایی و بـاخ و دارسـتانە، جگـە لـەوەی نزیکەی (٥٦٩٥١٨٧) دۆنمـی بەردەڵانـە، کـە زۆر لەبـار نییـە بـۆ کشـتوکاڵکردن، بـەو مانایـەی کـە تەنهـا بـڕی (٢٩١١٩٧) دۆنمـی لەگـەڵ دۆخـی کشـتوکاڵکردن دەگونجێـت، ئـەم ناوچەیـە بـە هـۆی ئـاوی ڕووبـاری سـیروان بـوونی ئـاوی ژێـر زەوی و دابارینـ وای کـردووە زەوییـەکی لەبـاری هەبێـت بـۆ کشـتوکاڵکردن و لـەوەڕگای سروشـتی، بۆیـە هـەر ئەمـە وایکـردووە کـە خەڵکێکـی زۆر لـەم ناوچەیـە نیشـتەجێ بێـت، کـۆی گشـتی زەویـە کشـتوکاڵییەکانی کـەلار دەکاتـە (٦٩٠٥٥٣) دۆنـم، کـە زەوییـە کشـتوکاڵییە بـەراوەکانی (٦٧٥٥) دۆنمـە و زەوییـە پشـتاوەکانی (٦٢٧٩٨) دۆنمـە و زەوییـە بەردەڵانـەکانی (١٠٩١٣) دۆنمـە[1]، کـە شـیاونین بـۆ کشـتوکاڵکردن، وەلـێ دەکرێـت لـە پـرۆژەی تـردا سـوودی لـێ ببینرێـت، ئـەو زەویانـەی لـەوەڕگان (٢٩٨٧٢) دۆنمـن ئەمـەش ژمارەیـەکی دڵخۆشـکەرە، کـە ئـاژەڵان سـوودی زۆری لێدەبینـن، ڕووبـەری گشـتی زەویـەکان دەکاتـە (١١٠٣٨) دۆنـم بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٦٣):

١- بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زاری گەرمیان،داتای بڵاونەکراوە، ئابی ٢٠١٢

خشتەی ژمارە (٦٣)

ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان لە شاری کـەلار

| شار | زەوی کشتوکاڵی بەراو | زەوی کشتوکاڵی دەیم | کۆی گشتی کشتوکاڵی زەوی | زەوی بەردەڵانی | زەوی لەوەڕگا | ڕووبەری گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٦٧٥٥ دۆنم | ٦٢٧٩٨ دۆنم | ٦٩٠٥٥٣ دۆنم | ١٠٩١٣ دۆنم | ٢٩٨٧٢ دۆنم | ١١٠٣٣٨ دۆنم |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زاری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ئابی ٢٠١٣

لـەم ناوچەیـەدا بەروبوومـی زستانەی جۆراوجـۆر دەچێـنرێ بەتایبـەت گەنـم و جـۆ، کـە سـاڵانە لـە وەرزی زسـتاندا بـە ڕێژەیـەکی زۆر دەچێنرێـت، کـە لـە ئێسـتادا دوای ئـەوەی جووتیـاران سـوودیان لـە پێشـینەی کشـتوکاڵی وەرگرتـووە، کـە زۆرێـك لـە زەوییـە دێمـە کاڵەکانـن، بیـری ئیرتیـوازی تێدایـە کـە جیـا لـە بەروبوومـەکانی تـری گەنـم و جـۆی لـە بەردەمـدا دەکرێـت، هەروەهـا کڕینـی بەروبـووم لەلایـەن حکومەتـەوە جۆرێـکی تـرە لـە هانـدانی جووتیـاران، کـە زۆرجاریـش تـۆ و پەینـی کیمیـاوی و پێداویسـتی تـری کشـتوکاڵی دابـەش دەکرێـت، ئەگەرچـی کەمیـش بـن دەبێتەهـۆی هانـدانی جووتیـاران، جۆرەهـا بەروبوومـی تـری وەك کاهـو و نیسـك و نـۆك و پاقڵـە و سـەوزە و بەروبوومـەکانی (شـێلم، پیـاز، کەلـەرم، سـپێناغ...هتد) جیـا لەمانـە خانـووی پلاسـتیکی تـادێ ڕێـژەی لـە زیادبووندایـە کـە ئەمـەش بـە درێژایـی سـاڵ و زسـتانە و هاوینـە بەرهەمـی زۆربـاش دەخرێتـە بـازاڕەوە، کەواتـە کشـتوکاڵ فاکتەرێکـە کاریگـەری لەسـەر ڕێـژەی دانیشـتوان هەیـە، بـە تایبـەت بـۆ دۆزینـەوەی هـەلی کار بـۆ دانیشـتوان و بژێوی ژیانیـان لـە خشـتەی خـوارەوەدا هەنـدێ داتـا دەخەینـە ڕوو بـۆ سـەلماندنی باسـەکەمان، جـۆری ئـەو بەروبوومانـەی لـە وەرزی زسـتاندا لـەم ناوچەیـە دەکرێـن مایـەی دڵخۆشـین بەتایبـەت لـە ئێسـتادا خەڵکێـکی زۆر سـەرقاڵی کشـتوکاڵن لەچـاو سـاڵانی تـردا، ڕوبـەری زەوی شـیاو بـۆ چانـدن دەکاتـە (٣٧٦٠٧٠) دۆنـم[١]، زیاتـر گەنـم بـە ڕووبەرێـکی زۆر بەشـداری کـردووە بـە بـڕی (٥٤٤٧١) دۆنـم دواتریـش جـۆ دێـت بـە بـڕی (١٣٥٩٣) بەشـداری دەکات، کـە ئەمیـش

١- ڕووپێوی ئاماری چاندراوی زستانە لە هەرێمی کوردستان ساڵی(٢٠١١- ٢٠١٢) ل٨٥

ساڵانە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دەچێنرێـت، هۆکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە خواسـتی زۆری لەسـەرە لـە دوای گەنـم، هەروەهـا نیسـك و نۆکیـش باسـکراوە هەرچەنـدە چەندیـن بەروبوومی تـر بەرهـەم دەهێنرێـت لـە ناوچەکـەدا لـەم لێکۆڵینـەوەدا تیشـکی خراوەتەسـەر، پشـت بەسـتن بـە داتـاکانی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیـان، هەروەهـا بەرهەمـی سـەوزەوات لـە وەرزەکانی سـاڵدا بەرهـەم دەهێنرێـت، کـە ئـەم ناوچەیـە ناوبانگـی پێدەرکـردووە، بەرهەمێـکی زۆر کـە شـارەکانی دەوروبەریـش سـوودی لـێ دەبینـن وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٦٤) دا هاتـووە:

خشتەی ژمارە (٦٤)

ڕووبەری چاندراوی بەروبوومی زستانە وەرزی (٢٠١١-٢٠١٢) لە قەزای کەلار

| قەزا | گەنم | جۆ | نۆك | نیسك | سەوزەوات | ڕووبەری چاندراو بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٥٤،٤٧١ | ١٣٥٩٣ | ٣٠٣ | ١٥ | ٤٤٢ | ٢٥٤٤٠،٠ |
| ڕووبەری شیاو بۆ چاندن بەدۆنم ٣٧٦٠٧،٠ | ٢٠٢٧٦،٠ | ٥٠٩٦،٠ | ٤٧،٠ | ٠ | ٢١،٠ | |

سەرچاوە: ڕووپێوی ئاماری چاندراوی زستانە لە هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠١١- ٢٠١٢) ل٨٥

گرنگـی ئـەم ناوچەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی تەختایـی دەشـتەکەی و بـە پیتـی خاکەکـەی ئـاوی ڕووبـاری سیروان و زۆری ئـاوی ژێـر زەوی، لـە کـەلار ٦٠٠ دۆنـم باخ هەیە کـە جۆرەکانی هەنـار و زەیتـون و زەردەلـوو و مزرەمـەنی و تـرێ و هەنجیـر و هەرمـێ و ئاڵـوو و قـۆخ و تەنانـەت دارخورمـا کـە لـە خشـتەکەدا هاتـووە، بـە ژمـارەی دار و بەرهەمهێنانـەوە، کـە لـەم ناوچەیـەدا تـا دێ زیاتـر بایـەخ بـە باخـداری و کشـتوکاڵ دەدرێ، وەك لـە خشـتەکەدا هاتـووە، دار هەنـار زۆرتریـن ژمـارەی تۆمـار کـردووە کـە دەکاتـە ( ٢٦٦٦٠) دار و بەرهەمەکەشی (١٨١) کیلۆیـە، هەرچەنـدە زۆرتریـن بەرهـەم زەردەلـووە کـە دەکاتـە (٣٣٨٦) کیلـۆ، کەمترینیـش سـێوە، کـە هیـچ ژمارەیـەکی تۆمـار نەکـردوە، لەکاتێکـدا لـە سـاڵی هەشـتاکان و نەوەدەکانـدا بەرهەمـی قـۆخ زۆرتریـن ژمـارەی تۆمـار دەکـرد کـە دەگەیشـتە (٩٠) تـەن و زیاتریـش لـە

وەرزێکدا، تەنها لە وێستگەی باخی کەلار ئەو بڕە تۆمار کراوە جگە لە باخەکانی تر، بەڵام بە داخەوە بەهۆی نەخۆشییەوە ئەو دارانە فەوتان، لە خشتەکەدا بەرهەمی قۆخ تەنها (٦٤) کیلۆیە لە ساڵدا، ئەم داتانە زیاتر پێش ساڵی (٢٠٠٠) تادێ درووستکردنی باخ و بایەخدان بە بواری کشتوکاڵی زیاتر دەبێت، بە تایبەت هاتنی عەرەب و ئاوارە گەڕانەوە زۆریك لە ناوانەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە نیشتەجێبوون، ئەمانە جیا لەوەی زۆریان ڕەوشی ئابووریان خراپ بوو، شوێنی نیشتەجێبوونیان نەبوو شارەزابوون لە بواری کشتوکاڵ و باخداریدا، بۆیە لەناو کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر بازاڕ و بەرهەم هەبوو، یان فراوانبوونی ڕووبەری باخەکان بۆیە ئەو ژمارانە زۆر زیادی کردووە، سەیری خشتەی ژمارە(٦٥) بکە:

خشتەی ژمارە (٦٥)

ژمارەی دارە بەردارەکان و بەرهەمی ساڵی (٢٠٠٩)

| جۆر | ژمارەی دار | بەرهەم بە کیلۆ |
|---|---|---|
| هەنار | ٢٦٦٦٠ | ١٨١ |
| زەیتون | ١٤٢٤٠ | / |
| زەردەلوو | ١٠٧٧٠ | ٣٣٨٦ |
| مزرەمەنی | ٦٧٩٠ | ٦١٠ |
| پرتەقاڵ | ٢٢٢٠ | ٢٠٣٥ |
| ترێ | ١١٣٠ | ١٦٨٠ |
| فستق | ١٠٠٠ | / |
| قۆخ | ٣٥٥ | ٦٤ |
| هەنجیر | ٢٩٠ | ٥٦٠ |
| خورما | ٣١٥ | ٧١٨ |
| هەرمێ | ١٢٠ | ١٠٠٠ |
| ئاڵوو | ١٠ | ٥٠ |
| سێو | ٢ | / |

سەرچاوە: نخشان محمد رستم خان البالاني، جمیور فولوجیە منطقة کلار، رسالة ماجستیر، غیر منشورة، کلیة العلوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة، ٢٠١٠، ص١٨٢

هەروەها خانووی پلاستیکی کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (٤٤٩٥٩)م[٢] و بەرهەمەکانیان لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا، بەرهەمی باشی هەیە، هەرچەندە لەم ناوچەیەدا زیاتر خەیار دەکرێت بەکەمی جۆرەکانی تر بەشداری دەکەن، (٥٥) پرۆژەی پەلەوەر هەیە کە ژمارەی هۆڵەکان دەکاتە (٦٤) هۆڵ ساڵانەش بەرهەمی زۆری هەیە، زۆری ژمارەی دانیشتوان و زۆری خواست لەسەر گۆشتی پەلەوەر بەشی ناوچەکە ناکات، هەنگەوانان ژمارەیان (٣٥) هەنگەوانە و (١٣٥٠) شانەی هەنگ هەیە، کە توانای بەرهەم هێنانی هەنگوینیان هەیە، (١٢) حەوزی بەخێوکردنی ماسی کە ڕووبەرەکە (٢٨) دۆنم دەبێت، سەوزە بەشێوەیەکی گشتی بە درێژایی ساڵ و بە بەردەوامی لە ناوچەکەدا دەکرێت، ئەویش لە نێوان وەرزەکانی ساڵدا جیاوازیان هەیە، بەگوێرەی دابەزین و بەرز بوونەوەی پلەی گەرما جۆرەکەی دەگۆڕێت، زیاتر سەوزەی هاوینە و زستانە لە خۆدەگرێت، کە ساڵانە بەرهەمێکی بەرچاو بەرهەم دەهێنرێت جیا لە کەلار و دەوروبەری بۆ زۆرێك لە شارەکانی هەرێم و ناوەڕاستی عێراق و تەنانەت پایتەختی عێراقیش سوودی لێ دەبینن، سەوزەی زستانە ئەم جۆرانەن (کەوەر، کەرەوز، سپێناغ، ڕەشاد، توور، سڵق... هتد) کە لە مانگی ئەیلولەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی شوبات، ئەمە جگە لە بەروبوومی تر، ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٦٦) بکەین، دەردەکەوێت بەروبوومی زستانە لە ساڵی (٢٠١٢)دا خراوەتەڕوو، تەنها گەنم بەرهەمەکەی دەکاتە (١٣٥٧٠) تەن و ڕووبەری چاندراو (٦٧٨٥٠) دۆنمە، بەرهەمی جۆ لە هەمان ساڵدا کە دەکاتە (٥٥٨٧,٥) تەن و ڕووبەری چاندراو (٣٧٢٥٠) دۆنمە، بە هەمان شێوە بەرهەمەکانی (نۆك، نیسك، سڵق، قەڕنابیت، شێلم) لەم ساڵەدا خراوەتە ڕوو، هەروەها زۆربەی بەروبوومەکان بەرهەمیان زیاترە وەك لە خشتەکەدا هاتووە، (پیازی وشك، پاقلە،کەلەرم، توور، خاس، چەوەندەر، پەتاتە، سیر، گێزەر، دەرەی زەرد (گەنمە شامی)، گوڵەبەڕۆژە)، بە پێی پۆلێنەکە سەوزەی جۆراوجۆر لە ڕیزبەندی سێیەم دایە، بەرهەمێکی زۆر دڵخۆشکەرە ڕووبەری چاندراوی (٦٠٠) دۆنمە بەرهەمەکەی (٧٥٠) تەنە، کۆی بەرهەمەکان (٢١٤٣٧٠٥) تەنە و لەم ساڵدا ڕووبەری چاندراویش (١٠٦١٨٠) دۆنمە[١]، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە تادێ لەلایەن جووتیارانەوە زیاتر گرنگی بە کشتوکاڵ کردن دەدرێت، هەروەها هاندانی حکومەت بە پێدانی کیمیاوی و تۆوی پەسەنکراو و دابەشکردنی کودی یوریا و داپ و کڕینی بەروبووم و خەرجکردنی کرێی ئۆتۆمبێل و خانووی پلاستیکی پشتگیری جووتیاران بۆ وەرگرتنی گاز و سەردانی کێڵگە و کردنەوەی خول بۆ جووتیاران

---

١- نخشان محمد رستم خان البالاني جميورفولوجيه منطقة كلار، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص١٨٢

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە،٢٠١٢

پێشـینەی کشـتوکاڵی... هتـد بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٦٦) :

خشتەی ژمارە (٦٦)

أ. بەروبوومە وەرزی زستانە لە ساڵی (٢٠١٢)

| ژ | بەرووبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | ڕێژەی سەدی | برشت /کگم/ | بەرهەم/ تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنم | ٧٠٠٠٠ | ٦٧٨٥٠ | ٩٧ | ٢٠٠ | ١٣٥٧٠ |
| ٢ | جۆ | ٤٠٠٠٠ | ٣٧٢٥٠ | ٩٣ | ١٥٠ | ٥٥٨٧،٥ |
| ٣ | نۆك | ٤٠ | ٣٠ | ٧٥ | ٣٥٠ | ١٠،٥ |
| ٤ | نیسك | ٢٠ | ١٥ | ٧٥ | ٣٠٠ | ٤،٥ |
| ٥ | پیازی وشك | ٥٠ | ٤٠ | ٨٠ | ٣٠٠٠ | ١٢٠ |
| ٦ | پاقلە | ٣٠ | ٢٥ | ٨٣ | ٢٠٠٠ | ٥٠ |
| ٧ | سڵق | ١٥ | ١٢ | ٨٠ | ٢٥٠٠ | ٣٠ |
| ٨ | قەڕنابیت | ٢٥ | ٢٠ | ٨٠ | ٣٠٠٠ | ٦٠ |
| ٩ | کەلەرم | ٤٠ | ٣٥ | ٨٨ | ٣٠٠٠ | ١٠٥ |
| ١٠ | شێلم | ١٠ | ٨ | ٨٠ | ٣٠٠٠ | ٢٤ |
| ١١ | توور | ١٥٠ | ١٣٥ | ٩٠ | ٥٠٠٠ | ٦٧٥ |
| ١٢ | خەس | ٢٥ | ١٨ | ٧٢ | ٥٠٠٠ | ٩٠ |
| ١٣ | چەوەندەر | ١٥ | ١٢ | ٨٠ | ٣٠٠٠ | ٣٦ |
| ١٤ | پەتاتە | ٦٠ | ٥٠ | ٨٣ | ٥٠٠٠ | ٢٥٠ |
| ١٥ | سیر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٦ | گێزەر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٧ | گوڵە بەڕۆژە | ٤٠ | ٣٠ | ٧٥ | ٥٠٠ | ١٥ |
| ١٨ | دەرەی زەرد | ٧٠ | ٥٠ | ٧١ | ١٢٠٠ | ٦٠ |
| ١٩ | سەوزەی جۆراوجۆر | ٧٠٠ | ٦٠٠ | ٨٦ | ١٢٥٠ | ٧٥٠ |
| | کۆی گشتـــی | ١١١٢٩٠ | ١٠٦١٨٠ | | | ٢١٤٣٧،٥ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە،٢٠١٣

## سەوزەی هاوینە:

ئەو جۆرە سەوزانەی لەم وەرزەدا دەکرێت، لە مانگی ئازارەوە دەستپێدەکات تا مانگی (٦- ٧) دێتە بەرهەم، گەر سەیری خشتەی خوارەوە بکەین، تیایدا بەرهەمی ساڵی (٢٠١٢) خراوەتە ڕوو بەرهەمەکانی (تەماتە و خەیار و بامیە و لۆبیا و تەرە پیاز و برنج و کونجی و سەوزەوات...هتد) لەم ساڵەدا خەیار زۆرترین بەرهەمی تۆمار کردووە کە (٢٤٧٥) تەنە، کە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئەو خانووە پلاستیکییانەی لە ناوچەکەدا هەیە، تا دێ ژمارەیان زیاتر دەبێت، لە ڕیزبەندی دووەم تەماتە دێت کە بەرهەمەکەی (٢٢٧٥) تەنە، سەوزەواتیش بەهەمان شێوە بەرهەمەکەی (٦٠٠) تەنە، کۆی بەرهەمەکان لەم ساڵەدا دەکاتە (٤٩٦٧٤٥) تەن، ڕووبەری چاندراویش لەم ساڵەدا دەکاتە (١٩٧٨) دۆنم، هەرچەندە لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و خانووی پلاستیکییەوە بەرهەمەکان لە وەرزەکانی تریشدا دەکرێن، سەیری خشتەی ژمارە (٦٧) بکە:

خشتەی ژمارە (٦٧)

ب- بەروبوومی وەرزی هاوینە لە ساڵی (٢٠١٢)

| ژ | جۆری بەرووبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | ڕێژەی سەدی | برشت / کگم | بەرهەم/ تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەماتە | ٨٠ | ٦٥ | ٨١ | ٣٥٠٠ | ٢٢٧،٥ |
| ٢ | خەیار | ٧٥ | ٥٥ | ٧٣ | ٤٥٠٠ | ٢٤٧،٥ |
| ٣ | باینجان | ٧٠ | ٥٥ | ٧٩ | ٦٠٠٠ | ٣٣٠ |
| ٤ | کودی | ٥٠ | ٣٥ | ٧٠ | ٣٠٠٠ | ١٠٥ |
| ٥ | بامیە | ٢٥ | ٢٠ | ٨٠ | ٢٥٠٠ | ٥٠ |
| ٦ | لۆبیا | ٣٥ | ٣٠ | ٨٦ | ٢٠٠٠ | ٦٠ |
| ٧ | تەرە پیاز | ٥٠ | ٤٥ | ٩٠ | ٢٥٠٠ | ١١٢،٥ |
| ٨ | شووتی | ٣٠٠ | ٢٦٠ | ٨٧ | ٥٠٠٠ | ١٣٠٠ |
| ٩ | گەندووره | ٤٠٠ | ٣٤٠ | ٨٥ | ٣٥٠٠ | ١١٩٠ |
| ١٠ | گوڵە بەڕۆژە | ٢٠ | ١٤ | ٧٠ | ٥٠٠ | ٧ |

| ژ | جۆری بەرووبووم | ڕووبەری پێشنیارکراو/ دۆنم | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | ڕێژەی سەدی | برشت / کگم | بەرهەم/ تەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | ترۆزی | ٨٠ | ٦٨ | ٨٥ | ١٤٠٠ | ٩٥،٢ |
| ١٢ | برنج | ٦٠ | ٤٥ | ٧٥ | ٩٠٠ | ٤٠،٥ |
| ١٣ | بیبەر | ٣٠ | ٢٨ | ٩٣ | ٣٠٠٠ | ٨٤ |
| ١٤ | پەتاتە | ٨٠ | ٦٥ | ٨١ | ٤٧٠٠ | ٣٠٥،٥ |
| ١٥ | دەرەی زەرد | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٦ | فستق کێڵگەی | ٢٥٠ | ٢١٠ | ٨٤ | ٨٥٠ | ١٧٨،٥ |
| ١٧ | کونجی | ٣٠ | ٢٥ | ٨٣ | ٦٥٠ | ١٦،٢٥ |
| ١٨ | وێنجە | ٧٠٢٠ | ١٨ | ٩٠ | ١٠٠٠ | ١٨ |
| ١٩ | سەوزەوات | ٧٠٠ | ٦٠٠ | ٨٦ | ١٠٠٠ | ٦٠٠ |
| کۆی گشتـــــی | | ٢٣٥٥ | ١٩٧٨ | | | ٤٩٦٧،٤٥ |

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای ساڵی ٢٠١٣

## ب - سامانی ئاژەڵ:

كوردستان بە بەخێوكردنی ئاژەڵ بەناوبانگە، چونكە ناوچەیەكە بە لەوەڕگا دەوڵەمەندە و ئاو و هەواكەشی بۆ ئاژەڵداری گونجاوە، جگە لەوە جووتیارەكان لەم بوارەدا شارەزایان هەیە[1]، لە نێو كەرتی كشتوكاڵدا لە سامانی ئاژەڵ بایەخ و گرنگی خۆی هەیە چونكە ڕێژەیەكی دیاریكراو لە داهاتی كشتوكاڵی پێك دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی كە بەروبوومی ئاژەڵ خۆراكی دانیشتوانە وەك كەرەستەیەكی خاویش دەچێتە نێو زۆر پیشەسازییەوە[2] ئێستا لە هەرێمی كوردستان ئاژەڵی هەم جۆر پەروەردە دەكرێت جیاواز لە جاران لە هەیكەل و جەستە و جۆری بەرهەم لەوانەش (مەڕ و بزن و مانگا و پەلەوەر) لەو ساڵانەی دوایشدا گرنگیدان بە ڕاوەماسی زیادی كردووە بە تایبەتی كە كوردستان دەرامەت و سەرچاوەی ئاو و بەست و بەنداوی زۆرە، سەرەڕای درووستكردنی هەندێ بەنداو كە دەتوانرێت بۆ بەخێوكردن و جیا لە پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی لۆكاڵی و ناوخۆ

١- د. سەلاحەددین حەفید، ئابوری ی كوردستان (١٩٧٧-١٩٩٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

٢- د. كامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق مرۆیی و چالاكی ئابووری، چاپی یەكەم، ٢٠١٤، نارین، ل١٦١

بەشێوەیەکی بازرگانی سوودی لێ ببینرێت و بەکار بهێنرێت وەکو سامانێکی نیشتمانی، وەك ئەوەی سامانی ئاژەڵ لە زۆر وڵاتە پێشکەوتووەکاندا شوێنی تایبەتی و بەرچاوی لە ئابووری کشتوکاڵیدا هەیە، بەڵام وەك ئاشکرایە پێشتر لە کوردستاندا ئەو گرنگیەی پێنەدراوە، وەك دیارە توانای سروشتی فراوان لە هەرێمدا هەیە بۆ بەخێوکردن و پەروەدەکردنی ئاژەڵان بە شێوەیەکی بازرگانی، لە سەرووی تواناکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوەیە، سامانی ئاژەڵ ڕۆڵی گرنگ و دیاری لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە، کە جووتیاران وێڕای کشتوکاڵکردن، پشت بە سامانی ئاژەڵ دەبەستن بۆ بژێوی ژیان، بەتایبەت لە گوندەکاندا، بەخێوکردنی ئاژەڵ پێویستی بە ڕووبەری زەوی فراوان و لەوەڕگا و ئاو هەیە، جیا لەمانە بازاڕیش گرنگە بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانیان کە گۆشت و شیرەکەی بەردەوام داواکاری زیاد دەبێت لەگەڵ زیادکردنی دانیشتواندا، هەروەها پێست و خوری یان مووەکەیان، بەکاردەهێنرێت بۆ مافوور و جاجم و بەڕە و قاڵی و درووستکردنی ڕەشکە و گوریس و تەنانەت کەلوپەلیش، کە نرخەکەی زۆر گرانە وەك قاتی شاڵ و کوڵە باڵ و فەرەنجی و کڵاش و چەرمەکەی جاران بۆ مەشکە و کوونە و هیزە و لە پیشەسازیدا چەرمەکەی بۆ چەندین مەبەستی جیاواز بەکاردێت، هەروەها بۆ گواستنەوەی شتومەك و هاتوچۆ و جووتکردن و گێرە، کە بەهۆی نەبوونی کەرەستەوە سوودیان لێ دەبینرا ئەو دەمە لەڕووی جۆر و ژمارەوە زیاتر بوو، ئاژەڵیش وەکو (ئەسپ، ماین، گوێدرێژ، قاتر) ئاژەڵ بەخێوکردنی یان دابەشبوونی بە فۆرمێکی نایەکسان بەدی دەکرێت، جیاوازی هەیە لەنێو ناوچەکاندا بەشێوەکی گشتی، زیاتر لە گوندەکاندا بایەخدان بەخێوکردنی ئاژەڵ هەیە، هەرچەندە ئاژەڵی کێوی پەلەوەر بوونی زۆرە، لە هەرێمی کوردستان چ لە ناوچە شاخاوییەکان و تەنانەت لە ناوچە دەشتاییەکانیش، گەرمیان ئاسك و کەروێشك و بزن و پۆڕ و سوێسك و قاز و مراوی و هەروەها بەراز و چەقەڵ و ڕێوی و کەمتیار و.. هتد، دەشتی کەلار و شێروانە و شاکەل ئاسکێکی زۆری تێدایە، ئەگەرچی ڕاوچی زۆریان دەکوژن و دەستەمۆیان دەکات، لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا وەك ڕان بینراون، تەنانەت دەگێڕنەوە لە دەشتی سەید سۆنە کە ئێستا لە سنووری شارەوانیدایە ئاسکیان دۆشیووە، زۆرێك لە پیاوە ناودارەکان و سەرۆك خێڵ و بەرپرسەکان بۆ ڕاو کردن هاتوونەتە ئەم دەڤەرە، لە سیەکانەوە تا ئێستا ئەگەرچی جۆر و میکانیزمی ڕاوکردن گۆڕاوە، وێڕای ئەمانە بەخێوکردنی ئاژەڵ بەتایبەتی مەڕ و بزن و مانگا و بەپێی گونجاندنی سروشتی و دانیشتوانەکەی ژمارەیەکی زۆر لە شاری کەلاردا و دەوروبەری هەن.

## مەڕ:

ئـەو جـۆرە مـەڕەی لـە کوردسـتاندا هەیـە زیاتـر مـەڕی کوردییـە، جۆرێـکی تـری دوڕە هەیـە کـە نـاوی (عەواسـی)یە یـان (دوو پـەژم) زیاتـر لـە ناوچـەی دەشـت و بانـەکان بـە زۆری دەژیـن هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا بەهـۆی ئاوەڵابـوونی سنوورەکانەوە چ لـە وولاتـانی دەوروبـەر چ ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـەوە چەندیـن جۆریـتر ئامادەییـان هەیـە، وەك لـە وێنـەی خوارەوەدا هاتـووە، ئەویـش پەیوەنـدی بـە داباریـن و بـاری ئابووریـەوە هەیـە، مـەڕ ئاژەڵێکی زۆر بەسـوودە بـە یەکێـك لـە ئاژەڵـە شـیردەرەکان نـاوزەد دەکرێـت، لـە شـیرەکەی ماسـت و پەنێـر و کـەرە درووسـت دەکرێـت هـاوکات لـە خوریەکـەی جلوبـەرگ و هەنـدێ لـە پێداویسـتیەکانی تـری ناومـاڵ دابیـن دەکات لـە جـۆرەکانی تـری ئـاژەڵ زیاتـر بەخێـو دەکرێـت زۆرێـك لـە گوندنیشـینان و جووتیـاران بەبـێ بەخێوکـردنی مـەڕ ناژیـن، هـەر بۆیـە ژمـارەی مـەڕ (٢١١،٠٠٠) سـەرە، لـەم ناوچەیـە لـە ڕیـزی یەکەمدایـە[1].

وێنەی ژمارە (١٤)

مـــــەڕ



١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## بـزن:

بەخێـو کـردنی بـزن وەك بەخێوکـردنی ئاژەڵەکانـی تـر نییـە، ئـەوەش لەبەرئەوەیـە کەمـتر لـە ئابووری جیهانـدا هاوبـەشی دەکات، بۆیـە لـەو ناوچانـەی شـێوەی لەوەڕاندنیـان بەمەبەسـتی بـازرگانی تێـدا بـڵاوە حـەز لـە بەخێوکـردنی ناکـەن، چونکـە بـزن دەبێتـە هـۆی وێرانکـردنی لـەوەڕگا جگـە لـەوەش ئاژەڵێـکی لاواز و کـەم شـیرە، هەتـا ڕادەیـەك بـزن خەریکـە لـە نـاو دەچێـت، لـە وڵاتی ئوسـترالیا و نیوزلەنـدا کەمبوونـەوەی لـە ئەمریـکای باکـوور و ئەوروپـا لەهەمـان کاتیشـدا ژمـارەی لـەو ناوچانەیـدا کـە لەوەڕگایـان تێـدا کەمـە، زۆر دەبێـت وەك هندسـتان و چیـن، کـە سێ یـەکی ژمـارەی بـزنی هەمـوو جیهانیـان تێدایـە، لەسـەر پاشـماوەی کێڵگـەکان زیاتـر بەخێـو دەکرێـت بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە شـیرەکەی، هەروەهـا لـەو ناوچانـەی کـە سـەرچاوەی لـەوەڕگای چاکیـان کەمـە بـزن بەخێـو دەکـەن وەك بیابـانی ئەنـادۆڵ و ئەسـیوبیا[1]، بـزن لـەدوای مـەڕ واتـە لـە ڕیزبەنـدی دووەمدایـە چەنـدیـن جـۆری بـزن لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەن بـزنی مـەرەز و شـامی و عـەرەبی و دوڕە و.. هتـد، هەروەهـا بـزنی ئاسـایی بـە زۆری لەناوچـە دەشـتاییەکاندا بەخێـو دەکرێـت، سـەیری وێنـەی ژمـارە (١٥) بکـە، لەناوچـەی لێکۆڵینـەوە ژمارەیـان (٤٠٠٠٠) سـەرە کـە هەمـە جـۆرن[2].

وێنەی ژمارە (١٥)

بـــزن



١- د. صالح فلیح حسن جوگرافیای ئابووری، چاپی هەشتەم، هەولێر، ٢١٠، ل٩٦-٩٧

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## مانگا:

کەشـێکی لەبـار هەیـە بـۆ بەخێوکـردنی مانـگا، ئـەم ڕاسـتییەش هەسـتی پێکـراوە لەلایـەن جووتیـاران حکومەتیشـەوە، چونکـە سـوودێکی زۆری لـە بـواری ئابووریـدا هەیـە، سـوود لـە شـیر و گۆشـت و پێسـتەکەی وەردەگیرێـت، بەهەمـان شـێوە ئەمیـش جـۆری زۆرە لـە کوردسـتاندا وەك فریـزی و هۆڵەنـدی و هنـدی و شـەرابی و کـوردی و عـەرەبی و.. هتـد، زیاتـر جـۆری مانـگای کـوردی بـوونی هەیـە لەگـەڵ ئەوەشـدا قەبـارەی بچـووك و شـیری کەمـە پـرۆژەی بەخێوکـردنی مانـگا بـۆ شـیر تەنهـا یـەك پرۆژەیـە کـە ژمارەیـان (٤٨٠) سـەرە، دوو پـرۆژەش بـۆ بەخێوکـردنی گۆلـك ژمارەیـان (٢٣٠) سـەرە، کـە ژمـارەی مانـگا لـەم ناوچەیـەدا دەکاتـە (٣٢٠٤٠) سـەر[1]، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٦٨) بکـە :

خشتەی ژمارە (٦٨)

ئاماری مەڕ و بزن و مانگا ساڵی (٢٠١٢)

| شار | مەڕ | بزن | مانگا |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٢١١٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ | ٣٢٠٤٠ |

سەرچاوە : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

وێنەی ژمارە (١٦)

مــانــگــا



## پەلەوەر:

بەخێوکردنی ئاسانترە، تا دێ بەهۆی هۆشیاری تەندروستی و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانەوە داواکاری لەسەر گۆشتی پەلەوەر زیاد دەبێت، لە گوندەکاندا جووتیار نییە کە بایەخ بە بەخێوکردنی پەلەوەر نەدات چەند جۆرێکی جیاوازیش بەخێو نەکات، وەکو قەل و قاز و مراوی و مریشك و کەڵەشێر و.. هتد، هاوکات بەخێوکردنی مریشك لە ڕیزبەندی پێشەوەیە چ بۆ گۆشتەکەی و چ بۆ هێلکەکەی، ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی پەلەوەری مریشك هەن کە ژمارەیان (٥٥) پرۆژەیە و (٦٤) هۆڵە، هەروەها پرۆژەیەکی هەڵهێنەری مریشك ئامادەیی هەیە بە توانای (٢,٣٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار هێلکە لە ساڵێکدا لە ئێستادا حەوزی بە خێوکردنی ماسی کە ژمارەیان (١٢) حەوزە و ڕووبەرەکەی (٢٨) دۆنمە، تادێ ژمارەیان زیاتر دەکات ئاشکرایە داواکاری گۆشتی ماسی لە هەڵکشانە، بەخێوکردنی هەنگ لەلایەن هەندێ جووتیارەوە بووەتە جێی بایەخ کە ژمارەیان (٣٥) هەنگەوانە و (١٣٥٠) شانەی هەنگ هەیە کە توانای بەرهەم هێنانی هەنگوینیان هەیە

بـە بـڕی (٢٧٥٠) کگـم هـەنگویـن سـاڵانە، ئـاژەڵ و پەلەوەریـش سـوودی زۆری بـۆ خەڵـکی ناوچەکـە هەیـە[١]، کـە جیـا لـە سـەربڕین زۆرجـار کڕیـن و فرۆشـتنی پێـوە دەکرێـت جگـە لـە ناوخـۆ بـۆ وڵاتـانی دەورووبـەر، ئاشـکرایە جۆرەهـا بەرهەمیـان هەیـە لـە ئێسـتادا تێکەڵەیـەك هەیـە لـە ئـاژەڵ و پەلەوەریـش کـە لـە زۆربـەی ناوچەکانـدا بەخێودەکرێـت.

## ب- پیشەسازی:

گومـانی تێدا نییـە کـە پێشـکەوتنی ئابـووری لـە مـەودای دووردا لەسـەر پیشەسـازی وەسـتاوە، پیشەسـازی پرۆسـەی گەشـەکردنی ئابوورییـە و بـەشی هـەرە زۆری داهاتـە نیشـتمانییەکان دەخرێتـە خزمەتیـەوە بـۆ پێکهێنـانی هەیکـەلی ئابـووری ناوخـۆ هاوتەریـب لەگـەڵ بەکارهێنانی تەکنیـکی تـازەدا، پیشەسـازی واتـا گۆڕینـی کوردسـتان لـە وڵاتێـکی کشـتوکاڵییەوە بـۆ وڵاتێـکی کشـتوکاڵی- پیشەسـازی پێشـکەوتوو[٢]، پیشەسـازی بـەو چالاکییـە مرۆیانـە دەوترێـت، کـە دەبێتەهـۆی گۆڕینـی شـێوەی یاخـود سروشـتی کەرەسـتەیەك لـە کەرەسـتەکان لـە بارێـکی ڕەسـەنەوە بـۆ بارێـك یـان شـێوەیەکی نـوێ، کـە سـوودی زیاتـری دەبێـت، وەك گۆڕینـی ئاسـن بـۆ ئامێـر و مەکینـە[٣]، پێشـکەوتنی ئابـووری لـە هەرێـم و ناوچەکەیـدا لـە مەودایـەکی دووردا پشـت بـە پیشەسـازی دەبەسـتێت چونکـە بـە یەکێـك لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی سـەربەخۆی ئابـووری دادەنرێـت لـە هـەر ناوچەیەکـدا جگـە لـەوە بـە یەکێـك لـە هـۆکارە هـەرە ڕاستەوخۆییەکان هەژمـار دەکرێـت، کـە کاریگـەری لەسـەر گەشـە و پێشـکەوتنی شارسـتانی دادەنرێـت ئامرازێکیـشی دەبێـت کـە ئاسـتی گـوزەرانی پـێ بـەرز دەبێتـەوە، دەبێتەهـۆی ڕزگاربـوون لـە دواکەوتـەی چونکـە بـەو هۆیـەوە ژمارەیـەرەکی زۆر دەسـتی کارگـەر بەگـەڕ دەخرێـن دەبێتەهـۆی دەسـکەوتنی سـەرمایە کـە ئەمـەش وای لێدەکات کـە توانـای کڕینـی زۆر بێـت وێـڕای ئـەوەی بەهۆکارێـك دادەنرێـت بـۆ نەهێشـتنی بـێ کاری وە هاندەرێکیشـە بـۆ بەرهەمهێنـانی سـامانە سروشـتی و مرۆییـەکان[٤]، لـە هەرێمـی کوردسـتان هەرێمێـك وەك بەشـێك لـە عێـراق هەرێمێـك لـە نـاو یەکێـك لـەو وڵاتـە تـازە پێگەیشـتووەکاندا، تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم تەنهـا چەنـد پیشەسـازییەکی سـەرەتایی و سـاکاریدا تێدا هەبـوو دواتریـش

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٢- د. سەڵاحەدین حەفید، ئابووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩

٣- علي احمد هارون، الجغرافية الصناعية، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٢١

٤- د. کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق مرۆیی و چالاکی ئابووری، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، نارین، ل١٧٥

بەهۆی سیاسـەتی داگیرکەرانـەی حـزبی بەعـس و حکومەتـەکانی تـری عێـراق هەروەهـا چۆن دژایەتـی هەرێـم کـراوە بـۆ دواخسـتنی بـواری کشـتوکاڵ بەهەمـان شـێوەش خراپتریـن کـەرتی پیشەسـازی لـە هەرێمـدا دواخـراوە، داهـاتی عێـراق دەوڵەمەندتـر دەبـوو لـە ئەنجامـی داهـاتی نەوتـەوە کـە زۆربـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان و شـاری کەرکوکـەوە دەسـت کەوتـووە بـەڵام کەمتریـن بـر لـەو داهاتـە بـۆ پێشخسـتنی پیشەسـازی لـە ناوچەکـەدا خراوەتەگـەڕ و کەمتریـن کـەس لـە دانیشـتوانی هەرێـم خراوەتـە سـەر کار، بـە نموونـە ژمـارەی دامـەزراوەکان لـە سـاڵی (١٩٧٦) لـە پارێـزگاکانی سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـوك گەیشـتۆتە (١١٤) لـە کـۆی دامـەزراوەکانی عێـراق (١٤٧٩) لـە هەمـان سـاڵدا ڕێـژەی هەرێـم زۆر کـەم بـووە تەنهـا (٧،٧٪) عێراقـی پێکهێنـاوە تـا کۆتـای هەشـتاکان ڕێـژەی دامەزرانـدنی کرێکار کەمـی کـردووە جگـە لـە هەولێـر ڕێـژەی کرێـکار دابەزیـووە (٥،٩٩) لـە کاتێکـدا ڕێـژەی دانیشـتوانی هەرێـم لـە (٢٣٪) عێـراق پێکدەهێنێـت، وێـڕای ئەمانـە دامـەزراوەکانی هەرێـم (٥٠ ٪) دەکەوێتـە کەرکوکـەوە ئەویـش لـە بـواری نەوتـدا کرێکارەکانیـش عـەرەبی هاوردەیـە[١]، پیشەسـازی یەکێکـە لـە کۆڵەکـەکانی ئابـووری وڵات و جوگرافیـای پیشەسـازی دادەنرێـت بـە یەکێـك لـە پایـەکانی جوگرافیـای ئابـووری کـە بـاسی لێکۆڵینـەوەی ڕووداوەکانی چالاکی مرۆیـی لـە پیشەسـازی دەکات هـەر وەکـو دەردەکەوێت کـە جوگرافیـای پیشەسـازی وێنـەی دابەشـبوونی جوگرافیـای پیشەسـازییە، گەشەسـەندنی ئابـووری بـە تایبـەت، لایەنـە پیشەسـازیەکەی لـە هـەر ناوچەیـەك یـان هەرێمێـکی جیهانـدا، بـە بـاری ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـەت و ئاسـایشی ئـەو ناوچەیـە بەسـتراوەتەوە، کـە ئاسـەواری لـە هەمـوو ڕوویـەکی پێشـکەوتنی ئابـووری ڕەنـگ دەداتـەوە، سیاسـەتی ئابـووری پەیـڕەو لێکـراو ڕۆڵـی سـەرەکی تێدا دەبینێت[٢]، شـاری کـەلار بەپێـی هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی و ئـاوەدانی لـەو ناوچەیـەدا هـەر لـە کۆنـەوە ئـەو ئامێرانەیـان درووسـتکردووە کـە بـۆ کشـتوکاڵ کـردن بەکارهاتـون لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا و پێـش ئەمانیـش چەندیـن ئـاشی دانەوێڵـە هەبـوون کـە بـە ئـاو کاری کـردوە تـا ئێسـتاش پاشـماوەکانی مـاون، لـە ئێستاشـدا و لـە سـەرەتای بـە قەزابوونییـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی جۆرێـك لـە پیشەسـازی تێیـدا ئەنجـام دەدرێـت و گەشـەکردنی بەخۆیـەوە بینیـووە، تادێـت ئـەم کەرتـە بـەرەو پێشـەوە دەچێـت ئەمـەش هـۆکاری گەشـەکردنی دانیشـتوانی زۆری

١- هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦-٢٦٨

٢- سـلێمان عبداللـە اسـماعیل، جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێـر، چاپـی یەکـەم، ١٩٩٩، ل٢١٧

خواست لەسەر کاڵاکان و باشبوونی دۆخی دارایی خەڵکەکەیەتی لەگەڵ دەوروبەردا کە شاری کەلار بووەتە ناوەندێکی گرنگ بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، پیشەسازی بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش دەبێت کە ئەمانەن لە خۆدەگرێت ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی بیناسازی کە ژمارەیان (٨٥) کارگەیە، کە کارگەی بلۆك گەورەترینیانە ژمارەی (٥٠) کارگە لە خۆدەگرێت، کەلار هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە کارگەی بلۆکی تێدا هەبووە، کە لە سەرەتادا کارگەی دەستی بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی سیروان و هەروەها لم و چەوێکی زۆر لەم ڕووبارەدا بەهۆی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان و جووڵەی درووستکردنی خانوو و بینا بازاڕێکی باشی هەبووە بۆ ساغکردنەوەی کەرەستەکانیان، هەرچەندە جیا لە دەوروبەر پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوك و بەعقوبە و تەنانەت بەغدادیش سوودی لێ دەبینن، کارگەی بلۆك دابەشبوون بەم شێوەیە کە (٣٥) کارگەی دەکەوێتە ناوچەی پیشەسازییەوە، کارگەکانی تریش لە گەڕەکی حەمرین هەروەها گردەگۆزینەوە و سەر ڕووباری سیروان دابەشبوونی ژمارەی کرێکارەکانی (٢٥٠) کرێکارە، دوای ئەمەش کارگەی چەو و لم (غەساله) دێت کە ژمارەیان (٣٠) کارگەیە لە ڕۆخی ڕووباری سیروان دامەزرێنراون بە درێژایی ڕوبارەکەدا دابەشبوون نزیکەی (٢٤٠) کرێکار کاری تێدا دەکەن، هەروەها کارگەی درووستکردنی بۆڕی کۆنکرێتی کە دەکەوێتە ڕزگاری و گەڕەکی سیروان دانەیەکیتریش لەسەر ڕووباری سیروانە، دوو کارگەی درووستکردنی کاشی تێدایە، هەروەها کارگەیەکی قیر و پیشەسازی خۆراکی تێدایە، کە نزیکەی (١١٠) دەزگا لەخۆ دەگرێت کە ئەمانەن: (نانەواخانە، کارگەی شیرینی، سەموونخانە و ئاسیاو، ئاوی کانزا و بەفر و.. هتد) ژمارەی کرێکارانیش دەگاتە (٣٠٠) کەس، ئەم کەرتە پیشەسازیانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قەبارەی دانیشتوان و ژمارەی دانیشتوان و داهاتی تاکە کەس و خێزانەوە هەیە، بۆیە بەردەوام لە پێشکەوتن دایە و بەشێوەیەکی بەرچاو داواکاری ناوخۆش دابین دەکات، دوا بەدوای ئەم کارگانە ئەگەر ڕیز بەندی بکرێت پیشەسازی جۆراو جۆر کە ژمارەیان (٢٩) دەزگایە وەکو (دارتاشی و ئەلەمنیۆم و تەپەدۆر و نایلۆن و پلاستیك و کارگەی غاز و ئاسنگەر و کارگەی ئۆکسجین .. هتد) کە ئەمانیش بە جۆرێك لەجۆرەکان خزمەتی دانیشتوان دەکەن و هەلی کار دەڕەخسێنن، بۆ بێکاران و ژمارەی کرێکارەکانیان دەگاتە (١٠٠٠) کرێکار، کەرەستە خاوەکەش بە زۆری لە ناوچەکەدا هەن دواجار پیشەسازییە خۆراکیەکان کە ئەمانە دەگرێتەوە (کارگەی درووستکردنی شیرینی، کارگەی سەهۆڵ، نانەواخانە، سەموونخانە و ساردەمەنی .. هتد) ئەمانەش نزیکەی (١٢٠) دەزگا دەبێت بە

پلـەی یەکـەم نانەواخانـە و سـەمونخانە دێـت کـە ژمارەیـان دەگاتـە (٦٠) دانـە واتـە بـە تەنیا بـە ئەنـدازەی ئەوانیـترە، ئاشـکرایە ئەمانـە لەلایـەن دانیشـتوانەوە داواکاری زۆریـان لەسـەرە ژمـارەی کرێـکار لـەم دەزگایانـەدا دەگاتـە (٣٠٠) کرێـکار کەواتـە بـواری پیشەسـازی ڕۆڵـی لـە زیادبـوونی دانیشـتوان و ڕاکێشـان و هێنـانی خەڵـك و نیشـتەجێبوونیان لـە نـاو شـاری کـەلاردا هەیـە.

## ج- بازرگانی:

لـە کاتی ئاسـاییدا بـازرگانی دەرەکی بەشـێك لـە دۆخـی ئابـووری هـەر وڵاتێـك بەکارهێنـەر و بەرهەمهێنـەری کاڵا و شـتومەك پێکدەهێنێـت، لـە ڕاسـتیدا لـە ڕێـگای نـاردن و هاوردەکـردنی بـازرگانی دەرەکی بەبـێ ڕێگـری کاری بەرهەمهێنـەر لـە شـوێنی جیـاوازەکان ڕوودەدات، بـە نـاردن و هاوردەکـردنی کاڵا لـە هـەر وڵاتێـك بـۆ باشـترکردنی ڕێـژەی بەرهەمهێنـان لـە ناوخـۆدا و لـە بەرامبـەردا سـوود وەردەگرێـت[1]، بـازرگانی ڕۆڵێـکی گرنگـی لـە گەشەسـەندنی ئابـووری باشـووری کوردسـتان هەبـووە، لـە مێـژووی هەمـوو سـەدەکانی کوردسـتاندا هەروەهـا کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر پێکهاتـەی گۆڕانکاریـەکان هەبـووە ئەمـەش تەنهـا بـۆ باشـووری کوردسـتان نییـە، بەڵکـو ئـەم کاریگەرییـە گرنگـە لـە هەمـو وڵاتـانی دنیـادا بەهەمـان شـێوە و زۆر پێویسـتە بـۆ گۆڕانـکاری بـاری گـوزەران و دەرامـەتی جـۆراو جـۆری هەمـو وڵاتـان، لەبەرئـەوەی بـواری ئابـووری بـە بـەردەوام لـە گۆڕانگاریدایـە ئـەوەش لـە سـەرئەنجامدا بووەتەهـۆی زۆربـوونی ژمـارە و گـۆڕانی پێداویسـتییەکانی ژیـان بـە بەردەوامـی، بـە دەنگـەوە هاتنـی ئـەو پێداویسـتییانەش هەمـوو دەمـێ بەهـۆی گۆڕانـکاری و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و ئاوەدانکردنـەوە و گەشەسـەندنەوە پەیدا ئەبێت لـە زیادبوون و پەرەسـەندن و گۆڕانکاریدایە، ئەویـش بـە ڕێـگای بـاری ئابـووری و بازرگانییـەوە چارەسـەر دەکرێـت، جا لەبەرئـەوەش باری ئابـووری بـەرەو ئاڵـۆز و تێکەڵاوبـوون دەچێـت هەروەهـا کێشـە و ئاسـتەنگەکانی ڕۆژ بـە ڕۆژ و بـە بەردەوامـی پـتر دەبـن، بـازرگانی ڕۆڵێـکی زۆر گرنگـی لـە هەمـوو وڵاتـە جیاجیـاکانی جیهانـدا هەیـە نـەك تەنهـا لـە باشـووری کوردسـتان، ئـەو گرنگییـەش بەپێـی زۆری و شـێوە و سـەرچاوە ئابوورییەکانییـەتی کـە لەپارێـزگاکانی (کەرکـوك و موصـل و دیالـە) ناوچـەکانی گەرمیـان هەیـە[2]، کـەرتی بـازرگانی بناغـەی گـوزەرانی خەڵـك و ئابـووری هـەر لـە وڵاتێکـەوە

١- دکتر ابراهیم رزاقی، اسنایی با اقتصاد ایران، چاپ سوم، ١٣٨٦، تهران، ل٢٣٩

٢- خەسرەو پیربال، ئابووری کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣،ل٤٧

و کـەرتی تایبەتیش برِبـڕەی پشـتی بازرگانییـە لـە کوردستانیشـدا، کـەرتی بـازرگانی یەکێکـە لـە گرنگتریـن کەرتـە ئابوورییـەکان تـا ئێسـتاش زیاتـر لـە (١٠) دە هـەزار کۆمپانیـای ناوخۆیـی و (١١٠٠) هـەزار و سـەد کۆمپانیـای بیـانی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا تۆمارکـراوە ڕۆڵـی گرنـگ و سـتراتیژیان لـە جوڵـەی بـازرگانی کوردسـتان و عێراقـدا هەیـە، لەهەمـان کاتـدا بـە هـەزاران پیشـەی بـازرگانی لـە کوردسـتاندا دامـەزراون[1]، شـاری کـەلار لـە سـەرەتای درووسـتبوونییەوە جموجۆڵـی بـازرگانی تیـادا هەبـووە، هەرچەنـدە سـەرچاوەیەکی زانسـتی یـان توێژینەوەیـەکی تایبـەت نییـە بـاس لـەوە بـکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا لایـەنی بـازرگانی هۆکارێـك بـووە کـە کـەلار ئـەم شـارەی ئێسـتای لـێ هاتۆتـە بەرهـەم، دۆخـی ئابـووری دانیشـتوانەکەی بـاش بـووە و هەمیشـە زۆریـان خـاوەن سـەرمایە بـوون، خۆشـیان چـالاك بـوون، لە بـواری کارکردنـدا لەگەڵ زۆرێـك لـە شـارەکاندا پەیوەنـدی بازرگانیـان هەبـووە، جگـە لـەوەی کـە شـارێکە نزیکـە لـە ئێرانـەوە کـە ئەمـەش کاریگـەری زۆری لەسـەر ئـەم شـارە هەبـووە، پنتـە سـەرەکیەکانی بـواری ئابـووری و لـق و پۆپـەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی کـە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، دواتریـش بـازرگانی دێ کـە هەریـەك لەمانـە بووەتەهـۆی کۆکردنـەوەی سـەرمایە و ئاڵوگۆڕکـردنی کاڵا و بەهێزکـردنی کایەکانـی تـر لـە سـاڵی حەفتـاکان و هەشـتاکاندا بووتەهـۆی شـوێنی سـاغ کردنـەوەی کاڵای ئێـرانی و دابەشـکردنی بـۆ ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق، لێرەشـەوە بـە قاچـاغ بـردنی شـتومەك بـۆ ئێـران هـەروەك کۆکردنـەوەی شـتە دەگمەنـەکان لـەکاتی قەیـران و بـەرز و نزمـی بـازاڕدا، بـە نمونـە (تایـە)ی ئۆتۆمبیـل کارگەکـەی لـە پارێـزگای دیوانییـە بـوو زۆرجـار لـەکاتی قەیرانـدا تەنهـا لـە کـەلار دەسـت دەکـەوت، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی خەڵکێـکی زۆر لـەم بـوارەدا کاریـان دەکـرد تەنانـەت زۆرجـار لـە هەشـتاکاندا لـە گۆڤـاری (الـف بـاء)دا بەشـێوەی کاریکاتێـر و توانـج بڵاودەکرایـەوە گـەر دەتەوێـت ئـەم کاڵایـەت دەسـت بکەوێـت ئـەوا سـەردانی شـاری کـەلار بکـە، لـە دوای ڕاپەڕینـەوە بـە شـێوەیەکی تـر لـە مـەرزەکانی پشـتە و پەروێزخانـەوە بـە جیـاوازی ڕۆژانـە هـەزاران تـەن لەخـواردن و کەرەسـتەی بینـا و شـتومەکی تـر ..هتـد، دەهاتـە نـاو کـەلار لەوێشـەوە دابـەش دەکـران بەسـەر دەوروبـەر و شـارەکانی تـری هەرێـم و ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـدا ئەمـە درێـژەی هەبـوو تـا دوای ڕوخـانی حکومـەتی بەعـس و پرۆسـەی ڕزگاری گـەلانی عێـراق. لـە نیسـانی (٢٠٠٣)دا ئیـدی دەرگایـەکی گـەورە کرایـەوە و بەڕووی شـاردا نـەك تەنهـا لـە بـواری ئابووری

---

١- موسـا محمـد تۆفیـق، ئابووری کوردسـتان لـە نێـوان نەریـت و نوێخـوازی بـۆ گەشـەپێدان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر ٢٠١٢، ل١٣٥

بەڵکو لە تەواوی بوارەکانی تردا گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە کە سەنتەرێکی گرنگە لە نێوان هەرێم ناوەڕاستی عێراقدا تەنها (٣٥) کم لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە دوورە، ئەمەش کەشێکی ئابووری وای ڕەخساندووە کە پەیوەندییەکی بازرگانی بەهێز لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەلایەك و هەرێمی کوردستان لەلایەکی ترەوە درووست دەکات، ئەمانیش دەبەستێت بە مەرزی پەروێزخانەوە لە سنووری عێراقدا وەك باشترین و گونجاوترین مەرزە، لەبەرئەوەی ناوچەی لێکۆڵینە نزیکە لە ناوەڕاستی عێراقەوە کە گونجاوە و دەتوانرێت لێرەوە باری شتومەك بنێردرێت بۆ (بەغداد و کەربەلا و حلە و ڕومادی و هەولێر و کەرکوك و دیالە) ئەو کەرەستانەی کە لێرەوە دێن زیاتر لە(٦٠ ٪) چیمەنتۆی فەل دێتە ناو هەرێمەوە تێکڕا ڕۆژانە (٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار تەن لە کوردستان و دەورو بەری خەرج دەکرێت کەواتە (٨/٧) بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەناردە دەکرێت ڕێژەی (٣٠ ٪) دێتە هەرێمەوە وەکو سێو و پەتاتە و ..هتد، ڕێژەی (١٠ ٪) ماست و پەنیر و کەرە و.. هتد[1]، کە ئەمانەش هۆکاری گرنگن بۆ جوڵەی بازرگانی ڕەوش و گوزەرانی دانیشتوانی کەلار تەنانەت دەوروبەریش.

## د- گەشتوگوزار:

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی گەشتوگوزار بووە بە یەکێك لەگرنگترین جۆرەکانی پیشەکاری و دەرکەوتنی گرنگییەکەی سەرنجی زۆربەی پسپۆرانی بواری ئابووری ڕاکێشا، داهاتی گەشتوگوزار بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی ئابووریناسان لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆر درا بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار کە پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بەهێزکردنی بواری ئابووری بە تایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی چونکە پێیان وابوو سەروەتێکی ئابووری خێرایە و پێویستە گەشەی پێ بدرێت، ئەم گەشەپێدانە لە ڕێگەی پرۆژەی تاکەکەس بێت یاخود لە ڕێگەی پرۆژەی حوکمی بێت لەبەرئەوە تیشك خراوەتەسەر گەشەپێدان بۆ پڕوپاگەندە بۆ کردنی لە جیایی بەڕیوەبەرێك بۆ چاودێر[2]، گەشتوگوزار لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پیشەسازییەکی نوێیە و ڕۆڵێکی گرنگی لە ئابووری نیشتیمانی دەستەبەرکردنی داهاتی نەتەوەیی گیراوە، گەشتوگوزاری وەك چالاکییەك بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە

١- چاوپێکەوتن: لوقمان محەمەد ئەمین، بازرگان، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢

٢- د. خالد المقابلة: فن الدلالة السياحية، الطبعة الثانية، سنة ٢٠٠٣، ص٢٥

بەمـەش دەتوانرێـت بـە بەردەوامی بەبێ گۆڕان سـوودی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی لێوەربگرێت، هەروەهـا گەشـتوگوزار لەژێـر ئاراسـتەکانی جیهانگیریدا ناسـاندنی ڕووکاری گەشـتیارییە بەڕووی گەشـتیارانی دەرەوەدا، چونکـە پەیوەندییـەکی توندوتـۆڵ لـە نێـوان گەشەسـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بـوون، توانسـتەکانی وەگەڕخسـتن گەشـتوگوزار لـە هـەر ناوچەیەکـدا هەیـە، لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانـدا ئـەم کەرتـە سـەرچاوەیەکی بنەڕەتییـە لـە بەرهەمـی نەتەوەیـی، چونکـە دەکرێـت لـە ڕێگـەی ئـەم کەرتـەوە وەبەرهێنـانی خۆماڵـی و بێگانە زیاتـر بەرهەمـی نەتەوەیی بەهێـز بکەیـن، ئەویـش لـە ڕێگـەی بوونیاتنـانی کۆمەڵگـەی گـەورەی گەشـتیاری لـە ناوچـەکانی گەشـتوگوزاردا، ناوچـەی گەرمیانیـش بێبـەش نییـە لـە بـوونی شـوێنە گەشـتیارییەکانی وەکـو ئەوانـەی کـە کەوتوونەتـە سـەر ڕووبـاری سـیروان بـە نموونـە ناوچـەی گەشـتیاری قوولەبـەرز وقـەڵای شـێروانە لـە کـەلار و لـە باشـووری گەرمیانیشـەوە ناوچـەی دەوروبەری پـردی ئەڵوەن گرنگییـەکی گەشـتیارییان هەیـە، کـە سـاڵانە لـە کوردسـتان و خـوارووی عێراقیشـەوە ژمارەیـەکی زۆری گەشـتیار سـەردانی دەکـەن[1]، زۆرتریـن ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ گەشـت ڕوو لەناوچەکـە دەکـەن خەڵکـی ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێراقـن لەگـەڵ هاوڵاتیانـی ئێرانـی لـە ڕێگـەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەروازەی پەروێزخانـەوە و مونزەرییـە ئەمـەش بـە حوکمـی شـوێنی جوگرافیـای ناوچـەی گەرمیـان کـە هاوسـنوورە لەگـەڵ ئـەم دوو شـوێنە، بەشـی زۆری گەشـتیاران تەنهـا تێدەپەڕن بـە ناوچەکـەدا واتـە ئـارەزوو دەکەنـە پارێزگاکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام بەشـێکیان لـە سـنوورەکەدا دەمێننـەوە ئەمـەش بـە پشـت بەسـتن بـەو ئامارانـەی کـە لـە هۆتێـل و مۆتێلەکانـەوە بـە فەرمـی وەریـان دەگریـن، هەروەهـا بەشـێکی تـری ئـەو گەشـتیارانە لـە شـار و شارۆچکەکانی ناوچـەی گەرمیانـدا دەمێننـەوە بـەڵام لـە ماڵـی خـزم و کەسـوکاریاندا واتـە لـە ئامـاری فەرمیـدا ئامـاژەی پـێ ناکرێـت، سـەبارەت بـە شـوێنی مانـەوە و خەوتـن دەتوانیـن بڵێیـن تـا ڕادەیەکـی بـاش هەیـە، (٤٢) شـوێن کـە پێـك دێـت لـە (هۆتێـل، مۆتێـل، ڕێسـتۆرانت، کافتریـا، هۆڵـی شـایی، پـارك.. هتـد)، بـەڵام هەڵکەوتـە و سروشـتی ناوچەکـە و نەبوونـی شـوێنی گەشـتیاری پێویسـت بـە بـەراورد بـە شـارەکانی تـری کوردسـتان وادەکات بەشـی زۆری ئـەو گەشـتیارانە ڕوو لـە سـەیرانگا و شـوێنە گەشـتیارییەکانی دەرەوەی ناوچەکـە بکـەن.

دەبێـت هـاوکاری وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاری بکرێـت تـا بتوانـن لـە کـەرتی گەشـتیاری

١- سردار عبدالرحمـن : چەمکـەکانی گەشـتوگوزار بناسـە، گۆڤـاری دنیـای گەشـتوگوزار، چاپخانـەی هەولێـر، ژمـارە (٢،٣)، ٢٠١٠، ل٢٥

وەبەرهێنـان بـۆ ئـەو بوارانـەی کـە بتوانێـت کاری تێـدا بکرێـت، کـە بریتین لـە کردنـەوەی یان دروسـتکردنی شـاری یـاری هەروەهـا کردنـەوەی هوتێـل و ڕیسـتۆرانتی پـرۆژەی گەشـتیاری لەگـەڵ دامەزرانـدن و نووسـینگەی گەشـتیار بـۆ هێنـان و نـاردنی گەشـتیاران وە کردنـەوەی کۆمپانیـاکان بـۆ ئاسـانی گەشـتیاران بـۆ وەرگرتنـی ڤیـزە و دابینکـردنی ئەمنییـەت و ئاسـایش لـەکاتی مەشـقدا[1]، هەروەهـا لـەکاتی بۆنـە و جەژنەکانـدا بـە ڕێبـەری گەشـتیاری کوردسـتان و نەخشـەی گەشـتیاری گەرمیـان پێشـوازی لـە گەشـتیاران دەکـەن، لـە چـالاکی پێشـانگای فۆتۆگرافی و کەلتـووری و کاری دەسـتی شـێوەکاران پێشـانگا دەکەنـەوە بە مەبەسـتی ناساندنی ناوچەکـە گەشـتیارەکانی گەرمیـان بـە گەشـتیارانی بیـانی زیندووکردنـەوە و کەلتـووری ناوچەکـە واتـا ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، لەگـەڵ کردنـەوەی پێشـەنگای گەشـتیاری لـە دەرەوەی وڵات و دامەزرانـدنی نووسـینگە گەشـتیارییەکان لـە دەرەوە بـە مەبەسـتی هێنـانی گەشـتیار لـە ڕێگـەی کۆمپانیـا گەشـتیارەکانەوە بـە مەبەسـتی بوژاندنـەوەی کـەرتی گەشـتیاری و دامەزرانـدنی پێگـە گەشـتیارییەکان، بەهـۆی بـەرزی پلـەی گەرمـی لـە ناوچـەی گەرمیـان لەلایـەك و هەڵکەوتـە جوگرافیاکـەی لەسـەر ڕووبـاری سـیروان لەلایـەکی تـر، پێوسـتە بـە وردی و بـە شـێوەیەکی پـلان داڕێـژ بیـر لـە دروسـتکردنی شـوێنی گەشـتیاری فـراوان بکرێتـەوە لـە نێـوان قـەڵای شێروانە و گونـدی سـاڵەح ئاغـا کـە ناوچەیـەکی لەبـارە بـۆ ئـەو مەبەسـتە، ئـەو خاڵانـەی کـە یارمەتیـدەرن بـۆ ڕاکێشـانی گەشـتیاران:

١- خەڵـکی کـەلار لـە ڕووی کۆمەڵایـەتی و کەلتوورییـەوە، زووتـر تێکـەڵ بـە دەرەوەی خۆیـان دەبـن و ڕێـز لـە میـوان دەگـرن، گەرچـی لـە ڕووی ئایینـی و نەتەوەیـی و کەلتوورییـەوە جیـاواز بـن، بـۆ نموونـە تێکـەڵاوی لەگـەڵ عـەرەب و فارسـەکان.

٢- شارەزایی زمان کە زۆرێك لە دانیشتوانەکەی شارەزای زمانی نەتەوەکانی دەوروبەرن.

٣- کـەلار سـەنتەرێکی گرنگـی بازرگانییـە بـە ڕووی عێـراق و وڵاتـانی ئێرانـدا، ئـەم ڕووە بازرگانییـە وایکـرد گەشـتیار ڕووبکاتـە ناوچەکـە، مـەرزی نێودەوڵـەتی پەروێزخـان بەرێـژەی (٤١،٥٪) بەشـداری دەکات لـە کـۆی داهـاتی هەنـاردەی ئێـران بـۆ عێـراق.

٤- ئـاو و هـەوای کـەلار لـە دوای تـەواو بـوونی هاویـن زۆر لـە بـارە بـۆ گەشـتیار، چونکـە باران باریـن گەرچـی بـە ڕێـژەی کەمیـش بێـت زەوی سـەوز دەکات، بەهـۆی گەرمـی ناوچەکـە. وەرزی سـەوزبوونی زەوی زیاتـرە لـە ناوچـەکانی تـر تـا کۆتایـی مانگـی نیسـان.

٥- نرخ بە شێوەیەکی گشتی لە کەلار هەرزانترە لە ڕووی خواردن و خەوتن، گواستنەوە.

١- چاوپێکەوتن: پشتیوان عبدالکریم محمد، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، ٢٠١٤/٥/٦

٦- لە ڕووی کشتوکاڵییەوە ئاو و هەوای لە بارە.
٧- دەوڵەمەندە بە چەند شوێنەوارێکی ئاینی و مێژووییەوە.
٨- لـە ڕووی وەرزشـییەوە ئێسـتا بووەتـە سـەنتەری وەرزشی و بەهـۆی بوونـی دوو یاریـگای گـەورە یانـەکانی تـر وەکـو کەمپی ڕاهێنـان دێنـە ئـەم شـارە.
٩- جگـە لـەم خاڵانـە هەنـدێ سـەرچاوەی تـر هەیـە گەشـتیار هەڵسـەنگاندنی بـۆ بـکات[1]، ئەویـش کـە ئیـدارەی گەرمیـان وەك پارێزگایـەك مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرێ، شـاری کەلاریـش سـەنتەری ئـەو ئیدارەیـە.

وەك لەســەرەوەش چەنــد جارێــك ئامــاژەی پێکــرا، هاتنــی گەشــتیاران کــەش و هــەوای ناوچەکـە و ئـەو خاڵانـەی کـە بوونەتـە فاکتـەری سـەرنج ڕاکێشـانی گەشـتیار بـۆ ناوچەکـە وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، کـەلار و کفـری و پەروێزخـان بۆیـە وەرگیـراوە زیاتـر ئامـارەکان لـە بازگـەکانی (ڕزگاری و گێـژەکان و سـاڵەح ئاغـا و پەروێزخـان) وەردەگیرێـن کەبـەشی نشـینگە (إقامـة)ی تێدایـە زیاتـر ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە لـە سـنووری ئێرانـەوە دێـن بـە گەشـتیاری دەرەوە ناوزەنـد دەکرێـن، هـاوکات ئاسـایش بـە هەمـان شـێوە بـۆ ئـەو گەشـتیارانەی لـە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـەوە دێـن زانیـاری تەواویـان لێوەردەگیرێـت و کارتی ڕێگـە پێدانیـان بـۆ دەکرێـت، کەواتـە گەشـتیاران لەسـاڵی (٢٠١٢)دا کـۆی گشـتیان دەکاتـە (٣٥٦٧٩٥) گەشـتیار ئەوانـەی لـە دەرەوەی هەرێمـەوە هاتـوون ژمارەیـان (٢٧٧٩٠٦) گەشـتیارە، هەریەکـە لـە کـەلار (١٩٠٠٨٤) کەسـە، بازگـەی کفریـش (٨٦٨٢٢) کەسـە، لـە سـنووری مـەرزی نێودەوڵـەتی پەروێزخانـەوە ژمارەیـان دەکاتـە (٧٩٨٨٩) گەشـتیار، زۆرتریـن گەشـتیاریش لـەم سـنوورەوە لـە مانگـی (١١)دا بـووە کە دەکاتـە (١٦٣٤٢) کـەس، وە کەمترین گەشـتیار لـە مانگـی شـوبات بـووە کـە دەکاتـە (٢٥٠٩) گەشـتیار، زۆرتریـن گەشـتیاریش لـە مانگـی ئـازاردا بـووە کـە لـە دەرەوەی هەرێـم و ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـەوە هاتـوون دەکاتـە (٥٨٠٦١) گەشـتیار، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٦٩) بکـە:

---

١- چاوپێکەوتن: پشتیوان عەبولکەریم، بەڕێوەبەری گشتی گەشت و گوزار

خشتەی ژمارە (٦٩)

ئاماری گەشتیاران لە بازگەکانی کەلار و کفری و مەرزی پەروێزخان ساڵی ٢٠١٢

| ژ | کەلار | کفری | مەرزی پەروێزخان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٨٠٩٧ | ١٦٤٦ | ٣٦٧٦ |
| ٢ | ٩٩١٦ | ١٧٥٠ | ٢٥٠٩ |
| ٣ | ٣٩٨٦٥ | ١٨١٩٦ | ٩٩٩٢ |
| ٤ | ١٣٢٧٦ | ٢٨٠٠٠ | ٥١٢٧ |
| ٥ | ٢٠٠٠٠ | ٤٥٠٠ | ٥٨٣٤ |
| ٦ | ١٣٠٠٥ | ١٤٦١ | ٦٦٢٠ |
| ٧ | ٨٨٧٥ | ١٧٣٥ | ٦٠١٢ |
| ٨ | ٢٢٥٠٠ | ٥٢٥٠ | ٤٣٣٥ |
| ٩ | ١٥٠٨١ | ٧٠٠٠ | ٥٦٦٨ |
| ١٠ | ١٧٦٥٦ | ١٠٦٩٢ | ٦٥٢٠ |
| ١١ | ١٠٧٤٠ | ٢٥٠٠ | ١٦٣٤٢ |
| ١٢ | ١١٠٧٣ | ٤٠٩٢ | ٧٢٥٣ |
| کۆی گشتی | ١٩٠٠٨٤ | ٨٦٨٢٢ | ٧٩٨٨٩ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، ٢٠١٤/٥/٦

# خ- خزمەتگوزاری:

خزمەتگـوزاری بـە بەشـە جیاوازیەکانییـەوە ئـەو ئەرکـە مرۆییـە کـە کەلوپـەلی ماڵـی ناخوڵقێنـێ بەڵکـو یارمـەتی دروسـتکردنی دەدات و ئامانجەکـەی سـوود خوڵقاندنـە، چەنـد هەیکـەلی ئابـووری کۆمـەڵ گەشـە بـکات پێویسـتی جـۆرە جیـاوازەکانی خزمەتگـوزاری زیـاد دەکات، لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکان بـاس بکەیـن بێگومـان بـوونی خزمەتگوزاری لـە هـەر ناوچەیەکـدا دەبێتەهـۆی ئاوەدانکردنـەوەی ئـەو ناوچەیـە هەروەهـا گەشەسـەندنی ئابـووری لـە شـارەکاندا لـەڕووی خزمەتگوزارییـەوە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ئەنجـام دراوە وەك تەندروسـتی و خوێنـدن و گەشـتیاری و پـارك و شـوێنی نیشـتەجێبوون ئەمانـەش پاڵنـەری سـەرەکین بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی خەڵـك بـۆ نیشـتەجێبوون لـەم شـاردا.

**١- پەروەردە و فێرکردن:**

خزمەتگـوزاری پـەروەردە و فێرکـردن پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنـانی هـەر مرۆڤێکـەوە هەیـە، پـەروەردە تەنهـا خزمەتێـکی بەکارهێـنراو نییـە بەڵکـو بەکارهێنـانی سـەرمایەیە بـۆ بەدیهێنـانی قازانـج و زۆرجـار لـە قازانجـی ئـەو پڕۆژانـەدا دەردەکەوێـت، کـە تایبەتـن بـە بەکارهێنـانی کاڵای مـاددی، ئەلفرێـد مارشـاڵ دەڵـێ: (ئـەو سـەرمایەی لـە مرۆڤـدا بەکاردەهێنرێـت، زۆرتریـن نرخـی هەیـە) پـەروەردە بەشـێوەیەکی گشـتی و پیشـەیی بـە تایبـەتی بەهـرە و توانـای مـرۆڤ و گەشـەکردنیان و ڕاهاتنـی لەگـەڵ بارودۆخـی کارکردنیـان و پێداویسـتییەکانی گەشـەکردنی خێـرای تەکنەلۆژیـا دەردەخـەن، قۆناغـە جیـاوازەکانی پـەروەردە و فێرکـردن لـە دروسـتکردنی ئـەو مرۆڤـەی کـە توانـای بەرهەمهێنـان و زیادکـردنی هەیـە و لەگـەڵ گۆڕانکارییـە خێـراکانی تەکنەلۆژیـادا هـەڵ دەکات و ڕۆڵـی بەرچـاوی هەیـە[1]، ئـەرکی پـەروەردە: گواسـتنەوەی جـۆری هەڵسـوکەوتی تاکـە لـە نـاو کۆمەڵـدا، گواسـتنەوەی پاشـخانی ڕۆشـنبیری نـەوەکانی ڕابـردووە بـۆ نـەوەی داهاتـوو، گۆڕینـی ئـەو پاشـخانە و ڕاستکردنەوەیەتی لـەڕووی پێکهاتەکەیـەوە، دەستکەوتنی شـارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانـە لـە لایـەن تاکـەوە، کـە لـە بەهـاو دابونەریـت و سـتەم و بیروبـاوەڕ و ئـاکار و هەڵسـوکەوتی نـاو کۆمەڵـەوە سـەرچاوە دەگـرن و تـاك تێیـدا دەژێـت، ڕۆشـنکردنەوەی هـزرەکان لـە ڕێـی زانیارییـە تازەکانـەوە[2]، لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە کۆنتریـن قوتابخانـە لـە

١- د.سەلاحەددین حەفید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠

٢- گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل١٣٤

١٩٣١/١٠/١ لـە کـەلار لەلایـەن (حەمـە بەگـی فەتـاح بەگـی محمـد پاشـای جاف)ـەوە یەکـەم قوتابخانـەی سـەرەتایی بەنـاوی (کـەلار)ەوە کرایـەوە سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی لیـوای کەرکـوک بـووە، کـە ئـەو کاتـە حەمەبـەگ (نوێنـەری گەرمیـان و کەرکـوك بـووە لـە پەرلەمـانی عێـراق)دا ماڵەکـەی خـۆی کردۆتـە قوتابخانـە و یەکـەم کـەس ئەختـەری کچـی وەك هاندەرێـك دەکاتـە خوێنـدکار، پاشـان لـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی کـەلاری کـۆن قوتابخانەیـەك لـە گڵ دروسـت دەکـەن، یەکـەم بەڕێوەبـەری ئـەم قوتابخانەیـە مامۆسـتا (تۆفیـق علـی عبدالرحمــن) بــوو، لەوکاتــەوە تــا ئێســتا چەندیــن بەڕێوەبــەری بەخۆییــەوە بینیــووە[1]، هەرچەنـدە پێشـتر بـە گڵ دروسـتکرابوو دەکەوتـە ناوەڕاسـتی کـەلارەوە پێکهاتبـوو لـە (٤) پـۆل و ژوورێـک بـۆ بەڕێوەبـەر و مامۆسـتایان لەگـەڵ کۆگایەکـدا ، ئـەم بینایـە لـە ناوەڕاسـتی پەنجاکانـەوە دروسـتکراوە، سـەیری وێنـەی ژمـارە (١٧) بکـە:

وێنەی ژمارە (١٧)

بینای قوتابخانەی کەلار لەساڵی (١٩٥٦)دا



سەرچاوە: ئەرشیف کۆسرەت برهان بەکر

لـە خشـتەی ژمـارە (٧٠) نـاوی بەڕێوەبـەرەکان لـە سـەرەتایی دامەزراندنییـەوە تـا سـاڵی (٢٠١٢) خراوەتـەڕوو:

١-قوتابخانەی کەلاری بنەڕەتی تێکەڵاو، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

خشتەی ژمارە (٧٠)

ناوی بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەی کەلار لە ساڵی ١٩٣١-٢٠١٢

| ژ | ناوی بەڕێوبەر | دەست بەکاربوون | جیابوونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆفیق علی عبدالرحمن | ١ / ١٠ / ١٩٣١ | ١٥ / ٩ / ١٩٤٠ |
| ٢ | حسن عباس رضا | ١٦ / ٩ / ١٩٤٠ | ١ / ١٠ / ١٩٤١ |
| ٣ | سلیم بگ و فتری | ٢ / ١٠ / ١٩٤١ | ١٦ / ٩ / ١٩٤٥ |
| ٤ | ڕەشید محمد علی | ٧ / ٩ / ١٩٤٥ | ١٦ / ٩ / ١٩٤٥ |
| ٥ | مصطفی محمد الملکی | ٢ / ١٠ / ١٩٥٠ | ١٤ / ٩ / ١٩٥٠ |
| ٦ | بهجت بدری البیاتی | ١٥ / ٩ / ١٩٥١ | ٢٤ / ٩ / ١٩٥٦ |
| ٧ | حسین علی محمد البیاتی | ٢٥ / ٩ / ١٩٥٦ | ١٥ / ٩ / ١٩٥٨ |
| ٨ | خورشید عزیز عبدالرحمن | ١٦ / ٩ / ١٩٥٨ | ١ / ١٠ / ١٩٥٩ |
| ٩ | مقهم نامق علی | ٢ / ١٠ / ١٩٥٩ | ٢٠ / ٩ / ١٩٦١ |
| ١٠ | جمال محمد ابراهیم | ٢١ / ٩ / ١٩٦١ | ١ / ١٠ / ١٩٦٢ |
| ١١ | فائق عزیز الونداوی | ٢ / ١٠ / ١٩٦٢ | ٣ / ١٠ / ١٩٦٣ |
| ١٢ | فریدون فخرالدین | ٤ / ١٠ / ١٩٦٣ | ٢ / ١ / ١٩٦٣ |
| ١٣ | فوزی یوسف یونان | ٣ / ١ / ١٩٦٥ | ١٥ / ٩ / ١٩٦٦ |
| ١٤ | طاهر عبدالله مصطفی | ١٦ / ٩ / ١٩٦٦ | ١٦ / ٩ / ١٩٦٧ |
| ١٥ | حسین محمود علی | ١٧ / ٩ / ١٩٦٧ | ١٠ / ١٠ / ١٩٧٠ |
| ١٦ | کمال فارس عزیز | ١١ / ١٠ / ١٩٧٠ | ٢١ / ٤ / ١٩٧١ |
| ١٧ | شکور محمد غفور | ٢٢ / ٤ / ١٩٧١ | ١ / ١١ / ١٩٧٨ |
| ١٨ | محمد علی سلیم | ٢ / ١١ / ١٩٧٨ | ٢٨ / ١٠ / ١٩٨١ |
| ١٩ | علی حسین ابراهیم | ٢٩ / ١٠ / ١٩٨١ | ٣٠ / ١٠ / ١٩٨٢ |
| ٢٠ | عادله صابر سعید | ٣١ / ١٠ / ١٩٨٢ | ٥ / ١٠ / ١٩٨٣ |
| ٢١ | صلاح الدین علی محمد | ٦ / ١٠ / ١٩٨٣ | ١٦ / ١ / ١٩٨٧ |

| ژ | ناوی بەڕێوبەر | دەست بەکاربوون | جیابوونەوە |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | علی حسین صالح | ١٧ / ١ / ١٩٨٧ | ١٦ / ١١ / ١٩٩٢ |
| ٢٣ | محمد علی سلیم | ١٧ / ١١ / ١٩٩٢ | ٢٨ / ١٠ / ١٩٩٥ |
| ٢٤ | عمر محمد عزیز | ٢٩ / ١٠ / ١٩٩٥ | ١٨ / ١٢ / ٢٠٠٤ |
| ٢٥ | امجد محمد علی حسن | ٢٢/ ١٢ / ٢٠٠٤ | ١٧ / ١٠ / ٢٠١٠ |
| ٢٦ | طاهر عبدالله محمد امین | ١٧ / ١٠ / ٢٠١٠ | |

سەرچاوە: قوتابخانەی کەلاری بنەڕەتی تێکەڵاو، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

ژمارەی خوێندکاران لە ساڵی (١٩٣١)دا ژمارەیان (٣٣) قوتابی بوون، ئەوانیش (ئەحمەد محمد فتاح، خالد ڕەزا بەگ، عبدالله محمد فتاح، حسین حاجی محی الدین، برایم شێخ حەسەن، حمە امین نریمان، حەسەن حیدەر سادە، علی رەحیم، کازم عبدالرحمن، عبدالباقی اکبر خان، سعید محمد بەگی جاف، محمد علی شێخ حەسەن، علی شامە، محمود وەستا ڕەشید، نوری عبدالله جۆڵا، قادر محمد صالح، محمد امین عبدالله سوور، کریم محمود قادر، موسی پیروەیس، قادر عەول محمد، احمد عارف، محمد رشید محمد، حسین صۆفی فتاح، کاکە عبدالله سەمین، محمد ڕەزا بەگ، عبدالله ملا محمد جوانڕۆیی، محمد فقێ محمود، محمود محمد جاف، محمد فقێ ڕەشید، حبیب حمە خان، ئەختەر محمد بەگ، ڕەعنا حەیدەر، قەدریەی وەستا حەمید، وەفیقەی تۆفیق ئەفەندی) بوون، لەکاتی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا (٢٦) بەڕێوەبەری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها شێخ محمد شاکەلی لە کتێبەکەیدا نوسیوویەتی: ساڵی (١٩٥٥) من (٦) سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی کەلار (١٢٠) قوتابی بووین، ئەو دەمە خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو[1]، دواتریش لە ساڵی (١٩٥٦) قوتابخانەی سەرەتایی لە باوەنوور و گۆبان کرایەوە، لە دوای ساڵی (١٩٧٣) کەلاری نوێ (کلار الجدیدة) لە گەڕەکی فەرمانبەران کرایەوە، لە دوای ڕاپەڕین بۆ ماوەیەك قوتابخانەی کەلار ناوی شێروانەی لێنرا، بە

١- محمد شاکەلی، قەزای کفری، شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەسەن ١٩٢١-١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢، کەرکوك، ل١٤٠-١٥٠

هەمـوو پێوەرێـك دەبـوو ئـەو ناوەیـان لێنەنایـە، قوتابخانـەی کـەلار کـە مێژوویـەکی دێرینـی هەیـە، خاوەندارێتـی هـەر بـۆ خـۆی بمایەتـەوە، لەسـاڵی (١٩٨٧)دا لـە قـەزای کـەلار (٦٤) قوتابخانـەی تێـدا بـووە، (٢٤) قوتابخانـە لـە ناوشـار و (٤٠) قوتابخانـەش لـە گوند،کـۆی خوێنـدکاران (١٠٢١٦) خوێنـدکاری کـچ و کـوڕ بـووە، (٧٢١٠) لـە شـار و (٣٠٠٦) لـە گونـد، (٣٧٤) مامۆسـتای نێـر و مـێ و (٧٠) پـۆل بـووە، تەنهـا (٥) قوتابخانـەی ئامادەیـی هەبـووە و هەمـووی لـە شاردا بـووە، ژمـارەی خوێنـدکارانی (٢٤١٤) خوێنـدکاری نێـر و مـێ بـوون[١]، لـە کۆتایـی هەشـتاکاندا و لـە سـاڵی (١٩٨٨)دا ئامادەیـی پیشەسـازی و بـازرگانی کرانـەوە، لـەدوای ڕاپەڕیـن زیادبـوونی ژمـارەی دانیشـتوان، گەورەتریـن کێشـەی پـەروەردە هەبـوو، لەلایـەك نەبـوونی مووچـە و خراپـی کەرەسـتە و تەنانـەت میتۆدیـشی، هەربۆیـە زۆربـەی قوتابخانـەکان (٣،٢) دەوامـی بـوون، بینـاکان هەمـان بینـای کـۆن و بـۆ ئـەو ژمـارە کەمـەی خوێنـدکاران پێـش ڕاپەڕیـن درووسـت کرابـوو، کـە ژمـارەی بینـا تەنهـا (٢١) بینـا بـوو، (٤٤) قوتابخانـە (٣،٢) دەوامـی تیـادا هەبـوو، هەنـدێ ڕێکخـراوی مرۆیـی خواردنیـان لـە قوتابخانەکانـدا درووسـت دەکـرد، دواتـر بڕیـاری (٩٨٦) هەنـدێ لـە بینـاکانی نۆژەنکـردەوە، هەنـدێ بینـای تـر درووسـتکران، پەیمانـگای تەکنیـکی کرایـەوە، هەروەهـا پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایانی کـەلار لـە سـاڵی (١٩٩٥) کـە ئـەو پەیمانگایـە کۆمەڵێـك بـەشی لـە خۆدەگـرت، (١٧) مامۆسـتای نێـر و (٢) مامۆسـتای مـێ، هەروەهـا (٣٤٢) خوێنـدکار کـە (١٢٧) نێـر و (٢١٥) مـێ بـوون، بـەڵام دواتـر چەندیـن قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی کرانـەوە، ئەگـەر سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧٦) بکەیـن لـە سـاڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠١)دا بـەم شـێوەیە:

### أ- قوتابخانەی سەرەتایی:

لـەو سـەردەمەدا (٢٣) قوتابخانـەی سـەرەتایی هەبـووە (٥٠٨) مامۆسـتای نێـر و مـێ و کـۆی خوێندکارانیـش (١٣٣٥٣) کـە (٧١٩٠) خوێنـدکاری نێـر و (٦١٦٣)یـان مـێ بـوون.

### ب- قوتابخانەی ناوەندی:

هەروەهـا قوتابخانـەی ناوەندیـش لـە (٨) خوێنـدگا و (١٠٧) مامۆسـتا پێکهاتـووە، کـە لە ڕووی ڕەگـەزەوە (٥١) نێـر و (٥٦) مامۆسـتای مـێ لـە خۆگرتـووە، کـۆی ژمـارەی خوێندکارانیـش (٤٠٣٩) خوێنـدکار بـوو، (٢٠٥١) نێـر و (١٩٨٨) خوێندکاریـش مـێ بـووە، کەواتـە لەگـەڵ

١- وزارة الحكم المحلي دليل الاداري للجمهورية العراقية، الجزء الاول (١٩٨٩-١٩٩٠)، ص٢٢٧

کەمـی ژمـارەی مامۆسـتادا هێشـتا ژمـارەی مامۆسـتای ڕەگـەزی مـێ زیاتـرە، بـەڵام ژمـارەی قوتابیـانی نێـر زیاتـرە، کـە جیاوازییەکـەش دەکاتـە (٢٦٣) خوێنـدکار.

## ج- قوتابخانەی دواناوەندی:

ئـەم قۆناغـە تەنهـا (٦،٥،٤) دەگرێتـەوە بـە بەشـەکانی وێژەیـی و زانسـتییەوە، لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا بـەشی وێژەیـی تەنهـا لـە قوتابخانـەی (الثانویـة الثـورة) هەبـوو، کـە ئەمیـش خوێنـدن تیایـدا بـە زمـانی عـەرەبی بـوو، هەربۆیـە ئەوانـەی کـە ئاسـتی (زانسـتی)یانیش لاوازبووایە، یـان خواسـتیان نەبووایە ناچار دەبـوو لـەم بەشـەدا بخوێنـن، هەربۆیـە کۆمەڵێك خوێنـدکار ناچـار خوێندنیـان بەجێهێشـت، یـان ئەوانـەی بڕیاریانـدا بخوێنـن دەچوونـە شـارەکانی تـر، لـەم شـارە و زۆرێـك لەشـارەکانی تـر بـەشی زانسـتی بـە کـوردی نەبـوو، چونکە بـەشی وێژەیـی بـە عەرەبـی بـوو ئەمانیـش لاوازبـوون لـەم زمانـەدا، هەمـوو سـاڵێك دەبـوو لـە سـەرەتاوە بچوونایەتـە شـارێك دوای چەنـد مانگێـك دەهاتنـەوە کـەلار و بـەو شـێوەیە و بـە هەمـان سـیناریۆ پۆلـەکانی (٦،٥،٤) کرانـەوە، (٢) خوێندگایـە (٢٢) مامۆسـتا (٦٣٨) خوێندکاریـش ،کـە (٤٢٩)یـان نێـرە و (٢٠٩) مێیـە.

## د- قوتابخانەی ئامادەیی:

خوێنـدگای ئامادەیـی (٣) قوتابخانەیـە، (٤٨) مامۆسـتایە (٣٨) نێـر و (١٠) مـێ، کـۆی خوێندکاریـش دەکاتـە (١٣٤٠) خوێنـدکار لـەم قۆناغـەدا، کـە (٧٤٦) نێـر و (٥٩٤) مێیـە.

## هـ- ئامادەیی پیشەیی:

لەکۆتایـی هەشـتاکاندا دامـەزراوە (١٣) مامۆسـتا (٨٩) خوێنـدکار، کـە (٥٢)یـان نێـرە و (٣٧) مێیـە[1]، لێـرەدا دەردەکەوێـت، کـە خوێنـدکارانی سـەرەتایی لـە قۆناغـەکانی تـر زیاتـرە، کـە ژمارەیـان (١٣٢٥٣) خوێنـدکارە، دواتریـش خوێنـدکارانی ناوەنـدی دێـت، کـە ژمارەیـان (٤٠٣٩) خوێنـدکارە، سـەرجەم مامۆسـتایانیش دەکاتـە (٦٩٨) مامۆسـتا، کـە لێـرەش ژمـارەی نێـر زیاتـرە کـە دەکاتـە (٤٣١ ) مامۆسـتا، و کەواتـە مـێ کەمـترە، کـە دەکاتـە (٢٨٧) مامۆسـتا، گـەر سـەرنج بدەیـن وەك لـە خشـتەکەدا هاتـووە، دواجـار لـە سـەرجەمدا خوێنـدکاران و مامۆسـتایان هەرکامیـان وەربگریـن ڕێـژەی نێـر لـە ڕەگـەزی مـێ زیاتـرە.

---

١-چاوپێکەوتن: مامۆستا ابراهیم حسین، بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەیی کەلار، ٢٠١٣/٤/١٠

**و- پەیمانگای مامۆستایان:**

ئـەم پەیمانگایـە لـە ناوەڕاسـتی نەوەتەکانـدا و لـە سـاڵی (١٩٩٥) دامـەزراوە، لـە گـەڕەکی بنگرد، لـە سـەرەتادا مامۆسـتا (عـادل یـاوەر) بەڕێوەربـەر بـووە دواتریـش تـا کۆتایـی مامۆسـتا (جـەلال سـەعدوڵڵا) بەڕێوەبـەر بـووە، بـە بڕیـاری وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی لـە سـاڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) دەکرێتـە کۆلێـژی بنـەڕەتی، ئـەو دەمـە ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـووە، لـە پێگەیانـدنی مامۆسـتادا، ئەوکاتـە لـە قوتابخانەکانـدا کەمـی مامۆسـتا ئامادەیـی هەبـوو، لەکـۆی پسـپۆڕییەکاندا، وەلـێ بـە کردنـەوەی ئـەم پەیمانگایـە بەشـێکی گـەورەی ئـەو بۆشاییانەی پڕکـردەوە بـە تایبـەت لـە بـوارەکانی (زمـان و کۆمەڵایـەتی و وەرزش.. هتـد) یـازدە خـولی خوێنـدکارانی دەرچوانـدووە، بەپێـی خشـتەی خـوارەوە لـە سـاڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) دا، ژمـارەی مامۆسـتایان پێکهاتـووە لـە (١٩) مامۆسـتا کـە تەنهـا (٢) مامۆسـتای لـە ڕەگـەزی مێینـە بـووە، هەروەهـا ژمـارەی خوێندکارانیـش گەیشـتۆتە (٣٤٢) خوێنـدکار، کـە ژمـارەی کچـان زیاتـرە، دەکاتـە (٢١٥) خوێنـدکارە و ژمـارەی کوڕانیـش دەکاتـە (١٢٧) خوێنـدکارە[١].

**ز- باخچەی ساوایان:**

باخچـەی سـاوایان لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە ئـەو سـەردەمە واتـە تـا سـاڵی (٢٠٠٠) تەنهـا دوو باخچـە بووە،کـە باخچـەی سـاوایانی کـەلار لـە سـاڵی (١٩٧٨) دامـەزراوە و دواتـر باخچـەی سـاوایانی ئـازادی لـە سـاڵی (٢٠٠٠) دامـەزاوە، تەنهـا (٢٤) مامۆسـتا بـوون کـە هەموویـان مـێ بـوون، ژمـارەی منـاڵان پێکهاتـووە لـە (٧١٧) منـاڵ کـە (٣٩٧)یـان نێـرە و (٣٢٠)یـان مێیـە[٢]، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧١) بکـە:

١- د جەلال سەعدوڵڵا , سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی , ٥/١٠/ ٢٠١٣

٢- وەزارەتی پەروەردە، ڕێبەری خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١)، ل٢٦٢-٢٧٢

خشتەی ژمارە (٧١)

ژمارەی مامۆستایان و قوتابیانی کەلار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١)

| قوتابخانە | ژ مامۆستا نێر | ژ مامۆستا مێ | کۆی گشتی | ژ قوتابیانی نێر | ژ قوتابیانی مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قوتابخانەی سەرەتایی | ٢٩١ | ٢١٧ | ٥٠٨ | ٧١٩٠ | ٦١٦٣ | ١٣٣٥٣ |
| قوتابخانەی ناوەندی | ٥١ | ٥٦ | ١٠٧ | ٢٠٥١ | ١٩٨٨ | ٤٠٣٩ |
| قوتابخانەی دواناوەندی | ١٨ | ٤ | ٢٢ | ٤٢٩ | ٢٠٩ | ٦٣٨ |
| قوتابخانەی ئامادەیی | ٣٨ | ١٠ | ٤٨ | ٧٤٦ | ٥٩٤ | ١٣٤٠ |
| قوتابخانەی پیشەیی | ١٣ | | ١٣ | ٥٢ | ٣٧ | ٨٩ |
| پەیمانگای مامۆستایان | ١٧ | ٢ | ١٩ | ١٢٧ | ٢١٥ | ٣٤٢ |
| کۆی گشتی | ٤١١ | ٢٨٧ | ٦٩٨ | ١٠٤٦٨ | ٨٩٩١ | ١٩٤٥٩ |

سـەرچاوە: وەزارەتی پـەروەردە، ڕێبـەری خوێنـدگاکانی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١، ل٢٦٢-٢٧٢

بەپێـی دوا ئامـاری پـەروەردەی کـەلار، کـە تیایـدا هاتـووە، وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا دەرکەوتـوە، قۆناغـی ئامادەیـی ژمـارەی خوێندنگـەکانی ( ١٦) دانەیـە، یـەك دەوامـی واتـا ئـەو بینایانـەی کـە یـەك دەوامـی تیـادا دەکرێـت، تەنهـا (٤) بینایـە، هەروەهـا ئەوانـەی دوو دەوامـی تیـادا دەکـرێ (١٢) بینایـە، ژمـارەی خوێندکارانیـش (٨٧٠٢) خوێنـدکارە، ژمـارەی مامۆسـتایان (٥٤٠) مامۆسـتایە، فەرمانبەرانیـش ژمارەیـان (٧٥) فەرمانبـەرە، وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، قۆناغـی بنـەڕەتی کـە ژمـارەی قوتابخانـە ( ٣٨) خوێندنگەیـە، کـە بـەم شـێوەیە دەوامـی تیـادا دەکرێـت، دوو دەوامـی لـە هەموویـان زیاتـرە کـە (٣٢) قوتابخانـە دەگرێتـەوە، بـەڵام ئەوانـەی یـەك دەوامـی و سـێ دەوامـی وەکـو یەکـە، کـە هەریەکـە و (٣) قوتابخانـە دەگرێتـەوە، ژمـارەی خوێندکارانیـش (٢٩٢٣٢) خوێنـدکارە، مامۆسـتایانیش ژمارەیـان ( ٢٠٣٩) مامۆسـتایە، ژمـارەی فەرمانبەرانیـش دەکاتـە (٢٨٢) فەرمانبـەر، قوتابخانـە

ئامادەییەکان ژمارەیان (١٦ ) قوتابخانەیە، ژمارەی خوێندکارانیش دەکاتە (٨٧٠٢) خوێندکار، هەردوو قۆناغەکە (بنەڕەتی و ئامادەیی) سەرجەمیان دەکاتە (٣٨٦٢٤) خوێندکار[١]، سەیری خشتەی ژمارە (٧٢) بکە:

خشتەی ژمارە (٧٢)

قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان ساڵی (٢٠١٢ - ٢٠١٣)

| | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی فەرمانبەر |
|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی | ١٦ | ٨٧٠٢ | ٥٤٠ | ٧٥ |
| بنەڕەتی | ٣٨ | ٢٩٢٣٢ | ٢٠٣٩ | ٢٨٢ |
| کۆی گشتی | ٥٤ | ٣٨٦٢٤ | ٢٥٧٩ | ٣٥٧ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## ئامادەیی پیشەیی کەلار:

ئەم ئامادەییە لە ساڵی ١٩٨٨دامەزراوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە پێگەیاندنی پیشەوەران، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١) ژمارەی مامۆستایانی تەنها (١٣) مامۆستا بووە، کۆی خوێندکارانیش (٨٩) خوێندکار بووە، لەو ساڵەدا بەپێی دوا ئاماری ئامادەییەکە بۆ ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) ژمارەی مامۆستایانی (٢٧) مامۆستایە، کە ژمارەی نێر زیاترە دەکاتە (٢٣) مامۆستا، کەواتە تەنها (٤) مامۆستای مێینەیان هەیە، لە کاتێکدا خوێندکارانی مێینە زۆر زیاترن لە نێر، کۆی خوێندکاران دەکاتە (٢٣٨) خوێندکار کە (٩٥)یان نێرە و ژمارەی مێینە زیاترە، کە دەکاتە (١٤٣) خوێندکار، ئامادەیی پیشەیی پێکهاتووە لە دوو بەش (بازرگانی و پیشەسازی) کە بەشی پیشەسازی تەنها بەشی کارەبایە، لە کاتێکدا لەبەر نەبوونی شوێن بەشی تر ناکەنەوە کە ئارەزووی کردنەوەییان هەیە لەلایەن خوێندکارانەوە داواکاری بۆ بەشەکانی تر هەیە و بۆ وانە وتنەوە مامۆستای پسپۆڕییان هەیە، بەشی بازرگانی (٨٠)

١- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

خوێندکاریـان هەیـە، کـە ژمـارەی نێـر تەنهـا (١٥) خوێنـدکارە و ئـەوانی تـر کـە دەکاتـە (٦٥) خوێنـدکار مێینـەن، بـەشی پیشەسـازی (کارەبـا ) زیاتـرە کـە ژمـارەی خوێنـدکارانی دەکاتـە (١٥٨) خوێنـدکار کـە ڕێژەیـی نێرینـە و مێینـە لـە یەکـەوە نزیکـن، ژمـارەی فەرمانبـەران تەنهـا (٧) فەرمانبـەرە[1]، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧٣) بکـە:

خشتەی ژمارە (٧٣)

ئامادەیی پیشەیی کەلار (٢٠١٢-٢٠١٣)

| خوێندکاران | مامۆستا | فەرمانبەر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٣٨ | ٢٧ | ٣ | ١٨٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

باخچـەی سـاوایان ژمارەیـان (٥) باخچەیـە، ژمـارەی منداڵیـش (١٧٦٢) منداڵـە ژمـارەی فەرمانبەرانیـش دەکاتـە (١٥٠) فەرمانبـەر، مامۆسـتایانیش دەکاتـە (١١٥) مامۆسـتا، نووسـەر و چاودێریـش (٤٠) کەسـە، کـە زیاترینیـان چاودێـرە، کـە دەکاتـە (٣١) کـەس، هەرچەنـدە ژمـارەی باخچـەکان وەك پێویسـت نییـە، یـان زۆر کەمـە تەنانـەت کەموکـوڕی لـە جـۆری دابەشـکردنی بـە پێـی گەڕەکـەکان هەیـە، جیـا لـەوە چەندیـن گـەڕەك هەیـە، کـە باخچەیـان تیـادا نییـە، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧٤) بکـە:

خشتەی ژمارە (٧٤)

باخچەی ساوایان ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣

| ژ. باخچە | ژ. منداڵ | ژ. فەرمانبەر | ژ. مامۆستا | نووسەر | چاودێر |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ١٧٦٢ | ١٥٠ | ١١٥ | ٩ | ٣١ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

١- چاوپێکەوتن: مامۆستا ابراهیم حسین، بەڕێوەبەری ئامادەیی پیشەیی کەلار، ٢٠١٣/٤/١٠

قوتابخانـەی دواناوەنـدی تەنهـا یـەك قوتابخانەیـە، تێکـەڵاوە واتـە پێکهاتـووە لـە کچـان و کـــوڕان، پۆلـەکانی (حەوتـەم و هەشـتەم و نۆیـەم ) دواتریـش هـەردوو بـەشی وێژەیـی و زانستی لەخـــۆ دەگرێت، پۆلەکـــانی (دەیـەم و یانـزەم و دوانـزەم)، ژمـارەی خوێندکاران سـەرجەمەکەی دەکاتـە (٨٣٤) خوێنـدکار کـە ژمـارەی کچـان (٤٢٨) خوێنـدکارە، زیاتـرە لـە کـوڕان، لـە کاتێکـدا ژمـارەی کوڕانیـش دەکاتـە (٤٠٦) خوێنـدکارە، کۆی ژمـارەی مامۆسـتایانیش دەکاتـە (٤٢) مامۆسـتا، کـە (٢٧) نێـر و (١٥) مامۆسـتای مێیـە، هەرچەنـدە خوێنـدکارانی کچـان زیاتـرە، ژمـارەی فەرمانبەرانیـش تەنهـا (٧) فەرمانبـەرە، بـە ناونیشـانی جیـاواز یـەك فەرمانبەری تەکنیـکی و دوو پاسـەوان و (٤) پاککـەرەوە، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٧٥) بکـە:

خشتەی ژمارە (٧٥)

ئاماری مامۆستایان و خوێندکاران و فەرمانبەرانی دواناوەندی ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣

| قوتابخانەی دواناوەندی | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی فەرمانبەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٨٣٤ | ٤٢ | ٧ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

سـەرنجی خشـتەی ژمـارە (٨١) بدەیـن تیایـدا هاتـووە، لـە سـنووری پـەروەردەی کـەلار نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری (١٦) قوتابخانەیـە، کـە (٩) قوتابخانەیـان تایبەتـە بـە ڕەگـەزی نێـر و (٧) قوتابخانـەی تریـش تایبەتـە بـە ڕەگـەزی مـێ، ئـەم خوێندکارانـە تەمەنیـان گەورەیـە و زیاتـر ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە لـە تەمـەنی منداڵیـدا هـەلی خوێندنیـان بـۆ نەڕەخساوە وازیـان هێنـاوە یـان نەچوونەتـە بـەر خوێنـدن بـۆ ئـەوەی لـە ئێسـتادا درێـژە بـە خوێنـدن بـدەن ئەمـەش زیاتـر چیـن و توێـژی فەرمانبـەران زیاتـر ئـەم خواسـتەیان هەیـە، بـە تایبـەت پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـاش کەشـێکی وای ڕەخسـاندووە، زەرورەت و خواسـت لەسـەر خوێنـدن جەسـتەی زۆرێـك لـە تاکـەکانی داگیـر کـردووە، ئەوانـەی توانـای خوێنـدن و نووسـینییان نییـە، لـە کۆمەڵـگادا هەسـت بـە نامۆیـی دەکـەن ، بۆیـە تـادێ ئـەم خواسـتە زۆرتـر دەبـێ و ڕێـژەی

نەخوێندەوارانیش کەمتر دەبێتەوە یان هەر نامێنێت، وەك لە خشتەکەدا هاتووە، کە (٦١٦) فێرخواز هۆگری خوێندن و درێژەی پێ دەدەن، کە (٣٥٤)یان لە ڕەگەزی نێرە و خوێندکارانی ڕەگەزی مێینەش ژمارەیان (٢٦٢) کەسە، ژمارەی مامۆستایانیش (٥٥)یان لە ڕەگەزی نێرە و (٣٣) مامۆستاش لەڕەگەزی مێیە، کە کۆی مامۆستایان دەکاتە (٨٨) مامۆستا[١]، ئەگەر شیکاری بکەین، تادێ خواستی خوێندن زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەی سالانەوە کە لەبەر چەندین هۆکار ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن زۆر بوون، ئێستا زۆرن ئەوانەی وێڕای تێپەڕبوونی تەمەنیان درێژە بە خوێندن دەدەن،لە قۆناغەکانی بنەڕەتییەوە تاوەکو زانکۆ و گەر مەرجی تەمەن ڕێگا بدات بۆ ماستەر و دکتۆراش هەمان خواستی خوێندن هەیە، سەیری خشتەی ژمارە (٧٦) بکە:

خشتەی ژمارە (٧٦)

ئاماری گشتی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و قوتابخانەکانی فێرکردنی گەورە ساڵانی ٢٠١٢_٢٠١٣

| پەروەردەی کەلار | ژمارەی قوتابخانە | | | ژمارەی فێرخواز | | | ژمارەی مامۆستا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕان | کچان | کۆ | کوڕ | کچ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| | ٩ | ٧ | ١٦ | ٣٥٤ | ١١٥ | ٤٦٩ | ٥٥ | ٣٣ | ٨٨ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی  کەلار، داتای بڵاونەکراوە،٢٠١٣

فێرکردنی نائاسایی بەرنامەی کاروباری پرۆسەکانی (نەهێشتنی نەخوێندەواری، فێرکردنی گەورە، فێرکردنی خێرا، خوێندنی تەوزیمی) لەخۆ دەگرێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردە لەم ڕوانگەیەوە پرۆسەکانی پێکەوە گرێداوە و بەرنامەڕێژی لەم پێناوەدا، کردووەتە ئامانجی بنەڕەتی و بەپێی توانا کار بۆ پێکانی ئەو ئامانجەی دەکات، ئەم هەڵمەت و هەنگاوانەی وەزارەتی پەروەردە، پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەکە، کە بتوانین ئەم دیاردانەی نەخوێندەواری و نەزانین و دابڕان لە خوێندن و دوورکەوتنەوە و ساردبوونەوە، لە خوێندن بەرەو کەمبوونەوە و نەمان ببەین[٢]، ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٧٧) بکەین بۆمان

١- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٢- گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٢٠٢

دەردەکـەوێ، کـە فێرکـردنی خێـرا لـە سـنووری پـەروەردەی کـەلار ژمارەیـان (٤) قوتابخانەیـە، کـە یـەك قوتابخانـە تایبەتـە بـە کـوڕان لـە سـنوورەکەدا هەروەهـا بـۆ ڕەگـەزی مێینـەش (٣) قوتابخانـە کراوەتـەوە، لـە دوا سـاڵی لێکۆڵینـەوەدا، تیایـدا هاتـووە ژمـارەی خوێندکارانیـش (٢٣٨) خوێنـدکارە، ڕەگـەزی نێـر (٦٢) خوێنـدکارە، ڕەگـەزی مـێ (١٧٦) قوتابییـە، ئەمـەش زیاتـر ئـەو قوتابیانـە دەگرێتـەوە، کـە تەمەنیـان لـە (٢٨) سـاڵ کەمـترە، ئـەو خوێندکارانـەی کـە مـافی خوێندنیـان لـە دەوامـی ڕۆژ نییـە لێـرە درێـژە بـە خوێنـدن دەدەن، بـۆ ئـەوەی بێبـەش نەبـن لـە خوێنـدن و بـەردەوام بـن، ژمـارەی مامۆسـتایان بەپێـی خشـتەکە ژمـارەی مامۆسـتایان (٤٥) مامۆسـتایە، کـە (٣٠) مامۆسـتایان لـە ڕەگـەزی مێیـە و (١٥) مامۆسـتاش لـە ڕەگـەزی نێـره[1].

خشتەی ژمارە (٧٧)

ئاماری گشتی فێرکردنی خێرا لە کەلار ٢٠١٢-٢٠١٣

| پەروەردەی کەلار | ژ.خوێندنگە | | | ژ. قوتابی | | | ژ.مامۆستا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕ | کچ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| | ١ | ٣ | ٤ | ٦٢ | ١٧٦ | ٢٣٨ | ١٥ | ٣٠ | ٤٥ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

سـەرئەنجام وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، کـۆی قوتابخانـەکانی (بنـەڕەتی، ئامادەیـی، دواناوەنـدی، ئامادەیـی پیشـەیی، خوێنـدنی خێـرا، نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری) سـەرجەمیان دەکاتـە (٨٨) قوتابخانـە، مامۆسـتایانیش سـەرجەمیان (٢٧٦٨):

١- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

خشتەی ژمارەی (٧٨)

ژمارەی قوتابخانە و خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران ساڵی (٢٠١٢_٢٠١٣)

| قوتابخانە | ژ. قوتابخانە | ژ. مامۆستا | ژ. خوێندکاران | ژ. فەرمانبەران |
|---|---|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٥٠ | ٢٠٣٩ | ٢٩٢٣٢ | ٢٨٢ |
| ئامادەیی | ١٦ | ٥٢٩ | ٨٧٠٢ | ٧٥ |
| دوا ناوەندی | ١ | ٤٢ | ٨٣٤ | ٧ |
| ئامادەیی پیشەیی | ١ | ٢٥ | ٢٥٠ | ٦ |
| خوێندنی خێرا | ٤ | ٤٥ | ٢٣٨ | ٧ |
| نەهێشتنی نەخوێندەواری | ١٦ | ٨٨ | ٦١٦ | |
| کۆی گشتی | ٨٨ | ٢٧٦٨ | ٣٩٨٧٢ | ٣٧٧ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

وەك لـە شێوەی خـوارەوەدا هاتـووە، لەمـەڕ ئاسـتی نەخوێنـدەواری بـە تایبـەت تەمـەن (١٠) سـاڵ و بـەرەو سـەرەوە، کـە تـەواوی قـەزاکانی پارێـزگای سـلێمانی تیادا شـیکاری بـۆ کـراوە، کـە قـەزای کـەلار و قـەرەداخ هاوتەریـب لـە ڕیزبەنـدی پێنجەمـدان و ڕێژەکـەی دەکاتـە (٢٤،٩)، ئەمـەش ئەنجامێـکی باشـە گـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ ئـەو قۆناغانـەی پیایـدا تێپەڕیـووە، بەتایبـەت نەبـوونی کـەشی خوێنـدن و ڕەوشی نائارامـی و شـەڕ لـە ناوچەکـەدا ساڵانی پێـش ڕاپەڕیـن و ڕاگواسـتنی زۆرێـك لـە گونـدەکان و بـۆ ناوشـار و نیشـتەجێکردنیان، جیـا لەمانـە هـەلی دامەزرانـدن بـۆ کـورد لەبـار نەبـوو بـە تایبـەت زۆر شـوێنی هەسـتیار، وێڕایـی هـەژاری و سـەختی ژیـان، بڕوانـە شـێوەی ژمـارە (٨):

شێوەی ژمارە (٨)

ڕێژەی نەخوێندەواری تەمەن (١٠) ساڵ و زیاتر لە پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان،داتای بڵاونەکراوە

گـەر سـەیری شـێوەی خـوارەوە بکەیـن، دەربـارەی بڕوانامـەی پـاش ئامادەیـی (٢٥) سـاڵ وبـەرەو ژوور، دەردەکەوێـت شـاری کـەلار ئەنجامێـکی دڵخۆشـکەرە، بـە بـەراورد لەگـەڵ قـەزاکانی تـری پارێـزگای سـلێمانیدا، کـە تەنهـا قـەزای هەڵەبجـە ئاسـتی لـە کـەلار بەرزتـرە، بـەڵام سـەرجەم قـەزاکانی تـر لـە ڕیزبەندییەکـەدا لـە خـوارەوەی کـەلارەوەن، لەڕیزبەنـدی سێیەمدا کـەلار دێـت، دوای هەڵەبجـە و ناوەنـدی پارێـزگای سـلێمانی، سـەیری شـێوەی ژمارە (٩) بکـە:

شێوەی ژمارە (٩)

بڕوانامەی پاش ئامادەیی ٢٥ساڵ و بەرەو سەرەوە لە پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە :- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان،داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## پەیمانگای کۆمپیوتەر:

ئـەم پەیمانگایـە لـە ٢٠٠٧/١٠/٢ بـە بڕیـاری وەزارەتی پـەروەردەی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بـە ژمـارە (١٣٥٩٧) لـە شـاری کـەلار دامـەزرا، ئێسـتا خـاوەن بینایـەکی تایبـەت بـە خوێنـدن، ئـەم پەیمانگایـە دەسـکەوتێکی گرنگـی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، بـە هـاوکاری پەیمـانگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان، کـە سـەرەتا بینـای بـەشی وەرزشـییان بەخشـیە پەیمانگاکـە بـۆ ئـەوەی خوێنـدن درێـژەی هەبێـت جگـە لـە بیناکـە هـاوکاری بـاشی پەیمـانگای کۆمپیوتەریـان کـرد، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە تەنانـەت لـەڕووی کەرەستەشـەوە، دوای دوو سـاڵ دەتوانێـت وەك کادرێـکی شـارەزا لـە بـواری تەکنەلۆژیـای کۆمپیوتـەر نێـت ۆرکینـگ

لـە بـازاڕدا کار بـکات، یـان لـە فەرمانگـە حکومیەکانـدا دابمەزرێـت، یـان لـە کۆمپانیاکانـدا ڕۆڵـی کارای دەبێـت لـە بوارەکـەی خۆیـدا، ئـەم پەیمانگایـە سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پەیمانـگای مەشـقکردنە لـە وەزارەتی پـەروەردە، یەکـەی ژمێریاریـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، بەشـەکانی بریتییـە لـە (کارگێـڕی، گەنجینـە، کتێبخانـە)[1]، گـەر سـەرنجی خشـتەی ژمـارە (٨٤) بدەیـن دەردەکەوێـت (٢١٠) خوێنـدکار بەردەوامـن لـە خوێنـدن لەسـەرجەم قۆناغەکانـدا، کـە (١٢٦) خوێنـدکار نیشـتەجێی نێـو شـارن (٨٦) خوێنـدکار لـە دەرەوەی شـارن یـان دەوروبـەرن، کـە خوێنـدکارانی شـارەکانی (کفـری، خانەقـی، جەلـەولا) و جگـە لـە ناحیـەکانی (ڕزگاری و باوەنـوور)ی لەخـۆ گرتـووە، (١٠٦) خوێنـدکار لـە ڕەگـەزی نێـرە و (١٠٤) خوێنـدکار لـە ڕەگـەزی مێیـە، کـۆی مامۆسـتایان (٢٢) مامۆسـتایە، لەگـەڵ دوو توێـژەر، ژمـارەی فەرمانبـەران (١٧) فەرمانبـەرە، کـە (٣) کارگـوزار و دووپاسـەوانە [2]، لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـەروەردەی گەرمیانـەوە بینایـەکی دوانـزە پـۆلی پێبەخـشرا، لـەم پەیمانگایـەدا سـاڵانە (٤٠-٥٠) خوێنـدکاری دەرچـووی بنـەڕەتی وەردەگیرێـت ئـەو خوێندکارانـە دەبێـت ئـەم مەرجانـەی خـوارەوەی تیادابێت:

١- لـە سـنووری پـەروەردەی گشـتی گەرمیانـدا بـن (واتـە دەرچـووی قوتابخانەیـەك بێـت لـە سـنووری پـەروەردەی گەرمیانـدا بێـت).

٢- دەرچووی ساڵی نوێی خوێندن بێت، دەرچووی نۆیەمی بنەڕەتی بێت.

٣- تەمەنی شیاو بێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

٤- وەرگرتنـی خوێنـدکار دەکەوێتـە کێبڕکێیـەوە (منافەسـە)ی نمـرەکانی (بیـرکاری، ئینگلیـزی، زانسـتەکان).

٥- دەبێت لەڕووی تەندروستی و دەروونی و جەستەییەوە شیاو بێت.

خوێنـدن بـۆ مـاوەی (٥) سـاڵ دەبێـت، لـە قۆناغـی چوارەمـەوە دەبێتـە سـێ بـەش (وێـب دیزایـن، پرۆگرامینـگ، نێتـۆرك) خوێنـدکار سەرپشـکە لـەوەی هـەر بەشـێك هەڵدەبژێرێـت، تاوەکـو ئێسـتا دوو قۆناغـی کۆتاییـەکانی خوێنـدکارانی دەرچوانـدووە، کـە دەبنـە خـاوەن بڕوانامـەی دبلـۆم لـە زانسـتی کۆمپیوتـەر، کـە ژمارەیـان (٨٦) خوێنـدکارە، وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٧٩)دا هاتـووە:

---

١- چاوپێکەوتن : م. سۆران عبدالرحمن ڕەحیم، بەڕێوەبەری پەیمانگای کۆمپیوتەر، نیسانی ٢٠١٣

٢- پەیمانگای کۆمپیوتەری کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

خشتەی ژمارە (٧٩)

ژمارەی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەیمانگای کۆمپیوتەر ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣

| خوێندکار | مامۆستایان | فەرمانبەران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | ٢٤ | ١٧ | ٢٥١ |

سەرچاوە: پەیمانگای کۆمپیوتەری کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## خوێندنی باڵا :

فاکتەری زانستی و خوێندن و پەروەردە بایەخێکی بەرچاویان لە گەشەکردن و فراوانبوون و بەرەو پێشچوونی هەمە لایەنەی شاردا هەبووە، چونکە هەلی خوێندەواری و ئاستی خوێندەواری شارەکە بەرز دەکاتەوە و نەوەیەکی هۆشیار و خوێندەوار دێنێتە بەرهەم[1]،

وێنەی ژمارە (١٨)

بینای کۆلێژی بنەڕەتی لە زانکۆی گەرمیان



١- دەرباز محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١

پێشتر تیشك خرایە سەر هەردوو پەیمانگای تەکنیکی و مامۆستایان کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا کرانەوە، دواتر ئەمانە بوونە هەوێنی کۆلێژ و هێدی هێدی فراوانبوون و گەشەیان کرد تا دامەزراندنی زانکۆی گەرمیان، لەدوای پرۆسەی ئازادی و ڕزگاری گەلانی عێراق بڕیاری کۆلێژی پەروەردەی کەلار درا، بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٤/٥/٢٥ دامەزرا، یەکەم ساڵی خوێندن (٢٠٠٤-٢٠٠٥) ئەم بەشانە کرایەوە (کیمیا، بایۆلۆژی، دەروونناسی، جوگرافیا، ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی) کە لە (٢٧) گروپ پێکهاتووە و کۆی گشتی خوێندکارانیش دەکاتە (٢٤٢) خوێندکار و ژمارەی خوێندکاران زیاتر دەبوو، بەشەکان زیادی دەکرد هەر بۆیە لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بەشەکانی (مێژوو، ماتماتیك و فیزیا)ش کرانەوە ژمارەی خوێندکاران گەیشتە (٣٠٥٠) خوێندکار.

هاوکات پەیمانگای مامۆستایان کە لە ڕابردوودا، یازدە خولی خوێندکارانی دەرچواندووە، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)دا بە بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم پەیمانگایە (پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان) کرایە کۆلێژی بنەڕەتی کەلار، ساڵی دوایی بەشەکانی (کۆمەڵایەتی، کوردی، وەرزش) کرایەوە و لە یەکەم ساڵیدا (٦٢٦) خوێندکاری لە خۆگرتبوو، زانکۆی گەرمیان لەساڵی (٢٠١٠) لە مەراسیمێکی شایستەدا بەردی بناغەی زانکۆی گەرمیان لەلایەن (د.بەرهەم ساڵەح)ەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانرا، لە بەرزاییەکانی بەردەسوور کەمپێکی تازەی بۆ درووستکراوەو زۆرینەی بەش و فاکەڵتییەکان پێکەوەن لە ڕووبەرێکی گەورەدا جێگیرکران، کە ڕووبەرەکەی (٢٩٤) دۆنمە، زانکۆی گەرمیان پێش ئەوەی دابمەزرێت، بریتی بووە لە (کۆلێژی پەروەردە، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی) و لەگەڵ دامەزرانییدا بریتی بووە لە سکوڵی پەروەردە، زانست، سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، هەروەها بریتییە لە فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزشی خانەقین، کە لە دوو سکوڵ پێکهاتووە (زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان)، کە ئەمیش لە شەش بەش پێکهاتووە (زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، دەروونزانی، جوگرافیا، مێژوو) لەگەڵ سکوڵی وەرزش، یەکەمین سەرۆکی زانکۆی گەرمیان پرۆفیسۆر (فاروق عبدالکریم) دانرا، بەم شێوەی لای خوارەوە و زیاتر وردەکارییەکان دەخەینە ڕوو :-

## ١-سکوڵی پەروەردەی زانست :

لـە سـاڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) بەپێـی فەرمـانی زانکۆیـی (سـەرۆکایەتی زانکـۆی گەرمیـان)، ژمـارە (٤٥٩/٢/٧) لـە (٢٠١١/٧/٢) لەشاری کـەلار دامـەزراوە، کـە ئـەم بەشـانە لـە خۆدەگرێـت (بایلۆجـی، فیزیـا، کیمیـا، ماتماتیـك) ژمـارەی خوێنـدکارانی ئـەم سـکوڵە بریتییـە لـە (٦٦٦) خوێنـدکار، ژمارەی خوێنـدکارە دەرچووەکانی ئـەم سـکوڵە لـە سـاڵی دامەزراندنییـەوە تاوەکـو ئێسـتا بریتییـە لـە (١٠٤٣) خوێنـدکار، کـە بڕوانامـەی بکالۆریۆسـیان وەرگرتـووە لـە بـوارەکانی (کیمیا، ماتماتیـك، بایلۆجـی، فیزیا) ئامانجـی دامەزرانـدنی ئـەم سـکوڵە بریتیـە لـە جەختکـردن لەسـەر پێگەیانـدنی هەڵگـرانی بەکالۆریـۆسی شایسـتە و لێهاتـوو، بـە پێـی تایبەتمەنـدی خوێندنـگاکانی هەرێمـی کوردسـتان بـە گشـتی و دەڤـەری گەرمیـان بـە تایبـەتی، بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییەی کـە لـە خوێندنگاکانـدا هەیـە، هەروەهـا پێگەیانـدنی کادری زانسـتی و ئەکادیمـی لەبـوارەکانی (بایلۆجـی، فیزیـا، کیمیـا، ماتماتیـك)دا.

## ٢- سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان :

لەسـاڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) بەپێـی فەرمـانی زانکۆیـی (سـەرۆکایەتی زانکـۆی گەرمیـان) ژمـارە (٤٥٩/٣/٧) لـە (٢٠١١/٧/٢) لـە شـاری کـەلار دامـەزراوە، کـە ئـەم بەشـانە لـە خۆدەگرێـت (جوگرافیـا، پـەروەردە و دەروونـناسی، زمـانی کـوردی، مێـژوو، زمـانی عـەرەبی، زمـانی ئینگلیـزی) ژمـارەی خوێنـدکارانی ئـەم سـکوڵە بریتییـە لـە (١٢٦٢) خوێنـدکار، ژمـارەی خوێنـدکارە دەرچـووەکانی ئـەم سـکوڵە لـە سـاڵی دامەزراندنییـەوە، تاوەکـو ئێسـتا بریتیـە لـە (٢٦٣٢) خوێنـدکار، کـە بڕوانامەیـان وەرگرتـووە لـە بـوارەکانی (جوگرافیـا، پـەروەردە و دەروونـناسی، زمـانی کـوردی، مێـژوو، زمـانی عـەرەبی، زمـانی ئینگلیـزی) ئامانجـی دامەزرانـدنی ئـەم سـکوڵە بریتیـە لـە پێگەیانـدنی کادری زانسـتی و پسـپۆڕی بـە توانـا و لێهاتـوو، لـە بـوارەکانی (جوگرافیـا، پـەروەردە و دەروونـناسی، زمـانی کـوردی، زمـانی عـەرەبی، مێـژوو، زمـانی ئینگلیـزی).

## ٣ – أ – سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی / بەیانیان :

لـە سـەرەتادا پەیمانـگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان کەناوەندێـکی گرنـگ بـوو، بە بڕیـاری وەزارەتی پـەروەردە لـە بـەرواری ١٩٩٥/١١/١٥ دامـەزرا پێنـج خـولی خوێنـدکارانی پێگەیانـدووە، کـە ئـەو دەمـە بۆشـاییەکی گـەورە هەبـوو لـە نێـو قوتابخانەکانـدا، تەنانـەت لەبـەر پێویسـتی دۆخەکـە

خوولی خێرای مامۆستایان کرایەوە، دواتر بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٩٦٩)ی کرا بەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بە پێی فەرمانی زانکۆیی (سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی) لە شاری کەلار دامەزراوە، کە ئەم بەشانە لە خۆدەگرێت (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی وەرزشی) ژمارەی خوێندکارانی ئەم سکوڵە بریتیە لە (٧١٢) خوێندکار، ژمارەی خوێندکارە دەرچووەکانی ئەم سکوڵە لەساڵی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا بریتیە لە (٦٧٦) خوێندکار، کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە بوارەکانی (زمانی کوردی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی وەرزشی) وەرگرتووە، کۆی خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەردە (بەیانیان) ژمارەیان (٢٧٤٠) خوێندکارە.

### ٣ – ب – سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی / ئێواران :

بەپێی فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٢٥٤) لە (٢٠١٣/١٠/١٧) لە شاری کەلار دامەزراوە، کە ئەم بەشانە لە خۆدەگرێت (زمانی عەرەبی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی وەرزشی، زمانی ئینگلیزی) ژمارەی خوێندکارانی ئەم سکوڵە بریتییە لە (٢٢٤) خوێندکار، ئامانجی دامەزراندنی ئەم سکوڵە بریتیە لەوەی مامۆستای دڵسۆز پێبگەیەنێت، بۆ نیشتمان و بڕوایان بە بەهاو ئامانجەکانی وڵات هەبێت، هەروەها شیاو بن، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامی پەروەردەیی و پیشەیی و زانستی بگەیەنن بە خوێندکاران و پێگەیاندنی خوێندکاران بەو شێوەیە، کە بڕوای بە بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەبێت و وەرگرتنی ئەو شارەزایی و کارامەییانەی کە پەیوەندی بە ڕێگەکانی وانە وتنەوەی گشتیی و تایبەتی هەیە.

**تێبینی:** ژمارەی مامۆستای فاکەڵتی پەروەردە (١١٧) مامۆستایە و ژمارەی فەرمانبەرانی (٢٩١) فەرمانبەرە.

ژمارەی مامۆستای گرێبەست (١٦) مامۆستایە و ژمارەی فەرمانبەری گرێبەست (٨) فەرمانبەرە [١].

### فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش لە خانەقین

لە دوو سکوڵ پێکهاتووە :

١- چاوپێکەوتن : م ڕەشید کەریم، بەڕێوەبەری کارگێڕی زانکۆی گەرمیان، ئابی ٢٠١٣

**أ- سـكوڵی زانسـت مرۆڤایەتییـەكان :** کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) دامـەزراوە و لەشـەش بـەش پێکهاتـووە (کـوردی، عـەرەبی، ئینگلیـزی جوگرافیـا، مێـژوو، دەروونـناسی ).

**ب- سـكوڵی وەرزش :** کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٩) دامـەزراوە و تەنهـا بـەشی (پـەروەردەی وەرزشی) هەیـە، کـۆی مامۆسـتایانی ئـەم فاکەڵـتییـە (٥٦) مامۆسـتایە و فەرمانبـەرانی (١٩٣) فەرمانبـەرە، ژمـارەی خوێنـدکارانی لـە ئێسـتادا (٤٧٦) نێـر و (٥٩٣) مێیە و کـۆی گشـتیان (١٠٦٩) خوێندکارە.

**بەشی زانستی کۆمپیوتەر / لە زانکۆی گەرمیان:**

لەسـاڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) دامـەزراوە و تەنهـا بـەشی (زانسـتی کۆمپیوتـەر)ی هەیـە، کـە لـە (٦٠) خوێنـدکار پێکهاتـووە و ژمـارەی مامۆسـتایانی (٤) مامۆسـتایە، ژمـارەی فەرمانبـەرانی (٢٠) فەرمانبـەرە.

**فاکەڵتی کشتوکاڵ / لە قەزای کفری :**

لەسـاڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) دامـەزراوە تەنهـا بـەشی (بەروبومـی ئاژەڵـی) هەیـە و ژمـارەی خوێنـدکارانی (٦٠) خوێنـدکارە، ژمـارەی مامۆسـتایانی (٤) مامۆسـتایە و ژمـارەی فەرمانبـەرانی (٣٤) فەرمانبـەرە.

**بەشی ئەندازیاری بیناسازی:**

لـە سـاڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) کراوەتـەوە بـۆ سـاڵی (٢٠١٤-٢٠١٥) یەکەمجـار خوێنـدکار وەردەگیرێـت لـە بـەشی (ئەندازیـاری بیناسـازی) لـە شـاری کـەلار دەبێـت.

گـەر سـەیری خشـتەی ژمـار (٨٠) دەردەکەوێـت، کـە زانکـۆی گـەرمیـان پێکهاتـووە لـە چـوار سـکوڵ، ژمـارەی خوێنـدکاران سـەرجەمەکەی دەکاتـە (٢٦٦٧) گەورەتریـن سـکوڵیش زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـە، کـە ژمـارەی خوێنـدکارانی دەکاتـە (١٠٣١) خوێنـدکار، دواتریـش سـکوڵی زانسـت دێـت کـە ژمـارەی خوێنـدکارانی (٩٤٥) خوێنـدکارە، بچووکتریـن سـکوڵیش، سـکوڵی وەرزشـە کـە ژمارەیـان (١١٨) خوێنـدکارە[1].

خشتەی ژمارە (٨٠)

خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣

| سکوڵی زانست | سکوڵی بنەڕەتی | وەرزش | زانستە مرۆڤایەتییەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٩٤٥ | ٥٧٣ | ١١٨ | ١٠٣١ | ٢٦٦٧ |

سەرچاوە : زانکۆی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

١- زانکۆی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە، لەمـەڕ ژمـارەی دەرچـووانی قۆناغـە کۆتـاکان بەپێـی بـەش لـە زانکـۆی گەرمیـان بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٢-٢٠١٣) دەردەکەوێـت، کـە (١٤) بـەشی لەخۆگرتـووە کـۆی دەرچـووان دەکاتـە (٨٤٥) خوێنـدکار، کـە ژمارەی مـێ زیاتـرە دەکاتە (٤٤٧) خوێنـدکار و نێریـش ژمارەیـان (٣٩٨) خوێنـدکارە، بـەشی دەروونـناسی زۆرتریـن خوێنـدکاری دەرچووانـدووە، کـە دەکاتـە (٨٥) خوێنـدکار، ژمـارەی خوێنـدکارانی مـێ زیاتـرە دەکاتـە (٤٤) خوێنـدکار، کەمترینیـان بـەشی وەرزشـە کـە (٢٣) خوێنـدکارە و هەموویـان لـە ڕەگـەزی نێـرن، سـەیری خشـتەی ژمـارە (٨١) بکـە :-

خشتەی ژمارە (٨١)

ژمارەی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆی گەرمیان ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣

| ژ | زانکۆ | کۆلێژ (فاکەڵتی) | سکوڵ | بەش | ٢٠١٢-٢٠١٣ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نێر | مێ | کۆ |
| ١ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | زمانی کوردی | ٣١ | ٣٦ | ٦٧ |
| ٢ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | زمانی ئینگلیزی | ٢٣ | ٥٧ | ٨٠ |
| ٣ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | زمانی عەرەبی | ١٨ | ٤٥ | ٦٣ |
| ٤ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | مێژوو | ٥٠ | ٣٣ | ٨٣ |
| ٥ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | جوگرافیا | ٤١ | ٣٥ | ٧٦ |
| ٦ | گەرمیان | پەروەردە | زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | دەروونناسی | ٤١ | ٤٤ | ٨٥ |
| ٧ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی زانست | بایۆلۆجی | ٣٥ | ٣٧ | ٧٢ |
| ٨ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی زانست | فیزیا | ٣٥ | ٣٠ | ٦٥ |

| ژ | زانکۆ | کۆلێژ (فاکەڵتی) | سکوڵ | بەش | ٢٠١٢-٢٠١٣ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نێر | مێ | کۆ |
| ٩ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی زانست | کیمیا | ٢٩ | ٣٦ | ٦٥ |
| ١٠ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی زانست | ماتماتیك | ٢٧ | ٣٨ | ٦٥ |
| ١١ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی زانست | وەرزش | ٣٣ | | ٢٣ |
| ١٢ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی بنەڕەتی | زمانی کوردی | ١٧ | ٣١ | ٤٨ |
| ١٣ | گەرمیان | پەروەردە | پەروەردەی بنەڕەتی | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | ٢٨ | ٢٥ | ٥٣ |
| کـــۆی گشـــتی | | | | | ٣٩٨ | ٤٤٧ | ٨٤٥ |

سەرچاوە : زانکۆی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## پەیمانگای تەکنیکی کەلار :

یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم ناوەندێکی زانستییە لە ناوچەکەدا، دیاری و بەرهەمی حکومەتە بۆ خەڵکی ستەم دیدە و مەملەکەتی قوربانیدان، ئەم بڕیارەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم دەڤەرە دەشتێکی پان و بەرین و خاکی بەپیت و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، کە ناوچەیەکی شیاوە بۆ کشتوکاڵ، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە (١٩٩٤/٩/٧) پەیمانگای کشتوکاڵی دامەزراوە و دواتریش بەبڕیاری (٤١٥٥)ی (١٩٩٥/١٢/٦) ئەو پەیمانگایە کرایە پەیمانگای تەکنیکی، تا

ژمارەیەك زیاتر لە خوێندکاران بگرێتە خۆی و سوودی بۆ ناوچەکە ببێ لەبەشەکانی کارەبا و بەروبومی کێڵگە و باخداری پێکهات، تەنانەت ڕووبەری پەیمانگاکە فراوان کرا و بیناکەش نۆژەن کرایەوە و نهۆمی دووەم درووستکرا لەگەڵ بەشە ناوخۆیی بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار، لەبەرئەوەی ژمارەی خوێندکاران هەردوو بەشی کشتوکاڵی و بەشی باخداری داخراو و بەشی پەرستاری بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٧-١٩٩٨) کرایەوە، دەرچووانی ئەم پەیمانگایە، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٦-١٩٩٧) تەنها (٥٢) خوێندکار دەرچوون لە خوولی یەکەمدا، کە دەرچووانی بەشی بەروبوومی کێڵگە بۆ ساڵی خوێندنی

(١٩٩٦-١٩٩٧) تەنهـا (٦) خوێنـدکارە (٤) خوێنـدکاری نێـر و دوو خوێندکاریـش لەڕەگـەزی مـێ، ژمـارەی مامۆسـتایانیش لـەم بەشـەدا (٧) مامۆسـتایە، مامۆسـتایەك لەڕەگـەزی مـێ یـە، مامۆسـتا (یونـس صـادق ساڵەیی) هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە یەکـەم ڕاگـری پەیمانـگای بـووە، ڕۆڵـی زۆری هەبـووە لـە فراوانکـردن و پێشخسـتنی ئـەم پەیمانگایـەدا، لـە هەمـان سـاڵدا بـەشی کارەبـا لـە قۆناغـی یەکـەکان کـۆی خوێنـدکارانی (٣٣) خوێنـدکار بـووە، کـە (٢٣)ی لـە ڕەگـەزی نێـر و (١٠)ی لـە ڕەگـەزی مـێ بـووە، بـەڵام قۆناغـی دووەکان (٥٧) خوێنـدکار بـووە کـە (٤٧) نێـر و (١٠) خوێندکاریـش مـێ بـوون، بـەڵام (٤٦) خوێندکاریـان دەرچـووە، ژمـارەی مامۆسـتایانیش (٨) مامۆسـتایەو (٢) مامۆسـتا لـە ڕەگـەزی مێیـە، بـەشی پەرسـتاری لـە سـاڵی (١٩٩٧) دامـەزرا، چـوار مامۆسـتای لـە ڕەگـەزی مێینـەن.

**ئەنجومەنی پەیمانگا :**

١ – یونس صادق ساڵەیی / ڕاگر / سەرۆك ئەنجومەن

٢ – أسماعیل محمد رشید / ی. ڕاگر / یاریدەدەر

٣ – خلیل موسی جمال / سەرۆکی بەشی بەروبوومی کێڵگە / ئەندام

٤ – سیروان حسن صالح / سەرۆکی بەشی پەرستاری / ئەندام

٥ – کوردستان حمید محمد / سەرۆکی بەشی کارەبا / ئەندام

لـە سـاڵی (٢٠٠٠) و بـە پێـی بڕیـاری ژمـارە (٩٨٦) بڕیـاری فـراوان بـوون و نوێکردنـەوەی پەیمانـگا درا، نهۆمـی دووەمیش و درووسـتکردنی یانـەی خوێنـدکاران و فراوان بـوونی ڕووبەری پەیمانـگا، جگـە لـە درووسـتکردنی بەشـێکی ناوخۆیـی بـۆ خوێنـدکاران، بەشـێوەیەك کـە توانـرا بـەشی ڤێتێرنـەری بکرێتـەوە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٠٠-٢٠٠١) پێشـوازی لـە خوێنـدکاران بـکات بـۆ سـاڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢) هـەر لـەو سـاڵەدا کۆبونەوەیـەکی ئەنجومـەنی وەزیـرانی هەرێمـی کوردسـتان لـە هۆڵـی کتێبخانـەی پەیمانـگای تەکنیـکی کـەلار لـە (٢٠٠١/٨/١٤) بەسـترا، تیایـدا بڕیـار لەسـەر کردنـەوەی (بـەشی کارگێـڕی کار) درا، لـە سـاڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) یشـەوە دوو بـەشی نـوێ بـە نـاوی (شـیکاری نەخۆشـییەکان و ژمێریـاری) کرایـەوە، بـەم جـۆرە پەیمانـگای تەکنیـکی کـەلار لـە (٧) بـەشی زانسـتی وەك (بەروبوومـی کێڵگەیـی، کارەبا، پەرسـتیاری، ڤێتێرنـەری، شـیکاری نەخۆشـییەکان ( تحلیـلات المرضیـة) و دوو بـەشی مرۆیـی کـە بـەشی (کارگێـڕی کار و ژمێریـاری) پێکهاتبـوو، تـا دەهـات ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە هەمـوو

ڕوویەکـەوە فراوانـتر بـوو، جیـا لـە خوێنـدکارانی گەرمیـان لـە ناوچـەکان و پارێـزگاکانی تـری هەرێمـەوە بەپێـی سیسـتەمی وەرگرتـن پەیـڕەو دەکـرا، سـاڵانە چەندیـن خوێنـدکار دەبوونـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلـۆم و ئامادەکـردن و پێگەیانـدنی کادیـری تەکنیـکی ناوەنـد و پسـپۆڕ، لە بـوارە زانسـتییە جیاجیاکانـدا لـەدوای کردنـەوەی بـەشی سیسـتەمی کۆمپیوتـەر لـە خانەقیـن، گەشـەکردنی توانـا مرۆییـەکان بڕیـاری بـەشی باخداریـش درا، هەنگاوێـکی تـری پەیمانـگا لـە پـاڵ هەوڵـەکانی تـری بـۆ ڕەخسـاندنی هـەلی زیاتـر بـۆ خوێنـدکاران، دوو بەشی زانسـتی ئێـواران (کارگێـڕی و ژمێریـاری) کرانـەوە، بـەم جـۆرە پەیمانـگای تەکنیـکی کـەلار لەئێسـتادا (١٠) بـەشی زانسـتی بەیانیـان و (٢) بـەشی زانسـتی ئێـواران لـە خۆدەگرێـت بـەم شـێوەیە :-

١- بەشی بەروبوومی کێڵگەیی

٢- بەشی کارەبا

٣- بەشی پەرستاری

٤- بەشی درووستی ئاژەڵ

٥- بەشی کارگێڕی / بەیانیان

٦- بەشی ژمێریاری / بەیانیان

٧- بەشی شیکاری نەخۆشییەکان

٨- بەشی سیستەمی کۆمپیوتەر

٩- بەشی ڕووپێوی

١٠- بەشی باخداری

١١- بەشی کارگێڕی / ئێواران

١٢- بەشی ژمێریاری / ئێواران

ئەنجومەنی پەیمانگا بریتیە لە :

ڕاگر، یاریدەدەری ڕاگر، نوێنەری مامۆستا، (١٥) مامۆستا، (١٢) سەرۆك بەش.

پەیمانـگای تەکنیـکی کـەلار لـە خشـتەی خـوارەوە دا هاتـووە، لەمـەڕ ژمـارەی دەرچـووانی

قۆناغە کۆتاییەکان بە پێی بەشەکانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار لە ساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧) تا (٢٠١٢-٢٠١٣) خولەکانی (١-١٧) کە (٤٦٦٣)ی دەرچواندووە لە سەرجەم بەشەکاندا، ساڵی (٢٠١١-٢٠١٢) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە کە کۆی دەرچووان دەکاتە (١٠٣٤) خوێندکار، کەمترین دەرچووی دەکاتە (٤٠) خوێندکار، کە لە ساڵی (١٩٩٧-١٩٩٨)دا تۆمارکراوە[1]، سەیری خشتەی ژمارە (٨٢) بکە :

خشتەی ژمارە (٨٢)

ئاماری دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی ساڵی (١٩٩٦-٢٠١٣)

| ژ | ساڵی دەرچوون | ژمارەی دەرچوون |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٦-١٩٩٧ | ٥٣ |
| ٢ | ١٩٩٧-١٩٩٨ | ٤٠ |
| ٣ | ١٩٩٨-١٩٩٩ | ٧٦ |
| ٤ | ١٩٩٩-٢٠٠٠ | ٨٩ |
| ٥ | ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ٨٣ |
| ٦ | ٢٠٠١-٢٠٠٢ | ٨١ |
| ٧ | ٢٠٠٢-٢٠٠٣ | ١٠٣ |
| ٨ | ٢٠٠٣-٢٠٠٤ | ١٥٢ |
| ٩ | ٢٠٠٤-٢٠٠٥ | ١٨٠ |
| ١٠ | ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | ١١١ |
| ١١ | ٢٠٠٦-٢٠٠٧ | ٢٣٧ |
| ١٢ | ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ١٤٥ |
| ١٣ | ٢٠٠٨-٢٠٠٩ | ٢٩٦ |
| ١٤ | ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٢٩٠ |
| ١٥ | ٢٠١٠-٢٠١١ | ٩٣٠ |
| ١٦ | ٢٠١١-٢٠١٢ | ١٠٣٤ |
| ١٧ | ٢٠١٢-٢٠١٣ | ٧٦٣ |
| | کۆی گشتی | ٤٦٦٣ |

سەرچاوە :- پەیمانگای تەکنیکی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

گەر سەیری خشتەی خوارەوە بکەین، پەیمانگای تەکنیکی (١٢) بەشە بەیانیان و

١- پەیمانگای تەکنیکی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

ئێواران،کۆی ژمارە خوێندکاران دەکاتە (١٧٩٧) خوێندکار، قۆناغی یەکەم زیاترە ژمارەیان دەکاتە (١٠٣٤) خوێندکار، قۆناغی دووەم دەکاتە (٧٦٣) خوێندکار، ژمارەی مامۆستایان (٤٢) مامۆستایە، فەرمانبەران دەکاتە (٢٣٥) فەرمانبەر[1]، سەیری خشتەی خوارەوە بکە :

خشتەی ژمارە (٨٣)

ئاماری پەیمانگای تەکنیکی (خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران بەیانیان و ئێواران) ســـاڵــی ٢٠١٢-٢٠١٣

| بەش | خوێندکاران | | کۆی گشتی | مامۆستایان | فەرمانبەران |
|---|---|---|---|---|---|
| | قۆناغی ١ | قۆناغی ٢ | | | |
| ١٢ | ١٠٣٤ | ٧٦٣ | ١٧٩٧ | ٤٢ | ٢٣٥ |

سەرچاوە :- پەیمانگای تەکنیکی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

## ٢- خزمەتگوزاری تەندروستی:

گرنگی بایەخدان بەخزمەتگوزاری تەندروستی لە بایەخی خزمەتگوزاریی فێرکردن کەمتر نییە، خزمەتگوزاری تەندروستی لەش ساغی بۆ هاوڵاتیان دابین دەکات و لە پێداویستییەکانی فێرکردن و چالاکی مرۆڤە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمەش بە بێ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لە ئاستێکی فراواندا و بنیاتنانی دەزگای تەندروستی وەك نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و زیادکردنی ژمارەی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی نایەتە دی، جگە لەمە دەبێ لە ڕێی پێشکەوتنی پاراستنی تەندرووستییەوە هۆشیاری تەندروستی بخوڵقێنرێ[2]، تەندروستی یەکێکی دیکە بووە لەو لایەنانەی کە میری لە ناوچە کوردییەکاندا پشت گوێی خستبوو، بەشێکی کەم لە داهاتی وڵاتی بۆ تەرخان کرابوو، کە بەڕێژەی (٦٪) تێپەڕی نەدەکرد، ئەوەیش لەو ڕۆژگارەدا بۆ لایەنێکی گرنگی وەك تەندروستی مرۆڤ ڕێژەیەکی یەکجار کەمبوو، لەگەڵ ئەو ڕێژە کەمەشدا هیچ جۆرە یەکسانییەك لە نێوان شارەکانی عێراقدا بەدی نەدەکرا، لەکاتێکدا خەڵکی بەدەست پەتاو نەخۆشییەوە دەیناڵاند[1]،

١- پەیمانگای تەکنیکی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣

٢- د.سەلاحەدین حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢-٨٤

لـە سـاڵی ۱۹۲۰ لـە تەنیشـت نەخۆشـخانەی پاشـایەتی شـوێنێك درووسـتکرا بەنـاوی خانـەی چارەسـەر (دار الشـفاء) بـۆ کۆکردنـەوەی شـێتەکان، شـوێنەکەی بریتـی بـوو لـە خانوویەکـی کـۆن، دواتـر لـە کۆتایـی سـاڵی (۱۹۵۳) نەخۆشـخانەی مێشـك کرایـەوە لـە ناوچـەی (شـماعیة) چـوار بـەشی لـە خۆگرتبـوو، سـەرجەم بەشـەکانی (٤٠٠) قەرەوێڵـەی دەگرتەخـۆ، لـەو کاتـەدا (١٤٥٠) نەخـۆش گوێزراوەتـەوە لـە خانـەی چارەسـەرەوە بـۆ ئـەم نەخۆشـخانە، لـە سـاڵی (١٩٥٨) گەیشـتە (١٣٠٠) قەرەوێڵـە، لـە سـاڵی (١٩٤٣)دا درووسـتکردنی نەخۆشـخانە و بنکـە تەندرووسـتییەکان بەرفـراوان بـوو، نەخۆشـخانە حکومییـەکان گەیشـتە (٤٢) دانـە لەسـەرجەم لیـواکانی عێراقـدا، ژمـارەی بنکـە تەندرووسـتییەکانیش گەیشـتە (٢٣٥) بنکـە بـۆ خزمەتکـردنی هاوڵاتیـان لـە هەمـوو عێراقـدا، دواتـر لەگـەڵ تێپەڕبـوونی کاتـدا ژمـارەی نەخۆشـخانەکان زیـادی کـرد ژمارەیـان گەیشـتە (٦١) نەخۆشـخانە، ژمـارەی قەرەوێڵەکانیـش گەیشـتە (٤٢١٩) قەرەوێڵـە و لـە هەمـان سـاڵدا بنکـە تەندرووسـتییەکان گەیشـتە (٣٥٤) بنکـە، هەروەهـا لەسـاڵی (١٩٥٦) ژمـارەی نەخۆشـخانەکان بـەرز بـووەوە تاوەکـو گەیشـتە (١١٧) نەخۆشـخانە، لەوانـە (٩٥)یـان سـەر بـە وەزارەتی تەندروسـتی بـوون و سـێ دانەیـان سـەر بەوەزارەتـەکانی تربـوون و (١٩) نەخۆشـخانەیان ئەهـلی بـوو، ژمـارەی بنکەکانیـش لـەم سـاڵەدا گەیشـتە (٤٥٣) بنکـە، هـاوکات (٨٢) نۆرینگـەی دەرەکی (عیـادة خارجیـة) کـە پاشـکۆی نەخۆشـخانەکان بـوو، بەسـەر هەمـوو عێراقـدا دابـەش بـوون، لـەم نەخۆشـخانانەدا تەنها قەرەوێڵەیـەك بـۆ (٥٠٠٠) کەسـە، بـۆ یەکەمینجـار نەخۆشـخانە ئەهلییـەکان ڕێکخـران بەپێـی ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٣٧) زۆربـەی پزیشـکەکان ئارەزوویـان دەکـرد بچنـە نەخۆشـخانە ئەهلییـەکانی بەغـداد و هەنـدێ شـاری تـر، لەبەرئـەوەی کـۆی پێداویسـتییە تەندروسـتی هونەرییـەکانی تیـادا هەبـوو کـە یارمەتیـدەرە بـۆ پیادەکـردنی پیشـەکەیان، هەربۆیـە لـە سـاڵی (١٩٥٦)دا گەیشـتە (١٩) نەخۆشـخانەی ئەهـلی (٤٥٥) قەرەوێڵەیـی، هەروەهـا لە سـاڵی (١٩٢٠)دا ژمارەی پزیشـکەکان تەنهـا (١٦) پزیشـك بـوون کـە دەرچـووی کۆلیـژی (حیـدر پاشـا)ی تورکیـا بـوون، وە (٧) پزیشـکی تـر دەرچـووی کۆلیـژەکانی دیمەشـق و کۆلیـژی ئەمریـکی لـە بەیـروت و کۆلیـژی (القدیـس یوسـف) بـوون، لـە سـاڵی (١٩٣٢)دا ژمـارەی پزیشـەکان گەیشـتە (١٦٠) پزیشـك[٢]،

بـۆ یەکەمینجـار لـە کـەلار لـە سـاڵی (١٩٣٧) بنکـەی تەندروسـتی دامـەزراوە، لەسـەر بینایـەکی گـەورە و جـوان لـەو سـەردەمەدا بـە بـەرد و گـەچ، سـەربانەکەی عەگادەبـوو لەگـەڵ هۆڵێـکی گـەورە و چەنـد ژوورێـك بـۆ چارەسـەری نەخـۆش و دەرمـان وەرگرتـن،

١- د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی، شاری سلێمانی، (١٩٢٢-١٩٤٥) چ١،چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨، ل٤٠

٢- طالب ابراهیم العقابي، الخدمات الصحیة، حضارة العراق، الجزء الثالث عشر، بغداد ١٩٨٥، ص ١٣٤-١٣٧

